
فەرهاد عەونی

# لەگەڵ رووداوەکان

چاپی یەکەم
٢٠١٩



دیاری و پێشکەشە
لەگەڵ
سڵاو و ڕێزی نووسەردا
فەرهاد عەونی

**فەرهاد عەونی**

# لەگەڵ ڕووداوەکان

**پێشەکی**

**د. عبدالفتاح بوتانی**

- **ناوی کتێب/** لەگەڵ ڕووداوەکان
- **نووسین/** فەرهاد عەونی
- **پێشەکی/** د. عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی
- **هونەرکاری و بەرگ/** عومەر شەهاب
- **چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین**
- **تیراژ/** ١٠٠٠ دانە
- چاپی یەکەم ٢٠١٩

**لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان**

**ژمارەی سپاردنی (٩٩٨)ی ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە**

# پێرستی بابەتەکان


لە بارەی نووسەر ئەم کتێبە .................................................. ٩

خۆشحاڵیی ڕۆڵەکانی کۆیە بە سەردانی بارزانیی نەمر ................................ ٢٥

چیرۆکی پێکهێنانی یەکەم دادگای یاسایی سەردەمی شۆڕشی ........................ ٥١

سەرەتاکانی دەرچوونی رۆژنامەی (برایەتی) لە بەغدا ............................ ٦٥

چەند یاداوەرییەك لەبارەی دیدارێکی مێژوویی لەگەڵ بارزانیی نەمر .................... ٧٧

یادەوەریی رۆژانێکی پڕ چاوەڕوانی کە لە بەغدا تێیاندا ژیاین ............................ ٩٥

بەشداریکردنمان لە کۆنگرەی فدراسیۆنی خوێندکارانی ئێرانیی نەیاری حوکمی شا لە فرانکفۆرت ........................................................................ ١١٣

کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتیی قوتابییانی کورد لە لوبنان ................................ ١٢٥

خێوەتگای قوتابییان لە گوند و دێهاتەکانی (کەرکووك و خانەقین و شنگال) ............ ١٣٧

نهێنییە شاراوەکانی هەڵبژاردنەکانی قوتابیان لە پارێزگای کەرکووك ........................ ١٦٥

.کوردستان پێش ٢٤ ساڵ لە رۆمانیا لەگەڵماندا بوو ............................................ ١٩٩

یادەوەرییەکانی بەشداریکردنی گەورەترین شاندی لاوان و قوتابییانی کوردستان لە دەیەمین فیستیڤاڵی جیهانیی قوتابیان و لاوان لە بەرلین .................................. ٢٢٣

وردەکاریی گەیاندنی نامەیەکی بارزانیی نەمر بۆ کۆنگرەی دەوڵەتانی بێلایەن .......... ٢٣٧

لاپەڕەیەکی تر لە لاپەڕەکانی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن ........................................ ٢٦١

لاواندنەوەیەك بۆ سێ وێستگەی ژیانم کە تێیاندا ماڵ و کتێبخانە و بەڵگەنامە و بڕوانامەکانی منداڵەکانم و ئەرشیڤەکەم تالان کران و فەوتان............ ٣٩٣

ورد.. لەنێوان ڕاشکاویی سەلیم ئەلفەخری و نامۆیی بیرکردنەوەی ساڵح ئەلقەللابدا .......... ٣٢٣
پارەی خراپ پارەی باش لە بازاڕی ئاڵ و وێر دەردەکات ........................................ ٣٣٧
بەغدا لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا وەك ئەمڕۆ دەیبینم ........................................ ٣٤١
کورد لەنێوان هەڵوێستی (ناحووم)ی جوولەکە و لۆژیکی فەهمی هوەیدی دا ............ ٣٧٣
تەنانەت ناوە کوردییەکانیشمان زیانمان پێ دەگەیەنن ........................................ ٣٨٧
لەسەر ڕێگای نیەتە باشەکان و ئەزموونی خالید عەلی ئەلساڵح .............................. ٤٠٥
لە مۆسکۆ قسەیەکی ترمان هەبوو ............................................................... ٤٤١
کەرکوك لەنێوان نەگۆڕە مێژووییەکانی و لۆژیکی تاریق عەزیزدا ........................ ٤٧٥
کاتێك سەعید قەزار وتی "ناخەوم تا دیجلە دەخەوێت" .................................... ٤٧٩
لە لۆژیکی (یونس ئەلتائی)یەوە بۆ (سەلیم مەتەر) و پەنا بەخوا .......................... ٤٨٣
ئایا عەزیز ئەلحاج بەقەناعەتێکی تەواوەوە شایەتییەکەی لەسەر مێژوو دا؟! ............ ٤٨٩

## سەرەتا هەر وشە بوو..

ئەم کتێبە کۆمەڵێك بابەتی تێدایە، باس لە هەندێ ڕووداوی کوردستانی و عێراقی دەکەن، کە وا هەڵکەوتووە من لە جەرگەیاندا، یان شایەتحاڵیان بووم، یان لەگەڵ کەسایەتییەکانیاندا دواوم و گەواهییانم بەئەمانەتەوە و بۆ مێژوو تۆمار کردوە..

ئەم بابەتانەم پێش چەند ساڵێك لەژێر ناونیشانی: لە یاداوەرییەوە (من الذاکرة) لە ژمارەیەك لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی لە کوردستان دەردەچن بڵاو کردۆتەوە، پاشتر ژمارەیەك لەو دۆست و هاوڕێیانەی ئەو ڕووداوانە جێبایەخیانە، پێیان باش بوو ئەو بابەتانە لە کتێبێکدا کۆبکرێنەوە، بەئومێدی ئەوەی سوود بەتوێژەران و بەوانەی بایەخ بەنووسینی مێژوو دەدەن، بگەیەنێت، لەبەرئەوە ئەمڕۆ لە دووتوێی ئەم کتێبەدا کۆم کردنەوە، بەهیوای ئەوەی لەم کارەدا سەرکەوتوو بووبم.

فەرهاد عەونی

هەولێر

ئاداری ٢٠١١

# لەبارەی نووسەر و ئەم کتێبە

سەرەتای ساڵی ١٩٧٣ مامۆستا فەرهاد عەونیم ناسی، کاتێك بەڕێوەبەری کارگێڕیی رۆژنامەی (التاخی) زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، کە لە خانوویەکی سادەدا بوو لە ناوچەی (البتاوین) لە بەغدا.

مامۆستا فەرهاد عەونی گەنجێکی قشت و رێك بوو لە هەموو شتێکدا، هاوسەنگ و چالاك و سەروسیما جیددی. چەندین جار سەردانی بەڕێوەبەرایەتیی رۆژنامەکەم کردوە قەت نەمدیوە لەپشتی مێزی نووسینگەکەیەوە دانیشتبێت، هەردەم لە جووڵەدا بوو، بەوپەڕی رووخۆشی و روونی مامەڵەی لەگەڵ سەردانیکارانی رۆژنامەکە و کارمەندانیدا دەکرد. لەڕاستیدا نموونەی بەڕێوەبەری لەخۆبوردە و خەمخۆر بۆ سیستم و دیسپلین و بەدوواداچوون بوو، تا ئێستایش کە تەمەنی لە شەست ساڵ تێپەڕیوە هەر ئاوایە.

تازە خەریك بوو پەیوەندیی نێوانمان پتەو ببێت، لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٣ لێك دابڕاین، من بۆ ئەنجامدانی خزمەتی (سەربازی)ی زۆرەملێ پەیوەندیم بەسوپاوە کرد، ئەویش لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ بەهۆی هەڵگیرسانەوەی شەڕ و کوشتار پەیوەندی بەشۆڕشی کوردەوە کرد. تا پایزی ١٩٩٣ یەکترمان نەبینییەوە، ئەویش پاش دامەزرانی بەسەرنووسەری رۆژنامەی رۆژانەی (برایەتی) کە بەزمانی کوردی لە هەولێر دەردەچوو. کاتێك سەرم لێ دا بینیم هەر وەك خۆیەتی، لە ئاستێکی بەرزی چوست و چالاکی و زیندوویێتیدا، پیاوێکی خاکی و جێگەی رێز لای هاوکارانی و پێگەکەی بەنایابی پڕ کردبووەوە.

لەبەرئەوەی هەڤاڵ فەرهاد خاوەن ژیاننامە و کۆششی ناسراو و جیاوازە لە دنیای رۆژنامەگەریدا، لەو رووەوە لە کاتێکی زووەوە و بەتامەزرۆییەوە پێی ناوەتە مەیدانەکە، ئەمە جگە لەوەی سەر بەخێزانێکە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی لە کۆیە هەیە، بۆ سەرنووسەری رۆژنامەی (برایەتی) هاتە هەڵبژاردن، کە لەلایەن پارتی

دیموکراتی کوردستانەوە ساڵی ١٩٩٣ دەرچوو. لەو مێژووەوە پەیوەندییەکی دۆستایەتیی پتەو لەنێوانماندا دروست بوو کە مایەی شانازیمە، لە مەکتەبی دیراسات و توێژینەوەی پارتی پێکەوە کارمان کرد، جاروبار بۆ ڕۆژنامەکەم دەنووسی، کاتێك لە هەولێر بوومایە سەرم لێ دەدا و دەبوومە میوانی، لەبەر ئەم هۆیانە کاتێك داوای لێ کردم پێشەکی بۆ ئەم کتێبەی بنووسم کە یاداوەری و بینین و وتارەکانی خۆی بۆ خوێنەران لەخۆ دەگرێت، ساتێك لە دەربڕینی ڕەزامەندی دوودڵ نەبووم.

جگە لەوەی باسم کرد، هەندێ ئیعتیباریتر هەن وایان لێ کردم ئەم کتێبە پێشکەش بەخوێنەران بکەم، ئەویش ئەوەیە باوەڕم وایە ئەوەی مامۆستا فەرهاد نووسیویەتی، بەحەتمی سەرنجڕاکێش و لەوپەڕی گرنگیدا دەبێت و بابەتەکانی کتێبەکەی بەدڵنیاییەوە گوزارە لە سیفەتە تایبەتەکانی خۆی دەکەن، لە ڕاشکاوی و بوێری و بابەتیبوون، ئەمە لەکاتێکدا من لە هەندێ لە بۆچوونەکانیدا هاوڕای نیم.

هەڤاڵ فەرهاد بەحوکمی ئەندامبوونی لە پارتیدا هەر لە سەرەتای گەنجێتی و کارکردنی بەجۆش و خرۆشەوە لە گرنگترین رووکارە پاڵپشتەکانی –یەکێتیی قوتابیانی کوردستان– و بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژنامەکەی، ئاشنایی و تێکەڵی و کارکردنی لەگەڵ چەندین لە سەرکردە ناسراوەکانی (پارتی)، وەك: شەهیدان سامی عەبدولڕەحمان و دارا تۆفیق و فرەنسۆ هەریری و خوالێخۆشبوو خەسرۆ تۆفیق و هیتر، ڕووداوی زۆر و سەرنجڕاکێشی دیوە و بینین و یاداوەرییە ڕۆژانەکانی خۆی لەکاتی خۆیاندا نووسیوە، بەبەڵگەی وردبوونی لە دیاریکردنی مێژووەکان و وەسفکردنی وردی بۆ ئەو شوێنانەی سەردانی کردوون و بینیونی. وای دەبینم هەمیشە دەفتەرێکی پێ بووبێت و سەرنج و بینینەکانی خۆی تێدا تۆمار کردوە، ئاخر کتێبەکە هەندێ زانیاریی مێژوویی دەگمەنی تێدایە کە ڕەنگە توێژەر لە هیچ سەرچاوەیەکیتردا بەرچاوی نەکەوێت، بۆ نموونە ئەوەی لە بابەتی "چیرۆکی پێکهێنانی یەکەمین دادگای بەرزی شۆڕش لە ئەیلوولی ١٩٦٣"دا هاتووە، هەروەها بابەتی "سەردانی بارزانی بۆ کۆیە و گرێدانی یەکەمین کۆنگرەی سیاسی بۆ

گەلاڵەکردنی داواکارییە نەتەوەییەکانی کورد پاش کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣"، دیسان بابەتی "دیداری کۆمەڵێك لە ئەندامانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لەگەڵ بارزانی لە شوباتی ١٩٧٠"، کە چۆن بارزانی، ناسراو بەکەمدوویی، نزیکەی شەش سەعات وتوێژی لەگەڵدا کردوون. هەرچی بابەتی "چەند لاپەڕەیەکی ون لە ژیانی دارا تۆفیق.." ئەمەیان کەس پێشتر باسی نەکردوە، بابەتێکی رەسەنە و چیرۆکی کۆتایی دڵتەزێنی یەکێك لە سیمبوڵە سیاسییەکانی کورد دەگێڕێتەوە.

ئەوەی سەرنجی راکێشام مامۆستا فەرهاد لەکاتی نووسینی بابەتێکدا راستەوخۆ نایەتە ژوورەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی خوێنەر بەوێنەکە قایل بکات، بۆ هەر بابەتێك بە پاشخانێکی مەعلوماتی یان مێژوویی دەست پێدەکات، ئەمەیش بابەتێکی میتۆدی و پێویستە، بەڵام ئەوەی جێی رەخنەلێگرتنە، ئەوەیە هەندێ جار بەشێوەیەك درێژدادڕی (استرسال) دەکات کە رەنگە خوێنەر کرۆکی بابەتەکە لەبیر بکات. خۆیشی دان بەمەدا دەنێت کاتێك دەڵێت: "داوای لێبوردن لە خوێنەر دەکەم کە لەو بابەتانەدا باسیان دەکەم، دەچمە ناو هەندێ وردەکاری.." لەو رووەوە، وە ئەو دەڵێت، بازنەی چارەسەرییەکە وردەکاری دەخوازێت (بڕوانە یاداوەرییەکانی لەبارەی کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتیی قوتابیانی کورد، لوبنان ١٩٧١).

مامۆستا فەرهاد دەستپێشخەر بووە لە دەستبردن بۆ هەندێ بابەت کە پێش ئەو کەس دەستی بۆ نەبردوون. هەروەك دەستپێشخەر بووە لە دیمانەکردن لەگەڵ هەندێ کەسایەتیی تا رادەیەك لەبیرکراو کە رۆڵیان لە ژیانی سیاسیی کورددا هەبووە، لەوانە: خوالێخۆشبوو عەبدوڵا زێباری کە زۆر کەس بەهۆی ئەوەوە ناسیویانە، بەهەمان شێوە دیمانەکردن لەگەڵ کەسایەتیی هەولێری خوالێخۆشبوو عیزەدین مەلا فەندی. هەرچی ئەوەیە لەبارەی شەهید فرەنسۆ هەریری نووسیویەتی خەریکە بڵێم هەرهەمووی نوێیە، بەهەمان شێوە ئەوەی لەبارەی فەریق نوورەدین مەحموود و عەقید عەبدوڵا سەعید و خوالێخۆشبوو خەسرۆ تۆفیق و عیسمەت شەریف وانلی نووسیویەتی.

بەها و گرنگیی ئەوەی کاك فەرهاد لەم کتێبەدا نووسیویەتی، ئەوەیە خۆی شایەتحاڵ و هاوسەردەم و بەشدار بووە لەو رووداوانەدا دەیانگێڕێتەوە، ئەوەیش بەشێوازە قەشەنگەکەی، کە خۆشترین بەچێژترین ساتم لەگەڵدا بەسەر برد.

وای دەبینم فەرهادی هاوڕێیشم وەك من شەیدای خوێندنەوەی یاداوەریی کەسییە، رەنگە هەر ئەمەیش هۆ یاخود پاڵنەری بووبێت بۆ نووسینی یاداوەرییەکانی و بەدۆکیومێنتکردنی ئەو رووداوانەی تێیاندا ژیاوە. لێرەدا نایشارمەوە کە بە شێوازە رەوان و روونەکەی لە نووسیندا سەرسامم، هەرکەسیش نووسینەکەی بخوێنێتەوە بەوردی و راشکاوی و شێوازە ئەدەبییەکەی سەرسام دەبێت، کە تام و بەرامەیەکی تایبەت بەنووسینەکەی دەبەخشێت، بەتایبەت ئەوەی لەبارەی بینین و یاداوەرییەکانی خۆی نووسیویەتی، کە من خوازیار بووم کتێبەکە تەنیا ئەو دوو بوارەی بگرتایەتەوە.

کاك فەرهاد تەنیا بەگێڕانەوەی بینین و یاداوەرییەکانیەوە ناوەستێت، بەڵکو لەوە تێدەپەڕێت بۆ شرۆڤەکردن و هەوڵدان بۆ لێکدانەوەی رووداوەکان و پێکەوەبەستنی گۆڕانکارییەکان، بەمەبەستی گەیشتن بەئەنجامگەلی بابەتی بەپێی توانا، یان بەوەی ئەو باوەڕی پێیەتی و بڕوای وایە. سڵیش ناکاتەوە لە پەردە هەڵماڵین لەسەر زۆر راستیی سەرنجڕاکێش. لەڕاستیدا زۆربەی کتێبەکە لەسەر بینین و دیدار و گفتوگۆ دامەزراوە، واتە دەتوانین بڵێیت زۆر لە لاپەڕەکانی بەڵگەنامەن و بەبێ رووپامایی دەیڵێم، من زیادەڕەوی یان قەبەکردنم تێدا نبەینی، بەڵکو ئەوەی دیم راستگۆیی و سادەییە بەبێ پێچ و پەنا و تیۆریزەکردن.

لەو رووەیشەوە مامۆستا فەرهاد رۆڵەی نەتەوەی کوردە کە سەرباری ئەو قوربانییە گەورانەی داونی نەتەوەیەکی ستەملێکراو و مافخوراوە، لایەنداریی بۆ کورد شتێکی سرووشتییە، چونکە هیچ کەسێك نیە لەبارەی مێژوو و خەباتی نەتەوەکەی بنووسێت، بتوانێت وەك شەهید عەبدولڕەحمان قاسملو دەڵێت، تەنیا هەواڵ بگێڕێتەوە و لایەندار (متحیز) نەبێت.

کتێبەکە (٣٨) بابەت لەخۆ دەگرێت کاك فەرهاد لە ماوەی دوور لەیەکدا نووسیونی، پێویستە خوێنەر تێبینی ئەوە بکات، زۆربەیان لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو کراونەتەوە، هەرهەموویشیان زانیارییەکانیان بۆ ئەوە دەست دەدەن توێژەرانی مێژوو و سیاسەت، بگرە ئابووری و بارودۆخی کۆمەڵایەتیی کورد و کوردستان، پشتیان پێ ببەستن.

لێرەوە، پێم باش بوو سەرنجی خۆم لەسەر ژمارەیەك لە بابەتەکانی کتێبەکە، کە هێشتا لەناو بایەخدەران بەمێژوو و سیاسەتدا جێی مشتومڕن، دەربڕم و گرنگیی هەندێکیان روون بکەمەوە، لەو رووەوە زانیارییەکانی ناویان بەگوێرەی زانیاریی من، تازەن.

کتێبەکە زانیاریی زۆر گرنگی تێدایە سەبارەت بە شاری کۆیە و مێژووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەو شارە و بەستنی یەکەمین کۆنگرەی گشتی تێیدا، کە پارتی لە مێژووی شۆڕشی کوردیدا بەستوویەتی و مامۆستا فەرهاد بە(کۆنگرەی مێژوویی بەرفراوان) ناوی دەبات. لەو رووەوە سەبارەت بەبەشداریی شاندێکی تورکمان ئەوەیشی دەخەمە سەر کە بارزانی خۆی بەئامادەبوونی بەڕێزان جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد و نووری شاوەیس لەگەڵ شاندەکە کۆ بووەوە و ئەوەی بۆ ئەندامانی دووپات کردەوە کە هەردوو نەتەوەی کورد و تورکمان لە رابردوودا بەدۆستانە و بەگوێرەی یەك بەرژەوەندی پێکەوە ژیاون و پێویستە ئێستایش هەر لەسەر ئەو بناغەیە بژین. مەزهەر تکریتی (کە لە وەفدە تورکمانییەکەدا بوو) لەبارەی چارەنووسی ئەو عەرەبانەی لە ناوچەکەدان پرسیاری لە بارزانی کرد، وەڵامی بارزانی ئەوە بوو: (ساڵ و نیوێکە لەپێناو ئەو ئامانجانەدا دەجەنگین).

گرنگ ئەوەیە، شاندی تورکمانی لەگەڵ ئەو پرۆژەیەدا بوو حکومەت خستیە روو و پرۆژەکەی پەسەند کرد، ئەویش جێبەجێکردنی لامەرکەزیی کارگێڕی بوو لە کوردستان، لەکاتێکدا شۆڕشی کورد داوای جێبەجێکردنی لامەرکەزیی سیاسی دەکرد.

دوای ئەوەی شۆڕشی کورد بەگوێرەی ڕێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ حوکمی زاتی بۆ کوردستان بەدەست هێنا، رژێم کەوتە بڵاوکردنەوەی هەواڵێك گوایە حکومەت حوکمی زاتی بەخشیوەتە کورد. خۆم بەشەخسی لە ژمارەیەك کوردی نیشتمانپەروەرم بیست دەیانگوت سەدام حوسێن لەکاتی دانوستانەکاندا دەستپێشخەری کردوە بۆ بەخشینی حوکمی زاتی بەناوچەکە، بەڵام ئەوەی لە بابەتی (یاداوەرییەکانی رۆژانێك لە بەغدا بەسەرمان بردن بەر لە راگەیاندنی رێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠)دا هاتووە، ئەم بۆچوون و قسە و قسەڵۆکانە بەدرۆ دەخاتەوە، بەبەڵگەی ئەوەی ئەندامی شاندی دانوستانکار خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی لە دیداریدا لەگەڵ سەرکردەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە بەغدا لەناویاندا مامۆستا فەرهاد عەونی لە کۆتاییەکانی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٩، رێك و راست پێی وتوون: (دڵنیا بن حوکمی زاتی بەدەست دێنین، لەگەڵ پارێزگاریکردنمان لە بوونێکی سەربازیی چەکدار). هەر ئەوەیش بەکردەوە رووی دا.

وەك کاك فەرهاد بەبەڵگە و قەرینە سەلماندویەتی حکومەتی بەعس لە جێبەجێکردنی رێکەوتنامەی ١١ی ئازار بەباوەڕ و دڵسۆزییەوە نەدەجووڵایەوە، بەبەڵگەی ئەوەی لەسەر بەرزترین ئاست لە بەغدا کاری بۆ لەقاڵبدانی خاڵەکانی رێکەوتنامەی ئازار و خاڵیکردنەوەی لە واتا رەسەنەکانی دەکرد، بەوەی پتر لە لایەنێکی لە داوودەزگەکانی دەوڵەت راسپاردبوو کە بەسیاسەتی تەواو دوور لە گیانی رێکەوتنامەکە مامەڵە لەگەڵ (ناوچەی) کوردستان بکەن.

سیاسەتەکانی حکومەت لەو ناوچانەی مامۆستا فەرهاد بە (ناوچە لەرووی سیاسییەوە مۆلەقەکان) ناویان دەبات، وەك کەرکوك و شەنگال و خانەقین، پاڵی بە (ی. ق. ك)ەوە نا سەربازگە بۆ قوتابیان لەو شوێنانە دابمەزرێنێت، ئەو ئەزموونە پێشەنگەی کە هێندەی من ئاگەدار بم، دووبارە نەبوویەوە.

هەرچی بابەتی (نهێنی و شاراوەکانی هەڵبژاردنەکانی قوتابیان لە پارێزگەی کەرکوك) ساڵی ١٩٧٠، بەڕاستی جێی سەرنجە و راستیی نیازەکانی بەعس ئاشکرا دەکات، کە هێشتا چەند مانگێك بەسەر رێکەوتنامەی ١١ی ئازاردا تێپەڕیبوو. لەپێناو

ڕێگرتن لە سەرکەوتنی ی ق ك لە هەڵبژاردنەکان لە قەزای دوبز، دەسەڵات وەلی ئەمری پێنج قوتابیی کوردی قۆناغی ئامادەیی گواستەوە بۆ دەرەوەی قەزاکە، تا سەرکەوتنی یەکێتیی قوتابیانی دەسەڵات لە پۆلێکدا کە هەڵبژاردن دەیگرتەوە مسۆگەر بکات، ئەویش پۆلی چوارەمی ئامادەیی بوو و ژمارەیان ١٦ قوتابی بوو، لەوانە دە کەسیان ئەندامی (ی ق ك) بوون. ئەوە بوو فەرمان بەئیمزای پارێزگار دەرچوو کە لەبەر بەرژەوەندیی گشتی پێنج لە تەکنیکارانی کورد لە دامەزراوەی کارەبا دەگوێزرێنەوە بۆ دەرەوەی قەزاکە و پێویستە لە ماوەی سێ ڕۆژدا خێزانەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بگوێزنەوە، هاوکات ئیعازدان بە بەڕێوەبەرایەتیی ئامادەییەکە بۆ گواستنەوەی ئەو پێنج قوتابییە کە کوڕی کرێکارە کوردەکان بوون و تەرقین قەیدکردنیان لە ئامادەییەکە!!.

لەکاتی خوێندنەوەی بابەتی "چۆن دۆخەکە بەرەو دەستپێکردنەوەی شەڕ لە کوردستان چوو لە بەهاری ١٩٧٤" خوێنەر دەستبەجێ ئەو ئەنجامگیرییە دەکات کە بابەتی دەستپێکردنەوەی شەڕ لەگەڵ شۆڕشی کوردی لەلایەن حکومەتی بەعسەوە یەکلا کراوەتەوە، کاك فەرهاد بەحوکمی کارکردنی لەگەڵ خوالێخۆشبوو دارا تۆفیق و پەیوەندی بەشەهید سامی عەبدولڕەحمانەوە، ڕۆژانە ئاگەدار بووە لەوەی لە وتوێژەکان لەگەڵ دەسەڵات دەگوزەرێت. لە وەڵامی پرسیارێکدا کە لە شوباتی ١٩٧٤ ئاراستەی (سامی عبدالرحمن)ی دەکات کە پێشبینی چی دەکات، ئەویش بەم جۆرە وەڵام دەداتەوە (زۆر بەداخەوە جەماعەت (لایەنی حکومی) وەك دەردەکەوێت بەنیازن جارێکیتر شەڕمان بەسەردا بسەپێنن پاش ئەوەی پاڵپشتیی یەکێتیی سۆڤیەت و حزبی شیوعیی عێراقی و چەکی نوێیان بەدەست هێنا، لە پێگەی هێزەوە قسە دەکەن، سەرپشکیان کردووین لەنێوان ملکەچکردن بۆ سیغەکەی ئەوان بۆ حوکمی زاتی کە خۆیان ئامادەیان کردوە، یان هیچ، واتە دەستپێکردنەوەی شەڕ لە هەر شتێکیتر نزیکترە..).

وەك مامۆستا فەرهاد باسی دەکات، وا لە دارا تۆفیق گەیشتووە کە: (حکومەت هەست دەکات بەبەراورد بەو هەلومەرجەی ڕێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ی تێدا

ئیمزا کرا ئێستا لە پێگەی هێزدایە، ئەوە بوو توانی دۆستایەتیی یەکێتی سۆڤیەت و دەوڵەتیتر بەدەست بێنێت، نرخی نەوت سامانێکی چاوەڕواننەکراوی بۆ عێراق دەستەبەر کرد، ئەمە جگە لە ئامادەسازییە سەربازییەکانی پاش ڕێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، کە کەشی پشوودان و ئاشتی بۆ سوپای عێراق هێنایەکایە و هەوڵەکانی تەرخان کرد بۆ خۆ ڕێکخستنەوە و خۆ پڕچەککردن بەچەکی نویٚ و پێشکەوتوو.

کەواتە بەعس هەر لە سەرەتاوە باوەڕی بە ڕێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ نەبوو، ڕازیبوونی بە ڕێکەوتنامەکە تەنیا تاکتیکێك بوو بۆ بەدەستهێنانی کات و چەسپاندنی حوکمی خۆی، سەرکردەی شۆڕش مەلای مستەفا بارزانی هەر لە سەرەتاوە دەرکی بەنیازە دوژمنکارییەکانی بەعس کردبوو، متمانەی بە بەعسییەکان نەبوو، تەنانەت بەپێچەوانەی ویستی خۆی و وەك ملدان بە ئارەزووی کەسانیتر ڕێکەوتنامەی ئازاری ئیمزا کرد، کە پاش پێداگریکردنیان بۆ ئەوەی پێی ڕازی بێت، قسەی بۆ کردن و وتی: وادیارە هەندێکتان تامەزرۆی ئەوەن ببنە وەزیر. پاش ئەوەیش کە هاتە سەر قسە و ئارەزووی ئەوان وتی: بزانن ئێستا دۆخەکە مەترسیدارتر بووە، جاران دەماندی فڕۆکە و تۆپ بۆردومانیان دەکردین، ئەمڕۆ بۆمب بەسەرماندا بەردەبێتەوە بەبیٚ ئەوەی بیبینین. لەبەرئەوە پێویستە زۆر وریا بین و نەکەوینە داوی ڕژێم، لەبەرئەوە پشتوێنی لیٚ مەکەنەوە و بڵێن مافەکانمان بەدی هاتن و هەموو شت تەواو.

ئەوە بوو چەند ڕۆژێك دوای ڕێکەوتنامەکە بەعس کەوتە هەوڵدان بۆ تەوقکردنی شۆڕشی کوردی و لەباربردنی لەناوخۆدا بەشێوازی جۆراوجۆر، ئەویش بەکڕینی ویژدانی ژمارەیەك لە بەرپرسانی کورد و کوشتنی ئەوانەی بەڕووی ئیغراکردن و هەڕەشە و گوڕەشەکانی وەستانەوە، ئەمە جگە لە دەستکردن بە بەعەرەبکردنی کەرکوك و ناوچەیتری کوردی.

بارزانی هەڵوێستێکی هاوشێوەی لە خۆماڵیکردنی نەوتیش هەبوو لە یەکی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٢، لەگەڵ خۆماڵیکردنیدا بوو، بەڵام نەك لەسەر دەستی

بەعسیەکان کە –بەگوتەی بارزانی– بەو پارە مشەمەرەی خۆماڵیکردنەکە دەیخاتە دەستیان، جۆرەها چەك دەکڕن بۆ لێدانی شۆڕشی کوردی، هەر ئەوەیش رووی دا.

هەڤاڵ فەرهاد بەشێوازێکی سۆزباوی و بگرە رۆمانسییانە لەبارەی دارا تۆفیقەوە نووسیویەتی، من لەسەر ئەوە لۆمەی ناکەم، چونکە خوالێخۆشبوو کوردێکی نەتەوەپەروەری بەئەمەك و دڵسۆز و لێوەشاوە و فرە بەهرە و خاوەن مێژوویەکی گەش لە خەبات بوو، هەر لێرەیشەوەیە لە سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردی و بەتایبەت سەرکردەی شۆڕش بارزانی نزیك بوو، کە لە زۆر پرسی گرنگ و تایبەت دا پشتی پێ دەبەست.

ئەو پرسیارەی دێتە پێشەوە ئەوەیە: چۆن پیاوێك بەمواسەفاتی خوالێخۆشبوو دارا تۆفیق خۆی رادەستی حکومەتی بەعس دەکات؟ بگرە هانی کەسانیتری وەك مامۆستا فەرهادیش دەدات خۆ بەدەستەوە بدەن؟ بۆچی بەپۆستی بەڕێوەبەری شارەوانی و پاشان پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی گواستنەوەی رووباری رازی بوو و لە بەغدا جێگیر بوو؟!

بەبڕوای من ئەوەی بەسەر ئەودا هات ١٠٠٪ چاوەڕوانکراو بوو، خوالێخۆشبوو دوو جار هەڵەی کرد: یەکەم ئەوە بوو خۆی بەدەستەوە دا و بە پۆستێکی حکومی رازی بوو لەکاتێکدا ئەو سەرکردەیەکی دیار بوو لە شۆڕشی گەلێك و کەسێکی نزیك بوو لە سەرکردەکەی. هەڵەی دووەم ئەوە بوو دەیتوانی خۆی حەشار بدات و بەغدا بەجێ بێڵێت و پەیوەندی بەشۆڕشی کوردەوە بکات کە لە ٢٦ی ئایاری ساڵی ١٩٧٦ دەستی پێ کردەوە، بەڵام ئەوەی نەکرد، تەنانەت –وەك کاك فەرهاد دەڵێت– پاش هەستکردنی بەهەڵەکەی و بەنیازی خراپی دەسەڵاتیش بەرانبەری!!

هەرچی پاساوی ژمارەیەك سەرکردەی کوردە لە خۆ رادەستکردنەوەیان بەدەسەڵاتی بەعسی چەپەڵ پاش نسکۆی شۆڕش لە ئاداری ١٩٧٥، گوایە رەزامەندیی بارزانییان وەرگرتووە و بەڕەزامەندیی ئەو کارەکەیان کردوە، پاساوێکی نالۆژیکییە و مەبەستیان ئەوەیە ئۆباڵی خۆبەدەستەوەدانیان بخەنە ئەستۆی بارزانی،

که لەو بارودۆخە کارەساتبارەی پاش نسکۆی شۆڕشدا لەتوانایدا نەبوو ڕێگری لە کەس بکات لەوەی خۆی تەسلیمی دەسەڵات بکاتەوە.

لەوەیشدا هاوڕای دۆستی ئازیزم کاك فەرهاد نیم، کە پێی وایە دامەزراندنی ئەو سەرکردە کوردانەی خۆیان تەسلیم کردەوە لە پۆستی وەك بەڕێوەبەری شارەوانی و بەڕێوەبەری دارستان و لەو جۆرە لەلایەن دەسەڵاتەوە، بۆ تۆڵەلێکردنەوە و زیاتر زەبوونکردنیان بووە، من بەپێچەوانەوە پێم وایە ئەوانی وەك سەرکردە لەو پۆستانەدا دامەزراند تا بەوەزیفەکەوە بیانبەستێتەوە و پابەندیان بکات بەدەوامکردنەوە، تا بیر لە گەڕانەوە بۆ خەبات نەکەنەوە. هەر بۆ هەمان مەبەست دەسەڵاتداران هەزاران پێشمەرگە و پەیوەندیکردووان بەشۆڕشی، کە بۆ (ڕیزی نیشتمانی) گەڕابوونەوە، بەکرێکار و کارگوزار و وەزیفەیتری سادەدا دامەزراند، لەکاتێکدا فەرمانگەکان پێویستیان بەخزمەتەکانیان نەبوو. بۆ نموونە کاتێك نسکۆ بەسەر شۆڕشی کوردیدا هات من مامۆستا بووم لە ناوەندیی بەردەڕەش و ژمارەی مامۆستاکانی بە بەڕێوەبەرەوە ٤ مامۆستا بوون، ژمارەی قوتابییەکانیش تەنیا ٢٤ قوتابی بوون، دەسەڵاتداران ٤ کارگوزاریان لە (گەڕاوەکان) دامەزراند، بەوە ژمارەیان لەگەڵ ئەو کارگوزارەی پێشتر هەبوو بوو بە ٥ کارگوزار (فەڕاش).

میلاکی بنکەی تەندروستیی بەردەڕەشیش پێکهاتبوو لە: پزیشکێك و دوو برینپێچ و کارگوزارێك. دەسەڵات هات نزیکەی ١٨ کارگوزاری تێدا دامەزراند، هەمان شت لە غاباتی ناحیەی (خەبات) لە هەولێریش کرا، کە دەسەڵاتداران لەشکرێك لە گەڕاوەکانی بۆ بایەخپێدانی دامەزراند.

هەمان بابەت (چەند لاپەڕەیەکی ون لە ژیانی دارا تۆفیق) زانیاریی دەگمەنی تێدایە لەبارەی فەریق و سەرۆکوەزیرانی پێشتری عێراق نوورەدین مەحموود و پەیوەندی بەبارزانییەوە. مامۆستا فەرهاد لەگەڵ دارا تۆفیق لە پایزی ساڵی ١٩٧٢ سەردانی کردوە و سڵاوی بارزانی و بانگهێشتکردنی بۆ سەردانی کوردستان پێ گەیاندوە، نامەیەکی دەسخەتیشی داوەتە دەستی. دوای ئەوەی فەریق نامەکەی بارزانی خوێندەوە، وتی: "هاوسەردەمی زۆر کەس بووم و لەگەڵ زۆر لە فەرماندە

گەورەکانی سوپا کارم کردوە، سیاسەتوانی جۆراوجۆرم ناسیوە، لە هەموو ئەوانەدا ئەو ڕێزلێنانە ویژدانییەم بەدەست نەهێناوە، کە زادەی ڕەسەنایەتییە وەك لە بڕگەکانی نامەکەی بارزانیدا بینیم کە ئێمە –مەبەستی ئەفسەرانی عێراقییە– ستەممان لێ کرد، حەقیقەتی ئەو پیاوەمان نەدەناسی، ڕژێم بەهەموو هێزی خۆی لەگەڵیدا دەجەنگا.."، فەریق هیوای خواست بیتوانیایە بچێتە لای بارزانی، بەڵام باری تەندروستی ڕێگرە.

بەڵام کاك فەرهاد نهێنی یان نهێنییەکانی ڕێزنانی بارزانی لە فەریق نوورەدین مەحموود باس ناکات، ئایا تەنیا لەبەر ئەوە بووە (ئەگەر بەناویش بێت) کورد بووە؟ یان لەبەر هەڵوێستەکانی بووە لە کێشەی کورد؟ یان لە بابی "بەزەییتان بەعەزیزی قەومێکدا بێتەوە کە زەبوون کراوە" بووە؟!

خوالێخۆشبوو دارا تۆفیق –وەك پێشبینی دەکرد– لە ١٩٨٠/١١/٥ سۆراخی نەما، ئۆتۆمبێلە حکومییەکەی لە ١٩٨٢/١/٣ دۆزرایەوە کە لەنزیك گوندی (دیرە بوون) لەسەر سنووری سووریا بەجێ هێڵرابوو کە لە پێش و لە دوواوە شوێنەواری تەقەکردنی پێوە بوو و هیچ شتێك نەبینرا ئەوەی لێ بخوێنرێتەوە تاوانێکی کوشتن یان هیتر رووی دابێت، وەك لە نووسراوێکی ڕەسمیدا هاتووە.

کەواتە مەسەلەی پاکتاوکردنی دارا تۆفیق هێشتا بەتەمومژ ماوەتەوە، چۆن کوژرا و لەکوێ و بۆچی؟ ئۆتۆمبیلەکەی لەدووریی نزیکەی (٨٠٠ کم) لە شوێنی کارەکەی دۆزرایەوە.

بەبۆنەی (٤٢)ەمین ساڵیادی بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨، مامۆستا فەرهاد لێدوانی خوالێخۆشبوو عیزەدین مەلا فەندی لەبارەی بەرپابوونی شۆڕشەکە دەگوێزێتەوە، پوختەی قسەکانی ئەوەیە: "شۆڕشەکە بەهاندانی بەریتانیا رووی دا بەهۆی حەماسی نووری سەعید بۆ پرسی کوێت، کاك فەرهاد ئەم زانیارییەی بەبێ تاوتوێکردنی جێگیر کردوە و ئەوەی لەبیر کردوە کە ئاخێور (مەبەست خوالێخۆشبوو

عزەدین مەلا فەندییە) لە پیاوانی سەردەمی پاشایەتی بووە و بەرووخانی رژێمەکە کۆتایی بەژیانی سیاسیی ئەویش هات.

قسە لەبارەی بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمموز زۆر کراوە، کە چۆن پیاوانی سەردەمی پاشایەتی هەواڵی جموجووڵی سوپایان بۆ رووخاندنی رژێمەکە پێ دەگەیشت، تەنانەت سەرۆك وەزیرانی پێشتری سووریا حوسنی بەگ ئەلبەرازی بەکەسێکی وتوە کە قسەی لەگەڵدا کردوە: ساڵی ١٩٥٨ کاتێك نووری سەعیدی لە ئیستانبوڵ دیوە ئاگەداری کردۆتەوە و پێی وتووە: لە ئایندەیەکی نزیکدا رووبەڕووی کودەتایەکی سەربازی دەبنەوە. بەڵام نووری سەعید ئەوەی رەت کردۆتەوە، گوایە سوپای عێراق لە کودەتاوە دوورە.

بەبۆچوونی من ئەو زانیاری و هەواڵانە دوای سەرکەوتنی شۆڕشەکە پەیدا بوون و چنراون، چونکە ئەفسەرانی ئازاد زۆر بەنهێنی کاریان کردوە، بەبەڵگەی ئەوەی شۆڕشەکە شۆك بوو بۆ پەیمانی بەغدا و موخابەراتی بەریتانی و ئەمەریکی، لێرەیشەوە هەوڵدانیان بۆ لەباربردنی، کە پاشتر ئەوەیان بۆ بەدیهات، لەڕێی پاڵپشتیکردنیان بۆ حزبی بەعس کە لە ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ کودەتا خوێناوییەکەی ئەنجام دا.

هەرچی چیرۆکی لەسێدارەدانی چوار ئەفسەرە کوردەکەیە لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧ و ئەو زانیاریانەی کاك فەرهاد لەسەر زاری خوالێخۆشبوو عەبدوڵا زێباری تۆماری کردوون، هەر لەسەر زاری عەبدوڵا زێباری کە منیش دیدەنیم کردوە، ئەم زانیارییە زیاد دەکەم: (ئیخوان موسلیمین لە میسر لە دەوڵەتێك دەچوون لەناو دەوڵەتدا، لەگەڵ ئەوەیشدا رەتیان کردەوە ئیدانەی تاوانی لەسێدارەدانی چوار ئەفسەرەکە بکەن و رازی نەبوون ئەوەی قوتابیانی کورد لە لاپەڕەکانی خۆیان لە زانکۆی ئەزهەر لەبارەی بابەتەکەوە نووسیبوویان، بڵاو بکرێتەوە، بەبیانووی ئەوەی زیان بەپەیوەندیی باشی نێوان میسر و عێراق دەگەیەنێت. هەروەها محەمەد مەحموود ئەلسەواف کە زۆر لە حەسەن بەننا (رابەری گشتیی ئیخوان)ەوە نزیك بوو، هانی دەسەڵاتدارانی دا بۆ دەستگیرکردنی ئەو قوتابییە کوردانەی سەرکۆنەی

لەسێدارەدانی ئەفسەرەکانیان کرد، بەکردەوەیش دەسەڵاتدارانی میسر تەوقیفیان کردن تا ئەو کاتەی رەوانەی عێراق دەکرێنەوە، بەڵام پاشتر بەهۆی پەیوەندیکردنی کەسایەتیی کورد و پەرلەمانتاری پێشوو عەلی کەمال بە باڵیۆزی میسر لە بەغداوە، ئازاد کران.

من هاوڕای هەڤاڵ فەرهادم لەوەی سەبارەت بە برایەتیی عەرەب–کورد نووسیویەتی، راستە بانگەواز بۆ برایەتی لەگەڵ عەرەب و تورك و فارس کە کورد دەستی پێوە دەگرێت و پەرۆشیەتی، باجێکە تەنیا کورد دەیدات، چونکە وەك کاك فەرهاد دەڵێت، لە فەرهەنگی ئەو سێ نەتەوەیەدا ئەوە تەنیا بەمانای ملکەچکردنی کورد دێت بۆ ئەوان. کورد بەلای ئەوانەوە: جوداخواز، ناپاك، بەکرێگیراوی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم، گیرفانی بەکرێگیراو، نەوەی ناپاکی و بەکرێگیراوی ئێرانە...!ئەو وەڵامەی کاك فەرهادیش دەمکوتکەر بوو بۆ ئەوەی بەڕێز ساڵح ئەلقەللاب (وەزیری ئوردنیی پێشوو) لە رۆژنامەی (ئەلشەرق ئەلئەوسەت) لە ٢٠٠٤/١٠/١٠دا نووسیبووی. بەش بەحاڵی خۆم تەسەورم نەدەکرد ساڵح قەللاب ئەو جۆرە قسەیە لەبارەی کورد و مافەکانیان بنووسێت، بەتایبەت کە ئەو رۆشنبیرێکی ناسراوە و بەلای کوردە و جێگەی رێزە و پتر لە جارێك لە دهۆك لەگەڵیدا دانیشتووم.

ئەوەی مامۆستا فەرهاد لەبارەی سوپای عێراق بۆی چووە، خودی راستییە، چونکە ئەو سوپایە بۆ بەرگریکردن لە عێراق و سنوورەکانی پێکنەهات، بەڵکو لە دامەزرانیەوە بۆ سەرکوتکردن و بەکارهێنانی هێز بووە دژی گەلی عێراق، بەعەرەب و کوردیەوە. لەنێوان ئەو سوپایە و گەلی کورددا میراتێکی خوێناوی دروست بوو کە لەبیر ناکرێت، بەتایبەت پاش بەرپابوونی شۆڕشی کورد لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١. بەم پێیەیش، بڕیاری هەڵوەشاندنەوە و سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی پاش رووخانی بەعس لە ٩ی نیسانی ٢٠٠٣ بڕیارێکی دروست بوو لانیکەم بەلای ئێمەی کوردەوە، تا رێگە لە سەرهەڵدانی ئەفسەرانی دڵڕەق و فاشیستی وەك عەبدولعەزیز ئەلعقێلی، سدیق مستەفا، تەها ئەلشەکەرچی، عەبدولکەریم ئەلجحێشی، ساڵح مەهدی عەماش و هیتر بگیرێت، کە سڵیان نەدەکردەوە لە گرتنەبەری دڕندانترین شێواز لە بەگژاچوونەوەی

کورد و بزوتنەوە نەتەوایەتییەکەیدا. لێرەدا قسەکەی ساڵح مەهدی عەماشمان لەیاد ناچێت کە ساڵی ١٩٦٨ لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن راشکاوانە رایگەیاند، ئەوەی بەرهەڵستیی حوکمی بەعس بکات، کار لەسەر گۆشەگیرکردنی دەکەین تا ناوی خۆی بەتەواوی لەبیر دەکات..!

کاك فەرهاد لەژێر ئەم ناونیشانەدا: (تەنانەت ناوە کوردییەکانیشمان زیانیان پێ دەگات)، رووداوێك دەگێڕێتەوە کە زۆر لە فیلمە هیندییە تراژیدییەکان دەچێت، جا باوەڕ بکە یان مەیکە: کوردێك لە سووریا حوکمی حەوت ساڵ بەندکردنی بەسەردا دەدرێت بەهۆی ئەوەی کوڕەکەی ناوناوە (چیا)، کاتێك لە زیندان بەر دەبێت بەڕێکەوت چیای کوڕی دەبینێت، بەڵام نایناسێتەوە، تا کوڕەکەی پێی رادەگەیەنێت کە ئەو کوڕەکەیەتی و ئێستا ناوی خالیدە، وردەکاریتریش هەن.

هەرچی ئەو تۆمەتەیە لەلایەن دەزگای ئەمنەوە ئاراستەی ئەو کوردە هەژارە کراوە، ئەوەیە: تێزەکانی مەترسیدار و هزرەکانی وێرانکەرن و ئەو ناوەی لە کوڕەکەی ناوە ناوێکی مەترسیدارە، ئەفسەرەکەی ئەمن پێی وت: "لەعنەتی خوا لە خۆت و لە باوکت کە تۆی هێنایە ئەم دنیایە و لە باپیرت. سوێند بەخوا و بەنیشتمانی عەرەبی تۆ و هاوشێوەکانت دەکەین بەپەند بۆ هەرکەس رۆژێك خەو بەوەوە ببینێك پارچەیەك، با بەئەندازەی یەك مەتری چوارگۆشەیش بێت، لە نیشتمانی عەرەبی بپچڕێت". فۆرمێکی تایبەت بەخاوەن هزرە جوداخوازەکانی بۆ ئەو هەژارە پڕ کردەوە، تا لەسەر کارە بەدەکەی دادگەیی بکرێت و حەوت ساڵ بەندکردنی بەسەردا درا، تا بتوانێت بەخۆیدا بچێتەوە و ئەوەی بەرانبەر نیشتمان کردوویەتی بیشواتەوە. دادگەییەکە تەواو بوو.

کاك فەرهاد رووداوێکیتر دەگێڕێتەوە، تا رادەیەك لەمە دەچێت، کە لە شاری کۆیە رووی داوە کاتێك توانیویەتی هاوڕێکەی قایل بکات ناوی کوڕەکەیان لە ساڵحەوە بکات بە دانا. باوکی دانا بانگ کرا بۆ دەزگای ئەمن لە کۆیەو لەوێ ئەفسەری ئەمن پێی وت: تۆ دوژمنی خوا و عێراقیت، ئێمە ئاگەداری بنەچەی ئێرانیی ئێوەین، تۆ رق لەدڵیت، ئەگەر رق لەدڵ و شعووبی (پۆپولیست) نەبوویتایە، ناوی ساڵحت نەدەگۆڕی

**بۆ دانا، چی وای لێ کردیت ئەو ناوە بگۆڕیت؟ نهێنییەکەی چییە؟ تۆ بەو کارەت تووڕەیی حزب و شۆڕش بەسەر خۆتدا دێنیت، چی دەڵێیت؟**

**گرنگ ئەوەیە بەحەوت ساڵ بەندکردن سزا نەدرا، ئەوەیش، وەك مامۆستا فەرهاد دەڵێت، بەهۆی جیاوازیی کات و شوێن و هێزی شۆڕشی کوردی و سەرقاڵیی حکومەت بەشەڕ لەگەڵ ئێران. بەڵام ئەفسەرەکە پاش هەڕەشە و گوڕەشە، فەرمانی کرد (کارنامە)یەکی بۆ بکەنەوە، تا زانیارییەکان لەبارەی (باوکی دانا) ئامادە بن بۆ هەرکات داوای کەسانی گومانلێکراوی وەك ئەو کرا.**

**حکومەتەکانی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان پێوە لکێنراوە تەنانەت لە ناوە کوردییەکانیش دەترسن، چونکە واتای شانازیکردنی مرۆڤ بەنەتەوەکەی دەگەیەنن، هەروەك ناوی کەسێك ئاماژە بێت بۆ نەتەوەکەی، ناسنامەیەکی نەتەوەییە. کەواتە ناونانی منداڵان بەناوی کوردی بەجۆرێك لە خەباتی نەتەوەیی دژ بە چەوسێنەرانمان دێتە هەژمار، بەداخەوە هێشتا زۆر کورد هەن ناوی ناکوردی لە منداڵەکانیان دەنێن!!**

**مامۆستا فەرهاد لە لاپەڕەکانی کتێبە بەنرخەکەیدا بابەتی دیکەی بەچێژ و گرنگی باس کردوە، نامەوێت لەمە زیاتر درێژە بە سەرنج و خستنەڕووی بدەم، زۆر ڕووداوی تۆمار کردوون کە خۆی تێیاندا ژیاوە، بینین و خەیاڵچنەکانی خۆی نووسیوە، بەشداریی چەندین کۆنگرەی لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق کردوە، ئەوەی نووسیویەتی گوزارە لە سیفەتە تایبەتەکانی دەکات بەچاوپۆشین لەو ئامانج و ئاواتانەی لەبەرچاویان دەگرێت. کاك فەرهاد بەلای منەوە نموونەی کوردی نەتەوەپەروەری بەئەمەك و خۆنەویستە. پاش هەموو ئەمانە، خوێنەر لەگەڵ نووسینەکەی یەکەمین نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان بەجێ دێڵم و دەڵێم: ئاخۆ مامۆستا فەرهاد لە کتێبەکەیدا بەدووای چیدا دەگەڕێت؟ ئەمە ئەوەیە هەموو خوێنەرێکی کتێبەکە پێی دەگات.**

**پ.د. عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی**

**دهۆك ٢٠١١/١١/١٧**

## خۆشحاڵیی رۆڵەکانی کۆیە

## بە سەردانی بارزانیی نەمر بۆ شارەکەیان لە ئاداری ساڵی ١٩٦٣

هێشتا فڕۆکە هێلیکۆپتەرەکە بەئاسمانی شاری کۆیەدا دەسووڕایەوە کە منداڵان و گەنجان بەرەو یاریگەی تۆپی پێ لەتەنیشت نەخۆشخانەی کۆماریی کۆیە غاریان دا، تا لەنزیکەوە نیشتنەوەی فڕۆکەکە، هەروەها ئەو کەسانەیشص ببینن کە لە نیوەڕۆی رۆژێکی مانگی ئاداری ساڵی ١٩٦٣ هەڵیگرتبوون. ئێمە چەند هاوڕێیەك بووین لە قوتابیانی پۆلی سێیەمی ناوەندی لە ناوەندیی کۆیە، لەو شوێنەوە نزیك بووین کاتێك بینیمان خەڵکێکی زۆر بەرەو یاریگەی شار دەڕۆن. بەپاڵنەری فزولی و حەزی ناسینی ئەو کەسانەی پێیان دەوترا (شاندی دانوستانکار) خۆمانمان لەنزیك فڕۆکەکەوە بینی کە بەسەر زەوییەکی قوڕینی بەهاری ئەو ساڵەدا نیشتەوە بەبێ ئەوەی کەس لە سەرنشینەکانی دابەزن وەك ئەوەی چاوەڕوانی کەسانێك بکەن بێنە پێشوازییان. لەو کاتەدا دوو ئۆتۆمبێلی جۆری لاندرۆڤەر هاتن کە ژمارەیەك پێشمەرگەیان هەڵگرتبوو، کە تفەنگی سیمینۆف و کلاشینکۆفیان پێ بوو و بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکردایەتی دەکردن. کاتێك کاپتنی فڕۆکەکە کە پلەی نەقیب بوو و بەزمانی کوردی قسەی دەکرد، دابەزی، بەتەنیا چووە لای بەرپرسە حزبییەکە و پێکەوە چەند خولەکێك گفتوگۆیان کرد، لەئاکامیدا سێ کەس لە فڕۆکەکە دابەزین، لەناویاندا لیوای خانەنشین فوئاد عارف بوو، سواری یەکێك لە دوو ئۆتۆمبێلەکە بوون و بەرەو سەنتەری شار کەوتنە رێ.

شاری کۆیە یەکێك لە قەزاکانی سەر بە پارێزگەی هەولێر بوو، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان سەنتەر (سنجەق) بوو. ئەو ناوە لە سەردەمی عوسمانیدا لەو شارانە دەنرا کە وەك لیوا بوون و ئێستا پێیان دەوترێت سەنتەری پارێزگە. یەکێك بوو لە شارە گرنگەکان لەڕووی مێژوو ییەوە، لەبەرئەوەی کەوتۆتە سەر چەند ڕێگەیەکی ئەو کاروانانەی لە ئێرانەوە دێن لەڕێی ڕەواندوز و قەڵادزێوە، لەوێوە بەرەو کەرکوك و بەغدا و بۆ مووسڵ لەڕێی شاری هەولێرەوە، دەچوون و بەپێچەوانەیشەوە. هەروەها بەبوونی بازاڕێکی گەورە جیا دەکرایەوە، کە زێڕنگەران و کەوشکەران و سابوونکەران و چنینی کووتاڵی ناوخۆیی و ڕەنگکردنیان (خمخانە)ی تێدا کۆدەبوونەوە. ئەمە جگە لەوەی ناوەندێك بوو بۆ چاندنی تووتن و لۆکە، کاروانسەرا یاخود (خان)ەکانی وەك هۆتێلەکانی ئێستا بوون بۆ پێشوازیکردنی سەردانیکاران و کاروانچییان، هێشتایش (خان)ە گەورەکەی بەهەردوو نهۆمەکەیەوە لەبەرچاوانە، نهۆمی دووەمی تەرخان کرابوو بۆ خەوتن و پشوودانی کەسەکان، هەرچی نهۆمی خوارەوەیە تایبەت بوو بەشوێنی وڵاخی ڕێبواران، ئەمە جگە لە هەردوو بازاڕی کۆن و تازە. کۆیە ناوبانگێکی فراوانی هەبوو لەڕووی زۆریی مزگەوتەکانیەوە، کە ژمارەیەکی زۆر فێرخوازانی زانستە ئاینییەکانی لە دەرەوەی کوردستانی عێراقەوە کێش دەکرد، ئەویش بەهۆی پێگەی زانایانی ئاینی و ناوبانگی فراوانیان. دوو کەمینەی ئاینیش هەبوون ئەوانیش مەسیحی (کلدان)ەکان و جوولەکە بوون کە مەسیحییەکان تا ئێستایش تێیدا دەژین لە کەشێکدا کە هیچ شوێنەوارێکی جیاکاریی ئاینی تێدا نەبووە و چییان دەکرد ئازاد بوون. هەر تایفەیەك تایبەت بوو بەهەندێ پیشەسازیی دیاریکراو، ئەوەیش ڕۆڵی ئەرێنیی خۆی هەبووە لە گەشەکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی و پیشەسازی تێیدا. ئەم فاکتەرانە پێکەوە کارلێکیان کرد لە خولقاندنی دەستەبژێرێکی تایبەت لە پیاوانی ئاینی و زانایان و شاعیران، کە هۆنراوەیان بۆ یەکتایی خودا و پیرۆزیی سێ ئاینە ئاسمانییەکە هەڵبەستووە. هیچ سەیر نیە ئەگەر شاعێرێکی وەك حاجی قادری کۆیی

لەناو ئەو کەشوهەوایەدا هەستێتەوە و بانگەشە بۆ یەکێتیی کورد و نەخشەکێشانی ئایندە بکات تا وەك باقی نەتەوەکانی ئەوکات قەوارەیەکی هەبێت. هزرەکانی لەڕێی قەسیدە نەتەوەییەکانیەوە پاشتر بوونە هەوێنی قوتابخانەیەکی نیشتمانی و کەسانیتر لاساییان کردەوە و خۆشخەیالآن گۆرانییان چڕی و جەماوەرێکی زۆر لە هەڵگرانی بیری نەتەوەیی وتنیانەوە و سێبەریان بەسەر سەرتاسەری کوردستاندا کێشا، بەتایبەت رۆشنگەرانی شاری کۆیە کە قەسیدەکانیان کرد بەنموونەی بالاًیان لە کوردایەتی و پاڵنەرێك بۆ خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی لەپێناو گەلاڵەکردنی مافە نەتەوەییەکاندا.

شاری کۆیە لە کۆتاییەکانی سییەکان و چلەکانی ئەم سەدەیەدا سەرهەڵدانی کۆمەڵێك فیکر و قوتابخانەی سیاسی بەخۆوە بینی، کە لە ئاراستەی نەتەوەیی و ئاراستەی چەپدا خۆیان دەنواند، یەکەمیان لە لەدایکبوونی رێکخراوی (دارکەر) و حزبی هیوا و شۆڕش و رزگاری و پارتی دیموکراتی کوردستاندا دەرکەوت، ئاراستەی دووەمیش لە ئاراستەی چەپ بوو و لەژێر کاری ئایدیۆلۆژیای بەلشەفیدا بوو و لەکۆتاییدا بەناوی حزبی شیوعیی عێراقی بەرجەستە بوو و کەشێکی لەباری لە کوردستان خولقاند و ئەو دوو ئاراستەیە (پارتی و شیوعی) ئەندام و لایەنگریان رادەکێشا، هەندێ جار کۆك و هەندێ جاریش ناکۆك دەبوون، بەزۆریش کۆك بوون لە دژایەتیکردنی رژێمی پاشایەتی و بەشداریکردنی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکان و رێکەوتن لەسەر ئەوەی هەردووکیان یەك کاندیدیان هەبێت، وەك لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەراندا ساڵی ١٩٥٤ رووی دا، کاتێك مامۆستا مەسعوود محەمەد بوو بەکاندیدێکی بەهێز و جێپەسەندی هەردوو حزب و سەرەنجام بەسەر کاندیدی ئەوکاتی حکومەتدا سەرکەوت. هەریەك لەو دوو حزبە کتێبخانەی تایبەت بەخۆی هەبوو، کە لایەنگرانیان سەردانیان دەکردن. پارتی کتێبخانەی تایبەتی خۆی هەبوو بەناوی (کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی)، شیوعییەکانیش کتێبخانەی خۆیان هەبوو بەناوی (کتێبخانەی

کۆیسنجەق). ئەم هاوپەیمانی یان بەدەربڕینێکیتر ئەم تەباییە تا بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨ لەنێوانیان بەردەوام بوو، کە پاش ئەوە ململانێی توند لەنێوان لایەنگرانی هەردوو حزب رووی دا لەسەر هەندێ بابەت کە لێرەدا بواری باسکردنیان نیە، تا هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ بەسەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکە نەمرەکەی مستەفا بارزانی کە چالاکیی پارتییەکان زیادی کرد و بانگەشە و داخوازییە نەتەوەییەکان دەنگدانەوەی فراوانیان لە سەرجەم ناوەندەکاندا پەیدا کرد، شۆڕشی ئەیلوول بوو بەجێئومێدی زۆرینەی رەها و لیژنەیەکی خۆجێیی پارتی لە کۆیە رۆڵی سەرکردانەی خۆی دەگێڕا لەنێو لیژنە و لقەکانیتری حزبدا، پشتئەستوور بە قورسایی شۆڕشی ئەیلوول و کەلەپووری نەوەی یەکەمی پارتییەکان کە بەئازایەتییەکی دەگمەن لەبەردەم ئەو نسکۆیەدا وەستان کە ساڵی ١٩٥١ دووچاری سەرکردایەتیی حزب بوو، کە سکرتێری ئەوکاتی حزب مامۆستا حەمزە عەبدوڵا دەستگیر کرا، ئەوەیش وای لە لیژنەی خۆجێیی لە کۆیە کرد داوای وەرگرتنی رۆڵێکی سەرکردانە بکات تا دۆخە سیاسییەکە خاو دەبێتەوە و مەترسی لەسەر حزب نامێنێت. بەم شێوەیە رۆژان و مانگان و ساڵان تێپەڕین و کۆیە بەرهەڵستی دەسەڵاتداران و رژێمە جیاوازەکانی دەکرد و چەندین نەوە لەسەر ئەم جۆرە لە بەرەنگاریکردن، پێگەیشتن. سیاسییەکانی ئەم شارە بەپەنجە ئاماژەیان بۆ دەکرا و لای خەڵك بەگشتی جێگەی رێز بوون. ئەم شارە لەبیرکراوە و خەڵکەکەی باجی گەورەیان داوە، کە لە بێبەشبوونیان لە خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا خۆی دەنوێنێت، کە تا ساڵی ١٩٧٦ بەجادەی قیر بە سەنتەری پارێزگەی هەولێرەوە نەبەسترا، لەکاتێکدا ئەمیر عەبدولئیلاهی وەصی تەختی عێراقی ئەوکات لە سەردانەکەیدا بۆ کۆیە ساڵی ١٩٥٣ بەڵێنی قیرتاوکردنی ئەو رێگەیەی دا، بەڵام نە بەڵێنەکەی ئەو و نە هی بەرپرسانیتر تا دوای تێپەڕینی چل ساڵ بەدینەهات! رێگەی کۆیە–کەرکوك لە ساڵی ١٩٥٧)ەوە هەروەك خۆیەتی، رێگەی کۆیە–دووکانیش

كە بەسلێمانییەوە دەبەسترێت، ساڵی ١٩٥٨ لەڕێی چیای هەیبەت سوڵتانەوە کرایەوە.

دوای کودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ کۆیە لە دۆخێکی چاوەڕوانی و نیگەرانیدا دەژیا لە کەشێکی رەمەزانیدا، زوقم وەك کسمی خۆی لە هەموو لاوە هەڵیدەکرد، هەر کاتێکیش هەڵیکردبێت رەحمی بەشارەکە نەکردوە و ناکات و لەوەتی پەیدا بووە ئەو زوقمەی لەگەڵدایە. ئەمە لەکاتێکدا دروشمە سیاسییەکان دوور لە پێکدادان و رووبەڕووبوونەوەی گەرم لەناو خۆیاندا لە ململانێدا بوون، چونکە شیوعیەکان دروشمی (ئاشتی لە کوردستان)یان لە خزمەتی (بزوتنەوەی چەکداریی کورد)دا دەبینی، ئەوەیش زادەی ئەو هێڵە بوو حزبی شیوعیی عێراقی کێشابووی و بەسیاسەتی (**تێکۆشان و هاوکاری**) ناسرابوو (واتە تێکۆشان دژی ئاراستە هەڵەکان و بارستە پیلانگێڕەکان لەناو حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسمدا) هاوکاریش بە پشتگیریکردنی (لایەنە ئەرێنیەکانی حکومەتەکە) لێکدەدرایەوە، چونکە (هەڵگری هەندێ بارگەی دیموکراسی) بوو، لەکاتێکدا پارتی بانگەشەی بۆ رووخاندنی ئەو حکومەتە دەکرد، چونکە بەپێی بەندی سێیەم لە دەستووری کاتیی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ مامەڵەی لەگەڵ گەلی کورد نەکرد کە جەخت لە (شەراکەتی عەرەب و کورد دەکات لە نیشتمانی عێراقدا) و ئەو حکومەتە دەیویست گەلی کورد بتوێنێتەوە و بەزەبری چەك و رووبەڕووبوونەوەی سەربازی مامەڵەی لەتەکدا کرد، ئەوەیش وای لە پارتی کرد وەك خۆی وەڵامی بداتەوە و بۆ بەرگریکردن لە ماف و کەرامەتی کورد پەنا بۆ بەرەنگاریکردنی چەکداری ببات. سەرەنجام ئەوە رووی دا کە بەخەیاڵدا نەهاتبوو، بەتایبەت لەو کاتەدا کە لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ حکومەتی عەبدولکەریم قاسم رووخێنرا و لەئاکامی ئەو پەرەسەندنانەدا کۆیە گۆڕانێکی جۆرایەتی بەخۆوە بینی، ئەوە بوو شۆڕشگێڕانی شاخ وردە وردە هاتنە ناو شارەکەمان و پێشمەرگەکان و کەسوکاریان لە دۆخێك لە سەرسامیدا دەستیان لەملی یەکتر دەکرد و کەشێك لە

رۆمانسییەتی شۆڕشگێڕانەی کەم وێنەی دروست کرد، چونکە خەڵك لەدوورەوە هەواڵی شۆڕشگێڕەکان و چالاکی و چیرۆکی قارەمانێتییەکانیان دەبیست، کاتێك پێشمەرگەیان بەجلە خاکی و چەکەکانیانەوە بینی بۆ یەکەم جار دەهاتنە ناو شار، پێشبڕکێ بۆ میوانداریکردنیان بوو بەحاڵەتێکی ئاسایی، وەك دەربڕینی خۆشەویستی و سەرسامی و پێزانین بۆ ئەو جوامێری و ئازایەتییە دەگمەنەی نواندبوویان لە شۆڕشێکی پیرۆزدا، کە خاکێکی لەبیرکراو لەناو ئەم جیهانە پڕ لە رووداو و بەرژەوەندییانە بەخۆوەی بینیوە.

حاڵەتی دووەم کە کۆیە دوای کودەتاکەی ٨ی شوبات بەخۆیەوە دی، هاتنی ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەرانی شیوعیی عەرەب و کورد، بوو بەسەربازی و مەدەنییەوە بۆ شارەکە لە ناوچە جیاوازەکانی پارێزگەکانی عێراق، کە لەو هەڵمەتە رزگاریان ببوو لە ململانێی خوێناویی گۆڕەپانی سیاسیی عێراق کە پاش شۆڕشی ١٤ی تەممووز روویدا، کە بەزەیی بەکەسیاندا نەهاتەوە و دۆخی تەبایی نێوان بەرەی نیشتمانی لە سەردەمی پاشایەتیدا گۆڕی بۆ دۆخی ململانێیەکی خوێناوی، کە تا ئەمڕۆیش نەبڕاوەتەوە.

ئاگربەست لەنێوان شۆڕشی کورد و رژێمی نوێ بەرکار بوو. لایەنی دووەم لە کاتژمێرە یەکەمەکانی وەرگرتنی دەسەڵاتدا بەڵێنی دا بەپیر مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردەوە بچێت، هەر زوو نوێنەرانی ئەوکاتی پارتی لە بەغدا، کە لە شەهید ساڵح یوسفیدا خۆی دەنواند، پشتگیریی دروستبوونی رژێمی نوێیان کرد لەڕێی بروسکەیەکەوە کە رادیۆی بەغدا چەند جارێك خوێندیەوە. بەرکاریی ئاگربەستەکە کاریگەریی ئەرێنی هەبوو، خەڵك ئومێدیان بۆ دروست بوو ئەو دۆخە بەردەوام بێت و بگەنە لێکگەیشتنێکی هاوبەش و داواکارییە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان جێبەجێ بکرێن. شاندە رەسمی و میللییەکانی عێراق کەوتنە سەردانی جەنابی بارزانی لە

چوارقوڕنه و كانی ماران، كه ده‌كه‌ونه سه‌ر ڕێگه‌ی گشتی نێوان قه‌زای كۆیه و ڕانیه، له‌به‌رئه‌وه‌ی باره‌گای بارزانی له‌و دوو شوێنه بوو. له دواییدا له‌ناو سه‌ركردایه‌تیی پارتی له‌سه‌ر ئه‌وه جێگیر بوو كۆنگره‌یه‌كی گشتی له شاری كۆیه ببه‌سترێت، كه جگه له نوێنه‌رانی لقه‌كانی حزب، سه‌رجه‌م كه‌سایه‌تییه نیشتمانییه كورده‌كان و سه‌رۆك هۆزه‌كان و فه‌رمانده‌كانی ته‌شكیلاتی پێشمه‌رگه ئاماده‌ی بن، بۆ دیراسه‌كردنی دۆخه تازه‌كه له‌لایه‌ن به‌شدارانی كۆنگره‌كه‌وه وه‌ك نوێنه‌رانی زۆرینه‌ی ڕه‌های چین و توێژه‌كانی كۆمه‌ڵگه‌ی كوردستان و گه‌یشتن به‌گه‌ڵاڵه‌یه‌كی ماقووڵ بۆ ئه‌و داواكارییانه‌ی مافه‌كانی گه‌لی كورد مسۆگه‌ر ده‌كه‌ن، چه‌ندین كۆمیته بۆ ئاماده‌كاری بۆ ئه‌و كۆنگره مێژووییه فراوانه پێكهێنران.

ڕه‌نگه یه‌كێك بپرسێت ئاخۆ له‌به‌ر چی كۆیه بۆ شوێنی به‌ستنی ئه‌و كۆنگره‌یه ده‌ستنیشان كرا؟ له‌به‌رئه‌وه‌ی لێكدانه‌وه‌ی ڕاسته‌قینه بۆ ئه‌و هه‌ڵبژاردنه نازانم كه سه‌ركردایه‌تیی پارتی ئه‌وكات په‌سه‌ندی كرد و تا ئێستا به‌هیچ شێوه‌یه‌ك ئاماژه‌ی بۆ نه‌كراوه و هیچ له‌باره‌ی سرووشت و ورده‌كارییه‌كانی گفتوگۆكانی ئه‌وكاتی ناو ئه‌ندامانی كۆنگره‌كه باس نه‌كراوه، جگه له هه‌ندێ ئاماژه‌ی بچووك بچووك له یاداشت و نووسینه‌كانی ئه‌وانه‌ی بایه‌خ به‌كێشه‌ی كورد ده‌ده‌ن، ئه‌و زانیاریانه‌یش لێره‌دا تۆماریان ده‌كه‌م بریتین له‌و شتانه‌ی خۆم بینیونم یان بیستوونم له‌و كه‌سانه‌ی میوان بوون له ماڵمان و به‌شداریی كاره‌كانی كۆنگره‌كه‌یان كردبوو و ڕۆژانی به‌ستنی ئه‌و كۆنگره مێژووییه له كۆیسنجه‌ق میوان بوون.

به‌لێكدانه‌وه‌ی من هۆی هه‌ڵبژاردنی كۆیه بۆ به‌ستنی كۆنگره‌كه بۆ چه‌ند فاكته‌رێك ده‌گه‌ڕێته‌وه، گرنگترینیان شوێنی جوگرافییه بۆ ئه‌و كه‌سانه‌ی له زاخۆ و دهۆك و ئامێدی له‌لایه‌ك و خانه‌قین و كفری و كه‌لار و هه‌ڵه‌بجه و پێنجوێن و قه‌ڵادزێ و ڕانیه له‌لایه‌كیتره‌وه ده‌هاتن، له‌و ڕووه‌وه به‌ته‌واوه‌تی به ده‌شت و چیاكانیه‌وه ئازاد كرابوو و

ئەوکات هێزی سەربازی تەنانەت لەنزیکیشیەوە نەبوو، چونکە لە ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵاتەوە چیای ستراتیژیی هەیبەت سوڵتان و چیای باواجی و کشانی بەرەو خۆرئاوا دەوریان دابوو، کە وای کردبوو ئەو شارە بۆ هەر شتێکی لەناکاو کە لەوانەیە رووبدات قایم و پارێزراو بێت، ئەمە جگە لەوەی زیاتر لە ٧٠کم لە سەنتەری پارێزگەی هەولێر و کەرکوکەوە دوورە. لەلایەکیترەوە کۆیە لەڕووی پاشخانی سیاسی و شارستانییەوە ئامادە بوو، ئاستی هۆشیاریی سیاسی تا رادەیەك پێشکەوتوو بوو و خەڵکەکەی ئامادە بوون بۆ پێشوازیکردن لەو ژمارە زۆرەی بەشداران و چەکدارەکانیان سەرباری بوونی ژمارەیەکی زۆر تەشکیلاتی پێشمەرگە و بەرپرسانیان لەکاتی بەستنی کۆنگرەکەدا، ئەوەیش وای کردبوو کۆیە لەو ڕۆژەدا شارێکی زۆر قەرەباڵغ بێت، کە پێکهاتەی تەواوی کۆمەڵگەی کوردستانمان تێدا دەبینی.

پێش کۆنگرە، چەند پەیوەندییەك لەنێوان سەرکردایەتیی پارتی و دەسەڵاتی نوێدا کرا، چەند شاندێکی حکومی و میللی سەردانی بارزانییان کرد لە چوارقوڕنە و کانی ماران، بارزانی لە ٥ی ئاداری ١٩٦٣ یاداشتێکی دایە حکومەت، هەندێ لە خاڵەکانی بریتی بوون لە (دەستبەجێ داننان بەحوکمی زاتی بۆ کوردستان و دانی کۆپییەك لە دانپێدانانەکە و دەستووری کۆماری عێراقی نوێ بە دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان و بڵاوکردنەوەی لە رادیۆی بەغدا و لە ڕۆژنامەی رەسمی و ڕۆژنامە ناوخۆییەکاندا. زمانی کوردی زمانی رەسمی بێت، خوێندن بەزمانی کوردی بێت، لەو ناوچانەیش هاوڵاتی غەیرەکوردیان تێدا نیشتەجێن خوێندن بەزمانی تایبەتی خۆیان بێت لەپاڵ خوێندنی زمانی کوردیدا. لە ٦ی ئادار (ئەنجومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتی شۆڕش) کە باڵاترین دەسەڵاتی ئەوکاتی عیراق بوو بڕیاری پێکهێنانی شاندێکی رەسمی دا کە ناونرا (شاندی پەیوەندیی میللی) و پێکهاتبوو لە: شێخ محەمەد رەزا شەبیبی، فایق سامەڕائی، حوسێن جەمیل، فەیسەڵ حەیب ئەلخەیزەران، دکتۆر

عیزەت مستەفا ئەلدوری و زەید ئەحمەد عوسمان. رۆژی ٧ی هەمان مانگ شاندی ناوبراو لە چوارقوڕنە لەگەڵ بەڕێز بارزانی کۆبوویەوە بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی داواکارییەکانی کورد و لەئاکامی ئەوەدا (ئەنجومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتی شۆڕش) بەیاننامەیەکی دەرکرد تێیدا دان دەنێت بە (مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لەسەر بنەمای لامەرکەزی).

ئەم بەیاننامەیە تەواو بەئەرێنی لەلایەن گەلی کوردستانەوە پێشوازی لێ نەکرا و بارزانی بەفیترەتی خۆی و خوێندنەوەی بۆ رووداوە سیاسییەکان هەستی کرد خۆدزینەوەیەك لەئارادایە لەو داواکاریانەی پێشتر پێشکەش بەناوەند کرابوون، لەبەرئەوە ئەو رۆژە بڕیاری دا کۆنگرەیەکی حزبی و میللیی هاوبەش لە شاری کۆیە ببەستێت بۆ بەرچاوڕۆشنکردنی نوێنەرانی گەلی کوردستان بە راستییەکان و ئەوەی لەنێوان لایەنی کوردی و حکومەتی نوێدا دەگوزەرێت لەسەر پەسەندکردنی گەلاڵەیەك کە داواکاری و مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لەخۆ بگرێت.

لە ماوەی نێوان ٧-١٧ی ئاداری ١٩٦٣ لە وەڵامی بانگەوازەکەی بارزانی و مەکتەبی سیاسیی پارتی و بانگهێشتکردنیان بۆ ئامادەبوونی ئەو کۆنگرەیە، چەندین شاند و کەسایەتی و نوێنەرانی لقەکانی پارتی گەیشتنە شاری کۆیە، کە شارەکە پێشتر گردبوونەوەی لەو جۆرەی بەخۆوە نەدیبوو و سەربەرز بوو بە میوانداریکردنی ئەو ژمارە زۆرە لە نوێنەرانی گەلی کوردستان. بنەماڵە ناسراوەکان و خێزانەکانی کۆیە بەشانازییەکی زۆرەوە پێشوازییان لە میوانان و نوێنەرانی کۆنگرەکە کرد و خەون و ئاواتی شاعیری نەتەوەیی کورد (حاجی قادری کۆیی) هاتەدی کە حەفتا ساڵ لەوەوبەر لە یەکێك لە قەسیدە نەتەوەییەکانیدا لەگەڵ خودای خۆی گفتوگۆی دەکرد و تێیدا دەڵێت:

## هەڵیکەن بەیرەقی کوردی لە دەوران

## لە مابەینی کەکۆن و هەیبەت سوڵتان

لە ١٤ی ئادار کۆیە وادەی هەبوو لەگەڵ رووداوێکی مێژوویی لە ژیانی خۆیدا، کاتێك هەواڵی گەیشتنی بەڕێز بارزانی پیٚ گەیشت و پێش سەردانی شارەکە، کۆمەڵێك لە دەستەی پاسەوانە تایبەتەکانی گەیشتن و لە دەوروبەری ئەو شوێنەی بڕیار بوو بارزانی تێیدا ببێتە میوان، جێگیر بوون. بۆ نیوەڕۆ خەڵکی تامەزرۆ بۆ بینینی سەرکردە چەند ئۆتۆمبیلێکی (لاندرۆڤەر)یان لە لۆفەکانی چیای هەیبەت سوڵتان بینی، ئەو شەقام و رێگایانەی لەلای چیاکەوە دەچنە ناو شار قەرەباڵغ بوو لە چاوەڕوانیی پێشوازیکردنی سەرکردە و هاوەڵانی، پاش کەمتر لە چارەکە سەعاتێك چەند ئۆتۆمبیلێکی (لاندرۆڤەر) گەیشتنە دەروازەکە کە بارزانی و ژمارەیەك لە پێشمەرگە پاسەوانەکانیان هەڵگرتبوو، شۆفێری ئۆتۆمبیلەکەی کە بارزانیی هەڵگرتبوو، خوالێخۆشبوو (ئیسماعیل سوارە ئاغا) سەرۆکی عەشیرەتی بڵباس بوو، کە یەکێك بوو لەو سەرۆك هۆزانەی لەوکاتەوە بەرپا بووە پاڵپشتی شۆڕشیان کردوە. لەگەڵ گەیشتنیان روویان کردە ماڵی خوالێخۆشبوو کاکە زیاد محەمەد ئاغا غەفووری. هەڵبژاردنی ئەویش بۆ بوونەمیوان لەلایەن بارزانییەوە لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کاکە زیاد یەکێك بوو لەو دوو کەسەی بارزانی لەگەڵ خوالێخۆشبوو شێخ لەتیف شێخ مەحموود لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ هەڵبژاردن تا ببنە جێگری سەرۆکی حزب، ئەویش لەبەر پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتییان، ئەمە جگە لەوەی کاکە زیاد بەردەوام بوو لە هاوکاریکردنی لەگەڵ پارتی و دڵسۆزی بۆ بارزانی بەدرێژایی ماوەی نەبوونی بارزانی لە کوردستان (١٩٤٧-١٩٥٨) کە لە یەکێتیی سۆڤیەت بەسەری برد، بەهۆی ئەو نسکۆیەی بەسەر کۆماری مهاباددا هات و پاشەکشەی بارزانی لە گەشتە سەختەکەیدا بەناو خاکی سیٚ دەوڵەتی دوژمندا، کە نزیکەی دوو مانگی خایاند.

**پاشان کاکە زیاد لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە ریزەکانی شۆڕشەوە کرد تا ساڵی ١٩٧٥ و بەوەفاداری بۆ پرنسیپەکانی و دڵسۆزی بۆ بارزانی مایەوە تا لە ١٩٩١/٤/١٢ لە شاری خانە لە رۆژهەڵاتی کوردستان کۆچی دوایی کرد.**

**خوالێخۆشبوو کاکە زیاد دوو خانووی هەبوو کە ئەندامانی هەردوو خێزانەکەی تێدا دەژیان، ئەو ماڵەی ئێمە باسی دەکەین لە کۆتایی چلەکان لەناو باخەکانی دەرەوەی شار دروستی کردبوو لەسەر رێگەی کۆیە بۆ حەمامۆکی پڕ باخ و کارێزی سازگار، خەڵك بەو خانووەیان دەوت (کۆشکەکەی کاکە زیاد) وەك یەکێ لە نیشانە دیارەکان لە شارەکەدا.**

**خێزانەکەی ئێمە لە دوو خۆشیدا دەژیا، خۆشیی بوونی بارزانی لە کۆشکەکەی کاکە زیاد کە لەتەنیشت ماڵی ئێمە بوو و خوالێخۆشبووی باوکم ساڵی ١٩٥٨ دروستی کرد، هەروەها خۆشیی گەڕانەوەی باوکمان هەفتەیەك پێش لەو مێژووە پاش ئازادکردنی لە گرتووخانەی بەدناوی بیابان (نوگرە سەلمان) و نزیکەی دوو ساڵی خایاند، بەتۆمەتی هاوسۆزی و یارمەتیدانی شۆڕشی کورد لەگەڵ چەند کەسێکیتر لە کۆیە و شارەکانی دیکەی کوردستان. لەو کاتەدا چەندین کەسایەتیی بەشداری کۆنگرەکە بوونە میوانی ماڵمان، لەوانە بەڕێزان میری ئێزدییان شێخ تەحسین کوڕی سەعید بەگ و شێخ جەلالی برای کە نزیکەی دە رۆژ میوانی ئێمە بوون. هەروەها خوالێخۆشبوو کامەران موکریی شاعیر کە ئەوکاتە لەگەڵ باوکم لە حەپسخانە پێکەوە ئازاد کرابوون و ژمارەیەك پێشمەرگەی بارزانی کە نزیك بوون لە چواردەوری بازنەی پاسەوانیی سەرکردە،. لە رۆژانی بەستنی کۆنگرەدا هەریەك لە بەڕێزان عەباس مامەند ئاغا سەرۆکی عەشیرەتی ئاکۆ و ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵا ئیسحاقی) سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستان لە ئێران و عەبدولواحید حاجی مەلۆ مزوری و مەلا باقی سەردانی ماڵی ئێمەیان دەکرد، کە ئەمەی دوایی هیچم لەبارەیەوە نەدەزانی ئەوە**

نەبێت بەردەوام رادیۆیەکی ترانزستەری پێ بوو تا گوێ لە بڵاوکراوەی هەواڵەکان بگرێت. بەردەوامیش سەری لە بارزانی دەدا لە ماڵی کاکە زیاد. ئەو بەڕێزانەی باس کران لە پەیوەندیدا بوون بەبارزانییەوە و شەوان دوای نانی ئێوارە سەردانیان دەکرد. شەوێکیان کاتێك میر تەحسین بەگ هەستی کرد حەزم لە بینینی بارزانی و شەرەفمەندبوونە بەدیداری ئەو و شەهید ئەحمەد تۆفیق تێگەیشتنێکی تەواویان پیشان دا و ئارەزووەکەمیان هێنایە دی و من و ئەو بەڕێزانەی لەگەڵ خۆیان برد کە میوان بوون لە ماڵمان.

کاتژمێر نزیکەی هەشتی ئێوارە بوو کاتێك چووینە کۆشکەکەی کاکە زیاد، بەچوونە سەرەوە بەو پلیکانانەدا دەچوونە ناو باخچەی کۆشکەکە، چونکە چەند مەترێك لە ئاستی شەقامی گشتی بەرزتر بوو و باخچەکە جمەی دەهات لە پێشمەرگە چەکدارەکان و پاسەوانیکردن زۆر توند بوو، سەرباری ئەوەیش دەستبەجێ رێگەیان پێ داین بچینە ژوورەوە و یەکێکیان چوو کاکە زیادی ئاگەدار کرد. کاتێك چووینە ناو ژوورەکە جەنابی بارزانیم لێوە دەرکەوت کە وەستابوو و خەریکی قسەکردن بوو لەگەڵ کەسێکیتردا کە نەمدەناسی، وادیار بوو ئەو کەسە پەلەی بوو و هەر ئێمە گەیشتینە ژوورەکە رۆیشت، ئەنجا بارزانی لە میر تەحسین بەگ نزیك بوویەوە و دەست و مشتاقی لەگەڵدا کرد و بەگەرمی بەخێری هێنا، ئەوکاتە هەستم کرد بارزانی چەندە رێزی دەگرێت، کاتێك نۆرەی من هات بۆ سڵاوکردن لە بارزانی، لە بەڕێزیان نزیك بوومەوە و هەردوو دەستم راکێشا بۆ تەوقەکردنی پاش ئەوەی میر تەحسین پێشکەشی کردم بەبەڕێزیان و باسی کرد چەندە پەرۆشم بۆ بینینی، ئەوکاتە بەڕێزیان بەسۆزێکی باوکانەوە دەستی خستە سەر سەرم، دوای ئەوەی هەرکەس شوێنی خۆیانیان گرت، منیش لەسەر کورسییەك لە سووچێکی ژوورەکەدا دانیشتم.

لەو سەروەختەدا کەشوهەوا هەر لە ناوەڕاستی ئادارەوە سارد بوو، بەڵام ژوورەکە گەرم بوو، ئەویش بەهۆی گەرمای ئەو ئاگردانەی لەلای خۆرئاواوە لە بنی یەکێك لە دیوارەکانی ژوورەکەدا دروست کرابوو و جوانییەکی بەکەشوهەوای ژوورەکە دابوو، هەروەها گەرمای کەشوهەوا سیاسییەکە و سرووشتی رووداوەکان و ئەو بابەتانەی لەنێوان بارزانی و باقیی ئامادەبووان‌دا قسەیان لەسەر دەکرا، کە بەدەوری رادەی سەرکەوتنی دانوستانەکانی ئایندەدا دەخولانەوە و پرسیارەکان لەوبارەوە ئاراستەی بارزانی دەکران، کاتێك یەکێك لە ئامادەبووان کە وەك بیرم بێت یەکێك بوو لە پیاوماقووڵانی پشدەر (ناوچەی قەڵادزێ) پرسیاری لێ کرد کە ئایا چەند ئیمکانی ئەوە هەیە لەگەڵ دەسەڵاتی نوێ لێکتێگەیشتن بێتە کایە، بارزانی وەڵامی دایەوە (داواکانمان شتی سادەن و ئیمکانی لێکتێگەیشتن لەسەر حکومەت دەوەستێت، پێشتریش خوازیار بووین لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم لەیەکتر تێبگەین، بەڵام ئەو رەتی کردەوە تێبگات، سواری سەری خۆی بوو و خەڵکێکیش هانیان دا بۆ جەنگان لەدژمان و بینیتان کۆتاییەکەی چۆن بوو).

لەوکاتەدا پاسەوانێك هاتە ژوورەوە و چەند وشەیەکی چپاند بەگوێی خوالێخۆشبوو ئەحمەد تۆفیقدا، ئەحمەد تۆفیق چەند خولەکێك رۆیشتە دەرەوە و کاتێك گەڕایەوە بە بارزانی راگەیاند نامەیەك لە شیوعییەکانەوە هاتووە ئەوە دەگەیەنێت لەلایەن هەندێ بەرپرسی ناوچەیی حزبەوە رووبەڕووی تەنگ پێهەڵچنین و مامەڵەی خراپ دەبنەوە و خوازیارن بارزانی ئەو کێشەیە چارەسەر بکات، چونکە ئەوان، واتە شیوعییەکان، بارزانی بەئومێد و بەرگریکاری راستەقینە دەبینن بۆ بەرگرتن لەو ستەمانەی لەلایەن هەندێ کەسەوە تووشی دەبن، کاتێك بارزانی گوێی لەو هەواڵە بوو نیشانەی ئازار و تووڕەیی بەڕوویەوە دەرکەوت و بۆ چەند خولەکێك هیچی نەگوت، کاتێك کاکە زیاد ویستی کەشەکە خۆش بکاتەوە و رێڕەوی باسەکە بەئاراستەیەکیتردا بگۆڕێت نەیتوانی، چونکە بارزانی خێرا داوای کرد یەکێکیان لەوکاتەدا ئامادە بێت بۆ

چارەسەری دۆخەکە و قسەیەکی کرد هەمووان گوێیان لێی بوو، ماناکەی ئەوە بوو (ئەوەی بەرگری لە چەوساوان نەکات، بەتایبەت ئەوانەی لە دەرگات دەدەن، ئەوە بێگومان بێهەست و نانیشتمانییە). کاتێك خواحافیزیمان لێ کرد گەیشتمە قەناعەتێکی رەها کە بارزانی مرۆڤێکی مەزن و سەرکردەیەکی گەورەیە و لە ناخی دڵیەوە رقی لە زوڵمە جا لە هەرکوێ روودات، پشتیوانی و سەرکۆنەی رەفتاری نابەرپرسانە دەکات جا هەر مرۆڤێك بیکات و بڕیاری دروست دەدات. هەموو ئەوەیش هەڵقوڵاوی ویژدانی مرۆڤێکە کە هەڵگری سیفەتەکانی سەرکردایەتییەکی دانایە زادەی و خۆشەویستیی زۆریەتی بۆ گەلەکەی و لەخۆبوردەیی لە پێناو نەتەوەی کورددا لە هەرکوێ بن.

بینای یەکەمین قوتابخانەی کۆیەی سەرەتایی بۆ شوێنی بەڕێوەچوونی کارەکانی کۆنگرە دەستنیشان کرا، کە لە گەڕەکی (هەواو)ان بوو، لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٥٦ دەست بەدروستکردنی کرا و هاوینی ساڵی ١٩٥٨ تەواو بوو، سەرەتاکانی ئەیلوولی هەمان ساڵ پێشوازی لە قوتابییەکانی کرد لە سەردەمی بەڕێوەبەرەکەی، خوالێخۆشبوو جەلال حەوێز حەوێزیدا، کە چەندین نەوە لەسەر دەستی ئەو فێر بوون. لەکاتی بەستنی کۆنگرەکەدا خوالێخۆشبوو مامۆستا تاهیر سەعید بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بوو، کە نۆ ژووری تێدا بوو لەگەڵ هۆڵێکی گەورە و گەورەترین کۆنگرەی میللی و حزبی لە مێژووی خۆی و مێژووی کۆیەدا بەخۆوە بینی، هۆڵەکانی ئامادەبوونی گەورەترین گردبوونەوەی جەماوەریی کوردستانی بەخۆوە بینی لەسەرروویانەوە بەڕێز بارزانی و بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی بۆ هەڵبژاردنی داوانامەی پێویست، کە خاڵە بنچینەییەکانی داواکانی گەلی کوردستان و هەڵبژاردنی ئەندامانی شاندی دانوستانکاری لەخۆ دەگرت.

کاتژمێر دەی بەیانی ڕۆژی ١٨ی ئاداری ساڵی ١٩٦٣ کۆنگرە کارەکانی دەست پێکرد (هەندێ لە سیاسییەکان لەوانە عەبدولکەریم فەرحان و سەعد ناجی جەواد و زوبێر سوڵتان لە یاداشت و نووسینەکانیاندا دەڵێن کۆنگرە ڕۆژی ١٧ی ئادار دەستی پێکردوە)، بەڵام لەڕاستیدا کۆنگرەکە لە ١٨ی ئادار و بەئامادەبوونی زیاتر لە ٥٠٠ کەسایەتی دەستی پێکرد (ناکۆکی هەیە لەبارەی ژمارەی بەشدارانی کۆنگرە، هەندێ سەرچاوە کە لەبارەی ئەو ڕووداوەوە نووسراون باس لەوە دەکەن ژمارەی بەشداران بە (٢٠٠٠) کەس مەزەندە دەکرێ، لەوانە ١٦٥ نوێنەری لقەکانی حزب)، بەڵام ڕاستییەکەی شتێکیتر بوو، چونکە ئەو هۆڵەی کۆنگرەکەی تێدا گیرا جێگەی ئەو ژمارە زۆرەی تێدا نابێتەوە، ڕاستە زیاتر لەو ژمارەیە (٢٠٠٠) هاتنە کۆیە بەڵام هەموویان بەشدارییان لە کارەکانی کۆنگرەدا نەکرد کە چوار ڕۆژی تەواوی خایاند و نوێنەرانی توێژە جیاجیاکانی گەل تێیدا بەشدار بوون بەچاوپۆشین لە ئینتیمای چینایەتییان، هەروەها گرووپە ئاینییەکان و نوێنەرانی کەمینە نەتەوەییەکان، ئەوە بوو لە ڕۆژی دووەمدا شاندێکی برایانی تورکمان هاتن کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان ئیبراهیم بەگ نەفتچی و حوسێن ئاوچی و مەزهەر تکریتی و مەجید حەسەن و فازڵ ساڵحی، شاندەکە لەگەڵ بەڕێز بارزانی و هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کۆبوونەوە و چەندین بابەت تاوتوێ کران، گرنگترینیان (جەختکردن لە برایەتیی نێوان کورد و تورکمان و هاوکاریکردن لەپێناو پتەوکردنیدا بەهەموو ئامرازە بەردەستەکان)، بارزانی دڵنیای کردنەوە کە بەرگری لە چەوساوان دەکات لە هەر کوێی کوردستان و عێراقدا بن، شاندەکە زۆر ئاسوودە بوون کاتێك بارزانی بەڵێنی خێری پێ دان.

گفتوگۆکانی ناو هۆڵی کۆنگرە وەك هەندێ لەو بەڕێزانەی بەشداری کۆنگرەکە بوون و شەو دەگەڕانەوە ماڵی ئێمە دەیانگێڕایەوە، بەگشتی بەدەوری یەك بابەتدا دەسووڕانەوە، ئەویش ئاڵوگۆڕی بیروڕا بوو دەربارەی ئەو خاڵە مەرکەزییانەی

ئاراستەی کۆنگرەکە کرابوون و لەلایەن سەرکردایەتییەوە خرانە بەردەم ئەندامانی کۆنگرە و پەیوەندییان بەمافە نەتەوەییەکانەوە هەبوو لە چوارچێوەی حوکمی زاتی بۆ کوردستان، کە بۆچوونەکان لەبارەیەوە یەکیان گرت و لەلایەن لیژنەیەکەوە کە لە ٣٥ نوێنەر پێکهاتبوو بۆ ئامادەکردنی پێشنیارەکان لەو بارەوە، لە شێوەی پرۆژەیەکی تێروتەواودا لەبارەی حوکمی زاتی داڕێژرا. هەروەها لەسەر دەستنیشانکردنی شاندی دانوستانکار رێك کەوتن، بەسەرۆکایەتیی بەڕێز جەلال تاڵەبانی ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئەوکات و ئەندامێتیی هەریەك لە: ساڵح یوسفی و عەبدولحوسێن فەیلی و حاتەم عەقراوی و حەبیب محەمەد کەریم و عەگید سدیق و بابەکر پشدەری و شێخ حوسێنی خانەقا و مەسعوود محەمەد و رەشید عارف و محەمەد سەعید خەفاف و شاخەوان نامیق و مستەفا عەزیز و شەوکەت عەقراوی وعبدالصمد بەنا رۆژی ٣٠ی ئادار دیاری کرا شاندەکە سەردانی بەغدا بکات. شیاوی باسە سەرانی حزبی بەعس و ئەرکانی حکومەتی عێراق راستەوخۆ نەهاتنە ناو پرۆسەی دانوستان وەك هەوڵێکی جیددی بۆ تاوتوێکردنی داواکارییەکانی کورد، بەڵکو لیژنەیەکی میللی بۆ دانوستان پێکهات لە چەند کەسایەتییەکی نیشتمانی ناسراو پێکهاتبوو، بەڵام بەبێ دەسەڵات، کە لە هەریەك لە بەڕێزان: شێخ محەمەد رەزا شەبیبی و حوسێن جەمیل ئەلمحامی و فایق سامەڕایی و فەیسەڵ حەبیب و عەبدولعەزیز ئەلدوری پێکهاتبوو.

بەشداران لەکاتی بەستنی کۆنگرەکەدا و لەگەڵیاندا جەماوەری شاری کۆیە، بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە، لە گۆڕەپانی بەرانبەر یانەی فەرمانبەراندا ئاهەنگیان گێڕا، کە گردبوونەوەیەکی گەورەی بەخۆوە بینی و تێیدا شاعیری گەورەی کوردی کۆچکردوو هەژار موکریانی قەسیدە بەناوبانگەکەی خوێندەوە بەناونیشانی (کاوەی مەزن)، کە لە یەکێك لە بەیتەکانیدا دەڵێت:

***هەموو کورد چاوی لە تۆیە***

***هەر تۆی هەبێ سەربەخۆیە***

***دەرمانبێنە لە هەژاری***

***بمانخە سەر ڕێی ڕزگاری***

**كل الكورد الى محياك يتطلع...**


**لەم کاتەدا کە من ئەم یاداوەرییانە لەبارەی کۆنگرەی مێژوویی کۆیە تۆمار دەکەم، زۆر خەمبارم بەفەوتانی گرنگترین بەڵگەنامەی وێنەیی لەبارەی کارەکانی کۆنگرەکە و شاری کۆیە، کە بریتی بوو لە کوڕاس (فۆڵدەر)ێکی وێنەگیراو کە لەسەر کاغەزێکی بریسکەدار و بەشێوەیەکی قەشەنگ چاپ کرابوو کە زوومی کامێرای ڕۆژنامەنووسێکی وێنەگری فەرەنسی تۆماری کردبوو، کە لەکاتی کۆنگرەکەدا لەوێ بوو و لەکاتی خۆیدا گرنگترین ڕووداوەکانی بەوشە و وێنە بەدۆکیومێنت کرد و لە فەرەنسا چاپی کرد، بەڕێکەوت ساڵی ١٩٧٤ ئەو فۆڵدەرەم دەست کەوت کاتێك لە بواری ڕاگەیاندنی شۆڕشی کورددا کارم دەکرد، بەشانازییەوە کوڕاسەکەم پاراستبوو لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان: لەبەرئەوەی بەڕێوەچوونی کارەکانی کۆنگرەی تێدا بوو، دووەم: لەبەرئەوەی کۆمەڵێك وێنەی دەگمەنی سیماکانی ژیانی گشتی لە شارەکەمدا کۆکردبووەوە، کە بەداخێکی زۆرەوە ئەو کوڕاسەیە لەگەڵ ئەو شتانەیتردا کە هەمبوون فەوتان کاتێك کەلوپەلەکانی ماڵەکەم سەرەتای ساڵی ١٩٩٥ لەکاتی (شەڕی ناوخۆی برایان) لە کوردستان کەوتنە بەر شاڵاوی تاڵان و فەرهوود[١].**

---

[١] خۆشبەختانە ڕۆژنامەنووسی فەرەنسی فرانسوا لوڤا چەند جارێك گەڕایەوە کوردستان و سۆراخی ئەو وێنانەم لێ پرسی و هەندێکیانم دەست کەوت، وەك لە کۆتایی بەشەکەدا دیارە.



کۆیە، ئازاری ساڵی ١٩٦٣، بارزانی نەمر ساتی جێهێشتنی هۆڵی کۆنگرە




کۆیە، ئازاری ١٩٦٣، مام جەلال لە کاتی پێشکەشکردنی وتارەکەی لە کۆنگرە دا



**کاکە زیاد محەمەد ئاغای غەفووری**

**جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان کاتی دامەزراندنی لە ساڵی ١٩٤٦**



کۆیە ئازاری ساڵی ١٩٦٣، لە ڕاستەوە: فەرهاد فوئاد عارف، مام جەلال، لوقمان بارزانی، عەقید کەریم قەرەنی




نووسەر لەنێوان هەردوو هاوڕێ عەدنان جەمال و فریاد محێدین


کۆیە ئازاریساڵی ١٩٦٣



كؤية سالَي ١٩٦٣



رانیه ساڵی ١٩٦٣ بارزانی له ماڵی پارێزەر حەسەن کانەبی




رانیه ١٩٦٣، بارزانی لەگەڵ کادیرانی پارتی دیموکراتی کوردستان



ڕۆژانی شۆڕشی ئەیلولی مەزن، لە ڕاستەوە: مام جەلال، عەلی عەسکەری،

ئیبراهیم ئەحمەد، کاکە زیاد، عومەر مستەفا (دەبابە)



کۆیە ساڵی ١٩٦٣

ڕۆژنامەنووس و وێنەگری فەرەنسی فرانسوا لۆڤا، لەنێوان دوو پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول



کۆیە ساڵی ١٩٦٣، ئاهەنگی نەورۆز.. لەنێوانیان دا لە راستەوە رۆژنامەنووس و وێنەگر فرانسوا لۆڤا،

جەوادی شەفیق ئاغا، عەلی حەمەدەمینی خاوەن ستۆدیۆی چنارۆك دەبیندرێ



کۆیە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٦٣، ماڵی کاکە زیاد ئاغای غەفووری، لە راستەوە: شێخ جەلال شێخ سەعید، کاکە

زیاد، فەرهاد عەونی، شێخ تەحسین شێخ سەعید (میری ئێزیدیان)، ساڵح بەگی میران

## دادگای بەرزی شۆڕش

## چیرۆکی پێکهێنانی یەکەم دادگای یاسایی سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول ساڵی ١٩٦٣

گوندی (هەڵشۆ)ی سەرسنوور ساڵی ١٩٦٣ لە چوارچێوەی یەکەی کارگێڕیی سەر بە شارۆچکەی قەڵادزێ، شوێنێکی قایمی هەبوو لەو رووەوە کەوتبووە نێو هەڵدێرگەلی چیایی کە بەجۆرەها درەختی شاخاویی بەردار داپۆشرابوو، ماڵەکان کە لە خشتی خۆماڵی دروست کرابوون بەهۆی پەرش و بڵاوییان لێرە و لەوێ لەناو دارو دەوەنە پڕ سێبەرەکاندا، دیار نەبوون. بەپێ نزیکەی سێ کاتژمێر لە قەڵادزێوە دوورە، دانیشتوانەکەی خەڵکی باشن و پیشەیان کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات بوو بەشێوەیەکی زۆر سەرەتایی، چونکە رێگەی قیرتاو لەنێوان گوندەکە و سەنتەری یەکە ئیدارییەکەیدا نەبوو، بەو هۆیەوە هەڵشۆ، وێڕای ئاوهەوای فێنك و زۆریی کارێزە سازگارەکانی و جوانییە سیحرییەکەی لە ناوچەیەکی شاخاوی و نزیك لە سنووری ئێران لە باکورەوە، تا رادەیەك لە گۆشەگیرییەکی نیمچە تەواودا دەژیا.

خێزانەکەمان یەکێك بوو لەو کۆمەڵە خێزانەی دوای ٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ پەنایان بردە بەر ئەو گوندە، ئەویش بەهۆی سەرلەنوێ هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە کوردستان و شکستهێنانی دانوستانەکانی نێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول و

حکومەتی مەرکەزیی نوێدا، کە پاش رووخانی کۆماری یەکەم لە ٨ی شوباتی هەمان ساڵ و رۆژی دوای ئەوە کوژرانی سەرکردەکەی، عەبدولکەریم قاسم، گەیشتە دەسەڵات، لەئاکامی ئەوەدا کوردستان ئاگربەستێکی لەرزۆکی بەخۆوە بینی کە چوار مانگی خایاند، دەسەڵاتدارانی نوێ سەرەتا رایانگەیاند ئەوان بەپێچەوانەی دەسەڵاتداری پێشوو عەبدولکەریم قاسم، بەدەم خواستە نەتەوەییەکانی گەلی کوردەوە دێن، سەرکردایەتیی شۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردستانیش سەرباری دەرککردنیان بەو سەختی و ئاڵۆزییە گەورانەی رووبەڕووی دۆخی نوێ دەبنەوە، بەدەم ئەم ئاراستەیەوە چوون. لە ناوەڕاستی مانگی ئازاردا کۆبوونەوەیەکی گەورە و زۆر گرنگ بەسەرۆکایەتیی بارزانی نەمر لە کۆیە بەسترا، کە نوێنەرانی حزب لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستان و ژمارەیەك کەسایەتیی سیاسی و سەرکردەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سەرۆك هۆزە ناسراوەکان ئامادەی بوون بۆ دیراسەکردنی دۆخە تازەکە و گەڵاڵەکردنی بیرۆکەی نوێ و بابەتی دانوستانی چاوەڕوانکراو لەگەڵ دەسەڵاتی نوێی عێراق دا، کە بەهۆی هەڵوێستی شۆڤێنییانەی هەندێ ناوەندی ناو دەسەڵاتەوە بەرهەمدار نەبوو، هەر زوو جەنگێکی سەخت و بێئامانی راگەیاند کە تەڕ و وشکی پێکەوە گرتەوە و سەرتاسەری کوردستان بوو بە ناوچەی جموجووڵی سەربازی، بەو هۆیەشەوە ژمارەی ئەوانەی دەچوونە ریزەکانی شۆڕشی کورد زیادی کرد، لەناویاندا خێزانەکەی ئێمە، کە وای پێ باش بوو پێش هەڵگیرسانەوەی شەڕ کۆیە بەجێ بێڵێت و پەنا بباتە ناوچە رزگارکراوەکان، چونکە باوکم بەدووربینیی خۆی دەیزانی ئەگەر لە کۆیە بمابایینەوە تووشی چی دەبووین، نەخاسمە کە ئەو تازە لە گرتووخانەی (نوگرە سەلمان)ی بیابان ئازاد کرابوو کە نزیکەی دوو ساڵی خایاند (١٩٦١-١٩٦٣) لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا و دوای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ لەئاکامی ئەو ئاگربەستەی سەرەتا لەنێوان هەردوولادا کرا و بەگوێرەی ئەو لیستە تایبەتانەی پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادەی کردبوون، باوکم ئازاد کرا.

لە ١٤ی حوزەیران شەو بەسواری ئۆتۆمبێلێکی کۆنی بار کۆیەمان بەرەو قەڵادزێ بەجێهێشت، هەندێ پێداویستیی زەروریمان لەگەڵ خۆمان هەڵگرت وەك ژێرخەر و

قاپ و قاچاخ و بڕێك ئازووقه كه ئەوكات له ماڵ هەبوو، هاوكات هەرچی هەمانبوو له كەلوپەل و پێویستییەكانی ناوماڵ و كتێبخانەكەی باوكم بەجێمان هێشتن، كه ژمارەیەك دیوانی دەستنووسی شاعیرانی گەورەی كورد و تەواوی ژمارەكانی گۆڤاری بەناوبانگی (گەلاوێژ) و كۆمەڵێك له گۆڤارەكانی (هەتاو، هیوا، ڕۆژی نوێ، پەیام، دەنگی گێتیی تازە) تێدا بوو و پاشتر لەلایەن ژمارەیەك له سەربازانی هێزە سەربازییەكانەوە لەگەڵ ماڵ و موڵكی چەندین خێزانیتر كه پەیوەندییان بەناوچە ڕزگاركراوەكانی شۆڕشەوە كردبوو، تالاّن و چەپاو كران . له ١٥ی حوزەیران لەقەڵادزێوە بەپێ گەیشتینه گوندی هەڵشۆ ، لەگەڵ خێزانی ئامۆزای باوكم (وەستا عەبدوڵا ئاسنگەر) و خوالێخۆشبوو (عومەر حەبیب)ی مامم كه حاكم بوو له قەڵادزێ و پەیوەندی به ریزەكانی شۆڕشەوە كرد لەگەڵ هەزارانیتر له فەرمانبەرانی حكومەت و هەزاران سەرباز و ئەفسەر و پۆلیس و قوتابی و كاسبكاران له حزبی و ناحزبی و ژمارەیەكیتر له ئەندامانی حزبی شیوعیی عێراقی بەعەرەب و كوردەوە، كه ڕازی نەبوون سەر بۆ ڕژێمی نوێ دابنەوێنن و لەوكاتەدا شۆڕشی كوردیان بەباشترین پەناگه دەبینی و بەشدارییان له چالاكییەكانی شۆڕشدا كرد.

له سێ هەفته زیاتر نەبوو له هەڵشۆ بووین خوالێخۆشبوو (مامم) پێی ڕاگەیاندین كه دەستنیشان كراوە بۆ پۆستی سەرۆكی دادگای بەرزی شۆڕش و پێویستە له ماوەی چەند ڕۆژێكدا بگاتە سەر كارەكەی، ئەویش لەبەر پێویستیی شۆڕش بەپێكهێنانی ئەو دادگایه هاوشێوەی ئەو دادگایانەی له دەوڵەتی عێراقدا هەبوون، ئەویش بۆ تەماشاكردنی ئەو كێشانەی پەیوەندیان به دادگاكانەوە هەیه پاش فراوانبوونی ئەركه مەدەنی و ڕێكخستنەكانی شۆڕش بەهۆی فراوانبوونی ڕووبەرەجوگرافیەكەیەوە، هەروەها فراوانبوونی ئەركه سەربازییەكانی لەئەنجامی گۆڕانكارییه جۆرایەتییەكه له ڕێڕەوی خۆیدا پاش هەڵگیرسانەوەی شەڕ لەگەڵ حكومەتی نوێ. كاتێك خوالێخۆشبوو (مامم) هەواڵی ڕاسپاردنی بۆ ئەركه نوێیەكەی بەدەست گەیشت، پێی باش بوو لەو ئەركەدا من یاوەری بكەم ئەگەرچی دایكم ناڕازی بوو و بەمنداڵی دادەنام با تەمەنیشم گەیشتبووە حەڤدە ساڵ، سەرەنجام به حەز و

پێداگریی خۆم توانیم رازی بکەم و لە هەڵشۆوە بەپێ و بە سواری وڵاغ بۆ ماوەی سێ رۆژ و لە گەشتێکی سەختدا کە پێی رانەهاتبووم، سەفەر بکەین بۆ ماوەت.

کاتەکە عەسر بوو کە شارۆچکەی ماوەتمان لێوە دەرکەوت، کە دەکەوێتە بناری خۆرئاوا لە خوار چیای (کەمو) کە لەو لایەی بەسەر شارۆچکەکەدا دەڕوانێت رووتەنە. شارۆچکەکە لەدایکبوونی یەکەم دادگای یاسایی لە کاروانی شۆڕشی ئەیلوولدا بەخۆوە بینی، پێشتر دادگای لەم جۆرە نەبوو، لە هەڵگیرسانی شۆڕشەکەوە لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ هەر کادیری حزبی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی لە ناوچە رزگارکراوەکاندا یەکلا دەکردەوە، هەرچی ئەو بابەتانەی تر بوون کە پەیوەندییان بە ئاسایش شۆڕشەوە هەبوو بەرپرسی حزبی و سەربازی دەیانگرتنە ئەستۆ، پێکهێنانی ئەو دادگایە هەنگاوێکی گرنگ بوو لە چوارچێوەی ئەو هەنگاوانەیتردا کە سەرکردایەتیی شۆڕش هاویشتنی بۆ رێکخستنی کاروبارەکانی بەتەرزێکیتر لە قۆناغی دووەمدا پاش ٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ و رزگارکردنی هەندێ شار و شارۆچکەی بچووك، کە پێویستی بەگۆڕین و پەرەدان بە کۆمەڵێك شێواز هەبوو بۆ رووبەڕووبوونەوەی دۆخە نوێیەکە و بەرهەڵستیکردنی شاڵاوە دڕندانەکە کە خەریك بوو کوردستان لووش بدات ئەگەر بەرهەڵستیی (پیاوانی دلێر و بوێر) نەبووایە کە دروشمی (کوردستان یان نەمان)یان کردە چەکێك، کە لە نایابترین داستانی قارەمانانەدا بۆ بەرگری لە کوردستان و گەلەکەی، ترازووی هێزی گۆڕی.

گەیشتینە ماوەت و دڵخۆش بووین، یەکەم شت لە قەراغی شار هاتە رێمان، ئەفسەرێکی عێراقی بوو پاشتر ناسیمان (عەقید مووسا کازم ئەلجبووری) بوو، یەکێك بوو لەو ئەفسەرانەی پاش کودەتا خوێناوییەکەی شوبات لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوڕێ ئەفسەرەکانی لە پلەی جیاواز، پەیوەندی بەشۆڕشی کوردەوە کرد، ئەوکاتە لەبەر خۆیەوە گۆرانییەکی لادێییانەی دەگوتەوە کە لەو رادیۆیەی هەڵیگرتبوو بیستبووی، تا ئێستایش سەرەتای ئەو گۆرانیەم لەیاد ماوە کە دەڵێت: (علی درب الیبرون ارید اگعد وانادی). لە تەنیشت ئەو کانییەی دەکەوتە ژێر دارتوویەکی گەورە داینیشاندین، لەو ساتانەدا بەتەنیا دانیشتبوو بیری لە خێزانەکەی دەکردەوە کە لە

بەغدا بوون و بەو گۆرانییە میللییەی گۆرانیبێژی عێراقی عەبدولجەبار ئەلدەڕاجی خەمی خۆی بەبا دەکرد.

ماوەت ئەوکاتە یەکێك بوو لەو شارۆچکانەی پێگەیەکی گرنگیان هەبوو، چونکە بارەگای (کەرتی دووەم)ی رێکخستنە حزبییەکانی لیّ بوو کە ئەوکات خوالێخۆشبوو (عوسمان سەعید) بەرپرسی بوو، ئەوکاتە ئێمە گەیشتین لە بارەگاکە بوو بەجلە خاکییەکەوە و دەمانچەیەکی لە جۆری (ویبلی) پیّ بوو، کەوتە گێڕانەوەی نەبەردییەکانی پێشمەرگە لەو کەرتە و هەواڵی بۆ یەکەم جار بەکارهێنانی (بازوکا)ی پیّ راگەیاندین (ئەو چەکەی دژی زرێپۆش بەکار دەهات)، کە پاش هەولّ و ماندووبوونێکی زۆر تازە گەیشتبوو. شەوی یەکەمی گەیشتنمان لە بارەگا سادەکەی خۆی میوانداری کردین.

بۆ بەیانیی ١١ی تەمموز ئێمە لەناو خانوویەکدا بووین لە ماوەت کە لە بەرد و چیمەنتۆ دروست کرابوو، کە پێش رزگارکردنی لەلایەن شۆڕشەوە هی دادگای بەرایی سنووردار بوو، سەرلەنویّ بەشێوەیەکی زۆر سادە رایەخ کرا و لە شەش ژووری هاوڕووبەر پێکدەهات لەگەلّ هۆڵێکی تا رادەیەك گەورە کە دواتر تەرخان کرا بۆ سەرۆکی دادگا، باڵەخانەکە ساغ بوو، لەلای باشوری خۆرئاواوە بەسەر دۆڵە پڕ لە دار و درەختی بەردارەکەدا دەیڕوانی، بەتایبەت هەنار کە جۆرەکەی لە جۆرە باشەکان بوو لە ناوچەکەدا. رۆژێکی پڕ کار بوو وەك ئامادەکاری بۆ رۆژی دواتر کە تێیدا بۆ یەکەم جار لە مێژووی شۆڕشی کوردیدا دامەزراندنی (دادگای بەرزی شۆڕش)ی تێدا رادەگەیەنرا. پێکهاتەی دادگاکە لە چەند کەسایەتییەکی ناسراو و بەئەزموون لە بواری دادگاکان و لێکۆڵینەوە پێکهاتبوو، کە توانی سەروەرییەکی یاسایی لە بواری کارەکەیدا تۆمار بکات لەو بارودۆخە سەختەدا کە مۆرکی سەربازی بەسەر هەڵسوکەوتەکاندا زالّ بوو بۆ رووبەڕووبوونەوەی عەسکەرتاریەتی دەوڵەتی ناوەندی کە بەئاگر و ئاسن دژ بەئیرادەی کورد دەجەنگا!.

رۆژی ١٢ی تەمموز رۆژێکی تایبەت بوو لە ماوەت، کۆمەڵێك لە بەرپرسانی پارتی و بەتالیۆنە سەربازییەکان و ژمارەیەك لە ئەفسەرانی عێراقی کە پەیوەندییان

بەشۆڕشی کوردەوە کردبوو گەیشتنە باڵەخانەی دادگاکە، لەو ئەفسەرانە تەها بامەڕنی کە پێنج ساڵ لەوەوبەر لەو مانگەدا کۆشکی ریحاب (شوێنی مانەوەی بنەماڵەی شاهانە)ی لە ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ تەسلیم بەئەفسەرانی شۆڕشگێڕ کرد، کە پاشتر بەپێی ڕێسای (شۆڕشی پیاوەکانی خۆی دەخوات!) بوو بەیەکێك لە قوربانییەکانی دەستی ڕژێمی کۆماری. ئەمە جگە لە کەسایەتی و پیاوماقووڵاتی شارەکە، ئەویش بەمەبەستی پیرۆزکردنی دەستپێکردنی کارەکانی دادگای بەرزی شۆڕش لەو رۆژەدا، کە پێکهاتە (تەشکیلە)کەی دەستی بەکارەکانی کرد بەگوێرەی یاسا و سیستمە عێراقییەکان بۆ لێکۆڵینەوە یەکەمین کەیس، کە تایبەت بوو بەئەفسەری پۆلیس (ئیبراهیم ئەلنائیب) کە تۆمەتبار بوو بەهەندێ پرسی تاوانکاری لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکەکەیدا لە هەندێ شاری کوردستان و سنووری دەسەڵات و ئەرکەکانی تێپەڕاندبوو. تەشکیلەی دادگای بەرزی شۆڕش لە سەرەتادا بوو وەك پێشینەیەکی نوێ لە ژیانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول چووە ناو مێژوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم: عومەر حەبیب عەبدوڵا:** سەرۆکی دادگا و لاوێکی سی و هەشت ساڵان بوو، ساڵی ١٩٢٥ لە کۆیە لەدایك بوو. دەرچووی کۆلێژی ماف (الحقوق)ی زانکۆی بەغدا ساڵی ١٩٤٨، هەر لە سەرەتای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ چووەتە ریزەکانی پارتی، بەجۆش بوو بۆ بنەما نەتەوەییەکانی، مامۆستا مەسعوود محەمەد لە (گەشتی ژیانم)ەکەیدا باسی ئەوە دەکات (عومەر حەبیب) و هاوڕێ پارێزەرەکەی ئەوکاتی بەکر ئیسماعیل (لەناخەوە پارتی بوون). لە سەرەتای پەنجاکان لە سەردەمی پاشایەتیدا چەند جارێك دەستگیر کراوە و چەند جارێکیتریش ناچار بووە لەگەڵ مامۆستا عەلی عەبدوڵای هاوڕێی، جێگری ئێستای سەرۆکی پارتی کە لەکاتی راگەیاندنی ئەحکامی عورفیدا ئەوکات ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو، لە ناوچەی کۆیە خۆی حەشار بدات. (عومەر حەبیب) بووە لە سەرەتای دامەزراندنی بە فەرمانبەری میری بە یاریدەدەری چارەسەر (تەسویە)ی زەوی و زار لە کەرکوك بوو و پاشتر ساڵی ١٩٥٧ بووەتە حاکم لە دادگای قەزای پێنجوێن، پاشان بەحاکم لە دادگاکانی سلێمانی و قەڵادزێ، لە شوباتی ١٩٦٣یش پەیوەندی بە

ریزەکانی شۆڕشی ئەیلوولەوە کردوە. تەمموززی هەمان ساڵ لەلایەن سەرکردایەتیی پارتی و شۆڕشەوە سەرۆکایەتیی دادگای بەرزی شۆڕشی پێ سپێردراوە و بەدڵسۆزی بۆ پرنسیپە نەتەوەییەکانی ماوەتەوە تا ئێوارەی ١٩٧٦/٩/٤ لە تەمەنی ٥٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، کە ئەوکاتە جێگری سەرۆکی دادگای بەرز بوو لە پارێزگەی هەولێر.

**دووەم: موحسین دزەیی:** ئەندامی یەکەمی دادگا. ساڵی ١٩٢٣ لە گوندی دوگردکان کە یەکێکە لە گوندەکانی هەولێر لەدایك بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە قوتابخانەکانی هەولێر تەواو کردوە، لە کۆلێژی (حقوق)ی زانکۆی بەغدا وەرگیراوە و ساڵی ١٩٥٥ تەواوی کردوە. سەر بەهۆزی دزەییە و لە خێزانێکە بەچالاکیی نەتەوەیی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە ریزەکانی شۆڕشی کوردەوە تائێستا لە کاروانی خەبات بەردەوامە، یەکێك بوو لەو کەسە کەمانەی بەدڵسۆزی بۆ بارزانیی نەمر مانەوە و پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٥ لە ئەمەریکا یاوەری بوو تا دوایین ساتی ژیانی ئەو سەرکردە نەمرە، ئێستا نوێنەری شەخسیی بەڕێز مەسعوود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

**سێیەم: رۆبیتان ئەمین عەلی جاف:** ئەندامی دووەمی دادگا، لەدایکبووی ساڵی ١٩٢٧ لە کفری و دەرچووی کۆلێژی (حقوق)ی زانکۆی بەغدا ساڵی ١٩٥١، لە چەند شارێك پۆستی حاکمی وەرگرتوە، سەر بە عەشیرەتی جافە و ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە ریزەکانی شۆڕشەوە کردوە، ساڵی ١٩٧٦ بوو بە ئەمینی گشتیی ئەمانەتی کۆمەڵایەتی لە هەولێر.

**چوارەم: حەسەن سەید ئەحمەد:** ئەندامی سێیەمی دادگا، لەدایکبووی شاری سلێمانییە ساڵی ١٩٢٢، خوێندنی سەرەتایی و سانەوی لە شارەکەی تەواو کردوە، سەرەتا لە دادگای سوڵح بەفەرمانبەر دامەزراوە، پاشان بووە بەسکرتێری ئەنجوومەنی کارگێڕی کارگەی جگەرەی سلێمانی، پاشان یاریدەدەری بەڕێوەبەر لە هەمان کارگە، ساڵی ١٩٤٨ چووەتە ریزەکانی پارتی، ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە ریزەکانی شۆڕشی کوردەوە کردووە. دوای راپەڕین بووە بەنوێنەری پارتی لە لیژنەی

سلێمانی سەر بە بەرەی کوردستانی و بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی پیشەسازی، دواین پۆست وەریگرت راوێژکار بوو لە وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تا لە ١٩٩٦/١٢/٢٢ کۆچی دوایی کرد.

**پێنجەم: کەمال ئەحمەد بەرقی:** لێکۆڵەری دادیی دادگاکە، لەدایکبووی سلێمانی ساڵی ١٩٣٠ بوو، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی لەوێ تەواو کردوە، چووەتە کۆلێژی پۆلیس لە بەغدا و بەپلەی مولازمی دووەمی پۆلیس دەرچووە، ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ ژمارەیەك لە هاوتەمەنەکانی پەیوەندی بە ریزەکانی شۆڕشی کوردەوە کردوە و لەکاتی دامەزراندنی دادگاکەدا کراوەتە (لێکۆڵەری دادی)، واتە ئەرکی لێکۆڵینەوە لەگەڵ تۆمەتباران لە سەرجەم ئەو کێشانەی رەوانەی دادگا دەکران. بەڕەحمەت بێت گەنجێکی بەجۆش و خرۆش بوو و شەو و رۆژ کاری دەکرد، لە ١٩٦٧/١٠/١١ لە رووداوێکی ئۆتۆمبیلدا لە رێگەی کەرکوك-سلێمانی گەڕایەوە بارەگای خودا.

**شەشەم: تاهیر ساڵح فەتاح:** داواکاری گشتیی دادگا، لەدایکبووی سلێمانی ساڵی ١٩٢٨، گەنجێکی تا بڵێیت لەسەرخۆ بوو، بەدەگمەن لە دەرەوەی چوارچێوەی کارەکەی قسەی دەکرد، تامەزرۆی بیستنی دەنگوباس بوو لە رادیۆوە کە بەردەوام پێی بوو. کاتێك ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە ریزەکانی شۆڕشی کوردەوە کرد ئەفسەری پۆلیس بوو بەپلەی مولازمی یەکەم. بەرەبەیانی رۆژی ١٩٦٩/٦/٩ بەدەخەڵی لەنزیك ماڵەکەی لە شاری سلێمانی تیرۆرکرا.

**حەوتەم: دوو نووسەرەکەی رێکخستنی دادگا، ئەوانیش:**

**١- سەباح جەلال غەریب:** لەدایکبووی شاری سلێمانی ساڵی ١٩٤٤، کاتێك قوتابی بوو لە قۆناغی ئامادەیی لە پەنجاکاندا پەیوەندی بەرێکخستنی پارتییەوە کرد، ساڵی ١٩٦٣ پاش قەسابخانەکەی سلێمانی لە ٩ی حوزەیرانی هەمان ساڵ پەیوەندی بەشۆڕشی ئەیلوولەوە کرد، کە ئەوکاتە قوتابی بوو لە کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی بەغدا، خوێندنی ئەندازیاری بەجێ هێشت و دواتر پەیوەندی بەکۆلیژی

پۆلیسەوە کرد و بەپلەی مولازمی پۆلیس دەرچوو، دوای نسکۆی شۆڕش ساڵی ١٩٧٥ خانەنشین کرا و وەزیفەیەکی مەدەنی درایە.

**٢- فەرهاد عەونی:** (نووسەری ئەم دێڕانە) لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٦ لە شاری کۆیە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی لەوێ تەواو کردوە، لە کۆلێژی ئابووری و زانستە سیاسییەکان-بەشی ئابووری زانکۆی بەغدا دەرچووە ساڵی ١٩٧٠. کاتێك پەیوەندی بەشۆڕشەوە کرد قوتابی پۆلی سێیەمی ناوەندی بوو.

**هەشتەم: پاراستن و دابینکردنی ئاسایشی دادگا:** ئەم ئەرکە بە جەنگاوەر (پێشمەرگە) (بەکر حاجی فەرەج) سپێردرا، کە لەدایکبووی شاری سلێمانییە ساڵی ١٩٣٦، خوێندنی سەرەتایی لەوێ تەواو کردوە، پیاوێکی ئازا بوو و گرنگی بە رێکپۆشیی خۆی دەدا. خۆش مەشرەبە و تا ئەمڕۆ لە رەوتی خۆی لە ریزەکانی شۆڕش و پارتی بەردەوامە، لەو ئەرکەدا خوالێخۆشبوو (لوتفی مەحموود محەمەد) یارمەتی دەدا، لەدایکبووی شاری سلێمانی ساڵی ١٩٣٥، کە برای شەهید (محەمەد مەحموود قودسی)یە، کە لە ١٩٦٩/١١/١٤ بەدەخەڵی لە شاری سلێمانی شەهید کرا.

بەم شێوەیە دادگای بەرزی شۆڕش لە پێکهاتە و ئەرکەکانیدا پشتی بە یاسا و سیستمە رەچاوکراوەکان و بنەماکانی موحاکەماتی عێراقی دەبەست، لەوانە یاسای سزاکانی بەغدادی. زۆر کەس شایەتیی خاوێنییان بۆ دادگاکە داوە، لەوانە لیوای پۆلیس حامید ئەلقازی کە بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگەی سلێمانی بوو و پاش دەستگیرکردنی لەسەر رێگەی سلێمانی-سەرچنار، لەبەردەم دادگاکەدا ئامادە بوو و لە کۆتاییدا قسەی خۆی کرد کاتێك بڕیاری دادگای پێ ڕاگەیەنرا و لەکاتی خۆیدا بە (دادگای یاسایی و خاوێن و ئازا) وەسفی کرد. دادگا لە قۆناغێکی شلۆق و هەستیار لە مێژووی شۆڕشی ئەیلولدا کارەکانی دەکرد، ئەو شۆڕشەی لە منداڵدانی ئەم نەتەوە بەشبەشکراوە لەدایك بوو، تا دەنگی بگەیەنێتە دەرەوەی سنوورە دەستکردەکان، بەرگری لە کەرامەت دەکرد و داوای مافە نەتەوەییە رەواکانی دەکرد لە سەردەمێکدا هیچ گەلێك نەماوە بەم یان بەو پلە پشکی خۆی لە مافەکان بەدەست نەهێنابێت.

یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی شۆڕشەکە گرنگیدان بوو بەلایەنی مەدەنی و ڕێکخستنی ژیانی خەڵك سەرباری شەڕی سەخت، کە تەنانەت ئەو چەکانەیشی دژی گەلی کورد و شۆڕشەکەی تێدا بەکار دەهێنرا کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی قەدەغە کراون، لەگەڵ ئەوەیشدا شۆڕش کە هێشتا سێ ساڵی تەمەنی تەواو نەکردبوو، پێکهێنانی دادگایەکی لەبیر نەکردبوو، کە تێیدا دروشمە سەرەکییەکەیشی بریتی بوو لە: (واذا حکمتم بین الناس ان تحکموا بالعدل)، ئەو دروشمە لە سەدری هۆڵەکەدا و ڕێك لە سەروو مێزی سەرۆکی دادگاکەوە هەڵواسرابوو.



عومەر حەبیب عەبدوللا

سەرۆکی دادگای بەرزی شۆڕش لە ماوەت، نێوان ساڵانی ١٩٦٣–١٩٦٤



ماوەت، هاوینی ساڵی ١٩٦٣، کاتی لێکۆڵینەوە لە گرفتێك


لە راستەوە سەرۆکی دادگا عومەر حەبیب عەبدوللا، فەرهاد عەوني نووسەري دادطا



ماوەت، شوێنەواری باڵەخانی دادگای بەرزی شۆڕش



قەزای ماوەت، ٢٠٠٩



سلێمانی، ساڵی ١٩٦٠، ماڵی حاکم عومەر حەبیب، لە راستەوە: فەرهاد عەونی، دلاوەر کاکە زیاد،

عەبدولخالق عەلائەدین، حاکم عومەر حەبیب، منداڵەکەی بەردەمیشی شێرکۆی کوڕی حاکم عومەرە



سلێمانی–سەرچنار، ساڵی ١٩٦٠، لە داوەتێکی شێخ لەتیفی شێخ مەحمود حەفید، لە راستەوە: فەرهاد عەونی،

عەبدولخالق عەلائەدین، شێخ لەتیفی شێخ مەحمودی حەفید، حاکم عومەر حەبیب، دوو منداڵەکەش شنۆ شێخ لەتیف و شێرکۆ حاکم عومەر



**ماوەت، ساڵی ١٩٦٣، موحسین دزەیی حاکمی دادگای بەرزی شۆڕش**

## سەرەتاكانی دەرچوونی رۆژنامەی ( برایەتی )  لە بەغدا ساڵی ١٩٦٧

## كاتێك گەڕەكی عیوازییەی بەغدا بوو بە ناوەندی كۆكردنەوەی

## نووسەرانی كورد و عەرەب!

**چۆنێتیی پێكهێنانی یەكەمین دەستەی نووسەرانی هەردوو رۆژنامەی (التاخی) و (برایەتی)**

گەڕەكی عیوازییە دەكەوێتە لای چەپی ئەو شەقامەی لە باب ئەلموعەزەمەوە دەڕوات بەرەو شاری ئەعزەمیە، كە یەكێكە لەو گەڕەكانەی لە سەنتەری شاری بەغداوە نزیكە و زیاتر مۆركێكی میللییانەی هەیە لەڕووی جۆری دانیشتوانەكەی و كۆنییەوە بەبەراورد بەو گەڕەكانەی سەرەتای پەنجاكانی ئەم سەدەیە پەیدا بوون و خەڵك زیاتر حەزیان لەو شوێنانە بوو، ئەویش لەئەنجامی زیادبوونی گەورەی ژمارەی دانیشتوان و بەچاكتر زانینی دەوروبەری شار لەلایەن دەوڵەمەندان و فەرمانبەرانی حكومی، كە جۆرە زێدە رێزێكیان هەبوو بەهۆی مسۆگەریی مووچەكانیان بەدرێژایی ساڵ، ئەوەیش ژیانێكی بۆ دەستەبەر دەكردن كە بۆ ئەوكات گونجاو بوو، بەراورد بەدۆخی ئێستایان لەئەنجامی ئەو پەرەسەندنە گەورانەی لە سی ساڵی رابردوودا بەسەر ژیانی خەڵكدا هاتووە.

بڕیار درا یەكێك لە خانووەكانی عیوازییە لە یەكێك لە شەقامە لاوەكییەكانی نزیك لە شەقامی گشتی بكرێتە بارەگای رۆژنامەی (التاخی) و (برایەتی)، ئەویش پاش ئەو پەرەسەندنانەی لە كەشوهەوای سیاسی سەر گۆڕەپانی عێراقدا روویان دا، بەتایبەت پاش ئەوەی لیوا عەبدولڕەحمان محەمەد عارف لەئاكامی  كوژرانی عەبدولسەلام

محەمەد عارفی برای جلەوی دەسەلاتی گرتە دەست، هەروەها دەرکەوتنی نیشانەکانی کرانەوەی سیاسی بەتایبەت کاتێك خوالێخۆشبوو عەبدولڕەحمان ئەلبەزازی بۆ وەرگرتنی سەرۆکایەتیی وەزیران راسپاد، کە لێبڕاوانە هەوڵی دا حکومەتێکی مەدەنی بەمۆرکێکی لیبرالانە دابمەزرێنێت و کێشە گەورەکانی عێراق بەدیدی خۆی چارەسەر بکات، بەتایبەت کێشەی یەکەمی عێراق (کێشەی کورد). لە دیدارە رۆژنامەوانییەکان و گفتوگۆ تەلەڤزیۆنییەکانیدا ئاماژەی بەوە دەدا کە دەبێتە باشترین میانە بۆ لێك نزیککردنەوەی بۆچوونەکان لەنێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد کە لە شەخسی بارزانی نەمردا خۆی دەنواند و حکومەتی عێراقی، ئەوەیش لە ناوەندی کەشوهەوایەکی کێشمەکێش لەنێوان ئەو و بارستەی عەسکەرییەکان کە ئەوکات بەهێز بوون و ئەوانەی چواردەوری بازنەی سەرکۆمار عەبدولڕەحمان محەمەد عارفیان دابوو. پاش شەڕی بەناوبانگی هەندرێن و ئەو سەرکەوتنە یەکلاکەرەوەیەی شۆڕشی ئەیلوول بەسەر هێزە سەربازییەکاندا لە میحوەری حەوزی رەواندوز لە ١٩٦٦/٥/١٢ تۆماری کرد، تای ترازوو بەلای بەزازدا داشکا، لەئەنجامی ئەوەدا سەرکەوتووان لەگەڵ دەرکەوتنی دەستپێشخەریی حکومەتی ناوەندیدا، دەستیان بەگەڕێکی نوێی گفتوگۆ و دانوستان کرد، سەرەنجامەکەی دەرچوونی بەیاننامەیەك بوو تێیدا حکومەت لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ دانان بەمافەکانی کورد و ئەنجامدانی چاکسازییە خوازراوەکانی راگەیاند، بەوهۆیەوە ناوچەی کوردستان جۆرە ئارامییەکی رێژەیی بەخۆوە بینی و سەرەتاکانی کرانەوە دەرکەوتن، کە لوتکەکەی سەردانی سەرکۆمار بوو بۆ کوردستان و کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێز بارزانی لە ناوچەی رەواندوز، بەدوای ئەوەیشدا زنجیرە سەردانێکی دووسەرە لەنێوان گەورە بەرپرسانی دەوڵەت و پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ هەریەك لە بەغدا و کوردستان، بەو شێوەیە سەرباری بوونی هەندێ ئیشکالات کەشە سیاسییەکە گونجاوتر بوو، لەگەڵ ئەمەشدا شتەکان بەپێی بەڵگەنامەی (رێکەوتنامەی ٢٩ی حوزەیران) و ئەو کەشوهەوایە بەڕێوە دەچوون پاش ئەو پەرەسەندنانەی لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراق لە سەردەمی عەبدولڕەحمان محەمەد عارفدا روویان دا، هاتە کایە، کە ماوەی حوکمڕانییەکەی بەجۆرە کرانەوەیەکی رێژەیی بەسەر هێزە سیاسییەکاندا جیا دەکرایەوە، بەبەراورد

بەو ژیانە سیاسییەی پاش کودەتا رەشەکەی ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ و ماوەی حوکمڕانیی موشیر عەبدولسەلام محەمەد عارف هاتەکایە.

لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٦٧ خوالێخۆشبوو شەهید ساڵح یوسفی پاش راسپاردنی لەلایەن سەرکردایەتیی پارتییەوە، دەستی کرد بەجێبەجێکردنی پرۆژەی دەرکردنی رۆژنامەیەك بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی تا ببێتە مینبەرێکی رەسمیی پارتی، ئەویش پاش پەسەندکردنی لەلایەن سەرکردایەتیی حزبەوە لە یەکێك لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندیدا، کە لە مانگی ئازاری ئەو ساڵەدا بەڕێوە چوو، بۆ گەنگەشەکردنی کۆمەڵێك بابەتی سیاسی و رێکخستن و راگەیاندن، جێبەجێکردنی خاڵەکانی بەیاننامەی ناوبراو و رێکخستنی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی و دەرکردنی رۆژنامەیەکی ئاشکرا لە بەغدای پایتەخت، هەروەها زەرورەتی مانەوەی هەندێ ئەندامی سەرکردایەتی لە پایتەخت لەبەر خواستەکانی بەرژەوەندیی گشتی و ئاسانکردنی کاروبارەکانی پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی.

لە گەڕەکی عیوازییە و نزیك لە شەقامی گشتی خانوویەك دەستنیشان کرا، کە تا ئەو نزیکانە شوێنی نیشتەجێبوون بوو لەناو کۆمەڵێك خانووی نیشتەجێبووندا کە بەچیمەنتۆی خۆماڵی و خشت دروست کرابوون، لە کەرتی یەکەمی نزیك لە بینای بەندیخانەی مەرکەزیی کۆن. لە دوو نهۆم پێکهاتبوو، هەشت ژوور و باخچەیەکی فەرامۆشکراوی لەپێشەوە هەبوو، پەرژینێکی هەبوو نیوەی دیوار بوو نیوەکەیتری موحەجەرەی ئاسن بوو، خانووەکە هیچ شتێکی نەبوو سەرنج رابکێشێت جگە لە تابلۆکەی رۆژنامە لەلای چەپی لەدەرەوەی پەرژینەکە. خانووەکە لە روکندا بوو لەو گەڕەکەدا، کە بەهۆی بوونی بارەگای رۆژنامەکەوە تێیدا بوو بەسەنتەری راکێشانی پۆلێك لە نووسەران و (محرر)انی کورد و عەرەب و سەردانیکەرانی بەجیاوازی ئاراستەی سیاسییانەوە. مۆرکی دیموکراسییانە بەسەر رێچکەی هەردوو رۆژنامەکەدا زاڵ بوو، ئەویش لەبەر تیشکی بیر و ئاراستەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا

بەرانبەر کۆی ئەو پرسانەی گۆڕەپانی سیاسیی ئەوکاتەی عێراقیان پێوە سەرقاڵ بوو.

لە سەرەتای گەشتی ژیانی زانکۆیی و سەردانی بەردەوامیمان بۆ بارەگای ڕۆژنامەکە، بەکادیرەکانی ئاشنا بووین، ئەویش بەهۆی مەرجەعییەتی مامۆستا ساڵح یوسفییەوە وەك تاکە ئەندامی مەکتەبی سیاسی لە بەغدا، کە فریادڕەس و چارەدۆزی ئەو کێشە و سەختییە سیاسی و ڕێکخستنانە بوو بەدەستیانەوە گرفتار بووین. بەڕەحمەت بێت مروونەتێکی تەواو و بەدەمەوەهاتنێکی خێرای هەبوو بۆ ئەو بابەتانەی لەبەردەمیدا دەمانخستنە ڕوو، بەپێی توانای خۆی هەوڵی دەدا ئەو مەسەلانەی ئێمە بەگەورە و بێ چارەسەرمان دەبینین ئاسان و سادە بکاتەوە، ئەمە سەرباری زۆریی کار و سەرقاڵییەکانی و ئەوەی کە سەرنووسەری ڕۆژنامەی (التاخی)ی عەرەبی و (برایەتی)ی کوردی بوو، کە (ئێمە سەرقاڵی یادکردنەوەی ئەمەی دوایین وەك یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا لە عێراق).

دەرچوونی ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی (برایەتی) بەزمانی کوردی لە ڕۆژی شەممە ٦ی ئایاری ١٩٦٧ ڕووداوێکی خۆش بوو، ئەویش پاش هەفتەیەك لە دەرچوونی دەستەخوشکەکەی (التاخی)ی ڕۆژانە بەزمانی عەرەبی ١٩٦٧/٤/٢٩. گرنگیی دەرچوونی برایەتی ئەوە بوو گوزارەی لە تێڕوانینی شۆڕشی کورد و مستەفا بارزانیی سەرکردەی دەکرد و ژمارەی یەکەمی تایبەت کرد بە دیمانەیەکی تێروتەسەل دەربارەی پرسە گەرمەکانی تایبەت بەبزوتنەوەی کوردی و ئایندەی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی، کە تێیدا جەختی لەوە کرد (یەکسانی لە مافە نەتەوەییەکان و ئازادیی دەربڕین ڕێگەمانە بۆ یەکێتیی نیشتمانی)، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بوو بەئاشکرا و بەڕێکوپێکی دەربچێت و دەربڕی خواست و خەونەکانی نەتەوەی کورد بێت لە بەغدای پایتەخت، شەهید ساڵح یوسفی یەکەم سەرنووسەری ڕۆژنامەکە بوو، کە لەدایکبووی ساڵی ١٩١٨ بوو لە گوندی بامەڕنی، کە دەکەوێتە بناری چیاری (مەتین)ی سەر بەقەزای ئامێدی و لە بنەماڵەیەکی دێرین و خەباتگێڕە، (شێخ

یوسف)ی باپیری لەپاڵ گرنگیدانی گەورەیدا بەزانست و کاروبارە ئاینییەکان، بەشداریی شۆڕشی بەدرخان پاشا (ئەمیری جەزیرە و بۆتان)ی کرد، تا دواین رۆژی ژیانی.

سەرەتاکانی ژیانی سیاسیی شەهید یوسفی بۆ ساڵی ١٩٣٩ دەگەڕێتەوە کە تەمەنی بیست و یەك ساڵ بوو و چووە ناو بزوتنەوەی نیشتمانیی کوردی و لەگەڵ هاڤاڵانی (رەفیق حیلمی، یونس رەئووف (دڵدار)، مستەفا عوزێری، مووسا عەبدولسەمەد، جەلال قادر و رۆستەم عەبدولحەباردا حزبی هیوایان دامەزراند کە خاوەن ئاراستەیەکی نەتەوەییانە بوو و لەگەڵ ئەو رێبازەدا مایەوە لەڕێی بەسترانەوەی بە (هیوا و رزگاری)یەوە تا دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ بەسەرکردایەتیی بارزانیی نەمر لەگەڵ هەڤاڵانی، بەڕێزان: (عەلی عەبدوڵا، هەمزە عەبدوڵا، عەونی یوسف، دکتۆر جەعفەر عەبدولکەریم، تەها محیەدین مەعروف، کاکە زیاد غەفووری، شێخ لەتیف شێخ مەحموودی حەفید)، پاشان بوو بەئەندامی (یەکەمین) کۆمیتەی ناوەندی و تا ئازاری ١٩٧٥ بەئەندامی سەرکردایەتیی حزبەکە مایەوە، لە ٢٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨١ لەئاکامی تەقینەوەی بۆمبێك کە سەرکردایەتیی بەعس لە شێوەی نامەیەکی شەخسیدا بۆی ناردبوو، لە باخچەی ماڵەکەیدا لە شاری بەغدا شەهید بوو.

سەبارەت بە بارودۆخی هەڵبژاردنی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەکەیش لەلایەن شەهید یوسفییەوە، یەکێك لە ئەندامانی دەستەکە، کە عەمیدی خانەنشین عەبدوڵا سەعید بوو کاتێك هاوینی ساڵی ١٩٧٤ پاش پەیوەندیکردنمان بەشۆڕشی کوردەوە، لەناو بێستانەکانی هاوینەهەواری (حاجی ئۆمەران) پیاسەمان دەکرد، یادەوەرییەکانی خۆی لەبارەی ئەو رۆژانە بۆ باس کردم. (عەبدوڵا سەعید ئەفسەرێکی کورد بوو، لەدایکبووی شاری سلێمانی ساڵی ١٩١٤، بوو بەئەفسەر بەپلەی مولازمی دووەم لە سوپای عێراقدا، ساڵی ١٩٤٢ کاتێك لە شاری کەرکوك بوو لەڕێی شەهید عیزەت عەبدولعەزیزەوە چووە ریزەکانی حزبی هیوا، کە ئەویش ئەفسەر بوو لەگەڵیدا لە یەکێك لە یەکە سەربازییەکانی ئەویٚ. پەیوەندیی هاوڕێیەتی لەنێوانیاندا هەبوو،

له ساڵی دووەمی کۆلێژی ئەرکاندا بەهۆی رووداوە سیاسییەکانی ناوچە کوردییەکەوە دەرکرا، چونکە ئەوکاتە شەهید عیزەت پەیوەندی کردبوو بە ریزەکانی شۆڕشی بارزانەوە).

وتی: (سەرەتای راسپاردنم بۆ ناوەڕاستی نیسانی ساڵی ١٩٦٧ دەگەڕێتەوە کاتێك لەگەڵ برایان (فوئاد عارف، عەلی کەمال، رەئووف ئەحمەد، ئەحمەد کەمال) لە یەکێك لە نووسینگە بازرگانییەکانی بەغدا کە تێیدا شەریك بووین و دەکەوتە لای راستی شەقامی (النضال) لەلای گۆڕەپانی ئەندەلوس، دانیشتبووین، کەسێك هات بۆ لامان، ئەویش خوالێخۆشبوو ساڵح یوسفی بوو، کە هاوڕێی هەموومان بوو و دۆستایەتیی کۆنمان پێکەوە هەبوو، باسی ئەوەی کرد بەنیازن دوو رۆژنامە بەهەردوو زمانی عەرەبی و کوردی دەربکەن و چوار کەسایەتیی رۆشنبیری کوردیان هەڵبژاردوە ئەندام بن لە دەستەی نووسەراندا، هاوکات باسی هۆیەکانی گرنگیدانی سەرکردایەتیی پارتی کرد بە دەرکردنی هەردوو رۆژنامە لەوکاتەدا تا ببنە مینبەر و زمانحاڵێك بۆ گوزارەکردن لە خەون و ئاواتە نەتەوەییەکان لە سەرجەم بوارەکانی مێژوو و ئەدەب و جوگرافیا و فۆلکلۆردا، ئەم جگە لەلایەنی سیاسی. کاتێك خوالێخۆشبوو یوسفی ناوی منی برد (قسەکە لێرەدا هی عەمیدی خانەنشین عەبدوڵا سەعیدە) ساتێك دوودڵیم نەکرد و دەستبەجێ رەزامەندیم پیشان دا بۆ کارکردن لەگەڵیدا. بەم شێوەیە سەردانی دووسەرە لەنێوانماندا بەردەوام بوو جاریّ لە ماڵی من و جارێکیتر لە ماڵی ئەو تا دەستەی نووسەرانەکە جەم و جۆر بوو و پێکهاتبوو لە: (ساڵح یوسفی سەرنووسەر، ئەندازیار شەوکەت عەقراوی و پارێزەر نەجیب بابان و محەمەد سەعید جاف و عەبدوڵا سەعید) وەك یەکەمین ستافی دەستەی نووسەرانی ئەو رۆژنامە نۆبەرەیە و بەبیّ بەرانبەر!).

بەرەبەیانی رۆژی شەممە ١٩٦٧/٥/٦ پاش ئەوەی لە چێشتخانەیەکی بچووك لە دەروازەی شەقامی موتەنەبی (کاهی الحسین) بەرچاییمان خوارد، کاتێك بەرەو باب ئەلموعەزەم دەچووین و بەگەڕەکی حەیدەرەخانەدا تێپەڕین، لە رۆژنامەفرۆشەکە (ئەبو داود) نزیك کەوتینەوە کە بەشێکی بچووك لە شۆستەی بەردەم دەرمانخانەی (کاکا)ی

گرتبوو، تا چاوێکی خێرا بەناونیشانی ڕۆژنامە و گۆڤارە دەرچووەکانی ئەو ڕۆژەدا بخشێنین، لەپڕ دەرچوونی ڕۆژنامەیەکی نوێمان بینی بەناوی (برایی) کە بە وێنەی سەرکردەی گەلەکەمان و سیمبوڵی نەتەوەکەمان مستەفا بارزانی ڕازابوویەوە لەگەڵ گفتوگۆیەکی تایبەت بەو بۆنەیەوە، کاتێك (ئەبو داود) زانی ئێمە قوتابی کوردین سێ دانە لە ڕۆژنامەکەی دایە دەستمان، بەدڵنیاییەوە بەسەروسیمامانداا هەستی بەدڵخۆشی و شانازیکردنمان بەدەرچوونی ڕۆژنامەکە کردبوو، کە ئەوکاتە خوێنەری بووین و پاشتر لە حەفتاکاندا بووینە بەشێك لە کادیرەکانی، ئەوەتا چەند ڕۆژێ لەمەوبەر ئاهەنگی یادی (٣٠) ساڵەی لەدایکبوونیمان کردەوە پاش ئەوەی بوو بە یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی، زۆر جاریش دووچاری دەستبەسەرداگرتن و ڕاگرتن و دەستگرتن بەسەر ئەرشیڤەکەی و داگیرکردنی بیناکانی و دەرکردنی ڕۆژنامەنووسەکانی و... بووە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو دۆخانەدا خۆی ڕاگرت و خۆڕاگری بوو بەسیفەتی ڕۆژنامەکە و ئەوانەی کاری تێدا دەکەن، ئەوەیش سیفەتی بەردەوامی پێ بەخشیوە لە کاروانێکی خەباتگێڕانە و ڕۆژنامەگەرییانەی بەردەوامدا تا ئەمڕۆ پاش ئەوەی بوو بەقوتابخانەیەك بۆ نەوەیەك لە ڕۆژنامەنووسانی کورد. ڕۆژنامەکە، کە ئێستا من شەرەفی سەرنووسەریم هەیە (١٩٩٣–٢٠/٢/٢٠٠٢)، ئێستا لە بەربڵاوترین ڕۆژنامە ڕۆژانەکانە لە کوردستان، ڕۆژنامەکە پاسەوانی وشەی کوردییە بەهەموو ماناکانیەوە بۆ خزمەتی ئاواتەکانی نەتەوەیەك، کە جیا لە باقی نەتەوەکان هەندێ لە تاکەکانی بەلۆژیکێکی ناشارستانی مامەڵە لەگەڵ وشەی ئازاددا دەکەن، وەك ئەوەی بەسەر (برایەتی)دا هات کاتێك لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٥/١٢/١٩٩٤ بەئاشکرا لە پایتەختی هەرێم و لە سەردەمی پاش ڕاپەڕین و بەبەرچاوی خەڵکەوە، دووچاری سووتاندن بوو!!



گفتوگۆیەکی دۆستانەی نێوان سەیدا ساڵح یوسفی و سیاسەتمەدای عیراقی عەزیز شەریف



لوبنان—بەیروت—فڕۆکەخانەی بەیروت ، ١٩٧٢

ساڵح یوسفی لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەنووسی دا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی لوبنانی



ناوپردان، سەرەتای حەفتاکان، لە راستەوە: ساڵح یوسفی، عەزیز عەقراوی، حەبیب محەمەد کەریم، نافز جەلال،ئیحسان شێرزاد



بەغدا، سەرەتای حەفتاکان، ساڵح یوسفی و سامی عبدالرحمن پێشوازی لە باڵیۆزی سۆڤییەتی دەکەن



کوردستان–دۆڵی باڵەکایەتی، کۆتایی شەستەکان، دووەم و سێیەم لە راستەوە ساڵح یوسفی و نافز جەلال لەگەڵ کۆمەڵێك لە سەرکردەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان



سالّح یوسفی لەگەڵ شێرزادی کوڕی



خاوەن ئیمتیاز
حبیب محمد کریم
سەرنووسەر
دارا توفیق

# برایەتی

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە

لەم ژمارەیەدا
★ پورتوگالی فاشست... ل٢
★ بازاری چاپەمەنی کوردی ل٢
★ ئەرکی ئەمڕوی ئەدیبانمان ل٦

ژمارە ( ٠ ) سێ شەممە ١-١-١٩٧٤ | ت : ٨٦١٨١ | (١٠) لاپەرەیە | نرخی ( ٢٠ ) فلسە

## پێشەوا بارزانی :

## با هەوڵ و تەقەلامان یەك بخەین بۆ چەسپاندنی ئاشتی و دیموکراتی و یەکێتی نیشتمانی و شادبوونی کوردستان بە ئۆتۆنۆمی

بەبۆنەی دەرچوونی یەکەم ژمارەی رۆژانەی رۆژنامەی ( برایەتی )دا پێشەوای دلیرمان تێکۆشەر مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم نامە پیرۆزبایی‌یەی پێشکەش بە برایەتی کرد :

سلاوی پێشەوا بارزانی بۆ رۆژنامەی برایەتی :

بەبۆنەی دەرچونی رۆژنامەی برایەتی بە کوردی و بەشێوەیەکی رۆژانە پیرۆزبایی لە خۆمان و پارتی و میللەتەکەمان ئەکەین وە هەروەها چالاکی و هەوڵ و تەقەلای هەموو ئەو برایانەی کە لەم هەنگاوەدا ...

میللەتەکامان ئارادەیێك ماوەی دراوەتی بە مافەکانی کەلتوری خۆی شادبیت پاش بەیانی ١١/ئاذاری مێژوویی و هەنگاوی ناوە لەم رووەوە ، وە دەرچوونی ئەم رۆژنامەیە جگە لەوەی کە لە رووی سیاسی‌یەوە هەنگاوێکی گرنگی هەرە سوودبەخشە و هۆیەکە بۆ خزمەت‌کردنی زمان و کەلتورو وێژەی ...

هەموو رۆلەکانی میللەتەکەمان ئەکەم کە زیاتر لە هەموو کاتێك یەکبگرن بۆ ئەوەی هەموو هەوڵ و تەقەللامان یەکبخەین وە بە هاوکاری لەگەل حکومەت و هەموو هێزە نیشتمانیەکان ، خەبات بکەین بۆ چەسپاندنی ئاشتی و دیموکراسی و یەکێتی نیشتمانی لە ولاتداو شادبوونی کوردستان بە ...

ژمارە (٠)ی رۆژنامەی رۆژانەی برایەتی کە لە ١٩٧٤/١/١ لە بەغدا دەرچووە



توتر خطير بين الجمهورية اليمنية والولايات المتحدة

امريكا تهدد بسحب اعترافها بالجمهورية اليمنية

# اخر تطورات الموقف الوزاري

السيد رئيس الجمهورية

كلمة البرزاني التوجيهية

التآخي

جريدة يومية سياسية

اصحاب الامتياز
صالح اليوسفي
رئيس التحرير المسؤول
هيئة التحرير:
المهندس شوكت عقراوي
المحامي نجيب بابان
محمد سعيد الجاف
عبدالله سعيد

الادارة
السنك – مجاور مطبعة الشعب
تلفون: ٨١٤٧٢
مسجلة بدائرة البريد رقم ٩٥
طبعت بمطبعة الشعب – بغداد

السبت ١٩ محرم ١٣٨٧ هـ – ٢٩ نيسان ١٩٦٧ م — السنة الاولى — العدد – ١ — ٨ صفحات ٢٠ فلسا

الرئيس عارف يدلي بآرائه في:

أسباب التفكك وتبعثر الصف الوطني في العراق والسبيل لجمع الشمل

دوافع التعديل او التبديل الوزاري ومداولات الحكومة مع شركات النفط

العوامل غير المشجعة على اجراء الانتخابات البرلمانية كما ينبغي

قرارات ١٤ تموز الاشتراكية وضرورة المحافظة عليها

موقف العراق من الخلافات بين الدول العربية وتأزم الوضع مع الكويت

بمناسبة صدور العدد الاول من جريدتنا «التآخي» حظي السيد رئيس التحرير بمقابلة السيد رئيس الجمهورية الفريق عبد الرحمن محمد عارف، وقد ادلى سيادته خلال تلك المقابلة بالاجوبة التالية ردا على اسئلة الجريدة كما تفضل بتوجيه كلمة عبر فيها عن تبريكاته وتحياته بجريدتنا بمناسبة صدورها. وفيما يلي نص الاسئلة وتصريحات سيادته

المساواة في الحقوق القومية وحرية التعبير سبيلنا للوحدة الوطنية

التمهيد للحياة الدستورية يتطلب انهاء الاوضاع الاستثنائية

## البرزاني يؤكد

سنفي بالتزاماتنا وندعم الاستقرار وتقدم الوطن وازدهاره

اتصلت هيئة تحرير هذه الجريدة بالسيد مصطفى البارزاني مستطلعة رايه في الاوضاع العامة التي تحيط بالبلاد وفي اهم قضايا الساعة التي يتطلع شعبنا الى تحقيقها، وقد اجاب سيادته مشكورا بما يلي على اسئلة الجريدة:

طريق التآخي

السبت ١٩ محرم ١٣٨٧ هـ – ٢٩ نيسان ١٩٦٧ م — العدد – ١

التآخي
جريدة يومية سياسية

اصحاب الامتياز
صالح اليوسفي
رئيس التحرير المسؤول
هيئة التحرير:
المهندس شوكت عقراوي
المحامي نجيب بابان
محمد سعيد الجاف
عبدالله سعيد

ژمارە (١)ی رۆژنامەی رۆژانەی (التآخي) کە لە ١٩٦٧/٤/٢٩ لە بەغدا دەرچووە

## دیدارەکە لە دیلمان بوو

### چەند یادەوەرییەك لەبارەی دیدارێکی مێژوویی لەگەڵ بارزانیی نەمر کە شەش کاتژمێری تەواوی خایاند لە سەرەتاکانی شوباتی ١٩٧٠

**لە ١٩٩٣/٧/٧ و لە ژمارە ٦٨٢ی رۆژنامەی (خەبات)ی ئازیز بابەتێکم بڵاو کردەوە بەنانیشانی (دیدارەکە لە دیلمان بوو)، هەندێ لەو زانیارییانەی تێدا بوو کە یادەوەریم لەبارەی دیدارێکی مێژوویی لەگەڵ بارزانیی نەمر لە گوندی دیلمان لە ٦ی شوباتی ١٩٧٠ ، پاراستبوونی، کە شەش کاتژمێری تەواوی خایاند، منیش لە چوارچێوەی دەستەی سەرکردایەتیی (ی ق ك)ی عێراقی ئەوکاتدا شەرەفی ئامادەبوونی ئەو دیدارەم هەبوو. گۆڤاری گولان العربی لە ژمارە (١٧) لە ١٩٩٧/١٠/٢٠ بڵاوی کردەوە.**

شەرەفمەند بوون بەدیداری بارزانی خەونێك بوو لە مێژ بوو بەردەوام لە مێشکماندا بوو، زیاتریش تامەزرۆ بووین پاش دیدارمان لەگەڵ هەندێ لە بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی لە بەرەبەیانی رۆژی ٦ی شوباتی ١٩٧٠ لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە گوندی (ناوبەردان) پاش ئەنجامدانی ئەو ئەرکەی بەتایبەت لە بەغدا و مووسڵەوە لە چوارچێوەی دەستەی رێکخستنی ناوەندی (ی ق ك) دا بۆی هاتبووین، کە پێکهاتبوو لە هەڤاڵان (ئەنوەر عەبدوڵا، قادر محەمەد ئەمین، جەلال خۆشناو، جەواد شێروانی و نووسەری ئەم دێڕانە) پاش بڕیاری

دەستەی ڕێکخستنی ناوەندی لەئەنجامی ئەو کۆبوونەوەیەی لە کۆتاییەکانی کانوونی دووەمی ١٩٧٠ لەو ژوورەی لە یەکێك لە خانووە بەکرێگیراوەکان لە گەڕەکی (السباق)ی کۆن لە ناوچەی تەل محەمەد لە شاری بەغدا تایبەت کرابوو، بەستمان، لەکاتێکدا ئێمە لە دەروازەی پشووی بەهارەدا بووین و لەبەر تیشکی ئەو سەرهەڵداوە نوێیانەی ئەوکات لە گۆڕەپانی سیاسیدا باس و خواس بوون لەئەنجامی سەردانە دۆستانەکانی نێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد و حکومەتی عێراقی دوای ماوەیەك لە شەڕی خوێناوی پاش هاتنە سەر دەسەڵاتی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی بۆ جاری دووەم لە ١٧ی تەموزی ١٩٦٨، بەهۆی ئەو فاکتەرانەی ئەرکی چاکەخوازانی بۆ گەیشتن بە لێك تێگەیشتنێکی هاوبەش دوا خست.

گفتوگۆکان لەو کۆبوونەوەیەی بەپەلە لە ژوورەکەمان لە بەغدا بەستمان لەبارەی هەندێ بابەتی ڕێکخراوەی و سیاسی، گەرم و توند بوو و نەمانتوانی بڕیاری یەکلاکەرەوە لەبارەیانەوە وەربگرین، ئەوەیش شتێکی نامۆ نیە لە ناوەندی قوتابیاندا بەتایبەت لە هەردوو دەیەی شەستەکان و حەفتاکاندا، کە بەجۆش و خرۆشی رۆمانسییانە و چالاکیی بەردەوام و موناقەشەی دوور و درێژ دەناسرایەوە بۆ خزمەتکردنی پرسە سەرەکییەکە، کە هەستمان دەکرد ئێمە بەشێکی زیندووی پێك دێنین، بەتایبەت پاش ئەو پەرەسەندنانەی لە زانکۆکانی ئەوروپادا روویان دا لە روانگەی هزرەکانی (مارکۆزەوە) کە قوتابیانی هەڵدەنا لەو رووەوە لە هەموو (توێژ-چین)ەکان شۆڕشگێڕترن لە کۆمەڵگەدا پاش ئەو پەرەسەندنانەی روویان دا و وەك دەوترا وای لە چینی کرێکاران و جووتیاران کرد روو بکەنە بۆرژوازیبوون و راکردن بەدوای حەوانەوە و قازانجدا، ئاگری یاخیبوونێکی لە یەکێك لە گۆڕەپانەکانی قوتابیان هەڵگیرساند وای لە ژەنراڵی فەرەنسی مەزن (دیگۆل) کرد لەبەردەم لێدانەکانی کوهین، سەرکردەی قوتابیانی فەرەنسی لە رووداوەکانی ئایاری ١٩٦٧دا، گیر بخوات.

ئەو رووداوە گەرمانە و رۆڵی قوتابیان لە هەردوو چواردەوری رۆژهەڵات ناوەڕاست و جیهانیدا بووە مایەی گەشەکردنی هەستکردن بەکێشە سیاسییەکان کە

کاریگەریی گەورەی کردە سەر ناوەندی قوتابیانی عێراقی و بەتایبەت لە ناوەندی قوتابیانی کوردستان، کە پرسێکی رەوای هەبوو و تیشکی کەوتبووە سەر، ئەویش بەکاریگەری ئەو شۆڕشەی (پیاوانێکی ئازا) لەناو کۆمەڵێك گرد و چیادا سەرکردایەتییان دەکرد و ماوەیەکی زۆر بەلەبیرکراوی مایەوە پاش هەرەسی کۆماری مهاباد ساڵی ١٩٤٦ و پاشەکشەی بارزانی بەهێزێکی ٥٠٠ جەنگاوەرەوە بەرەو خاکی یەکێتی سۆڤیەت، کە تێیدا لە مەسیرەیەکی مێژووییدا سنووری سێ دەوڵەتی دوژمنی بڕی کە ٥٢ رۆژی خایاند، پاشان گەڕانەوەی لە مەنفاوە پاش شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ و کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێ و ئومێدی ژیانێکی گەشاوەی بۆ گەلەکەی خواست لە سایەی ئەو شۆڕشەی سەرکردەی کۆچکردوو عەبدولکەریم قاسم سەرکردایەتی کرد، چالاکییەکانی بۆ خزمەتکردنی یەکێتیی نیشتمانی تەرخان کرد، کە پاش ماوەیەکی کورت، تووشی لێکترازان بوو، ئەوە بوو شتەکان بەئاراستەیەکی پێچەوانەدا رۆیشتن و پاڵی بە بارزانیەوە نا جارێکیتر روو بکاتەوە چیاکان بۆ خۆ لادان لە هەر شتێکی لەناکاو کە لەوانەیە رووبدات پاش ئەوەی بەیەکجاری بێئومێد بوو لە باشبوونی دۆخەکە و پەنای بۆ چیاکان برد، کە بوون بەدۆستی هەمیشەیی بۆ خۆی و چەکدارەکانی لە رەوتی خەباتی نوێیاندا کە لە ئەیلولی ١٩٦١ دەستی پێ کرد کاتێك تەواوی کۆمەڵگەی کوردستان چووە ژێر باڵی سەرکردایەتییە داناکەی و کاریگەرییە رۆحییەکانی گەیشتبووە توێژێك، کە لەو دیدارەی ئێمە باسی دەکەین بە (سەری رم لە گشت شۆڕش و شەڕە نیشتمانییەکاندا). ئەمانە وایان لێ کردین پاش کۆتایهاتنی دانیشتنی کار لە بارەگای مەکتەبی سیاسی داوا بکەین ئەگەر بوار هەبێت شەرەفی بینینی بارزانیمان پێ بدرێت.

کاتێك بەڕێزان لە مەکتەبی سیاسی هەستیان بە رەوایی داواکاریەکەمان و گەرمیی تاسەمان کرد، ئەگەرچی بەرەتای بەفربارین لەو رۆژە زستانییەی مانگی شوباتدا دەرکەوتبوو، مامۆستا حەبیب محەمە کەریم سکرتێری گشتیی پێشووی پ د ك دەستی برد بۆ سەماعەی تەلەفۆنەکە و حەز و ئارەزووی ئێمەی بۆ بارەگای سەرۆك بارزانی گواستەوە و قسەیەکیتری کرد، کە وەك خۆی لەبیرم ماوە، وتی (برایان لە بەرزترین دەستەی سەرکردایەتی ی ق ك لە بەغداوە هاتوون و پێویستە دڵیان

رابگرین)، پاش ماوەیەکی کورت کە لە چارەکە سەعاتێك تێنەپەڕی قسەکەری بەرانبەر لەڕێی سەماعەی تەلەفۆنەوە مژدەی پێداین کە (ئێوارەی هەمان ڕۆژ لە خزمەت و میوانداریی بارزانیدا دەبین).

ئەو ڕۆژە بەتەبیعەتی حاڵ کەشوهەوا سارد بوو، بەتایبەت لە ناوچەی (ناوبەردان) کە دەکەوێتە نێوان هەردوو قەزای چۆمان و گەڵاڵە لە ناوەندی زنجیرە چیایەکی بەدرەخت داپۆشراودا، کە ئەوکات مەکتەبی سیاسی لەبەر تایبەتمەندییە جوگرافی و سروشتییەکەی کردبووی بە بارەگا. ناوچەکە لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٢ ەوە رزگار کرابوو، هێڵی تەلەفۆنی لەگەڵ گەڵاڵە و قەسریّ هەبوو کە بارەگا سەرەکییەکانیان لیّ بوو. کاتێك کارەکانمان لەویّ تەواو کرد و کات نزیکی سێی پاش نیوەڕۆ بوو، سواری ئۆتۆمبێلێکی جۆری لاندکرۆزەری سەوزی مۆدێل ١٩٦٠ بووین، کە پێشمەرگەیەك لێی دەخوڕی و شەقامی گشتی بەئاراستەی گەڵاڵە گرتەبەر، هەریەکەمان لە ناخی خۆیدا بیری لە دیدارە چاوەڕوانکراوەکە دەکردەوە لەگەڵ جەنابی بارزانی و گوێمان بەهیچیتر نەدەدا لەکاتێکدا فلّچەی جامی پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکە بەڕاست و بەچەپدا دەجووڵا بۆ سڕینی دڵۆپە بارانەکان کە تێکەڵ بە پروشکە بەفر بووبوون، کە خەریك بوو دەباری لەوکاتەی ئۆتۆمبێلەکەمان بەلای چەپدا لایدا و ڕێگەی هاملتۆنی بەجیّ هێشت و لە پردی زەرد پەڕیەوە و بەڕێگەیەکی پێچاوپێچ و قیرنەکراودا تێپەڕی، کە لەو وەرزەدا بەکەڵکی پێدا ڕۆیشتن نەدەهات جگە لە ئۆتۆمبێلی جێب و لاندرۆڤەر. کاتێك گەیشتینە قەسریّ ئۆتۆمبێلەکەمان لەبەردەم بینایەکی کۆندا وەستا، کە دوو پاسەوانەکەی پڕ چەك بوون و لەژێر پاسارێکی قوڕیندا وەستابوون. کاتێك پرسیارمان لە شۆفێرەکە کرد بۆچی وەستاوە، گوێی بەپرسیارەکەمان نەدا، ڕاستەوخۆ دابەزی و بەرەو دەروازەکە ڕۆیشت و پێنج خولەك دیار نەما، کاتێك گەڕایەوە چەکدارێکیتری لەگەڵدا بوو و لەگەڵیدا سواری ئۆتۆمبێلەکە بوو و جارێکیتر بەئاراستەی ڕۆژهەڵات کەوتەوە جووڵە، لەویّ بەفر قورستر دەباری، هیچمان نەدەبینی جگە لە چینێکی سپی بەفر کە کەژ و کێو و چەم و دۆڵەکانی داپۆشیبوو. خەریك بوو لە سەرماندا قاچمان دەتەزی، چونکە ئۆتۆمبێلەکە هیچ گەرمکەرەوەیەکی تێدا نەبوو

سەرەڕای گەرمیی دەنگی (کاوێس ئاغا)ی لاوکبێژ کە لە کاسێتێکی دەنگ تۆمارکراودا لاوکی دەچڕی و بەزۆر لە ناو دەشبوولی ئۆتۆمبێلەکە قایم کرابوو.

چەند پێشمەرگەیەك بەچەکی کلاشینکۆفەوە لێرە و لەوێ دەرکەوتن، مرۆڤ ئەوەی لە سەر و سیمایان دەخوێندەوە کە لە ئەرکێکی زۆر گرنگدان. دڵمان خەبەری دا کە لە بازنەی چواردەوری سەرۆك بارزانیداین. لە دووریی نزیکەی ٢٠٠ مەتر دووکەڵی سۆپای دارمان بینی کە لە لوولە سۆپای سەربانی ماڵەکان بەرز دەبوویەوە، کە لە قوڕ و خشتی خۆماڵی دروست کرابوون. بەهۆی چڕیی بەفرەکەوە ئۆتۆمبێلەکە نەیتوانی لە ڕۆیشتن بەردەوام بێت، ناچار بووین دابەزین و لەگەڵ ڕێبەرەکەماندا کە پێشمەرگەیەك بوو لە قەسرێ سوار بوو کەوتینە ڕێ و بەدرێژایی ئەو ماوەیە لەناو کۆمای بەفردا یەك وشە قسەی نەکرد. لەپڕ خۆمان لەبەردەم شوێنی تۆپێکی دژەئاسمانیدا بینیەوە کە رووی کرابووە خۆرئاوا و دوو چەکدار لە تەنیشتی وەستابوون کە نیشانەی چاودێریکردن و بۆسەلێگرتن لە چاویاندا دەبریسکایەوە، چونکە ڕادەی گرنگیی ئەو شوێنە و پیرۆزی لە دڵی ڕۆڵەکانی کوردستانیان دەزانی. ئێمە بەساتگەلێکی سەرسامیدا تێدەپەڕین کاتێك بەناو ماڵە کەمە قوڕینەکانی دیلماندا گوزەرمان دەکرد، لە ناوچەیەکی دوورەدەست لەنێو بناری ئەو گردانەدا کە بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشاوە و پێشمەرگەکان بەوپەڕی دیسپلین و ئاکاری مەبدەئیەوە بەئەرکی خۆیان هەڵدەستان و گوێیان بەبارودۆخ و سەختیی کەشوهەوا نەدەدا.

کاتێك گەیشتینە ئەو ماڵانە دەنگێکی گڕ و تێر ئاگەداری کردین، بینیمان خاوەنی دەنگەکە لە بەردەم یەکێك لە ماڵەکانی دیلماندا وەستاوە و لەدوورەوە بەخێرهاتنی دەکردین و بەدەست ئیشارەی دەداینێ بچین بۆ لای ئەو، زانیمان خاوەنی دەنگەکە کاك فەرەنسۆ هەریرییە کە بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٥٩ لە کۆیە ناسیم، پاشتریش وەك خەباتکار و جەنگاوەرێکی هۆگری بارزانی نەمرم ناسی و بە بەوەفا بۆ ڕێبازە تێکۆشەرانەکەی مایەوە. کاتێك ڕووبەڕوو وەستاین زۆر بەخێرهاتنی کردین و دەستی کردە ملمان و بەسوعبەتەوە پێی وتین (لێرە بەجلە ئەفەندیەکانتانەوە دەڵێی

غەریبەن)!! لەوەوە زانیمان لەوماڵەدا کە ئەو لە بەردەمیدا وەستابوو بارزانی دەبینین، هەندێ تێبینی پێویستی داینێ کە نەماندەزانین و ئامۆژگاری کردین خۆمان لە بەکارهێنانی نازناوگەلی زرنگەدار (طنان) بەدوور بگرین، چونکە وەك کاك هەریری پێی وتین بارزانی رقی لەو جۆرە نازناوانەیە و پێی راگەیاندین کە خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی لە ژوورەوەیە.

ئەو شوێنەی باسی دەکەین کاتێك کاك هەریریمان دی لە بەردەمیدا وەستابوو و بارزانیی نەمرمان تێدا بینی، خانوویەکی قوڕینی سادە بوو دەروازەیەکی بچووکی هەبوو کە رووبەرەکەی لە دوو مەتری چوارگۆشە تێنەدەپەڕی، لەلای راستیەوە مەودایەکی کراوە لە ناوەوە هەبوو قاپ و قاچاخی چای لێ بوو کە بریتی بوون لە سەماوەرێکی قەبارە مامناوەند، رەنگ زەرد و چەند پیاڵەیەك لەسەر قاوەسینیەکی کانزایی دانرابوون، پیاوێك لە دەیەی چوارەمی تەمەنیدا لەبەرانبەریان خەریکی ئامادەکردنی چای بوو، لەلای چەپی ئەو مەودایەیش ئەو ژوورەبوو چووینە ناوی کە لاکێشەیی بوو، مافوورێکی سادە و خاوێنی تێدا راخرابوو، هەندێ دۆشەك و سەرین لە قەراغەکانیدا بەڕیز دانرابوون و چرایەکی لۆکسی نەوت روناکی کردبووەوە. کە چووینە ژوورەوە لە یەکەم ساتدا هەستمان بەگەرما کرد، چونکە سۆپا دارینەکە کڵپەی سەندبوو و خۆمان رووبەڕوو لەگەڵ خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانیدا بینی، کە بەڕووی گەشەوە زۆر بەگەرمی پێشوازی و بەخێرهاتنی کردین و کتێبی (نهج البلاغه)ی ئیمام عەلی کوڕی ئەبوتالیبی بەدەستی چەپی هەڵگرتبوو.

پاش پرسیار و ئەحواڵ پرسین، ئەو خۆی کەوتە باسکردنی گفتوگۆ لەگەڵ حکومەت کە لە قۆناغی سەرەتادا بوو و قسەکەی لە بەغدا بۆی کردبووین دووبارەی کردەوە کاتێك لە کۆشکی سپی لەگەڵ شاندە کوردییەکە لە کۆتاکانی کانوونی یەکەی ١٩٦٩ بینیمان و وتی (دڵنیا بن حوکمی زاتی بەدەست دێنین، لەگەڵ پارێزگاریکردنمان لە بوونێکی سەربازیی چەکدار). لەکاتێکدا ئەو بەشێوازە سادە و خۆشەکەی درێژەی بەقسەکردن دەدا، هەستم کرد هێشتا کتێبی (نهج البلاغه)ی بەدەستەوەیە، کە سەرنجی راکێشام و پرسیارم بۆ دروست بوو کە هۆی گرنگیدانی

بەو کتێبە چییە، لەوبارەوە پرسیارم لیٚ کرد، پاش کەمێك رامان وەلاٚمی دامەوە و وتی (هۆی خوێندنەوەم بۆ ئەم کتێبە ئەوەیە حیکمەت هەمیشە لە کەلەپوورەوە دێت، جا سەرچاوەکەی هەرچی بێت) من هاوڕام لەگەڵ ئیمام محەمەد عەبدە کە لەبارەی (نهج البلاغە)وە دەڵێت: (هزر و سلوك بەرەو چاکە ئاراستە دەکات، بانگەواز بۆ کارە چاکەکان دەکات، گوزارە لە کۆمەڵێك ئەزموون دەکات لە بووندا و کۆمەڵێك بۆچوونی لە ئامانجەکانی حوکم و کردەی سیاسی و بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیدا داڕشتوە).

پاشان پێشنیاری بۆ کردین بیخوێنینەوە، من گوێم بۆ قسەکانی و شارەزایی فراوانی لە ناوەرۆکی کتێبەکە گرتبوو، کە وای لیٚ کردم سەرنجەکانی لە دەفتەرێکی بچووکدا تۆمار بکەم کە کردبوومە نەریت گوتە و رووداوەکانی ئەو جۆرە بۆنانەم تێدا تۆمار دەکرد. لە قسەکردن لەگەڵماندا بەردەوام بوو کاتێك کاك فرەنسۆ هەریری ئاگەداری کردین کە سەرۆك بارزانی تەشریفی هێنا.

کاتژمێر شەشی ئێوارە بوو کاتێك بارزانی بە سیما سامدارەکەی و روخسارە سەنگین و کەسایەتییە بەهێزەکەیەوە لێمانەوە دەرکەوت، کاتێك وەستابووین بۆ پێشوازیکردنی، بیرەوەریم گەڕایەوە بۆ مانگی ئازاری ساڵی ١٩٦٣ کاتێك بۆ یەکەم جار بەڕێزیانم بینی، کە بوو بەمیوانی شاری کۆیە بۆ سەرۆکایەتیکردنی کۆنگرە حزبی و میللییە بەرفراوانەکە، کە جگە لە سەرکردایەتی و کادیرە پێشکەوتووەکانی حزب و بەرپرسانی سەربازی، کەسایەییەکان لە سەرتاسەری کوردستانەوە ئامادەی بوون، کە بەتایبەت هاتبوون بۆ دیراسەکردنی ئەو دۆخە نوێیەی لە گۆڕەپانی سیاسیدا هاتبووە کایە پاش رووخانی دەسەلاٚتی عەبدولکەریم قاسم لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ و گەلاٚڵەکردنی بیرۆکە و داواکارییەکانی شۆڕشی کورد، تا پێشکەش بەدەسەلاٚتی نویٚ بکرێت.

بەڕێزیان یەك بەیەك دەست و مشتاقی لەگەڵدا کردین و هەریەکەمان خۆی پیٚ ناساند، زۆر بەخێری هێناین و وتی (بەخێر بێن نوێنەرانی قوتابیانی کوردستان) و داوای کرد دابنیشین و خۆیشی لە شوێنی ئاسایی خۆیدا دانیشت. لە سەرەتای دیدارەکەدا بێدەنگی باڵی بەسەرماندا کێشابوو و چاومان زەق لەسەر ئەو بوو.

بیرۆکەکانمان لەناو خۆیاندا ململانێیان بوو و هەوڵمان دەدا رستەی داڕێژراو هەڵبژێرین تا لە شێوەی پرسیار و روونکردنەوەخوازیدا دایبڕێژین و سوود لەو دەرفەتە مێژووییە وەربگرین کە لەمێژ بوو چاوەڕوانمان دەکرد، کاتێك بەڕێزیان لە تێکردنی جگەرەیەکی لەف لەناو دارجگەرەکەیدا بوویەوە و دایگیرساند و مژێکی لێ دا، تەماشای ئێمەی کرد و کەوتە قسەکردن بۆمان و وتی (هەواڵتان دەبیستم، زۆر باستان دەکەن بۆم، گەلەکەتان پێویستی بە کۆششی ئێوەیە، هەر بەڕاستیش ئێوە بە رێگەیەکی تر لەپێناویدا شەڕ دەکەن و کوردستان شایانی زیاترە، نیشتمانەکەتان جوانە و گەنجینەی زۆر لەناو زگی دا کە بەهیچ نرخێك مەزەندە ناکرێت، گەلەکەتان لەڕووی مێژووییەوە ستەملێکراو و بەشخوراوە، دوژمنانیش لێرە و لەوێ پیلانمان لەدژ دەگێڕن، ئەرکی هەمووانە بەرگری لە پیرۆزییەکان بکەین هەرکەس بە رێگەی تایبەتی خۆی، لەبەر خوا ئامۆژگاریتان دەکەم چەندە پلەتان بەرز بێت قەت بوغرا نەبن، چونکە بوغرایی چاکەکانی مرۆڤ لەناو دەبات)، ئیتر بێدەنگ بوو تا دەرفەت ببەخشێتە ئێمە ئەوەی لە دڵماندا گینگڵ دەخوات و ئەو بیرۆکانەی لە مێشکماندان، دەریان ببڕین.

من و چوار هەڤاڵەکەم ورد بووین لە ئاراستەکردنی پرسیار لە بەڕێزیان و وەرگرتنی وەڵامەکان بەوپەڕی راشکاوی، پاش ماوەیەك هەستمان کرد بەڕێزیان زۆر میهرەبان بووە لەگەڵمان و وەك باوکێکی بەسۆز مامەڵەی لەگەڵدا کردوین، کاتێك تێبینی کرد کەسمان لەبەردەم ئەودا جگەرە ناکێشین، بەفیترەتی خۆی هەستی کرد شتێك لەئارادا هەیە، لەوبارەوە پرسیاری کرد، کاتێك زانی لەناویاندا تەنیا من جگەرە دەکێشم، پرسیی: ئەی بۆچی نایکێشیت؟

لەو ساتەدا نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە و بەبەڕێزیان بڵێم مەقامەکە رێگە نادات من لە حزوری بەڕێزیاندا جگەرە بکێشم، چەندە لە توانامدا بوو هەوڵم دا پاساوێکیتر بدۆزمەوە بەڵام نەمتوانی، جا بەڕێزیان لەو تەنگانەیە دەریکردم و دەستی پیرۆزی درێژ کرد و بەوپەڕی لەخۆبوردەییەوە جگەرەیەکی لەو جۆرەی خۆی دەیکێشا بۆ رادام بە دارجگەرەوە، منیش بەدڵ و بەزمان سوپاسم کرد بۆ ئەو لەخۆبوردەییە گەورە

و سادەییە بێسنوورەی کە زۆر لەخۆبوردوانە نواندی و بەدەستپێشخەریەکەی هەوڵی دا ئەو بەستەڵەك و حاڵەتی شەرمکردنەی ئێمە کە لە میوانداریی ئەودا دانیشتبووین، بشکێنێت و بەو ئاوڕدانەوەیە وای لێ کردین هەست بکەین ئازادین لە کردنی هەر پرسیار و روونکردنەوەخوازییەك، کە شێوەی وتوێژێکی وەرگرت بەم شێوەیەی خوارەوە:

**قوتابییەك:**

وتوێژێك لەگەڵ حکومەت هەیە و زۆر کەس لە رۆژنامەی (الثورة)ی بەغدادی لەبارەی ئەم بابەتەیان نووسیوە، دیارترینی ئەوانەی تائێستا نووسراون، وتارێکە سەلیم سوڵتان نووسیویەتی کە ناوی خوازراوی خوالێخۆشبوو حەمید عوسمان بوو بەناونیشانی (چۆن چارەسەری پرسی کورد بکرێت؟)، وەك زانراوە (قسەکە هی ئەو قوتابییەیە) حەمید عوسمان ئێستا بەشێوەیەك لە شێوەکان لە سەرچاوەی دروستکردنی بڕیار لە بەغداوە نزیکە، دیارترین ئەوەی لە وتارەکەدا هاتووە ئەوەیە (پشتبەتن بە گەندە و مەندەکانی گەلی کورد بۆ لێدانی گەلی کورد شتێکە دوورە لە لۆژیك)، ئەمە ئاماژەیەکی باشە لە ئاراستەی دەسەڵاتدا پاش ئەوەی گەیشتنە قەناعەت بەوەی ئەنجامدانی دیالۆگ و دانوستان ئەگەر لەگەڵ شەخسی بارزانی نەبێت سوودی نابێت و ناگەینە چارەسەرێکی ئاشتییانە و دیموکراسییانەی دادپەروەر. وتارەکەی حەمید عوسمان گوزارە لە حەقیقەتی ئەوە دەکات لە بیری حزبی بەعسدایە بەئاراستەی دروست.

**بارزانی:**

جاران و باران وتومانە ئێمە لە بانگەشەکارانی جەنگ نین و جەنگ بەزۆر بەسەرماندا سەپێنراوە، ئێمە خوازیار بووین حکومەتی عەبدولکەریم قاسم لەسەر ئەو رێچکەیە سەرەتا دەستی پێکرد بەردەوام بوایە، لای خۆمانەوە بەپێی توانا هەوڵمان دا خۆ لە جەنگ بەدوور بگرین، بەڵام وادیارە شتەکە ئاراستەیەکیتری وەرگرتوە، کاسەلێس و نیازخراپان دەوری عەبدولکەریم قاسمیان دا، کە نەیتوانی چاك و خراپ

لێك جیا بکاتەوە و لەناو ماڵی خۆماندا شەڕی لەدژ کردین، لەکاتێکدا نە پارە و نە چەکمان نەبوو، بوونی کەسانی وەك کەمال عوسمان لە دەوری عەبدولکەریم قاسم زیانێکی گەورەی بەهەمووان گەیاند. کاتێك بارزانی لە قسەکەیدا گەیشتە ئەم خاڵە بزەیەکی سووك کەوتە سەر لێوەکانی و بەدەربڕینێکی سادە بۆی روون کردینەوە کە مرۆڤی رۆشنبیر (ئەوەیە خراپ و چاك، رەش و سپی لێك جیا دەکاتەوە و لەباتی خلیسکان بۆ زەلکاوی ناپاکی، سەنگەری گەلەکەی هەڵدەبژێرێت).

گەلەکەتان زوڵم و زۆرداری تێکشکاند و بەڕووی تاغووت و دوژمنکاریدا وەستا (لەم کاتەدا دەستی کرد بەخواردنەوەی ئەو چایەی لە بەردەمیدا بوو و جگەرەیەکیتری داگیرساند و چاوی بەناوماندا دەسووڕاند، کە بەدوو ریز بەرانبەر یەك دانیشتبووین و بەرێزیان لە سەری مەجلیسەکەوە دانیشتبوو) کاتێك جارێکیتر دەستی پیٚ کردەوە بەدەنگێکی خەمبار وتی (تائێستا نەمانتوانیوە ئەوە بەدیبێنین گەلەکەمان بۆی دەکۆشێت، ئەمە سەرەڕای قوربانییە گەورەکان و ئەو بەرەنگاریکردنە قارەمانانەیەی بەرانبەر دەستدرێژی نواندویەتی، من زۆر لە لێپرسینەوەی خوای گەورە دەترسم لە رۆژی قیامەتدا، بەڵام یەقینم هەیە بەڕووی سپییەوە لە لێپرسینەوەکە دەردەچم!!

**قوتابیەك:**

ئەی لەبارەی وتوێژ و دانوستان چی دەڵێن، ئایا ئێوە بەگەیشتن بەئەنجامێکی ئەرێنی گەشبینن؟

**بارزانی:**

سەرەتا چەند کەسایەتییەك لەلایەن حکومەتەوە هاتن، دوای ئەوە ئاڵوگۆڕی سەردان لەنێوان هەردوولا کرا و لایەنەکەیتر نەرمی نواند و بەڵێنیان پێدان ئەوەی خراپ کراوە چاك بکرێتەوە و قەرەبووی زیانەکان بکرێتەوە، ئەمە جگە لە مافە رەواکانمان.

**قوتابییەك:**

**ئەی لەبارەی کەرکوك چی؟**

**بارزانی:**

**هەموو دەزانن کەرکوك شارێکی کوردییە و دڵی زیندووی کوردستانە، بەنیوە چارەسەر سەبارەت بەم شارە رازی نابین و دەست لە یەك بست لە خاکی کوردستان هەڵناگرین، دڵنیام ئێوە دەزانن چی بەسەر ئالاسکادا هات، کە جاران کانتۆنێکی رووسی و ئێستا ئەمەریکییە، قەیسەرەکانی رووس بەپارەیەکی کەم فرۆشتیان و بەئەمەریکا و بەو هۆیەوە دەستیان لێ هەڵگرت. ئەمە دەمێکە رووی داوە، بەڵام دانیشتوانەکەی تا ئەمڕۆ نەفرەت لە قەیسەرەکانیان دەکەن، من نە ئێستا و نە لە ئایندەدا ئامادە نیم سازش بکەم و بەرگەی نەفرەتی مێژوو ناگرم و بەسەری بەرزەوە رۆژی قیامەت دەچمە حزوری خوا (بەمتمانەیەکی بەرزەوە قسەی دەکرد و قسەکان لەدڵیەوە دەردەچوون و هەستمان دەکرد بەهیچ شێوەیەك لە هەڵوێستی خۆی نابزوێت، لەم کاتەدا جگەرەیەکی تری داگیرساند و چەند ساتێکی کەم پشووی دا) پاشان دەستی بەقسە کردەوە: ئێمە گرنگی بە شکڵیات نادەین و ناوەکان بەلامانەوە گرنگ نین، لەوانە گرنگتر لە دیدی ئێمەدا جێگیرکردنی سنووری جوگرافیی کوردستانە لە چوارچێوەی خاکی عێراقدا.**

**قوتابییەك:**

**هەڵوێستی شای ئێران لە دانوستانەکان چییە؟**

**بارزانی:**

**بەرژەوەندیی گەلەکەمان لەسەروو هەموو ئیعتیبارێکەوەیە، ئەوەی ئێمە دەیکەین بریتییە لە بزوتنەوەیەکی بەرگری، ئەگەر دەستدرێژی و زۆرداری نەمان بەتەواوی ئازادییەوە پێشنیاری ئاشتی قبوڵ دەکەین، پێیشتان دەڵێم کە من هەرگیز متمانەم**

بەشا نەبووە، ساڵی ١٩٦٤ کاتێك هەندێ سیاسی چوون بۆ ئێران و بەنیاز بوون هەندێ شلۆقی بنێنەوە لەسەر سنوورەکانمان لەلاکەیتر وەك پێمان گەیشت و پێم وتن (بەئێرانییەکان) بڵێن (لێرەدا لە قسەکردندا توند بوو) ئێمە ئازاد دەبین لە بەرپەرچدانەوە و دەتوانین ئاگرێکی گەورەتر هەڵبگیرسێنین، ئەنجا ئەوکاتە شا کەوتە میانگیری بۆ گەڕانەوەی ئەو گرووپە و گەڕانەوە.

(ئەوەی چای دەگێڕا ناوبەناو دەهاتەوە ژوورەکە بۆ دابەشکردنی چای بەسەر هەمووواندا، رانەهاتبووین بەخواردنەوەی ئەو بڕە زۆرەی چای کە تا ئەوکاتە لە دە پیاڵە تێپەڕی، من هەرچی دەهات دەمخواردەوە، بەپێچەوانەی هەڤاڵانم کە چایتریان نەخواردەوە) لێرەدا بارزانی لە ئێمەی پرسی: ئەی دەنگوباسی بەغدا؟

**قوتابییەك:**

سەلیم سوڵتان (خوالێخۆشبوو حەمید عوسمان) لەم دواییەدا لە رۆژنامەی (الثورة)ی بەغدادی وتارێکی تری نووسی تێیدا دەڵێت: (ئەو تۆپانەی لە حاجی ئۆمەرانەوە بە قاچاخ هاتوون ناتوانن روناکییەکانی بەغدا بکوژێننەوە، گەیشتنی سوپای عێراقیش بە گەلاڵە مانای کۆتایی هاتنی کێشەی کورد ناگەیەنێت).

**بارزانی:**

ئەمە راستە و من لەگەڵ نووسەر هاوڕام، بەڵام من لە بەقاچاخبەرانی تۆپ نیم، بزوتنەوەکەمان بزوتنەوەیەکی بەرگریکارانەیە بەرهەڵستیی زوڵم و زۆرداری دەکات کە بەسەرماندا سەپێنراون، دەپرسین ئێمە دەتوانین چی بکەین بۆ بەرگرتن لە دەستدرێژیکردن لەکاتێکدا ئەوان (مەبەستی دەسەڵاتدارانی بەغدا بوو) بەپارەی ئێمە نوێترین فڕۆکە و باشترین تۆپ و بۆمبی ناپاڵم بۆ لەناوبردنمان دەکڕن و ئەوە بەمافی خۆیان دەزانن و حەڵاڵە بۆیان، بەڵام ئایەتەکە پێچەوانە دەبێتەوە ئەگەر کورد بەرگری لە خاك و شەرەفی خۆیان بکەن و بەناپاکی دادەنێن لە عێراق. ئەگەر کورد لێرە تفەنگێك و لەوێ تۆپێکی کۆنی پاشماوەی جەنگی جیهانی دووەمی دەست بکەوێت، لەسەر ئەو کارە بەرگریکارانە رەوایە بەجۆرەها ناو وناتۆرەی سەیر و سەمەرە

وەسفمان دەکەن، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم قسەیە کە (ئێمە ناتوانین حکومەت لە بەغدا بڕوخێنین چونکە ئەرکی ئێمە نیە حکومەتەکان بڕوخێنین، بزوتنەوەکەکان بەرگریکارانەیە، لەبەرامبەر ئەوەدا حکومەتەکانیش چەندە چەکی نویٚ بێنن ناتوانن بزوتنەوەی کوردی لەناو ببەن) ئەم قسەیە دەقاودەق لە زاری من گوێزراوەتەوە و من ئەوەم بە حەمید عوسمان وت کاتێك خەریك بوو سەفەر بکات بۆ قاهیرە ساڵی ١٩٦٥ و داوامان لیٚ کرد هەڵوێستمان بۆ حکومەتی میسری ڕۆشن بکاتەوە، ئەوەیش پاش سەردانەکەی سەرۆکی سۆڤیەتی (خروشۆف) بۆ وڵاتی میسر.

دوای ٢٢ ساڵ لە دیدارەکەمان لەگەڵ سەرۆك بارزانی، لەگەڵ هەڤاڵانم عەبدولمەوجود تەها و جەلال خۆشناو ساڵی ١٩٩٢ سەردانی خوالێخۆشبوو حەمید عوسمانم کرد لە ماڵەکەی لە هەولێر بەیاوەریی دکتۆر سەلاح عوسمانی برای کە مامۆستای ئابووری بوو لە کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری زانکۆی سەلاحەدین کاتێك خوالێخۆشبوو حەمید عوسمان نەخۆش بوو و لە ماڵەکەیدا دەمایەوە، ئەو ڕووداوەم بیر خستەوە، وردەکارییەکانم باس کرد و بەدەق پێی وتین (بارزانی لەوەی ئەوکات بۆ گێڕاونەتەوە ڕاستگۆ و ئەمین بووە، ئەو پیاوە (مەبەستی بارزانی بوو) لەو کەسانە نەبوو حەزی لە مەلەکردن بێت بەپێچەوانەی تەوژم، هەوڵی دەدا بەگوێرەی توانا مافەکانی گەلەکەی بەدەست بێنێت، بەوەیشی ئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ بۆ بەدی هات، دڵنیام کاك مەسعوودیش لەسەر هەمان ڕێچکە ڕۆیشتوە و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم).

لە کۆتاییدا کاتێك هەستمان کرد کاتژمێر نیو سەعات لە نیوەی شەو تێپەڕیوە، مۆڵەتمان لە بەڕێزیان خواست بگەڕێینەوە بۆ گەلاڵە، چونکە هەستمان کرد بەو هەموو سەرقاڵی و کێشانەیەوە، زۆر ماندوومان کرد دوای دیدارێك کە زیاتر لە شەش کاتژمێری خایاند، بەتایبەت کە بەدرێژایی ئەو ماوەیە هەر بارزانی قسەی دەکرد، ئەو سەرکردەیەی بەهۆی خەباتی نەپساوەی لە پێناو گەلەکەیدا بەدرێژایی ژیانی تامی پشوودانی نەچەشت.

**کاتێك بۆ دووەم جار تەوقەمان لەگەڵ کردەوە، هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستین و بەئێمەدا سڵاوی نارد بۆ هەڤاڵانمان قوتابیانی کوردستان و یەکێك لە پاسەوانەکانی راسپارد بابەتی گەڕانەوەمان بۆ گەڵاڵە رێك بخات، چونکە هەندێکمان میوانی هەڤاڵان عادل موراد و تەحسین ئەترووشی و ئیبراهیم حاجی حوسێن شاڵی بووین لە ماڵی خۆیاندا لەناو شارۆچکەی گەڵاڵە، لەبەرئەوەی ئەوان پەیوەندییان بەشۆڕشەوە کردبوو لە کوردستان و لەپێناو پرسی رەوای گەلەکەیاندا خوێندن و ئایندەی خۆیان واز لێ هێنابوو. هەردوو هەڤاڵ ئەنوەر عەبدوڵا و قادر حەمەد ئەمینیش میوانی کاك فەرنسۆ هەریری بوون لە گەڵاڵە، کاتێك لە ژوورەکە چووینە دەرەوە سەرباری بارینی بەفرێکی زۆر لەو شەوەدا هەستمان بەسەرمای ئاوهەوا نەکرد، هەستمان بەمەترسییەکانی رێگەکەیش نەکرد، چونکە قسە و وتەکانی بارزانی هێشتا لە گوێچکەماندا دەزرینگانەوە، ئەوەیش وای لێ کردبووین هەموو شتێکی دەوروبەرمان لەیاد بکەین.**



بارزانی نەمر




بەغدا–ئوتێل بەغدا، ١٩٧٤/٣/١٤ لە راستەوە: فەرهاد عەونی، عبدالقالدر حەمەد ئەمین، ئەنوەر عەبدوڵڵا



ناوپردان، ناوەندی مانگی تەموزی ساڵی ١٩٧٠، ڕۆژانی کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی قوتابییانی کوردستان

لە ڕاستەوە: جەلال خۆشناو، عادل موراد، فەرهاد عەونی



دیلمان، ١٩٦٧، بارزانی نەمر و لەتەنیشتییەوە مەسعود بارزانی



دیمەنێکی گشتیی شارۆچکەی گەلاڵە

## یادەوەریی رۆژانێکی پڕ چاوەڕوانی کە لە بەغدا تێیاندا ژیاین

## پێش راگەیاندنی رێکەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠

لەلای راستی شەقامی رەشید کە لە گۆڕەپانی مەیدانەوەوە دێی شەقامێکی فەرعی هەیە بە (جدید حسن باشا) ناسراوە، لەلای راستی و لەبەرانبەر قاوەخانەی زەهاویش هۆتێلێکی سادە هەبوو نەماندەزانی بۆچی ناونراوە (فندق دنیا)، کاتێك برا و هاوڕێم لە کۆلێژی ئابووری و زانستە سیاسییەکان عەبدولمەوجود تەها پرسیاری لە خاوەنی هۆتێلی ناوبراو بەڕێز (مەکی) کرد (گەنجێك بوو لە ناوەڕاستی دەیەی سێیەمی تەمەنیدا و خەڵکی نەجەفی ئەشرەف و تابلێیت بەڕەوشت و سەنگین بوو) لەبارەی هۆی ناونانی هۆتێلەکە بەو ناوە لە چییەوە هاتووە، وەڵامی دایەوە هۆتێلەکە هەر بەو ناوەوە بووە پێش لەوەی ئەو دوو ساڵ لەوەوبەر بەڕێوەبردنی بگرێتە ئەستۆ. کاتێك یەکەم رۆژ بینیمان، هۆتێلەکەمان کرد بەشوێنی نیشتەجێبوونمان، ژووری ژمارە ١٢ی بۆ تەرخان کردین کە بەسەر دوکانەکانی بازاڕی مەزاتحانەکە (سوق الهرج)دا دەیڕوانی لەلای خۆرئاواوە، مانگانە بە ١٥ دینار، لەگەڵ دیناریکیتر بۆ کرێکارە لادێییەکەی هۆتێلەکە (ناجی مەدلول) کە شەو دەمایەوە خزمەتی هۆتێلنشینەکانی دەکرد و لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانی و هاتوچۆی بە رێڕەوەکانی ژوورەکاندا، لەبەر خۆیەوە هەندێ کۆپلەی گۆرانیی لادێیی دەوت.

شوێنی هۆتێلەکە چەند تایبەتمەندیەکی هەبوو بۆ ئێمە، نزیك بوو لە شوێنی حەوانەوەی بەشێکی زۆری قوتابیانی کوردستان، کە لە هۆتێل و خانوو و ژوورەکانی حەیدەرخانەدا نیشتەجێ بوون، هەروەك نزیك بوو لە گۆڕەپانی مەیدان کە لێیەوە پاس و تەکسی دەچوون بۆ زۆربەی کۆلێژەکانی زانکۆی بەغدا و دەوروبەرە فراوانەکەی، ئەمە جگە لە بوونی کۆمەڵێ قاوەخانەی بەناوبانگ لەوێ وەك (بەلەدیە، عارف ئاغا، حەسەن عەجەمی، پەرلەمان و زەهاوی) لەنزیك هۆتێلەکە، ئێمە و ژمارەیەکی زۆری قوتابیان لەکاتی تاقیکردنەوە مانگانە و وەرزییەکاندا تا درەنگانی شەو لەو قاوەخانانە دەماینەوە و سەعیمان دەکرد. پاشان لەبەردەم دوکانی (شەربەتی حاجی زبالە)ی بەناوبانگدا دەوەستاین کە ٢٤ کاتژمێر کراوە بوو و شەربەتی مێوژی سافی تێدا دەفرۆشرا لەگەڵ کێکی جۆری (ناپلیۆن)، کێکێك و پەرداخێکی گەورە شەربەت بە ٢٥ فلس بوو.

لەگەڵ ئەو کەشە بەغدادییە جوانەدا راهاتبووین کە زۆر جار بیر لە یادگاریەکانی دەکەمەوە و هەرکات ئەو کەشە هێمنە و ئەو حەماسەم بیر دەکەوێتەوە کە لە کارکردنی سیاسیدا هەمانبوو، دڵم بۆی پڕ دەبێت، کە نیشتمانپەروەریی خاوێن لە کانزاکەیدا رەسەن و گیانی هاوڕێیەتی بەسەر پەیوەندیی نێوان ئێمەی قوتابیانی کورددا زاڵ بوو، سەرباری مەترسییە گەورەکانی بەگیانێکی راچەنیو و پڕ خەونی رۆمانسییانە کاری سیاسیمان دەکرد، ئەمەی وای کردبوو ئێمەی قوتابیانی کورد جێگەی رێز و تەقدیرێکی گەورە بین لای قوتابیانی عەرەب و بیانی، ئەوەیش لە بنەڕەتدا بۆ ئەو چوارچێوەیە دەگەڕایەوە کە کۆی کردبووینەوە و بەچاکەی ئەو (واتە: ی ق ك) هەستمان بەفەخر و شانازی دەکرد کاتێك گفتوگۆ و مشتومڕی سیاسیمان لەگەڵ لایەنەکیانی تر لە کۆمەڵە یەکێتی و پەیوەندییە قوتابییەکانی تری سەر گۆڕەپانی سیاسیی ئەوکاتی زانکۆی بەغدا هەبوون، بەهۆی ئەو یەکگرتوویییەوە هیچ قوتابییەك تووشی هیچ ئازار یان کێشەیەك نەبوو، چونە رێکخستنەکانی خانە بچووکەکان لە کارکردندا باو بوو، کە لیژنەکانی کۆلێژەکان و لیژنەی رێکخستنی شاری بەغدش و دەستەی رێکخستنی ناوەندی سەرپەرستی دەکردن، کە پاش سەردانی ئەندامانی بۆ ناوپردان و دیداریان لەگەڵ مەکتەبی سیاسی لە ٦ی شوباتی

**١٩٧٠ شێوەی کۆتایی خۆی وەرگرت و ناونرا (دەستەی ڕێکخستنی ناوەندی یەکێتی قوتابییانی کوردستان) کە بەم شێوەیە بوو:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەنوەر عەبدوڵا | کۆلێژی کارگێڕی-بەشی ئابووری | زانکۆی مووسڵ |
| ٢ | ڕەنج نووری شاوەیس | کۆلێژی پزیشکی | زانکۆی مووسڵ |
| ٣ | قادر حەمەد ئەمین | کۆلێژی ئاداب-بەشی کوردی | زانکۆی بەغدا |
| ٤ | عادل فازڵ لەیلانی | کۆلێژی ئابووری و زانستە سیاسیەکان-بەشی ئامار | زانکۆی بەغدا |
| ٥ | جەلال سەلیم خۆشناو | کۆلێژی ئەندازە و تەکنەلۆژیا-بەشی کارەبا | زانکۆی بەغدا |
| ٦ | فەرەیدون عوسمان | کۆلێژی پەروەردە | زانکۆی بەغدا |
| ٧ | جەواد شێروانی | کۆلێژی ئاداب-بەشی کوردی | زانکۆی بەغدا |
| ٨ | فەرهاد عەونی | کۆلێژی ئابووری و زانستە سیاسیەکان-بەشی ئابووری | زانکۆی بەغدا |

**بەرپرسیارێتی هەرەوەزییانە و بەگوێرەی ئوسولٚ دابەشکراو بوو، ڕێکخراوە قوتابییەکان لە قوتابخانەکانی کوردستان و کۆلێژەکانی زانکۆی بەغدا و مووسڵ و بەسرە باو بوون ڕێنمایی هەفتانە و مانگانە گشتاندن دەکرا و وەك خۆیان جێبەجێ دەکران، زۆربەی جاریش بەدەست دەنووسران یان بەتابیعە چاپ دەکران لەڕێی هەڤاڵ (کرمانج عەبدولڕەحمان نورجان) کە ئەندامی ڕێکخراوەکە بوو و لە دەوامی ئێوارانی یەکێك لە فەرمانگەکانی دەوڵەتدا فەرمانبەر بوو.**

نیوەی دووەمی دەوامی رەسمیی زانکۆ لە ١٥ی شوباتی هەموو ساڵێك دەستی پێ دەکرد و پڕ چالاکیی پیشەیی و سیاسی بوو، گرنگترینیان جێگیرکردنی دەستەی رێکخستنی ناوەندی بوو لەئەنجامی سەردانی پێنج لە سەرکردەکانی ی ق ك لەکاتی پشووی بەهارەیاندا (پشووی نیوەی ساڵ) بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسی لە (ناوپردان) و پاشان سەردانی بارەگای بەڕێز بارزانی و بینینی سەرکردەی نەمر بۆ ماوەی شەش کاتژمێری تەواو، کە ئەوە گوڕ و تینێکی گەورەی پێ بەخشین، هەروەها چاوخشاندنەوە بەسەرجەم پرس و بابەتەکانی پەیوەست بە رێکخراوەکان پاش ئەوەی رێنماییە مەرکەزیمان بۆ هات بۆ یەکخستنی ریزەکان و وەلاخستنی ناکۆکییە لاوەکییەکان لەبەر تیشکی سەرهەڵداوە تازەکان و ئاسۆکانی پەرەسەندنیان بەرەو باشتر، کە مزگێنیدەر بوو بەگەیشتن بەچارەسەرێکی ئاشتییانەی کێشەی کورد پاش سەرکەوتنە یەکلاکەرەوەکانی هێزەکانی پێشمەرگە لە گۆڕەپانی سەربازی و دەرکەوتنی ئاراستەیەکی نوێ لە سەرکردایەتیی عێراقی و حزبی بەعسی ئەوکات بەرەو چارەسەری ئاشتییانە و دیموکراسییانە، ئەمە جگە لە ئارەزووی یەکێتیی سۆڤیەتی ئەوکات کە کەوتبووە فراوانکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق لەڕێی باشکردنی مامەڵەی سیاسی و ئابووریی نێوان هەردوو وڵات بۆ دانانی سنوورێك بۆ شەڕی براکان و کۆتاهێنان بەتراژیدیای خەم کە زۆر کەسی تێدا بوونە قوربانی و توانا سەربازی و مرۆیی و ماددییەکانی عێراقی بەفیڕۆدا، وەك دەسپێك بۆ داننان بەتەواوی مافەکانی گەلی کوردستاندا.

کارەکان بەشێوەیەکی سروشتی بەڕێوە دەچوون، هەواڵی دانوستانەکانی نێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد و حکومەتی عێراق راستەوخۆ لەڕێی کەسێکی نزیك لە دانوستانکارانەوە دزەی دەکردە لامان. دانوستانەکان بەدۆخی هەڵکشان و داکشاندا تێدەپەڕین، ئێمە زۆر گەشبین بووین کاتێك هەر سێ هاوڕێ (جەلال سەلیم خۆشناو و عەبدولمەوجود تەها و نووسەری ئەم دێڕانە) بۆ یەکەم جار چاومان بەئەندامانی شاندی کوردی کەوت کە ئەوکاتە پێکهاتبوو لە تێکۆشەران (ئیدریس بارزانی، مەسعوود بارزانی، نووری شاوەیس، ساڵح یوسفی، سامی عەبدولڕەحمان، دارا تۆفیق، نافیز جەلال حەوێزی و د. مەحموود عوسمان) لە کۆشکی سپی لە شەقامی

(النضال)، کە میوانی لایەنی حکومی بوون لەکاتی هاتنی سەرەتایاندا بۆ بەغدا لە کۆتاکانی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٩ کاتێك شەهید ئیدریس بەجیا قسەی لەگەڵ کردین و بێ پێچ و پەنا پێی وتین: (دڵنیا بن حوکمی زاتی بەدەست دێنین، لەگەڵ پارێزگاریکردنمان لە بوونێکی سەربازیی چەکدار).

لەو دیدارەدا چۆنێتیی وەرگرتنی زانیاری و ڕێکخستنی پەیوەندیم لەبەر تیشکی پەرەسەندنەکانی ئایندەدا ڕێك خست، لە هەمان کاتدا ئاگەدار کراینەوە کە وریا و چاوکراوە بین، چونکە وەك شەهید ساڵح یوسفی پێی وتین (سیاسەت گۆڕانکاری تێدایە)، ئەو چۆنێتیی دەرچوونمانی لە کۆشکی سپی بۆ ڕێکخستین لەگەڵ خوالێخۆشبوو نافیز جەلال بەئۆتۆمبێلێکی مارسیدس، کە بۆ ئەوان تەرخان کرابوو و لەناو قەرەباڵغیی شەقامی سەعدووندا و ڕێك لە دەروازەی شەقامی (المشجر) لێی دابەزین بۆ خۆلادان لە ئەگەری تووشبوونی هەر کێشەیەك!

لەکاتێکدا گەشبینییەکەمان لەجێی خۆیدا بوو، زۆر بەحەزەریش بووین، چونکە ئێمە لە سەرکردایەتیکردنی ڕێکخستنی قوتابیان و هەر ورد و درشتێك تێیدا، بەرپرس بووین، بەئاشکرابوونمان ڕێکخراوەکە تووشی هەژانێکی گەورە دەبوو کە ئاکامی باش نەدەبوو، لەبەرئەوە کاتێك نیوەڕی ڕۆژی ٩ی ئازاری ١٩٧٠ لەلایەن ئەو نێردراوەی نزیك بوو لە ڕەوتی دانوستەکان پێم ڕاگەیەنرا کە دانوستانەکان بەقۆناغێکی سەختدا تێدەپەڕن و هەلی سەرکەوتنیان زۆر کز بووە و پێویستە لەسەرمان (قسەکە لێرەدا هی ئەو کەسەیە) هەندێ ڕێوشوێنی خۆپارێزی بگرینە بەر تا نەکەوینە کێشە، لە هەمان ڕۆژیشدا بەیاننامەی چاپکراو کە لەلایەن سەرکردایەتیی هێزی ئاسمانیی عێراقەوە دەرچووبوو، لە ئاسمانەوە بەر درایەوە تێیدا هێرشی دەکردە سەر شۆڕشی کوردستان و سەرکردەکانی بە (بەکرێگیراو و یاریدەدەری ئیستیعمار و زایۆنیزم) وەسفی دەکرد، دۆخێکی ناسرووشتی بۆ خولقاندین و وای لێ کردین فریای هەندێ شتی پەلە بکەیون تا چارەسەری پێویستیان بۆ دابنێین.

ڕۆژی ١٠ی ئازاری ١٩٧٠ نەچووم بۆ دەوام لە زانکۆ و شوێنی نیشتەجێبوونم گۆڕی و چووم بۆ لای هاوڕێیەکم (فەلاح حەسەن جاسم) کە لە هەمان قۆناغی

خوێندنی کۆلێژدا لەگەڵم بوو و لە موشتەمەلێکدا دەژیا لە گەڕەکی وەزیریە بوو (فلاح) (خەباتگێڕێکی شیوعیی خەڵکی ناسریە بوو، پەیوەندیمان زۆر بەهێز بوو، دۆستێکی گیانی بەگیانی قوتابیانی کورد بوو لە ناوەندی زانکۆییدا و رۆشنبیرێکی سەرسام بوو بەچالاکیی کوردی، هەموو ساڵێك شیرینیی خورما بەکونجی بۆ دەهێناین، کە خەڵکی ناسریە پێی بەناوبانگن، هاوڕێیەتیمان تا ئەمڕۆ بەردەوامە، سەردانەکەیم لە کۆیە لەیاد ناچێت پاش نسکۆکەی ١٩٧٥، کە ورەی دەدایە بەرم و هەوڵی دا دڵم بداتەوە لەوەی پاش نسکۆ ئازاربەخشەکەی کە بەسەرماندا هات و پێشنیاری کرد بچم ماوەیەك لە شارەکەی، ناسریە بم و باوەڕی وابوو دوورکەوتنەوە لە کوردستان بۆ ماوەیەك هەندێ یارمەتیم دەدات بۆ سووکبوونی خەمەکان.

شەوی ١٠–١١ی ئازاری ١٩٧٠ لەو شەوانەیە قەت لەیادی ناکەم، ئەو شەوەم لە موشتەمەلەکەیدا لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوڕێیانی لە شاری ناسریە بەسەر برد، کە پێشبڕکێیان دەکرد لە خوێندنەوەی قەسیدەکانی شاعیر موزەفەر ئەلنواب سەرباری فشقیاتی یەکێکیان کە قوتابی بوو لەگەڵمان لە قۆناغی سێیەمی بەشی ئامار، ئەویش خەڵکی ناسریە بوو و ناوی (خالید ئەمین) بوو پاش ئەوە بێ سەروشوێن بوو و تائەمڕۆیش سۆراخی نەبووە، یەکێك بوو لە هەوادارانی ئەو باڵەی بەناوی سەرکردایەتیی ناوەندییەوە لە حزبی شیوعیی عێراقی جیا بووەوە کە لە سەرەتادا عەزیز ئەلحاج لە ساڵی ١٩٦٧دا چاوساغ (مونەزیر)ی ئەو گرووپە بوو.

نیوەڕۆی رۆژی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ بڕیارم دا بەشێوەیەکی کاتی موشتەمەلەکە بەجێ بێڵم و چووم بۆ ئەو هۆتێلەی تێیدا بووم تا هەندێ کەلوپەلی پێویست ببەم، لەوانە مۆری دەستەی رێکخستنی ناوەندیی ی ق ك کە لەپشت وێنەیەکی هەڵواسراو بەدیواری ژوورەکەمان لە هۆتێلەکەدا شاردبوومەوە، وێنەکە وێنەی کوڕ و کچێك بوو پێکەوە لە باخچەیەکی رەنگیندا لە ژوان بوون. هەڵبژاردنی ئەو وێنە چوارچێوەدار و هەڵواسراوە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا، بۆ شاردنەوەی مۆرەکە بوو لەکاتی هەر رووداوێکی لەناکاودا. هەوڵم دا لە دەرگای دووەمیەوە بچمە هۆتێلەکە، واتە لەلای مەزاتخانەکەوە کە هاتنەوەژوورەوە و چوونەدەرەوە لەوێوە باو نەبوو. کاتێك نزیك

کەوتمەوە کارگوزاری هۆتێلەکەم بینی (ناجی) کە لە یەکێك لە قاوەخانە میللییەکانی ژێر رووکاری هۆتێلەکەدا نێرگەلەی دەکێشا. بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەوڵم دا بزانم کاتێك من لەوێ نەبووم چی رووی داوە، کە زانیم هیچ شتێك نەبووە جێی نیگەرانی بێت، لەڕێی پلیکانەی پشتەوە کە تاریك بوو سەرکەوتمە ناو هۆتێلەکە، کاتێك لە ژوورەکەمان نزیك کەوتمەوە بینیم دەرگای ژوورەکەمان لەسەر پشتە، گومانم بۆ دروست بوو، لەگەڵ ئەوەیشدا خۆم گرت و چوومە ژوورەوە تا مۆرەکە و هەندێ کەلوپەلی پێویست ببەم، کە چوومە ژوورەوە تێبینیم کرد هەندێ شتی نائاسایی لە ژوورەکەدا رووی داوە، لەوانە پەرش و بڵاوبوونەوەی رایەخەکان و گۆڕانی شوێنی کتێبەکان، ئەو هەستەم لەلا دروست بوو (سەردانیکارانی بەرەبەیانی پیاوانی ئاسایشی بەعس) هاتوونەتە ژوورەکەمان و بابەتەکە لانیکەم بۆ من بووە، ئیتر تەواو! لەبەرئەوە دەستبەجێ وێنە هەڵواسراوەکەی سەر دیوارەکەم هەڵگرت کە مۆرەکەم لەپشتیەوە حەشار دابوو و خێرا ویستم لە پلیکانەکەی پشتەوە کە دەچووە مەزاتخانەکە دەربچم، تا لە چاو ونم بم، لەو ساتەدا گوێم لە دەنگێك بوو بەبەهێزی بەناوی خۆم بانگی دەکردم (فەرهاد.. فەرهاد)، سەرەتا بەهۆی پەشۆکانم لەو ساتەدا خاوەنی دەنگەکەم نەناسیەوە، ترسی خستە دڵمەوە و خێراتر هەنگاوم نا تا لە پلیکانەکە داببەزم و بەهەر رێگەیەك بووە خۆم دەرباز بکەم و ئاوڕم لە دەنگەکە نەدایەوە. کاتێك گەیشتمە خوار پلیکانەکە جارێکیتر بەکوردی بانگی کردمەوە: (فەرهاد بۆ کوێ دەچیت)؟! ئەنجا زانیم دەنگەکە دەنگی هاوڕێم عەبدولمەوجود تەهایە کە بەرەو من دەهات و جددییەتی پێوە دیار بوو وەك ئەوەی شتێکی گرنگ رووی دابێت، رووبەڕوو کەوتمە بەرانبەری، پرسی: (لەکوێ بوویت؟ دنیات بۆ گەڕام، ئەوە دووەم جارە بەتەلەفۆن لە هۆتێل بەغداوە داوات دەکەن، دەبێت بەزووترین کات بگەینە ئەوێ). نەمدەزانی چی دەگوزەرێت و هەستم بەسەرسوڕان کرد و لێم پرسی ئەو باسی چی دەکات، کاتێك هەڤاڵ عەبدولمەوجود تەها هەستی کرد من بەباشی لە قسەکەی نەگەیشتووم، دەستی گرتم و بردمی بۆ ژوورەکە و وتی (هەموو شت تەواو!! دانوستان سەرکەوت و شاندی کوردی ئێستا لە پایتەختن رێك لە هۆتێل بەغدا،

ماموستا ساڵح یوسفی دوو جار بەتەلەفۆن پەیوەندی پێوە کردین و پێویستە هەر ئێستا دەرچین و بڕۆین بۆ هۆتێل بەغدا).

کاتێك هەڤاڵ عەبدولمەوجود ئەو قسانەی کرد هەستم دەکرد خەو دەبینم و لەیەکەم ساتدا باوەڕم نەکرد بەوەی پێی وتم، چونکە پێش چەند خولەکێك لە دۆخێکی ئیرەیی پێ نەبراودا بووم و بەنیازم بووم بۆ ماوەیەك خۆم حەشار بدەم و ئەگەر دانوستانەکان شکستیان هێنا بەکردەوە پەیوەندی بەشۆڕشی کوردەوە بکەم، ئەوکات لە وەرزی دووەمی کۆتا ساڵی خوێندنی زانکۆم بوو، کەچی خۆمم لە دۆخێکی تەواو جیاوازدا بینییەوە، دانوستانەکان سەرکەوتوون و ئێمە داواکراوین بەزووترین کات بگەینە هۆتێلی بەغدا بۆ بینینی سەرکردەکانی حزبەکەمان کە بەڵگەنامەی رێکەوتنەکە و مژدەی گەورەکەیان پێیە.

لەڕاستیدا ئەوە (موفاجەئە)یەك بوو پێشبینیم نەدەکرد و لەخۆشیدا فرمێسك بەچاومدا هاتە خوارەوە و لەسەر قەرەوێڵەکەم دانیشتم، لەو کاتەدا هەڤاڵ جەلال خۆشناو بە زەردەخەنەوە خۆی کرد بەژووردا و ئەملاولای یەکترمان ماچ کرد و پیرۆزباییمان کرد و دەرکەوت کاتێك هەواڵەکەی لە زاری هەڤاڵمان ئازاد فوئاد عارف ئەندامی (ی ق ك)ەوە بیستوە، ئەویش لە باوکیەوە (کەسایەتیی کوردیی ناسراو و نزیك لە سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد)، بەپەلە لە کۆلێژەکەیەوە هاتووە بۆ لامان.

بەپەلە هەرسێکمان دابەزینە شەقامی رەشید، تەکسییەکمان گرت بۆ هۆتێل بەغدا، کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ بوو، هەر کە گەیشتینە ئەوێ شەهید ساڵح یوسفیمان بینی، سەرزەنشتی کردین لەسەر دواکەوتن و دەستبەجێ ناساندینی بە ماموستا سامی عەبدولڕەحمان کە دەستی گرتم و چووین بۆ سووچێکی هۆڵی پێشوازی هۆتێلەکە، کە بەسەر حەوشەی دەرەوەی هۆتێلەکەیدا دەڕوانی لەلای شەقامی سەعدوونەوە، لەوێ دانیشتین و بەدرێژی باسی خاڵەکانی رێکەوتنامەکە و هەلومەرجەکانی دەوروبەری کرد، وتی: (رێکەوتنامەکە ئەمشەو لەلایەن بەڕێز سەرۆك کۆمار (ئەحمەد حەسەن بەکر)ەوە لەڕێی وێستگەکانی رادیۆ و تەلەڤزیۆنەوە رادەگەیەنرێت، هەروەها لە رادیۆی دەنگی کوردستانەوە) لە شاخ، پاشان هێڵە

سەرەکییەکانی ئەرکی سەرشانی ئێمەی لە چەند کاتژمێری داهاتوودا پێدایِن، لەوانە سەرجەم ڕێکخستنەکانی قوتابیانمان کۆبکەینەوە بۆ بەشداریکردن لەو ڕێپێوانە جەماوەرییە گەورەیەی بەیانیی ڕۆژی دواتر، کە لە گۆڕەپانی مەیدانەوە دەست پێدەکات، هەروەها نووسینی بروسکەی پاڵپشتیی و ئامادەکردنی لانیکەم ١٥٠ لافیتە لە ستایشی بۆنەکەدا، هەروەك داوای لێ کردین لای خۆمانەوە گرنگی بە ڕێپێوانەکە بدەین و ئاگەداری ڕێکخستنی تاقمەکان (الکرادیس) و هەڵبژاردنی دەستەی سەرپەرشتی و هەڵگرانی لافیتەکان و ئەو جۆرە شتانە بین.

چواری عەسر و پاش کۆبوونەوەی برایان لە دەستەی ڕێکخستنی ناوەندی لەگەڵ بەرپرسانی لیژنەکان لە کۆلێژ و پەیمانگە و ئامادەییەکانی بەغدا، بڕیار درا کار و ئەرکەکان بەگوێرەی ئەو ڕێنماییانەی پێی ڕاگەیاندین دابەش بکرێن، بۆ جێبەجێردنی ئەو ئەرکەیش سوودمان لە ئۆتۆمبێلەکانی هەندێ هەڤاڵی ئەندام وەرگرت کە بریتی بوون لە (ئازا مەحموود خەفاف، سیروان عەبدوڵا سەعید، مونزیر نەقشبەندی). لەگەڵ ڕاگەیاندنی ڕێکەوتنامەکەدا ئێمە یەکەم کەس بووین بە بروسکەکانی پاڵپشتیی (ی ق ك) بەهەموو دەستەکانیەوە، گەیشتینە بارەگای ئێزگە. کاتژمێر دەی شەو پاش لێبوونەوە لە بەسەرکردنەوەمان بۆ سەرجەم بەشە ناوخۆییەکان و ناوچەکانی بوونی کورد، وەك حەیدەرخانە و تەل محەمەد و وەزیریە، ڕاستەوخۆ چووین بۆ ماڵی هەڤاڵ سیروان عەبدوڵا سەعید بۆ ئامادەکردنی دروشمەکان، ژووی سەرەکیی پێشوازی لە ماڵەکەیدا بۆ ئێمە ئامادە کردبوو تا بتوانرێت لافیتەکان ئامادە بکرێن.. هەڤاڵ فازڵ نەقشبەندی (قوتابی لە کۆلێژی ئەندازەی تەکنەلۆژی و ئەندامی ی ق ك) خۆبەخشانە نووسینی سەر لافیتە گەورەکانی گرتە ئەستۆ، کە نووسینیان تا کاتژمێر حەوتی بەیانیی ڕۆژی ١٢ی ئازاری خایاند، بەبێ ئەوەی کەسمان بخەوین!!.

هەشتی بەیانی ١٢ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ زۆر بەزەحمەت توانیمان بگەینە گۆڕەپانی مەیدان، گۆڕەپانەکە سیخناخ بوو لە خەڵك و هێشتایش جەماوەر هەر بەلێشاو دەهات. پێشنیارم بۆ هەزاڵان لە سەرکردایەتی ڕێکخستنی قوتابیان کرد جڵەوی دەستپێشخەری وەربگرم و بەر لە دەستپێکردنی ڕێپێوانەکە بەرەو گۆڕەپانی

تەحریر وتارێك بدەم. چوومە سەر عارەبانەیەكی گەڕۆك كە هی فرۆشیارێكی كورد بوو (شۆربای نیسك)ی دەفرۆشت لە گۆڕەپانی مەیدان بەناوی (خالید حەمەد ئەمین)، خەڵكی كۆیە بوو و بەڕێكەوت لەو شوێنەدا بوو، كاتێك سەركەوتمە سەر عارەبانەكە هەموو روویان كردە من لەو ساتەدا بەخۆمم وت (چیم كرد؟!)، پاشان فریا كەوتم و قسەم بۆ حەشاماتەكە كرد و وتم: (ئەمڕۆ رۆژی سەرجەم عێراقییەكانە، ئەوەی بەدەست هاتووە بەهۆی خۆڕاگریی و خەباتی گەلی كوردمان و و تێگەیشتنی سەركردایەتی حزبی بەعسەوە بووە بۆ داواكارییەكانی شۆڕشی كورد بەسەركردایەتیی بارزانی، ئەندامانی (ی ق ك) بانگهێشتكراون بۆ دەستگرتن بەڕێنماییەكان و پارێزگاریكردن لە سیستم، تا بیسەلمێنین رێكخستنەكانمان شیاوی ئەو شەرەفەن).

حەشاماتەكە گرمە و نركەی دەهات و لە گەورەترین رێپێوانی جەماوەریدا كە عێراق بەخۆوەی بینیبێت شەقامی رەشیدی بڕی، ئێمە لە دەستەی رێكخستنی ناوەندی لە پێشەوەی تاقمی قوتابیانی كوردستانەوە دەچووین بەئاراستەی گۆڕەپانی تەحریر، لە هەردوو لای شەقامی رەشید و لە بەلەكۆنی ماڵەكانەوە خەڵك بەجیاوازیی نەتەوە و ئاراستەی سیاسییانەوە چەپكە گوڵ و چكلێتیان بەسەر بەشدارانی رێپێوانەكەدا دەپژاند لەناو قریوە و هەلهەلەی ئافرەتاندا، تا دوای دوو كاتژمێر گەیشتینە گۆڕەپانی تەحریر، كە لەوێ سەركردەكانی حزبی بەعس و بەرپرسانی دەوڵەت و سەركردەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان و شۆڕشی كورد لەسەر سەكۆ و لە ناو جەماوەردا وەستابوون، كە تەواو بەخۆرسكی خڕ بووبوونەوە بۆ پیرۆز و ستایشكردنی ئەو رێكەوتنامە نەمرە. سەركۆماری ئەوكات خوالێخۆشبوو ئەحمەد حەسەن بەكر و د.مەحموود عوسمان كە ئەوكات ئەندامی مەكتەبی سیاسیی پارتی بوو دوو وتەیان پێشكەش كرد و تێیاندا جەختیان لە گرنگیی ئەو رووداوە مەزنە لە ژیانی سەرجەم عێراقیەكاندا كرد.

نۆی ئێوارەی هەمان رۆژ ئێمە دەستەی رێكخستنی ناوەندی لەگەڵ كۆمەڵێكی بچووك لە قوتابیانی كوڕ و كچ ئەندامانی ی ق ك بەیاوەریی شەهید ساڵح یوسفی

روومان کردە کۆشکی کۆماری، ئەوەیش لەسەر بانگهێشتی سەرکۆمار بۆ ئامادەبوونی ئێوارە خوانێکی گەورە کە لەسەر شەرەفی شاندی کوردی ساز کرابوو و سەرکردەکانی حزبی بەعس و شاعیری گەورە محەمەد مەهدی جەواهیری و نووری عەبدولڕەزاق ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعیی عێراقی و ژمارەیەکی زۆر کەسایەتیی کورد و عەرەب ئامادە بوون. بیرمە شەهید دارا تۆفیق و خوالێخۆشبوو مورتەزا ئەلحەدیسی لە دەروازەی سەرەکیی هۆڵە گەورەکەی کۆشکی کۆماریدا وەستابوون بۆ پێشوازیکردنی میوانان و ناسینی بانگهێشتکراوان، کاتێك گەیشتینە ئەو شوێنەی لێی وەستابوون کاك دارا ناساندینی بە خوالێخۆشبوو مورتەزا و وتی: برایان نوێنەرانی ی ق ك-عێراق. ئەوکاتە خوالێخۆشبوو مورتەزا تەوقەی لەگەڵ کردین و بەیەك وشە پێی وتین: (ئێوەی قوتابی ئەزیەتتان نەخوارد!) مەبەستی ئەوە بوو ئێمە دووچاری ئەزیەت و ئازار نەبووین بەدرێژایی ماوەی پێش ڕاگەیاندنی ڕێکەوتنامەکە و لە ڕاوەدونان و گرتن دوور بووین. کاتێك لە قسەکەی بووەوە تەماشای روخساری شەهید دارام کرد و لە سیمایدا ئەوەم خوێندەوە چاوەڕوانی وەڵام لە من دەکات بۆ قسەکەی خوالێخۆشبوو مورتەزا، منیش بەخێرایی وتم: (سەروەریی ئەوە بۆ ڕێکخستنە نهێنی و ئاسنینەکانمان دەگەڕێتەوە، کە درزەتێکردنی مەحاڵ بوو)!.

ئەوە یەکەم جار بوو بچمە کۆشکی کۆماری، ئەو کۆشکەی پێشتر کاتێك بەنزیکیدا تێدەپەڕین سامحان لێ دەنیشت، ئەویش کاتێك لەڕێگە چوونمان بۆ هۆڵی (الخلد) بۆ بینینی نمایشە شانۆییەکان لەڕێی پردە هەڵواسراوەکەوە. دوای ئەوە سێ جاریتر چوومە ئەو کۆشکە، دوو جار لەگەڵ سەرۆك و ئەندامانی مەکتەبی جێبەجێکردنی یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق و جاری سێیەمیش لەگەڵ دەستەی کارگێڕیی کۆمەڵەی ئابووریناسانی عێراقی لە پاییزی ساڵی ١٩٧٣، کە من ئەندام و نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان بووم. هۆڵی کۆشك جمەی دەهات لە بانگهێشتکراوان، روخساریان خۆشی و شادی لێ دەباری بۆ ئەو دەسکەوتە مێژووییە گەورەیە، کە بۆ یەکەم جار لە ڕێی بەڵگەنامەیەکی رەسمییەوە مافە نەتەوەییە رەواکانی گەلی کوردمانی لەسەر بناغەی حوکمی زاتی سەلماند.

هۆڵەکە تا بڵێیت ڕێکوپێك ڕێکخرابوو، زەوییەکەی بەهۆرتەی ئێرانی رایەخ کرابوو. سورەیای دروستکراو لە کریستاڵ لێرە و لەویٚ هەڵواسرابوون و دەلەرینەوە و مۆرکێکی جوان و نایابی بەشوێنەکە بەخشیبوو، روناکییەکانیان لەسەر پشتی قەنەفەکان بریقەی دەدایەوە، کە لە جۆری (لویس)ی راقی بوون و بەشێوەی ئەندازەیی دروست کرابوون، کە وای کربوو بانگهێشتکراوان دابەش ببن بۆ کۆمەڵ کۆمەڵ لێرە و لەویٚ و لەناو خۆیاندا دەمەتەقێی سیاسی بکەن، لەکاتێکدا مێزە لاکێشەییە گەورەکە چاوەڕوانی بانگهێشتکراوانی دەکرد بۆ نانی ئێوارە، ماسی برژاو (مسکوف) کە خواردنێکی بەتامی عێراقییە بەشێکی گەورەی مێزەکەی گرتبوو. تا لە ژیانیشدا مابم جەواهیریی مەزنم بیر ناچێت کە هەردوو باڵی لەسەر شانەکانی شەهید ئیدریس بارزانی و کاك مەسعوود بارزانی دانابوو و کڵاوەکەی بەسەرەوە بوو کە دەستەواژەی (کوردستان یان نەمان)ی لەسەر نووسرابوو وەك دەربڕینی خۆشەویستیی خۆی بۆیان و لەڕێی ئەوانەوە بۆ باوکیان بارزانیی نەمر، کە لە قەسیدە نایابەکەیدا (کوردستان موطن الابطال) بەچەند بەیتێك وەسفی کردوە کە ئەوکات و بۆ لەمەودوایش لە دڵی هەموو کورددا جێی خۆی دەکاتەوە، تێیدا دەڵێت:

قلبي لكردستان يهدى والفم

ولقد يجود بأصغريه المعدم

لم على الجبل الأشم وعنده

من أبجديات الضحايا معجم

شعب دعائمه الجماجم والدم

تتحطم الدنيا ولا يتحطم

المصطفى عنوان نهضة امة

يوم التخاصم باسمة يقسم

کاتێك ڕێکەوتنامەی ١١ی ئازار ڕاگەیەنرا قەریحەی شیعریی جەواهیری سەرلەنوێ کرایەوە و قەسیدەیەکی شیعریی نوێیی بەبۆنەی ئەو ڕووداوە مێژووییە هەڵبەست بەناونیشانی (یوم الشمال طيف تحدر) تێیدا ڕوو بەبارزانی نەمر دەڵێت:

جاذبت من صقر الشمال

وإنه بالعز أمنع من مطار عقاب

ومسحت غضبة قسور عن

وجه ولقطت عن فمه مرارة صاب

مستشرفا كبد السماء جبينه

للنيران ورجله في الزاب

وسط الجبال كأن صم صخورها

من بعض ما استصفى من الحجاب



ناوپردان، بارزانی نەمر و سەدام حسێن پاش ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠



بەغدا–کۆتایی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٠، پێشوازی کردنی شاندی شۆڕشی کوردستان لە میوانانی، لە راستەوە: نافز جەلال، مەسعود بارزانی، ئیدریس بارزانی، ساڵح مەهدی عەماش، سەڵاح عومەر ئەل عەلی، ...



بەغدا–گۆڕەپانی تەحریر، ١٩٧٠/٣/١٢، لە راستەوە: سەدام حسێن، مەسعود بارزانی، ئەحمەد حەسەن بەکر (سەرکۆمار)، عزەت دوری، ئیدریس بارزانی، د. مەحمود عوسمان



بەغدا–کۆشکی کۆماری، ئەحمەد حەسەن بەکر و ئیدریس بارزانی

پاش راگەیاندنی رێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠



بەغدا–صدر القناە، ١٩٧٠/٣/٢١، نووسەر لە کاتی پێشکەشکردنی وتاری یەکێتی قوتابییانی کوردستان

لە ئاهەنگی جەژنی نەورۆز



گۆڕەپانی تەحریر، سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوو



شەقامی (الرشید)–بەغدا–لە گۆڕەپانی مەیدانەوە




چایخانەی بەناووبانگی (الزهاوی) لە شەقامی ڕەشید لە بەغدا

## یادەوەریی بەشداریکردنمان لە کۆنگرەی فدراسیۆنی خوێندکارانی ئێرانیی نەیاری حوکمی شا لە شاری فرانکفۆرت لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧١

یەکێك لەو بابەتانەی لەو کۆبوونەوە هاوبەشەی لە بارەگای یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق لە گەڕکی وەزیریە لە بەغدا رۆژی ١٩٧٠/١٢/١٥ لەنێوان نوێنەرانی نووسینگەی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان-عێراق و یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراقدا تاوتوێ کرا، پێکهێنانی شاندێکی قوتابیانی عێراق بوو بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی گشتیی فیدراسیۆن (کۆمەڵەی یەکێتی و کۆمەڵە قوتابییە ئێرانییەکان) کە بڕیار بوو لە شاری فرانکفۆرت ببەسترێت.

ئەو جۆرە کۆبوونەوانە بەزۆری بۆ تاوتوێکردنی کێشە و بابەتە پەیوەندارەکان بەبزوتنەوەی قوتابیانی عێراقی بەگشتی و رەوتی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردووو رێکخستنی کوردستانی و عێراقی قوتابیان دەبەستران، کە پاش رێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ لەدایك بوو و لە بەندی حەوتەمی رێکەوتنامەکەدا باس کراوە و دانی بە بوون و سەربەخۆیی رێکخراوە کوردستانییەکاندا ناوە لە چوارچێوەی رێکخراوە عێراقییە هاوشێوەکاندا، وەك بەرجەستەکردنی چەمکی چارەسەری کێشەی کورد لەسەر بناغەی دانانان بەمافە نەتەوەییەکانی گەلی کورددا بەدارِشتە یاساییەکەی، ئەویش حوکمی زاتییە بۆ کوردستان لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا، کە پاڵپشتییەکی میللیی گەرمی لەلایەن هێزە سیاسیەکانەوە لێ کرا و دۆستان و برایان لەسەرتاسەری جیهاندا پیرۆزباییان لێ کرد، لەئەنجامی ئەوەدا رێکخراوە کوردستانییەکان دۆخی نوێی خۆیان رێك خست، ی ق ك رۆڵی

پێشەنگانەی هەبوو بەهۆی دینامیکیەت و پاشخانە تێکۆشەرانەکەی و شێوازە هاوچەرخانەکانی و سەرکردایەتیکردنی بۆ فراوانترین توێژی جەماوەری بەلێوەشاوەییەوە و بوو بە (سەری رم) لە چالاکییە رێکخراوەیی و سیاسییەکانیدا لەپاڵ چالاکییە پیشەییەکانی و چۆنێتیی بەرگری لێکردنیان، لەم روانگەیەوە دەبوو کارکردن دوو هێندە بکرێت تا بتوانین شان بەشانی دۆخی نوێ هەنگاو بنێین و ماڵی ناوخۆی ی ق ك رێك بخرێتەوە، بەمەبەستی زاڵبوون بەسەر هەلومەرجە نوێیەکەدا بەبەشداریکردن لە پەرەپێدان و بەهێزکردنی شێوازەکانی کار و بەشداریکردنی شاندەکانی قوتابیان بۆ ئامادەبوونی کۆنگرەکان و بەدەمەوەچوونی ئەو بانگهێشتانەی ئاراستەی سەنتەری ئاشکرای قوتابیان لە بەغدا دەکرا، کە ی ق ك پشك و بەشداریی خۆی هەبوو تێیدا لە ماوەی چوار ساڵی دوای رێکەوتنامە مێژووییەکەی ئازار.

ناوچەی وەزیرییە لە سەردەمی پاشایەتیدا پێگەی خۆی هەبوو وەك یەکێك لە گەڕەکە راقییەکان، ئەمە جگە لە بوونی هەندێ کۆلێژی زانکۆی بەغدا تێیدا لە چلەکان و پەنجاکانی ئەم سەدەیە، لە سەرەتای حەفتاکانیشدا وەك ناوچەی نیشتەجێبوونی قوتابیان و بەشە ناوخۆییەکانیان و ئۆفیسی کۆمپانیاکان مایەوە، ئەویش لەگەڵ سەرەتای بارکردنی هەندێ ماڵە دەوڵەمەند لەو شوێنە و مانەوەی هەندێکیتریان کە گژبەریی پەرەسەندنەکانیان کرد کە پاش شۆڕشی ١٤ی تەمموز کودەتایەکی کۆمەڵایەتی و سیاسییان هێنایە کایە، تێیدا دۆ و دۆشاو تێکەڵ بوون و کۆمەڵێ چەمك و بەهای سیاسی و کۆمەڵایەتی گۆڕانیان بەسەردا هات، سەرەنجام سیماکانی کۆشکە کۆنەکان نەمان و لە جێیاندا تەلار و باڵەخانەی نوێ پەیدا بوون کە ئێمەیش گواستمانەوە ناویان پاش ئەوەی پێشتر لە ماڵەکانی حەیدەرخانە و شێخ عومەر و تەل محەمەددا کۆبوونەوە و کارەکانی یەکێتییەکەمان ئەنجام دەدا، ئەویش بەهۆی سەرکەوتنی گەورەی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول و تۆمارکردنی گۆڵی بردنەوە لە گۆڕەپانی جەنگ و کوشتاردا، کە گواستنەوەمانی بۆ ئەوێ ئاسان کرد، تا بەکردەوە بەشداری لە کاروانێکی ئاشتیدا بکەین کە چوار ساڵ بەردەوام بوو و بەهۆیەوە توانیمان بچینە ناو جیهانێکی جیاواز لە قۆناغەکانی پێشوو، کە شاندە

کوردییەکان و لەناویاندا نوێنەرانی قوتابیانی کوردستان دووچاری لەمپەری سیاسی و بێشومار کێشە دەبوون بەهۆی ئەو ئابلۆقە سیاسی و میدیاییەی بەسەر شۆڕشی کورددا سەپێنرابوو بەهۆی بەرژەوەندیی دووسەرەی نێوان لایەن و دەوڵەتە دەرەکییەکان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق، ئەوەیش پێوەری راستەقینە بوو لە پەیوەندییە دووقۆڵییە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکاندا و کاریگەریی گەورەی لەسەر جووڵە و دیپلۆماسیەتی شۆڕشی کوردی لە بوارە دەرەکییەکاندا هەبوو، کە رۆژنامەنووس و دیپلۆماتکاری فەرەنسی گەورە (ئەرێك رۆلۆ) لە بۆنەیەکدا بەدەربڕینێکی ورد و راشکاو گوزارەی لێ کردوە، ماناکەی ئەوەیە (کورد شوێنی لە دڵاندا هەیە، بەڵام نەوت شوێنێکی زۆر گەورەتری هەیە لە پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا).

ئەو کەشوهەوا سیاسییە تازەیەی پاش رێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ هاتە کایە، جیاوازییەکی ریشەیی هەبوو بەبەراورد بە قۆناغەکانی پێشوو، بەوەی دەرگا والاّ بوو لەبەردەم مومارەسەکردنێکی یاسایی و ئاشکرای چالاکیی گەورە لەلایەن ی ق ك-عێراقەوە لە بوارە جیاوازە رێکخراوەیی و پیشەیی و سیاسییەکان و بەشداریکردن لە چالاکییە دەرەکییەکاندا هەندێ جار لە چوارچێوەی شاندەکانی قوتابیانی عێراق یان زۆر جاریش بەشێوەی سەربەخۆ، کە ئەوکات ئاسۆی ئەوتۆی بەڕوودا کردینەوە، بەو قەبارە گەورەیە و بەو شێوە ئاشکرایە پێشتر نەبوو.

رۆژێکی زۆر سارد بوو لە بەغدا، وادەی کۆبوونەوەیەکی هاوبەشمان هەبوو لەگەڵ سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق بۆ تاوتوێکردنی کۆمەڵە بابەتێك، لەوانە بەتەبیعەتی حاڵ ئەو کێشانەی بەهۆی بەریەککەوتنی نێوان رێکخراوە قوتابیەکانی هەردوولا روویان دەدا لە ناوچەکانی (کەرکوك، خانەقین، مەندەلی، بەدرە، زرباتیە، سنجار) کە ئەوکاتە لەلایەن دەسەڵاتەوە بە (ناوچە تێکەڵەکان) ناو دەبران، ئەوە و هەندێ بابەتیتری پیشەیی لە بارەگای سەرەکیی یەکێتیی نیشتمانی کە تازە لەسەر داروپەردووی بینایەیەکی کۆن لەلای خۆرئاوای گەڕەکی وەزیریە دروست کرابوو، کە سەروەختێك ئاوەدان بوو و باخچەیەکی گەورەی لەدەور بوو و لە ناوەڕاستی شەستەکاندا بارەگای یەکێتیی ئیشتراکیی عەرەبی بوو لە سەردەمی

هەردوو برا (عارف)، پاشتر بوو بەبارەگای ناوەندی یەکێتی نیشتمانیی قوتابیان پاش ئەوەی باڵەخانەیەکی تازەی دوونهۆمی لەسەر دروست کرا لەگەڵ چەند پاشکۆیەکی لاوەکی، سەرەتا نهۆمی خوارەوە بۆ ئێمە تەرخان کرا پێش ئەوەی بگوێزینەوە بۆ خانوویەکیتر لە هەمان ناوچە.

بانگهێشتێکی بەپەلە هەبوو لەلایەن فیدراسیۆنی یەکێتی و کۆمەڵە قوتابییە ئێرانییەکانی نەیاری حوکمی محەمەد رەزا شای پەهلەوی بۆ ئامادەبوونی کۆنگرەی گشتیی فیدراسیۆنی قوتابیان، کە بڕیار بوو لە ٧ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧١ لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا ببەسترێت، سێ ئەندام دەستنیشان کران بۆ بەدەمەوەچوونی بانگهێشتەکە و بەشداریکردن لە کۆنگرەکەدا (دوو ئەندام لە یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق، هەریەك لە غازی فەیسەڵ کە قوتابی قۆناغی کۆتایی بەشی زانستە سیاسیەکانی زانکۆی موستەنسریە بوو و پاشتر بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆیەکی فەرەنسی بەدەست هێنا، سەلاح ئەلسەمەرمەد دەرچووی زانکۆی بەغدا، کە پاشتر بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بوو بە بەڕێوەبەری پاشان باڵیۆز لە هەمان جێگە لە باڵیۆزخانەی کۆماری عێراق لە تاران، نووسەری ئەم دێڕانەیش لە ی ق ك وەك تەشکیلەی شاندی قوتابیانی عێراق بۆ کۆنگرەکە (فیدراسیۆنی یەکێتی و کۆمەڵە قوتابییە ئێرانییەکان).

بەرەبەیانی رۆژی ٥ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧١ وادەمان بوو لەگەڵ فڕینی فڕۆکەیەکی هێڵی ئاسمانیی ئەڵمانی (ئەڵمانیای فیدراڵیی ئەوکات) (لوفتهانزا) کە بردینی بۆ شاری فرانکفۆرت لەڕێی هەردوو فڕۆکەخانەی لارانکا و ڤیەنناوە، کە پێنج کاتژمێری تەواوی خایاند لە یەکەم گەشتمدا بۆ دەرەوەی عێراق و کۆمەڵێك ئەوراق و رۆژنامە و ئەدەبیاتی قوتابیان و ناونیشانی هەندێ برایانی کوردی نیشتەجێی ئەوێ و ئەوانەی لە شارەکانی ئەڵمانیای فیدراڵی دەیانخوێند، لەگەڵ خۆمدا برد.

جموجووڵی فڕۆکە هاتوو و رۆیشتووەکان پێکەوە لە گۆڕەپانی فڕۆکەخانەی فرانکفۆرت سەرسامیان کردم، لەبەر زۆریی ژمارەیان و وردیی رێکخستنیان و خێرایی ئەنجامدانی بەڵگەنامەی رێبواران (هاتوو و رۆیشتووان) لە فڕۆکەخانەکە، کە لە

چارەکە سەعاتێك زیاتری نەخایاند. جارێکیتریش لەگەڵ ئەندامانی شاندەکە حەپەساین کاتێك کەسمان لە پێشوازیماندا نەدی جگە لە بەڕێوەبەری نووسینگەی هێڵی ئاسمانیی عێراق لە فڕۆکەخانەکە (عەبدولوەدود ئەلجەدوع)، کە یاوەری کردین بۆ رێستورانتێك کە هەر چوار رووکارەکەی شووشە بوو لە فڕۆکەخانەکەدا و سیخناخ بوو بە چاوەڕێکاران، کە چاویان لەسەر تابلۆی جووڵەی ئەلیکترۆنیی فڕۆکەکان بوو بۆ زانین و رێکخستنی جووڵەی فڕۆکەکان. دەرکەوت سکرتاریەتی فیدراسیۆن ئاگەداری وادەی گەیشتنی شاندی قوتابیانی عێراقی نەبوو، کە پاش هەندێ پەیوەندیی تەلەفۆنی دەرکەوت لەگەڵ ئەو ناونیشانانەی بەشاندەکە بوون، لە وردەکاریی زانیارییە داواکراوەکان و شوێنەی مانەوەی شاندە بیانییەکان ئاگەدار کراین، کە دەکەوتە ناوچەیەکی قەرەباڵغ لە ناوەڕاستی چەند شەقامێکی سەرەکیدا و لەدووریی چەند مەترێك لە رووباری (راین) لە باڵەخانەیەکدا بەناوی ماڵی گەنجان (هاوس دیر شبیگن) (چوار نهۆم) کە چەندین ژوور و پاشکۆی هەبوو، هۆڵێکی گەورەی بۆنەکانی تێدا بوو، لەگەڵ چەند باڵێك بۆ پشوودان و کافتیریا و هۆڵێکی گەورە بۆ نانخواردن کە زۆر بەتەرتیب بوو و جێگەی نزیکەی پێنجسەد کەسی تێدا دەبوویەوە. دیوار و زەوییەکانی بەچەند چینێك تەختە رووپۆش کرابوون بۆ پارێزگاریکردن لە هەوا و پاراستن لە سەرمای سەخت، کە زۆربەی جار پلەی گەرما دەگەیشتە چەند پلەیەك ژێر سفر. لە ژووری ژمارە ٦٤ ی نهۆمی سێیەم دابەزین، چوارەممان میوانێکیتری سوودانی بوو بەناوی (فتحی الباری) سەرۆکی پێشووی یەکێتی قوتابیانی زانکۆی خەرتووم، کە لە دیارترین رەمزەکانی قوتابیانی سوودانی بوو، مەیلە چەپ بوو و پشتگیریی بۆچوونەکانی منی کرد لەو لیژنە سیاسییەی لە رۆژی سێیەمی کۆنگرەکەدا پێکهات، کە لە هۆڵە گەورەکەی ماڵی گەنجاندا و بەئامادەبوونی نزیکەی ٥٠٠ کەس کرایەوە.

لە ٧ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧١ لەژێر دروشمی (اتحاد، مبارزه، پیروزی) واتە (یەکگرتن، جەنگی رزگاری، سەرکەوتن) دووەمین کۆنگرەی فیدراسیۆنی یەکێتییە قوتابییە ئێرانییەکان کرایەوە، وەك چەترێك وابوو ژمارەیەك رێکخراوی قوتابیانی ئێرانی نەیاری دەسەڵاتی محەمەد رەزا شا پەهلەوی لەژێریدا

کۆبووبوونەوە، لە ئاراستەی زۆر دژیەك كە هیچ پەیوەندییەکی فیکری و سیاسی بەیەکیەوە نەدەبەستن جگە لە نەیارییان بۆ سیاسەتی شا و مەیلە خۆرئاواییەکانی. لە چالاکترین ئەو گرووپە چەپە پەڕگیرانە (موجاهیدی خەلق) و (چریکهای خەلق) بوون کە راشکاوانە رەخنەیان لە هێڵی گشتیی سیاسەتەکانی یەکێتی سۆڤیەت و حزبی توودەی ئێرانی دەگرت و خۆیانیان بەشۆڕشگێڕتر و چەپتر لە حزبە کۆمۆنیستە تەقلیدیەکان دادەنا، ئەمە جگە لە رێکخراوە ئاینییەکانی وەك (موجاهیدانی ئیسلام) و هەندێ توخم کە لەسەر د.موسەدەق حسێب بوون، لایەنگرانی حزبی توودە و گرووپی بچووك بچووك، هەندێکیان لەژێر کاریگەریی سەرکردەی چینی ماوتسی تۆنگ و هەندێکیتر لەژێر کاریگەریی فیکری شۆرشگێڕی ئەرجەنتینی ئەرنستۆ چیٚ گیڤارادا بوون، هەموو وەك یەك بوون لە دژایەتیی سەختی رژێمی شا، کە بەڕوونی لەو وتارە ئاگرینانەدا بوو پێشکەش کران و بەزۆری چەپڵەلێدانی گەرم و بەردەوام دەبووە ناوبڕیان و چوار دانیشتنی تەواوی دوو رۆژی یەکەمی کۆنگرەیان برد، کە لە وتنەوەی هەندیٚ گۆرانیی شۆڕشگێڕانەی فارسییان بەپێوە تیٚ دەکەوت، کە ئەوە کەشێکی حەماسی بەکۆنگرەکە بەخشیبوو، بەدوایدا چەند ساتێك کپی و بێدەنگی و خوێندنەوەی ئەو نامە و برووسکانەی دەگەیشتنە سەکۆی سەرۆکایەتیی کۆنگرە بەزمانەکانی فارسی و ئینگلیزی و عەرەبی و هەندیٚ جار بەئەڵمانی، لەناویاندا برووسکەیەکی پیرۆزبایی کە خۆم بەزمانی عەرەبی نووسیم و بەگەنجێکی کوردی دانیشتووی شاری میونیخدا ناردم (لە شاری کرمانشاوە هاتبوو و سەر بەگرووپێکی چەپ بوو).

لەکاتی خوێندنەوەی برووسکەکە و وەرگێڕانی بۆ فارسی لەلایەن کەسێکەوە بەناوی (حەسەن مەساڵی) کە یەکێك بوو لە سەرکردەکانی رێکخراوە بەشدارەکانی کۆنگرە، لەپڕ کچێکی گەنج لە ریزەکانی پێشەوە دانیشتبوو و بەزمانی فارسی بەدەنگێکی بەرز و بەهەڵچوونێکی زۆرەوە کەوتە قسەکردن، کە سەرنجی ئامادەبووانی راکێشا، لە برا کوردە ئێرانییەکەوە (محەمەد مورادی) کە لەلای چەپم لە هۆڵی کۆنگرەکەدا دانیشتبوو زانیم کچەکە رەخنە لە خوێندنەوەی برووسکەکەی من دەگرێت، کە تێیدا بەناوی قوتابیانی کوردستانی عێراق و یەکێتییە قوتابییەکەیانەوە

هیوای سەرکەوتنم بۆ کۆنگرەکە و بەشدارانی کۆنگرەکە خواستبوو و داوام کردبوو پاڵپشتیی داواکاریەکانی قوتابییانی کوردی ئێرانی بکەن، لەڕێی خوێندن بەزمانی خۆیان کە لە بنەڕەتدا لێی بێبەشن.

زانیم کچەکە نەیاری سەرلەبەری داواکارییەکەم بووە بۆ داننان بەمافە رەواکانی قوتابییانی کوردی ئێرانی و وتویەتی گوایە ئەم کۆنگرەیە، پێویستی بەوە نیە لەم کاتەدا وانەی نەتەوایەتی تەلقین بکرێت و بەجۆرە خەیاڵێك و دەرچوون لە پرنسیپیەکانی فیدراسیۆنی داناوە و داوایشی کردوە کە پێویستە هۆڵی کۆنگرە بەجێ بێڵم!!

لەوکاتەدا ئەندامێکی سەرۆکایەتیی کۆنگرە کە لەسەر سەکۆی سەرەکی دانیشتبوو رووی قسەی کردە ئەو خانمە و پێی راگەیاند کە پێویستە رەچاوی نەریتە گشتییەکان بکات لە هۆڵەکەدا و رێزی میوانانی کۆنگرە بگرێت. بەڵام کچەکە لەسەر هەڵوێستە گرژەکەی خۆی سوور بوو و گژبەریی هەستی من و (محەمەد مورادی) کرد کە راستەوخۆ قسەکانی کچەکەی بۆ من دەکردە کوردی، لەوکاتەدا سەرەڕای دان بەخۆداگرتنم، داوام کرد ئەگەر بۆ چەند خولەکێکیش بێت مۆڵەتم پێ بدرێت بەرگری لە بۆچوونەکەم بکەم و وەڵامی ئەو کچە بدەمەوە کە بەسووکایەتیکردن بەسەرجەم ئامادەبووانم دانا، بەڵام داواکەم رەت کرایەوە و (حەسەن مەساڵی) پێشنیاری کرد ئەو مشتومڕەمان ئاراستەی لیژنەی سیاسی کۆنگرە بکرێت، کە پاش تەواوبوونی رێوڕەسمی رۆژی یەکەمی کارەکانی کۆنگرە و خوێندنەوەی ئەو وتانەی لە کارنامەی کۆنگرەدا دانرابوون، دروست بوو.

لەکاتی کارەکانی لیژنەی سیاسیدا لەگەڵ ئەو کچە یەکترمان بینی کە پاشتر زانیم ناوی (ئاریا)یە و تەمەنی بیست ساڵ بوو، جوان و قشت و قوتابی بەشی ئابووریی سیاسی بوو لە زانکۆی کارل مارکس لە شاری بەرلینی رۆژهەڵات پایتەختی کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتیی ئەوکات. لیژنەکە ژمارەیەکیتر ئێرانی لە ئاراستەی سیاسی جیاواز لەخۆ گرتبوو جگە لە (فتحی الباری) و نوێنەری رێکخراوی قوتابییانی سەر بە بەرەی میللی بۆ رزگارکردنی فەلەستین لە ئەوروپا و نوێنەری بزوتنەوەی فەتح،

بەپێداگریی زۆری من محەمەد مورادیش چووە ناو ئەو لیژنەیەی حەسەن مەساڵی یەکێك لە سەرکردەکانی ڕێکخراوە چەپە ئێرانیەکان لە ئەوروپا سەرۆکایەتی دەکرد، کە لە سەرەتای حەفتاکاندا ناوبەناو سەردانی عێراقی دەکرد، بەڕەوانی بەعەرەبی پەتی قسەی دەکرد، بەپێی توانا هەوڵی دەدا بۆچوون و ئاراستە جیاوازەکان لە لیژنە سیاسییەکەدا پێکەوە بگونجێنێت، کە نزیکەی پەنجا کەس و زیاتر لە بیست و پێنج بابەتی سیاسی لە کارنامەکەیدا لەخۆ دەگرت، لە هەموو لیژنەکان چالاکتر بوو، بیست و چوار کاتژمێر مۆڵەتی درایە بۆ لێبوونەوە لە تاوتوێکردنی ئەو بابەتە گەرمانەی لە لائیحە بەراییەکەیدا تۆمار کرابوون، لەوانە ئەوەی من تۆمارم کرد دەربارەی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و مافی قوتابیانی کورد لە کوردستانی ئێران بۆ خوێندن بەزمانی نەتەوەیی خۆیان.

لەکاتێکدا چاوەکان لەسەر من و ئاریا بوون کە لە خولەکە سەرەتاکانی دانیشتنەکەدا مەسەلەی ناشەرعیبوونی بوونمانی لە لیژنە سیاسییەکەدا لەڕووی نیزامییەوە وروژاند، بەڵام هەر لە بنەڕەتەوە ڕووبەڕووی ڕەتکردنەوە بوویەوە لەو ڕووەوە من ئەندامی شاندێکی قوتابیان بووم کە بەڕەسمی بانگ کرابوو، هەڵوێستی هەندێ لە ئەندامانی لیژنەکە لە هەڵوێستی ئاریا جیاواز نەبوو کە لە بناغەوە ڕەتی دەکردەوە دان بەبوونی نەتەوەیەکی جیاوازدا بنێت و بانگەشەی ئەوەی دەکرد گەلی ئێرانی یەك گەلە، ئەوەی هەیە دیالێکتی جیاوازە کە لە فارسی تاشراون هەندێ کۆمەڵ لێرە و لەوێ بەکاریان دێنن، هەروەك سووکایەتی بەوروژاندنی ئەم جۆرە بابەتانە کرد لە کۆنگرەکانی لاوان و قوتابیاندا و نکوڵی لە بوونی ناوچەیەك کرد بەناوی (کوردستان) و ئەو و هیتر سوور بوون لەسەر ئەوەی ناوی (کوردستان) ناوی پارێزگایەکە سەنتەرەکەی شاری (سنە)یە، کە ئەوە زۆر پەستی کردم و لەوکاتەدا بیرم لەوە کردەوە هۆڵەکە بەجێ بێڵم و بەیەکجاری بایکۆتی کۆنگرەکە بکەم و تەنیا ناڕەزاییەك لە لائیحەی لیژنەکەدا تۆمار بکەم، بەڵام زاڵکردنی لۆژیکی ئەقڵ و پێداگریکردنی فتحی ئەلفەزڵ و نوێنەری بەرەی میللی بۆ ڕزگارکردنی فەلەستین لە دانیشتنەکەدا وایان لێ کردم لە مانەوە لە دانیشتنەکەدا بەردەوام بم، داوام کرد ڕێگەم بدرێت وەڵامی ئەو بۆچوونە رووکەشانانە بدەمەوە کە نەهامەتییان بۆ بزوتنەوەی

**رزگاریخوازی لە وڵاتانی دنیای سێیەم هێناوە و دۆخی ئەوتۆی خولقاندوە ئیرەیی پێ نابرێت.**

**کاتێك نۆرەم هات بۆ قسەکردن و بەرپەرچدانەوەی ئەو لۆژیکە نامۆیە، تەنیا رەحمەتم نارد بۆ لۆژیکی ئیستیعماری کۆن کە جیاکاری لەنێوان گەلاندا نەدەکرد و کەسی بەسەر ئەویتردا هەڵنەدەبڕی، هەموو لە ماف و ستەمباریدا یەکسان بوون، جگە لە کوردستان و گەلەکەی کە گیرۆدەی دابەشکردنی کرد بۆ چوار بەش، هەریەکەیان کرانە پاشکۆی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری و خستنیە دۆخێکی کارەساتبار و زمانەکەیان بەگوێرەی ئەم لۆژیکە بوو بە دیالکتێك لە دیالێکتەکانی زمانی (برا گەورەکان)! لەکاتێکدا خاوەنانی ئەم تیۆرە لافی ئەوە لێ دەدەن گوایە پشتیوانی لە کێشەی گەلان و هێنانەکایەی کۆمەڵگەیەکی بەشەری خاڵی لە چەوساندنەوە و (نەخۆشیەکانی سەرمایەداری) دەکەن و شێتگیر دەبن کاتێك ناوی کورد و کوردستان دەبرێت، وەك ئەوەی کورد لە زەویی پان و پۆڕی خوادا کەوتبنە دەرەوەی زەمەن!!.**

**کاتێك تا ئەم رادەیە بەدەم قسەکانمەوە رۆیشتم، سەرۆکی لیژنەکە هەوڵی دا بەپاساوی نەبوونی کات لە قسەکردن رامبگرێت، بەڵام من هیچ گوێم بەسەرنجەکەی نەدا و بەوەندەوە نەوەستام و لەقسەکردن بەردەوام بووم و ئەم جارەیان رووی دەمم کردە ئاریا و پێم وت (مافی خۆمە رەحمەت بۆ فیکر و بۆچوون و ئاراستەکانی گیڤارا بنێرم (لەبەرئەوەی ئاریا لە هەڵگرتنی بیری گیڤارا بوو وێنەیەکی رەنگاوڕەنگی بەسەر سینگیەوە هەڵواسیبوو) هەروەك رەحمەتم نارد بۆ کۆتایی ئەو شۆڕشگێڕە ئەرجەنتینییە، چونکە دەبینم هەڵگرانی بیر و بۆچوونەکانی تەنانەت داننان بەمافی ئەوانیتر لە فێربوون و خوێندن بەزمانی نەتەوەیی خۆیان بەزۆر دەزانن، لەکاتێکدا ئەو ژیانی خۆی بۆ سەرکەوتنی کێشەکانی گەلان تەرخان کرد و لەو پێناوەدا قوربانی دا. زۆر خەمبارم کە (کۆتایی بەخششی بیرە مەزنەکانی پیاوێکی مەزن ببینم).**

**هەر کە لە قسەکانم بوومەوە، کە کاری لە ئامادەبووان کرد، فەتحی ئەلباری بەرگری لە بۆچوونەکەی من کرد دەربارەی مافی کورد لەوەی داوای دەکەن، هەروەها نوێنەری بەرەی میللی بۆ رزگارکردنی فەلەستینیش پشتگیری هەڵوێستەکەمی کرد و**

قسەیەکی کرد ئاستەمە بەتێپەڕبوونی ساڵان لەبیر بچێت، کە جەختی کرد (هەست بەشەرمەزاری دەکەم کە ئێمەیش ئۆباڵی بەشێك لە ئازارەکانی رۆڵەکانی کوردمان دەکەوێتە ئەستۆ، لەکاتێکدا رۆژێ لە رۆژان پیاوێك کە لە منداڵدانی ئەو گەلە جوامێرە لەدایك بووە ئێمەی رزگار کرد، ئەویش سەلاحەدینی ئەیوبییە).

بەگشتی قسەکانمان کەشێکی رۆمانسییانەی بە دانیشتنی دووەم بەخشی و کاری لە ئامادەبووان کرد، کە وای لە ئاریا کرد راشکاوانە و لەبەردەم هەمووواندا داوای لێبوردن بکات و داوای لێ کردم، وەك دەستپێشخەرییەکی نیەتپاکی و تێگەیشتنی لە هەڵوێستەکەمان، بانگهێشتەکەی قبووڵ بکەم بۆ نانخواردنی ئێوارە لە کافتریای ماڵی گەنجان. بەڵام من داوام لێ کرد بانگهێشتەکە دوا بخرێت تا لێبوونەوە لە جێگیرکردنی بڕگەیەك لە لائیحەی لیژنە سیاسییەکەدا کە راشکاوانە دان بنێت بەمافی رۆڵەکانی کورد لە فێربوون و خوێندن بەزمانی نەتەوەیی خۆیان، کە بینیم لەگەڵ ئەو بیروبۆچوونانەی لە واقیعدا هەڵیانگرتوون دژیەکن، وەك دژیەکیی باڵەخانە سیحرییەکانی شاری فرانکفۆرت کاتێك لە پەنجەرەی فڕۆکەکەوە لە ئاسمانەوە دەمبینین، لەنێوان هەندێ باڵەخانەی سەدەکانی ناوەڕاست کە ئیمپراتۆر شارلمان ساڵی ١٧٩٤ دروستی کردوون لەگەڵ باڵەخانە هەوربڕە نوێیەکاندا —کە بەشکۆوە باوەش بەئاسماندا دەکەن— و لە کۆنکریتی ئاسنبەند و جامی شووشە دروست کراون، کە پیشانی دەدات بیری مرۆڤ چەندە پەرەی سەندووە لەکاتێکدا ئەو پەرەسەندنە رۆڵی نەبووە لە نەرمکردنی بیروبۆچوونەکانی (دەستەبژێری رۆشنبیر) بەرانبەر زمانی کوردی و مافی لە بەکارهێنان و لە کەشوهەوای سروشتیی خۆیدا!.



شاری فرانكفۆرت



دیمەنێكی دیكەی فرانكفۆرت



شای ئێران محەمەد رەزا پەهلەوی لەگەڵ فەرەح دیبای هاوسەری و شاهنازی کچی

# كۆنگرەی دامەزراندنی یەكێتیی قوتابییانی كورد لە لوبنان

## یادەوەریی بەشداریكردنمان لە كارەكانی كۆنگرەی دامەزراندنی یەكێتیی قوتابیانی كوردی لوبنان لە تشرینی دووەمی ١٩٧١

داوا لە خوێنەران دەكەم بمبەخشن كە دەچمە ناو گێڕانەوەی هەندێ وردەكاری لەو بابەتانەی باسم كردوون یان لە ئایندەدا باسیان دەكەم، لەبەرئەوەی پێم وایە ئەم بابەتانەی: لە یادەوەرییەوە (من الذاكرة) ناتوانن حەزی خوێنەر تێر بكەن ئەگەر هەندێ وردەكاری باس نەكەن كە دەشێت خزمەتی ئامانجی سەرەكی لە نووسینەكەدا بكەن، چونكە چوونە ناویان بەبێ پێشەكی یان نەگێڕانەوەی هەندێ شت كە پەیوەندییان بەبابەتەكەوە هەیە، خوێنەر شپرز دەكات. باسكردنی هەندێ وردەكاری زەرورەتێكە بازنەی چارەكردن لەكاتی نووسینی ئەو رووداوانەدا دەیخوازێت كە بوونەتە بەشێك لە رابردوو، بەڵام پارێزگاری لە زیندوویێتییان دەكەن، ئەویش لەبەر ئەو رووداوانەی تێیاندایە و دەخرێنە سەر ئەو كاروانەی نەوە دوای نەوە سەركردایەتی دەكەن و بەهەندێ خستنەسەر (ئیزافات)، كە دەشێت ببنە شایەت لەكاتی نووسینی ئەگەر بەشێكی كەمیش بێت لە مێژووی رێكخراوێك كە پێش چل و چوار ساڵ بەناوی ی ق ك دامەزراوە (كاتی نووسینی بابەتەكە ساڵی ١٩٩٧) و سەركردایەتیكردنی بۆ خەباتی قوتابیانی كوردستان لە سەختترین دۆخ و قۆناغە جیاوازەكاندا، كە لێوەشاوەیی خۆی لە سەركردایەتیكردندا سەلماندوە، ئەویش بەحوكمی دینامیكییەتی ئەو توێژە گەورەیە كە رۆچووەتە ناو ماڵی هەریەكەمان و

توانیویانه له بارودۆخی نهێنیدا بەنزیکەی هەر سێ ساڵ جارێك کۆنگرەی خۆیان ببەستن، تا گەیشتن بە ڕێکەوتنامی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠، کە لەئاکامیدا لە ناوەڕاستی تەموزی هەمان ساڵ کۆنگرەی شەشەم بەسترا و ئاسۆی زۆر فراوانی کردەوە بۆ چوونە ناو جیهانێکیتر، کە لەوانەیە بەچەندین شاقاو رووبەری بازنەی قۆناغەکانی رابردووی تێپەڕاندبێت، بەشێوەیەك ناوەندی سەرکردایەتی ی ق ك بوو بەخاڵی راکێشان بۆ هەموو ڕێکخراوە قوتابییە کوردییەکان لە دەرەوەی کوردستان–عێراق و ئاڵوگۆڕی سەردان بوو بە سیمایەکی دیار لە سیما گەورەکانی کار، کە نوێنەرانی قوتابیانی کوردستان لەگەڵ برایانی قوتابی کورد لە چوارچێوە کوردستانییەکەماندا پێی هەستاون، یان لەکاتی بەستنی کۆنگرەکانی قوتابیان لێرە و لەوێ.

قوتابیانی کوردی لوبنانی زۆر حەزیان دەکرد پێمان ئاشنا بن و سەردانیان بکەین، لە نامەکانیاندا کە لە ڕێی هەندێ لە برایانی قوتابیی کوردی عێراقیەوە کە لە زانکۆکانی لوبنان دەیانخوێند، دەیاننارد، زۆر پێداگرییان دەکرد بیانبینین. بەنیاز بوون پەیوەندی یان یەکێتییەکی قوتابیانی کوردی لوبنانی پێك بێنن هاوشێوەی یەکێتی و پەیوەندییە قوتابیانەکانی سەر گۆڕەپانی لوبنان، بەتایبەت پاش ئەو کەشوهەوا لەبارەی پاش ڕێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ هاتە کایە بەڕووی کێشەی کورددا و دۆخی کورد لە وڵاتە بەشکراوەکەیاندا کرایەوە، کە وای لە برایانی کوردی لوبنانی کرد لەسەر چەندین ئاستی سیاسی و میللی و قوتابیان بجوڵێن بۆ خۆ گورجکردنەوە و یەکخستنی ریزەکان. لە هەرکات زیاتر پێویستیان بەپێکهێنان و ڕێکخستنی هەندێ پەیکەری ڕێکخراوەیی (تەنزیمی) هەبوو، بەتایبەت کە ئەوان تەنانەت لە رەگەزنامەی لوبنانیش بێبەش بوون و وەك بێگانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا لە ژینگەیەکدا ئەوان بەبەخششەکانیان دەستی بەرزیان لە بنیاتنان و دەوڵەمەندکردنیدا هەبوو، کە تا ماوەیەکی زۆر لە بەرژەوەندییان تۆمار نەکرا.

سەرەتای مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧١ مەکتەبی سکرتاریەتی ی ق ك دوو بانگهێشتی پێ گەیشت، یەکەمیان لە پەیوەندیی قوتابیانی کوردی پاکستانی کە

بەزمانی ئینگلیزی نووسرابوو سەبارەت بەسەردانی دوو ئەندامی سەرکردایەتی بۆ شاری کەراچی، بۆ ئاشنابوون بەهاوڕێیانی قوتابیان و لاوانی کورد لەوێ و ئاگەداربوون لە دۆخی ژیان و باری کۆمەڵایەتیی خێزانە کوردەکان، بانگهێشتەکە کتێبێکیشی لەگەڵدا هاوپێچ کرابوو، کتێبەکە بەئینگلیزی نووسرابوو و وەرگێڕدرابووە سەر زمانی عەرەبی، کە لە مێژووی کورد دەدوا، پێشەکییەکەی سەرۆکی پێشتری پاکستان یەحیا خان نووسیبووی (لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا بەدیاری پێشکەشم کرد بە دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد)، لەبەر هەندێ هۆی بابەتی نەمانتوانی بەدەم ئەو بانگهێشتە مێژووییەوە بچین. بانگهێشتی دووەم لەلایەن لیژنەی ئامادەکاریی یەکێتیی قوتابیانی کوردی لوبنانەوە بوو لەڕێی نامەیەکی زۆر ناسك و رۆمانسییەوە، بانگهێشتی دەکردین بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی دامەزراندنیان، کە بڕیار بوو لە ٣ی تشرینی یەکەمی هەمانساڵ ببەسترێت، تێیدا جەختیان لەوەیش کردبوو ئەگەر ئەو کاتەی بۆ ئامادەبوونمان دیاری کراوە گونجاو نیە، ئامادەن کۆنگرەکە بۆ کاتێکیتر دوا بخەن کە لەگەڵ کاتی ئامادەبوونماندا بگونجێت.

بەتەبیعەتی حاڵ بابەتە پەلە و هەنووکەییەکان لە کۆبوونەوە هەفتانەکانی مەکتەبی سکرتاریەتدا تاوتوێ دەکران و بڕیاری بەکۆمەڵیان لەبارەوە دەدرا و پاشتر لە کۆبوونەوە مانگانەکانی لیژنەی تەنفیزیدا کە هەرجارەی لە پارێزگەیەکی کوردستان (کەرکوك، هەولێر، دهۆك، سلێمانی)، ئەمە جگە لە بەغدای پایتەخت بارەگای سەرکردایەتی قوتابیانی کوردستان، دەبەسترا، هەڵدەسەنگێنرا. لەو بابەتانەی لە کۆبوونەوەی ئاسایی لیژنەی تەنفزیدا تاوتوێ کرا هەڵسەنگاندنی ئەزموونی پێشەنگانەی ی ق ك بوو، مەبەست کردنەوەی خێوەتگەکانی قوتابیان بوو لە گوندەکانی کوردستان، ئەو ئەزموونە تاکانەیەی گرنگییەکی فراوانی لەلایەن قوتابیان و جووتیاران پێ درا بەتایبەت لەو ناوچانەی رووبەڕووی کێشەی سیاسی بووبوونەوە، وەك ناوچەکانی کەرکوك و شەنگاڵ و خانەقین بەگوێرەی پلانێکی گشتگیری شۆڤێنی لەلایەن سەرکردایەتیی حزبی بەعس و دەزگا حکومیەکانیە زۆرەکانیەوە بۆ نەهێشتنی مۆرکی کوردستانیبوونیان. بابەتی دووەم کە لە کۆنووسی

کۆبوونەوەدا باس کرا، بەدەمەوەچوونی ئەو بانگهێشتە بوو لەلایەن لیژنەی ئامادەکاریی قوتابیانی کورد لە لوبنانەوە ئاراستەمان کرابوو و تێیدا رەزامەندی درا لەسەر قبووڵکردنی بانگهێشتەکە و من هەڵبژێردرام لەو کۆنگرەیەدا ئامادە ببم، کە یەکەم شتی لەو جۆرە بوو بۆ قوتابیانی کورد لە لوبنان لەگەڵ هاوڕێیەکیتر لەبەرئەوەی یەکێك بوو لەو قوتابیانەی لە زانکۆی عەرەبی لە شاری بەیروت دەیخوێند، ئەندامی ی ق ك بوو و پەیوەندیی بەردەوامی لەگەڵ برایانی قوتابی کورد لەوێ هەبوو، ئەویش هەڤاڵ حوسێن حاجی عەلی ئەحمەد بوو کە ئێستا لە پایتەختی بەریتانیا دەژی و لە خێزانێکی کوردی فەیلی نیشتمانپەروەر بوو، ئێمە زۆربەی جار بە (ئەبو عەلی) بانگمان دەکرد، ساڵی ١٩٦٩ پەیوەندیی بەزانکۆی عەرەبییەوە کرد پاش ئازادبوونی لە زیندان لە بەغدا پاش ئەوەی لەبەر هۆی سیاسی و ئەندامێتیی پ د ك ماوەیەکی لە زینداندا بەسەر برد.

کاتژمێر یەکی پاش نیوەڕۆی رۆژی یەکەمی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧١ فڕۆکەیەکی هێڵی ئاسمانی عێراق لە بەغداوە راستەوخۆ بردینی بۆ بەیرووت، لەگەشتێکدا کە سەعات و چارەکێکی خایاند و تێیدا تا گەیشتین هەستمان بەهیچ شەکەتی و ماندوبوونێك نەکرد کاتێك کاپتنی فڕۆکەکە هەواڵی گەیشتنمان بەئاسمانی بەیرووتی پێ راگەیاندین و داوای کرد قایشەکانمان توند بکەین لەبەرئەوەی فڕۆکەکە لە نیشتنەوەدایە لە فڕۆکەخانە نێودەوڵەتییەکەی، بەخەیاڵدا نەهاتبوو کەس لە فڕۆکەخانە پێشوازیمان بکات، بەڵام پاش تەواوکردنی رێکارە ئوسوڵییەکان راستەخۆ روومان کردە کافتیریای فڕۆکەخانەکە، پێش لەوەی لەو شوێنە قەشەنگ و رێکوپێکەدا لەسەر کورسیەکانمان دابنیشین تا پشوویەك بدەین، گوێمان لێ بوو لەڕێی ئێزگەی ناوخۆییەوە و بەدەنگێکی ئافرەتانەی ناسك بانگ کراین بۆ نووسینگەی هێڵی ئاسمانیی عێراق لە بینایەی فڕۆکەخانەکە، چونکە کەسێك چاوەڕمان دەکات. کاتێك بەدەم رۆیشتن بۆ شوێنی مەبەست پرسیارم لە ئەبو عەلی کرد پێشبینی دەکات کێ بێت هاتبێتە پێشوازیمان؟ لەوەوە زانیم سێ رۆژ لەوەوبەر لەڕێی یانەی (الارز)ی لوبنانیەوە برووسکەی ناردوە بۆ هاوڕێیەکی کوردی و هەواڵی وادەی گەیشتنمانی پێ راگەیاندوە بۆ بەیرووت، کاتێك دەروازە شوشەیینە

گەورەکەمان بڕی کە کافتیریای فرۆکەخانە و نووسینگەکانی هێڵی ئاسمانی لێك جیا دەکردەوە بۆ جاری دووەم ئێزگە بانگی کردینەوە، لە چەند خولەکێکدا گەیشتینە نووسینگە، هەر کە گەیشتین یەکێك لە پێشوازیکاران باوەشی بە ئەبو عەلیدا کرد، دوای ئەوە منی پیێ ناساند و یەکترمان ناسی و دەرکەوت یەکێك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردییە لە لوبنان (جەمیل عەبدی)، لە دەیەی پێنجەمی تەمەنیدا بوو، بەژنی مامناوەند بوو بەدلەیەکی رەنگ شیری لەبەردا بوو، بەشێوەزارێکی نزیك لەو شێوەزارەی برایانی کورد لە سوریا قسەی پیێ دەکەن دەدوا و پێشنیاری بۆ کردین راستەوخۆ بەئۆتۆمبێلە مارسیدسە مۆدێل (١٩٦٥)ەکەی بچین بۆ سەنتەری شار، هەر کە ئۆتۆمبێلەکە کەوتە جولان موسەجەلی ئۆتۆمبیلەکەی داگیرساند و گوێمان لە گۆرانی (دخل عیونك حاكینا... لولا عیونك ما جینا)ی گۆرانیبێژ خاتوو نەجاح سەلام بوو، کاتێك لێمان پرسی بۆچی ئەو کاسێتەی هەڵبژارد پێی وتین گۆرانیبێژ نەجاح سەلام پێشتر هاوسەری بووە و لەبەر رووداني ناکۆکی لەنێوانیاندا تەڵاقی داوە، لەگەڵ ئەوەیشدا هەستم کرد برادەرەکەمان هێشتا دڵی لەلایەتی!

رێگەی نێوان فڕۆکەخانە و سەنتەری شار خۆشی و شادی دەخستە دڵ و دەروون، باخچەی زۆر جوان کە درەختی ئەرزی بەناوبانگی لوبنانیان لەناودا بوو، گوڵ و رووەکی رەنگاوڕەنگ و هاوئاهەنگ بەشێوەیەکی ئەندازەیی لەسەر زەمینەیەکی چێنراو بە چیمەنی نەرم لەو وەرزی پایزەی ساڵدا، کە وای لیێ کردین بیرمان لەلای ئەو دەنگە زوڵاڵەوە کە لە گەرووی نەجاح سەلامەوە دەردەچوو و ئاهو ناڵەی پاڕانەوەکانی کاتێك خەمزەی بۆ چاوەکانی خۆشەویستەکەی دەکرد، نەمێنێت! یەکەم وێستگەمان لەکاتی گەیشتن بە سەنتەری شار گازینۆ و چێشتخانەی (یلدزلار) بوو لەسەر کۆرنیش کە دەیڕوانی بەسەر دەریای سپی ناوەڕاستدا و چەند مەترێك دوور بوو لە بەردی (الروشە)ی بەناوبانگ و ناسراو بەبەردی خۆکوشتن! لەو وەرزەی ساڵدا ئاوی دەریا بەلای رەنگی شیندا دەچوو و دڵی دەڕفاند، شەپۆلەکانی ختووکەی کەنارەکانیان دەدا و دەنگێکیان دروست دەکرد زیاتر لە تابلۆی سەمفۆنیاکان دەچوو.

کەشی چێشتخانەکە بۆنی مۆسیقار فەرید ئەترەشی لێ دەهات، وێنەیەکی گەورەی کە تێیدا بەکچانی سەرسام دەورە درابوو لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا هەڵواسرابوو و دەنگی لەڕێی مایکرۆفۆنەوە لە کون و قوژبنی چێشتخانەکەدا دەنگی دەدایەوە. لە جەمیل عەبدی هاوەڵمانەوە زانیمان مۆسیقار فەرید ئەترەش ئاهەنگە مۆسیقییەکانی لە لوبنان لەو چێشتخانەیەدا ئەنجام دەدات، کە هەر هونەرمەندێك شوێنی جێپەسەندی خۆی هەبوو لە بەیرووت، کە شەو بە رۆژ دەگەیەنێت و هیچ میزاجی تێکنادات جگە لە دوکانەکانی سیاسەتمەدارە مشەخۆرەکان لەسەر بەهاکانی ئەو شارە و خەڵکەکەی کە لە سەردەمی فینیقیەکانەوە لەڕێی دەروازە دەریایی و وشکانیەکانیەوە خەریکی بازرگانیکردنن.

لە (تل الخیاط) نزیك لە وێستگەی (قنال ٧) شوقەیەکی رایەخکراومان لە نهۆمی چوارەمی باڵەخانەیەکی نیشتەجێبوون کە تایبەت بوو بە بیانییەکان، بۆ تەرخان کرا. ئەو ناوچەیە لە ناوچە راقییەکانی شارەکە بوو، لەوێوە پەیوەندیەکانمان لەگەڵ برایانی پەیوەندار لە کوردانی لوبنانی دەستی پێکرد، کە لە کاتژمێرە یەکەمەکانەوە و پاش پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان هاتن بۆ لامان، ئەوانیش هەریەك لە برایان خالید ئەلمەلا یەکێك لە لاوانی چالاك لە بزوتنەوەی قوتابیان و قوتابی کۆتا قۆناغ بوو لە زانکۆی لوبنانی و لە بنەماڵەیەك بوو بەچالاکییە نەتەوەییەکانی ناسراو بوو، پاشان برای شەهید غازی ئەحمەد گەنجێکی تێکۆشەر بوو لە ریزەکانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی لە لوبنان، چالاکییەکەی سەرنجی رادەکێشا، هەموو خۆشییەکی ژیانی لە خۆی حەرام کردبوو جگە لە خزمەتکردنی رۆڵەکانی نەتەوەکەی و کێشە رەواکەیان، خولگەی چالاکییە نەتەوەیی و سیاسیەکان بوو، هەڵگری سیفەتەکانی مرۆڤی خەباتگێڕ بوو کە بەهێمنی کار دەکات و کاری گەورە پێشکەش دەکات، ئەوەیش سەرنجی برایانی کوردی لوبنانی راکێشابوو و هەڵبژێردرابوو بەسەرۆکی لیژنەی ئامادەکاریی کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کورد لەوێ و بەلێهاتوییە تایبەتەکەی توانی ئەو ئەرکە مێژووییە راپەڕێنێت. لە ئازاری ١٩٧٢ سەردانی عێراقی کردبوو و بوو بەمیوان لای مەکتەبی سکرتاریەت بۆ ئامادەبوونی کۆنگرەی حەوتەمی ی ق ك–عێراق، کە لە ماوەی نێوان ٤/٢٨ بۆ ١٩٧٢/٥/٢ لە سلێمانی بەسترا، پاشتر

لەسەر ئەو ڕێگەیە شەهید کرا، ئەوە بوو لە سەرەتای هەشتاکاندا بەپلانی دەزگا سەرکوتکەرەکانی بەغدا دەستێکی تاوانکار لە شاری بەیرووت کوشتی. سێیەمیان یوسف سەعید بوو کە لەگەڵ خۆیدا پاکەتێك (پاقلاوە)ی بەیرووتی پڕ فستقی لوبنانی هێنابوو، خۆی پاکەتەکەی کردەوە و کەوتە وەسفکردنی چاکییەکانی ئەو جۆرە شیرینییانە و لە سەرەتای کردنەوەیدا دانەیەکی لێ خوارد.

هەرچی هەردوو هاوڕێکەی مومتاز و جوبرائیل بوون، ئەرکی دابەشکردنی شیرینییەکەیان بەسەر ئامادەبوواندا پێ سپێردرا، پێشنیاریان کرد کات لەو شوێنە نەکوژین و بچین بۆ پیاسەکردن، بردنیان بۆ شەقامی حەمرا کە لە ساتە بەراییەکانەوە سەرسامی کردین، کە بەیەکێك لە گرنگترین ناوەندە بازرگانییەکان دادەنرێت، نوێترین داهێنراوەکانی جلوبەرگ و بۆن و دووکانی ئێکسسوارات و چێشتخانە و دۆندرمەخانەی تێدا کۆبووبوویەوە، ئەمە جگە لە بوونی گازینۆی گەشتیاری خاوەن کورسی ڕەنگاوڕەنگ، کە بەشێکی زۆری شۆستەکانی دەگرت، هەمیشە جمیان دێت بەسەردانیکاران.

ڕۆژ دووەمی سەردانەکە، بەیانییەکەی کاك غازی هات بۆ شوقەکەمان تا باس لە وردەکارییەکان و ئەرکەکانی کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتیی قوتابایینی کوردی لوبنان بکەین و پێشنیاری کرد هەر مادەیەکیتر بۆ کارنامەی کۆنگرە زیاد بکەین، بەدرێژی باسی بڕگەکانی دانیشتنی کردنەوەی کۆنگرەکە و جۆری ئامادەبووان و ئەو یەکێتییانەی بۆ کردین کە بۆ کۆنگرەکە بانگهێشت کراون، کتوپڕ بوو بۆمان کە وتەی یەکەمی پاش وتەی بەخێرهاتن وتەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی عێراق دەبێت.

لە شوێنێکی نزیك لە یانەی ئەلئەرزی لوبنانی و کۆنگرەکە لە هۆڵێکدا بەسترا کە دەکەوتە نهۆمی خوارەوەی باڵەخانەیەکی سێ نهۆمی، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەکرێ گیرابوو (ڕۆژی ئامادەکردن و دوو ڕۆژ بۆ کارەکانی کۆنگرە و ئاهەنگی کۆتایی).

کۆنگرەی دامەزراندنی (یەکەم)ی یەکێتیی قوتابیانی کوردی لوبنان کاتژمێر دەی بەیانی ڕۆژی ٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٧١ لەو هۆڵەدا بەسترا، کە بەکرێ گیرابوو و

جێی ١٥٠ کەسی تێدا دەبوویەوە و بەدروشمی نووسراو بەزمانی عەرەبی و بەوێنەی بارزانیی نەمر لەسەروو سەکۆی وتاردان رازێنرابوویەوە، لەژێریدا نووسرابوو (بژی رزگارکەری کورد و بنیاتنەری شکۆمەندییان مستەفا بارزانی).

کاتژمێر دە عەریف حەفل کە گەنجێکی لەبلەبان و بەتوانا بوو لە زمانی عەرەبیدا بەوتەیەکی کورت کۆنگرەکەی کردەوە، تێیدا بەخێرهاتنی ئامادەبووان ئەندامان و میوانانی کۆنگرەکەی کرد و جەختی لەوە کرد قوتابیانی کوردی لوبنانی رۆڵەی بەئەمەکن و پێویستیان بە رابیتەیەك هەیە کۆیان بکاتەوە بۆ بەرگریکردن لە مافەکانیان و داواکردنی پێبەخشینی رەگەزنامەی لوبنانی، کە سەرباری مافی سرووشتییان بۆ بەدەستهێنانی، لێی بێبەش کراون.

دوای تەواوبوونی وتەی بەخێرهاتن، ژمارەیەك گەنج بەجلی کوردیەوە چەند تابلۆیەك لە هەڵپەڕکێی کوردیی لوبنانییان لەسەر ریتمی ئامێرە فۆلکلۆرییە کوردییەکان پێشکەش کرد و بە جووڵە هاوئاهەنگەکانیان کە تێکەڵ بە دەنگە مۆسیقیەکان بووبوو و کەشێکی خۆشی و شادی دروست کرد، بوونە جێی سەرسامی ئامادەبووان، بەشێوەیەك داوا لە تیپەکە بکەن لە هەڵپەڕکێ بەردەوام بن و زیاتری لێ پێشکەش بکەن، لەپێشیانەوە هاوڕێ (هناو فرید الاحمر) ئەو کچە عێراقیەی بەنوێنەرایەتی قوتابیانی عێراقی ناو زانکۆکانی لوبنان بانگهێشت کرابوو.

بەپێشەکیەکی کاریگەر لەبارەی شۆڕشی ئەیلول و سەرۆکەکەی بارزانی نەمر و ئەو قوربانییە گەورانەی گەلی کوردستانی عێراق پێشکەشی کردوون بەدرێژایی کاروانی خەباتێکی دوو و درێژ لەپێناو بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییە رەواکانی، هاوکات بەستایشکردنی رۆڵی قوتابیانی کوردستان و یەکێتییە تێکۆشەرەکەیان لەسەر هەردوو گۆڕەپانی پیشەیی و سیاسی، برای شەهید غازی منی پێشکەش کرد بۆ خوێندنەوەی وتاری یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی عێراق پێش لەوەی هیچ وتەیەکیتر پێشکەش بکرێت، ئەویش بەهۆی ئەو رێز و تەقدیرە گەورەیەی ئێمە لەلایی برایانی کوردی لوبنانی هەمانبوو. کاتێك بەرەو سەکۆکە چووم بۆ پێشکەشکردنی وتارەکە، ئامادەبووان کردیانە چەپڵەڕێزان، وتارەکەم لەناو کەشێکی

حەماسیی بێهاوتادا چەند جارێك پچڕا. بەدوای وتارەکەی مندا نوێنەرانی پەیوەندیی قوتابیانی ئەرمەن و یەکێتیی قوتابیانی زانکۆکانی لوبنان و ڕێکخراوی قوتابیانی بزوتنەوەی فەتح و پەیوەندیی قوتابیان لە حزبی پێشکەوتنخوازی ئیشتراکی وتەیان پێشکەش کرد و دانیشتنی یەکەمی بەیانیان کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ کۆتایی هات.

پاشان سێ دانیشتەکەیتری دوو ڕۆژی دواتر تەرخان کران بۆ کارەکانی کۆنگرە، وەك ئامادەکردنی پەیڕەوی ناوخۆ و چۆنێتیی کارکردن لە ناوەندی قوتابیدا، پەیوەندیی نێوان پەیوەندی و یەکێتییە قوتابییەکان و ئەو مەترسی و حساباتانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە وەك بەرەنجامی دۆخی تایفی لە لوبنان. لە کۆتایی کۆنگرەکەدا نامەیەکی تێروتەسەل ئاراستەی سەرۆکی حکومەتی لوبنانی کرا و داوای مافی قوتابیانی کوردی لوبنانی بۆ بەدەستهێنانی ڕەگەزنامەی لوبنانی کرا.

دواین بڕگەی کۆتا دانیشتنی کۆنگرە لە عەسری ٤ی تشرینی یەکەم پرۆسەی هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕیی یەکێتی قوتابیانی کوردی لوبنان بوو، بەکۆی دەنگ من هەڵبژێردرام بۆ سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن، دوای جیاکردنەوەی دەنگەکان پێکهاتەی دەستەی کارگێڕی بەم شێوەیە هەڵبژێردرا:

١- خالید ئەلمولا سەرۆك

٢- شەهید غازی سکرتێر

٣- یوسف ئەحمەد ئەمینی سندووق

لەگەڵ چوار ئەندامیتر کە ناوەکانیانم ئێستا بیر نایەت، بەداخەوە وێنەکانی یادگاریی ڕۆژانی کۆنگرە کە پاراستبوونم لەئەنجامی تالانکردنی کەلوپەلەکانی ماڵەکەم لە بەغدا پاش پەیوەنیدکردنم بە ریزەکانی شۆڕشی کورد لە ئازاری ١٩٧٤، فەوتان. (لێرەدا پشت بەئەرشیڤی کاك یوسف مەولود ئەلقەساب ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی ی. ق. ك لە هەردوو کۆنگرەی شەشەم و حەوتەم بەستراوە، بەسوپاسەوە).

دوای تەواوبوونی کارەکانی کۆنگرە پێشنیارم بۆ هاوڕێم (ئەبو عەلی) کرد ئەندامانی هەڵبژێردراوی دەستەی کارگێڕی بۆ ئێوارە خوانێك داوەت بکات، پێشنیاری بۆ کردم داوەتەکە لە هاوینەهەواری (بحمدون)ی نزیك بەیرووت لەلای رۆژهەڵاتیەوە رێکبخرێت.

لە کەشوهەوای سەرنجڕاکێشی ئێوارەیەکی جواندا لە دەوری مێزێکی پڕ بەخواردنی لوبنانی و موقەبیلاتی هەمەجۆر و بەتام لەگەڵ شنەبای سازگار لەو وەرزە جوانەدا کۆبووینەوە، کە تا درەنگانی شەوی سیحراویی (بحمدون) درێژەی کێشا، لە کەشێکی کەرنەڤاڵیدا پڕ خۆشەویستی و برایەتیی راستگۆیانە، برای شەهید غازی زۆرترین پشکی هەبوو لە قسەکردن و رەچاوکردنی چێژی دانیشتوان و ئامادەیی بۆ بەخشینی کاتی خۆی بۆ بردنمان بۆ سەردانی گەشتیاری، لەوانە سەردانی زانکۆی ئەمەریکی و ئەشکەوتی جعیتا و گازینۆی بەناوبانگی لوبنان و شوێنەکانی نیشتەجێبوونی برایانی کوردی لوبنانی، کە لە هەرکوێ بچووینایەتە لایان بەچاوی رێز و خۆشەویستی تەماشایان دەکردین و بەئێمەدا سڵاو و لەدڵەوە ئاواتی سەرکەوتنیان بۆ سەرۆکی هەموو کورد (بارزانی نەمر) و پێشمەرگەکانی دەخواست. قەت تکاکردنەکانی مام (رەحیم عەبدو)م بیر ناچێت کە لە یەکێك لە کۆڵانەکانی بەیرووتی رۆژهەڵات رێمان لێی کەوت کاتێك میوانی شەهید غازی بووین، ئەو پیاوە پیرە حەفتا ساڵەیە یەك سەعات بەپێوە وەستابوو تا پێمان بڵێت (پێی بڵێن (بەبارزانی نەمر) ئەو ئومێدمانە و بەیانی و ئێوارە لە نوێژەکانماندا نزای بۆ دەکەین، پێویستە زۆر پارێزگاری لە خۆی بکات چونکە ناتوانین بەبێ ئەو بژین).



بەغدا ساڵی١٩٧١، یەکێ لە کۆڕەکانی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان




یوسف مەولود قەساب ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت ی ق ك

لەگەڵ شەهید غازی کە کوردێکی خەڵکی لوبنان بوو باندەکانی بەعس لە کۆتایی حەفتاکان تیرۆریان کرد



بەغدا، زستانی ساڵی ١٩٧٤، ئاهەنگێکی هاوبەشی نێوان ی ق ك و یەکێتی نیشتمانیی قوتابییانی عیراق



بەغدا–کۆلیژی پەروەردە، بەهاری ساڵی ١٩٧١

لە راستەوە: یوسف مەولوق قەساب، عادل موراد، فازڵ مەلا مەحمود، کەریم ئەل مولا، فەرهاد عەونی

## خێوەتگای قوتابییان

## لە گوند و دێهاتەکانی (کەرکووك و خانەقین و شنگال)

**چەند یادەوەریەك لەبارەی خێوەتگەکانی قوتابیان لە گوندەکانی کوردستان کە یەکەمین ئەزموون بوو بنچینەکانی کارلێککردنی لەنێوان قوتابیان و جووتیاران چەسپاند**

ماوەی نێوان بەغدای پایتەخت و شاری مووسڵ بەئۆتۆمبێلی فولکای رووسی مۆدێل ١٩٧٠ پێنج کاتژمێری دەخایاند، کە هی مەکتەبی سکرتاریەتی ی. ق. ك بوو کاتێك ناوبەناو لەو گەشتانەی بڕیار درابوون بۆ بەسەرکردنەوەی دەستەی لقەکانی لە هەریەك لە مووسڵ و دهۆك و لیژنە ناوخۆییەکانیان لە قەزا و ناحیەکانی ناو سنووری ئیداریی ئەو دوو پارێزگایە، سەردانی شارەکەمان دەکرد، ئەویش بۆ جێبەجێکردنی کارنامەیەك لەلایەن لیژنەی تەنفیزیی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی عێراقەوە ئامادە کرابوو، کە لە کۆنگرەی شەشەمی یەکێتیەکەدا کە لە ناوەڕاستی تەموزی ساڵی ١٩٧٠ لە ناوچەی رزگارکراوی ناوپردان بەسترا، هەڵبژێردرابوو. لیژنەکە لەناو (٢١) ئەندامەکەیدا مەکتەبێکی سکرتاریەتی دامەزراند کە لە حەوت ئەندام پێکهاتبوو ،هەندێکیان تەرخان یان نیمچە تەرخان بوون بۆ کاری یەکێتیەکە، کە خانوویەکی گەورە لەنزیك بینایەی باڵیۆزخانەی کۆماری تورکیا لە گەڕەکی وەزیریە لە بەغدا پایتەخت کۆی کردبووینەوە و کرابووە بارەگا.

لیژنەی تەنفیزی کە بەرزترین دەستەی سەرکردایەتی ی ق ك بوو دوو مانگ جارێك کۆبوونەوە دەورییەکانی بەزۆری لە بەغدا دەبەست، هەندێ جاریش ئەو کۆبوونەوانە لە بارەگاکانی دەستەکانی لقەکانی یەکێتییەکە لە شارەکانی کەرکوك و

هەولێر و سلێمانی و دهۆك دەبەستران كاتێك هەستمان بەگرنگی بەستنیان لەو شارانە بكردایە، تا ببێتە هاندەرێكی كرداری بۆ ئەو دەستانە و دانانی چارەسەر بۆ ئەو كێشانەی لەو ناوچە تێكەڵانە روویان دەدا لەئەنجامی ئەو سیاسەتانەی لەلایەن دەزگاكانی حكومەتی ناوەندییەوە دەكێشران لە چوارچێوەی پلانی بەعەرەبكردندا كە لە سەردەمی پاشایەتیدا دەستی پێ كرد و تائەمڕۆ بەشێوە و شێوازی جیاواز بەردەوامە و پاش كودەتا خوێناویەكەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ كە رژێمی حوكمی لیوا عەبدولكەریم قاسمی رووخاند، گەیشتە لوتكە، هەندێ گوند و ناوچە بەتەواوەتی لە دانیشتوانە رەسەنەكانیان لە خاكی باوباپیرانیان چۆڵ كران، ئەم شێوازە قیزەونانە كۆتاییان نەهات و پاشتر پرۆسە بەدناوەكانی ئەنفال و بۆردومانكردنی هەندێ ناوچە بەچەكی كۆكوژ و راگواستنی دانیشتوان لە سێیەكی خاكی كوردستانی لێكەوتەوە بەبیانوو و پاساوی لاواز، كەمترین شت لەبارەیەوە بوترێت ئەوەیە بووە مایەی بێزاری و تووڕەیی دانیشتوانی كوردستان و سەرەنجام راپەڕینێكی جەماوەریی گەورەی كەم وێنەی لێ كەوتەوە لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ كە سەرتاسەری كوردستانی گرتەوە و ئەو داوودەزگایانە ریشەكێش كران كە ئەو پرۆسانەیان دژی گەلەكەمان ئەنجام دەدا.

یەكێك لە رۆژەكانی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧١ ئۆتۆمبێلە فولكاكە كە تاكە ئۆتۆمبێل بوو یەكێتی هەیبوو بۆ بەڕێكردنی كارەكانی لە ناوەوە و دەرەوەی بەغدا، بەیانی زوو بەرەو شاری مووسڵی بردین، كە لە هەریەك لە هەڤاڵ جەلال خۆشناو و یوسف مەولود ئەلقەساب ئەندامانی مەكتەبی سكرتاریەت و سیروان عەبدوڵا سەعید ئەندامی لقی بەغدا و من پێكهاتبوو، كە ئەوكاتە سكرتێری گشتیی یەكێتیەكە بووم، بۆ جێبەجێكردنی ئەو كارنامەیەی لەلایەن لیژنەی تەنفیزییەوە دانرابوو بۆ ئاگەداربوون لە رەوتی كاروبارە رێكخراوەییەكان و چالاكیەكانی دەستەكانی لقەكان و كارلێككردن لەگەڵ رێكخستنەكانی لیژنەی ناوخۆیی هەر لە زاخۆ و شەنگال و تەلەعفەر و باشیق و ئاكرێوە، لەوێوە بۆ هەولێر و كەركوك و سلێمانی و خانەقین و مەندەلی، تا لەكۆتاییدا دەگاتە لیژنە ناوخۆییەكان لە هەریەك لە شارەكانی كووت و قەزاكانی بەدرە و زرباتیە لە كاتی جیاوازدا لەنێوان دوو كۆبوونەوەی لیژنەی

تەنفیزیدا، ئەو سەردانانە بەرهەمی زۆر باشیان هەبوو و کاریگەریی ئەرێنییان لەسەر کاری ی ق ك هەبوو، کە بنکەکەی فراوان بوو و وەك حزبێکی جەماوەری لیٚ هاتبوو.

بەڕێکەوت نەبوو کە هۆتێلی جەزائیرمان هەڵبژارد لەنزیك ناوچەی باب ئەلتووب لەبەرانبەر مزگەوتی سابوونچی لە ناوەندی شاری مووسڵ، کە نەریتمان وابوو لەو هۆتێلە بمێنینەوە لەبەر شوێنە نایابەکەی لە ناوەڕاستی شار، ئەمە جگە لەوەی خاوەنەکەی کوردبوو و ژووری چاك و خۆش و رایەخ خاوێنی بۆ تەرخان دەکردین، لەلای چەپی هۆتێلەکە گازینۆی (النهرین)ی عێراقی لیٚ بوو، کە هەرکات لە هۆتێلەکە دەربچووینایە سەردانمان دەکرد بۆ خواردنەوەی کووپێك قاوە بەشیری تازە.

کات نیوەڕۆ بوو کە گەیشتینە بارەگای لقی یەکێتییەکە کە هەڤاڵان رەنج نووری شاوەیس و سەباح عوبێد عەقراوی و باقی هەڤاڵان چاوەڕێیان دەکردین، چونکە پێشتر ئاگەداری کاتی سەردانەکەمان بوون، بەگەیشتنمان کۆبوونەوەیەکی فراوانمان بەست لەگەڵ دەستەی لق بۆ بەدواداچوونی ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بەلقەکەوە هەیە (یەکەم جار زانکۆی مووسڵ و ئامادەییەکانی سەنتەری شار)، ئەمە جگە لە بەڕێوەچوونی کاروبارەکان لە لیژنە ناوخۆیەکان، لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا کارنامەیەك رێك بخرێت بەپێی ئەم تەرتیبەی خوارەوە:

أ- مانەوە لە مووسڵ بۆ ماوەی یەك رۆژ.

ب- سەردانی لیژنە ناوخۆییەکان لە هەریەك لە تلکێف و باشیك لە رۆژی دووەمدا.

ج- سەردانی لیژنە ناوخۆییەکان لە هەریەك لە سەنتەری دهۆك و ئامێدی و زاخۆ لە هەردوو رۆژی سێیەم و چوارەمدا.

د- سەردانی لیژنەکانی یەکێتییەکە لە هەریەك لە تەلەعفەر و شەنگال لە رۆژی پێنجەمدا.

رەنگە خوێنەر بپرسێت پەیوەندی ئەم پێشەکییە بەخێوەتگەکانی قوتابیانەوە لە گوندەکان چین کە بابەتی (لە یادەوەرییەوە) ئەم جارە ناونیشانەکەی لەوەوە وەرگرتوە، رەنگە لەوەیشدا هەقی بێت، بەڵام من کاتێك یادەوەرییەکان لەبارەی خێوەتگەکانی قوتابیان دەگێڕمەوە، پێویستە بگەڕێمەوە بۆ چۆنێتیی لەدایکیبوونی بیرۆکەی کردنەوەیان هەر لە سەرەتاوە و چۆن خەملی و پێگەیشت و چووە واری جێبەجێکردن، دوو فاکتەری سەرەکیش پاڵیان پێوە نام بۆ نووسین لەبارەیەوە:

**یەکەمیان** ئاماژەنەکردن بۆ ئەو بابەتە لە ماوەی نزیکەی چارەکە سەدەیەکدا........ جگە لە دەرچوونی نامیلکەیەکی چاپکراو بەناونیشانی (خێوەتگەکانی قوتابیان لە گوندەکانی کوردستان) لە بڵاوکراوەکانی (ی. ق. ك) ساڵی ۱۹۷۱، نەوەکانی پاشتر زۆر شت لەبارەی ئەو خێوەتگایانەی قوتابیان نازانن، دەشێت یادەوەرییەکانی ئێمە هانیان بدات بۆ گرنگیدان بەکردنەوەی ئەو خێوەتگایانە لەم سەردەمەدا پاش ئەوەی هەلومەرجی لەباریان بۆ رەخساوە، بەتایبەت پاش چەسپانی ئەزموونی کوردستان لە هەشت ساڵی رابردوودا (ساڵی ۱۹۹۹ کاتی نووسینی ئەم بابەتە).

**دووەمیان** ئەوەیە، ئەو ئەزموونە، واتە ئەزموونی خێوەتگەکانی قوتابیان لە گوندەکانی کوردستان ئەزموونێکی تاکانە بوو چووە مێژووی ی ق ك لە فراوانترین دەرگایەوە و شیاوی لێکۆڵینەوە و وردبوونەوەیە لە ئەنجامەکانی کە لە پێشەکیی نامیلکەی (خێوەتگەکانی قوتابیان لە گوندەکانی کوردستان) لە چەند دێڕێکدا بەرجەستەی کردوە، کە پێمان وایە گواستنەوەی بڕگەیەکی لێرەدا بەکەڵك دەبێت، لە پێشەکیی نامیلکەکەدا هاتووە: (ئەو هەڵمەتە داهێنەرانە گرنگییەکی زۆریان هەبوو بۆ قوتابیان وەك توێژێکی رۆشنبیر و هۆشیار، هەروەها بۆ جووتیاران کە لەژێر چەندین دێوەزمەی قورسدا دەناڵێنن لە دوواکەوتوویی و هەژاری، لەو رووەوە قوتابیانی خستە بەردەم دەروازەی قۆناغێکی نوێ لە پراکتیزەکردنی زانستییانەی ئەوەی لە ژیانی خوێندنیاندا خوێندویانە و پێی ئاشنا بوون و توانی کۆمەڵێك راستی و ئەزموونی نایابیان بۆ بەهێز بکات، کە هەمیشە بەشداریی کارای لە برەودان

بەتواناکانیان و دەمەزەردکردنەوەی وزەکانیان و گەڵاڵەکردنی تێگەیشتنیان لە ژیان و واقیعدا دەبێت، ئەمە جگە لەوەی ئەو ئەزموونە بەدرێژایی ئەو ماوەی ئاشتییەی پاش رێکەوتنامەی ئازاری ١٩٧٠ هاتە کایە بەردەوام بوو و توانی کارلێککردنێکی بەهێز دروست بکات یارمەتیی قوتابیانی دا لە واقیعی جووتیارانی گەلی کوردستان، کە سووتەمەنی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بوون کە چەخماخەکەی لەناو کەژ و کێو و ئەشکەوت و پێدەشتەکانی کوردستاندا هەڵگیرسا، تێبگەن و جووتیاران سەرباری ئەو ماندوێتییانەی بەرگەیان گرتبوو و ئەو قوربانییە گەورانەی دابوویان، بەرەو لای ئەوان نەدەچوون.

بەرەنجامی ئەو سەردانەمان و سەردانە هاوشێوەکانیتر بۆ هەریەك لە پارێزگەی کەرکوك و قەزاکانی و ناوچەکانی خانەقین و بەدرە و مەندەلی و زرباتیە کە بەردەوام لە چوارچێوەی بەرنامەی کارماندا بوون، بیرکردنەوە بوو لە ئەنجامدانی کارێك رۆڵی هەبێت لە لێکۆڵینەوە لەوەی قوتابیانمان و جووتیاران لەو ناوچانە بەدەستیانەوە دەناڵێنن، کە داوودەزگەکانی دەسەڵاتی ناوەندی بەناوچە تێکەڵەکان ناویان دەبردن بەمەبەستی دوورخستنەوەی سیمای کوردستانیبوون لێیان بە رێگە و ئامرازگەلی جیاواز، کە ئەوکات و ئێستەیش زانراون.

هەڤاڵ سیروان ئۆتۆمبیلەکەی لی ُدەخوڕی، بەهۆی ئەو گەشتەوە کە هەفتەیەکی خایاند، کاتێك بۆ بەغدا دەگەڕاینەوە شەکەت بووین و رەنگە هەریەك لەو چوار هاوڕێیە بیری لەوە کردبێتەوە کە بینی و بیستی بەتایبەت لە قوتابیانی تەلەعفەر و باشیقە و شەنگال لەبارەی ئەو کێشانەی رووبەڕووی ئەوان و ناوچەکانیان دەبنەوە. لەوساتەدا قسەی قوتابیەکمانم لە زرباتیە بیر کەوتەوە لە سەردانێکی پێشترماندا لەگەڵ هەڤاڵ حوسێن حاجی عەلی ئەحمەد بۆ ناوچەی بەدرە کە وتی (بەتەنیا جێمان مەهێڵن، ناوبەناو سەردانمان بکەن تا نەبینە نێچیرێکی ئاسان بۆیان، بوونی ئێوە لەناوماندا باشترین رێگەیە بۆ ورە بەرزکردنەوەمان). وەك بزوێنەرێکیش بۆ بەردەوامبوون بەو توانایانەوە هەمانە، لەرێی ئەو سەردانانەوە بەکردەوە سەلما ئێمە فێری زۆر شت دەبین و هەستمان بەنەهامەتییەکانیان و بەو کێشانە دەکرد کە

لەئەنجامی ئەو سیاسەتە هەڵانەوە بەرۆکی دەگرتن، کە سیما سەرەکییەکانی لەلایەن بەرزترین ئاستەکان لە بەغدا پلانی بۆ دادەنرا بەمەبەستی لەقاڵبدانی خاڵەکانی ڕێکەوتنامەی ئازار و هەوڵدان بۆ بەتاڵکردنەوەی لە مانا ڕەسەنەکانی، بەوەی پتر لە لایەنێکی لە داوودەزگەکانی دەوڵەت ڕاسپاردبوو بەسیاسەتێك مامەڵە لەگەڵ ناوچەی کوردستان بکەن زۆر دوور بوو لە گیانی ڕێکەوتنەکە، ئەوەیش وای لە (ی ق ك) کرد بەهەموو گوڕ و توانای گەنجانەی خۆی و ئیرادەی نەتەوەییەوە بەڕووی ئەو لادانەدا بوەستێنەوە، هەمیشەیش ئەو وتەیەی بارزانیی نەمرمان لەبەر دیدەدا بوو کە دەڵێت (قوتابیان سەری ڕمن لە هەموو شۆڕش و شەڕێکی نیشتمانیدا).

لەکاتێکدا ئۆتۆمبێلەکەمان، بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرما(حەماوە)ی بزوێنەرەکەیەوە، کە زۆربەی جار بەدەست ئەو کێشەیەوە دەماننالاند، زۆر بەخاوی دەڕۆیشت، بیرۆکەی ئەوەم بۆ هات کە هاوین دوای تەواوبوونی ساڵی خوێندن کارێکی بەکۆمەڵ بکەین، بەتایبەت لەو ناوچانەی لە ڕووی سیاسییەوە مۆلەقن، لەو ماوەیەی ڕێگەکە مابوو مێشکم بە بیرۆکەکەوە سەرقاڵ بوو، بەگەیشتنمان بەدەروازەی کازمیە، یەکێك لە ناوچەکانی بەغدا، بیرۆکەکە لای خۆم گەڵاڵە بوو و بەسێ هەڤاڵەکەمم وت (برایان دەزانن بەرەنجامی سەردانەکەمان چی بوو؟) هەریەکەیان بەباسکردنی ئەو لایەنە ئەرێنییانەی ئەو جۆرە سەردانانەی کردبوومانە نەریت، دیبوونی، وەڵامیان دایەوە، ئەنجا پێم وتن (ڕاستە ئەو سەردانانە بەرهەمی ئەرێنییان هەیە، جا بۆچی بەکارێکی بەکۆمەڵ وەبەری نەهێنین کە دەستە و لیژنەکانی ی ق ك پێی هەستن؟) پێش گەیشتنمان بە بارەگای یەکێتی لە وەزیرییە بیرۆکەکەم بۆ ڕوون کردنەوە و ڕێکەوتین بیرۆکەکە بخەینە بەردەم سکرتاریەت و هەڤاڵانیتریش بەدروستیی بیرۆکەکە قایل بکەین، هەرسێ هاوڕێکەم حەماسێکی ئاشکرایان بۆی هەبوو.

لە یەکەم کۆبوونەوەی سکرتاریەتدا ڕاپۆرتی ئامادەکراوی خۆم لەبارەی گەشتەکە خستە ڕوو، لە کۆتاییشدا پرۆژەی بیرۆکەکەم وەك پێشنیارێك خستە بەردەم هەڤاڵانی مەکتەب و هەموویان بەلایانەوە پەسەند بوو. پێش ڕەزامەندیی کۆتایی لەسەری،

یەکێکیان پێشنیاری کرد بیرۆکەکە لای مامۆستا سامی عەبدولڕەحمان باس بکرێت کە ئەوکات سەرپەرشتیاری کاری یەکێتی و ڕێکخراوەکانی قوتابیان بوو، تا بیرۆکەکە کۆتا شێوەی خۆی وەربگرێت.

بڕیار درا سەردانی مامۆستا سامی بکرێت لە نووسینگەکەی لە دیوانی وەزارەتی کاروباری باکور لە شەقامی کۆماری لەنزیك گۆڕەپانی (الخلانی)، کە بەزۆری ئێوارەی زۆربەی ڕۆژەکانی هەفتە لەوێ بوو بۆ ئەنجامدانی کاروبارەکانی وەزارەتەکەی.

وەك بیرم بێت، دوو ڕۆژ دوای ئاهەنگەکانی نەورۆز ئێوارەیەك هەرسێکمان (جەلال و یوسف و من) سەردانی مامۆستا سامیمان کرد لە بینای وەزارەتەکەی، کاتێك سکرتێرە تایبەتەکەی، هەڤاڵ فازڵ سنجاری لە دەروازەی نووسینگەکەیدا ئێمەی بینی، پێی وتین (بێگومان کێشەیەکی گەورەتان هەیە)، هەڤاڵ جەلال خۆشناو وەڵامی دایەوە (پرۆژەیەکی گەورەمان هەیە)، لەوکاتەدا مامۆستا سامی هاتە ژوورەکەی فازڵ و وتی (بەخێر بێن گەنجان، هەر ئێستا کارەکەمم تەواو کرد، شتێك هەیە حەز بکەن قسەی لەسەر بکرێت؟) وتمان (هاتنمان لەم کاتەدا لەوانەیە هەندێ شت لەگەڵ خۆیدا هەڵبگرێت کە بەخەیاڵدا نەیەت) فەرمووی لێ کردین بۆ ژوورەکەی و داوای چای بۆ کردین و من دەستم بەقسە کرد، وتم: (وەك دەزانن و ئاگەداری تەواوتان لەسەر کۆی چالاکی و کێشەکانمان هەیە، هەفتەیەك لەمەوبەر گەشتێکمان بۆ شاری مووسڵ و ناوچەی بادینان کرد، ئەمە چوارەمین گەشتی ئەندامانی سکرتاریەتە لە زاخۆوە بۆ مەندەلی و زرباتیە، هەستمان بەو کێشانە کرد لەوێ بۆ ڕێکخراوەکانمان دروست دەکرێن، ئێمە پێویستمان بە دەستپێشخەری ڕێکخستنی خێوەتگەی قوتابیان هەیە لە گوندەکانی کوردستان و بەتایبەت لە ناوچەکانی شەنگال و کەرکوك و خانەقین بۆ ماوەی دوو هەفتە لە سەرەتای دە ڕۆژی یەکەمی مانگی تەممووزەوە، لە مەکتەبی سکرتاریەت دیراسەی بیرۆکەکەمان کردوە و بڕیارێکمان داوە و خوازیارین ئێوەیش بۆ بەدیهێنانی یارمەتیمان بدەن).

مامۆستا سامی عەبدولڕەحمان پاش قسەکانی من وتی: (ئەی دیراسەی ئەوەتان کردوە قوتابیان چەندە بەدەمەوەچوونیان دەبێت بۆی؟) هەڤاڵ جەلال خۆشاو وەڵامی

دایەوە: (بەمەزەندەی ئێمە قوتابیان تامەزرۆی ئەم جۆرە چالاکییەن و دەرچوونی بەیاننامەیەك لە مەکتەبی سکرتاریەتەوە لەبارەی بابەتەکە، گەرەنتیی ئەوەیە قوتابیان پێشبرکێ بکەن بۆ بەشداریکردن لە خێوەتگەکاندا).

مامۆستا سامی جارێکیتر پرسی: ئەی خەرجی خێوەتگەکان چی، ئایا پارەی پێویستتان هەیە بۆ دامەزراندنی خێوەتگەکان بۆ ماوەی دوو هەفتە و بۆ ئەو ژمارەیە لە بەشداربووان؟ لێرەدا هەڤاڵ یوسف ئەلقەساب وەك بەرپرسی کاروباری دارایی یەکێتی هاتە قسە و وتی: (نزیکەی ٢٠٠٠ دینارمان هەیە و بەگوێرەی مەزەندەی ئێمە پێویستمان بەئەوەندەیتر دەبێت و دەتوانین لە چەند مانگی داهاتوودا ئەو چەردە پارەیەیش پاشەکەوت بکەین).

دوای قسەکانیان من قسەم کرد و وتم: بەگشتی هەر خێوەتگەیەك پێویستی بە هەزار دینار هەیە، هەزار دیناریتریش لای مەکتەبی سکرتاریەت دەبێت و بۆ حاڵەتە زەرورییەکان تەرخان دەکرێت، پێویستمان بەپاڵپشتیەکی مەعنەوی و قسەکردن لەگەڵ لایەنە ئیدارییەکانی هەر سێ پارێزگەیش دەبێت، تا بابەتەکە رەهەندە رەسمییەکانی خۆی وەربگرێت، ئەویش بۆ خۆ بەدوورگرتن لە روودانی هەر کێشەیەك.

لە کۆتاییدا مامۆستا سامی عەبدولڕەحمان وتی: پێشنیار دەکەم لەم کاتەی ئێستادا ئەوە رانەگەیەنرێت لەبەر دوو هۆ: یەکەم پێویستە قسە لەگەڵ سەرکردایەتی (مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان) بکرێت و رەزامەندی وەربگیرێت، چونکە بابەتەکە بەو ئاسانییە نیە. دووەم رەگەزی لەناکاوی و زوو رانەگەیاندنی، دەرفەت ناداتە ئەوانیتر کۆسپ بخەنە بەردەم جێبەجێکردنی بەباشترین شێوە. جارێکیتر باش دیراسەی بابەتەکە بکەن لە هەموو لایەکەوە و سەرکردایەتیش یارمەتیدەرتان دەبێت و پشت بەخوا لە ئایندەدا باسی دەکەینەوە.

ئەوکات لەناو هەڤاڵانم لە مەکتەبی سکرتاریەت تەنها من تەرخان (متفرغ) بووم بۆ کارکردن، چونکە ساڵی پێشتر خوێندنی زانکۆم لە زانکۆی بەغدا تەواو کردبوو،

هەڤاڵانیتر هێشتا پەیوەست بوون بەدەوامکردن لە کۆلێژەکانیان، ئەوەیش یارمەتی دام بەهەموو لایەکدا بجووڵێم لەڕێی پەیوەندیکردن بە دەستەکانی لقەکانەوە و باسکردنی مەسەلەکە لەگەڵیان و تاوتوێکردنی ڕێگەکانی مسۆگەرکردنی سەرکەوتنی و هەڵبژاردنی شوێنەکان و دیاریکردنی شوێنی دامەزراندنی خێوەتگەکان. کاتێك لەگەڵ هەڤاڵ عەبدولمەوجود تەها کە ئەندام بوو لە دەستەی لقی سلێمانی ئەوکات، باسم کرد، پێشوازیی زۆری لە بیرۆکەکە کرد و پێی وتم: دیاریکردنی ناوچەکانی شەنگال و کەرکوك و خانەقین بۆ دامەزراندنی ئەو خێوەتگایانەی قوتابیان دەستەبەری سەرکەوتنی ئەو دەستپێشخەرییەیە و هەر لە سەرەتاوە پێشنیاری کرد (لەپێناو کوردستان و گەلەکەیدا خەبات دەکەین) بکەینە دروشمی خێوەتگەکانی قوتابیان، کە ئەوە پاشتر لە خێوەتگەی (خاڵۆ بازیان) لە پارێزگەی کەرکوك هاتەدی.

هەڤاڵانی مەکتەبی سکرتاریەتم لە یەك بەیەکی ئەو هەنگاوانەی دەمنام ئاگەدار دەکرد بەتایبەت هەڤاڵ عادل موراد کە ئەوکات سەرۆکی (ی ق ك) بوو، تا ئاگەداری تەواوی بابەتەکە بن. بەپێی توانا هەوڵم دەدا هەڤاڵەکانم بەوردەکارییەکان ماندوو نەکەم لەبەرئەوەی بەئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانی سەری ساڵی کۆلێژەکانیانەوە سەرقاڵ بوون و ڕەچاوی بارودۆخیانم دەکرد بەتایبەت هەڤاڵ عادل، کە لە کۆتا قۆناغی کۆلێژی زانستەکان–بەشی کیمیا بوو، پێشتریش بەهۆی پەیوەندیکردنی بەشۆڕشی کوردەوە دوو ساڵی خوێندنی لەدەست دابوو (١٩٦٨–١٩٦٩) و (١٩٦٩–١٩٧٠). کاتێك ساڵی خوێندن لە دە ڕۆژی یەکەمی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧١دا تەواو بوو زنجیرەیەك کۆبوونەوەی لەدوای یەکمان کرد بەتایبەت پاش گەیشتنی هەواڵی ڕەزامەندیی سەرکردایەتیی حزب بۆ دیراسەکردنی وردەکاریی هەنگاوەکان و هەڵبژاردنی بەرپرسان و دەستەکانی سێ خێوەتگەکە و دیاریکردنی ژمارەی قوتابیانی ئارەزوومەند و شوێنی دامەزراندنی خێوەتگەکان و تەرخانکردنی چەردە پارەی پێویست . مەکتەبی سکرتاریەت لەم بارەوە بەیاننامەیەکی دەرکرد کە ڕۆژنامەی (التاخی) ڕۆژی ١٩٧١/٤/٢٦ بڵاوی کردەوە، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی: لە ١٠ی مانگی تەمموز یەکەمین هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی (ی ق ك) دەست پێ دەکات کە لایەنە کۆمەڵایەتی و تەندروستی و سیاسییەکان دەگرێتەوە لە شێوەی

خێوەتگەی گەڕۆك لە سەرتاسەری کوردستان و بەشێوەیەکی سەرەکی ئەندامانی یەکێتییەکە تێیدا بەشدار دەبن، بەتایبەت قوتابیانی زانکۆکانی عێراق و بەشێك لە قوتابیانی ئامادەییەکان، پێش باسکردنی وردەکاریەکانی ئەو هەڵمەتە کە یەکەم کاری لەو جۆرەیە لە مێژووی یەکێتیەکەدا، ئەو یەکێتییەی بەشداریی کارای هەبووە لە سەرجەم راپەڕینەکانی گەلەکەمان و شۆڕشە شکۆدارەکەیدا.

دوای رێکەوتنامەی مێژوویی ئازار کە بەرەنجامی تێکۆشانی گەلە خۆڕاگرەکەمان و قوربانییە گەورەکانی و خەباتی بەردەوامی بوو لەپێناو مافە نەتەوەییەکانیدا، یەکێتیەکەمان بەپێویستی زانی بۆ یەکەم جار بەشێوەیەکی کرداری بەشداری بکات لەوەی پێشتر بەهۆی بارودۆخی سەخت و دژوارەوە کە گەلەکەمان لە بزوتنەوە رزگاریخوازیەکەیدا پێیدا تێپەڕیوە، نەیتوانیوە بیکات، بەوەی لای خۆیەوە وەك گرووپێکی رۆشنبیر بەشداری لە هەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوەی گەورەدا بکات. ئامانج لەو هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە چاوەڕوانکراوەی یەکێتییەکە پێی هەڵدەستێت، رووکردنە سەرجەم چینە جیاوازەکانی گەل و ژیانە لەگەڵیان و یارمەتیدان و هۆشیارکردنەوەی جووتیارانە لە گوندەکان لەلایەك و ئاشناکردنی قوتابیانمانە بەکێشەکانی چینە سەرەکییەکانی گەل و فێرکردنیانە کە چۆن بەکرداری خزمەت بکەن لەلایەکیترەوە.

یەکێتیەکەمان لەکاتێکدا هانی ئەندامانی دەدات بەگیانێکی بەرزی هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەوە بەشداری لەو هەڵمەتەدا بکەن، ئامانجی لەوە بەهێزکردنی پەیوەندیی هاوخەباتییە لەنێوان قوتابیاندا وەك توێژێکی رۆشنبیر و جەماوەری بەرفراوان لە جووتیارن کە پایەی شۆڕشی کوردین، چونکە قوتابیان ناتوانن رۆڵی خۆیان وەك تاقمێکی رۆشنبیر و هۆشیار ببینن بەبێ ئەوەی بەجەماوەری گەلەوە ببەسترێن.

هەرچی پرۆژەی هۆشیاکردنەوەیە لەم خاڵانەدا کورت دەبێتەوە:

١- كردنەوەی خێوەتگە بۆ قوتابیان بۆ رووكردنە گوندەكان، هەر خێوەتگەیەك كۆمەڵێك قوتابی تێدایە بەڕۆژ بە گوندەكانی دەوروبەری سەنتەری خێوەتگەكەدا دەسووڕێنەوە و شەوانە هەندێ موحازەرە بۆ رۆشنبیركردن دەدەن.

٢- یەكێتییەكە سەرجەم خەرجیەكانی خێوەتگەكە دەگرێتە ئەستۆ و لیژنەی پێویست بۆ سەرپەرشتیكردنی سەرجەم كاروبارەكانی پێك دێن.

٣- پێویستە سەرجەم لقەكانی یەكێتییەكە ناوی قوتابیانی خۆبەخش تۆمار بكەن و لیستەكان لە ماوەیەكدا كە لە پێنجی تەموزی داهاتوو تێنەپەڕێت، ئامادە بكەن و پێشكەش بە مەكتەبی سكرتاریەتی بكەن.

مەكتەبی سكرتاریەتی (ی ق ك) بانگەوازێكی گەرم ئاراستەی لایەنە رەسمی و رێكخراوە میللیەكان دەكات دەكات، كە لەو رووەوە یارمەتی بدەن و كارەكانی بۆ ئاسان بكەن، تا بتوانێت بەو شێوەیەی پێویستە ئەركەكەی جێبەجێ بكات. لە یەكەم رۆژی تەمموز لە مەكتەبی سكرتاریەت لە دواین هەنگاوەكانمان كۆڵیەوە و بڕیار درا لە دەی تەمموز دەست بەكار بكرێت و بەرپرسانی خێوەتگەكان بەم شێوەیە دەستنیشان كران:

١- رەنج نووری شاوەیس بەرپرسی خێوەتگەی شەنگال.

٢- فازڵ تەیب بەرپرسی خێوەتگەی باوە مەحموود لە خانەقین.

٣- فەرهاد عەونی بەرپرسی خێوەتگەی خاڵۆ بازیانی لە ناوچەی كەركوك.

ئاواتەكەم هات دی بەوەرگرتنی سەرپەرشتی و بەرپرسیارێتیی خێوەتگەی خاڵۆ بازیانی لە پارێزگای كەركوك، چونكە من خۆم پێشتر ناوبەناو سەردانی شاری كەركوك و قەزاكانیم دەكرد كاتێك لە لایەن مەكتەبی سكرتاریەتەوە راسپێردرابووم سەرپەرشی لقی كەركوك بكەم، بەوهۆیەوە لە هەموو شتەكانی لقی ناوبراو ئاگەدار بوون، مانگانە جارێك یان دوو جار سەردانم دەكرد و بەزۆریش چەند رۆژێك لە شارەكەدا دەمامەوە و دەچوومە بارەگای لق كە دەكەوتە گەڕەكی شاترلو لە دەروازەی

شەقامی پزیشکانی ئێستا (جمهوری) لەبەرانبەر باڵەخانەی لقی سێی پ د ک کە هەریەك لە هەڤاڵان عوسمان خۆشناو و شەهید سەعدی خەلیل و زاهیر رۆژبەیانی بەدوای یەکدا بوونە بەرپرسی لقی یەکێتییەکە، کە ئەوانە وایان بەچاك دەزانی چەند رۆژێك لە کەرکوك بمێنمەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لەنێوان رێکخستنەکانی ئێمە و رێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق و دەزگا حکومیەکاندا دروست دەبوون، کە ململانێ توند بوو و خەمی لایەنی بەرانبەر سڕینەوەی سیماکانی کوردستانیبوونی کەرکوك بوو بەهەموو رێگەیەك، قوتابیانی کوردستانی بەکورد و تورکمان و ئاشووریەوە هەڵوێستی قارەمانانە و شەرەفمەندانەیان هەبوو لەو هەڵبژاردنانەی لە شوباتی ئەو ساڵەدا کران و پاڵێوراوانی ی ق ك بە زۆربەی ئامادەییەکانی ناو کەرکوکدا سەرکەوتن ئەمە جگە لە ئامادەییەکانی دوبز و ریاز و کفری و توزخوماتوو سەرباری فشارە بەردەوامەکان و دواخستنی هەڵبژاردنەکان بۆ ماوەی مانگێك لە سەرەتادا، کە ئەوە دۆخێکی ناسروشتی خولقاند، کە بووە هۆی هاتنی شاندێکی هاوبەش پێکهاتبوو لە بەڕێزان سامی عەبدولڕەحمان ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی و وەزیری ئەوکاتی کاروباری باکور و خوالێخۆشبوو مورتەزا حەدیسی ئەندامی قیادەی قوتریی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و هەردووکیان ئەندام بوون لە لیژنەی ئاشتی، کە پاش رێکەوتنامەی ئازار پێکهات بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی روودەدەن، کۆبوونەوەکەیان لەگەڵمان لە یانەی سەندیکای کرێکاران بوو لە نزیك گۆڕەپانی فڕۆکەوانی بەمەبەستی گەیشتن بەچارەسەرێکی ناوەند پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان، سەردانەکەیان ئەنجامێکی دیاریکراوی لێ نەکەوتەوە، سەرەنجام بڕیار درا من بچم بۆ بەغدا بۆ تاوتوێکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی لەگەڵ لیژنەی ئاشتی بەئامادەبوونی سەرکردەکانی ی ق ك و یەکێتی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق، کە لێرەدا بوار نیە باسی رەهەندەکانی ئەو بابەتە و ئەنجامەکانی بکرێت، دەشێت بکەوێتە ناو ئەڵقەیەکیتر لە ئەڵقەکانی ئایندەی (لە یادەوەرییەوە) بەپشتیوانی خوا.

بەم شێوەیە شوێنی کردنەوەی خێوەتگەکان پاش لێکۆڵینەوەیەکی تێر و تەسەل لە رێگەکانی مسۆگەرکردنی سەرکەوتنی دیاری کرا، گەڕەکی (بەرزوکی) کە دەکەوێتە

باكوری خۆرئاوای شاری شەنگال بۆ شوێنی دامەزراندنی خێوەتگەكە لەوێ دیاری كرا، كە لە دیارترین سیماكانی (منارە) بوو كە تا رادەیەك لە منارەی شوێنەواریی هەولێر دەچێت، مێژووی دروستكردنی منارەكەی شەنگال بۆ سەردەمی عەباسییەكان دەگەڕێتەوە، لەو گەڕەكەدا قوتابخانەیەكی سەرەتایی و بینای قشلەی كۆن هەبوو، دەشتێكی كاكی بەكاكیش لەبەردەمیدا بوو كە بەشێكە لە بیابانی باكور لەسەر رێگەی ناحیەی بەعاج و پاشتر بوو بە قەزا بۆ بچوككردنەوە و كەمكردنەوەی رێژەی كورد لە قەزای شەنگال. ناوچەكە و دەوروبەری سەدان ساڵە كوردی موسڵمان و ئێزیدی تێدا دەژین، پاشتر دووچاری هەڵمەتێكی توند و كەم وێنەی بەعەرەبكردن بوویەوە، شارەكەیان لە خێزانە كوردەكان چۆڵ كرد كە بڕبڕەی پشتی خەڵكی شەنگال بوون، لە خێزانەكان خزر خەڵەف و خەشوولی و هیتریان دەركرد بۆ شارەكانی دهۆك و زاخۆ و هەولێر، هەروەك جووتیارانی ناوچەكەیان لە گوندە رەسەنەكانیان راگواست بۆ ئۆردوگای بەكۆمەڵ كە ناونران گوندی هاوچەرخ. لێرەدا سەیر ئەوەیە لە كۆتاكانی هەشتاكان لە رۆژێك لە رۆژانی مانگی ئاب كە ئاوهەوا گەرم بوو، دوو سەرباز سەردانی شەنگالیان كرد یەكێكیان كورد و ئەویتریان عەرەبی ناسریە بوو، كاتێك یەكە سەربازیەكەیان لە ناوچەی شەنگال بوو، نەریت وابوو سەربازان كاتێك یەكە سەربازییەكانیان لەدەرەوەی شارەكان بوونایە لەكاتی مۆڵەتە زەمەنییەكانیاندا سەردانی سەنتەری شارەكانیان دەكرد بۆ چوونە قاوەخانەكان بەمەبەستی پشوودان، كاتێك سەربازەكە داوای پەرداخێك ئاوی ساردی لە شاگردی قاوەخانەكە كردبوو شاگردەكە وتبووی (سەهۆڵمان نیە)، كاتێك سەربازەكە پرسیبووی بۆچی لەم كاتە گەرمەی هاویندا سەهۆڵیان نیە؟ شاگردی قاوەخانەكە وەڵامی دابوویەوە: (لە شەنگال كارگەیەكی سەهۆڵ هەبوو هی خەلەف عەبدولكەریم بوو، كاتێك حكومەت رایگواست، كارگەكە پشتگوێ خرا و تاڵان كرا). سەربازە عەرەبەكە سەری سوڕما و جارێكیتر پرسی ئەی بۆچی خاوەن كارگەی سەهۆڵەكە راگوێزراوە؟ شاگردەكە زۆر بەسادەیی وەڵامی دابوویەوە: (لەبەرئەوەی كوردە)!!

لیژنەیەك بۆ سەرپەرشتیكردنی خێوەتگەی (بەرزوكی) لە شەنگال دەستنیشان كرا و بەرپرسیارێتییەكەی خرایە ئەستۆی هەڤاڵ رەنج نووری شاوەیس ئەندامی

مەکتەبی سکرتاریەت، هەرچی ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتی بوون، بریتی بوون لە هەریەك لە هەڤالان نەجمەدین عومەر کەریم و حاجی محەمەد کریت بەرپرسی لقی دهۆکی یەکێتییەکە، رەشید رەمەزان بەرپرسی یەکێتی لە زومار و محەمەد سلێمان و محەمەد تاهیر سپینداری، کۆی ژمارەی بەشدارانم لە خێوەتگەی شەنگال بیر نەماوە، ئەمە بۆ ئەو هەڤالانە بەجێ دێڵم تێیدا بەشدار بوون.

پۆلێك کادیری حزبی و لە توێژە جیاوازەکان سەردانی خێوەتگەی ناوبراویان کرد، لە پێشیانەوە خوالێخۆشبوو حەسۆ میرخان ئامر هێزی ئاکرێ و شێخان، هەروەها مامۆستا عەلی شەنگالی بەرپرسی ئەوکاتی لقی یەکی پ د ك . هەرچی خێوەتگەی (باوە مەحموود)ە لە ناوچەی خانەقین لەڕووی سەرپەرشتیکردن و بەرپرسیارێتیەوە لە خێوەتگەی شەنگال جیاواز نەبوو، با هەڤالانی بەشدار بمبەخشن کە لە ناوی بەرپرسەکانی تەنیا هەڤالان محەمەد قەرەداغی و خەلیل ئەرکوازی و نەجمەدین عەزیزم لەیادە، چونکە وردەکاریی شتەکانم لەو خێوەتگەیە لەبیر نیە، جارێکیتر داوای لێبوردنیان لێ دەکەم و ئومێدەوارم ئەوانەی بەشدار بوون تێیدا چ سەرپەرشتیاری خێوەتگەکە بوون یان تێیدا بەشدار بوون، لەبارەی خێوەتگەکەیان لە باوە مەحموود بنووسن، وەك خزمەتێك بۆ مێژوو و بەدۆکیومێنتکردنی ئەو ئەزموونە پێشەنگە.

لە شەشی تەمموز ئێمەیش لە دەستەی سەرپەرشتیکردنی خێوەتگەی (خاڵۆ بازیانی) لە پارێزگەی کەرکوك کەوتینە رێ، دەستەکە منی تێدا بوو، وەك بەرپرسی خێوەتگە، ئەمە جگە لە هەڤالان خوالێخۆشبوو فازڵ مەلا مەحموود ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت، عوسمان خۆشناو ئەندامی لیژنەی تەنفیزی، شەهید دکتۆر محەمەد باجەلان بەرپرسی لیژنەی یەکێتی لە کۆلێژی پزیشکی زانکۆی بەغدا، ئازا خەفاف و سیروان عەبدوڵا سەعید و چیا عەباس ئەندامانی لیژنەی ناوچەی بەغدای ی ق ك، لەگەڵ گەیشتنمان بەبارەگای لق لەوێ، هەڤالان زاهیر رۆژبەیانی و نووری قارداش و محەمەد عەزیز ئەندامانی لیژنەی لق چاوەڕێمان بوون، بەگەیشتنمان کۆبوونەوەیەکی هاوبەشمان کرد کە هەڤالان بەرپرس و ئەندامانی لقی کەرکوك و دەستەی

سەرپەرشتی ئامادە بوون، لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار درا قوتابیانی بەشدار لە ئامرازە بەردەستەکان بۆ ئامادەبوونیان لە بارەگا لە ٩ی تەکوزی ١٩٧١ ئاگەدار بکەین بە پێداویستییە زەرورییەکانیانەوە، لەوانە یاتاخی خەوتن و پێویستیتر. لە ٧ی تەمموز لەگەڵ هەڤاڵی خوالێخۆشبوو فازڵ مەلا مەحموود سەردانی دیوانی پارێزگای کەرکوکم کرد بۆ گەیاندنی نامەیەکی مامۆستا سامی بۆ بەڕێز ئەحمەد عەبدولقادر نەقشبەندی یاریدەدەری پارێزگاری ئەوکات، تا یارمەتیی پێویستمان بدەن. بەڕێز نەقشبەندی بەخێرهاتنی کردین و پێی وتین: (لە سنووری توانا و دەسەلاتی خۆمدا یارمەتیتان دەدەم)، داوامان لێ کرد بۆ ئاسانکردنی کارەکەمان لە ماوەی کردنەوەی خێوەتگەکەدا ئۆتۆمبێلێکی پیکابمان بۆ تەرخان بکات، بەڕێزیان بەڵێنی چاکی داینێ و فەرمانی دا بەتەرخانکردنی ئۆتۆمبێلێکی پیکابی کۆن جۆری شۆفرلێت لەگەڵ شۆفێرەکەی، محەمەد عوسمان کە تا راگەیاندنی رێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ یەکێك بوو لە پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی شەهید عیزەدین قەرە، بەهۆی شارەزایی تەواوی لە ناوچەکە، زۆر یارمەتی داین.

لە ٨ی تەمموز سەرجەم ئامادەکارییەکانمان تەواو کرد و بڕێك ئارد و برنج و رۆنمان کڕی و ناردمان بۆ خاڵۆ بازیانی کە هەڤاڵ نەوزادی لێ بوو، بەداخەوە ناوی باوکیم لەیاد نەماوە و خەڵکی گوندی خاڵۆ بازیانی بوو و خوێندنی زانکۆی لە کۆلێژی ئاداب-بەشی جوگرافیا تەواو کردبوو، زۆر شتی بۆ ئاسان کردین، ئێمەیش لەگەڵیدا هاوڕا بووین کاتێك پێشنیاری کرد بینای قوتابخانەی سەرەتایی گوندەکە بکەینە بارەگای سەرەکیی خێوەتگەکە.

بەیانیی رۆژی ٩ی تەمموز قوتابیانی بەشدار لە ئامادەییەکانی شاری کەرکوك و قەزا و ناحیەکانی و بەشداران لە کۆلێژەکانی زانکۆی بەغدا و مووسڵ، پۆل پۆل بەو ئۆتۆمبێلانەی بۆ ئەو مەبەستە بەکرێ گرتبوونمان پەیوەندییان کرد بە سەنتەری ناحیەی قەرەحەسەن لە لەیلان و گوندەکانی تەرجیل و تەرکە ئەشکانی سەروو و خواروودا تا دەگاتە گوندی خاڵۆ بازیانی، کە سەروەختێك ئەوێ سەنتەری ناحیەی قەرەحەسەن بوو و دەکەوێتە رۆژهەلاتی شاری کەرکوك و باشوری خۆرئاوای قەزای

چەمچەماڵ لەسەر گردێکی پڕ بەرز و نزمی و پێچاوپێچ و لەچاو خۆیدا ئاوی زۆر، ئێمە بۆ پێویستیی خۆمان لە ئاو پشتمان بە کانییە سەرەکییەکە (خوڕخوڕ) دەبەست، ئەویش بەهۆی نزیکی لە بینای بارەگای خێوەتگەکەوە.

بەگەیشتنمان بە گوندەکە پۆل پۆل جووتیارانی گوندە پەرش و بڵاوەکانی ناوچەکە پێشوازییان کردین، رۆڵی هەڤاڵ نەوزاد تاهیر بەرچاو بوو، کە لە ریزی پێشەوەی پێشوازیکەران بوو، کاتێك چووین بۆ بینای قوتابخانە سەرەتاییەکە بینیمان لەگەڵ مام عەبدوڵا شوێنەکەیان بۆ رێك خستبووین. مام عەبدوڵا چێشتلێنەر بوو لە بارەگای بەتالیۆن (فەوجی پێشمەرگە) و بەدرێژایی ماوەی خێوەتگەکەیش کە دوو هەفتەی خایاند خۆبەخشانە هەموو رۆژێك بەیانی و ئێوارە خواردنی بۆ بەشداران ئامادە دەکرد.

بەهاتنی ١٠ی تەمموز ژمارەی قوتابیانی بەشدار تەواو بوو، عەسری ئەو رۆژە یەکەمین کۆبوونەوەی گشتیمان بۆ سەرجەم بەشداران بەست، ناوەکان تۆمار کران و کران بە پازدە گرووپەوە، هەر گرووپێك ١٥ بۆ ٢٠ کەس بوون، بۆ هەر گرووپێکیش بەرپرسێك دەستنیشان کرا، لەگەڵ روونکردنەوەی تەوەرەکانی کار و پێڕاگەیاندنی رێنماییە پێویستەکان، لە گرنگترینیان ماندوونەکردنی خێزانی جووتیاران بەنانی نیوەڕۆ و تەنیا نان و ماست بخۆن، بەرنامەی رۆژانەی خێوەتگەکە بەهەستان لە کاتژمێر پێنجی بەیانی دەستی پێ دەکرد، پاش خواردنی بەرچایی بەیانی و وتنەوەی سروودی (ئەی رەقیب)، گرووپەکان بەپێ دەستیان بەجووڵە دەکرد و کاتژمێر شەشی ئێوارە دەگەڕانەوە، کاتژمێر حەوت ژەمی سەرەکیی خواردن پێشکەش دەکرا کە لە برنج و شلە و گۆشت پێکهاتبوو لەگەڵ نانی گەرمی تەنوور، کە مام عەبدوڵا لەگەڵ نانەواکە ئامادەی دەکرد، ئەویش یەکێك بوو لە جوتیارانی گوند و ناوەکەیم بیر نەماوە.

وەك باسم کرد رێنماییەکان توند بوون، لەوانەیش لەبەرنەکردنی بیجامە، پابەندبوون بەکاتی خەوتن لە کاتژمێر دوازدەی شەو و هەستان لە پێنجی بەیانی، بەجێنەهێشتنی خێوەتگە بەشەو و پابەندبوون بەئێشکگری (خەفارەت) و

**پاسەوانیکردنی شەوانە.. چالاکییەکانی خێوەتگەکە لە گوندەکانی ناوچەکە بەڕێوە دەچوون، لەوانە (خالۆ بازیانی، تەرجیل، باش بلاغی خواروو، زەنگەنە، شەبەح جیری، خدر بەگ، حەسەن سەلام، پەنجە عەلی، قەرەوەیس، تیمزاوا، بزەلە). ئاوهەوا بەرۆژدا بەگشتی گەرم و بەشەودا فێنك بوو، ئاهەنگە تەرفیهییەکان کاتژمێر هەشتی شەو شاز دەکران، تێیاندا کارەکانی گرووپەکانی قوتابیان لەو گوندانەی بەرۆژ کاریان تێدا کردبوو و ئەو شتە سەیرانەی هاتبوونە رێیان، نمایش دەکران، لەگەڵ پێشکەشکردنی موحازەرەیەکی سادە لەلایەن سەرپەرشتیاری خێوەتگەکە و خوێندنەوەی هەندێ قەسیدەی نیشتمانی لەلایەن هەڤاڵ کەمال میراودەلی و هیترەوە کە ناویانم بیر نەماوە، هەندێ شەو هەڤاڵ دارا حەسەن یارە بەشدارێکی کارا بوو لە چالاکییەکانی خێوەتگە کە بەدەنگە زوڵاڵەکەی گۆرانیی نەتەوەیی و عاتیفی بەسۆزی عوودەوە دەچڕی، کە شەهید ئازاد هەورامی بەکارامەیی پەنجەی لە ژێکانی دەسوو، ئەوکاتە گەنجێکی بچووك بوو و سەرباری بچووکیی تەمەنی بۆ کارکردن بەجۆش بوو. ئەو ئاهەنگە شەوانانە بەدیمەنێکی تەمسیلی کۆمیدی کۆتاییان دەهات کە هەڤاڵ زێبار نووری بەگ داهێنانی تێدا دەکرد، هەندێ جاریش ئەو ئاهەنگە تەرفیهییانە کۆڕی رۆشنبیرییان تێ دەکەوت دەربارەی بابەتە هەنووکەییەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسیی ئەوکات. خێوەتگەکە ئەزموونێکی زیندوو بوو تێیدا جووتیاران، رەنگە بۆ یەکەم جار، هەستیان کرد رۆڵە و برا قوتابیەکانیان دەتوانن کارلێك لەگەڵ بارودۆخی سەختی ئەواندا بکەن و یارمەتییان بدەن ئەگەر دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت، گرووپەکانی قوتابیانی بەشدار لەو خێوەتگایانەیش بە بارودۆخی سەختی ژیانی برا جووتیارەکانیان ئاشنا بوون کە بڕبڕەی پشتی بزوتنەوە رزگاریخوازیەکەمان بوون کە لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا خۆی دەنوێنێت، ئەویش لە ساتەکانی رۆژدا کە لەگەڵ جووتیارانی ئەو گوندانەدا خەریکی کارەکانی کشتوکاڵ و خاوێنکردنەوەی کێڵگەکان و یارمەتیدان بۆ چاکردنەوەی خانووە قوڕینەکان، دەبوون.**

**جگە لەو هەڤاڵانەی لە پێشەوە ناویان هات، ناوی هەندێکیتریان دەبەم، لەوانە هەریەك لە: جەلال ئەحمەد بەرقی کە ئێستا ئەندازیارە، سەلاح رەشید ئەزلی، فوئاد سەعدەدین، جەمال عەبدوڵا، سوار محەمەد سەلتە، ئەنوەر جەلال، شەهید ئازاد مەلا**

محەمەد، شەهید هیوا عەبدولغەفوور، سەلاّح حەمەد ئەمین سووره، جەلال محەمەد ئەحمەد ئێستا فەرمانبەره لە چاپخانەی زانکۆی سەلاّحەدین، دلێر رەشیدا (ئێستا لە ئەمەریکایە)، د. کاوس محەمەد فەرج، سامالّ رەشید، دلّشاد عەبدولاّ، ئەنیس شاکر حەکیم. هەروەها هەریەك لە هەڤالاّن عەبدولمەوجود تەها کە ئێستا راوێژکارە لە وەزارەتی رۆشنبیریی هەرێم، هیوا جەلال حەمدی، محەمەد فەرەج ئاغا، ئازاد رەشید و هیتریش لەگەلّمان بەشدار بوون و دوو خۆشترین دوو هەفتەمان لە ژیانی کرداریمان لە دەشت و گردەکانی کەرکوك بەسەر برد، ئەو ناوچانەی هەلّمەتەکاتی بەعەرەبکردن و راگواستن و گۆڕینی سیماکانیان بەخۆوە بینی. بەلاّم کەرکوك وەك شارێك بەدەشت و گردەکانیەوە سەرەڕای ئەو گۆڕانکارییەی لە دانیشتوانیدا کرا و گۆڕینی ناوەکان و گۆڕینی نەتەوە، هەر لە دلّماندا دەمێنێتەوە و رۆژێك ئاگرە ئەزەلییەکەی لەگەلّ ئیرادەی گەلی کوردستاندا دەست لەملان دەبن... بەم شێوەیە گێڕانەوەی یادەوەرییەکان لەبارەی خێوەتگەکانی قوتابیان لە گوندەکانی کوردستان کۆتایی دێت.

داوای لێبوردن لەو هەڤالاّنە دەکەم لەو ئەزموونە پێشەنگەدا بەشدار بوون و لێرەدا ناویان نەهاتووە، لەوانەیە بمبەخشن لەبەرئەوەی دەشێت یادەوەری (زاکیرە) هەندیّ جار ناپاکیمان لەگەلّدا بکات، ئیتر ئەوە سرووشتی یادەوەرییە کە وەك تاکە سەرچاوە پشتی پیّ دەبەستم لە نووسینی ئەلّقەکانی (لە یادەوەرییەوە)، چونکە بەلّگەنامە و سەرچاوەکانی لە بیست سالّی رابردوودا کەوتنە بەر رەشەبا پاش ئەوەی بای رق و کینە سەرەتا سالّی ١٩٧٤ لە بەغدا رایمالّین، پاشتریش ئەوەیش کۆم کردنەوە ئاگری شەڕی ناوخۆ سالّی ١٩٩٤ لە هەولێر لووشی دان، لەبەرئەوە تەنیا پشت بەیاداوەری دەبەستم، جا لەبەرئەوەی دەشێت یادەوەریش هەندیّ جار ناپاکی بکات، ئەوا لەلایەن مامۆستا محەمەد ئیسماعیلەوە رووبەڕووی رەخنەلێگرتن بوومەوە، لەڕێی ئەو بەدواداچوونەی لە ژمارە (٢٩)ی گۆڤاری (گولان العربی)ی ئازیزدا بلاّو کرایەوە دەربارەی ئەوەی لە ئەلّقەی (١٢)ی زنجیرەی (لە یادەوەرییەوە) دا هاتبوو بەناونیشانی (لاپەڕەیەکیتر لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول) سەبارەت بەهەندیّ (ئیلتیباس) کە تێیدا هاتووە و لەبارەیەوە دەلّێت (ناکرێت بۆ فاکتەری لەبیرچوون

بگەڕێنرێتەوە)، هەروەها دەڵێت (راستنەکردنەوەی و ئاگەدارنەکردنەوەی خوێنەران لێی، زیانگەیاندنە بەمێژووی گەلی کورد). لێرەدا پێم خۆشە سەرنجی خۆم دەربارەی بەدواداچوونی ناوبراو تۆمار بکەم:

١- بەهۆی پشتبەستن بە زاکیرە وەك ئاماژەم پێ دا، دەشێت هەندێ (لێ تێنەگەیشتن) لەبارەی ئەو خێزانانەی پاش بەرپاکردنەوەی شەڕ لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە ساڵی ١٩٧٤، لە بەغداوە باریان کرد بۆ کوردستان رووی دابێت، ئەمە شتێکە دەکرێت هەبێت و رەتی ناکەمەوە، چونکە تێپەڕبوونی ماوەی ٢٤ ساڵ بەسەر ئەوەی رووی دا، رەنگە بەبێ مەبەست ئیلتیباسی لەلا دروست کردبم، بەڵام بەهەمان پێوەر بابەتەکە لای مامۆستا محەمەد ئیسماعیل خۆیشی تێکەڵ بووە کاتێك ویستویەتی ناڕاستیی ناوی هەندێ لە خێزانە راگوێزراوەکانی ئەوکات بسەلمێنێت، لێرەدا نامەوێت هۆ و وردەکارییەکانی راگواستنەکە تۆمار بکەم، کە رەنگە بۆ هەندێ کەس خراپ بێت لە هەمان کاتدا هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت، بەڵام بەپێویستی دەزانم لەسەر دەستەواژەیەك بوەستم کە لە بەدواداچوونەکەدا هاتووە و دەڵێت (راستنەکردنەوەی و ئاگەدارنەکردنەوەی خوێنەران لێی، زیانگەیاندنە بەمێژووی گەلی کورد)، پێم وایە ئەم رستەیە خۆی زیانگەیاندن و قسەیەکی بریندارکەرە، خوازیار بووم مامۆستای بەڕێزمان بۆ بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە پەلکێش نەبێت، چونکە بوونی هەندێ ئیلتباسی نائەنقەست لە بابەتێکدا بەتایبەت کاتێك پشت بەیادەوەری بەسترابێت، زیانگەیاندن نیە بۆ مێژووی گەلەکەمان لەبەرئەوەی (مامۆستا محەمەد ئیسماعیل و من) مێژوونووس نین و هەرچی دەینووسین لە چوارچێوەی نووسینی یادەوەریی شەخسی و خەیڵچنمان لەبارەی ئەو رووداوانەی پێیاندا تێپەڕیوین دەرناچێت.

٢- مامۆستا محەمەد ئاماژەی بەوە داوە من دوای سۆز (عاتیفە)ی خۆم کەوتووم، لە بەدواداچوونەکەیدا دەڵێت (هەندێ جاریتر سۆز رایدەماڵێت- بەگوێرەی باوەڕی خۆی و ناتوانێت ئەو حەقیقەتەی رووی داوە پیشانی خوێنەران بدات، لەم

حاڵەتەیشدا مەعزور نیە و وا باشترە دەست بۆ ئەو بابەتانە نەبات کە تێیاندا سۆز لەگەڵ ڕاستییەکان لێك دەدەن).

لێرەدا شایەتی دەدەم بۆ ڕاستی ئەوەی بۆی چووە لەبارەی پەلکێشبوونم بەدوای سۆزدا، بەڵام نەك وەك ئەو دەڵێت (هەندێ جار) بەڵکو لێرەدا جەخت لەوە دەکەم سۆز ڕووبەرێکی گەورە لە بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتم پێکدێنێت و ئەوەیش بە نەنگی نابینم، ئەوەیش وەك زانراوە مەیلیەتی بۆ کارلێك لەگەڵ ڕووداو و کەسەکان کە بەبێ ئەوە ناتوانێت ژیانێکی سروشتی بژی، کارلێکی لەناخەوەیش لە بۆشاییەوە نایەت، بەڵکو لە بوونی بارگەکانی سۆزی بنیاتنراو لەسەر بیرکردنەوەی دروستی مرۆڤی هۆشیارەوە دێت و مادام دڵ وجودی هەبێت ئەوا سۆزیش کاریگەری خۆی لە ژیانی مرۆڤدا دەبێت و کار لە ڕەفتاری مرۆۋ دەکات، سۆز لە فیکر جیا ناکرێتەوە، هەرکات لەیەکتر جیا کرانەوە مرۆۋ دەگۆڕێت بۆ (نیرۆن)ێکیتر، کە گۆرانی دەڵێت و پێدەکەنێت لەوکاتەی دەیبینێت ڕۆما دەسووتێت!


هەرچی ئامۆژگارییەکەیەتی بۆ من بە (دەستنەبردن بۆ ئەو بابەتانەی تێیاندا سۆز لەگەڵ ڕاستییەکان لێك دەدەن)، هەندێ دەستدرێژی و زیادەڕەویکردنە سەر مافی کەسانیتری تێدایە، مافی خۆیەتی سەرنجی لەسەر ئەو بابەتانە دەرببڕێت کە پەیوەندییان پێیەوە هەیە یان بەلایەوە گرنگن یان تایبەتن بەو، بە ڕەتکردنەوە یان پشتگیریکردنی ئەم یان ئەو ڕووداو، بەڵام بەداخەوە دەبینین مامۆستا محەمەد بەبێ ڕەچاوکردنی ڕێساکانی ئەتەکێت جڵەو بۆ خۆی شل دەکات و ڕاشکاوانە داوام لێ دەکات (وا باشترە دەست بۆ ئەو بابەتانە نەبات)، وەك ئەوەی ئەو هەق بەدەست بێت بۆ ئاراستەکردنم بەرەو نووسینی ئەو بابەتانەی ئەو پێی وایە نووسین لەبارەیانەوە پێویست نیە. چ ئەو و چ من مافی خۆمانە لەبارەی هەر بابەتێك بنووسین کە هەڵیدەبژێرین و کەس بۆی نیە ئەو مافە لە کەسانیتر زەوت بکات. هەر هەوڵێکی لەم جۆرە و لە هەر سەربەنێکەوە بێت بەدەرچوون دادەنرێت لە تێگەیشتنی دروست لە ماناکانی ئازادی، کە ڕۆژانە بەدرێژایی کات خۆمانی پێوە هەڵدەکێشین. چ پێشتر و چ ئێستایش پێشوازی لە هەر خستنەسەرێك دەکەم دەربارەی ئەڵقەکانی (لە

یادەوەرییەوە) بڵاو بکرێتەوە، چونکە ئەو بابەتانە بەهێز و دەوڵەمەند و بەسوودتر دەکات و رۆڵی دەبێت لە بەدۆکیومێنتکردنی ئەو رووداو و ناوانەی لەوانەیە بەهۆی هەڵکشانی تەمەنەوە لە بازنەی یادەوەریم ترازابن، لەم سەربەنەوە تەماشای نووسینی ئەوانیتر دەربارەی ئەم جۆرە بابەتانە بەچاوی رەزامەندی و نرخاندنەوە دەکەم و پێویستیشە وا بین، هەروەك وا باشترە حوکمی سەرپێیی نەدەین و بەم یان بەو شێواز داوا لە خەڵك نەکەین نەنووسێت، چونکە هەموومان قابیل بەوەین هەڵە بکەین، پاکی بۆ ئەو زاتەی هەڵە ناکات، جا ئەگەر هەڵەیەك هاتبێت لە پێشخستن یان پاشخستنی ناوێك، یان باسنەکردنی ناوێك لە رووداوێکی دیاریکراو، یان لە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراودا، نە کوفرە و نە تۆڵەکردنەوەیە لە کەس و نە نکوڵیکردنە لە رۆڵی ئەوانیتر و بەشدارییان لە کاروبانی خەباتی گەلەکەماندا. مامۆستا محەمەد ئیسماعیل دەتوانێت باسی ئەوە بکات و چ زانیاریەکی زیاتری لایە بیخاتە روو و سەروەرییەکانی تۆمار بکات، کە بەسوپاسەوە ئەمەی کرد و خستنەسەرێکی نوێیە بۆ خوێنەرن و توێژەران ئەگەر رۆژێك یەکێکیان ویستی لەبارەی ئەو رووداوانە بنووسێت، بەڵام گلەییم لە مامۆستا محەمەد تۆمەتبارکردنی منە بە (پەلکێشبوون بەدوای سۆز) و (زیانگەیاندن بەمێژووی گەلی کورد)، هەر لەبەرئەوەی بە نائەنقەست باسی ناوی ئەو و رۆڵیم لە ئەمانەتی گشتیی پەروەردە لە ماوەی نێوان (١٩٧٤/٣/١١-١٩٧٥/٣/١١) لە ناوچە رزگارکراوەکان لەو قۆناغەی تەمەنی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا نەکردوە. پێم وایە ئەوە خۆی پەلکێشبوونی مامۆستا محەمەدە بەدوای سۆزدا نەك من، خوازیار بووم ئەو نەکەوتایەتە ئەو داوگەیەوە، بەتایبەت کە وەك ناسراوە رۆڵی هەبووە لە هۆشیارکردنەوەی چەندین نەوەی قوتابیاندا لە بنەماکانی زمان و رەوشتی بەرزدا.

٣- ئەوەی من و هەم کەسانیتریشی لە خوێنەرانی گۆڤارەکە ئازاردا، رستەیەك بوو پەیوەندی بەمامۆستا دارا تۆفیقەوە هەبوو کە گوزارەیە لە هەستی شاراوەی ناو ناخی مامۆستا محەمەد ئیسماعیل بەرانبەر دارای ئازیزمان، کاتێك دەڵێت (من کاروبارەکانی پەروەردەم بەڕێ دەکرد و خوالێخۆشبوو (مەبەستی دارا تۆفیقە) رۆڵێکی ئەرێنیی ئەوتۆی نەبوو، لەبەر هەندێ هۆ باسکردنیان بەپێویست نابینم).

پێوەر و حوکمەکانی ئەم زەمانە سەیرن، لەوانە هەمووی سەیرتریش ئەوەیە کاتێك بەپێوەرێکی خودیی رووت و یەکلایەنە و لە سەربەنێکی شەخسیی پەتییەوە تەماشای شتەکان دەکەین، رەنگە لەبەر دروستبوونی کێشە بێت لەنێوان دوو کەسدا بەهۆی جیاوازیی تێڕوانینیان بۆ شتەکان یان ئالوگۆڕی شوێن بەفەرمانێکی سەروو، کە چارەکە سەدەیەك نەیتوانیبێت شوێنەوارەکانی لە دڵدا بسڕێتەوە و بەکاریگەریی ئەوە حوکم بدەین و کەسانیتر هەڵبسەنگێنین و بەپێچەوانەی فەرمایشتی پێغەمبەر (د.خ) رەفتار بکەین کە دەفەرموێت (اذکروا محاسن موتاکم) بە رۆچوون لە نێرگسیبوونماندا، کە خۆشەویستی لە دڵان دەبڕێت.

دارا تۆفیق کە مامۆستا محەمەد ئیسماعیل هەڵیدەسەنگێنێت بەوەی (رۆڵێکی ئەرێنیی ئەوتۆی نەبوو)، پێم وایە من مافی ئەوەم نیە جارێکیتر بچمەوە ناو ژیانی دارا تۆفیق، بەشێکی بچووك لە قەرزی هەمیشە ریشەداکوتاوی ناو ویژدانم داوەتەوە لەڕێی نووسنەکانمەوە چ بەعەرەبی بێت یان بەکوردی، وەك وەفایەك بۆ رۆڵی تێکۆشەرانە و شەرەفمەندانەی لە بزوتنەوەی رزگاریخوازیی گەلەکەماندا، هەروەها وەك وەفایەك بۆ زیندوەکانیش کە لەپێناو گەلەکانیان خەبات دەکەن و قوربانی دەدەن و رۆژێك ئەوانیش دەگەڕێنەوە لای پەروەردگاریان، لێرەدا وشەیەکیتر سەبارەت بە دارا زیاد ناکەم و تەنیا رستەیەك دەگوێزمەوە کە لە کتێبی (الاختیار المتجدد)ی خوالێخۆشبوو د. رەحیم عەجینە (چاپی یەکەم ساڵی ١٩٩٨-بەیرووت) دەگوێزمەوە، کە لە لا٥٣دا دەڵێت: (لە ناوەڕاستەکانی ساڵی ١٩٥٧ و پاش زنجیرەیەك پەیوەندی و پرس و راوێژ، خشتە بەراییەکانی بزوتنەوەی قوتابیانی کوردی لە ئەورووپا دانران، ئەو دەستپێشخەرییە لە گردبوونەوەی قوتابیانی چەپی کوردستانی عێراقیشدا دروست بوو، دارا تۆفیق بزوێنەری چالاك بوو بۆ هەڵنان و ئامادەکردنی قوتابیانی کورد لە بەریتانیا و جەمکردنیان بۆ بەستنی کۆنگرەی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە ئەورووپا، ئەویش لە شاری میونیخ لە ئەڵمانیا ١٩٥٧). پاش هەموو ئەمە ئایا هەگبەکەی مامۆستا محەمەد ئیسماعیل (لەگەڵ رێزی زۆرم بۆی) هیچی تێدایە بیڵێت دەربارەی (نەبوونی رۆڵێکی ئەرێنیی ئەوتۆ لەبەر هەندێ هۆ کە ئەو بەپێویستیان نازانێت باسیان بکات)؟!




نامیلکەیەکی چاپکراوی مەکتەبی سکرتاریەتی ی ق ک پاش بەکۆتاهاتنی ساڵی یەکەمی خێوەتگای قوتابییان


لە هاوینی ساڵی ١٩٧١



گوندی خالۆ بازیانی، بەشداربووانی خێوەتگا لە کاتی گفتوگۆی بەرنامەی رۆژانەیان



گوندی خالۆ بازیانی، بەشداربووانی خێوەتگا لە کاتی گواستنەوەی کەلوپەلەکانیان



کۆمەڵێك لە قوتابییانی بەشداربووی خێوەتگا لە کاتی چوونیان بۆ گوندی ئۆمەرە گدە لە ناوچەی کەرکووك



گوندی تەرجیل، هەندێ لە بەشداربووانی خێوەتگا لە کاتی پشوو



گوندی خالۆ بازیانی

دارا حەسەن یارە یەکێ لە بەشداربووانی خێوەتگا، لەگەڵ فەرهاد عەونی لێپرسراوی خێوەتگا



ناوپردان، ۱۹۷۰/۷/۱۷ ئەندامانی لیژنەی راپەڕاندنی یەکێتی قوتابییانی کوردستان کە پێکهاتبوون لە ۲۱ ئەندام

پاش هەڵبژاردنیان لە کۆنگرەی شەشەم

راوەستاوان لە راستەوە:

وەزیرە پیرداود، جەرجیس حەسەن، حاجی محەمەد کرێت، شێرکۆ رەشید سندی، سەباح عەقراوی، ئەنوەر عەبدوڵڵا، محەمەد حاجی شێروانی، عەبدولقادر محەمەد ئەمین، نوری کەریم خان، عەبدوڵڵا محەمەد، عادل موراد، فەرهاد عەونی

دانیشتووان لە راستەوە:

رەنج نوری شاویس، أكرم منتك، یوسف مەولود قەساب، جەلال خۆشناو، جواد شێروانی، سەعدی خەلیل، عارف تەیفور، عادل لەیلانی، عوسمان خۆشناو

## نهێنییه شاراوەکانی هەڵبژاردنەکانی قوتابیان

## له پارێزگای کەرکووك له ساڵی ١٩٧١

سەرله ئێوارەی رۆژی ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠ لەکاتێکدا خەریك بوو دەچوومه ناو هۆڵی پێشەوەی هۆتێلی شەهرەزاد له شاری کەرکوك، یاداوەری گەڕاندمیەوە بۆ رۆژانی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٥٣ کاتێك قوتابی بووم له پۆلی یەکەمی سەرەتایی، که خوالێخۆشبووی باوکم پشووی نیوەی ساڵی بەهەل زانی، که دوو هەفتەی یەکەمی مانگی شوبات بوو، تا لەگەڵ خۆی بمبات بۆ بەغدا بۆ چاسەری چاوەکانم که ئەوکات تووشی نەخۆشییەك بووبوون، یەکەمین وێستگەمان شاری کەرکوك بوو، چونکه ئەوکاته له رۆژانی زستاندا سەفەر له کۆیەوە بۆ کەرکوك لەبەر خراپیی رێگەکه پێنج بۆ حەوت سەعاتی دەخایاند، چونکه رێگەی نێوان کۆیسنجەق و کەرکوك قیرتاو نەبوو جگه له هەندێ ماوەی کورت کورت، لەبەرئەوە رێبوار ناچار دەبوو شەو له کەرکوك بمێنێتەوە، ئەویش لەبەر شەکەتیی رێگه و کفتبوونی بەهۆی سەفەرکردنی بەپاسی تەختەیینی گەورە و چەقینی بەردەوامی تایەکانی له قوڕدا و یارمەتیدانی نەفەرەکان بۆ شۆفێری پاسەکه له دەرکردنی پاسەکه له قوڕ و پاڵپێوەنانی بۆ پێشەوە بەدەم دەست بەرزکردنەوە و نزا و پاڕانەوە له خوای گەورە که لەو مەینەتییه رزگاریان بکات. کاتێك دەڵێم یاداوەری گێڕامیەوە بۆ ئەو رۆژانەی مانگی شوبات که من پاش تێپەڕبوونی حەڤدە ساڵ (کاتی نووسینی بابەتەکه) دەچوومه ناو هۆڵی هۆتێلی شەهرەزاد، لەبەرئەوەیه هۆتێلی ناوبراو شوێنەوارێکی له

دەروونمدا بەجێ هێشتووە تێپەڕینی ساڵان بەهەموو خۆشی و ناخۆشییەکانیەوە نایسڕێتەوە، چونکە هۆتێلی شەهرەزاد کەسایەتیی کۆمەڵایەتیی ناسراو (کاکەحەمە) بەڕێوەی دەبرد.

هۆتێلەکە ژوانگەی کەسایەتییە کوردەکانی شاری کەرکووک و بازرگانانی سلێمانی و کۆیە و ئەو کەسانە بوو لەڕێی کەرکوکەوە سەفەریان دەکرد بۆ بەغدا، هۆڵی هۆتێلەکە هەمیشە بەکۆمەڵێك نەفەر و سەردانیکەر جمەی دەهات، بەتایبەت لە ئێواران و شەواندا، باسی سیاسەت و بازرگانی و جووڵەی بازاڕیان دەکرد. من کاتێك لە ١٩٧٠/١١/٢٠ پاش تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە بەغدای پایتەختم بەجێ هێشت، بڕیارم دا بەدرێژایی ماوەی  مانەوەم لە کەرکوك لە هۆتێلی شەهرەزاد بمێنمەوە وەك یادکردنەوەی ئەو شەوەی شوباتی ١٩٥٣ و ئەو شوێنەوارە جوانەی لە دەروونمدا بەجێی هێشتبوو. بەڵام کاتێك بۆ جاری دووەم دۆخی هۆتێلەکەم بینی، تووشی بێئومێدی و سەرسوڕمان بووم، چونکە جگە لە دیوارەکانی هیچ لە سیماکانی بینای هۆتێلەکە نەمابوو. دیوارەکانیش لەبەر پشتگوێخستن بەهۆی ئەو کارەسات و بەڵایانەی  پاش توندبوونی ئەو هێرشە دڕندانەی پاش دوو ساڵ لە شۆڕشی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ دووچاری بوو، بەسەر کەرکوکدا هاتوون، شێوابوون، ئەویش کاتێك هێزە کۆنەپەرستەکان و داوودەزگەکانی دەسەڵات و توخمە تاودراوەکان بۆ گۆڕینی سیماکانی کوردستانیبوونی کەرکوك و کارکردنە سەر ورەی دانیشتوانەکەی بەگوێرەی پلانێکی داڕێژراو کە لە هەڵبەستنی تۆمەت و ڕەواییدان بەکوشتنی توخمە کوردییەکان و تێکۆشەرانی هێزە نیشتمانیەکاندا خۆی دەنواند، هەموو ئەوانە دەستیان تێکەڵ کرد. ئەو هێرشە پاش کودەتا خوێناوییەکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ گەیشتە لوتکە کە تا ئەمڕۆ بەگوێرەی پلانێکی دیراسەکراو بۆ چۆڵکردنی شاری ئاگری ئەزەلی لە دانیشتوانە کوردەکەی بەپلەی یەکەم بەردەوامە، لە قۆناغەکانی پاشتردا ڕۆڵەکانی هەردوو نەتەوەی تورکمان و ئاشووریشی گرتەوە و خەریك بوو

دانوستانی نێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی مەزنی ئەیلول و دەسەڵاتی ناوەندی لەکاتی دەستپێکردنی گفتوگۆ لە کۆتا مانگەکانی ساڵی ١٩٦٩ شکست بێنێت کاتێك عەبدوڵا سەلوم سامەڕائی ئەندامی شاندی دانوستانکاری حکومی ئەوکات، نکوڵی لە کوردستانیبوونی کەرکوك کرد، کە وای لە بارزانیی نەمر کرد بەتوندی وەڵامی بداتەوە و راشکاوانە پێی وت: (تۆ ئەگەر لە مێژوو و جوگرافیا بێئاگا نەبوویتایە ئەو قسە هیچەت نەدەکرد).

هۆی هاتنم بۆ کەرکوك لە یەکی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٠ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکانی قوتابیان بوو کە بڕیار بوو لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٧٠ بەڕێوە بچن، ئەویش پاش بڕیارێك کە دوای کۆبوونەوەیەکی فراوانی لیژنەی تەنفیزی و مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانهات بەئامادەبوونی کاك سامی عەبدولڕەحمان ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پ د ك و سەرپەرشتیاری رێکخراوە کوردستانیەکان پاش رێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، کە لیژنەی تەنفیزی و مەکتەبی سکرتاریەت لە بارەگای یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە گەڕەکی وەزیریە لە بەغدای پایتەخت کۆبوونەوە، بۆدیراسەکردنی پێشنیاری مەکتەبی تەنفیزی یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە سەرجەم ئامادەییەکانی عێراق لە یەك رۆژدا، کە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٧٠یە و ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لە سەرجەم پەیمانگە و کۆلێژەکانی زانکۆکانی عێراقیش پاش تێپەڕبوونی هەفتەیەك بەسەر بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان لە ئامادەییەکان، پێشنیارەکە هێڵە سەرەکییەکانی دیدگەی یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراقیشی لەخۆ دەگرت، بەم شێوەیە:

١- یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بۆی هەیە لیستی کاندیدان لە ئامادەییەکانی پارێزگەکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی رێك بخات بەو شێوەیەی خۆی هەڵیدەبژێرێت و بەناوی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە.

٢- هەڵبژاردنەکان لە زانکۆی سلێمانی بەپێی ئەو لیستانە ئەنجام دەدرێن کە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان رێکیان دەخات، لەگەڵ دانانی ئەندامێکی سەر بە رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق لە هەر کۆلێژێکی زانکۆی سلێمانی، لەژێر واجیهەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستاندا.

٣- سەبارەت بە زانکۆی مووسڵ پێشنیار ئەوە بوو یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق بەرپرس بێت لە رێکخستنی لیستەکان، لەگەڵ دانانی ئەندامێکی سەر بە رێکخستنەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لەو کۆلێژانەی ژمارەیەکی زۆر قوتابیی کوردیان تێدایە.

٤- لە باقی ئامادەییەکان و زانکۆکانی بەغدا و بەسرە و موستەنسریە، یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق بەرپرس بێت لە رێکخستنی لیستەکان و دانانی کاندیدەکان.

٥- داننان بە پێکهێنانی لقی بەغدای یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بۆ سەرپەرشتیکردنی رێکخستنە قوتابیەکانی قوتابیانی کوردستان کە لە ئامادەییەکانی بەغدا و هەردوو زانکۆی بەغدا و موستەنسریەن، لەگەڵ بوونی بارەگای مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لەگەڵ مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق لە بەغدا.

٦- سەبارەت بەپارێزگەی کەرکوك، پێشنیارەکە لەم خاڵانەدا خۆی دەنواند:

أ- یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق واجیهە دەبێت لە سەرتاسەری پارێزگەکەدا و بەرپرسیارێتی لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانەکان دەگرێتە ئەستۆ.

ب- یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق بۆی هەیە لە ئامادەییەکان و دوو قۆناغی کۆتایی سانەوییەکان (پۆلی ٤، ٥،ی ئەوکاتە) لە تەواوی قوتابخانەکانی پارێزگەی کەرکوکدا لیست رێك بخات جگە لە ئامادەیی و سانەوییەکانی ١١ی ئازار و کوردستان و ئیمام قاسم، بەو پێیە پێشنیارەکە مافی دابوو بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لیست رێك بخات، لەگەڵ بەشدارنەکردنی قوتابیانی تورکمان لەو لیستانەدا.

کۆبوونەوە فراوانەکەی لیژنەی تەنفیزی و مەکتەبی سکرتاریەت لە کۆتاییەکانی هەفتەی یەکەمی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٠ تەرخان بوو بۆ دیراسەکردنی ئەو پێشنیارانەی لەلایەن یەکێتیی نیشتمانی قوتابیانی عێراقەوە پێشکەش کرابوون، تەنیا یەك هەفتەمان لەبەردەمدا بوو بۆ تاوتوێکردنی پێشنیارەکان و ئاگەدارکردنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق لە ئەنجامەکە. لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا کاك سامی عەبدولڕەحمان باسی گرنگی هەڵبژاردنی قوتابیان و هەڵبژاردنی کاندیدانی کرد بەگوێرەی کۆمەڵێ دیسپلین کە تێیاندا رەچاوی لێهاتوویی و بوێری و زیرەکی بکرێت، پاشان پێشنیارەکانی یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق خرانە بەر باس و کۆمەڵێ پرسیاریان لەبارەوە کرا و لە هەندێ لە برگەکانی پێشنیارەکان تووشی سەرسوڕمان و حەپەسان بووین، لە کۆتاییدا کۆبوونەوەکە گەیشتە چەند بڕیارێك و بەم شێوەیە داڕێژران:

١- رازیبوون بە بڕگەکانی (١ و ٢ و ٣ و ٥).

٢- بڕگەی ٤، بڕیارمان لە دوو خاڵدا کورت کرایەوە:

أ- یەکێتیی قوتابیانی کوردستان مافی هەیە لیستەکان ئامادە بکات و بەناوی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە لە شەنگال و باشیقە و شێخان و تلکێف و تەلەعفەر لە پارێزگەی مووسڵ.

ب- سەبارەت بە پارێزگەی دیالە بڕیارمان ئەوە بوو تەنیا یەکێتیی قوتابیانی کوردستان مافی هەیە لیستی کادیدان رێك بخات و بەناوی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە قەزاکانی خانەقین و مەندەلی و هەروەها لە قەزای بەدرە و شارۆچکەی زرباتیە لە پارێزگەی کووت.

هەرچی بڕگەی (٦)ە، بڕیاری کۆبوونەوە فراوانەکە کە مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراقی لێ ئاگەدار کرا، بەم شێوەیە بوو:

١- لە کەرکوك یەکێتیی قوتابیانی کوردستان یەکێتیی رەسمییە و لە چالاکییەکانی قوتابیان بەرپرسە لەبەردەم دەستە رەسمییەکاندا بەگوێرەی بڕگەی پێنجەم لە رێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، بە رەچاوکردنی نوێنەرایەتی رۆڵەکانی نەتەوەکانیتر لە تورکمان و ئاشووری و عەرەب لە لیژنە و دەستەکانی قوتابیان لە سەرجەم قوتابخانەکانی پارێزگەی کەرکوك، یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق لە رێکخستنەکانی قوتابیانی خۆی بەرپرسە لە سەرجەم قوتابخانەکانی پارێزگەکە و لە حاڵەتی روودانی کێشەیشدا هاوئاهەنگی لەنێوان بەرزترین دەستەکانی سەرکردایەتی هەردوولا و نوێنەران لە مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراقدا دەبێت.

**٢- له بارێكدا یەكێتیی نیشتمانی بەپێشنیاری ناوبراو له بڕگەی پێشوودا رازی نەبێت، هەڵبژارنەكان بەشێوەیەكی دیموكراسییانە وەك باقی قوتابخانەكان له سەرتاسەری كۆماری عێراق و بەشێوەی لیست بێت.**

**٣- دەستوەرنەدانی فەرمانگەكانی دەوڵەت و دەزگە حزبییەكانی هەردوولا له كاروبارەكانی هەڵبژاردن و بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ هەردوولا رەوایە، بۆ لایەنەكانیتریش ئەگەر هەبوون.**

**پاش داڕشتنی كۆتایی بڕیارەكان له دووەمین كۆبوونەوە و له هەمان رۆژدا، ئەندامانی كۆبوونەوەكە پاش رێنماییەكانی كاك سامی عەبدولڕەحمان ئەندامی مەكتەبی سیاسیی پارتی، بەكۆی دەنگ گەیشتنە كۆمەڵێك بڕیار، كە بۆ هەمووان پابەندكار (مولزیم) بوون، بەم شێوەیە:**

**یەكەم: پابەندكردنی هەڤاڵ ئەنوەر عەبدولاّ سەرۆكی یەكێتیی قوتابیانی كوردستان كه جێگری سەرۆكی یەكێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق بوو، هەروەها جەلال خۆشناو و عەدل لەیلانی ئەندامانی مەكتەبی سكرتاریەتی یەكێتیی قوتابیانی كوردستان كه هاوكات وەك نوێنەری یەكێتیی قوتابیانی كوردستان له مەكتەبی تەنفیزیی یەكێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراقیش ئەندام بوون تێیدا بەگوێرەی رێكەوتنامەی ناوبراو، بەتەبەناكردنی پێشنیارەكانمان و دەستهەڵنەگرتن له هیچ بڕگەیەك له پێشنیارەكان.**

**دووەم: دەستنیشانكردنی نووسەری ئەم دێڕانە وەك سكرتێری گشتیی یەكێتیی قوتابیانی كوردستان بۆ سەرپەرشتیكردنی هەڵبژاردنەكان له پارێزگەی كەركوك و له بارەگای یەكێتیی قوتابیانی كوردستان- لقی كەركوك بێت بەشێوەیەكی هەمیشەیی،**

هاوكات له‌ په‌یوه‌ندیی به‌رده‌وامدا بێت له‌گه‌ڵ كاك سامی عه‌بدولڕه‌حمان و له‌گه‌ڵ هه‌ڤاڵان ئه‌ندامانی مه‌كته‌بی سكرتاریه‌ت.

كاتێك كۆبوونه‌وه‌كه‌ هه‌ڵگیرا كات گه‌یشتبووه‌ شه‌شی ئێواره‌، كه‌ به‌هه‌ردوو دانیشتنه‌كه‌ی نزیكه‌ی حه‌وت كاتژمێری خایاند، ئه‌وكاته‌ كاك سامی عه‌بدولڕه‌حمان به‌ته‌نیا بوو له‌گه‌ڵ من كه‌ به‌ ئۆتۆمبێله‌ حكومییه‌كه‌ی (پۆستی وه‌زیری كاروباری باكوری له‌ حكومه‌تی عێراق هه‌بوو) به‌ره‌و باره‌گای وه‌زاره‌ته‌كه‌ی كه‌وتینه‌ ڕێ، كه‌ ده‌كه‌وته‌ شه‌قامی جمهوری كه‌ له‌لای خۆرئاواوه‌ به‌سه‌ر گۆڕه‌پانی (الخلانی)دا ده‌ڕوانێت، كاتێك گه‌یشتینه‌ نووسینگه‌كه‌ی له‌ وه‌زاره‌ت، ده‌ستی برد جگه‌ره‌یه‌كی دامێ و دانه‌یه‌كیشی بۆ خۆی داگیرساند، پاش ماوه‌یه‌كی كورت وتی:

(تۆ له‌لایه‌ن مه‌كته‌بی سیاسیه‌وه‌ ده‌ستنیشان كراویت، له‌به‌رئه‌و له‌ كۆبوونه‌وه‌ فراوانه‌كه‌تان چه‌ند كاتژمێرێك له‌مه‌وبه‌ر پێشنیارم كرد تۆ سه‌رپه‌رشتیار و به‌رپرسی هه‌ڵبژاردنی قوتابیان بیت له‌ پارێزگه‌ی كه‌ركوك، ئێمه‌ له‌ سه‌ركردایه‌تیی حزب و سه‌رۆك بارزانی به‌تایبه‌ت زۆر گرنگی به‌م هه‌ڵبژاردنانه‌ به‌تایبه‌ت له‌ پارێزگه‌ی كه‌ركوك و قه‌زا و ناحیه‌ كورده‌كانی هه‌دوو پارێزگه‌ی مووسڵ و دیاله‌ و هه‌ردوو قه‌زای به‌دره‌ و زرباتیه‌ ده‌ده‌ین، به‌ڵام كه‌ركوك له‌ بازنه‌ی یه‌كه‌می گرنگی پێدانماندا ده‌بێت، هه‌ڵبژاردنی تۆیش به‌هه‌ڕه‌مه‌كی نه‌بوو، چونكه‌ ئێمه‌ توانای ڕێكخراوه‌یی تۆ و راده‌ی جددیبوونت له‌ كاركردن و له‌خۆبورده‌ییه‌ مه‌بده‌ئییه‌كه‌ت ده‌زانین، ئه‌مه‌ جگه‌ له‌و توانای قایلكردنه‌ی له‌ تۆدایه‌. بڕی (١٠٠٠) دینار ده‌خه‌ینه‌ به‌رده‌ستت، پێویسته‌ سبه‌ی بچیت بۆ كه‌ركوك و به‌ گه‌یشتنت چاوت به‌كاك عه‌زیز عه‌قراوی به‌رپرسی لقی حزبمان له‌وێ ده‌كه‌وێت كه‌ ئاگه‌داری ته‌واوی بابه‌ته‌كه‌یه‌ و له‌ كاره‌كانتدا یارمه‌تیت ده‌دات، به‌پێی توانا هه‌وڵ بده‌ خۆت له‌ كێشه‌ له‌گه‌ڵ به‌عسیه‌كان و ده‌زگه‌ حكومیه‌كان به‌دوور بگریت، چونكه‌ ئێمه‌ هێشتا له‌گه‌ڵ حزبی به‌عس له‌ مانگی هه‌نگوینیدا ده‌ژین

و بەپێی ڕێکەوتنامەی ١١ی ئازار ئێمە هاوپەیمانین، بەڵام پێویستە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر هەیە بیزانیت، ئەویش ئەوەیە بەعسییەکان هەرچی توانای ماددی و حکومی و بەشەرییان هەیە تەرخانی دەکەن لەپێناو سەرکەوتن لەم هەڵبژاردنانەدا، چونکە ئەوان، بەپێی زانیاریی دڵنیای ئێمە لە دەزگە تایبەتەکانمانەوە، لە بەعەرەبکردن و بەبەعسیکردن ناوەستن و توانا حزبی و حکومییە زەبەلاحەکانیان بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کردوە، بەلای ئێمەیشەوە، وەك جەنابی بارزانی جەختی لێ دەکات، کەرکوك بەدڵی زیندووی کوردستان دەمێنێتەوە، پێشتر بەڕێزیشیان پێش لە ئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەکە ئەوەی بەئێوە ڕاگەیاند، (کاتێك شوباتی ڕابردوو لە گوندی دیلمان سەردانتان کرد لە ١٩٧٠/٢/٦). پێویستە لە دەستنیشانکردنی کاندیدەکاندا پێکهاتەی نەتەوەیی لەبەرچاو بگرن، چونکە ئەوان وەك برای ئێمە لە کوردستان دەژین و پێویستە پێیان ڕابگەیەنرێت کە چارەنووسیان ڕاستەوخۆ بەستراوە بەکوردەوە. دواین شتیش، پێویستە ئاگەداری خۆت بیت، هەوڵ بدە شوێنێکی گونجاو بۆ خۆت بدۆزیتەوە و لقی حزب لەوە ئاگەدار بکرێت. هەوڵ بدە ڕۆژانە پەیوەندیم پێوە بکەیت چ لەڕێی تەلەفونەوە بێت یان دەستنیشانکردنی کەسێکی جێمتمانە بۆ ئاڵوگۆڕی نامەی زارەکی و نووسراو، من دڵنیام لە ئەرکە قورسەکەتدا سەرکەوتوو دەبیت، پشتیوانیش لە خواوە.

ڕۆژی دواتر و پاش پرس و ڕاوێژ لەگەڵ هەڤاڵان لە مەکتەبی سکرتاریەت، بەیاوەری هەڤاڵ سەعدی خەلیل ئەندامی لیژنەی تەنفیزیی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان سەفەرم کرد، کە ساڵی ١٩٨١ شەهید بوو کاتێك لە ڕیزی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا چووبووە ڕیزەکانی پێشمەرگە. پاش تێپەڕبوونی چەند مانگێکی کەم بەسەر ئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ بەرپرسیارێتی لقی کەرکوکی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی وەرگرت. دوای گەیشتنمان بەکەرکوك لە عەسری ڕۆژی ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠ بەسەعدیی

هاوڕێمم ڕاگەیاند کە من هۆتێلی شەهرەزادم هەڵبژاردوە بۆ شەو مانەوە بەدرێژایی مانەوەم لە کەرکوك. بەڵام کە دۆخی هۆتێلەکەم دی بەو شێوەیە فەرامۆش کراوە تووشی بێئومێدی بووم، کاتێك هەڤاڵ سەعدی بینی دوودڵم و لەبارەی شەو مانەوە لە هۆتێلی شەهرەزاد بڕیارم گۆڕیوە، پێشنیاری کرد بچم بۆ هۆتێلی (الشرق الاوسط) لە ناوەڕاستی شار، بە پێشنیارەکەی ڕازی بووم و هۆتێلی ناوبراوم بۆ شەو مانەوە هەڵبژارد.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ چاوم بەمامۆستا عەزیز عەقراوی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی و بەرپرسی لقی سێ (کەرکوك) کەوت بەئامادەبوونی کاك ڕەشید عارف ئەترووشی کە ئەندامی لقی سێ بوو. بەدرێژی باسی ماجەرای کۆبوونەوە بەرفراوانەکەی بەغدا و ڕێنماییەکانی کاك سامی عەبدولڕەحمانم بۆ کردن، بۆم دەرکەوت کاك سامی پەیوەندی بە عەزیز عەقراوییەوە کردوە و هەواڵی داوەتێ کە من نامەیەکی زارەکیم بۆ ئەو پێیە سەبارەت بەئەرکەکەم چۆنێتیی پاڵپشتیکردنی تەواوم و خستنەگەڕی گشت تواناکان بۆ سەرخستنی ئەرکەکە بەباشترین شێوە. کاتێك بابەتەکەم بە وردەکاریەکانیەوە بۆ باس کرد، بڕیار هاتە سەر ئەوەی لقی سێی حزب سەرجەم تواناکانی تەرخان بکات لەپێناو سەرخستنی هەڵبژاردنەکاندا و سپاردنی ئەرکی پاڵشتیکردنی لقی سێ بۆ یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بە بەڕێز ڕەشید عارف ئەترووشی، کە بە چوستی و خۆڕاگری و بەجەرگی لەبەردەم ڕووداوەکاندا دەناسرا، ئەمە جگە لەوەی لەناو دەستەی کارگێڕیی لقی سێی پارتیدا بوو. کاتێك کاك عەزیز عەقراوی و ڕەشید عارف ئەترووشی زانییان من هۆتێلی (الشرق الاوسط)م بۆ شوێنی شەومانەوەم هەڵبژاردوە، بەرهەڵستیی ئەو هەڵبژاردنەیان کرد و ئامۆژگارییان کردم لەبەر هۆی ئەمنی لە هۆتێلەکە بگوێزمەوە بۆ بینایەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لەنزیك بارەگای لقی سێ و یەکێك لە ژوورەکان بکەمە شوێنی مانەوە، بەم شێوەیە ڕۆژی دواتر گواستمەوە بۆ بارەگای یەکێتیی قوتابیانی

کوردستان و ژوورەکەی نهۆمی سەرەوەم کردە شوێنی خۆم، هەردوو هەڤاڵ نووری قارداش بەرپرسی دووەم لە لقی  یەکێتیی قوتابیان و زاهیر رۆژبەیانی ئەندامی لقی یەکێتییەکە، دەستپێشخەرییان کرد شەو و رۆژ بە نۆرە یەکێکیان لەلام بم تا تەواوبوونی ئەرکەکە.

لە یەکەم رۆژەوە دەستمان بەکار کرد و کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ دەستەی لق بەست، کە وەك بیرم بێت پێکهاتبوو لە هەڤالان نووری قارداش و زاهیر رۆژبەیانی و محەمەد ساڵح و خاتوو سەعدیە و محەمەد نووری و دوو هەڤاڵێتر ناویانم بیر نەماوە (داوای لێبوردنیان لێ دەکەم) و دەستمان بە رێکخستنی پلانەکان کرد، کە خۆیان لە بەستنی کۆبوونەوەی سەرجەم لیژنەکانی یەکێتییەکەدا خۆی دەنواند لەو قوتابخانانەی هەڵبژاردن دەیگرتنەوە لە ئامادەیی و سانەوییەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی و خانەی مامۆستایانی کچان و کوڕان سەرەتا لە سەنتەری پارێزگە، پاشان ئەنجامدانی سەردانی مەیدانی و پتر لە جارێك بۆ ئەو قەزا و شارۆچکانەی قوتابخانەکانیان هەڵبژاردن دەیگرتنەوە، لە هەریەك لە کفری و توز خورماتوو و حەویجە و ریاز و دوبز و لەیلان. دیداری بەرفراوانمان لەگەڵ قوتابیان و ئیدارەی قوتابخانەکان دا ئەنجام دا وەك چالاکییەکی هەڵبژاردن، لەوەدا هەندێ هەڤاڵمان لە دەرچووانی زانکۆی بەغدا و رۆڵەکانی کەرکوك لەگەڵماندا بەشدار بوون، کە بریتی بوون لە هەریەك لە هەڤالان عادل لەیلانی، ئەنیس شاکر حەکیم، فەرەیدوون عوسمان، نەوزاد محەمەد و هیتر کە ناویانم بیر نەماوە، لەوانەیە لەوەدا بمبەخشن بەهۆی تێپەڕینی سالانێکی زۆر و ئەوەی بەسەر شتەکانمدا هات لە بەغدا و ئەو کەلوپەل و وێنە و رۆژمێرانەی تێیدا بوون پاش دەستگرتنی دەزگە ئەمنییەکان بەسەریاندا لە بەهاری ١٩٧٤ پاش پەیوەندیکردنی خۆم و خێزانەکەم بەشۆڕشی مەزنی ئەیلوولەوە لە هەمان ساڵدا.

له دوو هەفتەی یەکەمی مانەوەمان لە کەرکوك بەکۆبوونەوەی بەردەوام و بەستنی کۆڕی بەرفراوانەوە لەگەڵ قوتابیانی کوڕ و کچی قوتابخانەکانەوە سەرقاڵ بووین و توانیمان گۆڕەپانەکە کۆنترۆڵ بکەین، دیداری راستەوخۆمان لەگەڵ ئامادەییەکانی ئیمام قاسم و ١١ی ئازار و کوردستان و تەئمیم و هەردوو خانەی مامۆستایانی کوڕان و کچان و قوتابییانی کوڕ و کچ و لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانەکان بەست. یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق و دەزگە حکومییەکان و بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی سەرنجی ئەوەیان دا و بەو چالاکییانە قەڵس بوون. لەو ماوەیەدا ئەحمەد عوبێدی بەرپرسی لقی یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق لە کەرکوك پەیوەندی پێوە کردم و پێشنیاری دیدارێکی دووقۆڵی کرد لەگەڵم و داوای کرد دیدارەکە لە بارەگاکەی ئەوان بێت، بەڵام ژیرانە پێشنیارەکەیم لەبارەی شوێنی دیدارەکە رەت کردەوە بەپاساوی ئەوەی شوێنی بارەگاکەیان نازانم و پێشنیارم کرد سەرەتا ئەو بێت بۆ بارەگاکەی ئێمە، پاشان دیداری دووەم لە بارەگای ئەوان دەبەستین. لە وادەی دیاریکراودا لەگەڵ دوو کەسیتردا سەردانی کردین، دوو کەسەکە بە سەر و سیمایاندا پێنەدەچوو قوتابی بن، لەژێر چاکەتەکەیانەوە دەمانچەیان پێ بوو، ئەحمەد داوای کرد بەتەنیا بین تا هەندێ بابەتی پەیوەندار بەهەڵبژاردنەکان باس بکەین، چونکە بەقسەی ئەو بەگوێرەی ئەو رێنماییانەی لە مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراقەوە لە بەغدا بۆی هاتووە، پێویستە هاوئاهەنگی لەگەڵ مندا بکات بۆ خۆ لادان لە روودانی هەر کێشەیەك. کاتێك بەتەنیا ماینەوە راشکاوانە وتی: لەوکاتەوە هاتوون بۆ کەرکوك چاودێریی چالاکییەکانتان دەکەین، بوونی ئێوە لە کەرکوك شتێکی سرووشتییە، بەڵام هەندێ ئیشکالات روویان داوە ئێمە هەزار و یەك حسابیان بۆ دەکەین، ئێوە لە دیدارەکەتان لەگەڵ قوتابیانی ئامادەیی ئیمام قاسم بەبەرچاو و گوێی سەرجەم قوتابیان و مامۆستایانەوە شتێکی واتان وتوە ماناکەی ئەوەیە ئێوە بنەمای هاوبەشایەتی لەگەڵ ئێمە لە هەڵبژاردنەکان رەت دەکەنەوە،

ئەمەیش لەگەڵ رۆحی خاڵەکانی بەیاننامەی ئازاردا دژ دەوەستێت. هەروەها لە وتارەکەتان لەبەردەم قوتابیان و مامۆستایانی ئامادەیی ئیمام قاسم وتوتانە رازی نابن کەرکوك بکرێت بە دوو بەشەوە، بەشێك بۆ ئێمە و بەشێك بۆ ئەوان و پێشنیارەکەی ئێمەتان لەبارەی دابەشکردن بەدۆخی شاری بەرلین چواندوە، باست لەوە کردوە رێگە بە دروستکردنی دیوارێکیتری بەرلین لە کەرکوك نادەن و پتر لە جارێك جەختت لەوە کردوە شاری کەرکوك و هەروەها پارێزگەی کەرکوك کوردی و کوردستانین، ئەمەیش دژی رۆحی بەیاننامەی ئازاری مێژوویی دەوەستێت، هەڤاڵانم لە بەغدا لەوە ئاگەدار کردوە و داوای روونکردنەوەی زیاتریان لێ کردووم.. ئێستا چی دەڵێن؟

ئەحمەد عوبێدی قسەکانی تەواو کرد کە لەڕووی رەفتاری زبر و شێوازی قسەکردنیەوە وەك کارمەندێکی دایرەی ئەمن قسەی دەکرد، بەڵام ئەوە بەهیچ شێوەیەك کاری لە من نەکرد و زۆر بەهێمنی جگەرەیەکم پێشکەش کرد و جگەرەیەکیشم بۆ خۆم داگیرساند و دوای چەند ساتێك دەستم بەقسە کرد و وتم: بەخێر هاتی بۆ بارەگاکەمان و لەبەر میوانداری ناتوانم بەهەمان شێواز وەڵامت بدەمەوە و ئەوەی لەلامە لەم خاڵانەدا کورتی دەکەمەوە، یەکەم  و پێش هەموو شت ئێمە کەرکوك بەدڵی کوردستان دادەنێین، قەزا و ناحیەکانیشی بەهەمان شێوە، ئەمەیش لەگەڵ رۆحی رێکەوتنامەی ئازاردا دژ ناوەستێت، ئەو سەرژمێرییەی دانیشتوان کە بڕیارە لە ئایندەدا بکرێت ئەوە دەسەلمێنێت، وەك سەرۆك بارزانیش پێش و پاش رێکەوتنامەکە جەختی کردوە، ئەگەر یەك کوردیش نەمێنێت کەرکوك تا ئەبەد بەکوردستانی دەمێنێتەوە. دووەم ئەوەی لەسەر زمانی من هاتووە لەبارەی بنەمای دابەشکردن واتە دابەشکردنی کەرکوك بۆ دوو ناوچەی هەڵبژاردن یەکێکیان بۆ ئێوە و یەکێك بۆ ئێمە، ئەمە هەر لە بنچینەوە رەتکراوەیە، چونکە ئەوە ئێمە لە بناغەدا بەخواردنی مافی خۆمانی دەزانین و قابیلی قبووڵکردن نیە. سێیەم، سەبارەت

به بنەمای هاوبەشایەتیش واتە دابەزین بە یەك لیست پێکەوە لە بەغدا ڕەتمان کردەوە و مەکتەبی تەنفیزیمان لێ ئاگەدار کرد، چونکە پێشنیارەکەتان دژی ئەوە دەوەستێت کە ئێمە خاوەن ماڵ بین و بەوە ویستتان کەڵەگاییمان بەسەردا فەرز بکەن، لەکاتێکدا ئێوە دەزانن ئێمە نۆ ساڵ لەمەوبەر شۆڕشە چەکدارییەکەمان دەست پێ کرد لەبەرئەوەی خەڵکی تر جگە لە ئێوە ویستی کەڵەگاییمان بەسەردا فەرز بکات. لە کۆتاییشدا ئێمە پێشوازی لە هاوکاریکردن و دروستنەکردنی کێشە و بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان لە کەشێکی ئارام و دڵنیادا دەکەین.

کاتێك لە قسەکانم بوومەوە عوبێدی خۆی بۆ ڕانەگیرا و پێی وتم: (ئەنجامەکەی دەبینن)، منیش وتم (ئەنجامەکە بۆ ئێمە مسۆگەرە).

جارێکیتر عوبێدیم نەبینیەوە تا یەکەمین ئێوارەی سێیەم هەفتەی بوونم لە کەرکوك، ئەوە بوو بەڕێز ڕەشید عارف ئەترووشی نزیکەی کاتژمێر هەشتی بەیانی بەتەلەفۆن هەواڵی دامێ کە (ڕەشید عارف و نووسەری ئەم دێڕانە) بانگهێشت کراوین بۆ دیداری غانم عەبدولجەلیل پارێزگاری ئەوکاتی کەرکوك لەبەر بابەتێکی گرنگ و داوای لێ کردم پێش لەوەی بچین بۆ نووسینگەی پارێزگار لە بارەگای لقی سێ بیبینم. کاتێك ئەترووشیم بینی لەسەر چەند شتێك و یەکخستنی بۆچوونەکان ڕێك کەوتین لەبارەی ئەوەی لە هەندێ ناوچەی پارێزگەکە دەگوزەرا، لەمەڕ پاڵەپەستۆی بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانەکان و هەندێ کەس سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق بۆ سەر قوتابیان بەگشتی و قوتابیانی مەسیحی و تورکمان بەتایبەت.

کاتژمێر دە وادەمان بوو لەگەڵ پارێزگاری کەرکوك و کاتێك چووینە نووسینگەکەی سێ قوتابی تورکمانم بینی و لەنزیك پارێزگار دانیشتبوون، یەکسەر زانیم کەوتومە داوێکەوە و پێویستە زوو فریای بکەوم، چونکە من بەحوکمی بەرپرسیارێتییەکەم لەوکاتەوە گەیشتبوومە کەرکوك پەیوەندیم بەنوێنەرانی ڕێکخراوە

قوتابییەکان دەکرد لە شیوعیەکان و قوتابیانی تورکمان و مەسیحی بۆ ڕێکەوتن لەسەر سیغەیەکی پەسەند لە کاندیدکردن و بەشدارکردنیان لە لیستی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان. وا ڕێك کەوت شەوی پێش دیدارەکەمان لەگەڵ پارێزگار لە ماڵی هەڤاڵ (نووری قارداش) سێ قوتابی تورکمانم بینیبوو (نەجاح، فەیسەڵ، حوسێن) ناوی باوکیانم بیر نەماوە، بەشێوەیەکی کۆتایی ڕێك کەوتین لەسەر ئەوەی بە ڕێژەیەکی ماقووڵ و بەڕەزامەندیی هەردوولا نوێنەریان لە لیستەکەی ئێمەدا هەبێت. زۆر سەرم سوڕما کاتێك لەگەڵ کاك ئەترووشی چووینە ناو نووسینگەی پارێزگا (نەجاح، فەیسەڵ، حوسێن)م بینی لەسەر قەنەفە و لەنزیك مێزی پارێزگار دانیشتوون وەك ئەوەی پێشتر ئاشنای بووبن. لەگەڵ ئەوەیشدا یەك بەیەك تەوقەم لەگەڵدا کردن و لەلای یەکتر دانیشتین، بەبێ پێشەکی و بەهەندێ جددیەتەوە پارێزگار قسەی کرد و ئەم گفتوگۆیە لەنێوانماندا بەڕێوە چوو:

پارێزگار (غانم عەبدولجەلیل): بڕوانە کاك فەرهاد خاڵەکانی بەیاننامەی ئازار ڕۆشنن، خاڵی پێنجەمیان دەڵێت ئێوە مافی ئەوەتان هەیە ڕێکخراوی جەماوەریتان هەبێت و ئەو ڕێکخراوە ئەندام بێت لە ڕێکخراوە ناوەندییەکاندا، بەڵام مافی ئەوەی نەداونەتێ فێڵمان لێ بکەن و خەڵکیتر تێوە بگلێنن و بۆ لای خۆتانیان رابکێشن لەدژی دەسەڵاتی نیشتمانی. ئێوە لەو کاتەوە هاتوون بۆ کەرکوك جۆرە بەلبەلەیەکتان لەناو قوتابیاندا دروست کردوە و ڕۆژانە دەبیستین پێشێلکاری لێرە لە کەرکوك ڕوودەدات، ڕۆژێکیتر لە کفری و بەهەمان شێوە لە تووز و دوبز. دوێنێ لەگەڵ نەجاح و فەیسەڵ و حوسێن کۆبوونەتەوە بەمەبەستی راکێشانیان بۆ ناو لیستەکەی خۆتان، ئەوەیش بەپێچەوانەی ڕێکەوتنەکەیە، دەتوانین بە ڕێگەیتر سنوورێك بۆ ئەم چالاکییە تێکدەرانانە دابنێین، بەڵام نامانەوێت ڕۆحی بەیاننامەی ئازار بڕووشێنین، هۆی بانگکردنیشتان بۆ دیوانی پارێزگە ئاگەدارکردنەوەی هەردووکتانە لەو زیادەڕەوی و پێشێلکارییانەی لێرە و لەوێ ڕوودەدەن، ئەوەی لەناخەوە خوازیارین ئەوەیە

هەڵبژاردنەکان بەبێ ڕوودانی هیچ کێشەیەك بەڕێوە بچن، ئەوەیش سەرەتا و کۆتا لەسەر ئێوە دەوەستێت.

دوای ئەوەی پارێزگار لە قسەکانی بووەوە، کاك ئەترووشی بەوتەیەکی بەهێزتر وەڵامی دایەوە و وتی: (ئێمە نەهاتووین بۆ ئێرە بۆ وەرگرتنی ئامۆژگاری و هەڕەشە و گوڕەشە، ئێمە متمانەی تەواومان بەکاك فەرهاد و دروستیی هەڵسوکەوتەکانی هەیە و هاتنی بۆ کەرکوك هەڵقوڵاوی پەرۆشیمانە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بەهێمنی، هەرچی باقی تۆمەتەکانە بۆ کاك فەرهادیان بەجێ دێڵم وەڵامیان بداتەوە).

سەرەتا بەکوردی سوپاسی کاك ئەترووشیم کرد بۆ وەڵامدانەوەکەی بەو شێوە توندە، پاشان رووی دەمم کردە پارێزگار و پێم وت: ڕێکەوتنامەی ئازار ئەنجامی تێکۆشانی گەلی کوردە پاش شکستی ڕێگەچارە سەربازییەکان و ئەوە نە منەت و نە خێرە کەس پێمان بکات، یەکێتی و ڕێکخراوە کوردستانییەکان چەندین ساڵە هەن و پێش دامەزرانی کۆماری عێراق هەبوون، مادەی پێنجەمی ڕێکەوتنامەکە کە باسی دامەزراندنی یەکێتییەکان دەکات، ئەوە ناگەیەنێت یەکێتییەکان بەر لە ڕێکەوتنامەکە نەبوون، بەڵکو ڕێکەوتنامەکە مۆرکی رەسمیبوون و مۆڵەتی کارکردنی ئەو یەکێتییانەی بەئاشکرا، بەخشیوە. دووەم، فرت و فێڵ لە شێوازی مامەڵەکردنی ئێمە نەبووە و نابێت لەگەڵ ئەوانیتر و کەسمان تێوە نەگلاندوە، کاری ئێمە ئاشکرایە، کاتێکیش لە بەغدا لەگەڵ هەڤاڵان لە مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق ڕێك نەکەوتین لەسەر دابەزین بە یەك لیستی هاوبەش، لەبەرئەوە بوو باوەڕمان بەو سیغەیە نەبوو ئەوان خستیانە روو و لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کەرکوك و هەندێ قەزای کوردی لە هەردوو پارێزگەی دیالە و مووسڵ وەك رکابەر ڕێك کەوتین، رکابەریش مافی یەکسان دەداتە هەردوولا بانگەشە بکەن و زۆرترین ژمارە قوتابی بۆ بەرژەوەندیی لیستەکەیان بەدەست بێنن، ئامانج لە هاتنی من بۆ کەرکوك

لێڵکردنی باری ئاسایش یان دروستکردنی تەپوتۆز نەبووە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان، بەڵکو بۆ سەرپەرشتیکردنی راستەوخۆ بووە لەلایەن منەوە وەك سکرتێری گشتیی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، بۆ خۆ بەدوورگرتن لە روودانی هەر کێشەیەك، مافی خۆیشمە بەشێوەیەکی ئاسایی چاوم بەقوتابیان بکەوێت و کۆڕ بگرم و چاوم بەئیدارەی قوتابخانەکان بکەوێت. هەرچی گلەییتانە لەسەر ئەوەی ئەوانەم بینیوە (ئاماژەم بۆ سێ قوتابییەکەی نووسینگەکەی کرد) ئێمە ئازادین کێ ببینین و لەگەڵ کێ رێك بکەوین، شەوی رابردوو لەگەڵ ئەو سیانە یەکترمان بینی و لەسەر سیغەیەکی ماقووڵ رێك کەوتین، دە کاتژمێری بەسەردا تێنەپەڕی، وا لێرە دەیانبینین، وەك دیارە ئێوە کارتان تێ کردوون و کەسبتان کردوون بۆ لای خۆتان، ئەوەیش ئێمە بەلەسە ناکات، دوێنێ لەگەڵ ئێمە بوون و ئەمڕۆ لەگەڵ ئێوەن، خەڵك ئازادن لە هەڵبژاردنیاندا، ئیتر بۆچی بۆ ئێوە حەڵاڵ و بۆ ئێمە حەرامە؟. هەرچی مەسەلەی پێشێلکاری و زیادەڕەوییەکانە، تکام وایە یەك دانەیانم پێ بڵێیت و سوپاست دەکەم، لەکاتێکدا بەزانیارییەوە دەیان پێشێلکاریی ئێوەم لەلایە، کە لە هەڕەشەکردن لە قوتابیان و کەسوکاریاندا خۆ دەنوێنێت، کار گەیشتە ئەوەی ئەندامانی یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق لە ئامادەیی ریاز و توز خورماتوو بەئاشکرا لە هەندێ لە قوتابیانمان بدەن، ئەمەیش لەگەڵ رۆژی رێکەوتنامەی ئازاردا دژ دەوەستێت. ئەرکی دەسەڵاتە کەشوهەوای لەبار بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان دابین بکات لەکاتێکدا نە من و نە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بەرپرسیارێتی لێڵکردنی کەشی گشتیمان ناگرینە ئەستۆ، چونکە لە پارێزگەی کەرکوك ئێوە خۆتان بکوژ و ببڕن، ئێمە زۆر پەرۆشی ئەوەین هەڵبژاردنەکان لە کەشوهەوایەکدا بەڕێوە بچن، کە ئاسایش و ئازادی باڵی بەسەردا کێشابێت.

کاتێك لە قسەکانم بوومەوە رەشید ئەترووشی ئاوڕی لێ دامەوە و بەکوردی وتی (دەسخۆش موحازەرەیەکی باش بوو)، دوای ئەوە من و کاك ئەترووشی بەپێویستمان

نەبینی زیاتر لە دیوانی پارێزگە بمێنینەوە، ئەترووشی بە پارێزگاری وتی: (بەویستی خودا هەموو شت بەباشی دەڕوات، ئێمە مۆڵەت وەردەگرین). کاتێك گەڕامەوە بارەگای لقی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، دەستم کرد بەنووسینی نامەیەکی دوور و درێژ بۆ کاك سامی عەبدولڕەحمان و مەکتەبی سکرتاریەت دەربارەی دیدارەکەمان لەگەڵ پارێزگار و ئەوەی تێیدا گوزەرا، لەگەڵ شەرحێکی تێر و تەسەلی بارودۆخی سیاسی لە کەرکوك لە سەروبەندی ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنەکان.

دوای دوو سێ رۆژ لەکاتێکدا لە بارەگای یەکێتی بووم، بەیانییەکەی بەرپرسی لیژنەی خۆجێیی دوبز (بەداخەوە ناوەکەیم بیر نەماوە) هات بۆ لام و نیگەرانی بە روخساریەوە دیار بوو و باسی کۆمەڵێك پێشێلکاریی زەقی قایمقامی قەزاکەی کرد، بەشێوەیەك کاری لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە قەزای دوبز دەکرد، کە یەك پۆلی تێدا بوو هەڵبژاردن دەیگرتەوە، ئەویش چواری ئامادەیی بوو لە ئامادەیی دووبز، ژمارەی قوتابیانی پۆلی چوارەم شازدە قوتابی بوون، دە قوتابیان ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بوون، شەشەکەیتر عەرەب بوون و خەڵکی ناوچەکە نەبوون و ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق بوون، واتە ئێمە چوار قوتابیمان لەوان زیاتر بوو. هەربۆیە دەسەڵات پەنای بۆ دەرکردنی فەرمانی کارگێڕی برد بەئیمزای پارێزگار، کە لەبەر بەرژەوەندیی گشتی (وەك لە فەرمانە گارگێڕییەکەدا نووسرابوو) فەرمان درا بە گواستنەوەی پێنج لە تەکنیکاران و کرێکارانی کورد لە فەرمانگەی کارەبا و هەندێ فەرمانگەیتر بۆ دەرەوەی قەزاکە، بەو مەرجەی لە ماوەی سێ رۆژدا خێزانەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بگوێزنەوە، هاوکات بوونی ئیعازێك لە شێوەی وێنەیەکی نووسراوی ناوبراودا بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئامادەیی دوبز بۆ گواستنەوەی ئەو پێنج قوتابییە (کوڕانی کرێکارە کوردەکان) و تەرقین قەیدکردنیان لە ئامادەیی ناوبراو بۆ قوتابخانەی ئەو ناوچانەیتر کە وەلی ئەمرەکانیان بۆ گوێزرابوونەوە، ئەنجامی ئەوەیش روودانی تێکدانێکی گەورە بوو لە ترازووی هەڵبژاردنەکان لە قەزای دوبز لە

بەرژەوەندیی کاندیدانی یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق، واتە ئەوان بوون بە شەش لەبەرانبەر پێنج قوتابیی ئێمە.

کاتێك ئەو هەواڵەم بیست چووم بۆ لقی سێی پارتی و وردەکاریی کێشەکەی ئامادەیی دوبزم بۆ کاك عەزیز عەقراوی باس کرد، پاش بیستنی هەواڵەکە زۆر تووڕە بوو و دەستبەجێ بەڕاوێژ لەگەڵ رەشید ئەترووشی و من، بروسکەیەکی کرد بۆ بارەگای سەرۆك بارزانی و مەکتەب سیاسی. داوای لە رەشید ئەترووشی و نووسەری ئەم دێڕانە کرد یەکسەر بچین بۆ قەزای دوبز بۆ بینینی قایمقامی قەزاکە و ئاگەداربوون لە شاراوەکانی بابەتەکە، ئەویش هەستا بچێت بۆ لای پارێزگاری کەرکوك. بەرێگەدا کە بەئۆتۆمبێلە لاندرۆڤەرەکەی ئەترووشی دەچووین بۆ دوبز و چوار پێشمەرگەمان لەگەڵدا بوو بەچەکی کلاشینکۆفەوە، ئەترووشی پێی وتم: (دنیا بەسەر قایمقامدا هەڵدەگێڕمەوە و دەرسێکی دادەدەم قەت لە بیری نەکات)، هەوڵم دا بەپێی توانا ئەترووشی هێور بکەمەوە و پێم وت: قایمقام لەم کارە گەمژانەیە بەرپرس نیە، ئەو فەرمانی پارێزگار جێبەجێ دەکات، قایمقام ناتوانێت ئەم جۆرە فەرمانانە دەربکات، کارەکە لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی سیاسەتێکی مەرکەزیدا دێت لە پارێزگەی کەرکوك و بەعس بەرگەی سەرکەوتنی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ناگرێت تێیدا، چونکە مانای گەورە لەبارەی واقیعی کەرکوك و کوردستانیبوونی بەدەستەوە دەدات، بەتایبەت کە نیاز هەیە لە ئایندەدا سەرژمێریی دانیشتوانی ئەنجام بدرێت و ئەوان لە پێشبڕکێدان لەگەڵ کاتدا بۆ سڕینەوەی راستییەکانی سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧، کە واقیعی نەتەوەیی کەرکوك پیشان دەدات.

بەگەیشتنمان بە دوبز چووین بۆ قایمقامیەت، ئەترووشی بەر لە چوونمان بۆ ناو بینایەکە، ئاگەداری چوار پێشمەرگەکەی کردەوە، کە چاوکراوە بن بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەر شتێکی لەناکاو کە لەوانەیە رووبدات!

قایمقامی دوبز ئاگەدار نەبوو لە چوونی ئێمە بۆ لای، سەری سوڕما کاتێك دیمەنی کاك ئەترووشی بینی بەجلی کوردی و دەمانچە بەقەدەوە، سڵاومان لێ کرد، ئاسوودە نەبوو و ئەوە بەسیمایەوە دیار بوو، دەرفەتی قۆستەوە و پێش لەوەی باسی ئامانج لە سەردانەکەمان بکەین لە ژوورەکەی چووە دەرەوە، هۆی چوونە دەرەوەکەی بەبڕوای ئێمە دڵنیا بوون بوو لە بوونی پێشمەرگەکان لە دەرەوەی ژوورەکە و ئاگەدارکردنەوەی پۆلیسی قایمقامیەت بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەر شتێکی لەناکاو کە لەوانەیە رووبدات! پاش گەڕانەوە کاك ئەترووشی پرسیاری لێ کرد لەبارەی هۆی گواستنەوەی پێنج لە کرێکارانی کارەبا بۆ دەرەوەی قەزاکە و بەمەرجکردنی گواستنەوەی خێزانەکانیان و کوڕە قوتابییەکانیان لەگەڵیان لە ماوەی سێ رۆژدا، قایمقام ملهوڕ هاتە بەرچاو و بەبێ پێشەکی باسی بابەتەکەی کرد و وتی:

قایمقام: (عێراق یەك نیشتمانە بەباکور و باشوریەوە، ئەگەر بەرژەوەندیی گشتی بخوازێت ئێمە بەبێ لەبەرچاوگرتنی بابەتە بچوکەکان دەسەڵاتی خۆمان بەکار دێنین، گواستنەوەی پێنج کرێکاری کارەبا رووداوێکی ئەوەندە گرنگ نیە و بەیاننامەی ئازار هەڵناوەشێنێتەوە، عێراق یەك نیشتمان و یەك گەل و یەك حکومەتە و پێویستە گوێڕایەڵی یاسا و بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و رێنماییەکانی سەرکردایەتی بین، پێم سەیرە کە دەبینم ئێوە بەدوای سێبەری کوردیدا راکەڕاکەتانە وەك ئەوەی لە پشتی گەلێکیتر بن).

ئەترووشی: (هەندێ دەمار گرتی) بەدەنگێکی بەرز قسەی بەقایمقام بڕی و وتی: بۆ ئەوە نەهاتووین لێرە موحازەرەیەکی بەتاڵ لەبارەی نیشتمانپەروەری ببیستین، ئێمە پیاز پاك ناکەین، شۆڕشمان لەپێناو مرۆڤی کوردستانی و نیشتمانەکەیدا کردوە و گواستنەوەی پێنج کرێکار بەئامانجی گۆڕینی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی قوتابیانە کە ئێمە باڵادەست بووین بەسەر ئێوەدا و لەوانەیە سەربکەوین، ئەوەیش پێچەوانەی

یاسا و رۆحی ڕێکەوتنامەی ئازار و ڕێزنەگرتنی بەڵێنەکانە بەهێشتنەوەی دۆخی ئارا تا ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێریی دانیشتوان وەك لەسەری ڕێکەوتووین. لێرەدا قایمقام ویستی کەشەکە خاو بکاتەوە کاتێك ڕوو بە من وتی: مامۆستا پێت وا نیە کاکە ڕەشید مەسەلەکەی بەجددییەتێکی گەورەتر لە قەبارەی خۆی وەرگرتوە.

نووسەری ئەم دێڕانە: سەد لەسەد هاوڕای کاك ئەترووشیم و دەمەوێت خاڵێك بۆ قسەکانی زیاد بکەم، ئەویش ئەوەیە، ئەو کارە قابیلی قبووڵ نیە و دووپاتی دەکەمەوە کە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لەسەر چارەسەری ئەو مەسەلەیە دەوەستێت و ناتوانین لێی بێدەنگ بین، بۆمان دەرکەوتوە ئەم کارە بەپێی پلانێکی مەرکەزی کراوە، کە لەگەڵ گیانی هاوپەیمانبووندا ناگونجێت و ئێمە بەرپرس نین لە شکستی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لە بارێکدا فەرمانەکان هەڵنەوەشێنرێنەوە. کاتێك قایمقام ویستی قسەکەم پێ ببڕێت، ئەترووشی بەتوندی قسەی پێ بڕی و پێی وت (بەسە گوندەیی و ئامادە نین لەمە زیاتر گوێمان لەم قسەیە بێت). قایمقام وشەیەکی نەدرکاند، خواحافیزیمان لێ نەکرد و لە ژوورەکەی چووینە دەرەوە و ئەو لەپشت مێزەکەیەوە وەستابوو، چووین بۆ لای ئۆتۆمبیلەکە و گەڕاینەوە بۆ کەرکوك.

دوو ڕۆژی دوای چوونمان بۆ دوبز لەگەڵ هەڤالان ئەندامانی لق و لیژنەی ناوخۆیی کەرکوکی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، بەو سەرهەڵداوە نوێیانەوە خەریك بووم و لە پەیوەندیکردن لەگەڵ هەڤالان لە مەکتەبی سکرتاریەت بەردەوام بووم، ئەوانیش لای خۆیانەوە لەگەڵ کاك سامی عەبدولڕەحمان، لە یەك بەیەکی پێشێلکارییەکان ئاگەدارم کردن، چ لەلایەن دەزگا حکومییەکان، یان ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق یاخود فشارەکانی بەڕێوەبەری پەروەردەی کەرکوکەوە بێت (پێم وابێت ناوی عیزەدین محەمەد عەلی ئەلسەردار بوو-ئەندامی شوعبە لە حزبی بەعس و خەڵکی مووسڵ بوو). لە یەکێك لە پەیوەندییە

تەلەفۆنییەکانمدا، مەکتەبی سکرتاریەتم ئاگەدار کرد کە بە کاک سامی عەبدولڕەحمان بڵێن توانای نیە بەڕووی ئەو هەڵمەتە ڕێکخراوەدا بوەستمەوە کە دەزگا حکومییەکان (فەرمانگەکانی ئەمن، ڕێکخستنە حزبییەکانی حزبی بەعس، لقی یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق و بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی کەرکوک) وەك یەك بارستە تێیدا بەشدار بوون دژی چالاکییەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان. پارێزگاری کەرکوك غانم عەبدولجەلیل سەرۆکایەتیی هەڵمەتەکەی دەکرد، هەروەها پێم وتن بەرپرسی لقی سێی پارتی عەزیز عەقراوی و ڕەشید عارف ئەترووشیش هاوڕان لەگەڵمدا دەربارەی دەرکردنی بەیاننامەیەك بەناوی لقی کەرکوکی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە دەربارەی ئەو پێشێلکاری و زیادەڕەوییانە کە لە ناوچە جیاجیاکانی پارێزگەی کەرکوك روویان دابوو.

لە کۆتایی هەفتەی یەکەمی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٠ لەکاتێکدا لە بارەگای لقی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان سەرقاڵ بووم، پەیوەندییەکی تەلەفۆنیم لە هەڤاڵ جەلال خۆشناو ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیەکەوە پێ گەیشت و پێی ڕاگەیاندم کاك سامی عەبدولڕەحمان، لەگەڵ مورتەزا حەدیسی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سکرتێری لیژنەی کاروباری باکوری ئەوکات، عەسری ئەو ڕۆژە دێن بۆ کەرکوك بۆ گرێدانی کۆبوونەوەیەکی فراوان لەگەڵ قوتابیان و بەئامادەبوونی دەستەی هەردوو لقی یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق و یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و لیژنەکانی یەکێتییەکانی هەردوولا لەو قوتابخانانەی هەڵبژاردن دەیانگرێتەوە، لە یانەی سەندیکای کرێکارانی نەوت لەنزیك گۆڕەپانی (الطیران) لە کەرکوك و هەڤاڵ جەلال داوای لێ کردم ئامادە بم بۆ خستنەڕووی لیستی پێشێلکاری و زیادەڕەوییەکان، بە هەڤاڵ جەلال خۆشناوم ڕاگەیاند کە زانیارییەکان بەوردەکاریی وردەوە بەردەستن لەلای من و ترسی لەوە نەبێت.

کاتژمێر سێی عەسری ئەو ڕۆژە لەگەڵ کاک ڕەشید ئەترووشی چووین بۆ شوێنی کۆبوونەوەکە، کاتێك گەیشتین لەبەردەم دەرگای دەرەوە مامۆستا سامی عەبدولڕەحمانمان بینی مورتەزا حەدیسی لەگەڵدا بوو و لە ئۆتۆمبیلەکانیان دادەبەزین، بەگەرمی تەوقەمان لەگەڵ مامۆستا سامی کرد، حەدیسی ئاسوودە دیار نەبوو، ڕووی دەمی کردە من و بەزمانی عامی وتی: (شغلتونه علی خال بلاش) (بەخۆڕایی سەرقاڵتان کردین)، کاتێك ویستم وەڵامی بدەمەوە مامۆستا سامی بەئاماژە ڕێگەی نەدا و پێی وتم: (پێویستە شان بدەینە پاڵ یەکتر و بەهاوکاریی هەمووان سەرجەم کێشەکان چارەسەر دەبن).

لەو هۆڵەی تەرخان کرابوو بۆ کۆبوونەوەکان و جمەی دەهات لە قوتابیان و ئەندامانی دەزگە ئەمنییەکان، مامۆستا سامی و حەدیسی و نووسەری ئەم دێڕانە و ئەحمەد عوبێدی بەرپرسی لقی کەرکوکی یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق چووینە سەر سەکۆ، حەدیسی دەستی بەقسە کرد و ئاماژەی دا بە(گرنگیی بەیاننامەی ئازار و چارەسەری کێشەی باکور و لەبۆسەدابوونی ناوەندە ئیستیعمارییەکان و کلکەکانیان لە ناوچەکەدا بۆ لەباربردنی و بەیاننامەکە و ئامادەبیی دەسەڵاتی نیشتمانی و حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی بۆ بەردەوامبوون تا کۆتایی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکانی بەیاننامەی ئازار و پێویستیی پابەندبوونی هەمووان بەگیانی هاوپەیمانیی نێوان هەردوو حزب و بوار نەدان بە تێکدەران بۆ بنکۆڵکردنی بەیاننامەکە). ڕاستەوخۆ دوای ئەو مامۆستا سامی عەبدولڕەحمان وتەی خۆی پێشکەش کرد و جەختی کرد لە (گرنگیی ڕێکەوتنامەی ئازار بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد، پارتی دیموکراتی کوردستانیش بەسەرۆکایەتیی بارزانی هەموو هەوڵی خۆی لەپێناو جێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێکەوتنامەکە دەخاتە گەڕ. هەروەها جەختی کرد لەسەر گرنگیی (شاری کەرکوك لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە) و دیدی پارتی ڕوون

کردەوە دەربارەی ئەو کێشانەی لەبارەی کەرکوك رووبەڕووی هەردوو حزب دەبنەوە و چارەسەرە پێشنیارکراوەکان بۆیان، هاوکات جەختی لە سەرکەوتنی ئەزموونی هەڵبژاردنەکانی قوتابیان کرد وەك ئەزموونێکی شارسستانی تا قوتابیان ئازادانە نوێنەرانیان هەڵبژێرن). لە کۆتایی قسەکانیدا ئاوڕی لە من دایەوە و وتی: (دەستنیشانکردنمان بۆ هەڤاڵ فەرهاد کە لە کەرکوك بێت لەو ماوەیەدا، لە پەرۆشیمانەوە سەرچاوەی گرتوە بۆ چارەسەرکردنی بابەتەکان بەپشوودرێژی و بەبێ روودانی کێشە و گرفت).

کۆبوونەوەکە نزیکەی کاتژمێرێکی خایاند، لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا هەردوولا جەختیان لە یەکڕیزی کرد و داوایان لە قوتابیان کرد بەرپرسیارێتی بگرنە ئەستۆ و کێشە بچووکەکان زل نەکەن، دوای لێبوونەوە لە کۆبوونەوە لەگەڵ قوتابیان، پێکەوە (سامی عەبدولڕەحمان و مورتەزا حەدیسی و رەشید ئەترووش و ئەحمەد عوبێدی و نووسەری ئەم دێڕانە) چووین بۆ ژووری ئیدارە، کە لەوێ بەڕێوەبەری ئەمنی کەرکوك چاوەڕوانی دەکردین، ناوی (قاسم) بوو بەپلەی عەقید. لەکاتی رۆیشتنمان بۆ ژووری ئیدارە کاك سامی عەبدولڕەحمان دەرفەتەکەی قۆستەوە و رێك و راست پێی وتم: (هەرچی زانیارییەکت لایە دەربارەی ئەو زیادەڕەوی و پێشێلکارییانەی لەو ماوەیەی تۆ لە کەرکوك بوویت روویان داوە، بەڕاشکاوی باسیان بکە). دوای ئەوەی لە ژووری ئیدارەدا دانیشتین، حەدیسی رووی دەمی کردە مامۆستا سامی:

ئەبو سەلاح (مەبەستی مامۆستا سامی بوو) هەستمان بەبوونی کێشە لەناو قوتابیان نەکرد و وا دەردەکەوێت کاك فەرهاد زیادەڕەوی کردوە لە وێنەگرتنی واقیعەکەدا، تکا دەکەم هەڤاڵێکیتر لە سەرکردایەتیی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لەجێگەی ئەو دابنێیت، چونکە بەپێی زانیارییەکانی من ئەو سنووری خۆی تێپەڕاندوە و دەست لە هەموو ورد و درشتێك وەردەدات، تەنانەت لە کاروباری

فەرمانگەکانی دەوڵەتدا، هەروەها گلەیی لە هەندێ هەڵسوکەوتی کاکە رەشید ئەترووشیش دەکەین سەبارەت بەهەڕەشە و گوڕەشەکردن لە هەر کوێیەك بێت، دوو رۆژ لەمەوبەر پارێزگاری کەرکوك لە بروسکەکەیدا بۆ لیژنەی ئاشتی پێی راگەیاندین چی لە قەزای دووز رووی داوە، هەروەها هەوڵدانیان بۆ کارکردنەسەر قوتابیانی تورکمان و مەسیحی و بەستنی کۆبوونەوەی گشتی لەگەڵ قوتابیان لەکاتی دەوامی رەسمیی قوتابخانەکاندا، هەموو ئەوەی داوای دەکەین ئەوەیە ئەو چالاکییانە رابگیرێن و دەست لە کاروباری فەرمانگەکانی دەوڵەت وەرنەدرێت و پاڵەپەستۆ نەخرێتە سەر بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانەکان.

سامی عەبدولڕەحمان: ئێوارەی دوێنێ لە لیژنەی ئاشتی باسی ئەوەمان کرد لێرە لە کەرکوك چ دەگوزەرێت، ئێمە بەتەواوەتی پشت بە زانیاریەکانی فەرهاد دەبەستین، بەپێی رێکەوتن هاتووین بۆ کەرکوك بۆ فریاکەوتنی شتەکان و زاڵبوون بەسەر کێشەکان و چاککردنیان، فەرهادیش دەتوانێت بەو زانیارییانەی لەلای هەن بەرچاومان رۆشن بکاتەوە.

نووسەری ئەم دێڕانە: بۆ دروستکردنی کێشە نەهاتووین بۆ کەرکوك، بەڵکو بەبڕیاری مەکتەبی سکرتاریەت هاتووین بۆ ئێرە، هەڤاڵێتر لە مەکتەبی و لیژنەی تەنفیزی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان راسپێردراون بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکان لە پارێزگە کوردستانییەکان و پشکی منیش پارێزگەی کەرکووك بووە، لەو کاتەیشەوە هاتووم هەوڵ دەدەم دۆخەکە کۆنترۆڵ بکەم، چونکە یەکێتیی نیشتمانی و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و دەزگا حکومییەکان بەهەموو توانایان و بەشێوازی جۆراوجۆر هەوڵ دەدەن رۆڵی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە ناوەندی قوتابیاندا پەراوێز بخەن، لیستێکی دوور و درێژی پێشێلکارییەکانم لەلایە، دوواینیان گواستنەوەی پێنج کرێکاری کارەبا بوو لە قەزای دوبزەوە و تەرقین قەیدکردنی کوڕە

قوتابییەکانیان بوو بەمەبەستی تێکدانی هاوسەنگیی رکابەری لە قەزاکەدا (لەم کاتەدا هەوڵم دا ئەو بڕگانە بخوێنمەوە کە بەدرێژی لەلام تۆمار کرابوون لەبارەی ئەو پێشێلکاری و زیادەڕەوییانەی روویان دابوو)، بەڵام حەدیسی کاتێك هەستی بەجدیبوونم کرد لە توانای خستنەڕووی ئەو زانیارییانە و بەبەڵگەی بنبڕ، پێی بڕیم و وتی: (کاتی پێویستمان نیە، ئێستا دەگەڕێینەوە بەغدا و بابەتەکە لە لیژنەی ئاشتی تاوتویٚ دەکەین و وەڵامتان دەدەینەوە، فەرهاد بەتایبەت تۆ بەرپرسیارێتی هەر کێشەیەك دەگریتە ئەستۆ لە کەرکوك رووبدات). منیش سوور و ساف وەڵامم دایەوە: (من دەسەڵات نیم لێرە، دەزگە حکومییەکان و یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق لە کەرکوك بەرپرسیارێتی دەگرنە ئەستۆ، چونکە ئەوان دەسەڵاتن).

کاتێك خواحافیزیمان لیٚ کردن مامۆستا سامی ئاگەداری کردمەوە کە بەتەنیا هاتوچۆ نەکەم و چاوەڕوانی ئەو رێنماییانە بکەم لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو دەیاننێرێت، تەنیا سیٚ رۆژ بەسەر سەردانەکەیاندا تێپەڕی پەیوەندییەکی تەلەفۆنیم لە هەڤاڵ یوسف مەولوود ئەلقەساب ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتەوە پیٚ گەیشت و پێی راگەیاندم لەسەر رێنمایی مامۆستا سامی عەبدولڕەحمان و لەبەر بابەتێکی گرنگ دەستبەجیٚ بگەڕێمەوە بەغدا.. کاتێك عەسری ئەو رۆژە گەیشتمە بەغدا دەستبەجیٚ چووم بۆ گەڕەکی وەزیریە کە بارەگای یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی لیٚ بوو، لەویٚ بینیم هەریەك لە هەڤاڵان ئەنوەر عەبدوڵڵا، عەبدولقادر حەمەد ئەمین و جەلال خۆشناو و یوسف مەولود ئەلقەساب و عادل فازڵ لەیلانی و رەنج نووری شاوەیس ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت، چاوەڕوانی گەڕانەوەم دەکەن بۆ بەغدا، لەوانەوە زانیم وەك مامۆستا سامی پێی راگەیاندبوون نیاز هەیە هەڵبژاردنەکان دوا بخرێن. تەنیا نیو کاتژمێر بەسەر بوونم لە بارەگای مەکتەبی سکرتاریەت تێپەڕی مامۆستا سامی بەتەلەفۆن پەیوەندی بەمەکتەبەوە کرد و هەواڵی گەیشتنمی بە بەغدا پرسی، جا هەڤاڵ ئەنوەر سەماعەی تەلەفۆنەکەی دایە دەستم، مامۆستا سامی پێی وتم (لە

لیژنەی ئاشتی کۆبوونەوەیەکمان هەیە لەبارەی بابەتی هەڵبژاردنەکان، تۆ و ئەنوەر عەبدوڵا و عەبدولقادر حەمەد ئەمین لە کات و شوێنی دیاریکراو ئامادە بن). چارەکە سەعاتێك پێش وادەی دیاریکراو هەرسێکمان (ئەنوەر و عەبدولقادر و من) لەناو ئۆتۆمبێلەکەی یەکێتی قوتابیاندا بووین لە جۆری فۆلکا مۆدێل ١٩٧٠ رەنگ خۆڵەمێشی کە یوسف ئەلقەساب لێی دەخوڕی و بەرەو شوێنی دیاریکراو چووین و لەبارەی کۆبوونەوەی چاوەڕوانکراو قسەمان دەکرد، نزیکەی پێنج خولەك پێش وادەکە لەبەردەم بینایی لیژنەی ئاشتیدا بووین، یوسف ئۆتۆمبێلەکەی بۆ بەجێ هێشتین پێی بگەڕێینەوە و ئەو بەشوێنی خۆیدا گەڕایەوە، ئێمەیش هەرسێکمان چووینە ناو بینایەکە، کە ماڵێکی ئاسایی بوو لە یەکێك لە شەقامە فەرعییەکانی نزیك لە شەقامی ئەبو نوئاسی بەناوبانگ، هەرکە ئێمە چووینە ناو بینایەکە، عوسمان فائیق کە ئەرکی بەڕێوەبردن و رێکخستنی سکرتاریەتی لیژنەی کاروباری باکوری لەئەستۆ بوو، لە سووچێکی پێشەوەی باخچەکەی خانووەکەدا وەستابوو، کاتێك ئێمەی بینی ئاماژی پێ داین بچینە یەکێك لە ژوورەکان، کە کاتێك ئێمە چووینە ژوورەوە هەردوو هەڤاڵ کەریم ئەلمەلا سەرۆکی مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق و محەمەد دبدب سکرتێری ئەوکاتی یەکێتییەکە لەوێ بوون و زۆر بەخێرهاتنیان کردین، کە پاش ئەو کەشوهەوایەی پاش رێکەوتنامەی ئازار باڵی بەسەر دۆخی سیاسیدا کێشابوو بووبووینە هاوڕێ، بەهەندێ بابەتی لابەلاییەوە خەریك بووین و کەسمان نەچووە سەر باسی هۆی هاتنمان، یان ئەو کێشانەی هاتنە رێمان لە بابەتی هەڵبژاردنەکاندا.

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی کاتژمێرێك عوسمان فایق هاتە ژوورەکەمان و داوای کرد بچینە ژوورێکیتر کە کۆبوونەوەکە لەوێ بەسترابوو. ژوورەکە تا رادەیەك بەرین بوو لە شێوەی پیتی (L) و بەکەلوپەلی قەشەنگ رایەخ کرابوو، کە دوو تاقم قەنەفەی رەنگ قاوەیی تاریکی تێدا بوو لەگەڵ مێزێکی کۆبوونەوەی لاکێشەیی و ژمارەیەك

کورسی تەختەی لەدەور بوو، تاکە وێنەی هەڵواسراو لە ژوورەکەدا وێنەی رەش و سپی سەرۆك کۆمار ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر بوو. کاتێك سلاڵومان کرد ئاماژەیان دایێ لەسەر کورسییە تەختەکان دابنیشین، بۆ یەکەم جار هەستم کرد جەوی کۆبوونەوەکە سرووشتی نیە، بەڕێزان مورتەزا حەدیسی و سەعدوون غەیدان و تەها جەزراوی لەو شوێنە دانیشتبوون کە دەکەوتە بەرانبەر هەریەك لە شەهیدان دارا تۆفیق و خوالێخۆشبوو نووری شاوەیس و سامی عەبدولڕەحمان، لە ناوەڕاستی ژوورەکەیشدا مێزێکی قەبارە ناوەنجی هەبوو، کۆمەڵێك فایل و ئەوراقی لەسەر بوو، دەرکەوت شوێنی کارکردنی عوسمان فایقە، چەند خولەکێك تێنەپەڕی، مورتەزا حەدیسی رووی قسەی کردە من و وتی:

(ئێمە ئومێدمان هەبوو هەڵبژاردنەکان لە سەرتاسەری وڵاتدا بەهێمنی و بەبێ کێشە بەڕێوە بچن، هەموو رێوشوێنێك گیرایە بەر بۆ سەرکەوتنیان، بەڵام بەداخی زیاترەوە هەندێ کێشەی بچووك لە کەرکوك و خانەقین روویان دا، نامانەوێت هیچ لایەك بەدیاریکراوی لۆمەی بکەین ئەگەرچی زانیاریمان لەلایە و پێش هاتنتان باسمان کرد، لە کۆتاییدا گەیشتینە رێکەوتن و بڕیارێك دەربارەی دواخستنی هەڵبژاردنەکان بۆ ماوەی مانگێك لەپێناو پارێزگاریکردن لە رۆح و ناوبانگی بەیاننامەی ئازار، تا فریای شتەکان بکەوین لەبەردەم گەلەکەماندا، وەك ئەوەی لەسەر ئەو هەموو شتە ناکۆك بین لەکاتێکدا ئەرکگەلی گەورەتر و جێبەجێکردنی پابەندیی دووسەرەمان لەبەردەمدایە، لەمەودوا لە خولقاندنی هیچ کێشەیەك چاوپۆشی ناکەین، پێویستە ئێوەی خاوەنانی پرسەکە، بەتایبەت مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی نیشتمانی و مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لەپێناو سەرخستنی هەڵبژاردنەکاندا هاوکاریی یەکتر بکەن).

**نووری شاوەیس**: پێویستە سەرەتا بەئامادەبوونی برایان لە هەردوولا کێشەکان دەستنیشان بکەین و چارەسەریان بۆ دابنێین، تا هەڵە و زیادەڕەوییەکان دووبارە نەبنەوە.

**دارا تۆفیق**: پاش بینینی ئەو بروسکانەی لەلایەن پارێزگاری کەرکوک و قایمقامی خانەقینەوە رەوانە کراون و ئەو زانیاریانەی لەلای ئێمەن، بەڕوونی دەردەکەوێت دەستوەردانێکی راستەوخۆ هەیە لەلایەن دەزگە حکومییەکانەوە، ئەمەیش بابەتەکان ئاڵۆزتر دەکات.

**سەعدوون غەیدان**: راستەوخۆ قسەکەی روو کردە من و بەبێ پێشەکی وتی: کێ کوردیبوونی کەرکوکی فێر کردیت؟

نووسەری ئەم دێڕانە: باوکم کاتێك منداڵ بووم و حزبەکەیشم کە پاشتر بوومە ئەندامی.

سامی عەبدولڕەحمان، روو بە سەعدوون غەیدان: ئەبو سەمرە وادیارە دەتەوێت ئیمتیحانی فەرهاد بکەیت.

**تەها جەزراوی**: ئەویش رووی قسەی کردە من و پرسی: لە چ ناوچەیەکی کەرکوك کێشە هەیە؟

**نووسەری ئەم دێڕانە**: لە سەرجەم ناوچەکانی پارێزگەکە بەگشتی و بەتایبەت لە قەزای دوبز.

**تەها جەزراوی**: ژمارەی قوتابیانی دوبز چەندە؟

**نووسەری ئەم دێڕانە**: شازدە قوتابی.

**تەها جەزراوی**: لەبەر ژمارەیەکی کەم قوتابی دەتانەوێت پەیوەندیی نێوانمان تێك بدەن؟!

**نووسەری ئەم دێڕانە**: دەزگە حکومییەکان خراپ رەفتاریان کردوە و پێنج کرێکاری کارەبایان گواستۆتەوە و کوڕە قوتابیەکانیان تەرقین قەید کردوون، کە لە پۆلی چوارەمی ئامادەیین لە قەزای دوبز.

**تەها جەزراوی**: با بۆمبێکی لیٚ بدەین و لە کێشە رزگارمان بێت.

**نووسەری ئەم دێڕانە**: مرۆڤ بەنرخترین سەرمایەیە، ئێمە قبوولٚ ناکەین باڵندەیەك لە ئاسمانی کەرکوکدا زیانی پیٚ بگات، ئیتر چۆن رازی دەبین بۆمب بەسەر شازدە قوتابیدا بدرێت؟

لێرەدا قسەکردن وەستا و کەشێکی بێدەنگی باڵی بەسەر شوێنی کۆبوونەوەکەدا کێشا و تێبینیم کرد مورتەزا حەدیسی خەریکی نووسینی شتێکە لەسەر پارچە کاغەزێکی بچوك و پاش تەواوکردنی دای بەتەها جەزراوی، خوێندیەوە و لای خۆیەوە دایە دەست سامی عەبدولڕەحمان، ئەویش خوێندیەوە و خستیە باخەڵی چاکەتەکەی ژێرەوەی و هیچی نەگوت. پاشان حەدیسی پێشنیاری نیو کاتژمێر پشوو وەرگرتنی کرد بۆ خواردنەوەی چای و قاوە و تەرخانکردنی هەندیٚ کات بۆ گفتوگۆی هەر لایەنێك بۆ خۆی بەجیا. کاتێك خەریك بوو ژوورەکە بەجیٚ بێڵین سامی عەبدولڕەحمان دەستی گرتم و پێکەوە بەرەو باخچەکە چووین و لەژێر دارخورمایەکدا وەستاین کە لە ناوەڕاستی باخچەکەدا بوو، لێم پرسی: (ناوەرۆکی ئەو کاغەوە چی بوو تەها جەزراوی پێی دایت؟).

**سامی عەبدولڕەحمان**: بۆچی خەیاڵت لای ئەو ناوەرۆکی ئەو کاغەزەیە؟

**نووسەری ئەم دێڕانە**: دڵم پێم دەڵێت لەبارەی منەوەیە.

**سامی عەبدولڕەحمان:** کاغەزەکەی دەرهێنا و دایە دەستم، بەمرەکەبی سەوز نووسرابوو، دەقەکەی ئەمە بوو: (بۆ زانیاریتان فەرهاد عەونی شیوعییە و دەیەوێت پەیوەندیی نێوانمان تێك بدات، پێشنیار دەکەم جارێکیتر نەینێرنەوە بۆ کەرکوك)، ڕەنگە ئەوەیان لەو قسەمەوە بۆ هاتبێت کە وتم (مرۆڤ بەنرخترین سەرمایەیە)، کە گوتەزایەکی مارکسییە.

کاتێك ئەو دێڕانەم خوێندەوە سەرم لە عەقڵیەت و ئاراستەی مورتەزا حەدیسی و لە بێدەنگبوونی سامی عەبدولڕەحمان و وەڵامەندانەوە لەکاتی کۆبوونەوەکەدا سوڕما. پێم وت: (مامۆستا بۆچی بەحزوری من وەڵامت نەدانەوە؟!).


**سامی عەبدولڕەحمان:** (تۆ وەك من وایت...) من خەریك بوو وەڵام بدەمەوە بەڵام دانم بەخۆمدا گرت، چونکە بەرگریکردن بەحزوری خۆت ئەنجامەکەی لاواز دەبێت، بڕیارم دا دوای تەواوبوونی ماوەی پشووەکە کاتێك بۆ جاری دووەم کۆدەبینەوە بەبێ ئامادەبوونی تۆ، وەڵامیان بدەمەوە، هەروەها لە هەڵسوکەوتی مورتەزایش سەرم سوڕ ماوە، مەگەر نازانێت تۆ سکرتێری گشتیی (ی. ق. ك) و ئەندامێکی پێشکەوتووی پارتیت؟. بۆ منی بەجێ بێڵە.

ئێمە ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت و مەکتەبی تەنفیزی جارێکیتر نەچووینەوە کۆبوونەوەکە لەگەڵ لیژنەی ئاشتی، نزیکەی کاتژمێر نۆی ئێوارە بیناکەمان بەجێ هێشت، هەردوو هەڤاڵ ئەنوەر عەبدوڵا و عەبدولقادر حەمەد ئەمین گەیاندمیانە ماڵەکەم کە دەکەوتە ناوچەی (کمب سارە) لەپاڵ یانەی وەرزشی ئاشووری، کە لەگەڵ هەڤاڵ جەلال خۆشناو لەوێ پێکەوە دەژیاین، کاتێك گەڕامەوە بۆ ماڵ چاوەڕوانی دەکردم، کاتێك ماجەرای کۆبوونەوەکەم بۆ گێڕایەوە پێی وتم (پێویستە وریا بیت).

کاتێك لە جێگەکەمدا پاڵ کەوتم چاوم کەوتە سەر وێنەی سەرۆك مستەفا بارزانی کە لەبەرانبەرم هەڵواسرابوو، بەخۆمم وت: چۆن دەکرێت مرۆڤ ترس بچێتە دڵی ئەگەر

باوەڕێکی راستگۆیانەی بەئایندەی گەلەکەی هەبێت و بەهەموو ئیرادی خۆی چووبێتە ناو گەرمەی ئەزموونێکی سەخت و وەك شۆڕشێك باوەڕی پێی هەبێت کە پیاوێك سەرکردایەتی دەکات، بوو بە ئەفسانە و وتەکانی هێشتا لە گوێچکەمدا دەزرینگانەوە کاتێك پێش دە مانگ لەو مێژووە و رێك لە ٦ی شوباتی ١٩٧٠، پێش ئیمزاکردنی رێکەوتنامەی ئازار، لە ماڵە زۆر سادەکەیدا لە گوندی دیلمان لە شەوێکی زستاندی ساردا بینیمان، کە پێی وتین: (هەموو دەزانن کەرکوك شارێکی کوردییە و دڵی زیندووی کوردستانە، بەنیوە چارەسەر سەبارەت بەم شارە رازی نابین و دەست لە یەك بست لە خاکی کوردستان هەڵناگرین.. رۆژی قیامەت بەسەری بەرزەوە دەچمە حزوری خوا).

لە ماوەی پاش دواخستنی هەڵبژاردنەکان بۆ ماوەی مانگێك بەهۆی پێشێلکاری و زیادەڕەوییەکانەوە کە لەلایەن دەسەڵاتداراتی عێراق و داوودەزگەکانیەوە دەکران کە مامەڵەیان لەگەڵ کێشەی کورد دەکرد و کەوتنە کۆمەڵێك هەڵە کە نەدەکرا چارەسەر بکرێن، سەرەنجام سەری لە خۆزدینەوەی حکومەت لە پابەندییەکانەوە دەرچوو، کە لە رێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠دا ئیمزای کردبوو و بەشەکانی بەو کۆتاییە گەیشت پرۆژەیەکی بێکەڵك لەلایەن حکومەتەوە خرایە روو، کە پارێزگەی کەرکوکی تێدا نەبوو، سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوولیش بەوهۆیەوە سەرلەبەری رەت کردەوە و جارێکیتر شەڕ بەسەر گەلی کوردستاندا سەپێنرا، ئەوەیش بەشێك بوو لە بەشەکانی سازشکارییە هەرزانەکان و کۆتاییەکەی، کە چەندە بۆ ئێمە خەمناك و کارەساتبار بوو، بۆ ئەوانیتریش بەڵا و نەگبەتی بوو تا ئەمڕۆ. بەهیممەتێکی گەورەترەوە گەڕاینەوە بۆ کەرکوك، هەڤاڵانمان لە دەستەی لق و لیژنە ناوخۆییەکەی بە لەخۆبووردوویی کاریان دەکرد، قوتابیانی کوردستانیی کەرکوکیش بەحەماسێکی بێ وێنەوە پاڵپشتیان بوون و لە رۆژێکی ساردی پایزدا هەڵبژاردنیان ئەنجام دا و کردیانە بەهارێك و سەروەرییەکیتریان تۆمار کرد، ئەویش کاتێك لە چوارچێوەی کەرکوکدا زۆربەی ناوەندەکانی هەڵبژاردنیان بردەوە.



سامی عەبدولڕەحمان کاتێ وەزیری کاروباری سەروو بوو (١٩٧٠–١٩٧٤)



مورتەزا حەدیسی



غانم عەبدولجەلیل




**بارزانی نەمر و مورتەزا حەدیسی لەگەڵ کۆمەڵێك لە سەرکردەکانی کوردی و عیراقی، پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری**



**ڕەشید عارف ئەتروشی**

## کوردستان پێش ٢٤ ساڵ لە ڕۆمانیا لەگەڵماندا بوو[5]

(موفاجەئە)یەکی خۆش بوو کاتێك گەنجێکی قۆز لە ناوەڕاستی دەیەی سێیەمی تەمەنیدا لە فڕۆکەخانەی بوخارێست پایتەختی کۆماری ڕۆمانیای سۆشیالیستی لێم هاتە پێش پاش ئەوەی فڕۆکەی (ئەلیوشن)ی هێڵی ئاسمانیی ڕۆمانی لە بەغداوە هەڵیگرتین و سەرلەئێوارەی ڕۆژی ١٧ی حوزەیرانی ١٩٧٣، واتە ٢٤ ساڵ لەمەوبەر دایبەزاندین (وادەی نووسینی بابەتەکە کە ساڵی ١٩٩٧ـە)، ئەویش لە وەڵامی بانگهێشتێمدا کە لەلایەن ڕۆژنامەی (سکانتیا) ڕۆژنامەی مەرکەزیی حزبی شیوعیی ڕۆمانییەوە ئاراستەی ڕۆژنامەی (التاخی) زمانحاڵی پ د ك کرابوو لە چوارچێوەی بەرنامەی ساڵانەی ڕۆژنامەی ناوبراو بۆ بانگهێشتکردنی دە بۆ دوازدە ڕۆژنامەنووس لە وڵاتانی جیاوازی دنیاوە بۆ سەردانی ڕۆمانیا و ئاشنابوون بە سیما شارستانییەکانی و بینینی ناوچە دڵڕفێنەکانی، کە هەمیشە سێ وەرزیان هەیە (بەهار و زستان و هاوین). لەو مانگەی ساڵدا بوخارێستی پایتەخت لە ناو بەرگی بەهارەی خۆیدا دەژیا لەکاتێکدا گەرمای هاوین مرۆڤی خەوتووی لە خانووی پشوودانی میوانان لە شاری (یاش)ی باشوور بێزار دەکرد، کەچی ئەوانەی سەردانی شارەکانی چیایان دەکرد (براشوف و سینایا) دەبوو بۆ خۆپاراستن لە سەرما ئیحتیاتی پێویست

---

[٥]– ئەم بابەتە لە گۆڤاری (گوڵانی عەرەبی) ژمارە ٩ لە ٢٥/شوبات/١٩٩٧ بڵاوکراوەتەوە.

وەربگرن، کە ئێمەی ئەوکات گەنج ئەوەمان نەکردبوو، بەپێچەوانەی ئەمیری کەمبۆدی نۆردەم سیهانۆك کە لە سەردانەکەماندا بۆ یەکێك لە پەرستگە کۆنەکانی لە لوتکەی چیای (ستارتۆ) بینیمان، لەشی بەپاڵتۆیەکی رەش داپۆشیبوو، ئەمیرەی هاوسەریشی شەپقەیەکی لە فەرووی سرووشتی کردبووە سەری، ئەمە جگە لە پاڵتۆیەکی ئەستوور، بەو هۆیەوە ناچار بووین سەردانەکە کورت بکەینەوە و بگەڕێینەوە بۆ ئەو شوێنەی لە بناری چیاکەدا بۆمان ئامادە کرابوو تا جارێکیتر خۆمان گەرم بکەینەوە، چونکە خانووی شوێنی حەوانەوەکەمان بەبۆریی ئاوی گەرم لە هەر سێ نهۆمەکەیدا گەرم کرابوو.

هەر لەڕاستیدا موفاجەئەکە لێرەدا بوو لەکاتێکدا لەبەردەم پەنجەرەی ئەفسەری پاسپۆرتدا وەستابووم چاوەڕوانی ئەوە بووم هاتووان رێکارە ئوسوڵییەکان تەواو بکەن بۆ ئەوانەی دەهاتنە ناو وڵاتەکە، ئەفسەری ناوبراو بەدەستی چەپی ئاماژەی بۆ گەنجێك کرد لەوێ لەلای راستی ریزە جووڵاوەکەوە وەستابوو، دەستبەجێ گەنجێك لێم نزیك کەوتەوە و بەزمانی عەرەبی و بە شێوەزارێکی عێراقیی روون قسەی لەگەڵ کردم، سەرەتا ناوی هێنام و زۆر بەخێرهاتنی کردم و خۆی وەك وەرگێڕ لە بەشی پەیوەندییە دەرەکییەکان لە کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعیی رۆمانی ناساند و دەستبەجێ بردمی بۆ کافتیریای فڕۆکەخانە بۆ خواردنەوەی گڵاسێك (کابشون)، کە تێکەڵەیەك بوو لە دۆندرمە و بەری رووەکی شلیك و گەڵای نەعنای تێ دەکرا، کە بۆن و بەرامەیەکی خۆشی هەیە و لەو شوێنانە زۆرە، لە پەرداخی کریستاڵی رۆمانیشدا پێشکەش دەکرا تا جۆرە جوانییەکی پێ ببەخشێت و وا بکات ئەوەی دەیبینێت خێرا بیخواتەوە.

سەرەتاکە بەم شێوەیە بوو، وەرگێڕەکەمان (جۆرج مانسکۆ) بوو کە لە هۆڵە ناوخۆییەکەی فڕۆکەخانەدا چاوەڕوانی دەکردین، خۆی وا ناساند دەرچووی بەشی

زمانی عەرەبییە لە زانکۆی بەغدا ساڵی ١٩٦٢-١٩٦٣. بەڕەوانی بەشێوەزاری بەغدادی قسەی دەکرد، هەندێ قەڵەو، سوور و سپی و پرچ زەرد و ڕێکپۆش بوو، تێبینییەکانی لە دەفتەرێکی بچووکدا تۆمار دەکرد. کاتێك لە کوشنی پشتەوەی ئەو ئۆتۆمبێلەی دەیبردین بۆ شوێنی حەوانەوە دانیشتبووین، پێی وتم لەناو کوردی عێراق هاوڕێی هەیە و کاتێك قوتابی بووە لە بەغدا زۆریانی ناسیوە و ماوەی چوار ساڵی خوێندن هاوڕێیەتی کردوون، ناوبەناو ناوی یەکێکیانی بیردەکەوتەوە و دەیپرسی ئاخۆ من چەندە زانیاریم لەبارەیەوە هەیە، لەکاتێکدا ئەو بەپێچەوانەی نەریت لە پرسیارە زۆرەکانی بەردەوام بوو، بیرکردنەوەی من دابەش بووبوو لەنێوان ئەو و تەماشاکردنی شەقام و باڵەخانەکان و رووبەرە چێنراوەکان بە جۆرەها رووەك و گوڵی وەرزیی رەنگاوڕەنگ و لەڕووی ئەندازەییەوە هاوئاهەنگ و جوان، کە بینەر حەزی دەکرد زیاتر و زیاتر ورد بێتەوە بۆ تێرکردنی چاو، کە لە بینینی ئەو دیمەنە دڵڕفێنانە تێر نابێت، بەم شێوەیە گەشتەکە بەردەوام بوو تا ئۆتۆمبێلەکە لە شەقامێکی فەرعیی بەرین لەبەردەم باڵەخانەیەکی گەورەی شێوە کلاسیکدا رایگرتین، کە لە قرمید و خشتی رەنگ سوور و مەیلەو تاریك دروست کرابوو و لە هەندێ لاوە رووەکە خۆهەڵپێچەکان دایانپۆشیبوو. بەگەیشتنمان دەرگا سەرەکییە توولْبەندەکە رەشەکە لەبەردەم ئۆتۆمبێلەکەماندا کەوتە سەر پشت، کە چووینە ژوورەوە باخچەیەکی گەورەمان بینی کە رووبەرەکەی لە پێنج هەزار مەتر کەمتر نەبوو، بۆ شێوەی ئەندازەیی جوان دابەش کرابوو و دەیان جۆر گوڵی رەنگاوڕەنگی تێدا چێنرابوو، لێرە و لەوێ نافوورەی تێدا بوو پرشە ئاوەکانیان بەسەر گۆشە و پلێتە رەنگاوڕەنگەکاندا دەپژاند، کە زۆر لە تێپەڕبوونی پەنجەی نەرم دەچوو لەسەر ژێکانی عوود و جوانییەکی زیاتری پێ بەخشیبوو و هەیبەتی ئەو توحفە تەلارسازییەی سێ نهۆمییەی زیاتر کردبوو، جۆرج پێی وتم ئەو باڵەخانەیە تایبەتە تەنیا بەمیوانە گەورەکانی حزب، تا کەشوهەوای مانەوە لە هۆتێل بێزاریان نەکات.

لە دەروازەکەدا خاتوونێك پێشوازی کردین لە دەیەی شەشەمی تەمەنیدا بوو، سپی رەنگ، ئێسك سووك، چاویلکەیەکی پزیشکی لەچاودا بوو، دیمەن قەشەنگ و بەژن رێك، لەگەڵ جۆرج چەند قسەیەکیان بە رۆمانی پێکەوە کرد، ئەنجا دەستی درێژ کرد و بەویقارێکی روونەوە بەخێرهاتنی کردین. لەڕێی جۆرجەوە زانیم ناوی (ماریا)یە چاودێر و بەڕێوەبەری میوانخانەی حزبە و دەیان ساڵە ئەو پۆستەی بەدەستەوەیە، بەتوندی و سیستمدۆستی و پاك و خاوێنی دەناسرێت و لە مامەڵەکردندا وردە و گرنگی بە وردەکاری دەدات، لەبەر جددیبون و لەخۆبووردەیی لە کارکردن و رێکخستنی ئەو دەزگا زیندووەدا ناویان نابوو (نەوەی مارکس)، رۆژانە ١٤ کاتژمێر کاری دەکرد، لە کاتژمێر هەشتی بەیانی بۆ دەی شەو، کارەکان دابەش دەکات، رێنمایی پێویست دەدات و سەرپەرشتیی چێشتخانە دەکات و بەشەکانی خەوتن دەپشکنێت، لە گرنگیدانیدا بە پاکوخاوێنی و سیستم دەگەیشتە رادەی پەرگیری. کاتژمێر دەی شەو دەچێت بۆ بەشەکەی خۆی کە تایبەت بوو بە پشوودان و خەوتن، ئەوکاتە کرێکارەکان هەست بەجۆرە ئاسوودەیی و ئازادییەك دەکەن.

لەکاتێکدا لە نووسینگە گەورەکەدا قاوەمان دەخواردەوە، زەرفێکی لە چەکمەچەیەکی یەکێك لە دۆلابە تەختەیینەکان دەرهێنا و دای بە وەرگێڕەکە و کەوتە باسکردنی گرنگیی ئەو سەردانە و هیوای مانەوەیەکی خۆشی بۆ خواستین، کاتێك ئەو لە پێشەکیی قسەکردنەکەی بوویەوە، وەرگێڕەکە لە شەرحکردنی بەرنامەکانی ئەو دوو هەفتەیە بەردەوام بوو کە ئێمە ئەو دوازدە رۆژنامەنووسە لە ناوچەکانی رۆمانیا بە باکور و باشور و هەندێ شار و ناوچە و کەناری دەریا کە بەلای گەشتیارەوە گرنگن، بەسەری دەبەین. بەرنامەکە سێ دیداری گرنگی تێ دەکەوێت، یەکەمیان رێکخستنی ئێوارە کۆڕێکە لە یانەی رۆژنامەگەریی رۆمانی دەربارەی (گرنگیی رۆژنامەگەری و رۆڵی کاریگەری لە ژیانی سیاسیدا)، دووەمیان (ئاشناکردنی میوانەکان بە رۆژنامەکانیان کە بەقوتابیانی پەیمانگەی باڵای

**ڕۆژنامەگەری پیشان دەدەن) لە باخچەی کارگەیەکی دروستکردی مەی لە مەزرای (مورتلافەر)، دوایینیشیان ڕێکخستنی دیدارێکە لەسەر کەشتییەك کە لە ڕووباری دانووب و لە شاری تولجاوە دەکەوێتە ڕێ، لەنێو میوانان و سەرنووسەرانی ڕۆژنامە و گۆڤارە ڕۆمانییەکان دەربارەی گرنگیی ئاڵوگۆڕی سەردان بۆ ڕۆژنامەنووسان لە وڵاتانی جیاواز.**

**پێم ڕاگەیەنرا کە بەرنامەکانی سەردانەکە بەیانیی ڕۆژی ١٩ی حوزەیران دەست پێ دەکات، کاتێك وردەکاریی سەردانە ڕۆژانە پڕ گەشت و دیدارەکانم بینی کە لە کاتەکانی ماوەی سەردانەکەدا کە دوو هەفتە دەخایەنێت دەکرێن، پاش ئەوەی ڕۆژێك مۆڵەتیان داین پێش دەستکردن بەگەشتە چواردە ڕۆژییەکە، چونکە پێم وانەبوو ئەو سەردانە تەرخان دەکرێت بۆ ئەنجامدانی دیدار و قسەکردن لەبارەی هەندێ بابەت کە ڕەنگە پێویستی بە زانیاری و وردەکاریی گرنگ هەبێت بەمەبەستی بەرچاو ڕۆشنکردنەوە و ئاگەداربوون، بەڵام ئەوەی وای لێ کردم هەناسەی ئاسوودەبی هەڵبمژم بوونی ژمارەی تەلەفۆن و ناونیشانی کۆمەڵێك هەڤاڵ و هاوڕێ بوو لە لقی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە ئەورووپا و خۆشبەختانەیش سێ دانە لە نامیلکەی (ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی)ی نووسەر و ڕۆژنامەنووس جەمال خەزنەدار و چەند ژمارەیەکی هەردوو ڕۆژنامەی (التاخی) و (برایەتی) و هەندێ چاپکراویترم بە زمانی کوردی و عەرەبی دەربارەی کورد و کوردستان لەلا بوون، کاتێك ڕۆژی پێش وادەی بەستنی یەکەمین دیدار کە کاتژمێر سێی سەرلەئێوارەی ڕۆژی ١٩٧٣/٦/١٩ی بۆ دیاری کرا لە یانەی ڕۆژنامەگەریی ڕۆمانی نزیك لە باڵەخانەی کۆمیتەی ناوەندی، بەپەلە پێیاندا چوومەوە زۆر یارمەتییان دام.**

**نیو کاتژمێر پێش دیداری یەکەم لەگەڵ جۆرج دەردەشەم دەکرد لەبارەی چۆنێتیی وەرگێڕان و ڕێکەوتن لەسەر چەند شتێك، کە دەکرێت هەندێ مەسەلەی**

پەیوەندار بەکێشەی کورد روون بکاتەوە، پێش ئەوەی قسەکانمان تەواو بکەین، دکتۆر (یەحیا حەمید) هاتە ژوورەوە کە پێشتر لە بەغدا ناسیبووم، لە بوخارێستەوە بابەتی بۆ (التاخی) دەنارد، یەکێکە لە کەسە چالاکەکانی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد-لقی رۆمانیا (گەنجێك بوو لەدایکبووی ١٩٤٢ی شاری کەرکوك، دکتۆرای لە نەخۆشییەکانی ئافرەتاندا بەدەست هێنابوو، لە رۆمانیا دەژیا و ژنێکی رۆمانی هێنابوو، ژمارەیەك زمانی بیانی دەزانی لەوانە رۆمانی و ئینگلیزی)، کاتێك هاتە ژوورەوە تەواو نەمناسی، بەڵام سەروسیمای کوردانەی ئاشکرا دیار بوو، سەرەتا ئەو خۆی بە من ناساند و وتی دوای رێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ سەردانی کوردستانی کردوە و دیدارەکەمانی لە بارەگای مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە بەغدا لە بیرە، هەر بەڕاستیش هاتنەکەی سەرچاوەی بەختەوەری بوو بۆ من لەو رووەوە لە رۆمانیا دەژیا و زمانەکەی دەزانی و ئاگەداریی تەواوی لە کێشەی کورد هەبوو، بەڵێنی دامێ کە لەوانەیە بەدرێژایی ماوەی مانەوەم مۆڵەتێك لە کارەکەی وەربگرێت، ئەویش لەپێناو خزمەتکردنی دۆزەکەمان لەم جۆرە دیدارانەدا، کە جگە لە رۆژنامەنووسانی میوان کۆمەڵێك نووسەر و رۆژنامەنووسی رۆمانیش ئامادەیان دەبن.

بەم شێوەیە چووینە کافتیریای یانەی رۆژنامەگەریی رۆمانی و سەرنووسەری رۆژنامەی (سکانتایا) و نەقیبی رۆژنامەنووسانی رۆمانی و بەڕێوەبەری یانەی رۆژنامەگەری و پێنج وەرگێڕ بۆ زمانە جیاوازەکان لە پێشوازیدا بوون، یەکترمان ناسی و لە یەکەم ساتەوە هەستم کرد گرنگییەکی نائاساییم پێ دەدەن، پاش بەخێرهاتنی ئاسایی سەرنووسەری رۆژنامەی (سکانتایا) چەند وشەیەکی چرپاند بەگوێی دکتۆر (یەحیا)دا، پاش وەرگێڕان زانیم ئێمە جێبایەخیان دەبین و پاشتر وتی (هاوڕێ ئوردو) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعیی رۆمانی و بەرپرسی پەیوەندییە دەرەکییەکان تێیدا بەتایبەت رایسپاردوون و پێی راگەیاندین کە مامۆستا

(حەبیب محەمەد کەریم) سکرتێری گشتیی ئەوکاتی پارتی دیموکراتی کوردستانیش دەبێتە میوان، لە ماوەی چەند رۆژێکدا دەگات و شوێنی مانەوەی ئەویش هەر لە میوانخانەکەی حزب دەبێت، بەم شێوەیە میوانەکان وردە وردە گەیشتنە ئەویّ، یەکترمان ناسی، کاتژمێر ۳:۳۰ چووینە هۆڵی تایبەت بە دیدارەکە.

هۆڵی کۆبوونەوەکە شێوە بازنەیی بوو، سیّ لەسەر چواری کەوانتەری لە شێوەی نیوە بازنەدا تێدا دانرابوو، مێزەکەی بەردەمیشی نیوە بازنەیی بوو بەشێوەیەکی رێکوپێك تەرتیب کرابوو، رەنگی کاکاویی کراوە زالّ بوو بەسەر کەلوپەل و رەنگی هۆڵەکەدا، کە وێنەیەکی گەورە و رەنگاورەنگی شاوشیسکۆ لە ناوەڕاستیدا بوو، مایکرۆفۆنی بۆ دانرابوو و لەبەردەم هەر کورسییەکدا دەفتەری تێبینی و شووشەیەك ئاوی کانزایی خواردنەوە دانرابوو. بڕگەکانی دیدارەکە بە وتەیەکی کورتی سەرنووسەری رۆژنامەی (سکانتایا) دەستی پیّ کرد، تێیدا بەخێرهاتنی میوانەکان و ئامادەبووانی کرد و روونی کردەوە ئامانج لە رێکخستنی ئەو سەردانە ئاڵوگۆڕی زانیاری و ئاگەداربوونی دووسەرەیە لە دۆخی رۆژنامەگەری و رۆڵی کاریگەری لە ژیانی سیاسیدا. سوپاسی میوانەکانی کرد کە بەدەم بانگهێشتەکەی (سکانتایا)وە هاتوون بۆ سەردانی رۆمانیا و هیوای بەسەربردنی کاتێکی خۆش و بەسوودی لە مانەوەکەدا بۆ خواستن. پاشان چەند خولەکێك بواری دا تا بڕگەکانی دیدارەکە بەیەك بگەن و بەڕێوەبەری یانەی رۆژنامەگەری چوو شوێنی خۆی لەسەر سەکۆکە گرت و بانگی میوانەکانی کرد، هەریەکەیان ئەوپەڕی نیو کاتژمێری دانرا بۆ قسەکردن لەبارەی بابەتەکە، بەم شێوەیە تا نۆرەی ئێمە هات. وەك بیرم بێت لە ریزبەندیدا چوارەم بووم، کەش و حزوری هۆڵەکە کاری تیّ کردبووم و کاتێك بەرێگەدا دەچووم بۆ سەر سەکۆکە تا رادەیەك پەشۆکابووم، کاتێك گەیشتم خۆم گرت، جۆرجی وەرگێڕی رۆمانیش لە تەنیشتم بوو. قسەکانم بەپێشەکیەکی کورتی ناساندنی هەردوو رۆژنامەی (التاخی) و (برایەتی) دەست پیّ کرد، پاشان بەدەستی چەپم

ڕێبەری ڕۆژنامەگەریی کوردیم بەرز کردەوە کە بەزمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی نووسرابوو و باسم لەوە کرد کە (پێش ٧٥ ساڵ یەکەمین ڕۆژنامەی کورد لە تاراوگە لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسر دەرچووە، پاش ئەوە گواستویەتیەوە بۆ شاری جنێڤ، پاشان جارێکیتر بۆ قاهیرە و دوای ئەوە بۆ لەندەن و ئەنجا فولکستۆن و پاشان جارێکیتر شاری جنێڤ)، ئامادەبووانی بەڕێز دەزانن بۆچی؟ لەکاتی وەرگێڕاندا بێدەنگی باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشا و منیش شانم بۆ قسەکردن شل کردبوو و وتم (ڕووبەری کوردستانی گەورە بەقەدەر ڕووبەری فەرەنسا دەبێت و ژمارەی دانیشتوانی خۆی لە ٢٥ ملیۆن کەس دەدات، گەلەکەمان سەدان ساڵە لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی بەردەوامە، بەڵام تا ئەم ساتە ناوی کوردستان نابینن، نە لەسەر نەخشەکان و نە لەسەر ئەتڵەسە سیاسی و سرووشتییەکان، لەگەڵ ئەوەیشدا ئێمە لە ساڵی (١٨٩٨)ەوە بەردەوامین لە دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار، هەندێ جار لە وڵاتی غەریبی و هەندێ جار لە شاخ و هەندێ جاریتر لە دالانە تاریکەکاندا، هۆکەی ئەوەیە ئێمە سەر بەجیهانێکین جیاواز لە جیهانەکەی ئێوە و لە بارودۆخێکدا دەژین جیاواز لە بارودۆخی ئێوە، لەبەرئەوەی ئێمە گەلێکین لە نیشتمانێکی پارچەکراودا دەژین بەبێ قەوارەیەکی سیاسی، مێژوو و جوگرافیا ستەمیان لێ کردین، بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکان ستەمیان لێ کردین، کۆنەپەرست و پێشکەوتنخواز ستەمیان لێ کردین، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەبەرنامە ستەمیان لێ کردین و تا ئەمڕۆیش بەردەوامە. لەگەڵ ئەوەیشدا لە خەبات بەردەوام دەبین تا ڕۆژنامەکانمان بارودۆخی سرووشتیی خۆیان دەدۆزنەوە، ئەوکاتە بانگتان دەکەین بۆ کوردستان تا بە واقیعی گەلەکەمان و هەلومەرجی دەرکردنی ڕۆژنامەکانمان و کاریگەرییان لە ژیانی سیاسیی کوردیدا ئاشنا بن.

هەر کە لە قسەکانم بوومەوە ئامادەبووان چەپڵەیەکی زۆریان لێ دا و دەرکەوت پاش وەرگێڕانی قسەکان بۆ ئینگلیزی و ڕۆمانی، زۆر کاری تێ کردوون و داوای

کۆپیی ڕێبەری ڕۆژنامەگەریی کوردییان کرد، بەڵام بەداخەوە تەنیا سێ دانەم لەلا بوو، یەکێکیانم دا بە سەرنووسەری ڕۆژنامەی (سکانتایا)، یەکێکیان بە ڕۆژنامەنووسێکی کووبا و سێیەمیشیان بە ڕۆژنامەنووسێکی ڕۆژنامەی (لۆمانتیە)ی شیوعیی فەرەنسی. پاش تەواوبوونی ئێوارەی یەکەم کە تا کاتژمێر نۆی شەو بەردەوام بوو و چەند ناوبڕێکی پشوودانی لە کافتیریای یانەکە تێ کەوت، پێیان ڕاگەیاندین وادەی دیداری دووەم لە کێڵگەکانی (مورتلافەر) دەبێت، کە دوو کاتژمێر لە بوخارێست دوورە بەلای ڕۆژهەڵاتدا، دەبوو میوانەکان کاتژمێر حەوتی بەیانی لە بارەگای ڕۆژنامەی (سکانتایا) ئامادە بن تا بتوانن پێش کاتژمێر دەی بەیانی ڕۆژی ١٩٧٣/٦/٢١ بگەنە (مورتلافەر). بەم شێوەیە کاتژمێرێك پێش گەیشتن بە (مورتلافەر) چڕە ڕەزە مێوەکان دەرکەوتن کە تا چاو بڕ بکات درێژ بووبوونەوە لە شێوەی هێڵی ڕاست و کەمتر لە مەترێك لە زەوی بەرزن و بڕێکی زۆر بۆشکە (بەرسیلە)ی سەوزیان پێدا شۆڕ بووبوویەوە. لە ناوەڕاستی ئەو کێڵگایانەدا چەند بینایەك لێرە و لەوێ دەردەکەون، گەورەترینیان بینایەی کارگەی دروستکردنی (مەی) بوو کە حەوت جۆر لە باشترین جۆرەکانی مەی ڕۆمانی بەرهەم دەهێنا، کە بەشێکی زۆری تەرخان کراوە بۆ هەناردەکردن بۆ دەرەوە، ژێرزەمینەکان سەدان بەرمیلی تەختەی پڕ بە حەوت جۆرەکەیان تێدا بوو و تەمەنیان ساڵێك بۆ دە ساڵ دەبوو. بەڕێوەبەری کارگەکە سەرپشکی کردین پاش تەواوبوونی دیدارەکە کە کاتژمێر دەی بەیانی دەستی پێ کردبوو نموونەیان لێ وەربگرین.. قوتابیانی پەیمانگەی ڕۆژنامەگەریی ڕۆمانی پێش لە ئێمە لەسەر کورسیەکانی دواوەی هۆڵی بۆنەکان لە کارگەکەدا دانیشتبوون، کە لقی دارمێوەکان دایپۆشیبوو. هۆڵەکە جێگەی دانیشتنی دووسەد کەسی تێدا دەبوویەوە و لە هەموو ڕوویەکەوە تەواو بۆ ئەو جۆرە بۆنانە ئامادە کرابوو، هەستم کرد ڕێکخستنی ئەم دیدارە لەوەی پێشوو ڕێکوپێکتر بوو و ژمارەیەك لە کچە کرێکارەکانی

کارگەکە خزمەتیان دەکرد و شەربەتی (بەرسیلە)ی بەشەکری تواوە شیرینکراویان بەسەر ئامادەبوواندا دابەش دەکرد.

لە سەرەتای دیدارەکەدا بەڕێوەبەری پەیمانگەی ڕۆژنامەگەریی ڕۆمانی بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کرد و باسی گرنگیی ئەو دیدارانەی کرد و جەختی لەوە کرد قوتابیانی پەیمانگەکەی تامەزرۆن بۆ بیستنی ئەوەی دەیلێین لەبارەی مێژوو و جۆری ئەو ڕۆژنامانەی نوێنەرایەتییان دەکەین، لەڕێی وەرگێڕەکەوە زانیم قسەکانم لە دیداری یەکەمدا پاڵنەر بووە بۆ هاوڕێیانی ڕۆمانی کە زێدە گرنگیم پێ بدەن، کاتێك چوومە سەر سەکۆی هۆڵەکە، لە سەرەتای قسەکاندا سوپاسی ڕێکخەرانی ئەو دیدارانەم کرد و وتم ئەم جۆرە هەڵوێستانەی هاوڕێیانی ڕۆمانی زادەی ڕێکەوت نین، کە مێژووی شکۆداری گەلەکەیان پڕیەتی لە قارەمانێتی هەر لە دێرین زەمانەوە، بەرەنگاریی داگیرکاریی تراجانی کردوە لە سەدەی دووەمی زاینیدا، بەرەنگاریی پەلاماری ڕۆمای کردوە و بەگژ پرۆسەی بەزۆر نیشتەجێکردن و ئیستیعمار و تواندنەوەی نەتەوەیی لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا چووەتەوە، بەرگری لە کەرامەتی خۆی کردوە دژی پەلامارەکانی غووت و هۆ و ئەفار و سلاڤ و تەتار، هەروەك بەرەنگاری پەلاماری تورکی کردوە پێنج دەیە لەمەوبەر، خەباتی دژی نازییەت کردوە و ڕۆمانیا بەحوکمی شوێنە جوگرافیەکەی بووەتە شانۆی زۆر شارستانێتی، وەك شارستانێتی یۆنانی و لاتینی و ڕووسی و بولگاری و کولتوورەکانی ڕۆژهەڵات. هیچ سەیر نیە گەلی دۆستی ڕۆمانی لەم کرانەوەیە بەڕووی گەلانیتردا بەهرەمەند بێت و لە واقیعیان تێبگات چەندە لێشییانەوە دوور بێت. هەر کە جۆرج قسەکانمی بەدوای یەکدا وەرگێڕا، هۆڵەکە پڕ بوو لە چەپڵە، منیش پاش ئەوە درێژەم بەقسەکردن دا، باسی ڕۆژنامەی (التاخی)م کرد و بۆم باس کردن کە ئەو ڕۆژنامەیەی من نوێنەرایەتی دەکەم درێژکراوەی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردییە پێش ٧٥ ساڵ دەرچووە بەناوی (کوردستان)، ئەو ناوەی هەزاران کەس لەپێناویدا چوونە

بەردەم پەتی سێدارە و مردن و خەونی سەربەخۆیی کوردستان هەر لەسەر لێویان بوو. هەروەها درێژکراوەی ڕۆژنامەی (رزگاری)یە کە پاش کۆنگرەی دامەزراندنی یەکەمی پ د ك ساڵی ١٩٤٦ دەرچوو، هەروەك درێژکراوەی دەستەخوشکە خەباتکارەکەی (خەبات)ە کە نزیکەی بیست ساڵە دەردەچێت (١٩٥٣-١٩٧٣)، درێژکراوەی سەرجەم ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەیە کە بەشەرەفەوە شانیان دایە ژێر دۆزی گەلی کوردستان. بەدرێژی باسی مێژووی دەرچوونی (التاخی)م کرد لە ١٩٦٧/٤/٢٩ لە قۆناغی یەکەمدا، هەروەها دەرچوونی لە قۆناغی دووەمدا و سرووشتی ئەو ماددانەی بڵاوی دەکردنەوە و چارەسەری ئەو کێشانەی پەیوەندییان بەجەماوەرەوە هەبوو، ئەمە جگە لە قسەکردنی لەسەر بابەتە نەتەوەییەکانی کوردستان و گەلەکەی لەپاڵ جمکەکەی (برایەتی) و رووبەری بڵاوبوونەوەی و تیراژی چاپی و ئەو قەڵەمانەی بەشداری لە نووسینیدا دەکەن، چ عەرەبی بن یان کوردی.

هەروەها ئاماژەم بەوەدا (ئەو ڕۆژنامەیەی من شەرەفی نوێنەرایەتیکردنی پێ دام لەم دیدارەماندا ڕۆژنامەیەکی حکومی یان ڕۆژنامەی حزبێکی حاکم نیە لە دەسەڵاتدا و کەس لە بەشداری لە پارەدارکردنیدا ناکات، سەرچاوەی پارەدارکردنی فرۆشی خۆی و ئیعلانە زۆرەکانیەتی و جێی ڕێزی هەمووانە، ڕۆژنامەی گەلێکی بەشبەشکراوە کە لەڕووی مێژووییەوە غەدری لێ کراوە و ئاڵاکەی نە بەسەر تەلاری نەتەوە یەکگرتووەکانەوە و نە لە هیچ دەوڵەتێکی ئەم جیهانە پان و پۆڕەدا ناشەکێتەوە، لە بنەڕەتدا ڕۆژنامەی گەلێکی ستەمدیدەیە، بەڵام لەوکاتەوە ژمارەی یەکەمی دەرچووە، بووەتە ڕۆژنامەی بێ ڕکابەری گەلانی عێراق). خەریك بوو بەدەم قسەکردنەوە بڕۆم و لە بابەتی سەرەکی دەربچم کاتێك چاوم کەوتە سەر کاتژمێرە هەڵوساراوەکەی بەرانبەر سەکۆکە و هەستم کرد ماوەی دیاریکراو بۆ قسەی هەر کەسێکمان تێپەڕاندوە، لەبەرئەوە قسەکانم بەسوپاسکردنی دۆستانی ڕۆمانی کۆتایی پێ هێنا، کە دەرفەتیان بۆ ڕەخساندین سەردانی ڕۆمانیا بکەین و چاومان بە برایانی

میوان و قوتابیانی پەیمانگەی ڕۆژنامەگەری بکەوێت، دوای ئەوە رژنامەنووسانیتری میوان باسی ئەزموونی خۆیان و ئەو ڕۆژنامانەیان کرد نوێنەرایەتییان دەکەن. کاتژمێر دوو و نیو لەسەر مێزی بەڕێوەبەری کارگەی مەی بووین لە (مورتلافەر) کە لای خۆیەوە باسی چۆنێتیی کارەکە و جۆری بەرهەمهێنانی لە کارگەکەدا کرد و بتڵێك شەراب (واین) کۆنی بەدیاری دا بەهەریەکەمان.

لە ماوەی نێوان ٢١–٢٥ی حوزەیران سەردانی ئەو سەیرانگە جوانانەمان کرد کە بەسەر دەریای رەشدا دەڕوانن (کوستانزا)، (مامایا) بۆ دواین سەیرانگەی گەشتیاری لەسەر سنووری ڕۆمانی و بولگاری و بەهەزاران گەشتیار جمەی دەهات، کە خۆشترین کاتیان لە کەنار دەریاکانی سەرسنوور یان لە ڕێگەکانی نێوان باخچە و سەیرانگەکان بەسەر دەبرد و گوێیان بەوە نەدەدا لە دەوریان چی دەگوزەرێت، کێشە و بەربەستەکانی کاریان خستبووە لاوە و بەباشترین شێوە چێژیان لە مۆڵەتە سالآنەکانیان وەردەگرت. بەم شێوەیە ڕۆژان تێپەڕین تا خۆمانمان لە (تولجا) بینیەوە، کە یەکێکە لە بەندەرە ڕۆمانییەکان و دەکەوێتە سەر بەری ڕۆژهەلآتی رووباری دانووب، تەمومژ بەندەرەکەی داپۆشیبوو، ئاوهەوا سارد بوو، راوچییان چاودێریی کەشوهەوایان دەکرد لە چاوەڕوانیی ڕەوینەوەی تەمەکە، تا بە کەشتییە بچووکەکانیانەوە ملی دەریا بگرنەبەر بەئومێدی دەستکەوتن و راوکردنی ماسی دەریایی، لە پەنجەرەی ژووری کەشتیەکەمانەوە بەتاسەوە تەماشای ئەو دیمەنەم دەکرد، کە پێشوەخت ئامادە کرابوو بۆ بەستنی دواین دیدار لەنێوان ڕۆژنامەنووسان و دوازدە میوانەکە و سەرنووسەرانی ڕۆژنامە و گۆڤارە ڕۆمانییەکان و گفوگۆکردن لەبارەی گرنگیی ئاڵوگۆڕی سەردانی نێوان ڕۆژنامەنووسان لە وڵاتە جیاجیاکاندا. هەوای ناو ژوورەکە گەرم بوو، کاتژمێر نۆی بەیانی کەشتییەکە کەوتە ڕێ، ئاوی دەریا ساف نەبوو، بایش سارد بوو و نەماندەتوانی بچینە سەر ڕووی کەشتییەکە.

جێگری سەرنووسەری ڕۆژنامەی (سکانتتایا) یەکەم کەس بوو باسی گرنگیی ئاڵوگۆڕی سەردانی لەنێوان ڕۆژنامەنووساندا کرد بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی پێویست و ئاشنابوون بەئەزموونی ئەوانیتر، ئەمە جگە لە بینینی ناوچە جیاوازەکانی جیهان و داوای لە میوانان کرد، داوا لە بەرپرسانی وڵاتەکانیان بکەن ئەم جۆرە سەردانانە ڕێك بخەن، ئەوەیش وای لە ڕۆژنامەنووس (ئەنتۆنی لادن) بەرپرسی بەشی لێکۆڵینەوەی سیاسی لە ڕۆژنامەی حزبی شیوعیی کووبی کرد (ڕەنگە باڵای دوو مەتر بووبێت، کەتە و زەبەلاح و لە دەیەی پێنجەمی تەمەنیدا بوو، شەرابخۆرێکی پلەیەك بوو، نوکتەچی و خۆش مەشرەب بوو) کاتێك نۆرەی هات بۆ قسەکردن لەسەر وتەکەی جێگری سەرنووسەری ڕۆژنامەی (سکانتتایا) ، پێشنیاری سەردانکردنی کوردستان بکات، بەدەست ئاماژەی بۆ من کرد و چاوەڕوانی کرد وەڵامی بدەمەوە، منیش لەڕێی وەرگێڕەکەوە وتم کاتێك نۆرەم هات بۆ قسەکردن باسی دەکەم، بەڵام ئەو هەر سوور بوو و جارێکیتر دووبارەی کردەوە و لەباتی ئەوان داوای لیٚ کردم باسی بابەتەکە بکەم، دەستم بەقسە کرد و سەرەتا سوپاسی سۆزی (ئەنتۆنی)م کرد و وتم لە هەموو دڵمەوە خوازیار بووم بانگهێشتتان بکەم بۆ وڵاتەکەم کوردستان و هاوشێوەی دۆستانی ڕۆمانی بەئەرکی میوانداریکردن هەستین و ئەو شاخ و ئەشکەوتانە ببینن کە پەناگەی ئافرەتان و منداڵانن کاتێك فڕۆکە و تۆپەکان بۆردومان دەکەن و ڕەحم بەکەس ناکەن، گوندە ڕووخاوەکان و شوێنی قارەمانان لە گیانبەخشانی گەلەکەمان ببینن، کە بەچەکی سادە و ناهاوتا و بە ورەیەکی بەرز و ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە بەرگری لە شەرەفی وڵات و گەلەکەیان دەکەن، بەڵام وەك وتم ئێمە لە دۆخێکدا نین ڤیزا ببەخشین بۆ سەردانی کوردستان، چونکە گەیشتن بەکوردستان بە دوو ڕێگەدا تێدەپەڕێت کە سێیەمیان نیە، یان لە ڕێی بەغداوە کە زۆر قورسە و بەهیچ شێوەیەك ناکرێت، بەتایبەت لە سەردەمی جەنگ و کوشتاردا، یان بەو ڕێگەیەی ڕۆژنامەنووسی ئەمەریکی (دانا ئادەم شمیدپ) گەیشت، کە لە هاوینی ساڵی یەکەمی تەمەنی

شۆڕشەکەدا سەرکێشی بەژیانی خۆی کرد و سنووری سێ وڵاتی بڕی، تا گەیشتە کوردستان و سەرۆك بارزانی بینی و پاشتر کتێبێکی لەبارەی شۆڕشی کوردی بەناونیشانی (گەشتێك بەناوی پیاوانی ئازادا)، دانا، کە ئەمە لەناو رۆژنامەنووسانی وڵاتانی سۆشیالیستیدا رووی نەداوە، ئەوەیش جێی گلەیی توندمانە لە هەموویان، کە پێیان نەکەوتۆتە سەر خاکی وڵاتەکەمان لەکاتێکدا دەیان پەیامنێری رۆژنامەکان لە وڵاتانی جیاوازەوە سەردانی ناوچەکانی شۆڕشیان کردوە و زۆریان ریپۆرتاژی وێنەداریان نووسیوە و بەشێکیان کتێبیان بەزمانە ئەوروپپەکان لەبارەی شۆڕشی کوردەوە نووسیوە، بەڵام ئێوە دەستەی رۆژنامەنووسانی وڵاتانی سۆشیالیستی ئایا رۆژێك لە رۆژان وتارێکتان لەبارەی ئەوەی گەلی کوردستان بەدەستیەوە دەناڵێنێت، نووسیوە؟ ئێمە لەسەر ئەم خۆنەبانکردنە لۆمەتان دەکەین لەکاتێکدا ئێمە ناوی سەرکردەکانی ئێوە و قارەمانیی گەلانتان و سەروەرییەکانی خەباتی ئێوەمان لە دڵماندا پاراستوە، رۆشنبیران و سیاسییانی گەلەکەمان هاوسۆزیان بوون و رۆژێك لە رۆژان بوونە سەرمەشقی ئێمە، بەڵام ئەی ئێوە چیتان کرد کاتێك ئێمە دووچاری ناپاڵم و چەکی تەفروتووناکەر بووین؟ لەگەڵ ئەوەیشدا ئەگەر توانیتان بگەنە کوردستان، بەلەئامێزگرتن پێشوازیتان دەکەین، کوردیش وا ناسراوە گەلێکی میواندۆست و کەسێك لەیاد ناکات بەرگری لێ کردبێت ئەگەر تەنانەت بەنووسینی وتارێکیش بووبێت. کاتێك قسەکانم تەرجەمە کران، جێگری سەرنووسەری رۆژنامەی حزبی شیوعیی رۆمانی هاتە پێش، تەوقەی لەگەڵ کردم و بۆ ماوەیەکی زۆر دەستی کردە ملم و وتی: سوپاستان دەکەم لەسەر ئەم روونکردنەوەیە، لەباتی ئێوە بەئەرکی خۆمان هەڵدەستین و لە هەموو دڵمەوە ئاوات دەخوازم جارێکیتر سەردانی رۆمانیا بکەیتەوە وەك نوێنەری رۆژنامەی (دەوڵەتی کوردستان).

کاتێك ئێستا ئەم دێڕانە دەنووسم هاوڕێم جێگری سەرنووسەری رۆژنامەی سکانتایا (فیلاسکی ساتاسکو)م بیر دەکەوێتەوە، کە ئاواتەکەی هاتە دی و حزب بە

پێسپاردنی بەرپرسیارێتیی سەرنووسەری رۆژنامە رۆژانەکەی (برایەتی) لە کوردستانی فیدراڵدا شەرەفمەندی کردم، بەداخەوە نازانم دوای رووداوەکانی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٩ چی بەسەر هات کاتێك چەخماخەی شۆڕش لە شاری (تەمشوارا)ی سەرسنوور هەڵگیرسا و تەواوی رۆمانیای گرتەوە، بەڵام تا ئەم ساتەیش دەستپێشخەرییەکەی ئەو هاوڕێیە (فیلاسکی)م لەبیر نەچووە کاتێك بەیانی رۆژی پێش کۆتایی سەردانەکەم بۆ رۆمانیا لە شوێنی مانەوەمان لە هۆتێلی حزب، بەشێوەیەکی نائاسایی لەگەڵ جۆرجی وەرگێڕ سەردانی کردم و راشکاوانە پێی وتم، ئەمڕۆ دوو موفاجەئەم بۆ تۆ هەیە، یەکەمیان ئەوەیە کاتژمێر یازدەی نیوەڕۆی ئەمڕۆ پێکەوە سەردانی هاوڕێ (دیکالونو) دەکەین، ئەویتریان کاتژمێر حەوتی ئێوارە رادەگەیەنرێت دیسان بەیەکەوە دەبین. هەر بەڕاستیش موفاجەئە بوو، چونکە دیکالونو کوڕی سەرۆکی رۆمانیا (نیکۆلا شاوشیسکۆ) و بەرپرسی نووسینگەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی یەکێتیی لاوانی شیوعیی رۆمانی بوو. شیاوی باسە، دیکالونو لەسەر بانگهێشتی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان سەردانی کوردستانی کرد بۆ ئامادەبوون لە کۆنگرەی حەوتەمی لە شاری سلێمانی، لە ماوەی نێوان ٢٨-٣ بۆ ١٩٧٢/٤/٢، هەروەها سەردانی بارەگای بارزانی کرد و بارزانی خۆی بەشەخسی پێشوازی کرد، ئەو سەردانە پاشتر بەرهەمی دا، من لەوکاتەدا وەك سکرتێری گشتیی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی ئەوکات بەیاوەریی کاك حوسێن سنجاری، لە هۆتێلی ئێمباسادۆر لە شاری بەغدا بینیم. لە رۆژانی کۆنگرەدا لە شاری سلێمانی میوانمان بوو، کاتێك بۆ دووەم جار بەیاوەریی هاوڕێ فیلاسکی لە نووسینگەکەی خۆی، کە دەکەوتە ناوەڕاستی شاری بوخارێست، بینیمەوە، وێنەیەکم بینی لە نووسینگەکەیدا هەڵواسرابوو کە لەگەڵ ئێمە گرتبووی لە هاوینەهەواری سەرچنار لە شاری سلێمانی. بەخێرهاتنی گەرمی کردم و هەواڵی بارودۆخمانی پرسی و لەبارەی هەستی خۆم لە رۆمانیا پرسیاری کرد، وتم کاتێك

گەڕامەوە ئەوە لە ڕۆژنامەکەماندا دەنووسم، زۆر سوپاسم کرد، دوای نیو کاتژمێر مۆڵەتم لێ خواست، پێش بەجێهێشتنی نووسینگەکەی جانتایەکی دەستیی چەرمی سروشتی بەدیاری پێ دام کە لە ڕۆمانیا دروست کرابوو، کاتێك لە دەرەوەی نووسینگەکەی بووین لە فیلاسکیم پرسی ئەی موفاجەئەی دووەم چییە؟ وەڵامی دامەوە پشوویەك بدە، کاتژمێر حەوتی ئێوارە لەلات دەبم.

کاتژمێر حەوتی ئێوارە هەرسێکمان (فیلاسکی و جۆرجی وەرگێڕ و من) لەناو ئۆتۆمبێلەکەی (فیلاسکی)دا بەرەو باکوری خۆرئاوای شاری بوخارێست دەچووین بە ڕێگەیەکی قیرتاوکراودا، کە لە هەردوولاوە درەختی بەرزی تێدا بوو و قەدەکانیان تا نزیکەی مەتر و نیوێك ڕەنگی سپی کرابوون، ئەویش بۆ ئاگەدارکردنی شۆفێران و ڕوونەدانی بەرکەوتن بەشەودا. دوای نیو کاتژمێر لە سەیرانگەی (زیناکۆف)ی دڵگیر بووین، کە ناوچەیەکی دار و درەخت و باخچە و دەریاچەی بچووك و جوانی زۆر تێدایە، گازینۆ و چێشتخانەی گەشتیاریی قەشەنگی تێدایە، کاتێك گەیشتین هاوڕێکەم سەرپشکی کردم لە هەڵبژاردنی چێشتخانەیەکیان بەپێی حەزی خۆم، بەڵام من پێم باش بوو ئەو خۆی هەڵیبژێرێت، کاتێك چێشتخانەیەکی هەڵبژارد بەناوی (بیسکرو) واتە کەڵەشێری ڕەش و دانیشتین، بەخۆمم وت ڕەنگە فیلاسکی بەڕێکەوت لە هەڵبژاردنی میوانداریکردنم لەم شوێنەدا هەڵەی کردبێت، چونکە زۆر ناوچەی جوانم لەو ماوەیەدا بینی، بەڵام گومانەکانم زۆریان نەخایاند کاتێك داوای لێ کردم هەستین پیاسەیەك بکەین بەو ناوچەیەدا، کە پێداویستییەکانی گەشتیاری تێدا بوو، لەسەر کەناری لای ڕۆژهەڵاتی چەند ڤیلایەکی تێدا بوو کە درەخت سێبەری بۆ کردبوون، لە دەرگای یەکێکیاندا کرێکارێك وەستابوو چاوەڕوانی دەکرد، دەرگاکەی بۆ کردینەوە، کاتێك چووینە ناو ڤێلاکە کە لە دوو ژووری خەوتن و هۆڵێك و مۆبەقێکی بچووك پێکهاتبوو و ڕایەخ کرابوو (مۆکێت) و زەوییەکە بەپلێتی تەختەی ڕەنگ قاوەیی رووپۆش کرابوو، فیلاسکی داوای کرد لە هۆڵەکە دابنیشم و وتی:

بەڵێنی دوو موفاجەئەم پێ دایت، یەکەمیان لای دیکالونو بوو، دووەمیشیان بەتایبەت ئەم ڤێلایەیە، کاتێك جۆرج قسەکانی وەرگێڕا سەرم لە لە قسەکەی سوڕما و وتم کامەیە موفاجەئەکە لێرە؟ وتم: هاوڕێم سوپاست دەکەم بۆ میوانداریی چاك و بەجێهێشتنی کارەکەت تا من بۆ ئەم شوێنە بانگهێشت بکەیت. لەڕاستیدا شوێنێکی جوانە و جارێکیتر سوپاستان دەکەم و ئەم رۆژانە لەیاد ناکەم کە لە وڵاتەکەتاندا بەسەرم برد.

جا پێی وتم پەلە مەکە، راستە وەك وتت ناوچەکە جوانە، بەڵام جوانتر لەوە پەیوەندیی ئەو ناوچەیەیە بەیادەوەرییەك مێژووەکەی بۆ پازدە ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە (ساڵی ١٩٥٨) و ویستم کۆتایی سەردانەکەت بینینی ئەم ڤێلا بچووکە بێت، دەزانیت بۆ؟ پاشان درێژەی بەقسەکردن دا و وتی: پاش شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ لە عێراق سەرۆکەکەتان بارزانی لە مانگی ئابی ١٩٥٨ لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە گەیشتە رۆمانیا و لەم سەیرانگەیە و بەتایبەت لەم ڤێلایەدا بوو بەمیوان، چەند رۆژێك لێرە مایەوە و سەرۆکی ئەوکاتی رۆمانیا پێشوازی کرد، ئەمە لای ئێمە جێگیر کراوە، دڵنیام بینینی ئەم شوێنە زۆر دڵت خۆش دەکات.

هەر بەڕاستیش زۆرم پێ خۆش بوو و جارێکیتر کەوتمە گەڕان بەشوێنەکانیدا و سوپاسم کرد بۆ ئەو دەستپێشخەرییە ناسکە و داوام کرد چەند وێنەیەکی یادگاری لەو شوێنەدا بگرین، وێنەکان و جانتا چەرمەکە و ئەو تاقمە فەخفوورییە چینییە رەنگ شەزرییەم پاراستبوو کە لە حەوت پارچە پێکهاتبوو و هاوڕێ فیلاسکی بەدیاری بۆی هێنام کاتێك خۆی هات بۆ فرۆکەخانە بۆ بەڕێکردنم و پێشکەشکردنی ئەو دیارییە، ئەوکات من سەرقاڵ بووم بەخواحافیزیکردن لە کۆمەڵێك برا و هاوڕێی کورد کە لە رۆمانیا دەیانخوێند. لەوکاتەدا فیلاسکی پێی وتم: ماڵئاوا، هیوادارم پارێزگاری لە وێنەکان و جانتاکە و ئەو پارچە فەخفوورییە دەگمەنانە بکەیت، رەنگە

بەکەڵکت بێن بۆ نووسینی بابەتێکی جوان و بەچێژ. هەروایش بوو پاش ٢٤ ساڵ (١٩٩٧) ئەم یاداوەرییانە دەنووسم، بەڵام ئێستا نازانم چارەنووسی ئەو دیارییانە چی بوو و چییان بەسەر هات، لەبەرئەوەی ئەوانە و کۆی ئەو کەلوپەلانەی ماڵەکەم و ئەلبومی وێنەکان و ئەوراقە شەخسییەکان پاش پەیوەندیکردنم بەشۆڕشی کوردەوە ساڵی ١٩٧٤ لە بەغدای پایتەخت تالان کران و لەوانە و لە شتیتریش مەحروم بووین کە قەرەبوو ناکرێنەوە، جگە لە وتارێك لە ژمارە ١٣٨٦ی رۆژنامەی التاخی رۆژی ١٩٧٣/٧/١٧ لەبەر تیشکی ئەو سەردانەدا نووسیم و تێیدا هاتووە: (گەلانی بچووك و ستەمدیدە زۆر بەئاستەم دۆستانی راستەقینە دەدۆزنەوە، ئەویش بەهۆی پێکداچوونی بەرژەوەندییەکان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، نەخاسمە لە سەرەتای شەستەکانەوە و کەمبوونەوەی رادەی گرژیی نێودەوڵەتی و بەرتەسکبوونەوەی سیاسەتی جەنگی سارد، لەگەڵ ئەوەیشدا دەبینین گەلی رۆمانی و حزبە شیوعییەکەی، تێگەیشتنێکی قووڵیان بۆ دۆزی کورد لە کوردستانی عێراق و بزوتنەوەی گەلەکەمان بەسەرکردایەتیی بارزانی پیشان داوە وەك بزوتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کورد وەك بەشێکی گرنگ لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی جیهانی، لە سەردانە دوولایەنانەکاندا پشتگیریی خۆیان بۆ مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد دووپات کردۆتەوە و سەربەخۆیی سەرکردایەتیی بزوتنەوەی کورد و رازینەبوونی بە ویصایە و دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆیان، وەك رەنگدانەوەی سروشت و پێشکەوتنخوازیی بزوتنەوەکە، نرخاندوە).

بەم شێوەیە پەیوەندیی دۆستایەتی لەنێوان هەردوو گەلی کورد و رۆمانیدا بەهێز بوو و ژمارەیەك لە سەرکردەکانی پارتی لە قۆناغی جیاوازدا سەردانی کۆماری رۆمانیای سۆشیالیستییان کردوە و چاویان بەسەرکردەکانی و سەرۆکی وڵات (شاوشیسکۆ) کەوتووە، هەروەها کۆماری رۆمانیا ژمارەیەك قوتابیی کوردی قبوڵ کردوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵا لە زانکۆکانیدا. کاتێك شاوشیسکۆ سەرۆکی

بەهێزی ئەوکات بەسەرۆکایەتی شاندێك کە وەزیری دەرەوە (جۆرجی ماکوفسکو) ئەندامی شاندەکە بوو رۆژی ١٩٧٤/٢/١٩ سەردانی کۆماری عێراقی کرد و لە کۆشکی بەغدا بوو بە میوان، ئەو کۆشکەی خوالێخۆشبوو شا فەیسەڵی یەکەم لە سەرەتاکانی سییەکانی ئەم سەدەیەدا پایەکانی دامەزراند و ناوینا کۆشکی زهوور و شا غازی تەواوی کرد، دوای مردنی شافەیسەڵی باوکی لەو کۆشکەدا رێورەسمی هاوسەرگیریکردنی لەگەڵ شاژن عالیە بەرێوە چوو و ساڵی ١٩٣٥ فەیسەڵی دووەم لەدایك بوو، ئەو کۆشکە بەوە بەناوبانگ بوو ئێزگەیەکی رادیۆی خاوەن مەیلی نیشتمانی تێدا بوو و ناونرابوو ئێزگەی کۆشکی زهوور، هەر لەنزیك ئەو کۆشکە ئۆتۆمبێلەکەی خوالێخۆشبوو مەلیك غازی خۆی کێشا بەستوونێکی ئاسندا و بووە هۆی مردنی لە نیسانی ١٩٣٩. پاش شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ ناوی گۆڕا بۆ کۆشکی بەغدا و پێشوازیی لە زۆر پاشا و سەرۆك کرد، کە بوونە میوانی دەوڵەتی عێراق، لەوانە سەرۆکی کۆچکردووی رۆمانیا نیکۆلای شاوشیسکۆ کە لە ١٩٧٤/٢/١٩ گەیشتە بەغدا. لە ١٩٧٤/٢/٢١ واتە پێش بیست و سێ ساڵ، بەیاوەریی مامۆستا (حەبیب محەمەد کەریم) وادەمان هەبوو بۆ بینینی شاوشیسکۆ لە کۆشکی بەغدا، کە کاتژمێر چواری عەسری رۆژی ناوبراو گەیشتینە ئەوێ و هەر کە بۆ یەکەم جار سیماکانی کۆشکم کەوتە بەر چاو، ئەوەم بیر کەوتەوە لەبارەی مێژووی دامەزراندنی شانشینی عێراق خوێندبوومەوە لە ساڵی ١٩٢١، بەتاج لەسەرنانی فەیسەڵی یەکەم وەك پاشای عێراق، کە شوێنێکی شیاو و گونجاوی نەدۆزیەوە بۆ نیشتەجێبوونی خێزانەکەی، هەربۆیە وەزیری داراییەکەی (حەسقیل ساسۆن)ی قایل کرد داوا لە ئەنجومەنی وەزیران بکات چەردەیەکی دیاریکراو پارە تەرخان بکەن بۆ دروستکردنی کۆشکی ناوبراو، کە رووکارێکی زۆر سادەی هەیە بەبەراورد بەکۆشکە نوێیەکان لەو سەردەمەدا.

هۆڵی پێشەوەی نهۆمی زەمینیی کۆشك جمەی دەهات لە کۆمەڵێك لە دەست و پێوەند و یاوەرانی سەرۆکی رۆمانی لە رۆژنامەنووسان و فەرمانبەرانی تەشریفات و ژمارەیەك لە وێنەگرانی رۆژنامە و گۆڤارەکان، خۆشبەختانە جۆرجی وەرگێڕ کە لە سەردانەکەی رۆمانیامدا یاوەرم بوو لە ریزی سەرەوەی تاقمی وەرگێڕانی یاوەری شاوشیسکۆدا بوو. کاتێك بەسەر پلیکانە بەفەرشی سوور داپۆشراوەکەدا سەرکەوتین بۆ نهۆمی سەرەوە، جۆرج چەند قسەیەکی لەبارەی پرۆتۆکۆڵی دیدارەکە بەگوێمدا چرپاند و هێشتا لە قسەکانی نەبووبووەوە کە خۆمان لەبەردەم سەرۆك شاوشیسکۆدا بینیەوە، قاتێکی رەشی لەبەردا بوو لەگەڵ بۆینباخێکی رەنگ مارۆنی. پێش گەیشتنمان لەگەڵ وەزیری دەرەوەیدا (جۆرجی ماکوسکو) پیاسەی دەکرد، بەرپرسی تەشریفاتی سەرۆکایەتی ئێمەی پێ ناساند، داوای لێ کردین دابنیشین. ئەویش لە جێگەی خۆیدا دانیشت لەنێوان مامۆستا (حەبیب محەمەد کەریم) و مندا لەسەر یەك قەنەفە. دوای دەستەواژەکانی موجامەلەکردن مامۆستا حەبیب بەناوی پ د ك و سەرۆکەکەی مستەفا بارزانییەوە بەخێرهاتنی سەردانەکەی کرد بۆ عێراق، لەسەر هەڵوێستی رەسمیی رۆمانیا بەرانبەر دۆزی گەلی کورد سوپاسی کرد و جەختی لە گرنگیی ئەو هاوکارییە کرد بۆ ئێمە کە رۆمانیا بەرانبەر سەرخستنی مافە نەتەوەییەکان دەریدەبڕێت بەتایبەت بۆ ئەو سەردەمە، کە پەیوەندیی نێوان ئێمە و حکومەتی ناوەندی بەقۆناغێکی شلۆقدا تێدەپەڕی. کاتێك مامۆستا حەبیب لە قسەکانی بووەوە، شاوشیسکۆ بەئاماژەیەکی چاوی سەرۆکی تەشریفاتەکەی تێگەیاند وێنەگران لە هۆڵەکە دوور بخاتەوە، پاشان خۆی راست کردەوە لە شوێنەکەیدا و ویستی ئەو قسە بکات، بەڵام کەمێك وەستا و وام دەبینی دەیویست قسەکانی هاوسەنگ بکات، بەوەی رستە و وشەی گونجاو هەڵبژێرێت، بەتایبەت کە ئەو میوانی عێراق بوو و پێشوازی لە سکرتێری پ د ك دەکرد بەتایبەت لەو کاتەدا، سیمای هاوسەنگی و حیکمەتی دەگەیاند، زۆر هێمن هاتە بەرچاوم و بەواقیعیبوونی

خۆی توانیبووی بەرژەوەندییەکانی هەردوو دەوڵەتی زلهێز پێکەوە بگونجێنێت و قەرزە دەرەکییەکانی رۆمانیا بداتەوە کە دەگەیشتە ١٣ ملیار دۆلار، بۆ گەرەنتیکردنی سەربەخۆیی رۆمانیا و نەکەوتنە باوەشی کەس. بەدەنگێکی تا رادەیەك کز دەستی بەقسە کرد، چاوەڕوانی وەرگێڕی دەکرد تا لە وەرگێڕانی قسەکانی دەبووەوە، وتی (من شادومانم بەدیدارتان و ئەگەر لەبەر بارودۆخی تایبەت نەبووایە حەزم دەکرد سەردانی ناوچەکەتان بکەم، من دیوانی رەسمیی دەوڵەتی عێراقم، هیوادارین کێشەکانتان لەگەڵ دەوڵەتی عێراقی بەئاشتییانە و برایانە چارەسەر بن، هانتان دەدەم بەو شێوەیە بەردەوام بن کە خزمەتی هەمووتان دەکات). کەمێك دەوەستا و پاشان دەستی بەقسە دەکردەوە، دیدارەکە نزیکەی کاتژمێرێکی خایاند، لەڕێی مامۆستا حەبیبەوە سڵاوی ئەو و هاوڕێیانی بۆ سەرکردەکانی پارتی و لەسەرووییانەوە سەرۆك بارزانی نارد، لەکاتی ماڵئاواییدا سوور بوو لەسەر ئەوەی چەند هەنگاوێك بەرەو دەرگای هۆڵەکە بەپێ بڕوات.

رۆژی ١٩٧٤/٢/٢١ بەم شێوەیە بوو، کاتێك ئەو پیاوەمان دی کە گۆڤاری (الحوادث)ی لوبنانی وەسفی کرد بەوەی (بەئازایەتییەکی دەگمەن رووبەڕووی چارەنووسی خۆی بووەوە و بەبێ ترس و بیم لەگەڵ (ئیلینا)ی هاوسەریدا مردن، کاتێك بەئەنقەست ویستیان لە دادگەییکردنی نهێنیدا بیترسێنن کە لە دوو کاتژمێر زیاتری نەخایاند، پێی وتن من لە مردن ناترسم، کاتێك فەرمانی لەسێدارەدانی دەرچوو بەپێکەنینەوە لەگەڵ ئیلینا رووبەڕوویان بووەوە و نەترسا، بەڵکو بە بکوژەکانی وت: بیکە و با هەڵنەرەکانت بەرپرسیارێتییان لەبەردەم مێژوو و کەرامەتدا بگرنە ئەستۆ. ئەمە جێبەجێکردنی لەسێدارەدان نیە بەڵکو مەڕ سەربڕینە. لە پایەی رۆمانیا کەم مەکەنەوە، ئەمە شەرمە بۆ ئێوە)!!



سەرۆکی رۆمانیای پێشوو نیکۆلای شاوشیسکۆ لەنێوان حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری پ.د.ك و فەرهاد عەونی بەڕێوەبەری کارگێڕیی رۆژنامەی (التاخی و برایەتی) لە کۆشکی زهور لە بەغدا، ١٩٧٤/٢/٢١



ڕێزلێنانی دیاکۆ، کوڕی شاوشیسکۆ سەرۆکی ڕۆمانیا لەلایەن مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابییانی کوردستان لە نێوان کۆنگرەی حەوتەمینی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان کە لە سلێمانی ئەنجام درا لە ٢٩/٤-٢/٥/١٩٧٢



دیمەنێکی کۆنگرەی حەوتەمینی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان، زانکۆی سلێمانی ٢٩/٤/١٩٧٢



شاوشیسکۆ و هاوسەرەکەی.. ساڵانی خۆشی



شاوشیسکۆ و هاوسەرەکەی، ساتی گوللەبارانکردنیان

## یادەوەرییەکانی بەشداریکردنی گەورەترین شاندی لاوان و قوتابییانی کوردستان لە دەیەمین فیستیڤاڵی جیهانیی قوتابیان و لاوان لە بەرلین ساڵی ١٩٧٣

فڕۆکەکەمان کە سەر بەهێڵی ئاسمانیی عێراق بوو جمەی دەهات لە لاوانی کوردستان کاتێك ئێوارەی رۆژی ١٩٧٣/٧/٢٥ لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغداوە بەرەو بەرلینی پایتەختی کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتی فڕی. لەو ساتەی فڕۆکەکە هەستا و بەهاڕەهاڕ و لەرەلەرە بەهێزەکانی زەوی دوور کەوتەوە، کەس لە ئێمە کە لەسەر کورسیەکانمان چەقیبووین بیری لەوە نەدەکردەوە کە لەو جیهانە پان و پۆڕەدا روودەدات، بۆ چەند ساتێك هەستکردن بەترس دروست بوو و دەستمان بەپشتوێنی سەلامەتیەوە گرتبوو، بەڵام ترسەکە هەر زوو نەما پاش ئەوەی فڕۆکەکە لە ئاسماندا لانسی وەرگرت و بەرێگەی نەخشەکێشراوی خۆیدا بەرەو وێستگەی یەکەمی کە فڕۆکەخانەی شاری ئیستەنبوڵ بوو، کەوتە رێ، لەوێ لەو چل و پێنج خولەکەی بۆ وەرگرتنی سووتەمەنی تەرخان کراوە و لەسەرجەم فڕۆکەخانەکانی جیهان کاری پێدەکرێت، لە پێنج خولەك زیاتر بەرگە نەگیراین، ئەویش بەهۆی سازکردنی ئاهەنگی هەڵپەرکێی کوردی بە تەپڵ و زوڕناوە لە گۆڕەپانی فڕۆکەخانەی ئیستەنبوڵ لەلایەن

گەنجانی کورد کە پاش ڕێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ و بەو ژمارە زۆرە لە چوارچێوەی شاندێکی عێراقیی بەشداردا لە عێراقەوە هاتبوون و پارتی و شیوعی و بەعسییان تێدا بوو و بەرەو بەرلین دەچوون، ئەوە بوو هەر زوو هێزێکی پۆلیسی تورکی چواردەوری داین و ناچاریان کردین سەربکەوینەوە ناو فڕۆکەکە، تا ئەم جارەیان لەسەر پشتی فڕۆکەکە و لەنێوان کورسیەکان و ڕاڕەوی ناوەندی فڕۆکەکەدا کەرنەڤاڵی سەما و گۆرانی ساز بکەین، بەبێ گوێدانە ڕێنماییەکانی کاپتنی فڕۆکەکە و کچە پێشوازیکەرە شۆخ و شەنگەکان، کە بەهۆی ئەو جەنجاڵە و ڕێگەنەدان بە گوزەرکردنیان ژەمێکی سووکی خواردنیان پێشکەش نەکرد، لەبەرئەوە چاریان نەما جگە لە چوونە ریزی ئەڵقەکانی ئاهەنگگێڕان و ئەرکە بنچینەییەکانیان لەیاد کرد.

لەگەڵ ساتە بەراییەکانی بەرەبەیاندا گەیشتینە بەرلین، ئەو شارەی ڕۆژێك لە ڕۆژان خەونی بەوەوە دەبینی حوکمی جیهان بکات، لەپێناو ئەوەیشدا بەهەموو تواناى خۆی جەنگا و لەپێناویدا ملیۆنان ئەڵمانی و خەڵکیتریان کردە سووتەمەنیی تێرکردنی غەریزەی پیاوێکی دەردەدار بەدەردی مەزنی، کە بە لۆژیکی هێز و خۆ بەزلزانین بیری دەکردەوە و سنوور و بەڵگەنامە و هەستەکان و ئەزموونەکانی ئەوانەی پێش خۆی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تێپەڕاند. بەڵام کارەکەی بەسەر خۆیدا شکایەوە و بوو بەشارێکی دابەشکراو بۆ ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی کە دوو جەمسەرە زەبەلاحەکە لە دوو لای هێڵێکی وەهمیدا حوکمیان دەکرد و لەسەر ئەو بنچینەیە بەناوبانگترین دیواری کۆنکریتی بۆ لێك جیاکردنەوەی هەست و مێژوو و جوگرافیا و نەتەوەی هەمان گەل دروست کرا و ناو نرا دیواری بەرلین. لە فڕۆکەخانەکەیدا جووڵەی فڕۆکەکان لەوپەڕی خێراییدا بوو، شاندەکان لە وڵاتانی جیاجیای دنیاوە دادەبارین، شاندی کوردی بە جلە نەتەوەییەکانی و پێکهاتە نایابەکەیەوە تایبەت بوو، برایان ئەندامانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لقی ئەڵمانیا لە پێشوازیماندا بوون لەگەڵ دوو کچە نوێنەری لیژنەی ئامادەکاریی فیستیڤاڵ. لەکاتی بینینی

خۆشەویستان، هەڤالانمان لەو قوتابیانەی لە شارەکانی ئەڵمانیا دەیانخوێند، خۆشییەکە وەسف نەدەکرا، کاک عادل فازل لەیلانی یەکێك بوو لە پێشوازیکاران (ئەندامی پێشوو لە مەکتەبی سکرتاریەوتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی عێراق) کە لە کۆلێژی ئابووری و زانستە سیاسییەکان لە بەغدا ناسیم لەیەکەم رۆژی دەوامکردنمام لە کۆلێژی ناوبراو لە پایزی ساڵی ١٩٦٦، بە قسە خۆشەکانی دەناسرا، نە هەڵسوکەوت و تەبیعەتی گۆڕابوو نە دۆستایەتییە رەسەنەکەی، موفاجەئەیەکی گەورە بوو کاتێك کەوتە بینیم چەپکێك گوڵی پێیە و لە یەکەم ساتەکانی بەیەکگەیشتنەکەدا بۆ دەربڕینی خۆشیی بەگەیشتنمان بەسەلامەتی، پڕژاندی بەسەر هەمووماندا.

کاتێك ئێمە لە ساتە بەراییەکانی سپێدەدا گەیشتین بەرلین نەخەوتبوو، ئامادەکارییەکان لەوپەڕی توندیدا بوون، سەرەڕای شەکەتی بەهۆی دووریی ماوەی نێوان بەغدا و بەرلین و سەرقاڵبوونمان لەو ماوەیەدا بە ئاهەنگگێڕان لەناو فڕۆکەکەدا، بەهیچ شێوەیەك هەستمان بەماندوێتی نەکرد تا گەیشتنمان بەیەکێك لە باڵەخانەکان کە بۆ شاندی عێراقی تەرخان کرابوو، نهۆمی حەوتەم بەر ئێمە کەوت، چووینە ناوی و لەناو شوقە بەتەواوەتی رایەخکراوەکانیدا دابەش بووین. دەوڵەتانی بلۆکی سۆشیالیستی ئەو فیستیڤاڵانەیان رێك دەخست و بووبوو بەنەریتێکی جوان، فیستیڤاڵی یەکەم لە ٢٥ی تەموز تا ١٧ی ئابی ١٩٤٧ لە پراگ ساز کرا، دووەمیان لە بۆدابێست ساڵی ١٩٤٩، سێیەم لە بەرلین ساڵی ١٩٥١، چوارەم لە بوخارێست ساڵی ١٩٥٣، لەکاتێکدا قوتابیان و لاوانی جیهان کە لەو فیستیڤاڵە جیهانییەدا خڕ بووبوونەوە، گوزارەیان لە هاوخەباتییان و تێکۆشانی شەرەفمەندانەیان لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکانی لاواندا دەکرد، قوتابیانی کورد بەجۆش و خرۆشەوە و لە سەختترین بارودۆخی خەباتی نهێنیدا خەباتیان دەکرد لەپێناو پەرەپێدان و بەهێزکردنی رێکخستنەکانی ی ق ك و یەکێتی لاوانی دیموکراتی

کوردستان له شوباتی ١٩٥٣ وه و فراوانکردنی بنکەی جەماوەرییان، تا بتوانن بەئەرکی خۆیان هەستن له کۆی خەباتی نیشتمانیی رزگاریخوازیدا، که گەلەکەمان لەپێنا ئازادیی خۆی و مافی پیرۆزی له بڕیاردانی چارەنووسی بەدەستی خۆی ئەنجامی دەدا. ماوەیەکی درێژ بەسەر لەدایکبوونی رێکخراوه جەماوەرییه کوردستانییەکاندا تێنەپەڕیبوو که لاوانی جیهان له فیستیڤاڵی پێنجەمدا له وارشۆ ساڵی ١٩٥٥ لەژێر دروشمی (لەپێناو ئاشتی و دۆستایەتیدا) ئاهەنگیان دەگێڕا. لاوان و قوتابیانی کورد له چوارچێوەی شاندی عێراقیدا گوزارەیان له دۆستایەتیی گەلی کوردی ستەمدیدەمان دەکرد لەگەڵ ئەو گەلانەی دۆستی ئازادی و ئاشتین. بەم شێوەیه لاوانی کورد بەشدارییان کرد له فیستیڤاڵی شەشەم له مۆسکۆ ساڵی ١٩٥٧، حەوتەم له ڤیەننا ساڵی ١٩٥٩ و دڵسۆزی ئامانجه نیشتمانی و مرۆییەکانیان بوون و پێشڕەو بوون بۆ هاریکاری و خەباتی هاوبەش لەگەڵ لاوانی جیهان. کاتێکیش شۆڕشی گەلەکەمان له ئەیلوولی ١٩٦١ لەژێر سەرکردایەتیی پ د ك و سەرۆکەکەی، بارزانیی نەمردا دەستی پێ کرد، رێکخراوه کوردستانییەکان بەشداریی شەرەفمەندانه و کاریگەریان هەبوو له خەباتی رزگاریخوازیی گەلەکەمان لەپێناو ئازادیی خۆیدا. سەرباری ئەو بارودۆخه سەختەیش دەوری گەلەکەمان و شۆڕشەکەی دابوو، لاوان و قوتابیانی کوردستان ئەرکەکانی خۆیانیان لەیاد نەکرد، له فیستیڤاڵی نۆیەمدا که ساڵی ١٩٥٥ له سۆفیا بەسترا، لاوان و قوتابیانی کورد داوای پشتگیریکردنی دۆزی رەوای گەلەکەیان و شۆڕشه رزگاریخوازییەکەیان کرد، بۆ یەکەم جار له مێژووی ئەو فیستیڤاڵانەدا گەورەترین شاند له لاوانی کورد له چوارچێوەی لاوان و قوتابیانی عێراقدا بەشدارییان له فیستیڤاڵی دەیەمدا کرد که ٢٦٠٠ گەنجی کوڕ و کچ له (١٤٠) دەوڵەتی دنیاوه بەشدارییان تێدا کرد و بۆ ماوەی ده رۆژ بەچالاکیی جۆراوجۆر ئاهەنگیان دەگێڕا. نەژادی جۆراوجۆر له گەلانی جیاواز که ئیرادەی ئاشتی و دۆستایەتی نێوان گەلان کۆی کردبوونەوە. شەست و پێنج کەس له

لاوان و قوتابیانی کوردستان بەجلی نەتەوەیی و هەستی نەتەوەیی بەجۆشیانەوە بەشدارییان لە پێکهاتەی یەکێتیی قوتابیان و لاوانی دیموکراسیی کوردستانیدا کرد، ئەویش بەهۆی ئەو کەشوهەوا سیاسییەی دوای ڕێکەوتنامەی یازدەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ هاتە کایە، کە باس لەوە دەکات ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان و مامۆستایان بەئاشکرا چالاکییەکانیان ئەنجام دەدەن.

ئامادەکاری بۆ ئەو فیستیڤاڵە، لە بەغدا و کوردستان زیاتر لە مانگێکی خایاند و سەرۆکایەتیکردنی بەئەندامێکی لیژنەکە سپێردرا ئەویش (عەبدولوەهاب ئەترووشی) بوو، کە ئەوکات پارێزگاری هەولێر بوو، ئێوارەی ڕۆژی ٢٤ی تەموزی ساڵی ١٩٧٣ لە غاباتی (صدر القناه) لە بەغدا ئامادەکاری بۆ چالاکییەکان کرا، تێیدا شاندی لاوانی کوردستان چەند نموونەیەکی چالاکی و نمایشکراوەکانی و سروودی لاوانی جیهانی پێشکەش کرد، تیپی هونەریی هاوبەشیش ڕۆڵی تایبەتی هەبوو لە ئامادەکردنی کۆمەڵێك سروودی نەتەوەیی و گۆرانیی فۆلکلۆری، لەوانە ئەی ڕەقیب، سڵاو لە پارتی، هەی مینا، فاتمی زاڵمی) کە ئەندامی بەشدار خاتوو (ساکار ئەحمەد) لەگەڵ هەڵپەڕکێی میللیی کوردیدا دەیگوت.

نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٧٣/٧/٢٨ فیستیڤاڵی دەیەمی نێودەوڵەتی قوتابیان و لاوان بە ڕێپێوانێکی گەورەی لاوانی جیهان بەرەو یاریگای لاوانی نێودەوڵەتی دەستی پێ کرد، کە (ڕۆبێرتۆ فییزی) بەڕەگەز ئیتاڵی و سەرۆکی یەکێتیی نێودەوڵەتیی لاوانی دیموکرات بە وتەیەك کردنەوەی فیستیڤاڵەکەی ڕاگەیاند، کە لە پێنج خولەك زیاتری نەخایاند. تیپە مۆسیقییەکە لە پێشەوەی گرووپەکانی لاوانەوە دەڕۆیشت. قوتابیانی کوردستان ڕاستەوخۆ لە ریزەکانی پێشەوەدا بوو پاش لاوانی دەوڵەتی ڕۆمانی، کە میوانداریی فیستیڤاڵی نۆیەمی کردبوو (بولگاریا). دیمەنی کوڕان و کچانی لاوی کورد بە ڕەنگی جلوبەرگە کوردییە جوانەکانیانەوە دیمەنێکی زۆر نایاب بوو و (وەك

یەکێك لە ئەندامانی شاندی کۆماری یەمەنی دیموکراتی) هیچیان ناتەواو نەبوو جگە لە ئالأی کوردستان!! بەم شێوەیە بۆ ماوەی دە رۆژ چالاکییەکان بەردەوام بوون، لە لوتکەیدا بوو لەپڕ مردنی سەرکردەی ئەڵمانی سکرتێری گشتیی حزبی شیوعیی ئەلمانی (ئۆلبریخت)مان بیست، کە بۆ ڕێزگرتن لە بۆنەکە و هەستی ئاهەنگگێڕان، لە کۆتا رۆژی فیستیڤاڵەکەدا رایانگەیاند.

لەگەڵ شاندە بەشدارەکان سەردانی یەکترمان دەکرد و لە گۆڕەپانی (ئەلیکسەندەر پالأس) لە ناوەڕاست بەرلیندا چالاکییە نەتەوەییەکانمان ئەنجام دەدا، ئالأ و باجە رەنگاوڕەنگەکانمان ئاڵوگۆڕ دەکرد، زاراوەی (تاوشن)ی ئەڵمانی واتە (ئاڵوگۆڕ) بووبووە کۆلکەی هاوبەش لە ئاڵوگۆڕدا ئەگەرچی ئێمە لە ئالأ و شتیتر هیچمان پێ نەبوو جگە لە باجێکی ئاڵتوونی وێنەیەکی هەڵکۆڵراوی بارزانیی نەمری لەسەر بوو و بەشانازییەکی بێ وێنەوە لەگەڵ باجەکانی شاندە دۆستەکاندا ئاڵوگۆڕمان دەکرد.

پاش تەواوبوونی ماوەی فیستیڤاڵەکە، بەخەیاڵماندا هات سەردانی هەندێ ناوچە و شاری مێژوویی بکەین لەوێ، لەوانە شاری (بوتسدام)، ئەویش لەبەر گرنگیی مێژوویی شارەکە کە کۆنگرەی سێ دەوڵەتە گەورەکە (ئەمەریکا، بەریتانیا، یەکێتیی سۆڤیەت)ی تێدا گرێ درا و بە (کۆنگرەی بوتسدام) ناسرا، هەروەها یەکەمین دانیشتنەکانی ئەو کۆنگرەیەی لە ۱۷ی تەمموزی ۱۹٤٥ پاش تەواوبوونی جەنگی جیهانیی دووەم تێدا بەسترا، تێیدا رێکەوتنی ئەو بنەما سیاسی و ئابووریانە ئیمزا کران، کە پێویستە لە پەیوەندی لەگەڵ ئەڵمانیادا پەیڕەو بکرێن و گەلی ئەڵمانی لەوە تێبگەیەنرێت کە ئەو (تووشی شکستێکی سەربازی بووە)!!

کاتژمێر دەی بەیانیی رۆژی ۱۹۷۳/۸/۲ لە دەروازەی بینایەیەکی گەورەدا بووین لە شاری پۆتسدام، کە شوورەکەی بە قرمیدی سووری جوان داپۆشرابوو و لە ناوەوە بە رووەکی خۆهەڵپێچ داپۆشرابوو، سەردانکەری تر لەوێ نەبوون، دەرکەوت ئێمە

یەکەم کەس بووین لەو ڕۆژەدا سەردانی بکەین، ژووری پرسگە لای چەپی دەروازەکە بوو، کاتێك چووینە ژوورەوە بۆ پرسیارکردن و ئاشنابوون بەگوێرەی ڕێوشوێنە پەیڕەوکراوەکان و پابەندبوون بە ڕێنماییە تۆمارنەکراوەکانەوە، چونکە ئەو جۆرە سەردانانە بەگوێرەی هەندێ ڕێسا و بنەمای تایبەت دەبن، نەخاسمە شوێنە شوێنەوارییەکان و ئەو کۆشکە مێژووییانەی بڕیارە گەورەکانیان بەخۆوە بینیوە، ئەویش بۆ پارێزگاریکردن لە کەلەپوور و ڕێزگرتنی ئێستا.

لەو ژوورەی پرسگە دوو کچی لێ بوون لەوپەڕی جوانی و شیکیی سادەدا بوون، چاوەڕوانی هاتنی سەردانیکارانیان دەکرد، بەزمانی ئینگلیزی بەدەستەواژە تەقلیدییەکانی موجامەلەکردن بەخێرهاتنیان کردین. یەکێکمان (کاك تاهیر بیتووشی) کە قوتابی دکتۆرا بوو لە یەکێك لە زانکۆکانی بەرلین و بەدرێژایی ڕۆژانی فیستیڤاڵەکە ئەرکی وەرگێڕان و پیاسەکردن بوو لەگەڵماندا، بەزمانی ئەڵمانی بۆی باس کردن کە ئێمە لەو شاندانەین بەشداریی فیستیڤاڵی دەیەممان کردوە و پێمان خۆشە بە سیماکانی ئەم شوێنە مێژووییە ئاشنا ببین، یەکێکیان هەستا و بەجووڵەیەکی شیك لێمان هاتە پێش و کەوتە باسکردنی مێژووی ئەو کۆشکە، چەند ساتێك وەستا تا کاك بیتووشی لە وەرگێڕانی قسەکانی بووەوە. لێی پرسین بە چ زمانێك قسە دەکەین، ئەویش لە دەفتەرێکی بچووکدا کە پێی بوو تێبینییەکانی نووسی.

وێستگەی یەکەممان هۆڵێکی تا ڕادەیەك گەورە بوو، مێزێکی بازنەیی لە ناوەڕاستیدا بوو لە تەختەی ڕەنگ قاوەیی تاریك دروست کرابوو، کە چەند قەنەفەیەکی لە هەمان تەختە دروستکراو و بەرگ چەرمی قەشەنگ لە دەوری بوون. چەند تابلۆیەکی زەیتی لەسەر دیواری هۆڵەکە بوون کە بەپێی تەرتیبێکی جوان هەڵواسرابوون. کاتێك کچە ڕێبەرەکەمان زانی وەك هەر سەردانیکارێکیتر حەز دەکەین

بزانین چی لەم شوێنەدا rووی داوە، هەر وەك ئەوەی خۆی لەكاتی كۆنگرەكەدا لەو شوێنە بووبێت كەوتە باسكردن و وتی: (گەورەكان لێرە دانیشتبوون و دانیشتنە رەسمییەكان لەو هۆڵەدا دەبەستران، سەركردەكانی هاوپەیمانان بریتی بوون لە هەریەك لە سەرۆك ترومان لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا، جۆزێف ستالین لە یەكێتیی سۆڤیەت و ونستۆن چەرچڵ لە بەریتانیای مەزن، دوای دانیشتنی نۆیەمی كۆبوونەوەكە، كۆنگرەكە بەهۆی هەڵبژاردنەكانی بەریتانیاوە وەستا و ئەوكاتە لەجێی چەرچڵ، سەرۆك وەزیرانی نوێ (ئەتلی) بوو بەسەرۆكی شاندی بەریتانی. بەم شێوەیە كۆنگرەكە بەردەوام بوو تا ١٢ی ئابی هەمان ساڵ (١٩٤٥) و بڕیاری دا بە راگرتن و دادگەییكردنی سەرجەم تاوانبارانی جەنگ و پێكهێنانی دادگەیەك بۆ ئەو مەبەستە)، ئاماژەی بۆ كورسییەك كرد كە لە یەكێك لە گۆشەكانی هۆڵەكەدا كە لەچاو ئەوانیتر گەورەتر بوو، وتی (ئەم كورسییە هی سێر ونستۆن چەرچڵە، لەبەرئەوەی قەڵەو بوو، بەتایبەت بۆ ئەو هێنراوە)!.

لەم كاتەدا سەردانیكارێك هاتە ژوورەوە یەكەم جار سەرنجی رانەكێشاین و بەتەماشاكردنەوە خۆی خەریك كرد، دوای ئەوە لێمان نزیك كەوتەوە و پاشتر دەركەوت ئەوەی سەرنجی راكێشاوە جلە كوردییەكانی كاك (زاهیر محەمەد) بووە، ناوبەناو سەیرێكی دەكرد، لەكاتێكدا رێبەرەكە سەرقاڵی شەرح و روونكردنەوە بوو و ئێمەیش هۆشمان لەلای ئەو بوو تا گوێمان لە رووداو و شتی سەیری زیاتر بێت كە كاتی خۆی و لەكاتی كۆنگرەكەدا روویان داوە. كاتێك چووینە ژووری پشوودانی گەورە جەنگاوەرانی دێرین، ئەو پیاوە بەتەمەنە، كە لە دەیەی حەوتەمی تەمەنیدا بوو، گۆچانێكی رەشی بەدەستەوە بوو و یەكێك لە یەخەكانی چاكەتەكەی بە دووان لەو میدالیایانە رازابووەوە كە لە سەركردایەتییە باڵاكانەوە دەبەخشرانە پاڵەوانە ئازاكان لە گۆڕەپانی جەنگدا، وەك رێزلێنان و نرخاندنی كۆششێكی دیاریكراو یان قارەمانێتییەكی دەگمەن لە گۆڕەپانی شەڕدا، بەعەفەویەتێكی خاوێن لەگەڵ ئێمە

گوێی گرت بەبێ ئەوەی خۆی هەڵبقورتێنێت یان پرسیارێکی دیاریکراو بکات، رێبەرە کچەکەمان وەك ئاوڕلێدانەوەیەکی پێزانین رێگەی پێداین کەمێك دابنیشین، چونکە وەك پاشتر بۆمان دەرکەوت لەوێ دانیشتن رێگەپێدراو نەبوو. کاتێك لەناو خۆماندا دەمەتەقێمان دەکرد ژەنراڵە خانەنشینەکە پاش خۆناساندنی بە رێبەرە شۆخەکەمان مۆڵەتی خواست و لەرێی کاك تاهیر بێتوشی بەزمانی ئەڵمانی لێی پرسین چ نەتەوەیەکین، ئێمەیش وەڵاممان دایەوە کوردین و لە کوردستانی عێراقەوە هاتووین، بەلایەوە کتوپڕ بوو و دەرکەوت دەماننناسێت و هیچیتری نەپرسی، بەڵکو تەنیا بەپێداگریەوە داوای کرد دوای تەواوبوونی سەردانەکە هەندێ کاتی لەگەڵدا بەسەر ببەین، ئێمەیش پێشوازیمان لە بیرۆکەکەی کرد و مایەی خۆشحاڵیمان بوو.

سوپاسی کچە رێبەرە ئەڵمانییەکەمان کرد لەسەر ئەو پێشوازییە جوانە و ئەتەکێت و شیکردنەوە تێروتەسەلەکەی، کە بە زمانی ئامادەبووان قسەی دەکرد و وای لە گوێگر دەکرد سەرنج بدات بەبێ ئەوەی بزە هێمنەکەی لێ ببڕێت. بەدوای ژەنراڵە خانەنشینەکەدا چووینە هۆڵی کۆشکەکە، کە رووبەرێکی گەورە لە چیمەنی سەوزی زۆر بەرێکی بڕاو بوو، گوڵی رەنگاوڕەنگ و هاوئاهەنگ دەوریان دابوو، چەند سەکۆیەکی تەختە لێرە و لەوێ لە باخچە بەرینەکەدا دانرابوون و چاوەڕوانی ئاشقانی جوانی و سروشتی دڵڕفێنیان دەکرد. ژەنراڵەکە لەسەر یەکێك لەو تەختانە دانیشت، دوای چەند چرکەیەك کەوتە قسەکردن بەزمانی ئەڵمانی، کە بەباشی دەیزانی. خۆی ناساند، کە ژەنراڵی خانەنشینە، چل ساڵ لە سوپای سوور و دامەزراوەیتری یەکێتیی سۆڤیەتدا خزمەتی کردوە، لەناو ریزی پێشەوەی هێزەکاندا بووە کە لە نیسانی ١٩٤٥ بەرلینیان گرت، پاشان گواستویەتیەوە بۆ کەرتی ئەو شارە (بوتسدام) و دوو ساڵ تێیدا نیشتەجێ بووە، لەو ماوەیەدا ژنێکی ئەڵمانی هێناوە و پاش دەرچوونی لە سەڵتبوونەکەی لەگەڵ خۆیدا بردویەتیەوە بۆ یەکێتیی سۆڤیەت.

دوای خۆناساندنی چاوەڕوانی شتێکیتر نەبووین بیڵێت جگە لە قسەی گشتی کە لەو جۆرە بۆنانەدا دەوترێت، بەڵام وەك دەرکەوت پێشبینیەکەمان لەجێی خۆیدا نەبوو، ئەوە بوو جارێکیتر کەوتەوە قسەکردن و وا هەستی دەکرد ئێمە پەلەمانە و وتی: (زۆر شادومان بووم بە بینینتان، دەرفەتێکی دەگمەن و لە بنەڕەتدا چاوەڕێنەکراوە، نەخاسمە بەنیسبەت دۆخی من و باری تەندروستیم. بەختەوەرم بە بینینی پیاوانی کورد، بە دۆستی گەلەکەتانم دابنێن، دەمێکە دەتانناسم و بەدیاریکراوی پێش بیست ساڵ کوردم لەڕێی سەرۆکەکەتان بارزانییەوە ناسی، رەنگە سەرتان سوڕ بمێنێت... بۆ یەکەم جار سەرۆکەکەتانم لە تاشقەند ناسی ساڵی ١٩٥٣ کاتێك ئەرکێکم پێ سپێردرابوو و دیدارێکم لەگەڵ بارزانی هەبوو، ئەی ئێستا دەنگوباسی؟ لە یەکەم دیدارم لەگەڵیدا هەستێکی زۆر ئەرێنی لەلام بەجێهێشت، خەفەتبار بوو کە دەیبینی گەلەکەی لە مەینەتیدایە و کەس نایانپارێزێت، لەگەڵ ئەوەیشدا متمانەی هەبوو رۆژێك دێت پاش نەمانی هۆکان دەگەڕێتەوە بۆ چیاکانی، خۆڕاگر و بەعەزیمەت بوو هەروەك دانیشتوانی چیاکان، جارێکیتر نەمبینیەوە تا دوای سێ ساڵ و رەنگە زیاتر لە یەکێك لە پەیمانگەکانی لێکۆڵینەوە لە مۆسکۆ، خەمەکانی گەورەتر بوون لەگەڵ هەستکردن بەداخ و هەناسەساردی رەنگە لەبەر دووربوونی لە نیشتمانەکەی بەدرێژایی ئەو ماوەیە، لەگەڵیدا هاوسۆز بووم، هەستم بەم شێوەیە بوو و لەوەیشدا راستگۆ بووم، من بەسروشت هاوسۆزی چەوساوانم، بەچاوی خۆم نەهامەتی و کوێرەوەرییەکانی جەنگم لە وڵاتی خۆم و لێرە بینیوە، خێزانەکەم، دایکم و باوکم و یەکێك لە براکانم لە قوربانییەکانی بوون، چەند جارێکیتر بارزانیم بینی، بەرەنجامەکەی دروستبوونی هەستێك بوو تائێستا لە یاداوەریم نەسڕاوەتەوە کە (رۆژێك لە رۆژان کاتێك دەگەڕێتەوە بۆ باوەشی نەتەوەکەی، دەبێتە کەسێکی خاوەن پێگە). دوای ئەو دیدارانە لێی دابڕام و ئیتر لە هاتوچۆکانمدا لێرە و لەوێ نەمبینیەوە تا ساڵی ١٩٦٣ کاتێك سەردانی سۆفیام کرد و لە میدیاکانەوە زانیم

ئەو پاش گەڕانەوەی لەئاکامی ئەو پەرەسەندنانەی روویان داوە، سەرکردایەتیی شۆڕشێکی گەورە دەکات.

ژەنراڵی خانەشین داوای لیٚ کردین زیاتر باسی ئەو رووداو و پەرەسەندنانەی بۆ بکەین  کە بەسەریدا (واتە بەسەر بارزانیدا) هاتوون، ئێمەیش بەسوپاسەوە ویستەکەیمان بەدی هێنا. زۆر بەختەوەر بوو بەبینینمان، باوەڕی نەدەکرد دوای ئەو ماوە درێژە لاوانێکی کورد ببینێت، تا لەبارەی بارزانیەوە قسەیان بۆ بکات یان بۆی بکەن. ئێمەیش لای خۆمانەوە پێشبینیمان نەدەکرد لە سەردانەکەماندا بۆ (بوتسدام) رێمان لە پیاوێك بکەوێت کە رۆژیٚ لە رۆژان و لەکاتی جەنگی جیهانیی دووەمدا  لە شوێنی خۆیدا پێگەیەکی هەبووە. ماوەیەك لێرە (لە بوتسدام) بووە وەك سەرکردەی هێزێکی سەربازی و ژنێکی ئەڵمانی هێناوە، رۆژێك بیری کردۆتەوە سەردانی ئەو شوێنە بکات بۆ یادکەوتنەوەی رابردوویەکی بەسەرچوو و رێزگرتن و وەفا بۆ زێدی ئافرەتێك کە خۆشی ویستوە و ئەویش ئەمی خۆش ویستوە و مارەی کردوە! بگرە پێشبینیمان نەدەکرد هەر بەڕێکەوتیش بگات پێمان و هەندیٚ لە یاداوەرییەکانی خۆیمان لەبارەی بارزانی بۆ بگێڕێتەوە ئەوکاتەی لەسەر خاکی سۆڤیەت پەنابەر بووە.

کاتێك کاتژمێر لە یەکی نیوەڕۆ نزیك کەوتەوە، زۆر بەئەدەبەوە مۆڵەتی لیٚ خواستین و پێی وتین (ئەمەندە بەسە، بەختەوەرم بە بینینتان، سلاٚومی پیٚ بگەیەنن، سەرۆکەکەتان مرۆڤێکی گەورەیە پارێزگاری لیٚ بکەن). بەجێی هێشتین و رۆیشت... هەر کە پێی خستە سەر دەرگای کۆشك جارێکیتر ئاوڕی دایەوە لێمان و بەدەستی خواحافیزی لیٚ کردین لەکاتێکدا هێشتا وشەکانی لە گوێماندا دەزینگانەوە (**سەرۆکەکەتان مرۆڤێکی گەورەیە پارێزگاری لیٚ بکەن**).




ژمارەیەك لە ئەندامانی شاندی كوردستانی بۆ فیستیڤاڵی دەیەمین لەناو فڕۆكە لە بەغداوە بەرەو بەرلین دەچن

ریزی پێشەوە لە راستەوە: ... ، خەسرەو گوڵ محەمەد، جەلال خۆشناو

ریزی پشتەوە لە راستەوە: جەبار صابر، فەرهاد عەونی، سیروان عەبدوللا سەعید



دەروازەی براندن بیرگ گەیت لە بەرلین



پۆتسدام–کۆشکی پۆتسدام، سێ لە ئەندامانی شاندی کوردستانی

لە راستەوە: سیروان عەبدوللا سەعید، فەرهاد عەونی، تاهیر بێتوشی



بەرلین، تەموزی ساڵی ١٩٧٣، فەرهاد عەونی و حەمە رەزا لەگەڵ ژمارەیەك لە بەشداربووانی فیستیڤاڵ



گۆڕەپانی ئەلیكسەندەر پالاس لە ناوەڕاستی بەرلین–سەنتەری فیستیڤاڵ

## وردەکاریی گەیاندنی نامەیەکی بارزانیی نەمر

## بۆ کۆنگرەی دەوڵەتانی بێلایەن کەساڵی ١٩٧٣ لە جەزائیر بەسترا

لەگەڵ رۆژە بەراییەکانی ساڵی ١٩٧٣ بینای هەردوو رۆژنامەی (التاخی) و (برایەتی) دواجار لە بارەگا نوێیەکەیدا جێگیر بوو لەتەنیشت سینەما ئەتڵەس، کە دەکەوێتە لای راستی شەقامی سەعدوون بۆ ئەو کەسەی بۆ لای پەیکەری پێشووی سەربازی نەناسراو بڕوات لەلای باب ئەلشەرقیەوە لە بەغدای پایتەخت. نهۆمێکی تەواوی بە هەر حەوت شوقەکەوە گرتبوو، شوێنی سەرجەم دەستەی نووسەران و پەیامنێران و کارگێڕی و شوێنێکی بۆ میوانان تێدا بوو، بەتایبەت بۆ سیاسییەکان و رۆشنبیرانی حزبەکان و گرووپە نیشتمانییەکان بەجیاوازیی ئاراستە و ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانییان. ئەگەرچی بارەگایەکی لقی پێنجی حزب لە شوێنێکیتری بەغدا هەبوو، بەڵام بینای رۆژنامەیش شوێنی بەیەکگەیشتنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی بوو کاتێك لە بەغدا بوونایە، شوقەیەکی تەرخان کرابوو بۆ ئەو مەبەستە و بۆ کۆبوونەوە و گفتوگۆ زۆر و زەبەندەکانیان لەبارەی کێشە و

بابەتە پەیوەندارەکان بە ئایندە و قۆناغەکانی جێبەجێکردنی خاڵەکانی رێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠. بوونی مامۆستا دارا تۆفیق کە هەم سەرنووسەری هەردوو رۆژنامە، هەم ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پ د ك بوو و هەمیش کەسایەتییەکی خۆشەویست بوو، زۆرترین کاریگەری هەبوو لەوەی بارەگاکەی کردبوو بەشوێنی راکێشان و بەیەکگەیاندنی گەورە میدیاکار و رۆژنامەنووسانی وڵاتانی جیاواز کاتێك سەردانی بەغدا یاخود گەڵاڵەیان دەکرد، کە بنکەی شۆڕشی کورد بوو پاش شۆڕشی ئەیلوولی مەزن (١٩٦١-١٩٧٥).

لەڕێی ئەم کەشوهەوا سیاسی و میدیاییەوە کارمەندانی هەردوو رۆژنامەکە زۆر کەسایەتییان ناسی، برەو بە بەهرە و تواناکانیان درا، (التاخی) بوو بە رەمزێکی راستەقینە بۆ وشەی راستگۆ و جمکە رۆژنامە کوردییەکەی (برایەتی) لەو قۆناغەدا لەدایکبوونی قۆناغێکی نوێی لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا بەخۆوە، کە بۆ یەکەم جار بوو بە رۆژانە پاش ئەوەی پێشتر هەفتانە دەردەچوو. لەو قوتابخانەیەدا فێری بنەما بەراییەکانی رۆژنامەگەری بووین و چەندین رۆژنامەنووس و سیاسیمان ناسی، لە چەندین بۆنەدا کە لە یاداوەری ناسرێنەوە نوێنەرایەتیمان کرد، هەر لە رێیەوە هەندێ ئەرکمان پێ سپێردرا کە مایەی شانازین و سەرەڕای بەدواداهاتنی رۆژگاری خراپ کە لەیاد ناکرێن و بە ریشەداکوتاوی لە یاداوەریدا مانەوە لە چاوەڕوانی ئەوەدا رۆژێك لە شێوەی شریتی یاداوەریدا تۆمار بکرێن.

ئەم کارگوزار و مرۆڤە مەسیحیەی لە نووسینگەکەمان کاری دەکرد بە (مام یوسف) بانگمان دەکرد. پیاوێکی بەتەمەن بوو لە ناوەڕاستی دەیەی شەشەمی تەمەنیدا، بەمانای وشە زەحمەتکێش و لە کارەکەیدا دەستپاك و دڵسۆز بوو و بەدرێژایی ماوەکانی کار بەدەم حەوانەوەمانەوە بوو، خەڵکی شارۆچکەی مانگیش بوو لە پارێزگەی دهۆك، لە ساڵانی شەڕدا و وەك دەیان هەزار لە هاوڵاتیانی

کوردستان باری کردبوو بۆ بەغدا و کێڵگەکەی و زێدی خۆی بەجێ هێشتبوو، ئەویش بۆ هەڵاتن لە زەبری هێزەکانی حکومەت، کە لەکاتی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا دژی پێشمەرگە، لە چوارچێوەی سیاسەتی تەڕ و وشك پێکەوە سووتاندندا بەمەبەستی تۆڵەکردنەوە لە هەر شتێکی کوردستانی، جا درەختێك بێت یان گوندێکی بێوەی یان هاوڵاتییەکی وەك (مام یوسف)، کە بەدەگمەن نەبێت باسی ئەو رۆژانەی نەدەکرد مەگەر بۆ کەسێك لە ناخی خۆیدا هەستی بکردایە قسەکەی بەجددی وەردەگرێت، کە چۆن حکومەتی عیراق و بەکرێ گیراوەکانیان خەڵکی کوردستانیان دەچەوساندەوە.

کاتێك نیوەڕۆی رۆژی شەممە ١٩٧٩/٩/١ هاتە ژوورەکەم گەرمە تای هەبوو و بەدەست هەوکردنی گورچیلەوە دەیناڵاند، داوام لێ کرد سەردانی پزیشك بکات و دوو رۆژ مۆڵەتی وەرگرت، بەڵام وەك نەریتی خۆی عینادی کرد و پێی وتم کە مامۆستا داوای من دەکات (مەبەستی کاك دارا تۆفیق بوو). کاتێك تەکانم دا ژوورەکەم بەجێ بێڵم بەدەنگێکی کز چرپاندی بەگوێمدا کە مامۆستا سامی عەبدولڕەحمانیش لەوێیە، ئەوە شتێکی ئاسایی بوو لەلامان، چونکە کاك سامی پەیوەندیی راستەوخۆی بە رۆژنامە و بارەگاکەیەوە هەبوو و پەیوەندی و دۆستایەتیی بەهێزی لەگەڵ کاك دارا هەبوو، ئەمە جگە لەوەی هەردووکیان ئەندامی سەرکردایەتیی حزب و لە کەسە نزیکەکان بوون لە سەرۆك بارزانیی نەمرەوە، هەروەها لە چالاکترین کادیرەکانی سەرکردایەتی حزب بوون لە بەغدا و پەیوەندیی راستەوخۆیان لەگەڵ سەرکردەکانی دەوڵەت و حزبی بەعس هەبوو بۆ هاوئاهەنگیکردن و دۆزینەوەی چارەسەری مومکین بۆ ئەو کێشانەی بەردەوام لەنێوان هەردوولا (کورد و حکومەت) روویان دەدا.

کاتێك چوومە ژوورەوە بۆ لایان بەرانبەر یەکتر دانیشتبوون و لەسەر بابەتێك دەمەتەقێیان بوو، سەرەتا نەمزانی چییە، کاك دارا ئاماژەی دامێ دابنیشم و لەوەوە مەغزاکەیم زانی کە بابەتەکە هێشتا شێوەی کۆتایی وەرنەگرتبوو، چەند خولەکێك

چاوەڕێم کرد و گوێم گرت، باسی کۆنگرەی لوتکەی دەوڵەتانی بێلایەنیان دەکرد (مؤتمر حول عدم الانحیاز) کە بڕیار بوو ڕۆژی چوارشەممە ١٩٧٣/٩/٥ لە جەزائیر بەستریێت. بەتەبیعەتی حاڵ بەو دەرەنجامە گەیشتم کە شتێك دەربارەی بابەتەکە هەیە پەیوەندی بەمنەوە هەیە، بەڵام پێشبینیم نەدەکرد ئەرکەکە شێوەی سەفەرێك و گەیاندنی نامەیەك بە جەزائیر وەردەگرێت، لەکاتێکدا گوێم بۆ قسەکان شل کردبوو، کاك سامی عەبدولڕەحمان پرسی ئاخۆ پاسپۆرتەکەم چەندە بەکەڵك دێت پێی بچم بۆ قاهیرە و لەوێوە بۆ جەزائیر بۆ گەیاندنی نامەیەکی دەسخەتی سەرۆك بارزانی بۆ کۆنگرەی لوتکەی دەوڵەتانی بێلایەن، ڕوونیشی کردەوە کە خێرایی و پەلەکردن و ئەنجامدانی کارە زەروورییەکانی پەیوەندار بەسەفەرەکە شتێکی پێویستە، پرسیارێکی دیاریکراوی لێ پرسیم ئاخۆ چەندە ئامادەییم تێدایە بۆ سەفەرکردن و ئەنجامدانی ئەو ئەرکە. کاتێك ئەو لە قسەکانی بووەوە کاك دارایش بەکورتی هەندێ قسەی بۆ زیاد کرد و جەختی لەوە کرد کە من تەواو شیاوم بۆ ئەنجامدانی ئەو جۆرە بابەتانە. پاشتر گفتوگۆ دەربارەی وردەکارییەکانی بابەتەکەوە کرا، هەر لە حیجزکردنی پلیتی فڕۆکە تا وەرگرتنی ڤیزە لە باڵیۆزخانەی کۆماری میسری عەرەبی و پەیوەندیکردن بە باڵیۆزخانەی جەزائیرەوە لە قاهیرە و ڕێکخستنی سەفەرەکە لە قاهیرەوە بۆ جەزائیر بەزووترین کات. لای خۆمەوە دوودڵیی خۆمم دەربڕی لە سەفەرکردن بەتەنیا و ڕوونم کردەوە ئەم جۆرە بابەتانە لەبەر هۆی ئەمنی و هەندێ زەرورەتیتر کە حسابیان بۆ ناکرێت و لەوانەیە لە ڕێگە بێنە ڕێم، پێویستیان بە دوو کەس دەبێت، بەم شێوەیە ڕێکەوتن هەڤاڵێکیتر لەگەڵمدا سەفەر بکات ئەویش کاك عادل موراد بوو، کە لە سەرکردایەتیکردنی یەکێتیی قوتابیانی کوردستاندا هاوڕێ بووین، کە لە قۆناغی دووەمدا و پاش کۆنگرەی شەشەمی یەکێتییەکە لە ناوبەردان لە تەمموزی ١٩٧٠ ئەو بوو پاش ماوەیەك لە جێگای کاك ئەنوەر عەبدوڵڵا بوو بە سەرۆك و من وەك سکرتێری

گشتیی ڕێکخراوەکە مامەوە تا کۆنگرەی حەوتەم لە بەهاری ساڵی ١٩٧٢، بەدرێژایی مانەوەمان پێکەوە لەوپەڕی تەبایی و لێك تێگەیشتندا بووین، تا ئەمڕۆیش.

ڕێکخستنی کاروباری تەکنیکییان بۆ من بەجێ هێشت و تێبینیی پێویستیان خستە ڕوو سەبارەت بەدەستگرتن بەنهێنیپارێزیی تەواو بۆ سەرخستنی گەیاندنی نامەکە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا. بەم شێوەیە لە هەردوو ڕۆژی دووەم و سێیەمی مانگی ئەیلوول توانیمان هەرچی بۆ سەفەرەکە پێویستە ئەنجامی بدەین و ژمارە تەلەفۆنە پێویستەکان وەربگرین لەگەڵ نامەیەکی ڕاسپاردنی کاك دارا بۆ هاوڕێیەکی ڕۆژنامەنووسی لە ڕۆژنامەی ئەلئەهرام بوو بە ناوی (مامۆستا سەلاحەدین ئەلحافز)، کە لە نیسانی ئەو ساڵەدا سەردانی بەغدای کردبوو و لە ماوەی مانەوەی چەند جارێك کاك دارای بینی و ئێوارەیەك لە باخچەکانی چێشتخانەی حامورابی بەسەر برد کە دەکەوێتە قەنات ئەلجەیش، خۆشبەختانە منیش لەگەڵ هەڤاڵی ڕۆژنامەنووس یۆنان هورمز لەو ئێوارەیەدا لەگەڵ کاك دارا بووین.

کاتژمێر پێنجی عەسری ڕۆژی سێیەمی مانگی ئەیلوول فڕۆکەکەمان لە فڕۆکەخانەی قاهیرەی نێودەوڵەتی نیشتەوە، زۆر زۆر قەرەباڵغ بوو، چونکە گەیشتنی فڕۆکەکەی ئێمە هاوکات بوو لەگەڵ نیشتنەوەی چەند فڕۆکەیەکیتردا لە فڕۆکەخانەکە، دەست بە ڕێکارە ئوسوڵییەکان کرا بەوەرگرتنی پاسپۆرت و وردبینیکردن لە زانیارییە نووسراوەکان و ڕێکارە ئەمنییە ئوسوڵییەکان، هەر کە گەیشتینە بەردەم پەنجەرەی پێدانی پاسپۆرت، شتەکان بۆ ئەوانەی بەفڕۆکەی عێراقی هاتبوون بەئاسایی ڕۆیشت، ئێمە بەنزیکەیی لە پشتەوەی ئەو ریزە بووین چاوەڕوانی تەواوکردنی مامەڵەکانی دەکرد. من بە دیمەنەکانی ناو هۆڵە گەورەکە و ئەو قەرەباڵغییە و پێشبڕکێی هاتووان و ڕۆیشتوان و ژاوەژاوی کرێکارانی هەڵگری کەلوپەلەکان و شێوەزاری قسەکردنی میسرییانە –کە بەلامانەوە خۆشەویست بوو– حەپەسابووم. هەر سات نا ساتێك لەو

جانتایە دڵنیا دەبوومەوە کە نامەکەی تێدا بوو و بەنائیرادییانە بەهێواشی بەرەو پەنجەرەکە دەڕۆیشتین، دوای نزیکەی سێ چارەکە سەعات لەبەردەم پەنجەرەکەدا خۆمم رووبەڕوو لەگەڵ فەرمانبەرێکی مەدەنیدا بینی، کە لە شوێنی خۆیدا دانیشتبوو و ئەفسەرێکی سەربازیی ریش تاشراو و سمێڵ رەش و باڵابەرز و پرچ داهێنراو لەتەنیشتی بوو، کاری ئەو ئەفسەرە ئەوە بوو پاش تەواوکردنی پاسپۆرتەکان لەلایەن فەرمانبەرە تایبەتمەندەکەوە، بە لوتبەرزییەکی ئاشکراوە وردبینی دەکردن.

کاتێك نۆرەی من هات پاسپۆرتەکەمم پێشکەش کرد و لە چەند ساتێکدا مۆری لێ دا و ئیمزای شوێنی ڤیزاکەی کرد، پاشان دای بەدەست ئەفسەرە وەستاوەکەوە، ئەویش کەوتە چاوگێڕان بە پاسپۆرتەکەدا و پتر لە جارێك لاپەڕەکانی هەڵدایەوە، لەوکاتەدا هەندێ بیرۆکەم بەخەیاڵدا دەهات و بەخۆمم وت ئاخۆ دەبێت هۆی ئەم دواخستنە چی بێت؟ هاوکات بەلاچاو تەماشای دەموچاوی ئەفسەرەکە و جووڵەی دەستەکانیم دەکرد، ورەی خۆمم پاراست، لەڕاستیدا لە هیچ نەدەترسام جگە لەو نامەیەی هەڵمگرتبوو وەك ئەمانەتێکی مێژوویی، لەکاتێکدا بیرم لەم شتانە دەکردەوە، ئەفسەرەکەی بەسەرنجەوە تەماشای کردم و پرسیاری ناو و وڵات و نەتەوەی لێ کردم و بەهێمنی ئاماژەی بۆ کردم و وتی (فەرموو بەرێز)، ئەوکاتە نەمدەتوانی چاك و خراپ لێك جیا بکەمەوە و دەستبەجێ لە ریزەکە دەرچووم پاش ئەوەی لە سەفەرەکەدا بەهەڤاڵ (عادل موراد)م راگەیاند خۆی نەکاتە تەرەف تا شتەکە روون دەبێتەوە، چوومە ئەو ژوورەی ئەفسەرەکە ئاماژەی پێ دا و دەکەوتە لای چەپی ژووری وردبینیکردنی پاسپۆرت، کاتێك چوومە ژوورەوە داوای لێکردم دابنیشم و وتی (حمد الله علی السلامه) (سوپاس بۆ خوا بۆ سەلامەتیت) و کەوتە پرسیارکردن لەبارەی کورد و شوێنی بوونیان، پێش وەڵامدانەوەی پرسیارە فزوولییەکانی پرسیم ئاخۆ مەبەست لەو پرسیارانە چییە کە لەناو هەمووواندا لە منی دەکات؟ بۆچی ئەو پرسیارانەم لێ دەکات؟ ئایا گومانی لە شتێك هەیە؟ کاتێك تێبینیی جددیبوون و

هێمنیی منی کرد، پێی ڕاگەیاندم ناوەکەی بەلامەوە نامۆ بووە بەتایبەت کە –وەك وتی– (لە وڵاتێکی عەرەبی وەك عێراقەوە بێت)، هەروەها لە پاسپۆرتەکەدا تێبینیی گۆڕینی پیشەکەی کردوە لە قوتابییەوە بۆ ڕۆژنامەنووس و گومانی کردوە عەرەب نەبم، هەروەها وەك ئەو وتی، زۆری بیستوە لەبارەی جەنگی کورد لە عێراق و لەڕووی فزوڵەوە و بۆ زانین (لەبارەی ڕادەی جددیبوونی کورد لە جیابوونەوە لە عێراق) ویستویەتی دڵنیا بێت، پێشوەخت داوای لێبوردنی کرد لە دواخستنم و داوای دوو کووپ چای کرد و چاوەڕوانی ڕوونکردنەوەی لە من دەکرد، ئەوکاتە دڵنیا بووم شتەکە تەنیا (موفارەقە)یەکە و مامەڵەکردنی بەوپەڕی ڕێز و ئەدەبەوە بوو.

دوای ئەوەی دڵنیا بووم هیچ شتێکی قەدەغە لەئارادا نیە وتم (ئێمە بانگەشەکارانی جیابوونەوە نین، هەموو ئەوەی داوای دەکەین بریتییە لە دانانان بەمافە نەتەوەییەکانمان لە چوارچێوەی یەك دەوڵەتی عێراقدا، ئەمەیش مافی خۆمانە، هەرچی ڕەواجدانە بەقەوانی جیابوونەوە، ئەوە کاری حکومەتەکانی عێراق و ئەو گرووپانەن خێریان بۆ عێراق ناوێت، یەك بڕگە لە پرۆگرام و داواکاری و یاداشتەکانماندا نیە بانگەشە بۆ ئەو شتە بکات). بەم شێوەیە نزیکەی بیست خولەکێك گفتوگۆ بەردەوام بوو، پاش ئەوەی هەستی کرد من پەلەمە، پاسپۆرتەکەی دایەوە دەستم و خۆشحاڵیی تەواوی خۆی بۆ وەڵامەکان و تێگەیشتنی لە کارەکەم وەك ڕۆژنامەنووسێك دەربڕی، کاتێك هەردووکمان وەستابووین پرسی ئاخۆ چەندە شارەزای شاری قاهیرە و شوێنەکانی و هۆتێلەکانیم، ناوی چەند هۆتێلێك و کرێکەیانی برد و دەستبەجێ پۆلیسێکی بانگ کرد داوای لێ کرد تەکسییەك بانگ بکات و بمانگەیەنێتە ئەو شوێنەی دەمانەوێت، کاتیك دەرچووم سوپاسم کرد، پاش دەرچوونم یەکەم شت هەڤاڵ عادل مورادم بینی لەگەڵ هەڤاڵێکیتر کە لە فڕۆکەکەدا یەکترمان ناسی و لە برایانی کوردی فەیلی بوو، جا پێش لەو قسەم کرد و تێمگەیاند شتەکە تەنیاگاڵتەکردنێك بوو.

لەناو تەکسییەکەدا کاتێك بەرەو جەرگەی شاری قاهیرە دەڕۆیشتین و کاتژمێر حەوتی ئێوارە بوو، شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە یەك ساتیش لە قسەکردن لەبارەی ئەو شارە (دایکی دنیا) و شوێنە شارستانییەکانی و شەقامە قەرەباڵغەکانی و قەیرانی هاتوچۆ تێیدا و (نیل)ە مەزنەکەی نەوەستا، باسی لەوە کرد کە دەرچووی یەکێك لە کۆلێژەکانی قاهیرەیە و پسپۆڕە لە مێژوودا، هەر بەمانای وشە ڕێبەرێکی گەشتیاری بوو، زۆر قسەی لەبارەی مێژووی قاهیرە کرد و لەو کاتەدا تەمەنی بە (هەزار و چوار ساڵ) دیاری کرد، کە جەوهەر ئەلسەقلی ساڵی ٩٦٩ز دروستی کردوە، زۆر پێداگری و داوای کرد سەردانی مۆزەخانەی میسر بکەین کە بەیەکێك لە مەزنترین مۆزەخانەکانی جیهان دادەنرێت و ساڵانە ملیۆنان کەس سەردانی دەکەن و چۆن شایەتە بۆ مێژووی میسر. هێشتا لە گێڕانەوەی مێژوو نەبووبووەوە خۆمانمان لەبەردەم دەروازەی هۆتێلی (شبرد)دا بینی، ئەو هۆتێلەی سێ جار دروست کراوەتەوە (ساڵی ١٨٢٤ مستەر شبرد دروستی کردوە و جارێکیتر هەر لە هەمان شوێنی یەکەمیدا لە شەقامی ئیبراهیم پاشا دروست کراوەتەوە، تا ساڵی ١٩٥٢ لەکاتی ئاگرکەوتنەوە بەناوبانگەکەی قاهیرەدا سووتاوە و بۆ جاری سێیەم لەو شوێنەی ئەندازیار (ئیلی شاگوری) هەڵیبژاردوە و دیزاینی بۆ داناوە لە کۆرنیشی نیل بۆ جاری سێیەم دروست کراوەتەوە. داوامان لە ئیدارەی هۆتێلەکە کرد یەکێك لەو ژوورانەمان بۆ تەرخان بکات کە بەسەر نیلدا دەڕوانێت، وەك بیرم بێت کرێیەکەیشی گرانتر بوو لەو ژوورانەی ڕوویان لە لای خۆرئاوا بوو.

بەیانی ڕۆژی ٤ی ئەیلوول ڕاستەوخۆ چووین بۆ باڵیۆزخانەی کۆماری جەزائیر (کە میوانداریی کۆنگرەی چوارەمی دەکرد). پێشتر سێ کۆنگرەیتر بەسترابوون پاش کۆنگرەی (باندونغ) لە نیسانی ساڵی ١٩٥٥، کە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو بزوتنەوە سیاسییە نێودەوڵەتییەی بەخۆوە بینی و پیاوە زەبەلاحەکانی ئاراستەی نوێی ئەو بزوتنەوەیە تێیدا بەشدار بوون (نەهرۆ و تیتۆ و عەبدولناسر و نیگرۆما و

سیکۆتۆری). کۆنگرەی یەکەم ساڵی ١٩٦١ لە بەلیگراد بەسترا، بەدوایدا کۆنگرەی دووەم لە قاهیرە ساڵی ١٩٦٤، هەرچی کۆنگرەی سێیەمە لە (لوسکا) پایتەختی کۆماری زامبیا بەسترا کاتێك (کینپ کاوندا) سەرۆکی ئەو کۆمارە ئەفریقییە بوو، چەند پۆستەرێك لە ژووری پشوودانی سەردانیکاران لە باڵیۆزخانەی جەزائیر هەڵواسرابوون، لە ناوەڕاستیاندا وێنەیەکی گەورەی سەرۆك هەواری بومدیەن لەگەڵ سەرۆك جەمال عەبدولناسر. تەنیا پێنج خولەکێك لە هۆڵی چاوەڕوانیدا تێپەڕی کارمەندێکی باڵیۆزخانەکە لێمان نزیك کەوتەوە و پرسیاری کرد چیمان دەوێت، ئێمەیش داوامان کرد یەکێك لە گەورە بەرپرسانی باڵیۆزخانە ببینین لەبەر کارێکی گرنگ و پەلە، خۆمانمان پێ ناساند و ئەویش زانیارییەکانی کە دەفتەرێکی باخەڵدا تۆمار کرد کە پێی بوو، نزیکەی چارەکە سەعاتێك بەجێی هێشتین، ئێمەیش زۆر پەلەمان بوو، بەڕاست و بەچەپدا بۆ هەر جووڵەیەك لێرە یان لەوێ رووی بدایە ئاوڕمان دەدایەوە. دڵمان خۆش بوو کاتێك کارمەندێکیتر هات و وادیار بوو پلەی لەو کارمەندەی زانیارییەکانی تۆمار کرد بەرزتر بوو، لەبەردەمماندا دانیشت و داوای کرد بابەتەکە و ئامانج لە سەردانی باڵیۆزخانەکە روون بکرێتەوە و تەماشای پاسپۆرتەکانی کرد، ئەنجا جارێکیتر داوامان کرد یەکێك لە بەرپرسان ببینین و ئامانجی خۆمان لە سەردانەکە بەدرێژی بۆ باس کردەوە، ئەویش چارەکە سەعاتێك دیار نەما، کاتێك گەڕایەوە دڵمان خۆش بوو و بەڕێزەوە داوای کرد دوای بکەوین بۆ ژوورێك لە نهۆمی سەرەوە، لە بەردەرگاکەیدا تێی گەیاندین کە ئێمە سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانە دەبینین، دەرگاکەی بۆ کردینەوە و خۆی کشایەوە. رووبەری ژوورەکەی سکرتێری یەکەم لە بیست مەتر دووجا زیاتر نەدەبوو، تاقمێك قەنەفەی چەرمی رەشی تێدا بوو، هەروەها وێنەیەکی گەورەی بۆمدیەن لە سووچێکیدا. مێزەکەی سکرتێر رەنگ قاوەیی بوو و کەلوپەلی ژوورەکە بەهیچ شێوەیەك هاوئاهەنگ نەبوون، لە یەکەم نیگادا ئاسوودە نەبووم پێی و بەئاستەمییەکی ئاشکرا لە شوێنی

خۆی هەستا، تەوقەمان لەگەڵدا کرد و بەسەرپێیی هەندێ شت باومان لەبارەی کەسایەتیمان گوت، وەك ناو و هەر شتێك بۆ مەقامەکە گرنگ بێت، دوای ماوەیەك بێدەنگی داوای قاوەی بۆ کردین، قەڵەمێکی هەڵگرت و داوای کرد بەدیاریکراوی بڵێین چیمان دەوێت. نە رەفتارەکەی و نە جارێکیتر گێڕانەوە و دووبارەکردنەوەی ئەوەی دەمانویست هیچ بەلاوە سەیر نەبوو، کە بەم شێوەیە کورتمان کردەوە (ئێمە دەمانەوێت سەردانی جەزائیر بکەین و نامەیەکی دەستنووسی سەرۆکی بزوتنەوەی رزگاریخوازیی کورد مستەفا بارزانی، بگەیەنینە سکرتاریەتی کۆنگرەی لوتکە وەك چوارچێوەی گشتی سەرجەم دەوڵەتانی بێلایەن و بزوتنەوە رزگاریخوازەکانی گەلان لە ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتین وەك چاودێر، جا لەبەرئەوە جەزائیر دەوڵەتی میوانداریکاری کۆنگرەکەیە، داواکارین رەزامەندی بفەرموون ڤیزای چوونە ژوورەوەمان بۆ جەزائیر پێ ببەخشن).

لەکاتی قسەکردنماندا هەستمان بە بێتاقەتی لە روخساریدا دەکرد و خۆی بە جولاندنی قەڵەمەکەی لەسەر کاغەزێکی بەردەمی دەخافلاند، کاتێك لە قسەکانمان بووینەوە پرسیارێکی سەیر و نامۆی لێ کردین کە ماناکەی ئەوە بوو (خۆتان بە چی دەزانن تا ئامادەی کۆنگرەیەکی گەورەی وەك کۆنگرەی لوتکەی دەوڵەتانی بێلایەن بن؟!). بەتەبیعەتی حاڵ بەشێوازی قسەکردن و جۆری ئەو پرسیارەی ئاراستەی کردین قەڵس بووین، لەگەڵ ئەوەیشدا خۆمان بەهێمنی پیشان دا وەك ئەوەی هیچ رووی نەدابێت و پێم وت (مامۆستا ئێمە هاتووین بۆ باڵیۆزخانەکەتان داوای ڤیزەی سەردانی وڵاتەکەتان دەکەین کە لە دڵماندا ئازیزە، ئێمە تا ئەوپەڕی پلە هاوسۆزی شۆڕشەکەتان بووین کاتێك لەپێناو سەربەخۆیی جەزائیردا خەباتتان دەکرد و شۆڕشەکەتان بوو بە مادەیەکی دەوڵەمەند بۆ شاعیران و نووسەرانمان، ئێمە ناوی سەرکردەکانی ئێوەمان لەبەر کردبوو، ژمارەیەکی زۆر وێنەی ژنە قارەمانەکەتان (جەمیلە بوحیرد) لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان بڵاو دەکرانەوە، بەدڵ

پشتگیریی شۆڕشەکەتانمان دەکرد و ئەندامانی تیپی تۆپی پێکەتانمان لەسەر شانمان هەڵگرت کاتێك سەردانی وڵاتەکەیان کردین و وەك خۆشەویستی و ڕێز بۆ ئەوان بەئەنقەست خۆمانمان بەدۆڕان دا ، ئێمەیش وەك ئێوە سەدان ساڵ بەرەنگاریی داگیرکەران و زەوتکەرانی مافی نەتەوەییمان کرد و ڕۆژێك دێت وڵاتەکەمان وەك جەزائیر ئازاد دەبێت، داواکاریی ئێمە لە ئێوە تەنیا ئەوەیە ڕێگەمان بدەن سەفەر بۆ وڵاتەکەتان بکەین و نامەکە بگەیەنین).

لەکاتێکدا ئێمە لە قسەکردن بەردەوام بووین، سکرتێری یەکەم بەقسەیەك قسەکەی پێ بڕین کە سەرەتا لە ناواخنەکەی تێنەگەیشتم، پێی وتم (کۆنگرەی لوتکە لەسەر ئاستی سەرۆکەکانە و جگە لەوان کەس بەهیچ شێوەیەك بۆی نیە ئامادە بێت)، ئەوکاتە دڵنیا بووین چەند هەوڵ بدەین بەرپرسانی باڵیۆزخانەکە ڕێگەمان پێ نادەن بچینە وڵاتەکەیان و وتوێژەکەمان بوو بە (وتوێژی نابیستان)، لەگەڵ ئەوەیشدا خۆمم پێ نەگیرا و پێم وت (کاتێك لە هۆڵی چاوەڕوانکردندا بووین هەواڵێکم لە ڕۆژنامەی (الاخبار)ی قاهیریدا خوێندەوە کە ئەم بەیانییە دەرچووە و ئەوە دەگەیەنێت وەزیرانی دەرەوەی دەوڵەتانی بێلایەن ڕازی بوون بە قبووڵکردنی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین وەك چاودێر، ئێوەیش ڕێگە بەئێمە نادەن نامەکە بگەیەنین و سەفەر بۆ وڵاتەکەتان بکەین). کاتێك لە قسەکەم بوومەوە هەستم کرد جەنابی سکرتێر بەقسەکەیشم قەڵس بوو و خۆی پێ نەگیرا و ڕاشکاوانە وتی (ئەگەر ڕێگە بە ئێوە بدەین سەردانی جەزائیر بکەن و نامەیەك بە سکرتاریەتی کۆنگرە بگەیەنن، پێویستە ڕێگە بە (بەربەر)یش بدەین نامەیەك بنووسن و بیگەیەننە کۆنگرەکە)!!

بەم شێوەیە بەڵگەکانمان بۆ قایلکردنی بەرپرسە جەزائیرییەکە یان نەرمکردنی هەڵوێستی بەرانبەرمان دادیان نەدا و ئەو بەرپرسە لە حەقیقەتی بوونی دۆزێکی چارەنووسساز تێنەگەیشت، کە تایبەتە بە گەلێك سەدان ساڵ پێش جەزائیر بۆ

بەرگریکردن لە بوونی خۆی شۆڕشی دەست پیٚ کردوە، تێنەگەیشتنیان لە دۆزی گەلی کوردستان رۆشنتر دەرکەوت کاتێك بوون بە سپۆنسەر (عەڕاب)ی رێکەوتنامەی بەدناوی شەشی ئازاری ساڵی ۱۹۷۵ لە پایتەختی ولاٌتی (یەك ملیۆن شەهید) بەسترا، کە چەند ساڵێکە شەڕی ناوخۆ بڕستی لەبەر بڕیوە.

هەر کە باڵیۆزخانەی جەزائیرمان لە قاهیرە بەجیٚ هێشت، راستەوخۆ روومان کردە باڵیۆزخانەی کۆماری یۆگۆسلاڤیا وەك یەکێك لە دەوڵەتانی دامەزرێنەری بزوتنەوەی بێلایەنی و کۆنگرەکانی. ئەوان زیاتر لەو جۆرە پرسانە تێدەگەیشتن، کاتێك لەناو باڵیۆزخانەکەدا بووین داوامان لە کارمەندی پرسگە کرد، کە بەباشی بەعەرەبی قسەی دەکرد، بەرپرسێکی باڵیۆزخانەکە ببینین لەبەر کارێکی گرنگ و پێویست، هەر لەڕێی تەلەفۆنی ناوخۆییەوە لە چەند خولەکێکدا توانی بینینی یەکێك لە گەورە بەرپرسانمان بۆ ئاسان بکات، ماوەی چاوەڕوانکردن لە دە خولەك زیاتری نەخایاند و خۆمان لە نووسینگەی باڵیۆزدا بینیەوە، بەرپرسی نووسینگەکەی پێشوازی کردین و ئەو کارمەندەیشمان لەگەڵدا بوو کە لە هۆڵی پێشوازیدا بەعەرەبی قسەی دەکرد. زۆر بەخێرهاتنی کردین، باسی سرووشتی ئەرکەکەمان و ئەوەی لە باڵیۆزخانەی کۆماری جەزائیر بەسەرمان هات بۆ باس کرد، پرسیارمان لە بەرپرسی نووسینگەکە کرد چەندە دەکرێت یارمەتیمان بدەن بەگەیاندنی نامەکە و مسۆگەرکردنی گەیاندنی بەسکرتاریەتی کۆنگرە.

هەر کە کارمەندەکە لە وەرگێڕانی قسەکانمان بووەوە، ئێمەیش لە نووسینگەکەی دانیشتبووین، سەماعەی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و چەند خولەکێك پەیوەندی کرد، پێش لەوەی گفتوگۆکەی تەواو بکات، لەڕێی وەرگێڕەکەوە پرسی نامەکە لەکوێیە، ئێمە پێمان وت نوسخە ئەسڵییەکەیمان پێیە و بەتەلەفۆن ئەوەی بەرانبەری تێگەیاند، کاتێك سەماعەکەی لە شوێنی خۆیدا دانا، داوای نامەکەی لیٚ کردم، منیش

جانتاکەمم کردەوە و ئەو زەرفەم دەرهێنا نامەکەی تێدا بوو و دامە دەستی، کە لە شوێنی خۆیدا وەستابوو، کاتێك نامەکەی وەرگرت لەڕێی دەرگای ناوخۆوە چووە ژوورێکیتر، کاتێك پاش چەند خولەکێك گەڕایەوە پێی ڕاگەیاندین بەدڵنیاییەوە نامەکە ئەمڕۆ دەگاتە سکرتاریەتی کۆنگرە، کاتێك هەستی کرد ئێمە پێویستمان بەدڵنیابوون و زیادە تەئکیدە، بەزمانی ئینگلیزی کاغەزێکی بۆ نووسین تێیدا وەرگرتنی نامەکە و ئەو لایەنەی تێدا نووسرا کە بە مۆری باڵیۆزخانەی یۆگۆسلاڤیەوە بۆی ڕەوانە کراوە.

کاتێك لە باڵەخانەی باڵیۆزخانەکە چووینە دەرەوە هەستمان بەئاسوودەیی دەروونی کرد و تا ڕادەیەك نیگەرانیمان لەبارەی گەیشتنی نامەکە بەشوێنی خۆی ڕەویەوە، بینینی ڕۆیشتنی ئاوی ڕووباری نیلیش کاتێك لە کۆرنیش لەنزیك هۆتێلی سەمیرامیس پیاسەمان دەکرد کە بەسەر ڕووبارەکەدا دەڕوانێت، گەورەترین کاریگەری هەبوو لەسەر هێوکردنەوەی خەیاڵ و دڵەخورپەکان، کە بەهۆی سەرنەکەوتنمان لە سەفەرکردن بۆ جەزائیر و ڕاپەڕاندنی گەیاندنی نامەکە ڕاستەوخۆ لەلایەن خۆمانەوە، دروست بوو. قسەیەکی کاك دارا تۆفیقم لەئێوارە دانیشتنەکەی چێشتخانەی حامووڕابی بیر کەوتەوە کە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی میسری سەلاحەدین حافز کۆی کردینەوە، دەربارەی بوونی دیاردەیەك لەناو برایانی میسریدا، ئەویش ئەوەیە کاتێك تووشی کێشە یان قەیرانێك ببن دەچنە پەنای نیل دەردی دڵی بۆ هەڵدەڕێژن. بە گەیشتنمان بەهۆتێل، ڕاستەوخۆ پەیوەندیمان بەچەند ژمارە تەلەفۆنێکەوە کرد کە پێمان بوون، لەوانە ژمارەی ڕۆژنامەنووسی میسری بەرەچەڵەك کورد دوڕییە عەونی و ژنە نووسەر سافیناز کازم، نەمتوانی پەیوەندییان پێوە بکەین، چونکە لەو کاتەدا لە دەرەوەی میسر بوون، هەروەها نامەیەکی شەخسیی کاك دارا تۆفیقم پێ بوو بۆ سەلاحەدین حافز نووسەر و ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەی ئەلئەهرام، پەیوەندیم بەژمارەکەیەوە کرد لە خانەی ئەلئەهرام، ناخۆشبەختانە پێیان ڕاگەیاندم ئەویش بە ئەرکێکی ڕۆژنامەوانی لە دەرەوەی میسرە، ئەو کەسەی لە ژوورەکەی مامۆستا

سەلاحەدین حافزەوە قسەی دەکرد نووسەر و رۆژنامەنووس (سەعدەدین وەهبە) بوو، بەخۆم و ناسنامەی رۆژنامەوانیم و کەسایەتیی هەڤاڵ عادل و ئەو نامەیەی پێمانە ئاشنام کرد، جا وەك نەریتی برایانی میسری بەگەرمی بەخێرهاتن و پیرۆزبایی بەسەلامەتی گەیشتن بە زەویی کینانەی لێ کردین و پێی راگەیاندین کە چ کاتێك دەتوانین لە باڵەخانەی رۆژنامەی ئەلئەهرام سەردانی بکەین. رێك کەوتین کاتژمێر پێنجی ئەو ئێوارەیە بیبینین.

کاتژمێر پێنج چارەك کەم لەبەردەم باڵەخانەی چوار نهۆمییە بەرز و رەنگ خۆڵەمیشییە کراوەکەی خانەی ئەهرامدا بووین، ناوی خانەکە لە شوێنەوارە مەزنەکانی هەرەمەکانی میسرەوە وەرگیراوە، خانەی ناوبراو کۆنترین رۆژنامەی رۆژانەی میسری دەردەکات و تا ئەمڕۆیش هێشتا لە دەرچوون بەردەوامە. هەردوو برا سەلیم و بشارە تەقلا ساڵی ١٨٧٥ دایانمەزراند، کە بەئەسڵ سوورین و سەرەتا رۆژنامەکەیان هەفتانە لە شاری ئەسکەندەریە دەردەکرد، پاش شەش ساڵی لە دامەزراندنی بوو بە رۆژنامەیەکی رۆژانە و گواستیەوە بۆ قاهیرە، هەردوو خاوەنەکەی بەدوای یەکدا سەرنووسەری بوون، پاشتریش هەریەك لە شاعیر خەلیل مەتران و داود بەرەکات و ئەنتوان ئەجمەیل و ئەحمەد ئەلصاوی و عەزیز مەرزا بەدوای یەکدا بوونەتە سەرنووسەر. ساڵی ١٩٥٧ محەمەد حەسەنێن هەیکەل بوو بەسەرنووسەری، کە بەتوانا گەورەکانی و ژیری و زرنگی و نزیکی لە پیاوانی شۆڕشی ٢٣ی تەمموزی ١٩٥٢ و بەتایبەت بەسەرۆکەکەی جەمال عەبدولناسرەوە، توانی رۆژنامەکە بگۆڕێت بۆ دامەزراوەیەکی رۆژنامەوانیی گەورە و وتارە بەناوبانگەکانی (بەڕاشکاوی: بصراحە) مادەیەك بوو سیاسی و رۆشنبیر و بڕیاربەدەستانی وڵاتەکە چاوەڕوانیان دەکرد، ئەویش بەهۆی نزیکبوونی لە سەرچاوەکانی دروستکردنی بڕیار و دۆستایەتی لەگەڵ عەبدولناسر. لە میانەی کارە رۆژنامەوانییەکەیدا دەیان کتێبی دانا و بەشێوازە زیرەکانە و پاراوەکەی توانی جەماوەرێکی زۆری خوێنەران بۆ لای خۆی

رابکێشێت، چ بەعەرەبی یان بەئینگلیزی. لە یەکێك لە بەشەکانی کتێبە بەناوبانگەکەی (زيارە جديدە للتاريخ) باسی دیدارەکەی لەگەڵ بارزانیی نەمر دەکات لە یەکێك لە گەڕەکەکانی شاری تاران پاش رێکەوتنامەی ناپاکانەی شەشی ئازار و رۆژنامەی (الوطن)ی کوەیتی لە ١٩٧٥/٩/٥ دەقەکەی لەژێر ناونیشانی: (مقابلة مع صقر کوردستان) بڵاو کردەوە، تێیدا دەڵێت: (سەروەختێك دەمویست لەڕێی رێگە درێژە مەترسیدارەکەوە ببینم... وا هەڵکەوت بچم بۆ ڤیەنای پایتەختی نەمسا. لەوێ خۆم دەخەمە ژێر دەستی دوو نوێنەری ئەو کە سەرقاڵی سەفەرکردن یان بەقاچاخبردنم دەبن بۆ کوردستان تا لە گوندێك لە گوندەکان لەوێ مستەفا بارزانی سەرۆکی شۆڕشی کوردی ببینم. ئەوە چەند ساڵێك لەمەوبەر بوو، بەڵام من دواجار بەکورتترین رێگە و سەلامەتترینیان بینیم). هەیکەل لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٣ بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ سەرۆکی کۆچکردوو ئەنوەر سادات، سەرنووسەریی ئەلئەهرامی بەجێهێشت و عەلی ئەمین بوو بەسەرنووسەر، دوای ئەوە ئەحمەد بەهائەدین و ئیحسان عەبدولقدووس و عەلی حەمدی ئەلجەمال و لەکۆتاییشدا تا ئەمڕۆ ئیبراهیم نافیع.

کاتێك گەیشتینە دەروازە سەرەکییەکەی باڵەخانەکە، دوو لە دەرگاوانەکان ئێمەیان بینی، کە جلێکی رەنگ رەشی تۆخیان لەبەردا بوو تایبەت بە رۆژنامەکە و لە جۆری جلی دەریاوانەکان دەچوو لە رەنگدا نەبێت جیاواز بوو، باجێکی رۆژنامەکەیش لەلای چەپی درابوو، کە لەسەر پارچە کانزایەکی مسی رەنگ برونزی هەڵکۆڵرابوو. کاتێك گەیشتین زۆر بەئەدەبەوە سڵاویان کرد و دەرگایەکیان بۆ کردینەوە، کارمەندێکمان بەرانبەر خۆمان بینی، وا دیار بوو پێشوەخت لە وادەی گەیشتنمان ئاگەدار بوو، دوو هەنگاو لێمان هاتە پێش و دەستی بەدوگمەی ئەسانسۆرەکەدا نا و خۆمانمان لە ناویدا بینیەوە، لە نهۆمی سێیەم چاومان

بەرۆژنامەنووس و نووسەر سەعدەدین وەهبە کەوت، کە ئەویش چاوەڕوانی دەکردین، لە ساتە یەکەمەکاندا و پێش چوونە نووسینگەکەی خۆمانمان بەیەکتر ناساند.

نووسینگەکەی ژوورێك بوو رووبەرەکەی لە بیست مەتر دووجا زیاتر نەدەبوو، بەجوانی رایەخ کرابوو و رەنگی خۆڵەمێشی (رەساسی) بەسەر شێوەی گشتیدا، کەلوپەلەکان و دیوارەکە، زاڵ بوو. ئەویش هەر پانتۆڵێکی رەنگ رەساسی لەبەردا بوو لەگەڵ کراسێکی نیو قۆڵ و سەرپشکی کردین لەنێوان خواردنەوەی ساردەمەنی یان چا و قاوە، وەك نەریتی خۆیان زۆر موجامەلەی کردین و جەختی لەوە کرد پەیوەندی لەگەڵ کورد کۆنە و ماوەی حوکمی ئەیوبییە کوردەکانی بیر خستینەوە کە نزیکەی هەشتا ساڵی خایاند و باسی پاشماوەی نەوەکانیانی بۆ کردین. باسی بەشداریی کوردی کرد لە شارستانێتیی ئیسلامیدا و داخ و پەژارەی خۆی دەربڕی بۆ ئەو کێشەیەی لەنێوان کوردی عێراق و حکومەتەکانی عێراقدا سەری هەڵداوە، هاوکات جەختی لەوە کرد رۆڵی میسر هەمیشە دوورکەوتنەوە لە پەنابردن بۆ هێز و چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەکان بووە. بەم شێوەیە بەئارامییەوە چاوەڕێمان کرد تا لە قسەکانی و شێوازە سەرنجڕاکێشەکەی بووەوە کە زمانپاراوی و ئەدەبی پێکەوە کۆکردبووەوە، کاتێك هەستی کرد زۆر بەدەم قسەکردنەوە رۆیشت، داوای لێبوردنی کرد و دەرفەتی دایە ئێمە چیمان دەوێت بیڵێین. کاتێك نامەکەی کاك دارامان دایە دەستی، کە لە بنەڕەتدا بۆ مامۆستا سەلاحەدین فاحزی ناردبوو، لەبیری نەکرد بەشێوەزارە میسرییە خۆشەکەی بڵێت (مافیش فرق) (هیچ جیاوازی نیە). کاتێك لە خوێندنەوەی نامەکە بوویەوە لەبارەی مەبەستی سەردانەکە پرسیاری کرد، ئێمەیش بەدرێژی باسی ئامانجی سەردانەکەمان بۆ قاهیرە و ئەو هەڵوێستە رەق و شێوازە زبرە کرد کە لە باڵیۆزخانەی جەزائیر تووشمان بوو و ڤیزەی چوونە ناو وڵاتەکەیان پێ نەداین لەکاتێکدا دەیان رۆژنامەنووس و چاودێری بیانی لە جەزائیرن، کاتێك من قسەم دەکرد، هەستم کرد ئاسوودەیە و هیچ کۆمێنتێکی نەدا تا قسەکەم

تەواو کرد، ئەوکاتە هەستم کرد لەگەڵماندا هاوسۆزە بەبێ ئەوەی راشکاوانە ئاماژە بەوە بدات، سەرنجێکی زیرەکانەی دەربڕی کاتێك وتی (کۆنگرەکە باشترین بۆنە دەبێت بۆ بزوتنەوە رزگاریخوازەکان تا کێشەکان بخەنە بەر باس).

سوپاسی پێشوازییە گەرمەکەیمان کرد و کۆپییەکی (نامەکە)مان دایە دەستی کە لە جانتاکەی کاك عادل مورادا بوو و سەرپشکمان کرد لەوەی بەگونجاوی دەزانێت سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی نامەکە یان ئاماژەپێدانی. لە کۆتایی دیدارەکەدا پێی باش بوو گەشتێکی خێرا بەناو هەندێ بەشی ئەلئەهرام و چۆنێتیی کارکردن تێیدا بکەین، کە نزیکەی کاتژمێرێکیتری خایاند، بەنهۆم و بەشەکانی و نووسینگەی گەورە نووسەرەکانیدا گەڕاین، لەوانە نەجیب مەحفووز و تۆفیق ئەلحەکیم و هیتر. چاومان بە لقی وەرگرتنی هەواڵە دەرەکییەکان و ئەو ئامێرانەی تێیدا بەکار دەهاتن، کەوت، جا دۆخی خراپی ئەوکاتی خۆمانم لە بەغدا بیر کەوتەوە کە بەدەست کەمیی ئامێر و شێوەی سەرەتایی لە کۆکردنەوە و دروستکردنی هەواڵەوە دامانناڵاند، وەك رەنگدانەوەی ئەو واقیعە سیاسییەی کورد بەهۆی ئەو ناهەقییەی بەرانبەری کراوە تێیدا دەژیا، کە پێشەنگە یەکەمەکانی نەیانتوانیوە لە وڵاتی خۆیاندا رۆژنامە دەربکەنن بەڵکو پێیان باش بووە (قاهیرە) هەڵبژێرن. کاتژمێر دەی شەو لەبەردەم تەلەڤزیۆنێك لە یەکێك لە هۆڵەکانی هۆتێلەکەدا دانیشتبووین و دیمەنەکانی دەستپێکردنی کارەکانی کۆنگرەی لوتکەی حەوتەمی دەوڵەتانی بێلایەنمان لە کۆشکی سنەوبەر لە جەزائیر، دەبینی، کە سەدان وێنەگر و رۆژنامەنووس بۆ گواستنەوەی رووداوەکانی لە ناوەوە و دەرەوە دەوری هۆڵەکەیان دابوو، لەکاتێکدا رێگە بەئێمە نەدرا بچینە ئەو وڵاتە کە میواندارییی کۆنگرەکەی دەکرد، ئەو وڵاتەی نەوەیەك لە رۆشنبیر و سیاسییانی کورد لەگەڵ شۆڕشەکەی هاوسۆز بوون، پاشتریش گۆڕا بە شوێنی بەستن و ئیمزاکردنی گەورەترین رێکەوتنامەی خیانەتکاری دژی کورد لە سەدەی بیستەمدا!! نەمانتوانی لە تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن بەردەوام بین،

لەبەرئەوە چووینە دەرەوە بۆ کۆرنیش تا لە ئاوی نیلی مەزن رابمێنین لە رۆیشتنە خەیاڵاوییەکەی و گەشتە دوور و درێژەکەیدا لە چیاکانی قەمەرەوە بۆ کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست، دەماندواند و هەندێ لە خەمەکانی خۆمان بۆ باس دەکرد، کە تا ئەمڕۆیش تەواو نەبوون، لەکاتێکدا نیلی نەمر لە رۆیشتنە ئەبەدییەکەی بەردەوامە.

**بۆ ئاشنابوونی خوێنەری بەڕێز بە نامەکەی بارزانیی نەمر لێرەدا بۆ خزمەتی مێژوو بڵاوی دەکەینەوە..**

**دەقی نامەی بارزانی بۆ کۆنگرەی دەوڵەتانی بێلایەن کە لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٧٣**

**لە پایتەختی جەزائیر بەسترا**

**سەرۆکایەتیی کۆنگرەی لوتکەی چوارەمی دەوڵەتانی بێلایەن**

گەلانی جیهان بەگەلی کوردیشەوە چاویان روو لە پایتەختی جەزائیرە، کۆنگرەی لوتکەی چوارەمی دەوڵەتانی بێلایەن لە هەلومەرجێکی نێودەوڵەتی زۆر گرنگدا دەبەسترێت، کە جۆشدانی تواناکان بۆ چارەسەری ئەو پرسە نێودەوڵەتی و نیشتمانییە دەستەویەخانە دەخوازێت کە رووبەڕووی گەلانی ئەو دەوڵەتانە دەبنەوە، بەگوێرەی بەرژەوەندییە نیشتمانییە هاوبەشەکانیان.

ئەوەی بەتایبەت چاوی لە کۆنگرەکەتانە، چاوی گەلانی ستەملێکراو و ژێردەستەن، چونکە ئێوە خۆتان نوێنەرایەتیی گەلانێك دەکەن لە سایەی بارودۆخێکدا ژیاون و دەژین هاوشێوەی ئەوەی ئەمڕۆ ئەو گەلە چەوساوانە تێیدا دەژین.

بزوتنەوەی بێلایەن لەڕێی کۆنگرەکانی رابردوویەوە دەسکەوتی گرنگی بۆ بەرژەوەندیی گەلانی جیهان بەدەست هێناوە، کە لە بەلگراد و قاهیرە و لۆساکا بەستران، پاشان بەرپرسیارێتییەکی گەورەی لە جیهاندا هەیە و لەتوانایدایە کرانەوەیەکی نێودەوڵەتی بەدیبێنێت و وا بکات چەندین گەل خواستە نەتەوەییەکانیان و ئازادی و سەربەخۆییان بەدەست بێنن.

گەلانی جیهان چاویان لە کۆنگرەکەیە و خوازیارن بنەما جوانەکان لە بەگژاچوونەوەی ئیستیعمار و ئەو هەڕەشانەی ئاراستەی ئاسایشی گەلان دەکرێن و ئیستیغلالکردن و چەوساندنەوە بکرێنە کردەوە، لەپێناو هاوکاریی نێودەوڵەتی بۆ چارسەری کێشە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها بۆ ئەوەی یارمەتیی گەلان بدات بۆ بەدیهێنانی خەون و خواستە رەواکانیان کە لە ئازادی و سەربەخۆییاندا خۆ دەنوێنێت، ئەویش بۆ خولقاندنی کەشێك لەڕێیەوە بکرێت بناغەگەلی نویٚ دابنرێن بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و هاوکاریی گەلانی رووبەگەشە لەنێوانیاندا لە جیهان و لەسەر ئاستی یەك دەوڵەت خۆی، کە پتر لە یەك نەتەوەی تێدایە.

چەندین وڵاتی بێلایەن پتر لە نەتەوەیەکیان تێدا دەژی، کە نەتەوە بچووکەکانیان لە سەردەمی ئیستیعماردا بەدەست چەوساندنەوەیەکی (دووسەرە)وە ناڵاندوویانە، هێشتایش ئەو گەلە بچووکانە بەدەست چەوساندنەوەی نەتەوەییەوە دەناڵێنن کە بۆ ئەوان تا پاش رزگاربوونی ئەو وڵاتانەیش تێیدا دەژین لە چەوساندنەوەی ئیستیعمار هەر بەردەوام بوو. نەك هەر ئەوە، بگرە بەهۆی ئاسۆتەسکیی دەسەڵاتداران و شکستیان لە بەدەمەوەچوونی خواستەکانی ژیانی سەردەم و سەرهەڵدانی پرسی نیشتمانپەروەری لەسەر شانۆی ژیانی سیاسی وەك پرسێکی دەستەویەخە و بەپەلە، ئەو چەوساندنەوەیە لە هەندیٚ لەو وڵاتانە شێوەی ترسناکتریان لەوەی سەردەمی

بالادەستیی ئیستیعمار وەرگرت، کە ئەمە بووەتە و دەبێتە هۆی پەرتکردنی هەوڵەکان لەم ولاتانە بەئاراستەی چارەسەری هەڵەی پرسە نیشتمانییەکان لەباتی هەنگاونان بەئاراستەی دۆزینەوەی چارەسەری ریشەداکوتاو و دروست بۆ ئەو کێشانە، بەتایبەت پرسی نەتەوەیی.

گەلی کوردمان کە یەکێکە لە گەلە سەرەکییەکانی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست، ماوەیەکی دوور و درێژ بەدەست چەوساندنەوەی بێگانەوە نالاندویەتی و هەمیشە لە حاڵەتی شۆڕشێکی بەردەوام و خەباتێکی نەپساوەدا بووە لەپێناو مافە نەتەوەییەکانی و دیموکراسیدا، ئەمڕۆ چاو دەبڕێتە گەلانی جیهان و بەتایبەت دەوڵەت و گەلەکانتان، تا لەپێناو بەدیهێنانی خەون و خوستەکانیدا دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکەن، کە خەون و خواستی هاوبەشن لەنێوان سەردەم ئەو گەلانەدا، بەدانانانی حکومەتی عێراق بەمافی گەلی کورد لە بوونی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا بەو مەرجەی لە سنووری ماوەیەك کە لە چوار ساڵ لە مێژووی بەستنی رێکەوتنامەکە تێنەپەڕێت و لە ئازاری ١٩٧٤ کۆتایی دێت. گەلی کورد و بگرە تەواوی گەلی عێراق و سەرجەم گەلانی عەرەب ئەوپەڕی خۆشحاڵیی خۆیان بۆ ئەو ئەنجامە دەربڕی وەك رێگەیەکی دروست بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە هاوبەشەکان لەنێوان هەردوو گەلی عەرەب و کورد، کە ئەوە لەباریدایە پاڵپشتیی بەرەی نیشتمانب بکات و خەباتی هاوبەشی هەردوو گەل بۆ گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکان بەهێز بکات.

لەکاتێکدا لە چوارەمین ساڵیادی رێکەوتنای ئازار و دوا وادە بۆ جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمی (حوکمی زاتی) نزیك دەبینەوە، زۆر کێشەی گرنك و کۆسپی راستەقینە رووبەڕووی ئەو جێبەجێکردنە خوازراوە دەبنەوە، کە دوور نیە رێگری بن، لە مەترسیدارترینی ئەو کێشە و بەربەستانەیش ئەو هەولانەن دەدرێن بۆ چاندنی گۆڕانی راستیی بوونی نەتەوەیی لە ولاتەکەماندا لەبەر هۆی نەتەوەیی تەسك،

هەروەها کارەکانی گەشەپێدانی ناوچە کوردییەکە و هەوڵدان بۆ لاوازکردنی بزوتنەوەی کوردی و پارتی دیموکراتی کوردستان لە ژیانی سیاسیی وڵاتدا.

ئێمە لەکاتێکدا ئەم نامەیەتان ئاراستە دەکەین، پێمان خۆشە سەرنجتان بۆ ئەم مەسەلەیە رابکێشین و هیوادارین کاریگەری و نفووزی خۆتان لە پشتگیری و پاڵپشتیکردنی ئاواتەکانی گەلی کورددا بەکار بێنن، کە لە بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا خۆی دەنوێنێت لەپێناو پەرەسەندنێکی هاوتای وڵات و بەشداریکردنێکی کارا لە بەڕێوەبردنیدا و بەهێزکردنی برایەیی عەرەب و کورد دوور لە بانگەواز و هەڵمەتە رەگەزپەرستانەکان، کە بەشێکن لە سیاسەتەکانی سەردەمی ئیستعیمار و درێژکراوەی ئەون، هەروەها لەپێناو ئاراستەکردنی وزەکانی وڵات بەرەو گەشەپێدان و بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی هەردوو گەل.

ئێمە باوەڕمان وایە پێویستە کۆنگرەی دەوڵەتانی بێلایەن چاو بە پرسی نەتەوەیی لە دەوڵەتە بەشدارەکاندا بخشێنێتەوە و هۆ و کاریگەرییەکانی تاوتوێ بکات، لەپێناو گەیشتن بەسیغەی گونجاو بۆ هەریەك لەو پرسانە بەشێوەیەك زۆر کۆشش و خەرجی بۆ ئەو وڵاتانە پاشەکەوت دەکات، کە زۆر پێویستیانە بۆ پرۆژەکانی گەشەپێدان و تەواوکردنی ئەرکەکانی رزگاربوونی ئابووری و بنیاتنانی دەوڵەتانی هاوچەرخ لە هەموو روویەکەوە.

لەکاتێکدا بەبایەخەوە چاودێریی کارەکانی کۆنگرەکەتان دەکەین، باوەڕی قووڵمان دەردەبڕین کە بەستنی لەم رۆژانەدا هەنگاوێکی گەورەیە بۆ پێشەوە بەرەو پتەوکردنی بنەماکانی بێلایەنی و دەستەبەرکردنی ژیانێکی باشتر لە جیهانێکدا گیانی برایەتی بەسەریدا زاڵ بێت و بەیداخەکانی ئاشتی بەسەریەوە بشەکێتەوە.

دڵسۆزتان

مستەفا بارزانی

سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان



لەندەن، کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٢


فەرهاد عەونی و عادل موراد کاتی ئامادەبوونیان لە کۆنگرەی بەرهەڵستکارانی عیراقی



دیمەنێکی قاهیرە پایتەختی وڵاتی میسر



**باڵەخانەی دەزگای رۆژنامەنووسیی (الاهرام) لە قاهیرە**



عدد ١ — يوم السبت في ٥ اب — سنة ١٨٧٦

## الاهرام

(• ثمن الاهرام •)

في الاسكندرية عن سنة واحدة ثلاثة وعشرون فرنكا
وعن ستة اشهر خمسة عشر فرنكا والمانيا في الخارج خالصة
اجرة البوسطة بالصورة الآتية

| | عن سنة فرنك | ستة اشهر فرنك |
|---|---|---|
| في مصر وسائر الارياف الخديوية | ٣٥ | ١٦ |
| في الاستانة العلية | ٢٥ | ١٦ |
| في سورية وسائر الممالك المحروسة | ٣٥ | ١٦ |
| في اوروبا والجزائر وتونس | ٣٠ | ١٧ |
| في بمباي وكلكته | ٣٠ | ١٧ |

ثمن كل نسخة من الاهرام ذات اربع صفحات نصف فرنك

(• مكاتبات الاهرام •)

جميع المكاتبات التي ترسل الينا متعلقة بالاهرام ينبغي ان تكون خالصة الاجرة باسم سليم افندي تقلا محرر الاهرام ومحل ادارتها على شارع البورس امام بنك الرهونات

(• وكلاء الاهرام في الخارج •)

اسماء وكلاء الاهرام تذكر في اخر الجريدة عند وجود محل ويمكن الحصول على الاهرام في الاماكن التي ليس بها وكلا بارسال حوالة الى مديرها او بارسال طوابع البوسطة من اي نوع كان على قدر مدة الاشتراك

بالاسكندرية في يوم السبت ٥ اغسطس (اب) سنة ١٨٧٦ — الموافق ١٥ (رجب الفرد) سنة ١٢٩٣

هذا هو العدد الاول من السنة الاولى لجريدة الاهرام المرعية بعناية الحكومة السنية والمستعدة الاستعداد التام لان تحمل من صحيح صفاتها واتقانها ما يطالعه لانها تعانى البحث لتقف على الفوائد الصحيحة فتوفي بحقوق الجرائد وتكسب قبول الجمهور والاستقبال شاهد. فعلى اولي الغيرة والهمة مد يد المساعدة الادبية المنتجة المادية وذلك بالاقدام على الاشتراك فتتشجع ولا تبالي بالصعوبات الابتدائية كيف كانت. وعلى الجمهور ان يلاحظ من عدد الى عدد التقدم الذي يحدث بالتدريج فانه لمؤكد

ومتى بحثنا مدققين في الفرد الواحد عما هو في ذاته وقابلناه بالنسبة الى غيره لاح لنا من وراء الحجاب تلك الصفة الغريزية التي لا يخلو منها انسان ولا تحول عن احد فهي كتحول من قال عادة في البدن لا يغيرها الا الكفن وان اردنا ان نعبر عن هذه الصفة بما يدل عليها تدعونا الافكار مسابقة الى التصريح بها بقولنا حب الذات وبالحقيقة ان هذه الصفة الغريزية مستقلة في كل فرد ولها عليه دواع ودعاو فهي الامرة المطاعة والسلطانة المطلقة التصرف ولا تنكر ان هذه الخلة هي من الخلال

الى هدم الراحة ليستروا نبراس السلام بكثافة غيوم الحروب والقلاقل غير مبالين بما هنالك من تشويش الافكار وانقلاب مركبات الاعمال بتعطيلهم مسالكها القوية كانهم هم العالم وليس سواهم فنرى اذ ذاك تغييرات شتى وانقلابات عديدة ومقاصد متنوعة ومذاهب مختلفة وتصعضعا مستمدا من حركات متجاذبة متدافعة فتلازم وحينئذ بعد معاناة البحث ان نرجع هذه الفروع الى اصلها ونحيل هذه النتائج وندعوه بالمقال ودليل الحال حب ذات غير مرتب اصدر طوعا فعل ما نرى

**ژمارەی یەکەمی رۆژنامەی الاهرام**

## لاپەڕەیەکی تر لە لاپەڕەکانی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن

## چۆن دۆخەکە گۆڕا و بووە هۆی دەستپێکردنەوەی شەڕ

## لە کوردستان لە بەهاری ١٩٧٤؟

ئەو رۆژە باران بەلێزمە دەباری (٣ی ئازاری ساڵی ١٩٧٤) کاتێك لەبەردەم یەکێك لە رووکارە شووشەییەکانی هۆتێل هەورامانی شاری هەولێردا وەستابووم، وەك نێردراوێکی رۆژنامەوانی رۆژنامەی (التاخی) ئۆرگانی پ. د. ك بەدرێژایی ماوەی ئاشتی کە بەئیمزاکردنی رێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ی مێژوویی لەنێوان سەرکردایەتی بارزانیی نەمر و حکومەتی مەرکەزی دەستی پێ کرد و لە ١١ی ئازاری ١٩٧٤ کۆتایی هات، ئەویش لەئاکامی کەللەڕەقیی سیاسەتی شۆڤێنییانەی حکومەت لە جێبەجێکردنی سەرجەم خاڵەکانی رێکەوتنامەی ئازار و سووربوونی لەسەر داننەنان بە کوردستانیبوونی شاری کەرکوك و نەگەڕانەوە بۆ ئاماری ساڵی ١٩٥٧، کە ئەنجامەکانی ئەو ئامارە بوونی زۆرینەی کوردی دەرخستوە، کە لەگەڵ کەمینەکانیتر ژیاوە لە تورکمان و ئاشووری و عەرەبەکان کە ماوەیەکە هاتبوونە شارەکە.

هەموو سەرقاڵ بوون بەخواردنی نانی نیوەڕۆ لە هۆڵی هۆتێلی ناوبراو کە لەسەر شەرەفی ئامادەبووان نوێنەرانی کۆنگرەی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان (لە

یەکی ئازاردا دەستی پێکرد و سێی مانگ کۆتایی هات) و شاندە بەشدارەکانی کۆنگرەکە لەو ڕێکخراوە عەرەبیانەی لە بەغدا هەبوون و دەستە حزبییەکان و نوێنەرانی ڕێکخراوە کوردستانی و مەرکەزییەکان، ساز کرابوو. لەو ساتەدا چێژم لە تەماشاکردنی بارانبارین دەبینی، کە جگە لە دیمەنە جوانەکەی و خێر و بێری کە هەموو زەوی دەگرێتەوە، بەزۆری جۆرە گەشبینیەکم بۆ دێنێت. پێیەوە سەرقاڵ بووم و هەندێ لە شیعرەکانی شاعیر بەدر شاکر ئەلسەیابم بیر کەوتەوە –ڕەحمەتی خوای لێ بێت– لە قەسیدە بەناوبانگەکەیدا (انشودة المطر) کە لە سەرەتاکەیدا دەڵێت:

عيناك غابتا نخيل ساعه السحر

او شرفتان راح ينأى عنهما القمر

عيناك حين تبتسمان تورق الكروم

وتزهر الاشجار اذا انهمر

ئەو جارەیان بەپێچەوانەی حاڵەتەکانی رابردوو بەبارانەکە گەشبین نەبووم، ڕەنگە پێشبینیی ئەوەم کردبێت خەمی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، چونکە دڵنیا بووم جارێکیتر شەڕ بەسەر کوردستاندا دەسەپێنرێتەوە و ڕەشەبای شەڕ ئەوەی لە چوار ساڵی پاش راگەیاندنی ڕێکەوتنامەکەدا بنیات نرابوو رادەماڵێت، قەناعەتەکەیشم لە بۆشاییەوە نەهاتبوو، چونکە بەرپرسیارێتیم وەك بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی (التاخى)، سەرپەرشتیکردنم بۆ بۆ بابەتە ڕۆژنامەوانییە سیاسییەکانی ڕۆژنامەی (برایەتی)، ڕێکخستن و دابەشکردنی پۆستەی ڕۆژانە بەپێی ئەولەویەت و تایبەتمەندی لەسەر داوای شەهید دارا تۆفیق سەرنووسەری هەردوو ڕۆژنامەی ناوبراو، هەروەها کردنی بارەگای ڕۆژنامەکە بەشوێنێك بۆ بەستنی کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی ئەو برایانەی ئەندامی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کە لە مانگی تەموزی ساڵی

١٩٧٣وه له بهغدا بوون، ههروهك بهحوكمی ئهو كارهی لهلایهن (كاك دارا)وه پێم سپێردرابوو ههندێ جار له ڕێكخستنهوهی كۆنووسی ئهو كۆبوونهوانهی سهركردایهتی ئاگهدار بووم و نووسینهوهی كۆنووسی ئهو دیدارانهی لهنێوان برایان له سهركردایهتیی پارتی و بهرپرسانی حكومی و سهركردایهتی بهعسدا دهكران و كۆپیكردنی بهو جیهازهی له ژوورهكهمدا بوو بهمهبهستی ناردنی بۆ بارهگای سهركردایهتی له ناوپردان، لهبهرئهوه سهرهنجام من ئاگهدار بووم لهو شتانهی دهگوزهران و ئهو كێشه و ئاڵۆزییانهی ڕووبهڕووی پارتی و شۆڕش له كوردستان دهبوونهوه و پێشوهخت لهلایهن داوودهزگهكانی بهعسهوه ئاماده كرابوون. هێشتا لهبیرمه كاتێك مامۆستا سامی عهبدولڕهحمان ئهندامی مهكتهبی سیاسی كه وهزیری كاروباری باكور بوو، كاتژمێر دوازدهی نیوهڕۆ له كۆتاییهكانی مانگی شوباتی ١٩٧٤ هاته بینای ڕۆژنامه پاش كۆبوونهوهیهكی ڕاستهوخۆ لهگهڵ یهكێك له گهوره بهرپرسانی دهوڵهت و حزبی بهعسی عهرهبی ئیشتراكی، ئهویش (سهدام حوسێن) بوو، سهبارهت بهو سیغهی ئۆتۆنۆمییهی بهنیاز بوون له ١١ی ئازاری ١٩٧٤ ڕایبگهیهنن وهك لهو ڕێكهوتنامهیهدا (ڕێككهوتننامهی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠) بهڵێنی درابوو كه چوار ساڵ پێش لهو مێژووه ڕاگهیهنرابوو. ئهوكاته كاك دارا لهوێ نهبوو، ئهوه بوو كاك سامی ڕاستهوخۆ هاته ژوورهكهم، ڕوخساری گهشبینی نهدهگهیاند، قاپووتهكهی داكهند و لهسهر قهنهفهیهك دانیشت كه لهتهنیشت مێزهكهی من بوو، جانتا ڕهشهكهی كردهوه و بهپێداچوونهوهی ههندێ پهڕه كاغهزی ناویهوه مژۆڵ بوو، منیش لهو ساتانهدا چاودێریی جموجوڵ و نیشانه ناسرووشتییهكانی ڕوخساریم دهكرد، پاش تێپهڕبوونی نزیكهی پێنج خولهك، لێم پرسی:

چاوهڕوانی خێر دهكهن؟

چەند ساتێك وەڵامدانەوەی دواكەوت، پاشان بێ ئەملاو ئەولا پێی وتم (زۆر بەداخەوە، وەك بۆم دەركەوت جەماعەت –مەبەستی لایەنی حكومی بوو– بەنیازن جارێكیتر شەڕمان بەسەردا فەرز بكەن پاش ئەوەی پشتیوانیی یەكێتیی سۆڤیەت و حزبی شیوعیی عێراقی و چەكی نوێ و بەڵێن لەلایەن ئەم یان ئەو لایەنانەیان بەدەست هێناوە، لە پێگەی هێزەوە قسە دەكەن، سەرپشكیان كردووین لەنێوان ملكەچكردن بۆ ئەو سیغەی ئۆتۆنۆمییەی ئەوان خۆیان دایانناوە، یان هیچیتر، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت ئەگەر سیغەی ئۆتۆنۆمییەكەیان رەت بكەینەوە دەستپێكردنەوەی شەڕ لە هەر شتێكیتر نزیكترە، لەبەرئەوە من لە شەڕ زیاتر پێشبینیی هیچ ناكەم. دوای ماوەیەكی كورت لەخۆوە كەوتە قسەكردن دەربارەی ئەوەی ئاخۆ چارەنووسی دۆخی خوێندنی كوردی و پرۆژەكانی دەستەی سكرتاریەتی ئاوەدانكردنەوەی باكور (كوردستان) لە بینای قوتابخانە و داوودەزگە گەشتیارییەكان لە هاوینەهەوارەكانی كوردستان و باقی ئەو دەسكەوتانەیتر چییان بەسەر دێت كە گەلی كوردستان بەخوێن و قوربانییە گەورەكانی بەدەستی هێناون ئەگەر شەڕ هەڵگیرسایەوە. روونی كردەوە بەحەتمی گەلی كورد زەرەر دەكات، بەڵام هیچ هێزێك ناتوانێت ئیرادی خۆی بەسەریدا فەرز بكات (قسەكە هێشتا هی كاك سامییە)، ئێمە بەداخین بۆ بەزایەچوونی ئەو كۆششانە كە لەپێناو ئاوەدانكردنەوەی كوردستان و ئامادەكردنی پرۆگرامی خوێندن بەزمانی كوردی و كردنەوەی قوتابخانە لە گوندە دوورەكان و سەدان پرۆژەیتردا، دران، چونكە هەر بە سەرهەڵدانەوەی شەڕ ئەو دەسكەوتانە دەبنە ئاردی ناو دڕك و داڵ).

لەكاتێكدا من نیوەڕۆی ئەو رۆژە هێشتا وەستابووم لە هۆتێل هەورامان، هاوڕێم (كەریم جەلال) بانگی كردم، كە پەیوەندییەكی پتەوم لەگەڵیدا هەبوو، هاوڕێیەتی و پێكەوە كاركردن كۆی كردبووینەوە، چونكە پێش ئازاری ساڵی ١٩٧٠ ئەندامی رێكخستنەكانی شاری هەولێر بوو لە ریزەكانی ی ق ك، پێی وتم كاك فەرەنسۆ هەریری

له گەلاڵەوە بەتەلەفۆن پێی ڕاگەیاندوە (لەو رووەوە بەردەوام پەیوەندی لەگەڵیاندا هەبوو) نامەکەم گەیشتۆتە کاکە دارا کە لەوێ بوو و داوا دەکات پێش گەڕانەوەم بۆ بەغدا لەبەر هەندێ شتی پەلە دەستبەجێ پەیوەندی پێوە بکەم. لەو نامەیەی لەکاتی ئامادەبوونم لە کۆنگرەی لاوان لە هەولێرەوە ڕۆژێك بەر لەو مێژووە بۆم ناردبوو، داوام کردبوو ڕوونکردنەوەم بداتێ کە دوای تەواوبوونی گۆنگرەی لاوان و گەڕانەوەم بۆ بەغدا چی بکەم، وەك لە هەڤاڵ ئەنوەر عەبدوڵاوە (کە لە ریزەکانی ی ق ك هاوڕێ بووین) زانیم شەهید ساڵح یوسفی کە ئامادەی کارەکانی کۆنگرەی لاوان بوو، دوای کاتژمێر دوازدەی نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە دەچێت بۆ ناوپردان، بە ئۆتۆمبێلە مارسیدسە حکومییەکەیشی دەڕوات و دەتوانم داوای لێ بکەم و لەگەڵیدا سەفەر بکەم بۆ ئەوێ.

لەو کاتەی بۆمان دیاری کرابوو (مامۆستا یوسفی و هەڤاڵ خاتوو کوردستان عەلی عەبدولعەزیز جێگری سەرۆکی پێشووی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان و من)، لەگەڵ شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە لە کەشێکی ساردی زستانە و باراناویدا هەولێرمان بەرەو بارەگای سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد لە ناوپردان بەجێهێشت و سەفەرەکە نزیەی چوار کاتژمێری خایاند، تێیدا هەستم بەدرێژیی سەفەرەکە نەکرد، چونکە لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا بەقسەکردنەوە سەرقاڵ بووین، کە زۆربەی دەربارەی ئەو ڕۆژە یەکلاکەرەوانە بوون لە تەمەنی ڕێکەوتنامەکە مابوون، کە چوار ساڵ بەردەوام بوو لە ١١ی ئازاری ١٩٧٠ تا هەمان مێژوو لە ساڵی ١٩٧٤. شەهید یوسفی بەهێمنییەکی ئاشکرا قسەی دەکرد، زۆر ڕەشبین نەبوو.

کاتێك گەیشتینە کەنارەکانی چیای سپیلك، نیشانەکانی هەستکردنی خەڵك بەنزیکیی دەستپێکردنەوەی شەڕمان دەدی، کۆمەڵی بچووك بچووکی گوندنشینان و خێزانەکانیانمان دەدی بەسواری وڵاخەکانیان بوون و کەلوپەلە سادەکانیان بار

کردبوو بەو ڕێگە گشتییەدا کە بەرەو باکور بەئاراستەی ناوچە ئازادکراوەکان دەچوون، شەهید یوسفی داوای لە شۆفێرەکە کرد خێرایی ئۆتۆمبێلەکە کەم بکاتەوە، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وتی (لەوانەیە ڕۆژانێکی سەخت چاوەڕوانمان بکەن و جارێکیتر شەڕمان بەسەردا فەرز دەکرێتەوە و حکومەتیش بەرەو ئەوە پاڵمان پێوە دەنێت لەکاتێکدا هەموو دەرگاکان بەڕووماندا داخراون، ئەم جارەیان یەکێتیی سۆڤیەت پاش ئەوەی ڕێکەوتنامەی دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ حکومەتی عێراق ئیمزا کردوە، دەداتە پاڵ بەغدا، دەوڵەتانی دەوروبەریشمان چاوەڕوانی خێریان لێ ناکەین، تەنیا شای ئێرانمان بۆ ماوەتەوە، ئەویش قەت ڕقی خۆی لە کورد لەبیر نەکردوە و ناکات، چونکە دەزانێت چیمان لە خەیاڵدایە)، لەم کاتەدا خاتوو کوردستان لێی پرسی (مامۆستا ڕێگەیەکیتر هەیە؟) کوردستان ویستی درێژە بەقسەکردن بدات لەبارەی مەغزای هاوکاریکردن لەگەڵ ئێران، بەڵام مامۆستا یوسفی هەر زوو کرۆکی پرسیارەکەی زانی و وەڵامی دایەوە (قەدەر و جوگرافیامان هاوکاری و هاوئاهەنگیمان لەسەر فەرز دەکەن، لەوەدا ئێمە سەرپشك نین، لەناخەوە حەزمان دەکرد ئاشتی لەگەڵ بەغدا بەردەوام بێت و زیاتر و زیاتر گفتوگۆ بکەین، بەڵام چیمان لەدەست دێت لەکاتێکدا دەرگاکان یەك لەدوای یەك بەڕووماندا دادەخرێن و گەلەکەیشمان هیچ دەسەڵاتێکی نیە، بەڵام ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە دۆستانی ئاشتی و گەلان زۆرن، دەشێت سەرەنجام بەتەنیا نەمێنینەوە، شۆڕشی کورد بەقۆناغی قورستر و سەختتردا تێپەڕیوە، لە چواردەورە سنووردارەکەیدا گەمارۆ دراوە، بەڵام بارزانی بە لێزانیی سیاسی و تەکتیکە سەربازییەکانی توانیویەتی بەسەرکەوتوویی لە مەینەتەکان دەربچێت).

ڕەنگە زۆر لە هاوڕێیانی نزیك، ئەو وتوێژەیان لەبیر بێت کە لەنێوان من و مامۆستا یوسفیدا ڕووی دا کاتێك لەگەڵ شەهید دارا تۆفیق لە ماڵەکەی خۆیدا لە شاری بەغدا لە پایزی ١٩٧٩ سەردانمان کرد بەئامادەبوونی هەریەك لە شەهید د.حوسێن محەمەد

بارزانی و پارێزەر مامۆستا کەمال محیەدین دەربارەی ئەو ڕەخنانەی هەندێ کەس لە سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوولیان دەگرت دەربارەی هەلومەرجی نسکۆکە، کە بەزۆری نە لەڕووی دڵسۆزییەوە بەڵکو لەڕووی بریندارکردن و دەست بەسینگدا هێنانەوە بوون و هەلومەرج و هۆکانی نسکۆ ئازاربەخشەکەیان لەبیر دەکرد، کە بەرەنجامی پیلانێکی ئیقلیمی قیزەون و بەدەستخۆشانەی گەورە بڕیار بەدەستان بوو لە سیاسەتی نێودەوڵەتی ئەوکاتدا. شەهید ساڵح یوسفی بەم شێوەیە سەرنجی خۆی لەسەر قسەکە دەربڕی (ئەگەر بەرپرسیارێتییەك هەبێت لە ئەستۆی هەمووانداییە، من کەس بێتاوان ناکەم، هەموومان لە چوارچێوەی ئەو بەرپرسیارێتییەدا بووین و کەس بەتەنیا هەموو بەرپرسیارێتییەکە هەڵناگرێت، ئەگەر بوارێك هەبێت بۆ لۆمەکردن پێویستە سەرەتا و کۆتا ئاراستەی ئەخلاقییەتی سیاسەتی نێودەوڵەتی بکرێت، تەنانەت ئەوانەیش ئێستا ڕەخنە دەگرن، لەوەی کاتی خۆی هەڵوێستی سەرکردایەتییان لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکاندا بەباش دادەنا و دەستخۆشییان لێ دەکرد).

کاتێك شەهید دارا ئاماژەی بەهەڵوێستی یەکێك لە گەورە ڕەخنەگرەکان کرد و هەڵوێستی ئەو مامۆستا ڕەخنەگرەی لە بەهاری ساڵی ١٩٧٤ یاد هێنایەوە، کە چۆن سەبارەت بە بەڕێوەبردنی ململانێیەکە لەلایەن سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردەوە قسەی کرد و وتی (ئێمە لە رابردوودا هەڵە بووین، ئێستا دڵنیا بووم بارزانی تاکە پیاوە هونەری دانوستان و هەڵبژاردنی کاتی گونجاو بۆ وەرگرتنی بڕیاری دروست، بزانێت). خوالێخۆشبوو یوسفی لەسەر قسەکەی خوالێخۆشبوو دارا قسەی کرد و وتی (لێیان گەڕێ با بڵێن، ئەوان لە مەلیك مەلەکیتر بوون، لەوانەیە هەندێ هەڵە بووبێت، بەڵام هۆی نسکۆکە شوێنی جوگرافی و فاکتەری ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و بەرژەوەندیی سیاسییەکانیانە، کە لەبەردەمیاندا مافەکانی مرۆڤ و چارەنووسی گەلان بچووك دەکرێنەوە).

**لەکاتێکدا ماڵی لە بەغدا بوو بە ورەیەکی بەرزەوە قسەی دەکرد و بیری لە هیچیتر نەدەکردەوە جگە لە دۆزی گەلەکەی، پاشتریش لەئەنجامی تەقینەوەی نامەیەکی مینرێژکراو شەهید بوو کە لەلایەن بەرزترین سەرکردایەتییەکانی حزبی بەعس و دەزگا سەرکوتکەرەکانیەوە بۆی رەوانە کرا بەمەبەستی کوشتنی و بەیەکجاری خامۆشکردنی دەنگە تێکۆشەرەکەی.**

**دەوروبەری کاتژمێر شەشی ئێوارە گەیشتینە ناوپردان، تاریکی باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشابوو و بارانبارینیش هەندێ سووکی کردبوو، کاتێك گەیشتینە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە ناوپردان، زانیم کاك دارا لەوێیە، مامۆستا یوسفی لەبیری نەچوو داوا لە شۆفێری ئۆتۆمبیلەکەی بکات هەڤاڵ کوردستان عەلی عبدالعزیز بگەیەنێتە ئەو شوێنەی دەیەوێت.**

**هەموو شت ئاسایی بوو، کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی سرووشتێکی خۆپارێزی و کۆنترۆڵکردنی رووداوەکان و خوێندنەوەی سەرهەڵداوە تازەکانیان هەبوو، بەڵام مەترسی (نەك ترس) هەبوو لە نیازەکانی حکومەتی ناوەندی بۆ دەستپێکردنی شەڕ، لەگەڵ ئەوەیشدا ئومێد نەبڕابوو، هەوڵەکان بۆ گەیشتن بەچارەسەرێکی مامناوەند بەردەوام بوون، کێشەی شاری کەرکوك بۆ هەردوولا گرێکوێرە بوو، سەرکردایەتیی کوردی بەنیاز نەبوو دەست لە کوردستانیبوونی کەرکوك و بەهاوبەشی بەڕێوەبردنی هەڵبگرێت وەك چارەسەرێکی مامناوەند بەو مەرجەی ببەسترێت بەناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستانەوە، لەکاتێکدا حکومەت سوور بوو لەسەر جۆرە بەڕێوەبردنێکی هاوبەش (رەنگە بەڕێوەبردنێکی شکڵی) و بەستنەوەی بەناوەندەوە، لە کاك دارا ئەوە تێگەیشتم کە (با بەدڵی کەشتییەکان هەڵناکات)، چونکە بەقسەی کاك دارا (حکومەت هەست دەکات بەبەراورد بەو هەلومەرجەی رێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ی تێدا ئیمزا کرا ئێستا لە پێگەی هێزدایە، توانیویەتی دۆستایەتیی یەکێتی سۆڤیەت و**

دەوڵەتیتریش بەدەست بێنێت، چونکە بەرژەوەندیی هاوبەش لە دیسپلینەکان و مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلان بەهێزتر بوو، کەشوهەوای جەنگی ساردیش دەرفەتی دەدایە عێراق لەسەر چەند پەتێك یاری بکات، هاوکات نرخی نەوت سامانێکی چاوەڕواننەکراوی بۆ عێراق دەستەبەر کرد، ئەمە جگە لە ئامادەسازییە سەربازییەکانی پاش ڕێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، کە کەشی پشوودان و ئاشتی بۆ سوپای عێراق هێنایەکایە و هەوڵەکانی تەرخان کرد بۆ خۆ ڕێکخستنەوە و خۆ پڕچەککردن بەچەکی نوێ و پێشکەوتوو و سەرچاوە جیاواز، لەکاتێکدا سەرکردایەتی کورد پشتی بەو خڕبوونەوە بەرفراوانەی خەڵك دەبەست لەدەوری، کە نموونەی لەناو بزوتنەوە رزگاریخوازییەکاندا کەمە، بوونی بارزانی وەك سەرکردەی شۆڕشێك و سەرگەورەی گەلێك و سەرۆکی حزبێکی سیاسیی گەورە، دەستەبەری ئەوە بوو گەلی کوردستان جەمسەربەند بکات پاش ئەوەی بەدانایی و لێزانیی سیاسی و سەربازیی خۆی توانی ریزەکانی گەل یەك بخات و وەك پشتێنەیەکی سەلامەتی لەدەوری شۆڕش کۆببنەوە، ئەمە جگە لە بوونی بەڵێنی دەرەکی لەسەر بەرزترین ئاستەکان، کە گەرەنتیی گۆڕینی هاوسەنگییە.

کاك دارا لە گەرمەی ئەو کێشانەدا و لەکاتێکدا ئێمە لە نیوە شەودا بووین، داوای لێ کردم بگەڕێمەوە بەغدا و کاروبارەکانی بەڕێوەبردنی رۆژنامەکە رێك بخەم و رێنماییەکانی بگەیەنرێتە هەڤاڵان لەوێ، لەڕووی داراییەوە یارمەتیی ئەو برایانە بدرێت کە ئارەزوو دەکەن پەیوەندی بەشۆڕش و بە ناوچە ئازادکراوەکانەوە بکەن، هەروەها بۆ رەچاوکردنی بارودۆخیان گوشار نەخرێتە سەر هەڤاڵانی رۆژنامەنووسی عەرەب بۆ دەوامکردن ئەگەر حۆیان حەزیان نەدەکرد. ژمارەیەك هەڤاڵی رۆژنامەنووسی عەرەب لە رۆژنامەکە کاریان دەکرد چ وەك نووسەر و چ وەك نووسیار (محرر) لەوانە بەڕێزان (عبدالغنی الملاح، یوسف الصائغ، ضیاء المرعب، جعفر یاسین، عبدالله اللامی، سعید القدوس، فاروق الحریری، عبدالمنعم الاعسم، عبدالمجید

الزبیدی) و هیتر كه ئێستا ناویانم بیر نایەت، لەگەڵ داوایەكیتر بەدانانی ئەو پارانەی ڕۆژانە لە ئیعلانات دەست دەكەوت لە بانگی رافیدەین لقی (الوثبة) لەڕێی كاك عەبدولڕەحمان وەفی ئەمینداری سندووقی ڕۆژنامە، هەروەك داوای كرد بەگەیشتنم بە بەغدا هەندێ ئەوراق و كۆنووس لەڕێی یەكێك لەوانەی لە ڕۆژنامە كاریان دەكرد بنێرم بۆ ناوپردان.

ئێوارەی ٤ی ئازار گەیشتمەوە بەغدا و سەرجەم داواكارییەكانی كاك دارام جێبەجێ كرد، كارمەندانی ڕۆژنامە لە پێشبڕكێدا بوون لەگەڵ كاتدا بۆ پەیوەندیكردن بە ریزەكانی شۆڕشەكەیانەوە. دوای دوو ڕۆژ خوافیزیم لە هاوسەرەكەم كرد لە ماڵی باوكی لە بەغدا (كە تەنیا مانگێك بوو هاوسەرگیریمان كردبوو) و رووم كردە كوردستان بۆ كارێك لەگەڵ خەباتی نەتەوەییدا وەك بەدەمەوەچوونی بانگی ویژدانی و سیاسی و بۆ جاری دووەم بۆ من لە ماوەی ١١ ساڵدا (یەكەم پەیوەندیكردنم بەشۆڕەوە ساڵی ١٩٦٣ بوو). كاتێك گەیشتمە ئەوێ (ناوچە ئازادكراوەكان) بوومە میوان لە بارەگای مەكتەبی سكرتاریتی ی. ق. ك كە ئەوكاتە لە شارۆچكەی گەلاڵە بوو لەگەڵ هەڤاڵان: (عادل موراد، جەلال خۆشناو، حوسێن عەلی حاجی ئەحمەد، ئازا خەفاف، سیروان عەبدوڵا سەعید و هیتر). بەیانی هەموو ڕۆژێك و نزیكەی بۆ ماوەی دوو هەفتە دەچووم بۆ ناوپردان، كە خشتی یەكەمی بارەگای ڕاگەیاندنی شۆڕش بناغەكەی لەوێ دانرا، لە سەرەتای هەفتەی یەكەمی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٤.

ئێوارەی ١١ی ئازاری ١٩٧٤ حكومەت سیغەكەی خۆی بۆ ئۆتۆنۆمی ڕاگەیاند، بەوەیش ڕێگەی لەبەردەم سەرجەم هەوڵەكان بۆ گەیشتن بەسیغەیەكی پەسەندكراو بەلای هەردوولاوە بڕییەوە و ژمارەی ئەوانەی پەیوەندییان بەشۆڕشەوە دەكرد زیادی كرد، بەفەرمانی كاك دارا لیژنەیەكی سێ كەسی پێكهێنرا، سەرەتا لە سێ هەڤاڵ پێكهاتبوو (عەبدولقادر حەمەد ئەمین، ئەنوەر عەبدوڵا و من) بۆ جێبەجێكردنی

پرۆسەی لەخۆگرتن (ئیستیعابکردن) لەڕووی ڕاگەیاندنەوە، خوالێخۆشبوو هونەرمەند ڕەسووڵ گەردی لە کەسە یەکەمەکان بوو کە پەیوەندی بە ریزەکانی ڕاگەیاندنی شۆڕشەوە کرد، ئێمە بەرپرس بووین لە تۆمارکردنی ناوی میدیاکارە پەیوەندیکردووەکان و بڕی ئەو مووچەیەی لە دەوڵەت یان کەرتی تایبەت وەریان دەگرت. نیوەی ئەو مووچەیەی پێشتر وەردەگیرا وەك بناغە دیاری کرا بۆ ئەو مووچەیەی لەلایەن دەزگاکانی شۆڕشەوە دەدرا، شوێنەکە بەهۆی پەیوەندیکردنی بەردەوامی: نووسەران، ئەدیبان، شاعیران، گۆرانیبێژان، مامۆستایانی زانکۆ و قوتابیانی زانکۆ، هونەرمەندانی شانۆ و وێنە و مۆسیقا، ئێزگەیی، ئیداری و هیترەوە، گۆڕا بۆ شانەی هەنگ.

سەرەتا تەنها چوار ژوورمان هەبوو، دیاردەیەکیش هەبوو شایانی ستایش بوو، ئەویش خۆڕێکخستنی خودی بوو، بەهیچ شێوەیەك هیچ شوێنەوارێکی بێزاری نەبوو، هەمووان ئومێدیان هەبوو بچنە ناو داوودەزگەکانی شۆڕش و شەونخونی بۆ خزمەتکردنی بکێشن پاش ئەوەی سەدان هەزار کەس لە ڕۆڵەکانی کوردستان پەیوەندییان بەشۆڕشەوە کرد، ئەوکاتە وا دەهاتە بەر خەیاڵ کە هەموو گەلی کوردستان پەیوەندی بەشۆڕشەوە کردوە، کە بوو بە پێشینەیەکی مێژوویی و ئەو دیاردە بێوێنەیە دووبارەنەبوویەوە لە ڕۆژانی ڕاپەڕینە جەماوەرییە گەورەکە نەبێت، کە لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ ڕوویدا.

پاش ئەوەی حکومەت ئێوارەی ڕۆژی ١١ی ئازاری ١٩٧٤ یەکلایەنە سیغەکەی خۆی بەناوی (پرۆژەیاسای ئۆتۆنۆمی) ڕاگەیاند، سەرکردایەتیی کوردی سەرپشك کرد کە لە ماوەی پازدە ڕۆژدا قبووڵکردنی یاسای ناوبراو ڕابگەیەنێت، وەڵامی سەرکردایەتیی کوردیش ڕەتکردنەوەی تەواوەتیی پرۆژەیاسای ناوبراو بوو، دوای تەواوبوونی ماوەی دیاریکراو لەپڕ دەرچوونی ڕۆژنامەی (التاخی)مان بینی لەلایەن

لایەنگرانی دەوڵەتەوە لە بەغدا، بەهەمان ناو و شێوە، ئەو گۆڕانکارییە جەوهەرییەی بەسەریدا هاتبوو ڕێبازی ڕۆژنامەکە و گۆڕانی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەرەکەی بوو، کە مافی دەرکردنی درابوو بە ڕەشید عەزیز عەقراوی و هاشم حەسەن، کە وای لە ئێمە ستافی (التاخی) کرد کە ژمارەمان پازدە شازدە کەس بوو، بەیاننامەیەکی سەرکۆنەکردن دەربکەین کە لە ئێزگەی دەنگی کوردستان-عێراق خوێنرایەوە و ناڕەزایی و سەرکۆنەکردنی توندمان بۆ ئەو کارە قیزەونە دەربڕی.

پرۆسەی ئیستیعابکردن لەوپەڕیدا بوو سەبارەت بەوانەی پەیوەندییان کردبوو و ژمارەیان بەردەوام لە زیادبووندا بوو، ئێزگەکە کە چوار ساڵ بوو وەستابوو خرایەوە کار و بەبڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەکی درێژ دەستی بە پەخش کرد کە لە مەکتەبی سیاسی پارتی دەرچوو دەربارەی دەستپێکردنەوەی شەڕ لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە و هەڵوێستی سەرکردایەتیی کوردی لەو ڕووداوانە ڕوون کردەوە. بارەگای رادیۆ بەسەر دۆڵی چۆمان و ناوپردانندا دەیڕوانی لەلای راستی ڕێگەی هاملتۆن لەنزیك گوندی مەمی خەلان لە دووریی نزیکەی (٥٠٠م) لە بینای چاپخانەی خەبات، لە ناوەڕاستی جەنگەڵ و دراودرەختە شاخاوییەکاندا.

بەهاری ئەو ساڵە تەڕ و تووش و فرەباران بوو، بەڵام ژیان بەهۆی ئەوەوە نەوەستا، ئیدارەکان کەوتنە ڕێکخستنی کارەکانیان بەشێوەیەکی ئیداریی ڕێکوپێك و نایاب دوور لە ڕۆتین و هەریەك لە فەرمانبەرانی پەیوەندیکردوو ڕێگەی خۆی لە بواری کاری پێشووی گرتەبەر، هەروەها کادیرانی حزبی، پاش ماوەیەکی کورت بڕیارێکی مەرکەزی دەرچوو بەدیاریکردنی ئەمیندارە گشتییەکان و جێگرەکانیان بۆ بەڕێوەبەرایەتییە جیاوازەکان بەخێراییەکی پێوانەیی و بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- ئەمینداریێتیی گشتیی دارایی، مامۆستا عەلی عەبدوڵا بوو و مامۆستا خەسرۆ تۆفیق بەجێگری.

٢- ئەمینداریێتیی گشتیی رۆشنبیری و راگەیاندن و لاوان شەهید دارا تۆفیق بوو و دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد بەجێگری، و دکتۆر کەمال سەعید خەیاتیش بەجێگری دووەم، ئەوەی دووەم پاشتر گواستیەوە بۆ ئەمینداریێتیی گشتیی پەروەردە.

٣- ئەمینداریێتیی گشتیی ئەشغالْ و شارەوانییەکان، خوالێخۆشبوو نووری شاوەیس بوو بە و ئەندازیار سەردار عەبدولڕەحمان بەجێگری.

٤- ئەمینداریێتیی گشتیی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی، دکتۆر مەحموود عوسمان.

٥- ئەمینداریێتیی گشتیی ناوخۆ، مامۆستا موحسین دزەیی بوو و مامۆستا کانەبی عەزیز دزەیی بەجێگری.

٦- ئەمینداریێتیی گشتیی کشتوکالْ، مامۆستا شەمسەدین موفتی.

٧- ئەمینداریێتیی گشتیی پەروەردە، سەرەتا شەهید دارا تۆفیق بەوەکالەت بوو بە بەڕێوەبەری، پاشتر پۆستی ئەمینداری گشتی گۆڕانی بەسەردا هات، دکتۆر کەمال سەعید ئخەیات بوو بەئەمینداری گشتی و دکتۆر دارا رەشید جەودەت بەجێگری.

٨- ئەمینداریێتیی گشتیی ئەوقاف، شەهید ساڵح یوسفی بوو و خوالێخۆشبوو عومەر مستەفا (دەبابە) بەجێگری.

٩- مەکتەبی عەسکەری کە عەبدولوەهاب ئەترووشی بوو بەبەرپرسی، بەئەندامێتیی هەریەك لە بەڕێزان جەمیل یوسف میران و حەمید بەرواری و رەشید سندی.

له ناوەڕاستی ئایاری هەمان ساڵدا ئەمینداریێتیی گشتیی رۆشنبیری و راگەیاندن و لاوان گوازرایەوە بۆ ناوچەی ئازادی بەرانبەر گوندی (زینوی) لە خوار بناری چیای (کودو)، ژمارەیەکی زۆر چادر لەسەر کەندڕی هەڵکەندراو لە شێوەی لاکێشەدا لەوێ هەڵدران، کە رووبەریان لە چوار مەتر زیاتر نەبوو، وەك رێکارێکی خۆپارێزی بۆ دووربوون لە مەترسییەکانی بۆردومانی فڕۆکەکانی دوژمن. من و هاوسەرەکەم، لە چادرێکیتردا نیشتەجێ بووین لە خوار لێژگاییەکەی گوندی زینوی. هاوسەرەکەم لە چوارچێوەی یەکەم کاروانی ئەو خێزانانەدا دەرکرا، کە شەوی ٢٨-١٩٧٤/٤/٢٩ تەسفیر کران (دوورخرانەوە)، پاش ئەوەی ئۆتۆمبێلەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی عامە لە ماڵەکانیانەوە پەلکێشیان کردن بۆ بارەگای بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو، لەوێوە بۆ هەولێر-شەقلاوە-سپیلك، پاشان بەپێ بۆ دۆڵی گەلی عەلی بەگ و جارێکیتر گەڕانەوە بۆ سپیلك بەهۆی تەقاندنەوەی یەکێك لە پردەکان لە دۆڵی ناوبراودا، پاشان گەڕانەوە بۆ شەقلاوە و لە کەنارەکانیەوە بەئاراستەی هیران، لەوێ ئەفسەرێك پێی وتبوون (ئەمە رێگەتانە، شمره عصى توصلون الى ربعكم)، بەڵام بەپێ و پاش شەش کاتژمێر رێکرنی بەردەوام گەیشتبوونە ناحیەی هیران، ئەم کۆمەڵە دەرکراوانە لە خێزانەکانی ئەم بەڕێزانە پێکهاتبوو:

١- خێزانی خوالێخۆشبوو نووری شاوەیس.

٢- خێزانی خوالێخۆشبوو ساڵح یوسفی.

٣- خێزانی خوالێخۆشبوو حەمەد ئەمین بەگ.

٤- خێزانی ئەفسەر (سنوور).

٥- وریا دزەیی و خێزانەکەی.

٦- عومەر دزەیی و خێزانەکەی.

٧- سەعدی دزەیی.

٨- خێزانی شەهید دارا تۆفیق.

٩- خێزانی عەبدولڕەزاق عەلی فەیلی.

١٠- خێزانی عادل موراد.

١١- خێزانی نووسەری ئەم دێڕانە.

حکومەت دەستی بەسەر سامانی گوێزراوە و نەگوێزراوەی بەشێك لەو خێزانانەدا گرت (منیش یەکێك بووم لەوان)، بۆ جاری دووەم هەرچی هەمبوو لە شتومەك و کەلوپەلی ناوماڵ و ئەلبوومی وێنە و ئەرشیڤ و کتێبخانەکەم دەستیان بەسەردا گیرا و خرانە موزایەدەی ئاشکراوە!!

ئەو خێزانانەی لە قۆناغی یەکەمدا راگوێزران، شەوی ٤-١٩٧٤/٥/٥ گەیشتنە شاری نەغەدەی ئێران، هەواڵی راگواستنیانمان پێ گەیشت، ئێمە لە شاری نەغەدە چاوەڕێمان دەکردن، هەندێکیانمان شەو لە بینای نەخۆشخانەی (شیرو خورشید)دا دۆزیەوە، کاتێك پێیان گەیشتین خاتوو ناهیدە شێخ سەلام کە لە ریزی پێشەوەی ئەوانە بوو راگوێزران بەسوعبەتەوە پێی وتم (ژنەکەت ئەمانەت بوو لە گەردنمدا، باوکی لەکاتی پرۆسەی راگواستنەکەدا بەئەمانەت دایە دەستی من، تکایە لێمی وەرگرە).

رەنگە زۆر کەس بناغەکانی کارکردنی ئیدارە لە کوردستانی ئازادی ئەوکات لە تەمەنی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول نەزانن، رەنگە لەوەیشدا ناهەقیان نەبێت، چونکە زانیاری دەستەودەستکراو لەبارەیەوە، کە زۆر گرنگە و تایبەتە بەپیتترین قۆناغەکان، دەگمەنە و لە هەندێ نووسینی کەم لێرە و لەوێ تێناپەڕێت و وردەکارییەکانی بەو

شێوەیەی پێویستە لەو ماوەیەدا بەدۆکیومێنت نەکراوە، دژمنان و نەیاران و ئەوانەی لە دەور و خولیان دەسووڕێنەوە، هەوڵیان دەدا ڕاستییەکان و وێنە پرشنگدارەکانی ئەو ڕۆژانە بشێوێنن و ستایشی (دەسکەوتە پێشکەوتنخوازانە)کانی حکومەتی عێراقی دەکەن، کە بەدیدی ئەوان بەشداری لە بەدیهێنانی پرۆسەی بنیاتنانی ئیشتراکی لە عێراقدا ڕۆڵی دەبێت و خێرای دەکات کە بەگوتەی ئەوان ئابڕووی (باڵی ڕاستڕەوی بزوتنەوەی کوردایەتی و لێرەیشەوە بزوتنەوە بەکرێگیراوە جێگومانەکە) دەبات، ئەوەیان لەبیر خۆیان بردەوە کە بەداخەوە خۆماڵیکردنی نەوت و پاشەکەوتە زۆر و زەبەندەکانی و ئیمزاکردنی پەیماننامەی هاوکاری و دۆستایەتی لەگەڵ (دۆستی گەلان) یەکێتیی سۆڤیەت و هەندێ هەنگاویتری (ئەرێنی)، لە باوەڕی مرۆڤی کوردستانی بەعەدالەتی دۆزەکەی و دەستگرتنی بە ڕێبازی سەرکردایەتییەکەی کەم نەدەکردەوە، کە ڕووداوەکانی ڕاپەڕین و شۆڕشە بەردەوامەکان زاخاویان دابوو، ئەوەیشیان لەبیر بردبووەوە کە ڕەمزە نەتەوەییەکان هەر لە ئەقڵ و ویژداندا دەمێننەوە با دووچاری شێواندنیش ببوبن، ڕۆژێك هەر دێت مێژوو ئەو ڕاستییانە بەوردەکارییەکانیانەوە تۆمار دەکات.

لە سەردەمێکی دوورەوە پارتی بەنهێنی و بەئاشکرا گرنگی بەلایەنی ڕاگەیاندن دەدا، لە سەرەتاکانی دامەزراندنیدا ڕۆژنامەی (ڕزگاری) پەیدا بوو کە یەکەم زمانحاڵی بوو، دوای ماوەیەك ڕۆژنامەی (خەبات) بەیداخەکەی وەرگرت و چووە پاڵ کاروانی (نرکەی جووتیار، ئامانج و التاخی و برایەتی و هیتر چوونە پاڵ کاروانی خەباتی ڕاگەیاندن لەگەڵ دەیان بڵاوکراوەیتری هەمەجۆر، لەکاتێکدا چیای (گردە ڕەش) لە ساڵی دووەمی تەمەنی شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٣دا لەناوچەی (ماوەت)ی پارێزگەی سلێمانی، بۆ یەکەم جار لەدایکبوونی ئێزگەی (ئێرە دەنگی کوردستانە)ی بەخۆوە بینی، کە لە بەخششی جۆرایەتی خۆی بەردەوام بوو سەرباری خەرجکردنی پارەیەکی زۆر لەلایەن حکومەتە عێراقیەکانەوە بۆ دانانی شەپۆلێکی پێچەوانەی

ئێزگەکە بۆ تەشویش خستنەسەری بەگۆرانییە قەڵبە بەدناوەکەی (هانی هانی) و بۆردومانکردنی بارەگای ئێزگەکە بەبۆمبی ناپاڵم و بۆمبی تەوقیتکراو لە کاتی جیاواز لە تەمەنی شۆڕشەکەدا. سەرباری هەموو ئەوە راگەیاندنی پارتی لە کاروان بەردەوام بوو، پەلەکردن لە دروستکردنی ئەمینداریێتیی گشتیی راگەیاندن و رۆشنبیری و لاوان لە ریزی پێشەوەی گرنگیدانی سەرکردایەتیی شۆڕشی کورددا بوو لە بەهاری ١٩٧٤، کە جارێکیتر بەچرپاندنی دەنگی (ئێرە دەنگی کوردستانی عێراقە) بەگوێی جیهاندا، ئەو قۆناغەی دەست پێکرد و لەرێی بەیاننامەی مەکتەبی سیاسییەوە تێروانینی پارتی دەربارەی پرۆژەکەی حکومەت بۆ حوکمی زاتی (ئۆتۆنۆمی) روون کردەوە.

خشتی یەکەم لە ناوپردان، چوار ژوورەکە جموجووڵێکی فراوانیان بەخۆوە بینی لەرووی ئیستیعاب و هەنگاوە بەراییەکان لە خستنەکاری ئێزگەکە و بەهێزکردن ئەو بڵاوکراوەیەی بە (ئینصات) ناسرابوو، پاشان زۆری نەبرد لەشکری راگەیاندن رووبەرە زەمینی و پڕ لە داربەروو و داربییەکەی چواردەوری بینا کۆنەکەی کە پێشتر بوونی هەبوو داگیر کرد، راگەیاندنکارەکان لەنێوان بەردەکان و سێبەری درەختەکاندا دابەش دەبوون بۆ راپەڕاندنی ئەرکی خۆیان وەك میدیای شەڕ، کاتێکیش بەرەکانی جەنگ کە بۆ ماوەی ٤ ساڵ بێدەنگ بووبوون، سووکە پێکدادانیان بەخۆوە بینی، پاشان گۆڕان بۆ گۆڕەپانی شەڕی بەرەیی و وەکو راگەیاندنی حکومەتی بەغدا دەیگوت (هەڵۆ ئاسمانییە قارەمانەکان) کەوتنە فڕین و بۆردومانکردنی ناوچەکە، کە جیاوازییان لەنێوان گوندی بێوەی و دامەزراوە مەدەنییەکان و بەرەکانی شەڕیان نەدەکرد. بیر لە دەستنیشانکردنی شوێنێك کرایەوە کپ و بێدەنگ و لە فڕینی فڕۆکەکان بەئاسمانیدا دوور بێت، سەرەنجام هەڵبژاردن لەسەر ناوچەی ئازادی نزیك هێلانەی باز (عش النسر) گیرسایەوە، کە لەلای رۆژهەڵات و باشوری رۆژهەڵاتیەوە زنجیرە چیای (کودو) و لەلای باکوریەوە زنجیرە چیا و تەپۆڵکە سنوورییەکان دەوریان داوە و بەرانبەر گوندی (زینوێ شێخ) و لەدووری چەند کیلۆمەترێکی کەم لە

هاوینەهەواری (حاجی ئۆمەران). دەست کرا بەهەڵدانی خێوەتی پێویست بەسەر کەندڕی هەڵکەنراو و لە نزیك لەیەکەوە، بەری باشووری دەستنیشان کرا بۆ مۆبەق و کۆگە و شۆفێران لەگەڵ ئۆتۆمبێلەکانیان (دوو ئۆتۆمبێلی جۆری لاندرۆڤەرمان هەبوو) چوار شۆفێریش بەنۆرە شەو و رۆژ کاریان دەکرد، کە بریتی بوون لە هەریەك لە (حەکیم کاکەڕەش و حاجی حاجی تاهیر و فریاد رەسووڵ بایەزید و ئیسماعیل حەمەد) هەر چواریان خەڵکی کۆیە بوون. کاری ئەمینداریێتیی گشتیی راگەیاندن و رۆشنبیری و لاوان بەگوێرەی نەریتە پەیڕەوکراوەکان لە کاری ئیداریدا رێك خرا، بەلەبەرچاوگرتنی بەرتەسککردنەوەی رۆتین و هەڵبژاردنی پیاوی شیاو بۆ شوێنی شیاو، ئەمینداریێتییەکەمان گرنگی پێ دەدرا، ئەویش لەبەر گرنگیی گەورەی وەك ناوەندێکی راگەیاندن کە رۆڵی بنچینەیی هەیە لە روونکردنەوەی راستییەکان بۆ رای گشتی، میلاکەکانیشی بەم شێوەیە جێگیر کران:

١- دەستنیشانکردنی شەهید دارا تۆفیق فەتحولا بەئەمینداری گشتی وەك درێژکراوەی کارە میدیاییەکەی رابردووی وەك سەرنووسەری هەردوو رۆژنامەی (التاخی) و (برایەتی)، هەروەها لەبەر کەسایەتیی نەرم و کاریگەری لەڕووی مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانیتر و لەو رووەیشەوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بوو، هاوکات خاوەن ئاسۆیەکی میدیاییانەی فراوان بوو، چونکە پێشتر لە ئەوروپا خوێندبووی و لە دامەزرێنەرانی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد) بوو لە ئەوروپا، پێگەیەکی گرنگی لە سکرتاریەتی یەکێتیی لاوانی دیموکراسیی جیهانی هەبوو، خوا لێی خۆش بێت لە سەربەنێکی ئینسانیی شەفاف و بەرپرسیاریێتیی نیشتمانییەوە، شارەزای هونەری مامەڵەکردنی راستگۆیانە بوو لەگەڵ ئەوانەی پێگەیان نزمتر بوو، بێسنوور کارەکەی خۆشدەویست و بەشی زۆری کۆششەکانی بۆ بواری کارەکەی تەرخان کرد، هاوسەنگ و بەڕەوشت بوو، میدیاکاری پلە یەك بوو، رۆژگار سەلماندی

چ ریز و نرخاندنێکی هەبووە، لە کارەکەی و ئەنجامدانی بەرپرسیارێتییەکەی و بەڕێوەبردنە شێلگیرەکانیدا سەرکەوتوو بوو، سەرکەوتنێکی بێ وێنە.

٢- دوای گواستنەوەمان بۆ ناوچەی ئازادی، دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد پەیوەندی بە ریزەکانی شۆڕشەوە کرد، هیچ رۆژێك لە دۆزی نەتەوەکەی دوور نەبووە ئەگەرچی لەڕووی رێکخستنەوە بێلایەن بوو (واتە نەچووبووە ریزەکانی پ د ك وەك ئەندامێکی حزبی)، لەگەڵ ئەوەیشدا پێگەیەکی گەورەی هەبوو، ناوبانگەکەی پێش خۆی گەیشتە ئەوێ، لە نووسەرە دیارەکانی (التاخی) بوو لە توێژینەوە کوردی و مێژووییەکانیدا لە ماوەی نێوان (١٩٧٠-١٩٧٤)، هەروەها ئەمینداری یاریدەدەری کۆڕی زانیاریی کورد بوو و هەمووان شایەتیی پتەوی و بابەتیبوونی لە نووسینەکانی و لە شارەزایی فراوانیدا بۆ دەدەن، مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەوانەی کاریان لەگەڵدا دەکرد برایانە بوو و لەو ماوەیەدا توانی کەسایەتیی بەهێزی خۆی بەسەرماندا فەرز بکات، هەمووان رێزیان دەگرت، هەستێکی ناسکی هەبوو. سەرەتا لەیەك بینادا بووین لە کۆمەڵگەی ئازادیی گەشتیاری و تێیدا وەك برا پێکەوە دەژیاین لەگەڵ برایان د. دارا رەشید جەودەت و د. کەمال سەعید خەیات و کاك جەلال عومەر سام ئاغا و کاك سیروان عەبدوڵا سەعید. دکتۆر کەمال مەزهەر بە لێوەشاوەییەکی گەورەوە بەرپرسیارێتیی نووسینی بەڕێوە دەبرد وەك ئەمینداری گشتیی یاریدەدەری ئەمینداریێتیی گشتیی راگەیاندن و رۆشنبیری و لاوان.

٣- یاریدەدەری دووەم کە بەرپرسیارێتیی کارگێڕی پێ سپێردرا د. کەمال سەعید خەیات بوو، کە لە زانکۆی سلێمانیەوە هاتبوو و سەرۆکی زانکۆی ناوبراو بوو، دوای ماوەیەك کە پێم وایە مانگی تشرینی دووەم بوو، بەرپرسیارێتیی ئەمینداری گشتیی ئەمینداریێتیی گشتی پەروەردەی پێ سپێردرا.

ئەمینداری گشتیی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و لاوان چوار بەڕێوەبەرایەتیی گشتی هەبوو، کە هەریەکەیان بەش و لق و ئەرکی جۆراوجۆریان هەبوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم**: بەڕێوەبەرایەتیی گشتی ڕاگەیاندن کە هەڤاڵ فەلەکەدین کاکەیی بوو بە بەڕێوەبەری، کە لە کارەکەیدا لەلایەك لیژنەی ڕۆشنبیری تایبەت بە دەرکردنی ڕۆژنامەی خەبات و گۆڤاری کادیر کە بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی پێکهێنرابوو، لەلایەکیتریشەوە بەرپرسیارێتیی نووسینی لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان پێکەوە کۆ کردبووەوە، کە بەردەوام بەنووسین و چاودێریکردنەوە سەرقاڵ بوو (لە گۆڤاری (مەتین) ژمارە ٥١، لە نیسانی ١٩٩٦ لێکۆڵینەوەیەکی درێژی لەبارەی (ساڵە هەتیوەکە) نووسی بەناونیشانی چەند لاپەڕەیەك لە ڕاگەیاندنی پارتی لە ساڵی ١٩٧٤ تا ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١، کە خوێنەر بەتەواوەتی بەهەندێ لایەن لە کاروباری ڕاگەیاندن ساڵی ١٩٧٤ و دوای ئەوە، ئاشنا دەکات.

**دووەم**: بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری کە زۆر بایەخی بەلایەنی ڕۆشنبیری (کولتووری) و هونەری دەدا، زۆربەی هەرەزۆری هونەرمەندانی کوردستان و تیپە مۆسیقییەکان چوونە پاڵ ئەم بەڕێوەبەرایەتییە، چەندین پێشانگەی گەورەیان ڕێکخست و جێگەی پەسەندی ڕۆژنامەنووسانی بیانی بوون، قسەیەکی ڕۆژنامەنووسێکی فەرەنسیم لەیادە کە لەکاتی کردنەوەی پێشانگە شێوەکارییە گەورەکە لە هۆڵی (هۆتێل دەربەند) لەو ساڵەدا وتی (ئەو گەلەی ئەو هونەر و هونەرمەندانەی هێناوەتە دنیا، شیاوی ئەوەیە قەوارەیەکی هەبێت و... تەنیا بەئۆتۆنۆمی واز نەهێنێت).

هەروەها ڕۆژمێرێکی دیواریش چاپ کرا بەوێنەیەکی لاتەنیشتی بارزانیی نەمر ڕازێنرابوویەوە لەگەڵ نووسینی سێ پیتی یەکەم بەئینگلیزی K. D. P، کە هێمایە بۆ

ناوی پارتی، لەبنی لاپەڕەکەیشدا نووسرا (ڕۆژمێری شۆڕشی کوردستان–عێراق) لەگەڵ وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەیدا لە خوار نووسینە کوردییەکەوە. بەڕێوەبەرایەتیی ناوبراو چەند فیستیڤاڵێکی گۆرانی و شانۆی لە حاجی ئۆمەران و خێوەتگەکانی پەنابەرانی کورد لەناو خاکی ئێران ساز کرد و هەڤاڵ تەڵعەت نادر دەرچووی یەکێك لە بەشەکانی یاسای نێودەوڵەتی لە یەکێك لە زانکۆکانی یەکێتی سۆڤیەت بوو بە بەڕێوەبەری گشتی و لە بنەماڵەیەکی هەولێریی ناسراو بوو، پێش و پاش نسکۆ کاری سیاسی دەکرد، پاشان ڕووی کردە کاری بازرگانی، کاکە مەم بۆتانیش یاریدەدەری بوو (واتە یاریدەدەی بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیری)، کە لە ئەدیبە ناسراوەکانە و چەندین نووسینی لە بواری چیرۆك و شیعردا هەیە و بابەتێکی لەسەر ڕۆژمێری ناوبراو لە ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٧ی گۆڤاری (زاگرۆس)ی ئازیزدا بەناونیشانی (ذكريات عن اول تقويم جداري لثورة ايلول) نووسی.

**سێیەم**: بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی لاوان، لێرەدا هەندێ بەدرێژی باسی پێکهێنان و کاری ئەم بەڕێوەبەرایەتییە دەکەم لەو ڕووەوە من شەرەفی بەرپرسیارێتیم پێ بڕا (وەك بەڕێوەبەری گشتی) هەر لە سەرەتاوە تا کۆتا ڕۆژەکانی کارکردنی لە ئازاری ١٩٧٥. هەڤاڵ دارا شێخ نووری بۆ وەرگرتنی پۆستی یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی دەستنیشان کرا، پێکهاتەی بەڕێوەبردنی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی لاوان بەم شێوەیە بوو:

بەڕێوەبەرایەتیی گشتییەکە کرابوو بە سێ بەشەوە:

١– بەڕێوەبەرایەتیی وەرزش، هەڤاڵ جەمیل مەحموود بەڕێوەبەری بوو، لە گەنجانی سلێمانی و مامۆستای وەرزش بوو لە زانکۆکەیدا، ئەو بەڕێوەبەرایەتییە لە کۆکردنەوەی یاریزانانی تۆپی پێ کە پەیوەندییان بەشۆڕشەوە کردبوو چالاك بوو، تیپێك بەناوی (هەڵبژاردەی تۆپی پێی کوردستان) پێکهێنرا و بەرپرسیارێتییەکەی

لەڕووی ڕاهێنانەوە بەهەڤاڵ جەمال قەرەداغی سپێردرا، خێوەتگەیەکیان بۆ سەقامگیربوون لە شاری شنۆ لە کوردستانی ئێران بۆ دروست کرا، دوای ماوەیەك لە ئامادەکردن و ڕاهێنان، سێ یاری لەگەڵ هەریەك لە هەڵبژاردەی شاری ورمێ (ڕەزائیەی پێشوو) و هەڵبژاردەی شاری مهاباد و هەڵبژاردەی ئازربایجانی خۆرئاوا ئەنجام دا و هەڵبژاردەکەمان توانی لەناو هاندانێکی بەجۆش و خرۆشی دانیشتوانی پەنابەری خێوەتەکان و برایانی کورد لە کوردستانی ئێراندا، بەسەر هەرسێ هەڵبژاردەکەدا سەرکەوت. تیپەکە و کادیرەکانی بەهاتنی زستان گواستیانەوە بۆ ناوچەی (ئەندیمەشك) لەسەر ڕێگەی سەرەکی بەرەو شاری ئەهواز کە هەوای گەرمە، لەوێ مانەوە تا کۆتا ڕۆژەکانی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٥.

بیرۆکەیەك هەبوو، ئەگەرچی لەسەرەتادا بوو، ئەویش دیراسەکردنی ئەوە بوو ئەگەر بکرێت پاش ئامادەکردنی، تیپەکە وەك رووکارێکی شۆڕشی ئەیلوول ڕەوانەی دەرەوەی کوردستان بکرێت بۆ یاریکردن لەگەڵ تیپیتر، ئێمە مێژووی یارییەکانی هەڵبژاردەی جەزائیری لەکاتی شۆڕشی سەربەخۆییدا کاری تێ کردبووین، بەڵام ئەو بیرۆکەیە وەك زۆر بیرۆکە و خەونیتری ئەوکات، بەهۆی ئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەی خیانەتکارانەی جەزائیر و ئەو تاوانەی دەرهەق بەگەلەکەمان و شۆڕشە ڕزگاریخوازییەکەی کرا، روناکی نەبینی (هەڤاڵ و یاریزانی پێشوو ئەسعەد عەلی لە ژمارە ٢١ی ١٩٩٨/٦/١٦ی هەفتەنامەی ڕەنگاوڕەنگی (وەرزشی برایەتی)دا لەبارەی ئەو هەڵبژاردەیەوە نووسیویەتی). هەڵبژاردەی ناوبراو لەم یاریزانانە پێکهاتبوو: (نەجاح دەروێش، مەجید میرخان، ساڵح عەبدوڵا، سەباح شێخ جەلال، هەلین فەتاح، مامەند ڕەمەزان، عادل شاکر، کانەبی گچکە، عەلی حەسەن، دارا جەمیل، عەبدوڵا ئەبو یەزید، جەلال و کاپتن ئەسعەد عەلی).

جگه له هەڵبژاردەی تۆپی پێی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتیی وەرزش یانەیەکی بۆ شەترەنج و تۆپی سەرمێز له گەراجی ئەو بینایەی تێیدا بووین کردەوە، که دەکەوته لای راستی رێگەی هاملتۆن له دەروازەی هاوینەهەواری دەربەند که موڵکی (جەمال ئاغا کاکەیی) بوو و پاش رووپۆشکردنی به مادەی (جنفاص) و رێککردنی زەوییەکەی گۆڕیمان بۆ هۆڵێکی بچووك و تا رادەیەك قەشەنگ، لەگەڵ دابینکردنی مێزێکی یاریی (پینگ پۆنگ) و چەند تاقمێکی شەترەنج، رۆژی کردنەوەی لەو کەشوهەوا جەنگ سڕکردووەدا زۆر له کەرنەڤاڵێکی جوان دەچوو، که لەلایەن شەهید دارا تۆفیق و گەورە بەرپرسانی ئەمینداریێتیی گشتیی راگەیاندنەوە کرایەوە، بەڕێز فوئاد مەعسوومیش که ئەوکات له قاهیرە بەرپرسیارێتی حزبی له ریزەکانی پارتیدا هەبوو و لەو کاتەدا سەردانی کوردستانی کردبوو، ئامادەی بوو.

٢- بەڕێوەبەرایەتیی هونەر که خوالێخۆشبوو هونەرمەند (ئەنوەر توفی) کرایه بەرپرسی. توفی له بامەرنی لەدایك بوو و بایەخدانی هەمەجۆری هەبوو له بوارەکانی هونەری شێوەکاری و دەرهێنان و شانۆدا، لەبەر بەتەمەنی و لەخۆبوردووییەکەی له کاردا زۆر رێزمان دەگرت، شەوان دەچووینه ژوورەکەی بۆ گوێگرتن له قسەکانی و هەندێ جار نوکتە خۆشەکانی، لەو بەڕێوەبەرایەتییەدا ئەم هەڤاڵانەی خوارەوە لەگەڵیدا بوون: هونەرمەندی شێوەکار عەلی جۆڵا، هونەرمەند نووری ئیسماعیل و وێنەگر نووری هونەر که له کۆتاییەکانی مانگی تشرینی دووەمدا راسپێردرا بۆ وێنەگرتنی فیلمێك لەبارەی شۆڕش، کارەکەیشی بەیارمەتیی خوالێخۆشبوو ئەنوەر توفی و زوهێر عەبدولمەسیح ئەنجام دا، بەڵام نەمانزانی ئەو فیلمە بەڵگەنامەییە چی بەسەر هات پاش دانانی له گەنجینەکانی شۆڕش له ئێران دوای نسکۆ ئازاربەخشەکه، دواتر هونەرمەند و ئەندازیاری دیکۆر کەمال عەبدوڵایش چووە پاڵیان که دەرچووی یەکێك له زانکۆکانی بولگاریا بوو. وەك بیرم بێت له کۆتاییەکانی شوبات پێشانگەیەکمان رێك خست و لەلایەن مامۆستا سامی عەبدولڕەحمانەوە کرایەوە و

جەماوەرێکی زۆری ناوچەکە ئامادەی بوو، تابلۆکانمان گوزارەیان لە واقیعی شۆڕش دەکرد، لە بنی هەر تابلۆیەکدا بەیتە شیعرێکی کوردی نووسرابوو کە لەگەڵ بابەتی تابلۆکەدا دەگونجا.

٣- بەڕێوەبەرایەتیی رۆشنبیری کە هەڤاڵی شەهید جەمیل رەنجبەر کرایە بەرپەرسی، پەیوەندیی بەردەوامم لەگەڵ کاری ئەو بەڕێوەبەرایەتییە هەبوو، چونکە لە خولیاکانی خۆمەوە نزیکتر بوو، لەگەڵ خوالێخۆشبوو جەمیل رەنجبەر توانیمان دوو ژمارەی گۆڤاری (دیاری لاوان) ئامادە و بەئامێری تابیعە چاپ بکەین و بەئامێری رۆنیۆ رایبکێشین، ژمارەی سێیەم خەریك بوو تەواو دەبوو کە شۆڕش تووشی کارەساتەکە بوو، کاروباری ئیداری و دارایی و بەرپرسیارێتییان لەلای هەڤاڵ یوسف مەولود ئەلقەساب بوو، کە کاروبارە ئیدارییەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکەی بەباشترین شێوە بەڕێوە دەبرد، چونکە بەرپرسیش بوو لە دابینکردنی حەوانەوە و پاسەوانی و خواردن و حساباتی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکە و زۆرجار لە چێشتلێنەری بەڕێوەبەرایەتییەکە (محەمەد) تووڕە دەبوو کاتێك برنجی لێ دەنا و باش لە چێشتلێنانی نەدەزانی. لە ئیدارەدا دوو پێشمەرگەیشی لەگەڵدا بوو بۆ پاراستنی ئاسایشی فەرمانگەکە، ئەوانیش یەکەمیان مەلا ناسر بوو، پاشتر بوو بە حاجی و خەڵکی شاری شەقڵاوەیە (ئێستا دوکانێکی هەیە بەناوی برادۆست بۆ فرۆشتنی هەنگوین و گوێز و مێوژ و شەربەتی هەنار)، ئەویتریان ناوی حەسەن بوو، ناوی باوکیم بیر نەماوە، چەکدار بوون و یەکی تفەنگێکی کلاشنکۆفیان پێ بوو. لە کۆتاییەکانی مانگی حوزەیراندا یەکێك لە براکانم (نەژاد) لە ئەمانەتی ناوخۆ پەیوەندی بە بەڕوەبەرایەتیی گشتیی لاوان کرد، کە ئەوکاتە مفەوەزی پۆلیس (دەرچووی ئامادەیی پۆلیس) بوو پاش ئازاری ساڵی ١٩٧٠. دوای نسکۆکە لە سلکی پۆلیس فەسڵ کرا و بۆ ماوەی چوار ساڵ دوور خرایەوە بۆ پارێزگەی سەماوە.

جگە لەو سێ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکە (ڕاگەیاندن، ڕۆشنبیری، لاوان) کاروبارە کارگێڕییەکانیش (بەڕێوەبردن، خۆیەتی، حساباتی گەنجینەکان) لەڕێی بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتییەوە بەڕێوە دەبران، مەودای کارکردنیان زۆر فراوان بوو، چونکە سروشتی کاری بەڕێوەبردن کۆششێکی زۆری دەویست، بەڕێوەبەرایەتیی ناوبراو ئەم لایەنە گرنگەی پڕ دەکردەوە و بەبێ کەموکورتییەکی شایانی باس کاروباری نزیکەی (٣٠٠) کەسی بەڕێوە دەبرد. ئەو شوێنە هەڤاڵ و ئیداریی سەرکەوتوو جەلال عومەر سام ئاغا بەڕێوەی دەبرد کە لە زانکۆی سلێمانییەوە هاتبوو و پێش پەیوەندیکردنی بەشۆڕشەوە بەڕێوەبەری کارگێڕیی زانکۆی ناوبراو بوو، کارەکانی بەباشی زەبت دەکرد ئەگەرچی لەلایەن هەندێ لە فەرمانبەرانەوە بەهۆی جددیبوون و مەحکەمی و ئەمانەتیەوە گلەیی لێ دەکرا. هەڤاڵ ناسر زاهیر حوسێنیش پەیوەندی پێیەوە هەبوو وەك بەرپرسی خۆیەتی، هەڤاڵ بەختیار مەعرووف جیاووك وەك ژمێریار، سالم فەیلی وەك ئەمینداری سندووق و هەڤاڵ شێرزادیش وەك ئەمینداری گەنجینە. کاروباری چێشتخانە و شۆفێران و خزمەتگوزارییەکان لەو کارە ئیدارییانە بوون بە هەڤاڵ حەنا مەربین ئەندامی دێرینی پارتی سپێردرابوو، کە هەر لە سەرەتای گەنجێتیەوە لە ناوەڕاستی پەنجاکان چووبووە ریزەکانی پارتی، سەر بە خێزانێکی مەسیحیی شاری کۆیەیە، پێش پەیوەندیکردنی، دوای ئازاری ١٩٧٠ لە بەشی حساباتی ئیعلانات لە ڕۆژنامەی (التاخی) بەنووسەر دامەزرابوو، کۆمەڵێك شۆفێر پەیوەندییان پێیەوە هەبوو، ئەوانیش خوالێخۆشبوو ئیسماعیل وەستا ئەحمەد، خوالێخۆشبوو حاجی حاجی تاهیر، فریاد ڕەسووڵ بایزید، حەکیم کاکەڕەش و خالید و وەستا حەسەن، خەڵکی کۆیە بوون، لە سەختترین ئەرکەکاندا بەشەو و بەڕۆژ بەنۆرە کاریان دەکرد، بەردەوام لە هاتوچۆدا بوون لەنێوان ئەمینداریێتیی گشتیی ڕاگەیاندن و بارەگای ئێزگە و چاپخانەدا بۆ گەیاندنی ماددەکانی نووسین و هەواڵی ڕۆژانە، کە ڕەوانە دەکرا بۆ

ئێزگەی دەنگی کوردستان، کە تا رادەیەك دوور و پڕ مەترسی بوو، بەتایبەت پاش توندبوونی بەردەوامیی بۆردومانی ئاسمانیی ئێزگە بەبۆمبی فسفۆڕی و کاتی، کە ناچار دەبوون شەو لایتی ئۆتۆمبێل دانەگیرسێنن، تا نەبنە ئامانجێکی ئاسان بۆ بۆردومانی دوژمن.

سەنتەری ئەمینداری گشتی و ئەمینداری گشتیی یاریدەدەر، بەش (شوعبە) و بەڕێوەبەرایەتی و نووسینگەیەکیتری پێوە بەسترابوو لەبەر گرنگیی زۆری، چونکە بەشی گوێگرتن (ئینسات) رۆژانە بڵاوکراوەیەکی بەتابیعە چاپکراو و بە رۆنیۆ راکێشراوی دەدایە سەنتەری ئەمینداریێتییەکان و مەکتەبی سیاسی، (تکا لە شۆڕەسوارانی ئینسات دەکەم بمبەخشن کە ناویان نابەم، چونکە حاڵی حازر یاداوەریم ناوەکانیانم یاد ناهێنێتەوە). هەرچی مەکتەبی پەیوەندییەکانە لە مەکتەبە گرنگ و زیندووەکان بوو، کە پێشوازی لە پەیامنێرانی رۆژنامە جیهانییەکان دەکرد بۆ رووماڵکردنی بەرەکانی شەڕ و ژیانی گشتی لە ناوچە ئازادکراوەکان، هوتێل دەربەند کرابوو بە بارەگای کاری مەکتەبەکە و جێکردنەوەی رۆژنامەنووسانی بیانی، لەو هەڤاڵانەی لەو نووسینگەیەدا کاریان کرد هەڤاڵ سیامەند عەبدولسەمەد بەنا بوو، کە پاش هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە ئازاری ١٩٧٤ خوێندن و کارەکەی لە ئینگلتەرا بەجێ هێشت و پەیوەندی بەشۆڕشەوە کرد، ئەو ئەوسا و ئێستایش نموونەی گەنجی بەجۆش و پابەند بوو بە بنەماکانی پارتییەوە (پێش ماوەیەك دەستنیشان کرا بکرێتە نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لەندەنی پایتەخت)، پاشان بە باڵیۆز لە شانشینی هۆڵەندە پاش رووخانی رژێمی فاشیستی ساڵی ٢٠٠٣. کاك مونزیر نەقشبەندیش لەو مەکتەبەدا کاری کرد. چاپخانەی خەبات بە جبهازە کۆن و تازەکانیەوە ئەوکاتە رۆڵێکی پێشەنگانەی هەبوو، بیناکەی دەکەوتە دووریی نیو کیلۆمەتر لە بارەگای ئێزگە و بەکۆنکرێتی شیشبەند (مسلح) لەژێر زەوی و لە شێوەی پیتی L ی ئینگلیزیدا دروست کرابوو.

کرێکارانی چاپخانەکە تەکنیکارانی باش بوون و زۆر بەباشی شارەزای کارەکەیان بوون، لەوانەی لەبیرم مابن، هەڤاڵانی (موخەزرەم)ی چاپ مەجید کەساس و پشکۆ و سەفەر زەکی و زرار سەبری بۆتانی و مەغدید شێروانی و تۆفیق و سامان، بەداخەوە ناوەکانیترم لەیاد نەماوە، هەڤاڵ نافیع عەقراوی بەرپرسی تەکنیکی بوو لەژێر سەرپەرشتیی بەڕێوەبەرەکەیدا، خوالێخۆشبوو فایق عەقراوی. پاش هەڵگیرسانەوەی شەڕ بەرپرسیارێتییەکەی بەئەندازیارێکی میکانیکیی لاو سپێردرا کە تازە پەیوەندی بەشۆڕشەوە کردبوو ئەویش سیروان عەبدوڵا سەعید بوو، کە لە کارەکەیدا لەخۆبوردە بوو، من لە کاری چاپخانە نزیك بووم، چونکە ئەمینداری گشتی کاتێك خۆی لەوێ نەبووایە تەکلیفی لە من دەکرد بەوەکالەت چاپخانەکە بەڕێوە ببەم، لە تەممووزی ١٩٧٤ کاك سیروانی راسپارد بچێت بۆ تاران بۆ تەواوکردنی ناتەواوییەکانی، هەر وایش بوو، پێکەوە سەفەرمان کرد بۆ ئەوێ بۆ ماوەی سێ هەفتە و باری چوار ئۆتۆمبێلی گەورە مەوادی تەکنیکی و یەدەگی ئامێرەکان و ماددەی چاپ و کاغەز و بۆیەمان کڕی، ئەوەیش کاریگەریی زۆری هەبوو لە پێشکەوتنی کاری چاپخانەکەدا، لە نیەتدا هەبوو بۆ جاری دووەم چاپخانەیەکی تا رادەیەك نوێ لە بەیرووت بکڕین، هەڤاڵ سیروان بۆ ئەو مەبەستە لە دە رۆژی کۆتایی شوبات ١٩٧٥دا سەفەری کرد بۆ ئەوێ، بەڵام نسکۆ شوومەکە پەردەی بەسەر هەوڵەکانی کڕینی مەکینەی چاپی شیاو بۆ چاپخانەی خەبات لەو کاتەدا، دادایەوە.

کاتێك رێکەوتنامە شوومەکە ئیمزا کرا، ئەمینداریێتییە گشتیەکان شەو و رۆژ وەك پاڵپشت بۆ داستانی شەڕی بەرەیی کاریان دەکرد، کە بەزۆر بەسەرماندا سەپێنرا و قارەمانانی پێشمەرگە خوێنی پاکیان دەکردە قوربانی. ئێمە لە کارکردنماندا زیاتر وەك دەوڵەتێکی رێکخراو کارمان دەکرد ئەگەرچی دەوڵەتیش نەبوو، رووداوەکانی ئەو ماوەیە بەتاڵ و شیرین و قوربانیدان و سەرکەوتنەکانیەوە (لە گوێچکەکاندا دەزرینگایەوە و دەگوێزرایەوە بۆ ئەوانەیتر کە لەبەر هەر هۆیەك بووبێت بەخت

یاوەریان نەبوو پەیوەندی بە ریزەکانی شۆڕشەوە بکەن). پاش گەڕانەوە بۆ ریزی ئەوەی پێی دەوترا (نیشتمانی) باوکان چیرۆکەکانی قارەمانییان لەبارەی (ساڵە هەتیوەکە) بۆ منداڵان و برا و هاوسەر و هاوڕێکانیان دەگێڕایەوە، لە هەر دیدار و مەجلیسێکی دۆستاندا هەریەك لای خۆیەوە باسی بەشداریی هەمەجۆری خۆی دەکرد، لەکاتێکدا بەردەوام خەووخەیاڵی ئەوانە بوو دڵیان بەئاگری کۆچی کاتیی شۆڕش داخ بووبوو، سۆز بۆ ئەو ساڵە و رووداوەکانی بەردەوام مێشکی هەندێکی سەرقاڵ دەکرد، خەڵکانێکت دەبینی هونەرکارییان دەنواند لە ستایشکردنیدا و هەموو گیانیان حەز و تاسە بوو بۆ دووبارەکردنەوەی لەکاتی گونجاودا، ئەمە لەکاتێکدا خەڵکانێکمان دەبینی زیادەڕەوییان لە رەخنەگرتندا دەکرد با رەخنەگرتنێکی زاڵمانەیش بێت تا رادەی بریندارکردن و گومان خستنە سەر نیشتمانپەروەری، نەك عادیلانە. قەت وەڵامی مرۆڤێکی سەنگین و نیشتمانپەروەری شەریفم بیر ناچێت بۆ هاوڕێیەکی کە لەو جۆرە رەخنەگرانە بوو کە پەیوەندی بەشۆڕشەوە نەکردبوو و دوای نسکۆکە یەکتریان بینیبوو، پێی وتبوو (مەبە بەشێك لە جووقەی دوژمنان و داخ لەدڵان، چونکە ئەوەی دەیڵێیت وڕێنەیە، رەنگە بوترێت مێژوو سەرکەوتووەکان دەینووسنەوە، بەڵام مێژوویەکی ساختەیە و راستەکەی ئەوەیە لە ئەقڵدا ریشە دادەکوتێت و لە ویژداندا دەمێنێتەوە و هیچ گومان لەوەدا نیە رۆژێك رووناکی دەبینێت).

پێشبینییەکەی ئەو برادەرەیشمان راست دەرچوو، چونکە ئەوەی لە ویژدان و ئەقڵەکاندا ریشەی داکوتا گۆڕا بۆ سووتەمەنیی راپەڕینێکی کڵپەسەندوو، کە بڵێسەکەی خاڵەکانی رێکەوتنامە کۆن و نوێیەکەی بۆ هەتاهەتایە راماڵی (سەعد ئاباد، پەیمانی بەغدا و رێکەوتنامەی جەزائیر) کە لەڕێیانەوە ویستیان گەلی کوردستان بێ نیشتمان بمێنێتەوە.



پاشماوەی بارەگای بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی لاوان لە ئەمانەتی گشتیی رۆشنبیری و راگەیاندن و لاوان


وێنەکە ساڵی ١٩٩٥ گیراوە



دەربەند رایات، زستانی ساڵی ١٩٧٥ بارەگای بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی لاوان، لە راستەوە: جەمیل مەحمود بەگ، یوسف مەولود قەساب، فەرهاد عەونی، سیروان عەبدوڵڵا سەعید، مەجید ئاسنگەر، زرار مەولود قەساب، نەژاد عەونی



شنۆ، هاوینی ساڵی ١٩٧٤، دارا تۆفیق لە کاتی هاندانی یاریزانانی هەڵبژاردەی تۆپی پێی کوردستان



شنۆ، پایزی ساڵی ١٩٧٤

پاش بەکۆتاهاتنی یاریی نێوان هەڵبژاردەی کوردستان و تیپی ئازەربایجانی رۆژئاوا




تیپی هەڵبژاردەی کوردستان، کە لە ساڵی ١٩٧٤ لەنێو شۆڕشدا درووست بوو لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی لاوان

ئەم وێنەیە ڕۆژی ١٩٧٤/٩/٢٣ گیراوە

ناوی یاریزانانی هەڵبژاردەی کوردستان:

**ڕاوەستاوان لە ڕاستەوە:**

**مامەند ڕەمەزان، هەڵێن فەتاح، سەباح میرانی، ساڵح محەمەد شەریف، نەجاح دەروێش، مەجید میرخان، جەمال قەرەداغی (ڕاهێنەر)**

**دانیشتووان لە ڕاستەوە:**

**عادل شاکر، کانەبی محەمەد، ئەسعەد عەلی، عەلی حەسەن، دارا جەمیل**

## لاواندنەوەیەك بۆ سێ وێستگەی ژیانم كە تێیاندا ماڵ و كتێبخانە و بەڵگەنامە و بڕوانامەكانی منداڵەكانم و ئەرشیڤەكەم تالآن كران و فەوتان

پێش دەستكردن بەنووسینی ئەم بابەتە زۆر دوودڵ بووم، لەبەر زۆر هۆی جۆراوجۆر، هەندێكیان شەخسی و هەندێكیان گشتین، لەپێشیانەوە لەترسی ئەوەی نەوەك هەندێ كەس وا لێكی بدەنەوە كە دەچێتە خانەی بابەتە تەواو شەخسییەكان و بڵاوكردنەوەی هیچ سوودێكی نیە. یان رەنگە هەندێ بەوە لێكی بدەنەوە مەبەستم لە تۆماركردنی سەرنجڕاكێشان و خۆدەرخستن بێت لە دیمەنی قوربانیدا لەكاتێكدا كوردستان و گەلەكەی نزیكەی چوار دەیەیە دووچاری كاولكاری و ماڵوێرانی بووەتەوە و بەدەگمەن كەسێك لە رۆڵەكانی دەبینیت چیرۆك یان پشكێكی لەم كاروانە تراژیدییە لە سێیەكی كۆتایی سەدەی بیستەمدا نەبێت، لەكاتێكدا خەڵكانیتر لە زەویی فراوانی خوادا لە ژیانێكی بەختەوەر و سەقامگیر لە یاساسەروەری و پاراستنی تاك و رێزگرتنی را و رای جیاواز بەهرەمەندن، بەبێ ئەوەی كەس بەهۆی بیروبۆچوونی سیاسیەوە تووشی زەحمەتی و نەهامەتیی شەخسی ببێت.

لێرەدا مۆڵەت لە خوێنەری ئازیز دەخوازم و پێشوەخت دەمەوێت بڵێم کە من پەشیمان نیم لەوەی بەهۆی قەناعەتی ویژدانی و سیاسییەوە دووچاری بووم، کە لانیکەم سێ جار تووشی فەوتانی کەلوپەلی ماڵ و کتێبخانەیەکی ئاوەدان و ئەرشیفی وێنە و دەفتەری بیرەوەری و شتی شەخسی بووم لە ماوەی کەمتر لە سێ دەیە و نیودا، چونکە من بەقەناعەتی تەواومەوە ئەو ڕێگەیەم هەڵبژاردوە و هێشتایش بەردەوامم، بۆ بەشداریکردن لە چوارچێوەی خەباتێکی میللیدا و بەکۆششێکی زۆر لەخۆبوردە، کە ئەوە هەرگیز بە دڵۆپێك خوێنی مرۆڤێك بەراورد ناکرێت، کە بەنرخترین شتی خۆی کە ژیانە کردۆتە قوربانی لەپێناو بەختەوەریی گەلەکەی و سەربەستیی نیشتمانەکەیدا، جارێکیتر داوای لێبوردن دەکەم.

ڕۆژێکی بەهاری ساڵی ١٩٩٥ لەکاتێکدا لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەم کە پێکهاتبوو هاوڕێی ژیانم (پەروین) و ڕێکانی کوڕم و لانەی کچم، خەریکی دەمەتەقێ بووین لەژێر کاژەکانی سرووشتییەکانی ناوچەی زاویتەدا، کە وەك زێدێکی ڕەسەنی خۆیان لەو ناوچەیە زۆرن، لە سێگۆشەی ڕێگەی نێوان هەولێر-دهۆك-ئامێدی لەلای شاری دهۆکەوە، کە دووەم پاشای عێراق مەلیك غازی (١٩١٢-١٩٣٩) پاش مردنی مەلیك فەیسەڵی یەکەمی باوکی لە شوێنێکی زۆر دڵگیر و پڕ داری بەتەمەن و هەمیشە سەوزدا خانوویەکی پشوودانی خۆی دروستی کردبوو، تا هاوین یان زستان سەردانی بکات و تێیدا بحەوێتەوە و چێژ لە جوانییە دڵڕفێنەکەی و سرووشت و هێمنییەکەی وەربگرێت. لەکاتێکدا لەو شوێنەی باخچەی خانووی پشوودانەکەدا دانیشتبووین کە ئێستا بووەتە چێشتخانە و گازینۆیەك لەلا ڕاستی ڕێگەکە کە لەلای هەولێرەوە بێیت بۆ دهۆك، لانەی کچم پرسیاری لێ کردم کە ئاخۆ مەبەستم چی بوو لەوەی شەوی ١-٢ی کانوونی دووەمی ١٩٩٥ بەڵێنم پێ دا بۆ نووسین لەبارەی ئەو ڕووداوانەی هاوسەردەمیان بووم کاتێك لە سەروەختی خولی دووەمی شەڕی ناوخۆ لە هەولێر لە ناوەڕاستی کانوونی یەکەمی (١٩٩٤)، لەگەڵ چەند هەڤاڵێکیتر کە لە

ریزەکانی راگەیاندنی پارتیدا کاریان دەکرد، لە بارەگای حزبی شیوعیی کوردستان بووین لە شاری هەولێر، کە بەهۆیەوە ناچار بووین لە سەرەتادا روو بکەینە بینای هۆتێل شیراتۆن بۆ درێژەدان بە کاروانی راگەیاندنی پارتی، پاشان گواستمانەوە بۆ بینای بارەگای حزبی شیوعی کوردستان کە ئەوکاتە بەرامبەر باڵەخانەکەی ئوتێل شیراتۆن بوو وەك پەنابەر، شەوەکەی و نزیکەی کاتژمێر دوازدەی شەو لەڕێی ئەو تەلەفۆنەی لە نهۆمی خوارەوەی بینایەکەدا بوو پەیوەندیم کرد بەهۆی ئەو تەلەفۆنە ئەرزییەی کەوا لە ژووری خوارەوە بوو، کە پاش پچڕان و شڕبوونی کێبڵی تەلەفۆنەکان بەهۆی شەڕە تەقەوە، تاکە ئامرازی پەیوەندیکردن بوو بەجیهانی دەرەوەی بینایەکە، لەوێوە تەلەفۆنم بۆ ئەو ماڵە خزمە کرد کە خێزانەکەم پاش توندبوونی شەڕ و چۆڵبوونی هەولێر لە بوونی هەر هێزێکی چەکداری پارتی جگە لە بارەگای لقی دووی پارتی و بینای هۆتێل شیراتۆن، چوونە ماڵیان، کە ئێمە پاش بەجێهێشتنی بینای دامەزراوەی رۆژنامەوانیی (برایەتی و خەبات) کە ماڵەکەمان لەتەنیشتی بوو چووینە هۆتێل شیراتۆن. پەیوەندیم کرد تا دەنگوباسیان بپرسم و لێیان دڵنیا ببم، ئەوکاتە کچەکەم (لانە) کە تەمەنی دوازدە ساڵ بوو بەعەفەویەتی خۆی پرسیاری کرد: (ئایا رۆژێك شتێك لەبارەی ئەوە دەنووسیت کە بەسەرمان هات؟ وەڵامم دایەوە زۆر بەدڵنیاییەوە، بەڵێنت دەدەمێ کچی خۆشەویستم). پاش ماوەیەك خێزانەکەمان دوای دەستگرتنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەسەر هەولێردا لە هاوینەهەواری سەلاحەدین جەم و جۆر بووینەوە، کچەکەم جارێکیتر کاتێك لە چێشتخانە و گازینۆی زاویتە دانیشتبووین و زۆرمان نەمابوو بگەینە دهۆك بۆ چارەسەرکردنی لانە کە تووشی کێشەیەکی تەندروستی بووبوو، ئەو بەڵێنەی یاد خستمەوە کاتێك لە بینای بارەگانی حزبی شیوعی بووم پێم دا کە لەبارەی ئەو رۆژانە بنووسم.

یاداوەری گێڕامیەوە بۆ هەندێ وێستگە کە پێشتر پێیاندا تێپەڕیوم لە هەردوو ساڵی ١٩٦٣ و ١٩٧٤، تێیاندا وەك خێزانێك ئەوەمان بەسەردا هات کە بەسەر زێکان و لانەدا هات لە لەدەستدان و فەوتانی جوانترین و بەنرخترین ئەو شتانەی پاراستبوونیان، لە ئەلبوومی وێنەی تایبەت بەهەر قۆناغێکی تەمەنیان و بڕوانامەکانی قوتابخانە کە لە تۆمارێکی گەورەدا رێك خرابوون لەگەڵ وێنەیەکی قەبارە مامناوەند کە لکێنرابوو بە لاپەڕەی بەرانبەری بڕوانامەی هەر ساڵێك لەو ساڵانەوە، چونکە کردبووم بە نەریت هەرکات بڕوانامەی قوتابخانەیان لە کۆتایی هەر ساڵێکی خوێندن وەربگرتایە، وێنەیەکی تازەم دەگرتن، ئەمە جگە لەو پارچە یارییانەی لە ژووری هەریەکەیاندا بوون، ئەمەم بیر کەوتەوە و وێستگەی یەکەم، یان وردتر بڵێم یەکەم ئەزموونی سەختم بیر کەوتەوە کە خێزانەکەم ساڵی ١٩٦٣ پێیدا تێپەڕی کاتێك لەگەڵ خێزانەکانیتردا گەڕاینەوە بۆ شارەکەمان کۆیە دوای نزیکەی ساڵێك دابڕان لەئاکامی پەیوەندیکردنمان بەناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕشی کوردەوە پاش توندبوونی شەڕ لە دەوروبەری رێگەی کۆیە–کەرکوك و کۆیە–هەولێر لەلایەن یەکەکانی سوپای عێراق و ئەوەی ناونرابوو هێزەکانی سوارە سەلاحەدین، کە هێزێکی نانیزامیی تازە بوو لەلایەك و هێزەکانی پێشمەرگە لەلایەکیترەوە، کە بەرگری لە کوردستان دەکرد. بڕیارمان دا شارەکە بەجێ بێڵین و رووبکەینە شاری قەڵادزێی خۆڕاگر کە ئەوکات ئازاد کرابوو، ئێمە و نزیکەی حەفتا خێزان ماڵەکانمان بەهەموو کەلوپەلەکانی ناویەوە بەجێ هێشت و هیچمان لەگەڵ خۆمان نەبرد جگە لە چەند بەتانییەك و کەمە کەلوپەلێکی زۆر پێویست، هەموومان خۆمان سپڕاندبووە ناو ئۆتۆمبێلێکی لاندرۆڤەری خوالێخۆشبوو وەستا (سلێمان نەجار)، ئەم چوارەمان (لە کوڕەکان برا گەورەکەم و دوو ئامۆزام و من) لەبەر نەبوونی شوێن لەناوەوە ناچار بووین بچینە سەر سەقفی ئۆتۆمبێلەکە، چونکە باقی ئەندامانی خێزان کە ژمارەیان پازدە کەس بوو خۆیانیان لەناویدا گرمۆڵە کردبوو.

شەوەکە هەر بەڕاستی شەوەزەنگ بوو، خەڵك سەری خۆیانیان بەرەو دۆڵ و گوندە نزیکەکان لە شار هەڵگرتبوو و هیچ باکیان نەبوو بەوەی بەجێیان هێشتبوو، چونکە دەنگۆیەکی بەهێز وەك ئاگری ناو پووش و پەلاش بەناو خەڵکدا بڵاو بوویەوە، کە لەگەڵ بەرەبەیاندا فڕۆکە بۆردومانی کۆیە دەکات چونکە شارەکە لەپاش کودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣وە بوو بە ناوەندێك بۆ هێزەکانی شۆڕشی کورد و سەرکردەکانی و لە ئازاری هەمان ساڵدا کۆنگرە میللییە فراوانە گەورەکە بەسەرکردایەتی بارزانیی نەمر تێدا بەسترا بۆ بڕیاردان لەباری دانوستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی پاش رووخانی حکومەتەکەی فەریق عەبدولکەریم قاسم. کەشوهەوا لەبار بوو بۆ باوەڕکردنی خەڵکی شار بە دەنگۆی بۆردومانکردن، خەڵك بیستبوویان چ بەلایەك بەسەر ناوچەکانیتری عێراق هاتبوو و هێزەکانی حەرەس قەومی کە ئەوکاتە بەمەبەستی دەستگرتن بەسەر شارەکان و پاکتاوکردنی نەیاران پێکهێنرابوو، چ قەسابخانەکاری و ریسواییەکیان ئەنجام دابوو. شوێنەواری نیگەرانیم بە روخساری خوالێخۆشبووی باوکمەوە دەبینی پاش ئازادکردنی لە زیندانی نوگرە سەلمان لە ئازاری هەمان ساڵ بەپێی لیستێك کە پاش هاتنەسەر دەسەلاتی حزبی بەعس لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣، (پ.د.ك) ئامادەی کردبوو، کە سەرەتا لافی ئەوەیان لێ دەدا هاتوونەتە دەسەلات تا چارەسەری کێشەکانی گەلی عێراق بکەن لەپێشیانەوە کێشەی کورد و وەرگرتنی بروسکەیەکی پشتگیری لەلایەن خوالێخۆشبوو ساڵح یوسفی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی (پ.د.ك)ەوە لە کاتژمێرە یەکەمەکانی کودەتاکەدا، کە تێیدا پاڵپشتیی شۆڕشی کوردی لەو گۆڕانەی لە حوکمدا رووی داوە دەربڕی.

رۆژێك پاش ئازادبوونی باوکم لە زیندان لە ژووری پێشوازیی ماڵەکەمان دانیشتبووین و گوێمان لە دەنگوباس لە رادیۆی (پەیکی ئێران)ەوە دەگرت، کە رادیۆیەکی نهێنی بوو بەرنامەکانی لە شاری پراگەوە پەخش دەکرد بۆ هاندان دژی رژێمی شا، پاش هەشتی شوباتیش گۆڕا بۆ ئێزگەیەك بەناوی دەنگی گەلی عێراق دژی

حوكمی بەعسییەکان لە عێراق و ریسواکردنی کودەتا خوێناوییەکە و داواکردن لە کورد کە متمانە بە رژێمی تازە نەکەن، چونکە رۆژێك دێت رژێم جەنگیان لەدژ رابگەیەنێت کە لەچاو هێرشەکەی سەردەمی فەریق قاسمدا زۆر دڕندانەتر دەبێت..

لەوکاتەدا لە باوکمم پرسی هۆی ئەو نیگەرانییە چییە بە روخساریەوە دیارە؟.. بەبێ ئەوەی وشەیەك بڵێت دەستی بۆ پاکەتی جگەرەکە درێژ کرد کە لەسەر مێزەکەی بەردەمی دانرابوو، جگەرەیەکی لێ راکێشا و زۆر بەهێمنی دایگیرساند و پێی وتم: (کاتێك لەگەڵ هەزاران گیراویتر لە زیندانی نوگرە سەلمانی بیابان بووین، زیندانەکە ئەندامی رەوتە سیاسییە جیاوازەکانی تێدا بوو لە شیوعی و پارتی و نەتەوەیی و سەربەخۆ و ژمارەیەکی کەم بەعسی، هەر هۆڵێك لە هۆڵەکانی زیندان ئەو کەسانەی تێدا بوو سەر بە لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو حسێب بوون، جۆرە ئازادییەکمان لەناو زینداندا هەبوو و دەمەتەقێکانی نێوانمان زۆر بەهێمنی بەڕێوە دەچوون، کاتێك کودەتاکە رووی دا هەر لە کاتژمێرە بەراییەکانەوە دۆخەکە پێچەوانە بوویەوە و دۆخی زیندان وای لێ هات بەرگە نەگیرێت، بەچاوی خۆمان بینیمان چی بەسەر گیراوانی شیوعیدا هات، قەت قسەکەی ئەفسەری شیوعی گیراو مەهدی حەمیدم لەیاد ناچێت کاتێك پەلکێشیان کرد بۆ دەرەوەی زیندان، بەدەستی ئاماژەی بۆ ئێمەی کورد کرد کە ریزەکانمان یەك بخەین و متمانە بە کودەتاچییەکان نەکەین، دوای ئازادکرانیشمان لە چوارچێوەی لیستەکەی پارتی و گەڕانەوەم بۆ کۆیە و شەرەفمەندبوونم بەدیداری بارزانی کاتێك پێش ماوەیەك بوو بەمیوان لە کۆیە و سەرۆکایەتیی کۆنگرە میللییە گەورەکەی کرد بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی چۆن گونجاوە مامەڵە لەگەڵ رژێکی دەسەڵاتداری نوێ بکرێت، هەستم بەنائاسوودەیی لە روخساری بارزانیدا کرد لە رێبازی حکومەتی نوێ بەرانبەر کورد و عێراقییەکان، گومانەکەیشی راست دەرچوو، حکومەتی نوێ هیچ نەرمییەکی بەرانبەر چارەسەری کێشەی کورد پیشان نەدا و دەرکەوت تووشی لەخۆبایبوون و ملهوڕی بوون و

جەنگێکی بێئامان دژی کوردستان رادەگەیەنن، باوکم لە درێژەی قسەکانیدا گوتی (من دڵنیام لە ئەنجامەکەی و دەبێت سەدان کیلۆمەتر لە شوێنی بوونی هێزە حکومییەکان دوور بین، چونکە بینیم چییان بە زیندانییانی نوگرەسەلمان کرد و دەبیستین لە باقی شوێنەکانی عێراق چی بە رۆڵەکانی گەل دەکەن).

کاتژمێر چواری بەرەبەیانی رۆژی ٨ی وزەیرانی ١٩٦٣ گەیشتینە قەڵادزێ و شەکەتی بڕینی ماوەی نێوان کۆیە و قەڵادزێ بەشەو کفتی کردبووین، کە بە ئۆتۆمبێلی لاندرۆڤەر نزیکەی پێنج کاتژمێری خایاند و هەندێکمان لە دانیشتن بەدرێژایی ئەو ماوەیە لەسەر سەقفی ئۆتۆمبێلەکە شەکەت بووبوون، چووین بۆماڵی خوالێخشبووی مامم (عومەر حەبیب)، کە ئەوکات دادوەر بوو لە دادگەی قەڵادزێ و پاش دەستپێکردنەوەی شەڕ چووە پاڵ شۆڕش.

دوای چەند رۆژێك لەترسی بۆردومانی فڕۆکەکان رووومان کردە گوندی (هەڵشۆ) لەسەر سنووری ئێران، کە سرووشتی ناوچەکە و جێکەوتی لەنێوان زنجیرە چیاکاندا و لەنزیك سنوور یارمەتیدەر بوون کە خەڵکێکی زۆر بۆ دڵنیابوون پەنای بۆ ببەن. دوای ماوەیەك کە لە دوو هەفتە تێنەدەپەڕی، لەگەڵ مامم سەفەرم کرد بۆ شاری ئازادکراوی (ماوەت)، ئەویش پاش پێکهێنانی دادگەی بەرزی شۆڕش و دەستنیشانکردنی مامم بەسەرۆکی دادگەکە.

پاش هەرەسی حوکمی بەعس لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣، کەشێکی هێمنی باڵی بەسەر بەرەکانی شەڕدا کێشا و عەبدولسەلام عارف ویستی لە شۆڕشی کورد نزیك بێتەوە و شەڕ رابگرێت و نێردە و شاند رەوانە بکات، کە نیەتی حکومەتی عێراقیان دەگەیاند بۆ دەستپێکردنی دانوستانی نوێ و گەیشتن بەرێکەوتنێك وەڵامگۆی داواکانی شۆڕشی کورد بێت، دوای بێنە و بەردەیەکی زۆر هەردوولا گەیشتنە رێکەوتنێك بۆ ئاگربەست لە ١٠ی شوباتی ١٩٦٤.

لەئاكامی ئەوەدا ئەو خێزانانەی پەیوەندییان بەشۆڕش و ناوچە ئازادكراوەكانیەوە كردبوو كەوتنە گەڕانەوە بۆ شوێنەكانی خۆیان، ئێمە لەناو كۆتا كاروانەكاندا بووین كە گەڕاینەوە كۆیە لە ناوەڕاستی نیسانی ١٩٦٤، كاتێك گەیشتینەوە شاری كۆیە كات عەسر بوو و رووومان كردە ماڵە كۆنەكەمان لە گەڕەكی بفرقندی كە تا كۆتاییەكانی ١٩٥٨ تێیدا ژیاین پێش لەوەی بگوێزینەوە بۆ خانووە نوێیەكە، كە باوكم لەسەر رووبەری نزیكەی دوو هەزار مەتر دووجا لە ناوەڕاستی بێستانێكدا دروستی كردبوو، كە بە دەیان داری هەنار و سێو و مێوی تێدا بوو لە دەرەوەی سنووری شارەوانی لەتەنیشت ماڵی خوالێخۆشبوو كاكە زیاد ئاغا غەفووری... بەڵام ئەی بۆچی نەچووین بۆ ماڵە تازەكەمان و لەباتی ئەوە چووین بۆ ماڵە كۆنەكە كە بەكرێمان دابوو؟ لەبەر ئەوە بوو پێش گەڕانەوەمان بۆ كۆیە دەمانبیست چ نەهامەتی و كوێرەوەرییەك بەسەر خەڵكی كۆیەدا هاتووە، كە بەدرێژایی مێژووی خۆی كەم شتی وای بەخۆوە دیوە، خەڵكانێكی مەدەنی بەبەستراوەیی بەستوونی كۆنكریتییەوە گوللەباران كران، نەك لەبەر ئەوەی تاوانێكیان كردبێت، بەڵكو بۆ زیاتر تۆقاندنی شارەكە. كۆیە بەدرێژایی هەژدە مانگ، لەوكاتەوە هێزەكانی سوپای عێراق هاتنە ناوی تا گەیشتن بە رێكەوتنی ئاگربەست لەگەڵ حكومەتی عێراق، بەدەست دێوەزمەیەكی رەشەوە دەینالاند، خەڵك بەكۆمەڵ رەشبگیر دەكران، رۆژانە لەسێدارە دەدران، ئەو ماڵانەی خاوەنەكانیان شاریان بەجێ هێشتبوو تالان دەكران.

تامەزرۆی بینینی خانووە تازەكەمان بووم، لە زیاتر لە كاتژمێرێك لە خانووە كۆنەكەدا نەمامەوە، كە موفاجەئەیەك چاوەڕوانی دەكردم قەت لەبیرم ناچێت، ئەویش ئەوە بوو بینیم بێستان و باخچەكەی بەردەم خانووە تازەكەمان گۆڕابوون بۆ زەوییەكی رووتەن، یەك درەختی تێدا نەمابوو، هەرهەموویان لە رەگەوە هەڵكێشرابوون، دیمەنی ماڵەكە ئەوەی دەگەیاند رق و كینە و دڵڕەقی كاری خۆیانیان

کردوە، نە دەرگا مابوو نە پەنجەرە، یەك پارچە لە کاشیی زەوییەکەی بەساغی نەمابوو، تۆڕی کارەبا و ئاو هیچی نەمابوو، هەرچی کەلوپەل و کەرەستەکانی ناو ماڵ بوو، رەنگە خوێنەر باوەڕ نەکات ئەگەر بڵێم مرۆڤ باوەڕی نەدەکرد ئەوماڵە رۆژێك لە رۆژان ئاوەدان بووە، کاتێك سەرکەوتم بۆ ژوورەکەم لە نهۆمی سەرەوەی خانووەکە، کتێبخانە سادەکەم کەوتە بەرچاو کە بە پێنج دینار لە بەکر حەمەدی دارتاشم کڕیبوو، کە لەو کاتەوە لە ساڵی ١٩٦٠ کاتێك چوومە قۆناغی ناوەندی گەشتەکەم لەگەڵ کتێب دەست پێکرد، زۆر شانازیم پێوە دەکرد، هەروەها شوێنی ئامێری موسەجەلەکە لە جۆری (کرۆندیك)ی ئەڵمانی بوو و بەکرەی سووڕاوی هەبوو و لەسەر تەپڵەکێك لەتەنیشت کتێبخانەکە دانرابوو، هەروەها شوێنی قەرەوێڵەی خەوتن و وێنە هەڵواسراوەکانی سەر دیواری ژوورەکە و دۆلابە دوو دەرگاکەی جلەکان. لەپڕ دوو ئەلبوومەکەی وێنەکانم بیر کەوتەوە کە وێنەکانی سەردەم منداڵی و وێنەی چالاکییەکانی قوتابخانە و وێنەی هەندێ دیمەنی جەژنەکانم تێیاندا کۆکردبووەوە، کە نەریتمان وابوو لەو بۆنانەدا وێنەمان دەگرت. کاتێك تەماشای راست و چەپم کرد و زانیم تووشی چ چارەنووسێکی دڵتەزێن بوون، حەپەسام و لەبەر خۆمەوە نەفرەتم لە دوژمنانی کورد و کوردستان  کرد تا رۆژی قیامەت. بەدڵشکاوی ماڵەکەم بەجێ هێشت، چەندە ماڵەوەمان پێداگرییان کرد لەداخدا نانی ئێوارەم پێ نەخورا.

دوای یازدە ساڵ لەو دیمەنە، جارێکیتر بیرم کەوتەوە کە (هاوسەرەکەم و من) ژووری فەرمانبەری هاتووەکان (واریدات)مان لە وەزارەتی ئابووریی شاری بەغدا بەجێ هێشت کاتێك سەردانی وەزارەتی ناوبراومان کرد، ئەویش پاش ئەوەی بەناچاری گەڕاینەوە بۆ نیشتمان دوای ئەو نسکۆ شوومەی لەئاکامی رێکەوتنامەی خیانەتکارانەی جەزائیر لە شەشی ئازاری ١٩٧٥ بەسەر شۆڕشی کورددا هات، کە چەندین لایەن و دەوڵەت لەڕێی پیلانێکی کەم وێنە لە ژیانی گەلان شۆڕشەکانیاندا بەشدارییان لە ئامادەکردنیدا کرد، دژی شۆڕشێکی نەتەوەیی لاو کە پیاوێك

سەرکردایەتی دەکرد بووبوو بەئەفسانە، ئەویش بارزانیی نەمر بوو، کە یەکەم پشتی بەخۆی و گەلەکەی و چیاکانی و پاشان بەو بەڵێنانە بەست کە لەلایەن گەورە بڕیاربەدەستانەوە لە چوارچێوەی (سیاسەتێکی نائەخلاقییانە بەرانبەر کورد)دا بوو بەتەڵەیەك، وەك کیسنجەری وەزیری دەرەوەی پێشتر خۆی ئەمەریکا دانی پێدا نا. ئەوکات پێیان وتین ئەوانەی (دەگەڕێنەوە بۆ ریزی نیشتمانی)، کە ئەوە دەستەواژەیەك بوو بۆ ئەوانە بەکار دەهات ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندییان بەشۆڕشی کوردەوە کرد و پاش نسکۆکە گەڕانەوە بۆ عێراق، مافیان پارێزراو دەبێت و بڕیارێکیش لەوبارەیەوە لە حکومەتەوە دەرچوو بۆ گێڕانەوەی موڵك و سامانە گوێزراوە و نەگوێزراوەکان بۆیان، لەبەرئەوە ئێمەیش سەردانی فەرمانگەی تایبەتمەندمان لە بەغدا کرد چونکە من ئەوکاتە ماڵم لە بەغدا بوو بەهۆی کارم لە بەغدا وەکو بەڕێوەبەری رۆژنامەی التاخی و برایەتی، کە بەڕێوەبەرایەتیی واریدات بوو لە وەزارەتی ئابووری. کاتێك چووینە ژووری فەرمانبەری پەیوەندار بینیم سێ فەرمانبەر لەپشتی مێزەکانیانەوە دانیشتوون، راستەوخۆ چووین بۆ لای ئەوەیان لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا بوو و لە دەیەی پێنجەمی تەمەنیدا بوو، چاویلکەیەکی پزیشکی لەچاودا بوو، بەڕاست و بەچەپدا قسەی ئاراستەی دوو هاوڕێکەی دەکرد، وادیار بوو بەڕێوەبەری بەش بوو لەو فەرمانگەیەدا، وەك نەریت سڵاوم لێ کرد، بەڵام وەڵامم وەرنەگرتەوە و ئەم گفتوگۆیە لەنێوانماندا رووی دا:

**بەڕێوەبەری بەش:** بێ هیچ پێشەکییەك گوول شترید (بڵێ چیت دەوێت)؟

**من:** پێش چەند رۆژێك بڕیار دەرچووە بۆ گێڕانەوەی موڵك و سامانی ئەو کوردانەی لەکاتی شەڕدا پەیوەندییان بە شاخەوە کردوە، زۆر کەس هاتوون بۆ لات، بەشێکیان کلیلی خانووەکانیان وەرگرتۆتەوە و بەشێکیتریان کەلوپەلەکانیان وەرگرتۆتەوە بەپێی ئەو لیستانەی لەلایەن فەرمانگەکەتانەوە ئامادە کراون.

**بەڕێوەبەری بەش:** ناوت؟

**من:** ناو و ناونیشانی خۆمم پێگوت.

**بەڕێوەبەری بەش:** تەکانی دا لیستێکی لە یەکێك لە چەکمەچەکانی مێزەکەی دەرهێنا، پێش لەوەی تەماشای بکات جگەرەیەکی داگیرساند و تەماشایەکی کردم وەك ئەوەی بیەوێت پەلاماری نێچیرێك بدات.. پاشان گاڵتەکردنێکی ئاشکراوە وتی: (جەنابت پەیوەندیت بە بزوتنەوەی یاخیبوونەوە کردبوو؟!).

من: لەوکاتەدا هاوسەرەکەم بەکلی چاوی ئاماژەی دامێ کە ئەعسابی خۆم جڵەو بکەم، میش زۆر بەهێمنی خۆمم گرت.. بەڵێ.

**بەڕێوەبەری بەش:** راستە وتویانە (هم نزل وهم یدبج فوك السطح) هەم کرێچی و هەم لەسەر سەربانیش هەڵدەپەڕێت!! ئینجا وتی: لە بەغدا دەژی، سەربەرز و رێزلێگیراو مووچە لە حکومەت وەردەگرێت، کەچی دوایی چەك دژی حکومەت بەرز دەکاتەوە، ئەفەندی ئەمڕۆیش هاتووە داوای قەرەبوو دەکات، ئەی بابە زەمانە بەکوێ گەیشتووە؟!

ئەو برادەرە لە موحازەرە بەدفەڕەکەی بەردەوام بوو وەك ئەوەی یەکێك بووبێت لە سەرکردەکانی ئەو شەڕانەی لە ماوەی نێوان ئازاری ساڵی ١٩٧٤ بۆ ئازاری ساڵی ١٩٧٥ روویان داوە.

لەو کاتەدا فەرمانبەرێك لەتەنیشتی دانیشتبوو، زۆر بەئەدەبەوە هاتە ناو بابەتەکە و بەبەڕێوەبەری بەشەکەی وت: (باوکی فلان ئەم هاوڵاتییە هاتووە پرسیار لە ناوەرۆکی ئەو بڕیارە دەکات کە پێش ماوەیەك لە بەرژەوەندیی ئەوانەی گەڕاونەتەوە بۆ ریزی نیشتمانی (عائیدون) دەرچووە، ئەوەیش راستە، لیستێکمان لەلایە بەناوی

**ئەوانەی بەفەرمانی لایەنی تایبەتمەند ماڵ و موڵکیان دەستی بەسەردا گیراوە، چاوگێڕانێك بەو لیستەدا دەمانگەیەنێتە ئامانجی داواکراو).**

**بەڕێوەبەری بەش لەکاتێکدا لیستی داواکراوی رادا لە فەرمانبەری پەیوەندار بەو بابەتە، پێی وت: (فەرموو بگەڕێ بۆ ناوەکە). فەرمانبەری بەشەکە لیستەکەی وەرگرت و چاوی پێدا گێڕا، دوای ماوەیەکی کورت پێی وتم: ناوەکە هەیە و فەرمانەکانی دەستبەسەرداگرتن هەن، بەڵام هیچ موڵکێك لە لیستە هاوپێچەکاندا بەناوی تۆوە تۆمار نەکراوە.**

**ئەوکاتە زانیم بێنە و بەردەکردن لەگەڵیان سوودی نیە، لەگەڵ هاوسەرەکەم (دایکی رێکان) ژووری فەرمانگەی ناوبراومان بەئاراستەی شەقامی گشتی بەجێ هێشت، پێشنیارم بۆ کرد بچین بۆ گازینۆی لقە سەرەکییەکەی بازاڕەکانی ئۆرزدی باك لە شەقامی رەشید، ئەو گازینۆیەی لە بەشی باشووری نهۆمی دووەمی ئەو بازاڕانەدا بوو و ساردەمەنی پێشکەش بەو خەڵکانە دەکرد، کە پاش بازاڕکردن و کەلوپەل کڕین حەزیان دەکرد لەوێ دابنیشن و چێژ لە دیمەنێکی جوان ببینن بە سێ رووکارە شووشەییەکەیەوە کە بەسەر رووباری دیجلەدا دەیڕوانی، ئەو رووبارەی جەواهیریی مەزن رۆژێکیان لە قەسیدەیەکی نایابدا بەم شێوەیە دەیدوێنێت:**

**حييت سفحك عن بعد فحييني**

**يا دجلة الخير يا ام البساتين**

**حييت سفحك عن بعد ظمانا الوذ به**

**لوذ الحمائم بين الماء والطين**

**يا دجلة الخير يا نبعا افارقه**

**على الكراهة بين الحين والحين**

لەبەرئەوە ویستم لەگەڵ خێزانەکەم بچین بۆ گازینۆی ئۆرزدی باك تا لەڕووی دەروونییەوە هەندێ پشوو بدەین، پاش فەوتانی ئەوەی لە ساڵی (١٩٧٣)وە بەیەکمانەوە نابوو لە کەلوپەلی ناوماڵ بۆ ڕێکخستنی ماڵی هاوسەرداری، ئەمە جگە لە شتی ئەنتیکە (مقتنیات)ی جوان، کە لە پایتەختی هەندێ وڵاتی ئەوروپی و عەرەبی کڕیبوونم لەکاتی گەشتەکانمدا بۆ دەرەوەی عێراق لە چوارچێوەی شاندەکانی قوتابیان و لەکاتی کارکردنی ڕۆژنامەوانیم لە ڕۆژنامەی (التاخی). مەراقم شت کڕین بوو، کە ئەوە خوویەکە بەردەوام لەگەڵمدا بووە و ناخۆشبەختانە تا ئێستایش.

کاتێك لە سووچێکی گازینۆکەدا دانیشتین پێکەوە بیرمان لەوە دەکردەوە لەکاتی دەزگیرانداریدا چەند جار سەردانی ئەو گازینۆیەمان کردوە، کە سەرەنجام بەهاوسەرگیرییەکی سەرکەوتوو و پێکەوەنانی ماڵێك کۆتایی هات لە شەقامی ٢٥ لە شاری ئەفسەران (زەیونە) لە بەری ڕەسافە، کە نووسابوو بەماڵی لیوا روکن ساڵح زەکی تۆفیق و بەرانبەر ماڵی عەقید نامیق عەبدوڵا حەوێزیەوە، مانگ و نیوێك پێش پەیوەندیکردن بە شۆڕشی کوردەوە لە ئازاری ساڵی ١٩٧٤، کە بەهۆیەوە هەرچی هەمانبوو فەوتا و تەنانەت بەڵگەنامە ڕەسمییەکانی وەك ناسنامەی باری شارستانی و ڕەگەزنامەی عێراقی و تەنانەت ئەلبوومەکانی وێنەکانیشم ڕزگاریان نەبوو، کە جوانترین وێنەکانی سەردەمی خوێندنی زانکۆ لە بەغدا، گەشتەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و چالاکییەکانی قوتابیان و فیستیڤاڵی دەیەمی قوتابیان و لاوان لە بەرلین هاوینی ساڵی ١٩٧٣یان تێدا بوو، ئەمە جگە لە ئەلبوومی تایبەت بەئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەمان، کە ئەوە لەڕووی دەروونییەوە کاریگەریی خراپی کردە سەرم، بەشێوەیەك هەرکات کاڵایەکی گرانبەها بکڕم یان وێنەیەك لە بۆنەکاندا بگرم یادم دەکەوێتەوە.. کاتێك پێکەوە باسی ئەو شتانەمان دەکرد روویان دا تێبینیم کرد خێزانم زۆر بێتاقە، بەتایبەت کە ئەو پاش ئەو نسکۆیەی تووشی شۆڕشی ئەیلوول بوو ساڵی ١٩٧٥ حەزی نەدەکرد بگەڕێینەوە بۆ عێراق (هۆکانی گەڕانەوەم لە

ئەڵقەیەك لە ئەڵقەکانی (لە یاداوەرییەوە) باس کردوە)، ئەوکاتە هەستم بەحاڵەتەکە کرد و بەخۆمم وت ئایا فەوتانی ماڵ و موڵکی مرۆڤ ئەوە دەهێنێت کار لە ورەمان بکات، بەتایبەت کە ئێمە بەهۆی پیلانێکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیی قیزەونەوە شۆڕشێکمان لەدەست داوە کە تەمەنی چواردە ساڵ بوو، لەبەرئەوە لەدەستدانی کەلوپەل و شمەکی ناوماڵ چەندە گرانبەهایش بن ناکەنە دڵۆپێکی بچووك خوێنی شۆڕشگێڕێکی کورد، کە لەپێناو بەختەوەریی گەلەکەی و ئازادیی نیشتمانەکەیدا بەخشیویەتی، ئەنجا ئارام بوومەوە و بەهاوسەرەکەمم وت (سەرلەنوێ خۆمان دروست دەکەینەوە) و نیوە بەیتێکی قەسیدەیەکی شاعیری کۆچکردووی تورك نازم حیکمەتم بیر خستەوە، کاتێك لە کونجی زینداندا بوو روو بە (منور)ی هاوسەری دەڵێت: (جوانترین رۆژەکان هێشتا نەهاتوون!).

دوای چەند رۆژێك گەڕاینەوە بۆ شارەکەم کۆیە، باوکم ئامۆژگاری کردم لەوێ دابمەزرێم و خانوویەکی سەربەخۆی لە خانووەکانی خۆی لەنزیك ماڵیان و لە هەمان شەقام بۆ تەرخان کردین، لەوکاتەوە گەشتی سێیەممان بۆ سەرلەنوێ پێکەوەنانەوەی ماڵ و کتێبخانەی شەخسی دەستی پێ کرد، وامان پێ باش بوو هەر لە کۆیە دوور لە رووناکی بژین و بەدەگمەن بەجێمان دەهێشت، مەگەر لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان یان سەردانی هاوڕێیانی دڵسۆز و بەوەفا. خۆمان بەخوێندنەوەی کتێب و گۆڤار و رۆژنامە و بایەخدان بەباخچەی ماڵ و گوێگرتن لە دەنگوباس تا درەنگانی شەو و چاودێریکردنی منداڵەکانمان رێکانی کوڕم و لانەی کچمەوە خەریك دەکرد، ئەم حاڵەتە نزیکەی شازدە ساڵی خایاند، تا راپەڕینە پیرۆزەکەی ساڵی ١٩٩١ رووی دا و بەو هۆیەوە جارێکیتر چوومەوە ناو ریزەکانی پارتی، کە سێ دەیە و نیو بوو لە هەست و ویژدان و هەڵسوکەوتم دوور نەبوو، سەرکردایەتیی (پ. د. ك) پاش کۆنگرەی یازدەیەم، کە یەکێك بووم لە کاندیدە هەڵبژێردراوەکانی شاری کۆیە لە کۆنگرەدا، لە ١٩٩٣/١٠/٢٦ شەرەفی سەرنووسەریی رۆژنامەی رۆژانەی (برایەتی) پێ

بەخشیم، بەحوکمی وەرگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییەیش گواستمەوە بۆ شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان و خانوویەکی تەنیشت بینای رۆژنامەکەمان کردە ماڵمان و لەگەڵ خۆماندا هەرچی کەلوپەلی ناوماڵ و کتێبخانە، کە بەدرێژایی ئەو ماوەیەی پاش نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ لە کۆیە پێکمانەوە نابوو، لەگەڵ خۆمان بردنمان. بەخەیاڵماندا نەهات جارێکیتر و لەسەر دەستی براکانی خۆمان تووشی تالآن و فەرهوود ببینەوە، کە ئەوە ئازارەکەی لەسەر دەروونمان بەسوێتر و سەختتر بوو. پاش ماوەیەك لە هێمنیی رێژەیی، هەوڵەکان بەو ئاراستەیە کاریان دەکرد ئەوەی لە خولی دووەمی شەڕی نەگریسی ناوخۆدا تووشی ناوچەی سلێمانی و هەندێ قەزای پارێزگەی کەرکوك و شاری کۆیە هات، شاری هەولێر تووشی هیچ هەژانێك نەکات، بەڵام لەگەڵ سەرەتای کۆتا مانگی ساڵی ١٩٩٤دا جارێکیتر هەوری شەڕ و کوشتار ئاسمانی کوردستان تەڵخ کرد.

ئێمە لە رۆژنامەی برایەتی بەپێی رێنماییەکانی سەرکردایەتیی پارتی هەوڵمان دەدا بەپێی توانا دۆخەکە هێور بکەینەوە، بە تیشك خستنە سەر هەوڵ و کۆششە ئاشتیخوازانەکان کە لێرە و لەوێ بەئومێدی گەیشتن بەئەنجامێك هەردوولا رازی بکات، دەدران، بەڵام وەك دەوترێت (با بەدڵی کەشتییەکان هەڵناکات)، لەگەڵ ئەوەیشدا گەشبین بووین هەولێری پایتەخت لە هەر دەستدرێژی کردنە سەرێك سەلامەت دەبێت، باوەڕمان نەدەکرد رق و کینە دەستی بگاتە پیرۆزییەکانی گەلەکەمان و هەولێر ببێتە ئامانجی خولی دووەمی ئەو شەڕی ناوخۆیە. لەگەڵ ئەوەیشدا ئێشکگریی شەوانەمان بۆ کارمەندانی رۆژنامە دانا بۆ بەدواداچوونی هەوڵە خێرخوازییەکان و کۆششەکانی پەرلەمانتارانی پەناگرتوو لە تەلاری پەرلەمان، کە ژمارەیان ٥٩ پەرلەمانتار بوو لە کۆی ١٠٥ پەرلەمانتار بۆ رێگرتن لە پەرەسەندنی رووداوەکان بەرەو خراپتر. لە بەرەبەیانی رۆژی ٢٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٤ لەکاتێکدا لە نووسینگەکەم بووم لە بینای رۆژنامە و هەڤاڵم بەڕێوەبەری نووسین (کاك

ئەسعەد عەدۆ) لەلا بوو، لەپڕ شۆفێری ئۆتۆمبێلی دابەشکردنی ڕۆژنامەکە لە شاری هەولێر بەهەڵەداوان خۆی کرد بەژوورەکەمدا و زانیم ژمارە چاپکراوەکانی ژمارەی ئەو ڕۆژەی ڕۆژنامەی (برایەتی)، ژمارە (٢١١٥) لە ١٩٩٤/١٢/٢٥ بەئاشکرا سووتێنراون، پاش ئەوەی چەند چەکدارێك ئۆتۆمبێلەکەی ڕۆژنامە و شۆفێرەکەیان پەلکێش کردوە بۆ بەرانبەر بینای (بانکی هەرێم) نزیك لە مزگەوتی شێخی چۆلی و پاشان بەستە ڕۆژنامەکان کە ١٥٠٠ دانە بوون براونەتە ناوەڕاستی شەقامەکە و بەبێ هیچ ڕێگرێکی ویژدان و حورمەتی ڕۆژنامەگەری و ڕای گشتی ئاگریان تێ بەردراوە. پاشان دەست بەسەر ئۆتۆمبیلەکەدا گیراوە و براوە بۆ شوێنێکی نادیار و تائێستایش نەدۆزراوەتەوە، شۆفێرەکەی توانیبووی هەڵبێت و خۆی بگەیەنێتە بینای ڕۆژنامە. خێرا دەستەی نووسەران و ستافی ڕۆژنامەکە کۆبووینەوە بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی ئەو کارە ناشارستانییە، ئەوکاتە بڕیار درا چاپی دووەمی چاپ بکرێتەوە کە ئەوە یەکەم هەنگاوی لەو جۆرە بوو لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، ئەوەی بڕیارمان دا کرا، بەڵام لەگەڵ ئەو زەبرەیشدا دەستەی نووسەران پەلکێش نەبوو بۆ هەڵوێستی گرژ، بەڵکو لەسەر ڕێبازی پێشووی خۆی بەردەوام بوو، ئەوە بوو ژمارەی دوای ئەوە، واتە چەند ڕۆژێك پاش ئەو کارەساتە، گەورەترین مانشێتی لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا بەخۆوە بینی لەژێر ناونیشانی (شەڕ لەنێوان براکاندا راگیرا)، بەڵام دەرکەوت ئێمە لە شیوێك و ئیرادەی شەڕ لە شیوێکیتر بوو، ئەوە بوو ڕووداوەکان سات بەسات بەرەو خراپتر پەرەیان دەسەند، ئێمەیش لەبەر زۆریی خاڵەکانی پشکنین و بڵاوبوونەوەی چەکداران لێرە و لەوێ، بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکە گرفتار بووبووین. ئێوارەی ڕۆژی ١٩٩٤/١٢/٢٩ زانیم چەکدارانی لایەنی بەرانبەر دەستیان بەسەر ئەو چاپخانەیەدا گرتووە کە ڕۆژنامەی (برایەتی) و (خەبات)ی چاپ دەکرد، کە موڵکی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، تەکنیکارەکانیان دەرکردبوو و دەستیان بەسەر بڕێکی زۆر لە پێداویستیەکانی چاپکردنی هەردوو ڕۆژنامەکەدا

گرت، که به دەیان هەزار دینار مەزەندە دەکرا. کاتژمێرێك دوای ئەوە سەرجەم ئامرازەکانی پەیوەندیکردنیان لەگەڵ دنیای دەرەوەی بینای هەردوو ڕۆژنامەی (برایەتی) و (خەبات) پچڕان، لە تەلەفۆن و فاکسی ناوخۆیی، بەوە کەوتینە ناو بازنەیەکی تەسکی گەمارۆی سەربازی، سەرەنجام ژمارەیەك لە کارمەندان ناچار بوون لەترسی ماڵ و منداڵیان لەو ڕۆژە سەختانەدا، کە جگە لە زمانی تفەنگ هیچ ئامرازێکیتر بۆ لەیەکتر گەیشتن لە هەولێر نەمابوو، بینای ڕۆژنامەیان بەجێ هێشت. دەوامی ڕەسمی لە فەرمانگەکان پەکی کەوت، قوتابیان لە چوون بۆ قوتابخانە بێبەش بوون، خاوەن دووکان و شوێنە بازرگانییەکان و چێشتخانە و وردە فرۆشان کەوتنە گواستنەوەی شتومەکەکانی ناو شوێن و دوکانەکانیان بۆ ماڵەوە لەترسی تالآن و ڕاوڕووت پاش ئەو ترازانە ئەمنییەی شەوی ٢٩-١٩٩٤/١٢/٣٠ رووی دا.

ئێمە لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەی لە (برایەتی) کارمان دەکرد لە نووسینگەکەی من شەو ماینەوە بۆ دەرکردنی ژمارەی داهاتووی ڕۆژنامەکە، چونکە ئومێدمان هەبوو لە دواین ساتدا کرانەوەیەك روو بدات، شاشەی تەلەڤزیۆن تاکە سەرچاوەی ئاگەداربوون بوو لە دەنگوباس. کاتێك لە کاتژمێر یەك و نیوی دوای نیوەشەو نزیك بووینەوە و پاش ئەوەی بێئومێدی کەوتە دڵمان و هیوابڕاو بووین لە کرانەوەیەکی نزیك، لەگەڵ هەردوو هەڤاڵ زاهیر ڕۆژبەیانی جێگری سەرنووسەر و شەماڵ حەوێزی ئەندامی دەستەی نووسەران ڕێك کەوتین شەو لە ماڵەکەی من بمێنینەوە کە بە بینای ڕۆژنامەکەوە نووسابوو، لەو ڕۆژانەدا کردبوومە نەریت لەنێوان ماڵ و بینای ڕۆژنامەدا هاتوچۆم دەکرد کە لە شێوەی پردێکی ئاسنین و درێژییەکەی دوو مەتر دەبوو، سەربانی بینای ڕۆژنامەکەی لەپشتەوە بەماڵەکەوە دەبەستەوە، بێدەنگی باڵی بەسەر شاری هەولێردا کێشابوو جگە لە بیستنی دەنگی تەقەکردن لێرە و لەوێ، بێئاگا بووین لەو ڕووداوانەی لە دەوروبەرمان دەگوزەران.

کاتژمێر پێنج و نیوی بەیانیی ڕۆژی ١٩٩٤/١٢/٣٠ دەنگی شریخەی تۆپ و تەقەی تفەنگ لەنزیکمان خەبەری کردینەوە، لە ساتێکدا دەژیاین وەك ئەوەی لەناو گەمارۆیەکی توندا بین، تەنیا تفەنگێکی کلاشنکۆفمان پێ بوو هی پاسەوانی بینای ڕۆژنامەکە بوو، هەستم کرد مەترسی لێمانەوە نزیك بووەتەوە، بیرم لە خێزانەکەم کردەوە کە لە هاوسەرەکەم و کوڕ و کچەکەم پێکهاتبوو سەرەڕای (ساسان)ی برام کە ئەو شەوە لە ماڵی ئێمە بوو، بەخۆمم وت چی بکەم؟ چونکە ماڵەکەم ئامانج بوو لەو ڕووەوە نووسابوو بە بینای ڕۆژنامەوە، لەبەرئەوە بەپەلە بڕیارم دا بەهەر نرخێك بووە ڕزگاریان بکەم بەبێ ئەوەی بیانترسێنم، چونکە من لە ڕۆژانی پێشتردا هێندە گەشبین بووم کە کاتێك پوورم لە کۆیەوە سەردانی کردین و ئامۆژگاری کردین وریا و ئاگەداری خۆمان بین و بەشێك لە کەلوپەلی ماڵەکە و ئەلبوومی وێنەکان و دەستنووسی دیوانی شیعرەکانی باوکم بۆ شوێنێکی ئەمینتر بگوێزینەوە، لەسەر ڕەشبینییەکەی لێی تووڕە بووم و سەرزەنشتم کرد، پوورم کاتی خۆی قسەیەکی پێ وتم، کە لەو ساتانەدا لە دەرگای پشتەوە ئەندامانی خێزانەکەم بەڕێ دەکرد و فیشەك بە ئاسمانی ناوچەکەدا پێشبڕکێیان بوو، لە گوێمدا زرینگایەوە کە وتی (شەڕ بەزەیی بە نیەتپاکیدا نایەتەوە، فەرهاد ئاگەداربە و بەزەییت بەخێزانەکەتدا بێتەوە).

کاتێك خواحافیزیم لە ئەندامانی خێزانەکەم کرد کە لەڕێی شەقامێکی فەرعیی پشتەوە لەپشت بینای ڕۆژنامەکە بەرەو ماڵی خزمێك بەڕێم کردن، هەناسەی ئاسوودەییم هەڵمژی و گەڕامەوە بۆ لای هەڤاڵەکانم لەناو ماڵەکەم لە ڕێگای پردە ئاسنینەکەی نێوان ماڵ و باڵەخانەی ڕۆژنامە چووین بۆ ناو بینای ڕۆژنامە، کە چەند کارمەندێك لەوێ چاوەڕوانی بڕیاری منیان دەکرد، لە ماوەی چارەکە سەعاتێکدا فریا کەوتین و ئەوانەی مابوون هەریەك بەجیا چوونە شەقامەکەی پشتەوە و بەرەو شوێنی نیشتەجێبوونیان ڕۆیشتن، تەنیا چوار پاسەوانی بینای ڕۆژنامەکەمان لەگەڵدا مایەوە، کە سوێندیان خوارد تا دوایین دڵۆپی خوێنیان بەرگری لە بینایەکە بکەن، کاتژمێر

یازده و نیو ئیتر بوار بۆ زیاتر مانەوە نەما، چونکە پاسەوانەکان پاشەکشەیان کرد بۆ بینای بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی هەولێر لەنزیك بینای رۆژنامە کە شوێنێکی ستراتیژی هەیە، لەگەڵ ئەوەیشدا نەیاندەتوانی رێگە لەوە بگرن ناوبەناو لە هەر سێ لاوە تەقە لە بینای رۆژنامە بکرێت، پاشان وامان بەباش زانی روو بکەینە باڵەخانەی شیراتۆن–هەولێر، کە دەزگای رۆشنبیری و میدیایی (گوڵان) نزیکەی ساڵێك لەوەوبەر کردبووی بەبارەگای خۆی، لەبەر شوێنە ستراتیژییەکەی و نزیکیشی لە لقی دووی (پ د ك) پەناگەیەکی بەهێز بوو. ئێمەیش لەڕێی شەقامە فەرعییەکانی پشت رۆژنامەوە کشاینەوە. کتێك چووینە ناو باڵەخانەی شیراتۆن، من و جێگری سەرنووسەر و وێنەگری رۆژنامە محیەدین عەزیز، جموجووڵێکی نائاسایی چەکدارانی پێشمەرگەمان بینی کە لەناوەوە و دەرەوەی باڵەخانەکە بوون و سەرقاڵ بوون بەئامادەکاری بۆ بەرگریکردن لە شیراتۆن، ئێمە هەرسێکمان چووینە نهۆمی زەمینی کە پێی دەوترێت ژێرزەمین و هەندێ کادیرانی راگەیاندنی دەزگای (گوڵان)ی تێدا بوو لەگەڵ دەزگاکانی پەخشی رادیۆ و تەلەڤزیۆن، خۆمان خستە خزمەت راگەیاندنی دەزگای گوڵان، کە چ ئەوکات و چ ئێستایش لەلایەن یار و نەیارانیەوە حسابی بۆ دەکرێت.

رۆژی یەکەممان لە ژێر زەمینەکەدا بەسەر برد و بەنووسین و ئامادەکردنی بانگەوازی پێویستەوە خەریك بووین، بەو شێوەیەی لەگەڵ هەلۆیستی ئەوکاتدا بگونجێت و بۆ ئەو مەبەستە رێنماییمان لە مامۆستا محەمەدی مەلا قادر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی وەردەگرت، کە لەو کاتەدا لەگەڵماندا بوو، کاتژمێر پێنجی ئێوارە شەڕە تەقە دەستی پێکردەوە و بینای شیراتۆرن و بینای لقی دووی حزب بوونە ئامانجی سەرەکیی هێرشبەران، لەگەڵ زیاتر داهاتنی تاریکیدا چڕی ئاگربارانەکەیش زیاتر دەبوو، ئێمە ناوبەناو لە ژێر زەمینەکە دەهاتینە دەرەوە بۆ نهۆمەکانیتر تا لەنزیکەوە ببینین چی لە دەرەوە دەگوزەرێت. جارێکیان فەرماندەی ئەو هێزە سەربازییەم بینی کە بەرپرس بوو لە پاراستنی بینای شیراتۆن ئەویش هەڤاڵی

تێکۆشەر (جەمال مورتکە) بوو، کە بینیم تا ئەوپەڕی پلە ورە بەرز، متمانە بەخۆ و لەسەرخۆ بوو، بەتوندی جڵەوی شتەکانی گرتبوو و وەك هەر فەرماندەیەکی سەربازی پرۆفێشناڵ لە مەیدانی جەنگدا ڕێنمایی دەدایە چەکدارانی پێشمەرگە بەبێ ئەوەی بپەشۆکێت، لەکاتێکدا تۆپی عەیار ١٠٦ملم بۆردومانی بیناکەی دەکرد، کاتێك چاوی پێمان کەوت، سەری سوڕما لەوێین، زۆر بەخێرهاتنی کردین و ئامۆژگاری کردین لە بەردەم پەنجەرەکان و شوێنە کراوەکان دوور بکەوینەوە، تا تووشی خراپەیەك نەبین و ڕاشکاوانە پێی وتین: (حەرامە کەستان پێوە بن، کادیری ڕاگەیاندن بەئاسانی ئامادە ناکرێت، ئێوە ئازیزن لای ئێمە).

دوای تەواوبوونی پەخشی تەلەڤزیۆنی و ئێزگەیی شەوی یەکەممان لەگەڵ هەندێ برایانی دیکە کە لەوێ بوون لە یەکێك لە ژووره قایمەکانی نهۆمی پێنجەمدا بەسەر برد. بۆ بەیانییەکەی کە دواین ڕۆژی ساڵی ١٩٩٤ بوو بەپەلە بەدەنگی ئاگرباران بەچەکی جۆراوجۆر بۆ سەر بیناکە لە هەر چوار لاوە بەخەبەر هاتین، بیرم لەوە کردەوە لەم کاتەدا لە سەرتاسەری دنیا چ ئامادەکارییەك دەکرێت بۆ ئەو چەند کاتژمێرەی ماوە لە دواین ڕۆژی تێپەڕبوونی ساڵێك و هاتنی ساڵێکیتر دەکرێت، کە خەڵك بەخۆشییەکی زۆرەوە پێشوازی لێ دەکەن، بەئومێدی ئەوەی ساڵی داهاتوو بۆ مرۆڤایەتی لە ساڵی ڕابردوو پڕ بەختەوەریتر بێت.

کاتژمێرەکانی ڕۆژ یەك لەدوای یەك بەقورسی تێدەپەڕین، ڕەنگە باری دەروونی کاریگەریی گەورەی هەبووبێت لەسەر ئەوەی تێیدا بووین، کە لەناو بینای شیراتۆندا نیمچە گەمارۆ بووین، کە ئومێد هەبوو هۆتێلەکە بەچەند نهۆمەکەی و شوێنە تایبەتەکەیەوە لە ناوەڕاستی هەولێری پایتەخت ببێتە رووکارێکی گەشتیاری، لەباتی ئەوەی ببێتە ئامانجی تۆپ تەقاندن و کارامەیی نیشانپێکە تفەنگ بەدەستەکان و کۆمەڵێك گرووپە هەرچی و پەرچی و پێ خاوسەکان، کە هیچ خەمێکیان نیە جگە لە

چاوەڕوانکردن تا دەرفەت بەتەواوەتی دەڕەخسێت، جا هەڵبکوتنە سەر نیچیرەکە و ئەوەی پێیان هەڵدەگیرێت تالآنی بکەن. کاتێك تاریکی باڵی بەسەر شاردا کێشا، هیچ رووناکییەك نەما، چونکە بەهۆی بۆردومانی چڕەوە کێبڵەکانی کارەبا پچڕان، بەڵام دەزگاکانی پەخشی رادیۆ و تەلەڤزیۆنی دەزگای (گوڵان) بەهۆی ئەو موەلیدە کارەبایەی لە ژێر زەمینی بینایەکەدا بوو هەر کاریان دەکرد، ئێمە لەوێ بووین و لەگەڵ کارمەندان لەڕێی کەناڵە تەلەڤزیۆنییە بیانییەکانەوە تەماشای ئەو شایی و ئاهەنگە جوانانەمان دەکرد کە لە شار و پایتەختەکانی جیهان بەبۆنەی هاتنی یەکەمین ئاماژەی ساڵی نوێوە ساز دەکران، بەخەیاڵمدا نەهات و رەنگە چاوەڕوانی ئەوەشم نەکردبێت کە لەو ساتانەدا (سەردانیکەرانی شەو) (زوار الليل) بەناو ژوورەکانی ماڵەکەمدا دەگەڕێن و بەپشتبەستن بە تیشکی رووناکیی سووتاندنی کتێبەکانم ئەوەی گرانبەها و کێشی سووکە دەیدزن، پاشان لەگەڵ گزنگی بەرەبەیانیشدا بەدوو ئۆتۆمبێلی لادا و پیکاب تویۆتا چییان پێ گوێزرایەوە گواستیانەوە، وەك دراوسێییەکمان کە خۆی بینیبووی بۆی باس کردم.

لەگەڵ کاتژمێرە یەکەمەکانی بەرەبەیانی یەکەم رۆژی ساڵی ١٩٩٥دا، دەنگی تەقەکردن هێور بوویەوە و پشوویەکمان دا بەئومێدی ئەوەی ساڵی نوێ جۆرە غیرەیەکی بۆ ئەزموونە کوردستانییەکە لەگەڵ خۆیدا هێنابێت و ئەوەی ماوە رزگار بکرێت. بەڵام پاش تێپەڕبوونی کاتژمێرێك ئیرادەی چەك سەرلەنوێ بەچڕتر لە جاران چالاك بوویەوە و تا سەرلەنوێ تاریکی داهاتنەوەی و تێپەڕبوونی رۆژی یەکەمی ساڵی نوێ بەردەوام بوو، ئەوکاتە بڕیار درا ئێمەی کادیرانی مەدەنی بگوێزینەوە بۆ بینای بارەگای حزبی شیوعیی کوردستان، کە شەقامێکی بەرین لە بینای شیراتۆن جیای دەکردەوە، پێش من سەرجەم هاوڕێکانم رۆیشتن و سەرکێشییان بەخۆیان کرد، کاتێك نۆرەی من هات و پاش پێداگریی ئەوانەی پەرۆش بوون بۆ مانەوەی ئێمە لە ژیاندا، ملکەچی ئامۆژگارییەکانیان بووم و خۆم ئامادە کرد بۆ جێهێشتنی بینای

شیراتۆن و پیاوە دلێر و قارەمانەکانم لەدوای خۆم بەجێ هێشت، کە نایابترین داستانی خۆڕاگری و ئازایەتییان بۆ ماوەی دوو هەفتە بەشەو و رۆژەکانیەوە نووسیەوە. کاتێك لەژێر باڵی شەوەزەنگدا لە شەقامەکە پەڕیمەوە، تنۆکە باران بەر روومەتم دەکەوتن و فیشەکیش بەئاسمانی ناوچەکەدا بەناو یەکدا دەچوون، بەچاوتروکانێك بە راکردن لە شەقامەکە پەڕیمەوە و گەیشتمە شوورەی بارەگای حزبی شیوعی، کە هەڤاڵانم پێش لە من تێیدا جێگیر بووبوون. پاش گەیشتنم بەوێ برایانی بەرپرسی شیوعی ناو بینایەکە تەماشای ناسنامەی من و هەڤاڵانیتریان کرد و لە ژوورێکی بێ فەرشدا میوانداریان کردین، کە مێزێکی ئاسن و چوار کورسی ئاسن و عەلادینێکی گەرمکردنەوە و تەلەفۆنێکی تێدا بوو. کاتێك برایان لەوێ زانییان ئێمە تامی نانی نیوەڕۆ و ئێوارەیشمان نەکردوە، چەند (ناوساجی)یەکیان بۆ هێنایین، پاش خواردنی نانی بەچێژی ئێوارە بیرم کەوتەوە پەیوەندی بەخێزانەکەمەوە بکەم و لێیان دڵنیا بم و هەواڵیان بدەمێ چی بووە. کاتێك هەڤاڵانیتر چوون بۆ ژوورەکانیتر بۆ زانینی چارەنووسی هاوڕێ و خزمان لەوانەی لەو بارەگایەدا بوون، تەلەفونەکەم هەڵگرت و ژمارەی ماڵی ئەو خزمەم لێ دا کە خێزانەکەم پەنایان بردووە ماڵیان، لانەی کچم تەلەفونەکەی هەڵگرت، کە دوو رۆژ بوو چاوەڕوانی پەیوەندیی منی دەکرد و ئەم گفتوگۆیە کەوتە نێوانمان:

**لانە:** هەلەو

**من:** لانە هەلەو حاڵت چۆنە؟

**لانە:** (لێرەدا پڕ بە دەنگی هاواری کرد.. باوکە) بەهۆی زۆر کارتێکرانیەوە نەیتوانی رستەکە تەواو بکات، دایکی لەتەنیشتی بوو و تەلەفونەکەی لەدەست وەرگرت.

**دایکی لانە-پەروین:** سوپاس بۆ خوا فەرهاد چۆنن، ئێمە لەوکاتەوە جیابووینەتەوە و گەیشتوینەتە ماڵی خزمان، بیر لە ئێوە دەکەینەوە و بێتاقەتین نازانین چارەنووستان چییە، هەواڵی دژیەکیش هەن، ئەم عەسرە بیستمان لایەنی بەرانبەر گرتوونی.

**من:** هاوڕێی خۆشەویست من سەلامەتم و برادەرانیشم باشن، ئێمە ئێستا لە شوێنێکی زۆر سەلامەتین خەمتان نەبێت.

**دایکی لانە:** ئەو شوێنە لەکوێیە؟

لەبەر خۆپارێزی نەمتوانی پێی بڵێم ئێمە لە بارەگای حزبی شیوعین و پێم وت ناتوانم شوێنەکەم ئاشکرا بکەم، بەڵام دڵنیایە پاش گواستنەوەمان لە بینای شیراتۆن ئێستا لە شوێنێکی سەلامەتین و لەلایەن برایانی ئێرەوە ڕێزمان دەگیرێت. خێزانەم وەك نەریتی خۆی کە هێشتا متمانەی بەقسەم هەیە، یارمەتی دام دڵنیای بکەمەوە دەربارەی بوونمان لە شوێنێکی ئەمین. لانەی کچم پاش غیرەت کۆکردنەوەی، گوێم لێی بوو هەوڵی دەدا سەماعەی تەلەفۆنەکە لە دایکی وەربگرێت تا قسەم لەگەڵدا بکات.

**لانە:** باوکە شتەکان بۆچی بەم حاڵەتە گەیشتن؟

**من:** لانە کاتێك دۆخەکە ئاسایی بووەوە چیرۆکەکەت بەدرێژی بۆ باس دەکەم.

**لانە:** دیسان قسەکان بەربینیان گرت، بەڵام پاش چەند ساتێك کەوتەوە قسەکردن و پێی وتم: (ئایا ماڵی پاسەوانانی کوردستان لەسەر دەستی کورد دووچاری فەرهوود و دزین دەبن؟). زۆر بەخێرایی ئەو هەولانەی خۆمم بیر کەوتەوە کە بەخەرجم دەدان کاتێك لانە لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی بوو، هەروەها ڕێکانی برایشی، کە فێری لەبەرکردنی شیعری نیشتمانیی شاعیرانی وەك دڵدار و دڵزار و بێکەسم دەکردن لە

سالآنی (١٩٨٠–١٩٩٨) دەرباری کورد و کوردستان، بۆم روون دەکردنەوە مەبەست لە کوردستان چییە و بەرگری لێکردنی مانای چییە؟ تا بەوە پارێزبەندییەکی نیشتمانیی ناوخۆییان تێدا دروست و ریشەدار بکەم، ئەمە لە سەردەمی پێش راپەڕینە پیرۆزەکە کاتێك دەسەڵاتی ناوەندی پرۆسەیەکی گەورەی مێشك شۆرینەوەی مندالآنی لەڕووی فیکرییەوە لە قوتابخانەکاندا پەیڕەو دەکرد بۆ گوتەزایەکی سەدام حوسێن کە دەڵێت (پێویستە لەڕێی منداڵەکانەوە گەورەکان گەمارۆ بدەین).

**من**: هەر پاسەوانانی راستەقینەن کە دووچاری خراپترین چارەنووس دەبنەوە نەك لەسەر دەستی رۆڵەکانی کورد، بەڵکو لەسەر دەستی دوژمنانیان، بەلآم ئەوەی رووی دا هەڵەیەکی گەورە بوو مێژوو لەسەر ئەوە لێیان دەپێچێتەوە.

**لانە**: بەلآم کەی؟

**من**: درەنگ یان زوو.

**لانە**: چی بەسەر ئەلبوومی وێنەکانماندا هات (پاشتر زانیم بە تالآنکردنی ماڵەکەمانیان لەلایەن چەکدارانی لایەنەکەیترەوە زانیوە).

**من**: پشت بەخوا وێنەی جوانتر دەگرین.

**لانە**: ئەی کارتەکانی قوتابخانەمان (کارتەکانیانم لەنێو لاپەڕەکانی تۆمارێکدا هەڵگرتبوو کە بەپێی ساڵ رێکخرابوو لەگەڵ وێنەیەکی تازەی هەر ساڵێك، کاتێك کارتەکانیان بەسەرکەوتوویی وەردەگرتەوە).

**من**: پاشان لە بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکانتان پەیدا دەکەین.

**لانە**: سزای تالآنچییان چییە؟

**من:** ئەمە ویستی خوای گەورەیە.

**لانە:** کەی؟

**من:** لە دنیا و ئاخیرەتدا.

بەرگەی ئاراستەکردنی ئەم پرسیارە پڕ لە پاکێتی و راستگۆییانەی کچۆڵەیەکم نەگرت کە تەمەنی لە دوازدە ساڵ تێنەدەپەڕی و لە پۆلی شەشەمی سەرەتاییدا بوو، کە بەهۆی ئەوەی بەسەر خێزانەکەی و کەلوپەلەکانیدا هات، ونبوونی ئەلبوومی وێنە شەخسییەکانی و بڕوانامەکانی قوتابخانەی و یارییەکانی و کەشی ناو ژوورەکەیەوە، دووچاری ئەو بارە دەروونییە سەختە بووبوو. ئەو مانای ئەو ململانێیەی نەدەزانی کە ساڵانێك پێش لەدایکبوونی هەبووە و درێژەی کێشاوە تا گەیشتۆتە ئەو رۆژەی تێیدا وێنە و بڕوانامەکانی لانەی لەدایکبووی هاوینی ساڵی ١٩٨٣ کە پاشتر سێ ساڵ دوای راپەڕین، تووشی فەوتانی بێ گەڕانەوە بىن.. ئێستا دەزانێت چی بەسەر شتە شەخسییەکانی هاتووە و بۆ کوێ چوون، هەروەك دەزانیت ساڵی ١٩٧٤ و ١٩٦٣ چی بەسەر خێزانەکەدا هەبووە لە فەوتانی ماڵ و موڵك و فەوتانی ساڵانی خوێندن، بەدڵنیاییەوە ئێستا دەزانێت چی بەسەر موڵك و ماڵ و کتێبەکانی خوالێخۆشبووی باپیری (عەونی)دا هاتووە لە کۆیە، کە لە سەرەتای سییەکانەوە تا رۆژی وەفاتی لە ١٩٩٢/٧/٢٠ بەقەسیدە نەتەوەییەکانی گۆرانی بۆ کوردستان وتووە، دیسان هەروەك گەورەکانی کۆیە دەزانێت چی بەسەر موڵکەکانی باپیری خوالێخۆشبوویدا هات، لە دووکان و شوقە و خانووی نیشتەجێبوون کە بەپارەیەکی زۆر دروست کراون و بەرهەمی رەج و ئارەقی زیاتر لە نیو سەدە بوون، کە لەکاتی شەڕی ناوخۆدا لە کۆیە بەبێ پاساو دەستیان بەسەردا گیرا، هەروەك هیچ پاساوێکی یاسایی نەبوو بۆ راکێشانی پارەی بە راسپاردە دانراو کە هی خاوەنەکانیانن لای دادگەی کۆیە

(حارس قضائي)، وەك پێشینەیەك كە پێشتر بەهیچ شێوەیەك ئەم دیاردە یاساخنكێنە رووی نەداوە.

لانە هەستی بریندار بوو كاتێك زانی دەست بەسەر ئۆتۆمبیلەكەی باپیرەیدا گیراوە، كە ئومێدی هەبوو وەك یادگارییەك لە گەراجەكەدا بمێنێتەوە، من دڵنیام ئەو خەمبار بوو كاتێك ئۆتۆمبێلی خێزانەكەیان برد (جۆری بەرازیلی سپی مۆدێل ١٩٨٣) لەگەڵ كەلوپەلەكانی ناوماڵ لەكاتی ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی سەری ساڵی زاینیدا، هەروەها دەزانێت چی بەسەر داپیرەیدا هات كاتێك چەكداران لە سێیەمین ساڵیادی باپیرەیدا (عەونی) دایان بەسەر ماڵی خێزانە گەورەكە لە كۆیە لە ١٩٩٥/٧/٢٠ بۆ ناچاركردنی داپیرە، كە ئەوكاتە تەمەنی حەفتا و شەش ساڵ بوو و پووری باوكی كە ئەوكات تەمەنی شەست و پێنج ساڵ بوو و پوورە مامۆستاكەی، كە ماڵەكەیان چۆڵ بكەن و كۆیە بەجێ بێڵن، لە كاتێكدا خوالێخۆشبوو (عەونی) رابەری خێزان لە رۆژە هەرە سەختەكانی كە كۆیە تووشی هاتبوو لە سەردەمی حوكمی بەعس كە خەریك بوو ئەویش (كۆیە) بە دەردی قەڵادزێ و سەید سادق و دەیان شار و شارۆچكە و هەزاران گوند و دێهاتی كوردستان هاتبوو، بەڵام عەونی پێداگریی لە مانەوەی لە كۆیە دەكرد و دەیگوت (كۆیە قەبری منە و لێی ناچمە دەرێ)، بەڵام بێ رەحمانە بە خێزانەكەیان گوت ئەگەر نەچنە دەرەوە دەدرێنە بەر رێژنەی گوللە، هەر لەبەرئەوەی لە باوەشیاندا كەسانێكیان پەروەردە كردوە كە ئەوكات و ئێستایش سەر بە قوتابخانەی كوردایەتی و بارزانی نەمر بوون، ئەو قوتابخانەیەی چەندین نەوە لە سەرجەم بەشەكانی كوردستاندا وانەی نیشتمانپەروەریی راستەقینەیان لێوە فێر بوون.



هەولێر–دەزگای رۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات، بەهاری ساڵی ١٩٩٤

سەردانی بەڕێز مەسعود بارزانی و جەوهەر نامق سالم



کۆیه هاوینی ساڵی ١٩٦٢، باخچەی ماڵی عەونی

کە کەوتە بەر شاڵاوی تاڵان و سووتان لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣

لە راستەوە: عەبدولکەریم محەمەد، فەرهاد عەونی، محەمەد مەولود سبیلچی، خەسرەو عەونی



ماڵی نووسەر کە لە سەری ساڵی ١٩٩٥ تاڵانکرا



ريَطاي نيَوان شةقلآوة–هيران، زستاني سالَي ١٩٩٦، ويَنةيةكي خيَزاني

ثةروين عةبدوللآ سةعيد، ريَكان فةرهاد، لانة فةرهاد

## کورد.. لەنێوان راشکاویی سەلیم ئەلفەخری

## و نامۆیی بیرکردنەوەی ساڵح ئەلقەللابدا

لە بەهاری ساڵی ١٩٦٣ دوای کودەتا فاشیستییە خوێناوییەکەی ٨ی شوبات، شاری دڵگیری قەڵادزێ و گوندە ئازادکراوەکانی، سەدان خێزانیان لەئامێز گرت کە لە شارەکانی کۆیە و رانیە و دەوروبەریانەوە هەڵاتبوون پێش گەیشتنی یەکەکانی سوپای عێراق بۆ ئەو ناوچانە کە تەڕ و وشکیان پێکەوە دەسووتاند روویان تێکردبوو، ئەمە جگە لە قەتڵوعامکردنی بێتاوانان لە رۆڵەکانی کوردستان وەك تۆڵەکردنەوەی ئەو شکستانەی لەسەر دەستی پێشمەرگەی کوردستان لە بەرەکانی شەڕدا لە دەشت و چیاکانی کوردستاندا بەسەریاندا دەهات، لەکاتێکدا عەقید (سەعید فەتحی ئەلسەقلی) بەیاننامە و راگەیەنرای سەربازی بەناوی (حاکمی سەربازیی ناوچەی باکور دەنووسی و تێیدا باسی لە سەرکەوتنی یەکەکانی سوپای عێراقی دەکرد لە هەڵگرانی بەیداخی سەرکەوتن بەسەر هێلانەکانی ناپاکی لە باکور).

قەڵادزێ جمەی دەهات بەخەڵك لەو خێزانانەی کۆچیان کردبوو و پەیوەندییان بەشۆڕشی کوردەوە کردبوو، هەروەها بەکۆمەڵێ ئەفسەری سوپای عێراق کە لایەنگری حزبی شیوعیی عێراقی و مەیلی پێشکەوتنخوازانە و دیموکراسیخوازانەیان هەبوو، لەوانە هەردوو کۆچکردووان سەلیم ئەلفەخری و سەعید متەر و مووسا کازم

ئەلجبووری و مەهدی ئەلخەفاجی و حەمید ئەلجەنابی، کە بەدرێژایی ماوەی مانەوەیان لە قەڵادزێ هەموو بەیانییەك دەچوونە قاوەخانەکەی خوالێخۆشبوو (سەید بەسیم). لە یەکی ئایاری هەمان ساڵ کە یادی (جەژنی جیهانیی کرێکارانە) لیژنەی ناوخۆیی حزبی شیوعیی عێراق لە قەڵادزێ بەو بۆنەیەوە ئاهەنگی گێڕا و بەشێوازی تایبەتی خۆی کە نووسینی دروشم بوو لەسەر قوماشی سوور و دابەشکردنی جۆرە چکلێتێکی بەرگ شەفافی ئێرانی، بەشێوەیەك ئامادەکرابوو دروشمی نیشتمانی لەسەر کاغەزی سپی بچووك نووسرابوو و خرابووە ناو چکلێتەکە و لەلایەن گەنجان و لاوانی حزبی شیوعییەوە و وەك دەربڕینی خۆشی بەبۆنەی جەژنی جیهانیی کرێکارانەوە دابەش دەکرا. ئێمە کۆمەڵە گەنجێکی لە رەچەڵەك خەڵکی کۆیە و دانیشتووی قەڵادزێ بووین لەوکاتەدا لە قاوەخانەکەی سەید بەسیم بووین کە ئەوکاتە من بە سەردان هاتبوومە ماڵی مامم (عومەر حەبیب) کە دادوەری قەڵادزێ بوو، کە بەهۆی بارانبارینەوە لە نیوەڕۆی ئەو رۆژەدا، پڕ بوو لە خەڵك، لە تەنیشت مێزی دانیشتنی ئەفسەرە عەرەبەکان لەگەڵ برادەرە کوردەکانیان دانیشتبووین کاتێك سێ گەنجی قەڵادزێ هاتنە ژوورەوە، یەکێکیان سینییەکی پڕ چکلێتی ئامادەکراو بۆ ئاهەنگەکەی هەڵگرتبوو، گەنجەکان لە مێزی ئەفسەرە عەرەبەکان نزیك کەوتنەوە تاکو چوکلێتەکان پێشکەشی بکەن، یەکێکیان پرسی: بۆنەکە چییە؟ کاتێك زانییان بۆنەی یەکی ئایارە، خوالێخۆشبوو سەلیم ئەلفەخری دەستی راکێشا و چکلێتێکی هەڵگرت، کاتێك کردیەوە بینی پارچە کاغەزێکی سپی تێدایە چەند وشەیەکی کوردی لەسەر نووسراوە، کاتێك پیشانی یەکێك لە برادەرە کوردەکانی دا تا بیخوێنێتەوە و بۆی تەرجەمە بکات چی نووسراوە، هاوڕێکەی پێی وت نووسراوە (بژی برایەتیی کورد و عەرەب بۆ هەتاهەتایە)، خوالێخۆشبوو سەلیم ئەلفەخری جارێ سەیری لای چەپ و جارێ سەیری لای راستی خۆی کرد وەك ئەوەی بیەوێت پرسیار لەبارەی زانیارییەك بکات کە نایزانێت، کاتێك دڵنیا بوو برادەرەکانی جموجووڵەکانیان بەلاوە سەیرە کە

ئاوڕ لە لای ڕاست و چەپ دەداتەوە، ئەم جارەیان تەماشای سێ گەنجەکەی کرد کە لەجێی خۆیاندا چەقیبوون و چاوەڕوانی وشەیەکی ستایشکردنی ئەویان دەکرد بەو بۆنەیەوە شتێك بڵێ لێرەدا قسەیەکی کرد کە ڕەنگە نە بەدڵی برادەرەکانیتری و پێم وایە نە بەدڵی برادەرە کوردەکانی ئەوکاتیشی نەبووبێت، کاتێك پێی وتن: "خەڵکینە هەی هاوار ئەوە چل ساڵە ئێمە بەبۆمب لێتان دەدەین وماڵتان کاول دەکەین ئێوەش بەردەوام دروشمی (بژی برایەتیی کورد و عەرەب بۆ هەتاهەتایە) دەڵێنەوە".

ڕەحمەت لەگۆڕت ئێستا ئەو لە دونیایەکی ترە،بەڵام من بەردەوام هەرکات گوێم لە دروشمی نائومێدانەی (بژی برایەتیی..) دەبێت، بیری خۆی و ئەو گوتەیەی دەکەم لە قاوەخانەی (سەید بەسیم) لە شاری قەڵادزێ لە یەکی ئایاری ساڵی ١٩٦٣ دا کاتێك ئەو گوتە بەناوبانگەی بە برادەرە کوردەکانی و بە سێ گەنجەکەی حزبی شیوعیی عێراقی وت، کە بەو بۆنەیەوە شیرینییان دابەش دەکرد (خەڵکینە هەی هاوار ئەوە چل ساڵە..)، ئەم دروشمە کەس لە ڕۆڵەکانی گەلانی عەرەب و فارس و تورك نایڵێن جگە لە کورد خۆی، کە لەو قسەیاندا ڕاستگۆ بوون و باوەڕیان بە ناوەڕۆکەکەی هەبوو تا بەبەڵگە بۆیان دەرکەوت ئەو (برایەتییە) لە فەرهەنگی ئەوانیتردا هیچ ناگەیەنێت جگە لە ملکەچکردنی کورد بۆیان و پێویستە داواکردنی کورد بۆ مافە نەتەوەییەکانی بەپێی هەڵبژاردنی ئەو نموونەیە بێت عەرەب (بە دەسەڵاتداران و عەوامیانەوە) پێی ڕازین، واتە بەو شێوەیەی ڕۆڵەکانی (برا گەورە) دەیانەوێت نەك ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد، کە جیاواز لە باقیی نەتەوە و گەلانی سەر گۆی زەوی تووشی بەڵای (پێکەوەژیانی زۆرەملێ) بوون لەگەڵ گەل و نەتەوەگەلێك هیچ لە مانای (برایەتی) تێناگەن جگە لە ملکەچکردنی کوێرانە بۆ ئەوەی ئەوان دەیڵێن و دەیکەن و خەو بە لەناوبردنی: (نەعرەی جیابوونەوە و جوداخوازان! و نۆکەرانی ئیستیعمار و زایۆنیزم! و هێلانەی ناپاکی لە باکوری نیشتمانی ئازیز! و گیرفانی بەکرێگیراو! و نەوەکانی ناپاکی! و بەکرێگیراوانی ئێران!) دەبینن بە ئێمەی کورد.

خۆمم پێ نەگیرا کاتێك دوو بابەتی جیاوازم لە ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)ی لەندەنی ڕۆژی ٢٠٠٤/١/١٠ خوێندەوە، یەکەمیان وتارێکی نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ئوردنی (صالح القلاب) بوو بەناونیشانی (الاكراد والفدراليه انفصال او استقلال؟) (کوردەکان و فیدراڵیزم جیابوونەوە یان سەربەخۆیی؟)، دووەمیان خستنەڕوویەکی نووسەرێك بوو بەناونیشانی (كرد العراق منذ الحرب العالمية الاولى ١٩١٤ حتى سقوط الملكية في العراق) لە نووسینی (نضال معروف) و لەژێر ناونیشانی (الكورد تحالفوا مع الجميع وانقلب عليهم الجميع– کتێبێکە باسی مێژووی گەلی کورد و پەیدابوونی بزوتنەوە نەتەوەییەکانی دەکات کە مەرجەعییەتێکی ڕۆشنیان نیە). لێرەدا و لەم ژمارەیەدا لەسەر بابەتی یەکەم کە هی ساڵح قەللابە دەدوێم و قسەکردن لەسەر بابەتی دووەم بۆ ژمارەی داهاتووی (کوردستان الیوم) بەجێ دێڵم.

(الاكراد والفدرالية انفصال او استقلال؟) بابەتێکە (صالح القلاب)، لە ژمارەی ڕۆژی ٢٠٠٤/١/١٠ی ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)ی لەندەنی نووسیویەتی.

سەرەتا مامۆستا صالح القلاب چەند ساڵێك پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن سەردانی خاکی ئازادی کوردستانی کردوە و بەچاوی خۆی واقیعی کوردستان و گەلەکەی بینیوە، هەروەها چاوی بە بڕیاربەدەستانی کوردستان کەوتووە و بەهەستی ڕۆژنامەوانییانەی خۆی زانیویەتی چی لە مێشکی کوردایە و خەو بەچییەوە دەبینن، هەندێ ڕاستیش نەك نەگۆڕ لەو وتارەیدا جێگیر بوون، کە بەدەق دەڵێت: (کوردی عێراق چاك دەزانن ناتوانن دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە باکوری عێراق دابمەزرێنن، تەنانەت ئەگەر حەزیشی لێ بکەن، تەنانەت ئەگەر ئەو بیرۆکەیە بەمێشیکیشیاندا بێت و تەنانەت ئەگەر دۆخی شلۆقی عێراقیش بیانخاتە کەڵکەڵەی خەوبینین بەوەی نەیاندەوێرا خەوی پێوە ببینن، چونکە مەسەلەکە لێرەدا تەنیا حەزلێکردن نیە و بەس، مەسەلەکە توانینە، حەزکردنیش جیایە لە توانین. سەرکردە

کوردەکان منداڵکارە نین لە سیاسەتدا لەکاتێکدا ئەوان بەئاگری ئەو قەدەرەی ئەوانی لە چوارگۆشەیەکی سەخت لەنێوا ئێران و تورکیا و سووریا و عێراقدا داناوە، داخ بوون، دەزانن مەسەلەیەك بەقەبارەی دامەزراندنی دەوڵەتێك یان نیمچە دەوڵەتێك یان تەنانەت قەوارەیەکی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا، هەر بڕیارێکی زاتی نیە، بەڵکو سازانێکی ئیقلیمییە و مەحاڵە نە لە مەودای نزیك و نە لە مەودای دوورتردا بێتە دی).

ڕەنگە خوێنەر پاش خوێندنەوەی وتارەکە بەلایەوە سەیر بێت کە من باسی گوتەکەی خوالێخۆشبوو سەلیم فەخریم کرد کاتێك چکلێتێکی پێچراوە بەکاغەزێکی سپی پێشکەش کرا و لەسەری نووسرابوو: (بژی برایەتیی کورد و عەرەب بۆ هەتاهەتایە) ، کە سەلیم فەخری خۆی پیێ نەگیرا و لە یەکی ئایاری ساڵی ١٩٦٣دا ئەوەی دا بەگوێی برادەرەکانیدا و وتی: "خەڵکینە هەی هاوار ئەوە چل ساڵە ئێمە بەبۆمب لێتان دەدەین...". ، بەڵام ئەی بۆچی پاش خوێندنەوەی وتارەکەی قەللاب قسەکانی خوالێخۆشبوو سەلیم فەخریم بیرکەوتەوە، هۆکەی بۆ چەند شتێك دەگەڕێتەوە بەپێویستی دەبینم بێمە سەریان.

وەك باسم کرد ڕۆژنامەنووس صالح القلاب پێش چەند ساڵێك و لە سەردەمی حوکمی دیکتاتۆردا سەردانی خاکی ئازادی کوردستانی کردوە و وەك پاش بینینی لە ماڵی کاك (سەلاح بەدرەدین) لە هاوینەهەواری سەلاحەدین تێبینیم کرد، دەیزانی کورد تەنیا داوای سادەترین مافی نەتەوەیی دەکەن، دەیان ساڵ خەباتیان کردوە و چەندین ڕاپەڕین وشۆڕشیان لێرە و لەوێ کردوە لەپێناو بەدیهێنانی خەونەکانیاندا لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی بەزۆر و بەبێ ویستی خۆی خاکەکەی بەسەریاندا دابەش کراوە، کە ئەوە بۆ بەدیهێنانی ئارەزووی گەورە بڕیار بەدەستان و بەرژەوەندییەکانیان کراوە هەر لە شەڕی چاڵدێرانەوە (١٥١٤) تا ئەمڕۆ، هیچ نیازێك

نەبووە زیان بەبەرژەوەندیی ئەوانیتر بگەیەنرێت، بەڵام وەك زانراوە ڕۆژهەڵاتی ئەم گەردوونە بەدەست دەردێکی درێژخایەنەوە گرفتارە، ئەویش نەزانییە (الجهل)، بەهەموو ماناکەی ئەم وشەیە، دابەزینی لە هەر سێ کتێبە ئاسمانییەکە (تەورات، ئینجیل، قورئان) لە یەك ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا باشترین بەڵگەیە لەسەر پێویستیی ئەو ناوچەیە بەچاکسازی و گەیشتن بەکەماڵ. وەك زانراوە ئاینیش (بەخەم و داخێکی زۆرەوە) لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە قۆزراوەتەوە، بەتایبەت ئاینی پیرۆزی ئیسلام، کە لە بنەڕەتدا باوەڕیان بە ئیسلام نەبووە و هیچ ویژدانێکی زیندوویان نەبووە، ئەگینا ئەو تاوانانەیان بەرانبەر کورد ئەنجام نەدەدا لەسەر ئەو خاکەی خوای گەورە خۆی پێ بەخشیون، کە دوواینیان پرۆسەکانی (ئەنفال)ی بەدناو بوو و تێیاندا دەیان هەزار بەندەی خودای تێدا بوونە قوربانی لە کوردی ستەمدیدە، کاتێك ناوی ئایەتێکی قورئانی پیرۆز و هۆی دابەزینی بەخراپی بەکار هێنرا، لەکاتێکدا ئەوانەی لە سەرەتا ئیسلامدا ئەنفال دەکران کفریان بەخودا کرد بەپێچەوانەی کورد کە بە ویستی خۆیان هاتوونەتە ناو ئیسلام و لە هەموو گەل و نەتەوەکانی ئیسلام پابەندترن لەڕووی قەناعەت باوەڕ بەئاینەکەیانەوە، ئەی کورد چی لە برا هاوئاینەکانی لە نەتەوەکانی (عەرەب و تورك و فارس)، یان ڕاستتر بڵێین لە دەسەڵاتدارانیان، دەست کەوت؟ بەڵام بەبێ ئەوەی کەس دەنگی ناڕەزایی بەرز بکاتەوە کاتێك کورد زیندان دەکرا یان حوکمی ستەمکارانەیان بەسەردا دەسەپێنرا و ماڵەکانیان، هەر لە کاسێتێکی گۆرانی کوردییەوە، دەستیان بەسەردا دەگیرا، چۆن بە (برا دینییەکانمان) بڵێین کە ملیۆنان کورد لە بەدەستهێنانی ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتانەی تێیاندا دەژین بێبەشن، یان تا ئەمڕۆ لە خوێندن بەزمانی نەتەوەکەیان بێبەشن، بەڵام لەوە بەدتر ئەوەیە نەمابیست هەر وەك دراوسێیەتیش دەنگێك لە برا دینییەکانمان بەرز بێتەوە نەك وەك سەرکۆنەکردن، بەڵکو هەروەك (بڵاوکردنەوەی هەواڵ) کاتێك شاری هەڵەبجە لە کوردستان تووشی کارەساتێکی بێوێنە بوو لە مێژوودا پاش

هیرۆشیما لە چلەکانی سەدەی رابردوودا، هەموو ئەوە هەر لەبەرئەوەی کورد داوای مافە رەواکانیان دەکەن، داواکردنی ئەو مافانە لە ماوەی هەشت دەیەدا لە عێراق کارەسات و نەهامەتی و لێدانی بۆهێنان نەك تەنیا بەبۆمب (وەك خوالێخۆشبوو سەلیم ئەلفەخری وتی) بەڵکو لەوەیش تێپەڕی بۆ بۆردومانکردن بەچەکی کیمیاوی.

لەلایەکیترەوە ناونیشانی وتارەکە (الاكراد والفدرالیه انفصال او استقلال؟) وەك بیرخستنەوە دەبوو مامۆستا قەللاب ناونیشانێکی هەڵبژاردایە گونجاوتر بووایە لەگەڵ چەمکی سیغەی فیدراڵیزم، لەکاتێکدا بەدڵنیاییەوە دەزانێت فیدراڵیزم لە رێکخستنی پەیوەندیی نێوان مەرکەز و هەرێمەکان لەو دەوڵەتانەی سیستمی فیدراڵییان لە حوکمدا پەسەند کردوە، چی دەگەیەنێت؟ نیوەی دووەمی ناونیشانەکەیش (انفصال او استقلال؟) ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە مامۆستا قەللاب داواکاریی کورد بۆ فیدراڵیزم بەبانگەوازێکی راشکاو بۆ جیابوونەوە یان سەربەخۆیی دەبینێت، لەکاتێکدا قەللاب باش دەزانێت فیدراڵیزم لە بنچینەدا هۆکاری یەکخستنە نەك پارچەپارچەکردن.

هەرچی خاڵی دووەمە و شیاوی گفتوگۆیە و پەیوەندی بە بڕگەی یەکەمی وتارەکەوە هەیە کە دەڵێت: (کوردی عێراق چاك دەرانن ناتوانن دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە باکوری عێراق دابمەزرێنن، تەنانەت ئەگەر حەزیشی لێ بکەن، تەنانەت ئەگەر ئەو بیرۆکەیە بەمێشیکیشیاندا بێت و تەنانەت ئەگەر دۆخی شلۆقی عێراقیش بیانخاتە کەڵکەڵە..).

لە بەهاری ١٩٦٨ قوتابی قۆناغی دووەم بووم لە کۆلێژی ئابووری و زانستە سیاسییەکانی زانکۆی بەغدا، راپۆرتێکی بیست لاپەڕەییم ئامادە کرد لە بابەتێکدا کە لە قوتابیانی قۆناغی دووەم داواکراو بوو لە وانەی (ئابووریی کشتوکاڵی)دا، کە خوالێخۆشبوو دکتۆر (خەتاب ئەلعانی) پێی دەوتینەوە، راپۆرتەکەم بەناونیشانی (چاندنی تووتن لە کوردستان) بوو، دوای دوو هەفتە لە پێشکەشکردنی راپۆرتە

داواكراوەكان، كاتێك مامۆستا ئەلعانی موحازەرەی بەقوتابیانی قۆناغی دووەم دەوتەوە لەناكاو (وەك ئەوەی مارێك پێوەی بدات) پرسی فلان قوتابی كێیە و ناوی منی برد، كاتێك وتم: (بەڵێ دكتۆر فلان)، بێ پێچوپەنا پێی وتم: ئاشكرایە زاراوەی (اسرائیل، بنو اسرائیل) دەیان جار لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، لەگەڵ ئەوەیشدا ئێمەی عەرەب لە ساڵی (١٩٤٨)ەوە هەركات ناوی ئیسرائیل دەبیستین هەڵدەچین و كار بۆ ئەوە دەكەین لەناویان ببەین یان فڕێیان بدەینە ناو دەریا و یەكێتی سۆڤیەت لەوكاتەوە دانی بەو دەوڵەتە زۆڵەدا ناوە هیچ رەسیدێكی لەلای رۆڵەكانی نەتەوەی عەرەب نەماوە، بەڵام سەیر ئەوەیە وشەی كوردستان نە لە كتێبە ئاسمانییەكان و نە لە ئەتڵەسەكاندا نەهاتووە و بەپێی زانیاریی من بەشەرمەوە لە دووتوێی قەسیدەكانی هەندێ شاعیری نەخوێندەواردا قەتیس بووە، كاتێك قوتابییەكم كە داوای لێ دەكرێت راپۆرتێكی ئابووری ئامادە بكات زاراوەی كوردستان لە ناونیشانی راپۆرتەكەیدا بەكار دێنێت، تەنیا شایانی سفر لە دەیە. لێرەیشدا كاتێكدا مامۆستا قەلاب لەباتی وشەی كوردستان وشەی (باكوور) بەكار دێنێت كورد قەڵس دەبن، وەك چۆن عەرەب بەبەكارهێنانی وشەی (ئۆرشەلیم) لەباتی بەیتولمەقدیس یان شاری قودس قەڵس دەبن، دووەمیش كاتێك وشەی (تەنانەت) (تەنانەت) و (تەنانەت) سێ جار لە پێنج دێڕدا دووبارە دەكاتەوە، مانای مەحاڵیی بەدیهاتنی ئەوە دەگەیەنێت كورد بۆی دەكۆشێت، لەوەیش بەدتر دەستەواژەی كۆتایی لە بڕگەی دووەمی وتارەكە كە بەدەق دەڵێت: (دەزانن مەسەلەیەك بەقەبارەی دامەزراندنی دەوڵەتێك یان نیمچە دەوڵەتێك یان تەنانەت قەوارەیەكی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقێكی یەكگرتوودا، هەر بڕیارێكی زاتی نیە، بەڵكو سازانێكی ئیقلیمییە و مەحاڵە نە لە مەودای نزیك و نە لە مەودای دوورتردا بێتە دی)، دیارە مامۆستا قەللاب ئێمە بە (شێت) یان شتێكی لەو شێوە دادەنێت، ئەگینا هیچ ماقووڵ نیە گەلێكی حەوت ملیۆنی، كە خاكەكەی كە كوردستانی باشوورە لە بیستەكانی سەدەی رابردوودا بەزۆر بە دەوڵەتی عێراقەوە

لکێنراوە، ئەم گەلە کە بەشێکە لە نەتەوەیەکی بەشبەشکراو و ژمارەی دەگاتە زیاتر لە سی ملیۆن کەس و بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش بوون (تورکیا، ئێران، سووریا، عێراق) و بەو رەسیدە گەورەیەی خەبات هەیەتی و ئەو قوربانییە گەورانەی داویەتی و شۆڕش دوای شۆڕشی لەپێناو گەیشتن بەسیغەی فیدراڵیزم لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا کردوە، بەشتێکی مەحاڵ دابنێت، هەروەها (سەرکردەکانی کورد) وەك ئەو دەڵێت، دەزانن مەسەلەی دامەزراندنی دەوڵەتێك یان نیمچە دەوڵەتێك یان تەنانەت قەوارەیەکی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا، بەدیهێنانی مەحاڵە، نە لە مەودای نزیك و نە لە مەودای دوورتردا، کاتێك مامۆستا قەللاب دەڵێت (سەرکردەکانی کورد دەزانن بەدیهێنانی فیدراڵیزم لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا مەحاڵە)، ئەوا لەڕێی سەرکردەکانمانەوە حوکممان لەسەر دەدات کە ئێمە شێتین، سواری سەری خۆمان بووین و شەڕ لەپێناو شەڕدا دەکەین و خەبات لەپێناو هیچدا دەکەین و قوربانی لەپێناو تراویلکەیەکدا دەدەین. حاشا لەو گەلەی پێشوەخت دەزانێت نابێتە هیچ و ناتوانێت مافەکانی بەدەست بێنێت، کەچی هەر لە قوربانیدانیش بەردەوامە!!

ئائەمەیە لۆژیکی هاوڕێکانمان (برایانمان لە ئاین و خەباتی هاوبەشدا) کە بەمەحاڵی دەبینن سادەترین مافەکانمان بەدەست بێنین (نە لە مەودای نزیك و نە لە مەودای دوورتردا)، پێش لەوەیش لۆژیك و هەڵوێست و تێڕوانینی دوژمنانمان بینی کاتێك وەسفیان دەکردین بەوەی (نەوەی جنۆکەین)، پاشان تووشی ئەنفال و گۆڕانی واقیعی نەتەوەیی و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەدژمان بووین.

لەلایەکیترەوە (دۆستی گەلی کورد) ساڵح قەللاب بەپێی زانیاریی من بۆ یەکەم جار مەسەلەیەکی وروژاندوە رەنگە تەنانەت سەدام حوسێنی دیکتاتۆریش بیری لێ نەکردبێتەوە، ئەویش مەسەلەی (گونجاندنە لەنێوان کوردستانیبوونی کەرکوك و

بەکوردکردن بەغدا)دا، کە دەڵێت: (هەموو ئەوانە مەسعود بارزانی و لەگەڵیدا جەلال تاڵەبانی دەیزانن، ئەوەیش دەزانن ورووژاندنی بەعەرەبکردن لە کەرکوك دەبێتە مایەی ورووژاندنی بابەتی بەکوردکردن بەغدا و داواکردنی کەرکوك ساف بۆ توخمی کوردی، سەردەکێشێت بۆ داواکردنی بەغدا ساف بۆ توخمی عەرەبی).

قەت بەبیرمدا نەدەهات رۆژنامەنووس و رۆشنبیرێکی عەرەب لە دەرەوەی سنووری سیاسیی عێراق بابەتی بوونی کورد لە بەغدا بوروژێنێت و ئەو بوونە لە سەرێکی هاوکێشەیەکی سیاسییەوە دابنێت و هەڕەشەی پێ بکات لەو بوونە، لە بارێکدا کورد داوای (گێڕانەوەی کۆن بۆ کۆنییەکەی) لە کەرکوك دەکات، کە لە ئینساف و گێڕانەوەی ماف بۆ خاوەنە شەرعییەکانیدا خۆ دەنوێنێت، کە بەبەرچاو و گوێی رۆشنبیران و رۆژنامەنووسان و سیاسییەکانی نەتەوەی عەرەبەوە دەربەدەر کران، تەنانەت ناچار بە گۆڕینی نەتەوەی خۆیان کران لە کوردییەوە بۆ عەرەبی و پاشان دەرکردنیان بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق، ئەمە جگە لە گۆڕینی ناوی ناوچە و گەڕەك و کۆڵانەکان لە کوردییەوە بۆ عەرەبی، کە ئەم پرۆسەیە لەوکاتەوە بەعس لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ گەیشتە دەسەلآت تا ئەمڕۆ بەردەوامە، لەپاڵ ئەوەدا تاوانی زۆر دژ بە مرۆڤ و خاك و پیرۆزییە کوردییەکان کراوە، کار گەیشتە ئەوەی تاریق عەزیز بەدەم خۆهەڵکێشان بەو تاوانەی بەرانبەر کوردستانیبوونی کەرکوك کرابوون بڵێت: (کورد سەبارەت بەکەرکوك یەك مافیان هەیە، ئەویش مافی گریان و فرمێسك رشتنە بۆی کاتێك لەکاتی سەفەرکردندا بەناویدا تێدەپەڕن).

تاریق عەزیز و گەورەی جووقەی بەعس رۆیشتن و بۆ هەتاهەتایە نەفرەتی مێژوویان بەدواوەیە، بەڵام دەبێت چی بە رۆشنبیر و رۆژنامەنووس و کۆنە وەزیرێکی عەرەب بڵێین، کە خۆی لەپاڵ خاکێکدا دەژی پتر لە نیو سەدەیە زەوت کراوە و ملیۆنان لە خاوەنە شەرعییەکانی لە وڵاتەکەی قەللاب و دەوڵەتانی دراوسێی

فەلەستین دەژین و ئەو (واتە قەللاب) لە کەسانیتر زیاتر هەست بە نەهامەتییەکانی دەرکراوانی خاکی فەلەستین دەکات و دەزانێت تا چ رادەیەك حەز و تاسەی ئەوەیانە رۆژێ لە رۆژان بگەڕێنەوە. چی بەم رۆشنبیرە عەرەبە بڵێین کە شتێکی زۆر مەترسیدار بە لۆژیکی مرۆڤێکی نەزان و داخ لەدڵ (حاشا لە قەللاب لەوە) دەوروژێنێت، ئەویش هەڕەشەکردنە بەدوورخستنەوەی کورد لە بەغدا، کە لەوکاتەوە لەسەر دەستی خەلیفە ئەبو جەعفەری مەنسوور دروست کراوە تا ئەمڕۆ کورد لەو شارە بوون و لە ریزی پێشەوەی ئەو سوپایانەوە بوون کە بەرگرییان لێ کردوە کاتێك دووچاری پەلامارە لەدوای یەکەکان بووە، لە سەردەمی نوێیشدا و پاش ئەوەی عێراق ساڵی ١٩٢١ لەم سنوورەی ئێستایدا بوو بەدەوڵەت، کورد بەشداریی بنیاتنانی سوپای عێراقی کرد، رۆڵی بازرگانانی کوردیش لە بازاڕی شۆڕیجەدا لەبەرچاو بووە، هەروەك حزبە کوردییەکان کە هەندێکیان لە بەغدا دامەزراون رۆڵێکی هاوشێوەیان بووە و کۆنگرە نهێنی و ئاشکراکانیان لەوێ بەستووە و لەگەڵ باقی حزبە عێراقییەکان بەشداریی راپەڕینە نیشتمانییەکانیان لە هەردوو سەردەمی پاشایەتی و کۆماریدا کردوە، هەروەها قوتابیان و کرێکارانی کورد و رۆژنامە کوردییەکان و هونەرمەندانی کورد جێپەنجەیان بە مێژوو و شارستانێتیی بەغدادا دیارە، کە پیشاندانی رادەی بەشداریی کورد لە پەرەپێدان و دەوڵەمەندکردنی بەغدادا پێویستی بەدەیان بەرگ کتێبە، ئەمە جگە لە رۆڵی سەرکردانەی زانا موسڵمانەکانی کورد لە مزگەوت و خانەقا و تەکیەکانی بەغدا وەك پیاوانی ئاینیی رۆشنگەر، کە ئەوکات و هێشتایش لە خوا دەپاڕێنەوە بەغدا و خەڵکەکەی لە هەموو خراپەیەك بپارێزێت.

مامۆستا قەللاب پێش خەڵکی بەڕێزی بەغدا دەزانێت کورد هەرگیز نەبووە و نابێتە ئامرازی بەکوردکردن و گۆڕینی واقیعە نەتەوەییەکەی یان داواکردن بۆ لکاندنی بەکوردستانەوە، لەکاتێکدا بەگوتەی توێژەران بەغدا بە (گەورەترین شاری کوردی) دادەنرێت لەو رووەوە گەورەترین گردبوونەوەی کوردی لەئامێز دەگرێت، گەورەتر لە

هەر شارێکی کوردی لە کوردستان. چەندین نەوە دوای نەوە لەو شارە لە دڵی کورد ئازیزەدا لەدایك بوون و پێگەیشتوون، تەنانەت هەندێکیان بەهۆی ئاوێتەبوونیان بەکۆمەڵگەی بەغدادی، زمانی دایکیان لەیاد کردوە.

کەس لە کوردی نەبیستوە، تەنانەت نە کاتێك عێراق ساڵی ١٩٣٦ بەکردەوە حاکمێکی کورد حوکمی کردوە، کە خوالێخۆشبوو فەریق بەکر سدقی بوو، یا کاتێك عەسکەرییەکی کورد کە فەریق نوورەدین مەحموود بوو ساڵی ١٩٥٢ سەرۆکایەتیی وەزیرانی وەرگرت، نە لە سەردەمی دواین سەرۆکوەزیرانی عێراقی سەردەمی پاشایەتیدا ئەحمەد موختار بابان و نە تەنانەت کاتێك خوالێخۆشبوو سەعید قەزاز بەهێزترین وەزیری ناوخۆ بوو لە وەزارەتەکەی باباندا، هیچکام لەوانە تەنانەت وەك گاڵتەیش باسی بەکوردکردنی بەغدایان بەزاردا نەهاتووە، لەکاتێکدا خەڵکی دوور و نزیك دەزانن بوونی عەرەب لە دەوروبەری کەرکوك لە بوونی عەشیرەتێکی عەرەب تێنەدەپەڕی، کە هەندێ لە تیرەکانی لە سەردەمی یاسین ئەلهاشمیدا ساڵی ١٩٣٦ لە گوندەکانی باشوری شاری کەرکوك نیشتەجێ بوون، کورد ڕێزیان گرتن و بە برای خۆیانیان دانان و لە خۆشی و ناخۆشیدا پێکەوە ژیان، تا ئەوکاتەی شەڕ و هەڵگرانی بیری ناسیونالیستیی دوژمنکارانە هاتن و فاشیستە نوێیەکان لە بەعسییەکانی عێراق ساڵی ١٩٦٣ دەسەڵاتیان گرتە دەست و دەستیان دایە گۆڕینی هەرچی کوردی و کوردستانییە بۆ (عەرەب و عەرەبایەتی)، کە وەك ئەو بەڵگەنامانەی ڕۆژنامە عێراقییەکان بڵاویان کردنەوە، تەنانەت ئەو کوردانەیش دەستیان لەگەڵ تێکەڵ کردن لە تراژیدیای بەعەرەبکردن قوتار نەبوون، واتە ڕەحمیان بەهیچ شتێك نەکرد کە بەخوێی چێشت پەیوەندی بە کوردستانیبوونی کەرکوکەوە هەبێت، ژمارەی ڕاگوێزراوان و کۆچپێکراوان کە ژمارەیان بە هەزاران و دەیان هەزار مەزەندە دەکرێت، باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوە، ئەمە جگە لە گۆڕینی ناوە کوردییەکان بۆ (سەعد بن

موغیره و قودس و فەلەستین و خالید و رەبیع)، هیچ پێویست بەزیاتر لەسەرچوونیش ناکات.

لێرەدا لە هاوڕێ قەللاب، وەك رۆژنامەنووسێکی ئاگەدار لە کێشەکانی عێراق دەپرسم: چ لێکچوونێك لەنێوان بەکوردکردنی بەغدا وەك کە ئەو بەتەنیا دەیڵێت و (بەعەرەبکردنی کەرکوك)دا هەیە، کە زیاتر لە نیو سەدەیە لەسەر دەستی فاشیستەکانی عێراق بەبەرچاو و گوێی دنیاوە، لەناویاندا مامۆستا قەللاب خۆی، بەردەوامە و دڕکێکی بەخۆیدا نەکرد تەنانەت ئەگەر بۆ موجامەلەکردنی کورد یان وەك هەقبێژی و لەبەر برایەتیی عەرەبی و کوردیش بێت، وەك دەڵێن. لە لایەکیترەوە قەللاب دەیەوێت تەشویش بۆ سەر گوتاری سیاسیی کوردی دروست بکات، کاتێك لە بڕگەیەکی وتاری ناوبراودا باس لەوە دەکات کە :(هەموو ئەوانە مەسعود بارزانی و لەگەڵیدا جەلال تاڵەبانی دەیزانن، ئەوەیش دەزانن وروژاندنی بەعەرەبکردن لە کەرکوك دەبێتە مایەی وروژاندنی بابەتی بەکوردکردن بەغدا و داواکردنی کەرکوك ساف بۆ توخمی کوردی، سەردەکێشێت بۆ داواکردنی بەغدا ساف بۆ توخمی عەرەبی).

ئەمەیە مامۆستا قەللاب ئەنجامگیری دەکات، یان بەخەیاڵی خۆی هاوکێشەکە بەم شێوە دەبێت، یان هیواخوازە مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی و لەگەڵیاندا سەرجەم گەلی کورد لەترسی ئەم و ئەو دەستبەرداری داواکردنی مافەکانیان بن، ئەوەی لەبیر چووە ئەوان و بزوتنەوەی رزگاریخوازیی کوردیش لە تاقیکردنەوەی مێژوودا سەرکەوتوو بوون و کەس و هیچ هێزێك ناتوانێت گەل و سەرکردەکانمان و ئیرادەمان بەچۆکدا بێنێت.

لێرەیشدا و هەر بۆ یادخستنەوە یان راستکردنەوەی زانیاری دەڵێم کورد داوای (کەرکوك ساف بۆ توخمی کوردی)ی نەکردوە، نەك لەترسی دوورخستنەوەی کورد لە بەغدا، بەڵکو لەو رووەوە ئەوەی کورد داوای دەکات و خەباتی لەپێناودا دەکات و

قوربانی بۆ بەدیهێنانی دەدات، تەنیا ڕێزگرتنی جوگرافیا و مێژوو و هەوڵنەدانە بۆ داماڵینی کەرکوك لە کوردستانیبوونی، دروشمی ئێمە داواکردنی (کەرکوك ساف بۆ توخمی کوردی) نیە، هەموو ئەوەی کاری بۆ دەکەین نەهێشتنی شوێنەوارەکانی تاوانی نیو سەدەیە بەرانبەر کەرکوك و شەنگال و خانەقین و مەندەلی و ناوچەیتری کوردستان، کوردستانیبوونی کەرکوك لە گوتاری سیاسیی ئێمە و بەرنامەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردیدا بەمانای چۆڵکردنی نایەت لە توخمی غەیرە کورد، نا و هەزار نا بەڕێزان، کەرکوك شاری برایەتییە بەگشت نەتەوە و ئاین و ئاراستە سیاسییەکانەوە، بەم شێوەیە بووە و پێویستە ئێستا و لە ئاییندەیشدا شارێکی کوردستانی و هێمای برایەتیی نەتەوەیی بێت.

لەکۆتاییدا.. هیچم نەماوە بیڵێم جگە لە دووبارەکردنەوەی گوتەکەی خوالێخۆشبوو سەلیم ئەلفەخری، کە لەبەرانبەر وتنەوەی دروشمی (بژی برایەتیی کورد و عەرەب بۆ هەتاهەتایە) لەلایەن کوردەوە، بە هاوڕێ کوردەکانی خۆی وت: "خەڵکینە هەی هاوار ئەوە چل ساڵە ئێمە بەبۆمب لێتان دەدەین و ئێوە بەردەوام دروشمی (بژی برایەتیی کورد و عەرەب بۆ هەتاهەتایە) دەڵێنەوە".

## پارەی خراپ پارەی باش لە بازاڕی ئاڵ و وێر دەردەکات

لە بەهاری ساڵی ١٩٦٨ لە قۆناغی دووەمی خوێندنی زانکۆماندا کەشوهەوای سیاسیی عێراق جۆرە کرانەوەیەکی سیاسی بەخۆوە دەبینی بەبەراورد بە رووداوانەی پاش کودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ هاتن، ئەوکاتە فەریق عەبدولڕەحمان عارف سەرکۆمار بوو، زۆر حەزی لە بەکارهێنانی هێز نەدەکرد کە ڕێبازی ئەوەی پێش خۆی بوو لە غەدرکردن و ملهوڕیدا، ئەوەیش کاریگەریی ئەرێنی لەسەر کۆی دۆخی سیاسیی گشتی لە گۆڕەپانی عێراقدا هەبوو. پاش وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن عەبدولڕەحمان عارفەوە چالاکیی سیاسیی قوتابییانەمان لەگەڵ باقی ڕێکخراوەکانی قوتابیانی عێراق بەشێوەیەکی نیمچە ئاشکرا ئەنجام دەدا، کەشوهەوای سیاسی لە هۆڵەکانی زانکۆی بەغدای ئەوکات ڕێگەی بۆ مانگرتنی قوتابیان لە تەواوی کۆلێژ و پەیمانگەکانی زانکۆی بەغدا خۆش کرد بۆ داواکردنی مافە پیشەییەکان، کە بەچوارچێوەیەکی سیاسیی جێپەسەند رووپۆش کرابوو.

لەو ماوەیەدا مامۆستایانی کۆلێژی ئابووری و زانستە سیاسییەکان سەر بە ئاراستەی سیاسیی جیاواز بوون، هەیانبوو ناسیونالیستی عەرەبی بوو وەك دکتۆر

هیشام ئەلشاوی، هەیانبوو تا سەر ئێسقان مارکسی بوو، وەك مامۆستا ئیبراهیم کوببە، هەندێ هاوسۆز بوون لەگەڵ حزبی شیوعیی عێراقی ئەگەرچی پاش ئەو رووداوانەی دوای کودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ روویان دا، وەك پەیوەندیی رێکخستن دوور بوون لێی. لە گەرمەی ئەو رووداوانەدا مامۆستای کۆچکردوومان دکتۆر خەزعەل ئەلبەیرەمانی ماددەی (داهاتی نەتەوەیی) پێ دەوتین و خۆی ماندوو دەکرد تا رووداوەکان بەو ماددەیەوە ببەستێتەوە کە دەیوتەوە.

رۆژێکیان لەکاتێکدا موحازەرەکەی لەبارەی بابەتی (پارەی خراپ پارەی باش لە بازاڕی ئاڵ و وێر دەردەکات)ی دەوتەوە، قوتابییەك بەناوی (هیشام ئەلیاوەر) لێی هاتە دەنگ و بەبەرچاو و گوێی قوتابیانی پۆلی (ب)ی قۆناغی دووەمدا ئەم گفتوگۆیە لەنێوان ئەو مامۆستاکەدا رووی دا:

**هیشام ئەلیاوەر:** ببوورە مامۆستا لە جێبەند (سیاق)ەکانی شەرحکردنی ئەو تیۆرە تێنەگەیشتم (پارەی خراپ پارەی باش دەردەکات).

**د. خەزعەل:** کوڕم تیۆرەکە رۆشنە، بۆ نموونە کاتێك دوو پێنج دیناریت پێ بێت، یەکێکیان نوێ و ئەویتریان شڕ و وڕ بێت، بەپێی توانا هەوڵ دەدەیت پێنج دینارییە شڕەکە خەرج بکەیت و تازەکەیان لای خۆت بهێڵیتەوە، ئەوەیش تەنیا حاڵەتێکی دەروونییە نە زیاتر و نە کەمتر.

**هیشام ئەلیاوەر:** تا ئێرە بیرۆکەکە روونە لەلام، بەڵام نیوەی دووەمی شەرحکردنەکە، واتە پەیوەندیی ئەو گوتەیە یان تیۆرە بە رووداوە گشتییەکانەوە لەلام روون نەبوو.

**د. خەزعەل:** (سەرەتا هێمنیی خۆی پاراست، بەڵام کاتێك گفتوگۆکەی نێوانیان توند بوو، لەسەر کورسییەکەی هەستا و بەپێوە کەوتە قسەکردن) وتی:

دوای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ زیندانەکان و ژێرزەمینەکانی ئەشکەنجەدان بوون بە شوێنی نیشتمانپەروەران و شەرەفمەندان و سەدانیان بەرەو گۆڕەپانی لەسێدارەدان پەلکێش کران و ئابڕوو ئەتك کرا، هەزاران لە کارەکانیان فەسڵ کران و جەنگ بەدڕندەییەکی بێوێنە دژی برایانی کوردمان بەرپا کرا، لەکاتێکدا دەسەڵاتی عێراق بەدەست جەللاد و دیکتاتۆر و بێ ویژدانەکانەوە بوو و شەرەفمەند و نیشتمانپەروەران ون بوون جا یان لەناو گرتووخانە و زیندانەکاندا، یان لە ماڵەکانیاندا تۆقیبوون، ژمارەیەکی زۆریشیان کەژ و کێو و دۆڵەکانی باکوری نیشتمان لەخۆی گرتن، ئەوانەی لە گۆڕەپانەکەدا مانەوە (خۆسەپێنان) زیاتر لەو پارە قەڵبانە دەچوون کە لە فەرمانگە و بازاڕەکان و ژیانی گشتیدا دەستەودەست دەکران، ئێستا پێویستیان بە تۆبەکردنە بەهۆی ئەو تاوانای کردوویانە، پێویستە رێگە نەدەین لەژێر هیچ رووکارێکدا ئەوانە بگەنە ناوەندەکانی دەسەڵاتداری، جا چ سیاسی بن یان وەزیفی. کوڕم پاش ئەمە هێشتا پێویستت بە روونکردنەوەی زیاترە؟!

کاتێك مامۆستای کۆچکردوومان دکتۆر خەزعەل ئەلبەیرەمانی لە شەحرکردنی ئەو ماددەیە بوویەوە، هێشتا هەڵچوون بە روخساریەوە دیار بوو، بەڵام گەڕایەوە و زۆر بەهێمنی لە شوێنەکەی خۆیدا دانیشت و چووە ناو بیرکردنەوەیەکی قووڵ، وردە وردە هێمنی بۆ روومەتی گەڕایەوە و هەستی بەئاسوودەییەکی قووڵ لە ناخی خۆیدا کرد با لە بابی (لاوازترین ئیمان)یشەوە بێت پاش ئەوەی بەزمان و دڵی (زاهیری خراپە و خراپەکاران)ی روون کردەوە. زەنگی تەواوبوونی موحازەرەکە دەرفەتی نەدا بۆ زیاتر قووڵبوونەوە لە بیرکردنەوە لەو چەوساندنەوەیەی ئەو و رۆڵەکانی دووچاری بوون، لەبەرئەوە بەو ویقارەوە ناسیبوومان هۆڵی موحازەرەی بەجێ هێشت.

دیارەی پارەی خراپ و دەستەودەستکردنی لە بازاڕ رەنگە دیاردەیەکی گشتی بێت لە هەموو کات و شوێنێکدا، بەڵام نەگبەتی لەوەدایە ئەو دیاردەیە دەستی بگاتە

ژیانی گشتیش کاتێك ئەم یان ئەو لەو جۆرە خراپە لە غەفڵەتێکی ڕۆژگاردا پێگەیەکی گەورە وەردەگرێت یان دەبێتە بەرپرسی جومگەیەکی گرنگ لە ژیانی کۆمەڵگە، جا چ وەزیفی بێت یان سیاسی یان کارگێڕی، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان خەوی پێوە نەدیوە، کاتێکیش بارودۆخ دەگۆڕێت هەموو ئاواتی ئەوەیە لە ماڵەکەیدا دابکەوێت و هیواخوازە لێی ببورن و جارێکیتر هەوڵ نەدات بگەڕێتەوە بۆ ژیانی گشتی، بەڵام بەهۆی هەلومەرجی دۆخە سیاسییەکە و کاریگەرییەکانی و ئەنجامە نەرێنییەکانیەوە، ئەو جۆرە خراپە تێکەولێکەی دۆخەکە و تەشەنەسەندنی مەحسوبیەت دەقۆزنەوە و جارێکیتر هەوڵ دەدەنەوە بێنە ریزی پێشەوە.

هەروەها لەبەرئەوەی لەلایەکیترەوە بوونەتە مامۆستا و تیۆریزەوانی هەلپەرستی و هیچ شەرم ناکەن لە گۆڕینی قەناعەتە رواڵەتییەکانیان، رەنگ گۆڕین بەگوێرەی وەرز و بارودۆخ و کاری نەپساوە لەپێناو رامالینی هەرچی شتی چاکە لە کۆمەڵگەدا لە کەسەکان و بەهاکان، تا جێگەیان بگرنەوە وەك ئەوەی پارەی خراپ بە پارەی چاکی دەکات.

رەنگە مامۆستای کۆچکردوومان د. خەزعەل ئەلبەیرەمانی بەدەست ئەو دیاردەیەوە نالاندبێتی و لە کەش و هەواکەیدا ژیابێت کاتێك بەچاوی خۆی دیارنەمانی پارە باشەکانی لە دەستەودەستکردنی بازاڕدا بینیوە، بەڵام ئەو بێدەنگ نەبوو، چاوی لەئاستیدا دانەخست، بەڵکو بەردەوام قسەی دەکرد و بابەتییانە رەخنەی دەگرت و هۆ و ئەنجامەکانی روون دەکردنەوە و ناوبەناو ئەو فەرموودەیەی پیرۆزەی پێغەمبەری بەگوێدا دەدایین: (**من رأى منكم منكرا فليغريه بيده، فان لم يستطع فبلسانه، فان لم يستطع فبقلبه، وذلك اضعف الايمان**). (واتە هەرکەس لە ئێوە خراپەیەکی بینی با بەدەستی بیگۆڕێت، ئەگەر نەیتوانی بەزمانی، ئەگەر هەر نەیتوانی بەدڵی، ئەوەیش لاوازترین ئیمانە).

## بەغدا لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا وەك ئەمڕۆ دەیبینم

کاتێك بەچاوی خۆم کۆمەڵە چەکی سووتاوم لێرە و لەوێ بەبێ چاودێر و تکاکار و بەبێ (قارەمانەکان) لە هەردوو لای ڕێگەی خالص بەرەو بەغدا دەبینی، خوا ئۆخەیم نەدەکرد (التشفی)، کاتێك لە ٢٠ی نیسانی رابردوو (٢٠٠٣/٤/٢٠) پاش کەمتر لە دوو هەفتە لە کەوتنی دەسەلاتی دیکتاتۆری مێژوو بە بەغدادا تێپەڕیم. ئەو چەکانە بریتی بوون لە جۆرەها تانکی قورس و تۆپی جۆراوجۆر و سەربازگوێز و زرێپۆش و نیوە زرێپۆش، کە بێدەسەلات تێکوپێك شکابوون و بەو دەشتەدا و لە ئەملاولای ئەو کەندڕانەی بۆیان لێ درابوون پەرش و بڵاو بووبوون، لە هەندێ ناوچە بووبوون بە گۆڕەپانی گەمەکردنی منداڵ و مەرزم، ریسوا و سەرکز بەئەندازەی ئەو زوڵم و زۆری سەرکردەکانیان بەدرێژایی هەشت دەیە دژ بەگەلانی عێراق و بەتایبەت دژ بەکوردستان و گەلەکەی کردیان، بەپشتبەستن هەندێ جار بە بەشێك لە لەشکری بێگانە و تەکنیکار و دەزگا هەواڵگرییەکانی بۆ بەشداریکردن لە گەڕەکانی شەڕ کە بەسەر گەلێکدا دەسەپێنران، خەونی تەنیا بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی بوو نەك زیاتر.

بەڵێ خوائۆخەیم نەدەکرد، بەڵکو بێزار و تووڕە بووم لە رۆڵی فاشیستییانەی ئەو سوپایە کە بۆ بەرگریکردن لە نیشتمان دامەزرا و لەڕووی بەئومێدخواستنی ئەم

ئەرکەوە ناونرا (وەزارەتی بەرگری)، بەڵام وەك زانراوە سوپای عێراق لە دامەزراندنیەوە تا ئەمڕۆ -کە بەقودرەتی قادر وجودی نەما- گۆڕا بۆ ئامرازێکی کەموێنەی سەرکەوتکردن و بەکارهێنانی هێز. بەڵام ناوی ئەوانەی بەلێبڕانەوە بەشدارییان لە کوشتنی دەیان و بگرە سەدان لە رۆڵەکانی کوردستاندا کرد، هەرگیز لە یادی کورد و تۆماری مێژووەکەی نەچوون و ناچن، لەناویاندا هەندێ ئەفسەری سوپا، وەك: (عمر علي، حسن مصطفى، صديق مصطفى، طه الشكرجي، غانم مصباح، سالم سلطان البصو، بارق الحاج حنطة، صبحي عبدالحميد، سعيد مصطفى الصقلي، مولازم محسن، عبدالعزيز العقيلي، عبدالكريم الجحيشي) و سەدانیتر، کە رۆژ و شەو ئەوەیان دووپات دەکردەوە لەپێناو لەناوبردنی (ئیسرائیلێکی دووەم)دا تێدەکۆشن.

هەقیشم بوو خوائۆخەی بکەم کاتێك ژیاننامە و کارەکانی ئەو سوپایەم بەهەندێ وردەکارییەوە بیر دەکەوتەوە بەتایبەت لە ئەیلوولی ١٩٦١ تا کەوتنی لە نۆی نیسانی ساڵی ٢٠٠٣، وەك وێنەی لەسێدارەدانی بەکۆمەڵ، تەقەکردنی رەمەکی بەناو شەقامەکانی شارەکاندا، رەفتارە نامرۆڤانەکان لەکاتی قەدەغەکردنی هاتوچۆ و ئەتککردنی ئابڕووی ئافرەتانی بێتاوان و خاوێن لە ژێرزەمین و ژوورەکانی هەواڵگریی سەربازی و بۆردومانکردنی شارە ئاوەدانەکان بەچەکی لەڕووی نێودەوڵەتییەوە قەدەغەکراو و باقی ئەو کار و تاوانانەی موچرکە بە لەشدا دێنن، ئەمە جگە لە وێرانکردنی شار و شارۆچکەکان و بڕینی دار و درەختەکان و پڕکردنەوەی کانی و کارێزەکان بەکۆنکرێتی شیشبەند.

کاتێك گەیشتمە بازگەی کۆن لە دەروازەی بەغدای پایتەخت کە پاش دوازدە ساڵ لە دواین سەردانم چوومە ناوی، لەو دۆخە خراپەی بەسەر بەغدادا هاتووە و گۆڕاوە بۆ شارێکی سامناك حەپەسام و واقم وڕما، شەقامەکانی چۆڵ و هۆڵ و فەرامۆشکراو،

پارچەی تانك و تۆپە سووتاوەکان پڕابوون، کە لە بنکە و حەشارگەکانیان دەرهێنرابوون تا لەناو درەخت و گەڕەك و شوێنەکانی خواپەرستیدا بشاردرێنەوە لەترسی بۆردومانی لایەنی بەرانبەر، کە ئەگەر ئەوان نەبوونایە بەو خێراییە ئاهەنگی رووخانی سەرسەختترین رژێمی دیکتاتۆریمان نەدەگێڕا کە مێژوو بەخۆیەوە دیبێت. لێدانی بەربەست و سەنگەرەکان لە گۆڕەپان و یاریگە و باخچە و دەروازەی شەقامە سەرەکی و لاوەکییەکان و لە دەروازەی کۆڵانەکاندا، سیمای دیار و بەرچاون پاش کەوتنی رژێمی دیکتاتۆر. ئەنجامەکانی جەنگ دەریانخست رژێم لە دۆڵێك و گەل لە دۆڵێکیتر بوو، نە جبەخانەی زەبەلاحی چەکەکانی و نە داوودەزگە سەرکوتکەرە جۆراوجۆرەکانی کە لەژێر ناو و رووکاری جۆراوجۆردا دروستی کردبوون، فریای نەکەوتن، ئەوە بوو کەسە نزیکەکان لە سەری رژێم تەبەڕایان کرد و ئەوانیتریش خۆیانیان لە ئەرکەکانیان بۆ بەرگری لێکردنی دزییەوە و باقییەکەیشیان بەرە گەرمەکانیان بەجێ هێشت، پاش ئەوەی دۆخەکە توند بوو و بینییان لاشە تەڕەکان بوون بە قەقنەس و تەرسانەی چەکە کوشندەکان بوون بە رابردوو بەبێ ئەوەی مایەی خەم بێت، چونکە هیچ رۆژێك ئەو چەکانە لە بەرژەوەندیی عێراقییەکان و نیشتمانەکەیان بەکار نەهێنراون، بەڵکو کەرەستەیەکی زەبر و زەنگ و سووتاندن و لەناوبردن و دەرکردن و راگواستن بوون.

بەغدای پایتەختم پاش رووخانی رژێمی بەعس بەم شێوەیە بینی، هەرچی ئەوەیە لەناو بەغدا دەگوزەرا هەندێ جار هیچ مایەی خۆشی و دڵنیایی نەبوو بەراورد بە بەغدای پەنجاکان و شەستەکان و ئەو بەغدایەی خاڵەکانی رێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ی تێدا راگەیەنرا، کە گەورەترین و فراوانترین رێپێوانی جەماوەریی خۆرسکانەی بۆ پێشوازیکردن لە رێکەوتنامەکە و بەدۆستایەتیی عەرەب و کورد پاش راگەیاندنی رێکەوتنامەکە بەخۆوە بینی. لە گۆڕەپانی سەربازی نەناسراو کە ناوەکەی گۆڕاوە بۆ گۆڕەپانی فیردەوس و لە تەنیشتەکانیدا هۆتێلی گەورە گەورە دروست

کراون، کاتێك وەك یەکەمین وێستگەی گەیشتنم بە بەغدا پاش رووخانی رژێم سەردانم کرد کۆمەڵێك یاداوەری بیرخستمەوە.

**گۆڕەپانی جاران سەربازی نەناسراو و پاشتر فیردەوس:**

ئەو گۆڕەپانەیە دوای شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ و بەدیاریکراوی لە یەکەمین ساڵیادی شۆڕشەکەدا، پەیکەری سەربازی نەناسراوی تێدا دانرا، کە نەخشە تەلارسازییەکەی ئەندازیار رەفعەت کامیل چادرچی و نەخشە ئینشائییەکەی ئەندازیار ئیحسان شێرزاد دایاننا، لەکاتی کردنەوەیدا مەشخەڵی پەیکەرەکە لەلایەن زەعیمی کۆچکردوو عەبدولکەریم قاسم خۆیەوە داگیرسا، لە لایەکی گۆڕەپانەکە و بەدیاریکراوی لە باشووری خۆرئاوایدا قاوەخانەیەکی هاوینانە هەبوو، لەلایەکەوە بەسەر گۆڕەپانەکە و لەلایەکیترەوە بەسەر ئەو شەقامە فەرعییەدا دەیڕوانی کە دەچووە شەقامی ئەبو نەواس، کە لە قۆناغی یەکەمی خوێندنی زانکۆدا ناوبەناو سەردانمان دەکرد.

رۆژێکی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٦ ئێمە چوار قوتابیی قۆناغە جیاوازەکانی کۆلێژی ئابووری و زانستە سیاسییەکان، لە سووچێکی قاوەخانەکەدا دانیشتبووین، هەر کە جێمان خۆش کرد، کەوتینە دەمەتەقێیەکی بێزەنتیانە دەربارەی هەڵسەنگاندنی رێکەوتنامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ لەنێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد و حکومەتی عێراق لە سەردەمی فەریق عەبدولڕەحمان عارفدا، دەمەتەقێیەکە بەهۆی جیاوازیی بۆچوونەکان لەبارەیەوە زۆر گەرم بوو، بەشێوەیەك سەرنجی دانیشتوانی سەر ئەو مێزانەی راکێشا کە لەنزیکمانەوە بوون، لەپڕ یەکێکیان کە هاوڕێم بوو لە قۆناغی یەکەمی خوێندنی زانکۆ ناوی فەلاح حەسەن جاسم و خەڵکی شاری ناسریە بوو، شیوعی بوو و زۆر کوردی خۆش دەویست و هاوسۆزمان بوو، لێمان نزیك کەوتەوە، لەسەر کورسییەکی بەتاڵی دەوری مێزەکەمان

دانیشت و پێی وتین: (برایان ئێوە لە قاوەخانەیەکی قەرەباڵغدا دانیشتوون و بەدڵنیاییەوە پیاوانی ئەمنیان تێدایە، ئاگەدار بن ئێرە شوێنی کۆبوونەوە و ئەو جۆرە چیرۆکە گەرمانە نیە، ئەگەر پێویستتان بەشوێنێك هەیە بۆ دەمەتەقیٚ و کۆبوونەوە، من لەگەڵ هەندیٚ هاوڕێم موشتەمەلێکم لە وەزیرییە هەیە، بەڵام لێرە ئاگەدار بن).

دوای تێپەڕبوونی سی و حەوت ساڵ ئەو ڕووداوەم بیر کەوتەوە لەوکاتەی لە بنکەی پەیکەرەکەی دیکتاتۆری لەکارخراو لە گۆڕەپانی فیردەوس (سەربازی نەناسراوی جاران) نزیك دەکەوتمەوە. پەیکەرەکە هەر ئەو پەیکەرە بوو ملیۆنان عێراقی و غەیرە عێراقی لەڕێی کەناڵە ئاسمانییەکانەوە بینییان کاتێك لەنێو سەرسامی و خۆشیی سەرجەم خەڵکدا لە بنکەکەی داگیرا و کەوتە سەر زەوی، کە هەندێکیان لە ساتە یەکەمەکاندا باوەڕیان بەوە نەدەکرد بەچاوی خۆیان دەیانبینی، چونکە بێئومێدی دڵ و دەروونی زۆر کەسی داگیر کردبوو، ئاخر دزینی سیٚ دەیە و نیو لە تەمەنی عێراقییەکان ماوەیەکی کورت و ئاسان نەبوو، بەتایبەت کە هونەر نواندن لە داهێنانی ئامرازەکانی ئەشکەنجەدان و دڵڕەقی و دەمبەستن و چاوهەڵکۆڵین و ئەتککردنی نامووس و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و جینۆساید، لە کارە لەپێشەکان بوون لە هزر و شێواز و ڕێبازی دیکتاتۆر و سەرکردەکانی حزبە فاشییەکەی و بەرپرسانی دەزگا سەرکوتکەرەکانیدا. عێراقییەکان ئیتر خۆیانیان دابووە دەست خوا، چونکە بەچاوی خۆیان دەیانبینی چۆن هەندیٚ (کە زۆر بوون) لە سەرگەورە و سەرکردە گەورە و گچکەکان و ئەوانەی دەزگەکانی ڕاگەیاندنیان بەدەست بوو، بەدەنگی ئەو دەفەی سەدام حوسێن لە ئاهەنگەکانی فرۆشتنی شەرەفی سیاسی و فرۆشتنی پرنسیپ و لەقاڵبدانی خاڵەکانی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و بێدەنگکردنی ئەوانەی بانگەوازیان بۆ (مافی گەلان لە بڕیاردانی چارەنووسیان) دەکرد، هەڵدەپەڕین. عێراقییەکان لەو سەردەمە قەڵبەدا ناهەقیان نەبوو، چونکە دینارەکانی دیکتاتۆر و بەرمیلە نەوتەکانی و کۆبۆنەکانی پێدانی

**دراوی قورس بەلای هەندێ لە دەڵاڵانی سیاسەت و ڕۆژنامەگەرییەوە، گەورەتر و پیرۆزتر و بەکەڵکتر بوون لە ژیانی ملیۆنان خەڵکی بەیدەستکراو، ئەوانە هیچیان نەدەبینی و نەدەبیست و نەدەخوێندەوە ئەوە نەبێت لە مێشکی گەوادەکان و ئەوانەوە دەردەچوو کە بەقەناعەتەوە شوێن ڕێبازە خراپکارەکەیان بەرانبەر مێژوو و سەرجەم مرۆڤایەتی، دەکەوتن.**

**کاتێك بەدەم لێ وردبوونەوەیەوە لە بنکەی پەیکەرەکە نزیك کەوتمەوە، قسەیەکی دیکتاتۆرم بیر کەوتەوە کە زۆر بەلەخۆباییبوونەوە دەیگوت: (جئنا لنبقی) (هاتووین تا بمێنین)، قەت ڕۆژێك بەخەیاڵیدا نەهات پێڵاوی عێراقییەکان بەر پەیکەرەکانی دەکەون، تەماشای بنکەی پەیکەرەکەم کرد کە گۆڕەپانی دەوروبەری وەك (بازاڕی عوکاز)ی لێ هاتبوو، بووبوو بە شوێنی دۆندۆمە فرۆش و ساردی فرۆش و جگەرەفرۆش بەجۆرە جیاوازەکانیەوە و پارەگۆڕەوە و وێنەگرانی گەڕۆك و ژمارەیەك لە ڕۆژنامەنووسانی بیانی لە سەرتاسەری گۆڕەپانەکەدا.**

**لەوکاتەدا کەسێك لێم نزیك کەوتەوە و خۆی دابووەژێر سێبەری بنکەی پەیکەرەکە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی هاتوو لە وڵاتی مام سامەوە، کە تەماشای دەکردم و پێی سەیر بوو لە بنکەی پەیکەرەکە و پاشماوەی ئەو شیشە ئاسنانە ورد دەبوومەوە کە پەیکەرەکەی دەبەستەوە، پاشان ئەم گفتوگۆیە کەوتە نێوانمان:**

**ئەو: مامۆستا.. ئەمە دواین نیگایە بۆ پاشماوەی پەیکەرەکە؟**

**من: نەخێر، بەڵکو یەکەم نیگایە لەسەر ئەرزی واقیع.**

**ئەو: بۆچی ئەو نیگایە تا ئەمڕۆ دواکەوتووە؟**

**من**: من خەڵکی کوردستانم و عەسری دوێنێ گەیشتمە بەغدا، ئەوەتا ئەمڕۆ پاش دەرچوون لە هۆتێل، هاتم بۆ ئێرە تا دڵنیا ببم و چاوم بەوەی رووی داوە و رووداوەدات روون بکەمەوە.

**ئەو**: بەخێر بێن برایانی کورد، منیش وەرگێڕم لەگەڵ ئەم رۆژنامەنووسە کە لەگەڵ رۆژنامەی (نیویۆرك تایمز) کار دەکات و چەند کاتژمێریکە لێرەین، چاودێری دەکەین و گوێ دەگرین و دیمەنە جیاوازەکان دەبینین پاش ئەوەی گۆڕەپانەکە گۆڕاوە بۆ جۆرە (هایدپارك)ێك، کەشی ئازادی چەند خۆشە، بێگومان عێراقییەکان و کورد بە نەمانی سەدام ئاسوودەن.

لەکاتێکدا من و کابرای وەرگێڕ قسەمان دەکرد، خۆپیشاندانێك بەرەو لامان هات چەند سەد کەسێك دەبوون، لە پێشیانەوە لافیتەیەك بەرز کرابوویەوە لەسەری نووسرابوو (نا بۆ حوکمی کەمینە). راستییەکەی لافیتەکە هەستی ئاڵۆسکاندم و میزاجی لێڵ کردم و بەخۆمم وت: ئەمە سەرەتایە و بەتەبیعەتی حاڵ ئەگەر شتەکان بەم شێوەیە بڕۆن، بەئاسانی و بەبێ قوربانی ناگەین بەوەی بۆ عێراقی پاش دیکتاتۆر خەومان پێوە دەبینی.

لێرەدا گفتوگۆیەکم بیر کەوتەوە کە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٩١ لە شاری کۆیە لەنێوان مامۆستا و بیرمەندی کۆچکردوو مەسعوود محەمەد و مندا کرا، لەماڵی ئامۆزای کۆچکردووی مامۆستا مەجید شێخ نووری دەربارەی مافی زۆرینە لە حوکمکردن و مافی کەمینە لە ئۆپۆزسیۆنبوون لە پەرلەمانی عێراق، وەڵامی بۆ پرسیارەکەم بەم شێوەیە بوو: (ئەگەر ئامانجی زۆرینە و کەمینە خزمەتی گەل بێت بەڵام بەئامرازی جیاواز، ئەوا گەل و ژیانی پەرلەمانی لە هەزار خێردا دەبن، چونکە لەوانەیە جیاوازیی نێوان زۆرینە و کەمینە رێژەی (١٪) بێت کە دەسەڵات دەبەخشێتە زۆرینە، بەڵام کەمینەیش لێرەدا زۆر نزیکە لە زۆرینە و دەکاتە نزیکەی نیوەی گەل،

ئەگەر ئەو زۆرینەیە ڕێزی ئەو کەمینەیە نەگرێت کارەسات ڕوودەدات، کارەساتیش ئەگەر رووی دا زۆربنە میسداقیەتی لەدەست دەدات و دەگۆڕێت بۆ کەمینە با زۆرینەی دەنگەکانیش بەدەست بێنێت بەبەراورد بەلاکەیتری هاوکێشەکە، واتە کەمینەکەی رابردوو، کە دەنگی زیاتر بەدەست دێنێت با وەك کەمینەیش بمێنێتەوە).

لەنێوان غەڵبەغەڵبی ئەو خۆپشاندانەی دروشمی (نا بۆ حوکمی کەمینە)ی بەرز کردبووە لەلایەك و بیرکەوتنەوەی وشەکانی بیرمەندی کۆچکردوومان مەسعوود محەمەد دەربارەی چەمکی کەمینە و زۆرینە لە ژیانی پەرلەمانیدا لەلایەکیترەوە، حەزم کرد روو بکەمە شەقامی ئەبو نەواس لەتەنیشت هۆتێل شیراتۆن.

**شەقامی ئەبو نەواس:**

یەکەم جار شەقامی ئەبو نەواسم بینی راچڵەکیم بەوەی کە بینیم لە سیمای شەقامەکە حەپەسام، دەستبەجێ کەشوهەوای شەقامەکەم بیر کەوتەوە لە سەردەمی زێرینی خۆیدا لە ناوەڕاستی شەستەکان تا کۆتایی حەفتاکان، کاتێك وەك سی (سیپەلاك) بوو بۆ بەغدا، خەڵك لە ڕێیەوە هەناسەیان دەدا، دەچوونە قاوەخانە و چێشتخانە و بارەکان کە لە ئەمبەر و ئەوبەری شەقامەکەدا و لەتەنیشت دیجلەی خێردا بڵاو بوون کاتێك خەڵك ئازاد بوون سەردانی قاوەخانە و چێشتخانەکان بکەن، یان لەلای ئەوانەی لەسەر شۆستەکەدا گۆشتی برژاویان دەفرۆشت بوەستن، یان بچن بۆ یەکێك لە مەیخانەکان و بەخواردنەوە کحولییەکان پشوو بەدەروونیان بدەن، یان مامەڵە لەگەڵ ماسیفرۆشێکدا بکەن و ماسیی برژاو بخۆن.

قاوەخانەی جێپەسەندی من و عەبدولمەوجود تەهای هاوڕێم (قاوەخانەی الجماهیر) بوو کە دەکەوتە نزیك سەرەتای شەقامەکە لەلای چەپی پردی جمهورییەوە، رۆژێکیان لەوکاتەی لەگەڵ هاوڕێی ناوبراو لە ئێوارەیەکی مانگی تشرینی یەکەمی

ساڵی ١٩٦٨ دانیشتبووین، ساڵح مەهدی عەمماش وەزیری ناوخۆ پاش کودەتای ١٧ی تەممووزی ١٩٦٨ لە شاشەی تەلەڤزیۆنی بەغداوە سەری کێشا و پێشەکیی فیلمێکی دەخوێندەوە، کە بەناچاری بینینی سی و پێنج ساڵی خایاند بەهەموو دیمەن و ڕووداوەکانیەوە، کە موچرکە بەلەشی مرۆزدا دێنن تەنانەت لەشی مرۆڤە سادییەکانیش، کاتێك بە بینەرانی تەلەڤزیۆنی ڕاگەیاند:

(ئەگەر ببیستین یەکێکیان بەرهەڵستیی حوکمی بەعس دەکات، دەستبەجێ دەیخەینە ژوورێکی تاکەکەسی لە زیندانە تایبەتەکانی عێراقدا، بەهیچ شێوەیەك ڕێگەی پێ نادەین کەس ببینێت یان گوێی لە مۆسیقا بێت و کەباب بخوات، دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ دەچینە لای و پرسیاری لێ دەکەین ناوی چییە، ئەگەر ناوی خۆی لەبیر کردبوو بەری دەدەین، ئەگەر لەبیری نەکردبوو جارێکیتر دەرگای لەسەر دادەخەینەوە تا بەتەواوەتی ناوی خۆی لەبیر دەکات).

لەکاتێکدا بەژێر سێبەری درەختە کزەکانی ناوەڕاستی شەقامی ئەبو نەواسدا بەرەو لای دووکانی ماسیفرۆشێك تێدەپەڕیم، لۆژیکە سەقەتەکەی عەمماشم بیر کەوتەوە، کە چۆن پێشەکییەکەی لەگەڵ کەسانیتری خاوەنی ئەم جۆرە تیۆرە فاشیستیانەدا، ڕۆڵیان هەبوو لە داڕشتنی ڕژێمێك وێنەی بەدرێژایی مێژوو کەم بووە و خۆشبەختانە عەمماش خۆی بوو بەیەکێك لە قوربانییەکانی، چونکە هەر لە سەرەتاوە یەکێك بوو لە تۆوەکانی پیلانگێڕان دژی شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ کاتێك کە ئەفسەرێکی پلە نزمیش بوو.

ئەو ماسیفرۆشەی قسەم لەگەڵدا کرد خەم دایگرتبوو لەو کاتەی خۆی دابوو بەسەر ئەو سیاجە ئاسنینەی لە ڕووکاری دووکانەکەیدا جێگیر کرابوو، پاش سڵاو لێکردنی، ئەم گفتوگۆیەمان کەوتە نێوان:

**من**: برا حاڵتان چۆنە؟

**ماسیفرۆش**: باش و نیو باشین.

**من**: باش تێگەیشتم، ئەی نیو باش چییە؟

**ماسیفرۆش**: ئەم دووکانە سی و پێنج ساڵە هی منە، لە باوکم بۆم ماوەتەوە کە لە ناوچەی شەواکە لە تەنیشت کەرخ ماسی دەفرۆشت، ئەویش لە باپیری رەحمەتیمەوە بۆی مابوویەوە، ئەم شەقامە ناوی خۆی بەخۆیەوە بوو، زۆربەی شەوەکان تا بەرەبەیان دەمامەوە، مشتەرییەکان بەجیاوازییانەوە چ ئەوانەی بەهۆش بوون یان ئەوانەی مەست بوون جۆری ماسییەکەیان دیاری دەکرد. من و کوڕەکانم لەخزمەتیاندا بووین، بەڵام پاش ئەوەی کوێتمان گرت و راپەڕین روویدا، رژێم وەك (سەگ)ی برسی لیٚ هات، دووکانەکەم لەژێر چاودێریدا بوو، ئەوەیش کاری زۆری کردە سەر ژمارەی مشتەری و بەئاستەم بەشی بژێویم پەیدا دەکرد. بەڵام بەنەمانی رژێم هەناسەی شادومانیمان هەڵمژی و پێشبینیم دەکرد کۆن بۆ کۆنییەکەی بگەڕێتەوە سەبارەت بەژیانی کۆمەڵایەتی، بەڵام وادیارە شتەکە جیاوازە و وەك عێراقییەك هەست دەکەم بۆنی پەڕگیری هەولٚ دەدات باڵ بەسەر کەشەکەدا بکێشێت، کە ئەمە من و خەڵکیتریش نیگەران دەکات، چونکە ساڵانێك لە پەڕگیریی حزبی (بەعسی سەرکردە)مان بینی، هەموو ئومێدم ئەوەیە قوربانی (جەماوەری گەلی عێراق) ئەوەی لەبیر نەچێت بەدەست زیندانچی و جەللادەکانیەوە بەسەریدا هات.

**شەقامی موتەنەبی.. قشلە.. بازاڕی سەرا.. گۆڕەپانی رەسافی**

لە یەکەم رۆژی هەینی پاش گەیشتنم بە بەغدا، هەر لە بەیانیەوە تەکسیەکم گرت و چووم بەرەو شەقامی موتەنەبی، چونکە زۆرمان دەبیست کە دۆخی رۆشنبیری و رۆشنبیران لە عێراق چی بەسەر هاتووە بەتایبەت پاش گەمارۆی ئابووری، کە رژێمی

پێشوو بوو بەهۆی سەپاندنی، وەنەبێت گەمارۆ شتێکی نامۆ بووبێت بۆ عێراقییەکان، قەیرانەکە بەپەلوپۆکانیەوە و بەجیاوازیی کالاّ و مادده ژیانییەکانەوە کە لێیان بێنیاز نین، وابەستەی ژیانی گشتیی گەل بووە، پێش گەمارۆ قەیرانەکە بە وەرز بوو، واتە لەپڕ بازاڕ هەندێ کالاّ یان ماددەی زەروری تێدا نەدەما، بەشێوەیەك ژیانی عێراقییەکان بەوە راهاتبوو.

هەرچی گەمارۆی رشنبیرییە بەیەك رستە کورتی دەکەمەوە (سرووشتی رژێمە تۆتالیتارییەکان ماڵیکردن و کۆتکردنی زمان و ئەقڵەکانە). لەبەرئەوە حاڵەتە رۆشنبیرییەکە لە خولگەی رژێم و هزر و رێنماییە سیاسی و رۆشنبیریەکانیدا قەتیس بوو، رۆشنبیران دابەش بوون لەنێوان لابەندی (الولاء) بۆ رژێم، وەك یەکێکیان رۆژێك پاش وەلانانی قەناعەتە فیکرییەکانی و خۆداماڵین لە رێبازی پێشووی وتارێکی نووسی بەناونیشانی: (پێشەکیی قەسیدەیەکی خۆشەویستیی شکستخواردوو) (مقدمة لقصيدة حب فاشلة)، کە پابەندیی فیکریی پێشووی خۆی وەك حاڵەتێکی خۆشەویستی پیشان داوە کە سێ یان چوار دەیە بەردەوام بووە، بەلاّم لە کۆتاییدا هەستی بەخۆی کردوە دواکەوتووە (وەك دەڵێت)، ئەو پێشەکییەی بۆ حاڵەتی خۆشەویستیی پێشووی نووسیوە کە بەحاڵەتی خۆشەویستییەکی شکستخواردووی چواندووە، سەرەنجام کەوتە بنی بنەوەی زۆنگاوەکانی هەلپەرستی و ئابڕووی خۆ بردن.

هەندێکیتر لە رۆشنبیران بەناچاری مەنفایان هەڵبژارد لە زەویی فراوانی خوادا، هەندێکیش کۆتاییەکەیان لەڕووی جەستەییەوە ئەو ژێرزەمینە تاریکانە بوون کەس بەسەلامەتی لێیان دەرباز نەبووە، چونکە بەدرێژایی مێژوو و لەوکاتەوە خوای گەورە زەوی و ئاسمانی دروست کردوە تا ئەمڕۆ، ئامرازی ئەشکەنجەدانی دەروونی و

جەستەیی لەو شێوەیە دانەهێنراوە کە بەعس دایهێناون ولە تۆقاندنی گەلەکەی پێیان هونەرکاری نواندوە.

ئەوانەی دەمێننەوە (لە رۆشنبیران) بێدەنگی و راکردن بەدوای پارووی ژیانیان هەڵبژارد لە هەر کارێکی سەربەرزانە و بەهەر شێوازێك بێت، لەو ساڵانەی دواییدا شەقامی موتەنەی حاڵەتێکیتری نائومێدکارانەی لەژیانی رۆشنبیرادابەخۆوە بینی، ئەویش ناچاربوون بوو بۆ هەڕاجفرۆشکردنی (باشترین هاوڕێکانیان) (مەبەست لە کتێب و کتێبخانەکانیان) بەنرخێکی کەم.

کاتێك یەکێکیان ناچار بوو لەسەر نرخی فرۆشتنی کتێبێکی خۆشەویستی لەلای مامەڵەم لەگەڵ بکات، راشکاوانە پێی وتم: (ئەگەر پێویستم بە پارە نەبوایە بەو نرخە کەمە نەمدەفرۆشت)، ئەمە دۆخی ئەو توێژەی رۆشنبیران بوو کە مابوویەوە و خۆی لەو دۆخە خەمناکەدا دەبینیەوە.

نەمتوانی زۆر لە رۆیشتن بەشەقامی موتەنەبیدا بەردەوام بم، چووم بۆ بینایەی قشلە، پاشان بۆ بازاڕی سەرا کە داخرابوو، گەڕامەوە بۆ گۆڕەپانی مەیدان و بۆ گەڕەکی حەیدەرخانە، چێشتخانەی (الشمال)م بیر کەوتەوە کە یەکێك بوو لەو چێشتخانانەی ئەو ناوچەیە، کاتی خۆی نیوەڕوان پاش دەوامی کۆلێژ لەگەڵ برادەرەکانم سەردانمان دەکردن، وەك چێشتخانەی (ممتاز) و (جمیلە) لە شەقامی (الامین) و (الجمهوریە) لە حەیدەرخانە.

کاتێك گەیشتم بە بینای پێش هۆتێلی (شەهلا) لەنزیك پەیکەری رەساف، رۆژانی نیوەی یەکەمی قۆناغی یەکەمی خوێندنی زانکۆم بیر کەوتەوە، کە لەو هۆتێلەدا نیشتەجێ بووین، لەبەردەم دەرگاکەیدا تەماشای سەعاتەکەمم کرد بزانم سەعات چەندە، بینیم لەکار کەوتوە، لەبەرئەوە بەرەو (باب الاغا) لە شەقامی رەشید رۆیشتم

كە سەعاتچییەكی لیٚ بوو، لەناو كوشكێكی تەختەدا كاری دەكرد، كاتێك سەعاتەكەم دایە دەستی داوای هەزار دیناری كرد لەو دراوەی پێی دەوترا چاپكراو (تەبع) لەبەرانبەر گۆڕینی پاتریی سەعاتەكە، كاتێك بەستەیەك پارەم لە باخەڵم دەرهێنا كە ٢٥ هەزار دینار بوو لەو دراوە، سەعاتچییەكە قسەیەكی كرد گیان و بیرمی هەژاند كاتێك پێی وتم: (برام ئاگات لەخۆت بێت، پارەكە بخە باخەڵت، تۆ هەم كوردی و هەم پارەیشت پێیە، دەتكوژن ها، چونكە باند باڵادەست بوون).

كاتێك سەعاتەكەم لیٚ وەرگرتەوە سوپاسم كرد بۆ ئامۆژگارییەكەی و بەڕێگەی شەقامی رەشیددا بەرەو لای گۆڕەپانی (حافظ القاضي) چووم و ئەوكاتە چەندین وێنە و دیمەن و رووداوم دەربارەی رۆڵی كورد لە بەغدا لەڕووی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە بەبیرمدا هاتن، كە كردوویەتی بەسەرمەشقێك لە ئەمانەت و راساڵی و نیشتمانپەروەری و ئازایەتیشدا. ئامۆژگارییەكەی كابرای سەعاتچیم بەلاوە سەیر و سەرسوڕهێن نەبوو، ئەو بۆشاییەی ئازادكردنی عێراق دروستی كرد و بەردانی هەزاران تاوانباری دڕندە، هەروەها ئەوەی هاوپەیمانان لە سەرەتادا نەهاتن گەورە بەرپرسانی دەزگە سەركوتكەرەكان قەتیس بكەن و بەرپرسانی ئەو دەزگایانە دەستگیر بكەن كە سادیست و تاوانبارانیان بەرهەم دەهێنا، هەروەك پلانێكی پێشوەخت نەبوو بۆ قۆناغی پاش دیكتاتۆر و بەشداركردنی هێزە نیشتمانییەكان لە مامەڵەكردندا، سرووشتی گەلی عێراقیان نەناسی كە جەنگ و كاولكاری هاڕیبوویان، هەر لە جەنگی ریددە و مامەڵەكردنی دەسەڵاتداران لەگەڵیان لە هەزار ساڵ لەمەوپێشەوە، وەك مامەڵەی حەجاجی كوڕی یوسفی سەقەفی لەگەڵیان كە وەسفی كردن بە: گەلی دووبەرەكی و دووڕوویی (شعب الشقاق والنفاق).

**هەموو ئەو فاکتەرانە و کەڵەکەبوونەکانیان لە مێژوودا، هەروەها سێ دەیە و نیو لە تەمەنی حوکمی رژێمی فاشیستی، دەستەبەری بڵاوبوونەوەی ئەو دیاردەیە بوو کە سەعاتچییەکە ئاگەداری کردمەوە لێی.**

**کاتێك گەیشتمە ناوچەی بازاڕی شۆڕیجە، بەرەو (کۆڵانێك لەژێر تەکیەکەدا) (دربونه تحت التکیه) چووم، کۆڵانی تەنیشت بازاڕ کە دووکانەکانی رۆژێ لە رۆژان ناوەندی دابەشکردن و فرۆشتنی جلوبەرگی بەکارهاتوو (لەنگە) بوو، لە کۆتایی کۆڵانەکەدا لەژێر تەکیەکەدا بینای (خان الحاج شوکت) هەڵوەستەی پێکردم کە خەریك بوو دەڕووخا، رۆژێکی پایزی ساڵی ١٩٦٧م بیر کەوتەوە کاتێك بۆ یەکەم جار چوومە (خان)ەکە، خوالێخۆشبووی باوکم لە کۆتایی سییەکانەوە مامەڵەی لەگەڵ ژمارەیەك لە خاوەن (خان)ەکاندا دەکرد، وەك خوالێخۆشبوو عبدالقادر الصراف و خوالێخۆشبوو عبدالوهاب و خوالێخۆشبوو حاجی شەوکەت و محمد سعید الخفاف خوا تەمەنی درێژ بکات. خوالێخۆشبوو حاجی شەوکەت مامەڵەی لەگەڵ ماددەی (گونیە و جانفاس و سوتلی) دەکرد، کە لە پێچانەوە و رێکخستنی (فەردەی تووتنی رۆژهەڵاتی) لە کوردستان بەکار دەهات، باوکم ئەو ماددانەی لە ناوەڕاستی مانگی تەمموزی هەموو ساڵێکدا دەبرد و لە ناوەڕاستی پایزدا پارەکەی دەدا.**

**جارێکیان وا رێکەوت ماوەی پارەدانەکەی باوکم بۆ ماوەی دوو هەفتە دوا کەوت (پارەکە نزیکەی دە هەزار دیناری ئەوکات بوو)، لەڕێی بروسکەیەکەوە کە لە کۆیەوە ناردی داوای لێ کردم سەردانی حاجی شەوکەت بکەم و عوزرخوایی بۆ بهێنمەوە لەسەر دواکەوتنەکە و پێی رابگەیەنم، کە پارەکەی لە ماوەی دوو هەفتەیتردا نەك زیاتر بەدەست دەگات، بەو شێوەیە چوومە خانەکەی حاجی، کە بۆنی ماددە ئەمبارکراوەکانی ژێرزەمینە گەورەکە و ژوورەکانیتر لە نهۆمی یەکەمدا دەروونی پاك**

دەکردەوە، چووم بۆ نووسینگەکەی، ناوچاوانی ماچ کردم و داوای پیاڵەیەك چای (ترش)ی بۆ کردم، پاشان هەواڵی باوکمی پرسی، منیش پێم وت:

من: (لەگەڵ زارکردنەوەدا کاغەزێکی سپیم دایە دەستی کە باوکم لەبارەی سەردانی بۆ لای حاجی ناردبووی) پاشان پێم وت: حاجی پارەدانەکە دواکەوتوە، دواکەوتنەکەیش لە دەرەوەی ئیرادەی باوکم نەبووە و بەهۆی دواکەوتنی خەرجکردنی بالەکانی تووتن بووە لەلایەن حکومەتەوە بۆ بازرگانان لە کۆیە، ڕەنگە هەفتەیەکیتر دوا بکەوێت، باوکم لە تۆ نیگەرانترە وەك لەو بروسکەیەدا دیارە بۆی ناردوویت، تەنیا دەمەوێت دڵنیا بیت).

حاجی شەوکەت: ناوی تەواوی (حاجی شەوکەت مەهدی و خەڵکی قەزای (الحی) بوو و لە چلەکانەوە لە بەغدا خەریکی بازرگانیکردن بوو لە خانەکەیدا، کە دەکەوێتە دووکانێك لەژێر تەکیەکەدا لە شۆڕیجە) پێی وتم: (کوڕم باوکت ڕێزێکی زۆری لەلام هەیە، خوا شایەتە لەسەر ئەوەی دەیڵێم، نان و نمەکمان لەنێواندا هەیە، ئەگەر ساڵێکیتریش دوا بکەوێت هیچ بەخەیاڵمدا نایەت، هەرچی هەمە لە خزمەتی باوکتدایە، ئەو پیاوێکی کوردی جوامێر و ڕاستگۆیە لە مامەڵەکردندا، خوازیارم مامەڵە و بازرگانیکردنم تەنیا لەگەڵ کورددا بێت، ئەوان نەبوونایە لە بازاڕەکانی بەغدا و بەتایبەت شۆڕیجە لەژێر تەکیە ڕاساڵی و خاوێنی لە مامەڵەکردندا زاڵ نەدەبوون، ئەگەر خوا بۆم ئاسان بکات حەز دەکەم ئەم هەفتەیە سەردانی باوکت بکەم لە کۆیسنجەق).

هەروایش بوو، حاجی شەوکەت دوای چەند ڕۆژێك چوو بۆ کۆیە و پاش گەڕانەوەی لە خانەکەیدا سەرم لێ دایەوە، هەر کە بینیمی پێی وتم: (ئێوە و خێر و بێری ناوچەکەتان نەبوونایە، عێراق لەم خۆشگوزەرانییەدا نەدەژیا).

له بەهاری ٢٠٠٣ (ژێر تەکیە) بەو خەڵکانە ئاوەدان نەبوو کە وشەیان شەرەف، وەفا، راستگۆیی و سەرڕاستی بوو، هەروەك چۆن نیشتمانپەروەری و کاری سیاسی هەڵگری راستگۆترین ئایەتەکانی خاوێنی و گیانفیدایی و قوربانیدان بوو لەپێناو پرنسیپەکان و باخەڵبڕانی بازاڕ کە (سەعاتچی)یەکە ئاگەداری کردمەوە لێیان لەو رووەوە کوردم و چەردەیەك پارەم پێیە، شوێنیان لە کۆمەڵگەی عێراقیدا نەبوو، هەروەك باخەڵبڕانی سیاسی بەو شێوەیەی ئەمڕۆ دەیانبینین کە سەنتەر دەگرن نەبوون، لە سەردەمێکدا چاك بووەتە خراپ و سیاسەت وەك بازرگانی بووەتە ئامرازێك بۆ بەدەستهێنانی پلە و پایە، لەکاتێکدا پێشتر ئامرازێکی کاریگەر بوو بۆ خزمەتکردنی گەل و نیشتمان و سیاسییەکان بەپەنجە ئاماژەیان بۆ دەکرا و سەرمەشقی کۆمەڵگە بوون.

بەندیخانەیش وەك قوتابخانەیەك بوو دەروونەکانی زاخاو دەدا و خودی خاوێن دەکردەوە لە هەر لادانێك لە فیکر و رەفتاردا، ئەویش بەکاریگەریی بوونی تێکۆشەران لەناویدا و بەهۆی ئەو کەشوهەوا ئازادییە رێژەییەی تێیدا بوو تەنانەت رۆژی روودانی کودەتا شوومەکە لە ٨ی شوبات ١٩٦٣ و پاڵپشتکراو لەلایەن ناوەندە دەستڕۆیشتووەکانی خۆرئاوای شارستانی بەپاساوی بەگژاچوونی شیوعیەت، کە لەوکاتەوە (ماوە شەوەزەنگەکە)ی بەهەموو ماناکانی بۆ عێراقییەکان لە مێژوویاندا هێنا، کە دڵڕەقی جێگەی بەزەیی گرتەوە و شێوازەکانی گفتوگۆ گۆڕان بۆ گۆمی خوێن و بەهۆی ئەوە و لەئاکام و بەکاریگەرییە نەرێنییە وێرانکەرەکانی، هەموو شتەکان تێکەڵ و پێکەڵ بوون و حەقیقەت فەوتا، هەروەك پێوەرەکانیش فەوتان و فیکر بە ڤایرۆسی خۆبەزلزانی و لوتبەرزی و درۆ و مەراییکردن و تەڵەکەبازی دەردەدار بوو و زمانحاڵی تێکۆشەرانی شەرەفمەند هاواری دەکرد: (یا حق لم تبق لی صاحبا) واتە (ئەی هەق هاوڕێیەکت بۆ نەهێشتمەوە).

لەگەڵ جێگیربوونمان لە بەغدا، بارەگای پێشووی حزبی بەعسمان کردە بارەگای دەستەی لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە پێی دەوترا فەرعی رەشید و دەکەوێتە شەقامی ٥٢، لەو لایەوە لە گۆڕەپانی عوقبە بن نافیعەوە نزیکە. رۆژنامەنووسێك لە ئاژانسی دەنگوباسی ژاپۆنی پرسیاری لێ کردم لەبارەی مەغزای کردنەوەی بارەگای حزبێکی کوردی (بەگوتەی ئەو) لە بەغدای پایتەخت، ئەوەیش سەرەتای گفتوگۆیەکی درێژ بوو لەگەڵیدا لەڕێی وەرگێڕێکی گەنجی بەغدادیەوە، کە ئەو خۆی زۆر زانیاریی مێژوویی بەتایبەت لەبارەی رۆڵ و بوونی کورد لە بەغدا، نەدەزانی. رۆژنامەنووسە ژاپۆنییەکە <u>لە ١٢ی نیسانی رابردوو</u> لەڕێی کوەیتەوە هاتبووە عێراق، واتە دوای سێ رۆژ لە رووخانی رژێمی دیکتاتۆر، ئەوەیش دووەم سەردانی بوو بۆ عێراق، دەیویست دیمانەیەکی رۆژنامەوانی لەگەڵ بەرپرسێکی پ د ك بکات، تا راستەوخۆ لەوەوە ببیستێت لە هەڵەبجە چی رووی دا، پاش ئەوەی ئامێری تۆمارکەرەکەی خستەکار، قسەکەی بەشێوازێکی جوان دەست پێکرد لەبارەی چۆنێتیی ئاشنابوون بەوەی بەسەر هەڵەبجەی بریندااردا هات.

رۆژنامەنووسە ژاپۆنییەکە وتی: لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ و رێك لە مانگی ئازاری هەمان ساڵ لەسەر راسپاردەیەکی باڵیۆزخانەی ژاپۆنی لە بەغدا هاتم بۆ بەغدا لەگەڵ وێنەگرێکی رۆژنامەوانی لە ئاژانسی گشتیی رۆژنامەوانی و بەیاوەریی پەیامنێری سەربازیی ئاژانسەکە خۆی، بۆ رووماڵکردنی ئەو شوێنەوارانەی (رێکەوتنامەی صەفوان) لەنێوان نوێنەرانی سەرکردایەتیی سەربازیی ئەمەریکی هاوپەیمان و سەرکەوتوو و نوێنەرانی سوپای عێراقیی بەزیوی ئەوکات بەجێی هێشتووە، بەڕێکەوت رۆژنامەنووسێکی ئاژانسی (ئینتەرتاس)ی رووسی بوو بەهاوڕێم، شەوێکیان لەبەر روناکیی مۆم و لەکاتێکدا خەریکی خواردنەوەی چای سەوز بووین کە نزیکەی کیلۆیەکیم پێ بوو لەناو کیسی بچووك بچووکی کەپسدا و هاوڕێ رووسیەکەم پاش هەڵقوڕینی بڕێك شەرابی فۆدکای کەپسکراو لەناو بوتڵێکی

کانزاییدا، دەیخواردەوە، لەپڕ باسی چیرۆکی گەلێکیتری بۆ کردم جگە لە عەرەب کە لە چیاکان و قەراغی چیاکان دەژین لە ناوچەیەك پێی دەوترێت (کوردستان)، کە لە سەرەتای دەیەی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا لەژێر سەرکردایەتیی سەرۆکی کۆچکردوویان مستەفا بارزانیدا ئۆتۆنۆمییان بەدەست هێناوە، ناوچەکەیان دەوڵەمەندە بە نەوت، رۆڵەکانی شەڕکەری باشن و پاش کشانەوەی عێراق لە کوەیت سەرلەنوێ بەکۆمەڵ راپەڕیون، لە لوتکەی چیاکانەوە دابەزیون و شارەکانیان ئازاد کردوون، بەڵام ئەمەریکا پشتی تێ کردوون و چالاکییان لە دەوروبەری چیاکاندا قەتیس بوو، لەگەڵ ژاپۆنییەکان کێشەیەکی هاوبەشیان هەیە، ئەویش بۆمبارانکردنی شارێکیانە بەناوی (هەڵەبجە) بەچەکی قەدەغەکراو لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، تێیدا هەزاران کەس لە خەڵکی مەدەنی بوونە قوربانی. کاتێك ئەو رستانەم بیست (قسەکە لێرەدا هی رۆژنامەنووسە ژاپۆنییەکەیە) زۆر پەرۆش بووم زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەو شارە لێقەوماوە (هەڵەبجە) ببیستم، هاوڕێ رووسییەکەم نەیتوانی زانیاریی زیاترم لەبارەیەوە پێ ببەخشێت و تەنیا هەندێ رستە و دەستەواژەی دەگوت وەك (گەلێکی جەنگاوەر، چەکی کیمیاوی، گەڕان بەدوای ئەم مەسەلەیەدا لە عێراق بەهیچ شێوەیەك رێگەی پێ نادرێت، کاتێك لە دەرەوەی عێراق لێکۆڵینەوە بکەیت زیاتر لەبارەی ئەو شارەوە دەزانیت). بەم شێوەیە کاتێك گەڕامەوە وڵاتەکەم زیاتر پەرۆش بووم بۆ زانینی زیاتر، خۆشبەختانەساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ دەستەیەکی پزیشکی کە تایبەت بوو بەشێوەی فێرکردنی (بەنجکردنی پزیشکی) لە یەکێك لە نەخۆشخانە هەژارەکانی پایتەختەکەتان هەولێر، لەڕێی تورکیاوە بۆم رەخسا بێمە ناوچەکەتان و سەردانی شاری هەڵەبجەم کرد. پاش بیستنی تراژیدیای کارەساتەکەی، هیرۆشیمام یاد کەوتەوە، کە دوای دەیان ساڵ شوێنەوارەکانی زەبرە ئەتۆمییەکە لەناو بران، بەڵام ئێمە هێشتا هەستێکی نادۆستانەمان بەرانبەر ئەمەریکا هەیە ئەگەرچی پاساوەکانی ئەمەریکا بۆ لێدانی دەوڵەتی ژاپۆن دەزانین، کە بەرەنگاریکردنی سەرکردایەتی

سەربازیی ژاپۆنی کۆتاهاتنی جەنگ و نەهامەتییەکانی و شوێنەوارە کاولکارییەکانی بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی دوا دەخست، بەڵام من تا ئەمڕۆ زۆر سەرم سوڕ دەمێنێت لەوەی سەرکردایەتیی پێشووی عێراق بۆردومانی شارێکی وڵاتەکەی بکات بەچەکی کیمیاوی. یەکێك لە پزیشکەکان لە بنکەی تەندروستیی شاری هەڵەبجە پاڵنەرەکانی سەدام حوسێنی فاشیستی لە ئەنجامدانی ئەو هەڵمەتە وەحشییە بۆ باس کردم، من سەرم سوڕماوە، بەڵام سەرسوڕمانەکەم زیاتر بوو کاتێك بینیم کوردەکان روو دەکەنە بەغدا و لێرە بارەگا دەکەنەوە وەك ئەوەی پرسی یەکەمیان خۆ دامەزراندن بێت لە بەغدا، نەوەك تیمارکردنی برینەکانی وڵات و گەلەکەیان.

موحازەرەکەی رۆژنامەنووسە ژاپۆنییەکە بووە مایەی سەرسوڕمانم و بەپێی توانا هەوڵم دا رەهەند و پاڵنەرەکان و مێژووی بوونی کورد لە بەغدا روون بکەمەوە و پێم وت:

کورد و بەغدا جمکن، ئێمە بەشداریمان لە بنیاتنانیدا کردوە کاتێك خەلیفە ئەبو جەعفەری مەنسوور دەستی بەدروستکردنی کرد، کە پێشتر لەگەڵ گەلانی غەیرە عەرەبی ناوچەکە موسڵمان بووین و قوربانیی زۆرمان لەپێناو سەرخستنی ئاینیی نوێدا، بەڵام زیانی زۆرمان کرد.

دانی پێدا دەنێین و باوەڕمان هەیە کە ئیسلام بۆ رزگارکردنی مرۆڤایەتی هاتووە لە نەفامی و مژدەی دادپەروەری و یەکسانی داوە، بەرێزترینمان لای خودا ئەو کەسەیە لەخواترسترە، هیچ جیاوازییەك لەنێوان عەرەب و غەیری عەرەبدا نیە لەوانەی هاتوونەتە ناو ئاینی نوێ و لوتکەی دانایی ترسان لە خودایە (رأس الحكمه مخافه الله)، بەڵام ئێمە زۆرمان زیان کرد کاتێك ئومەوییەکان بیری نەتەوەیی عەرەبایەتییان هێنایە ناو مومارەسەکردنی دەسەڵاتی ئاینییان، بەم شێوەیە تا خیلافەت گوێزرایەوە بۆ عوسمانییە تورکەکان، کە بۆ ماوەی پێنج سەدە بە ئەقڵییەتێکی دوور لە رۆحی

ئیسلامی مەزن حوکمی ئێمە و غەیری ئێمەیان کرد. بوونی کورد لە بەغدا لە دامەزراندنیەوە تا ئێستا لە سەختی بەدوور نەبووە ئەگەرچی هێشتا هێزێکی بەشەری و ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی پێکدێنن کە گاڵتەی پێ ناکرێت، با لە سەردەمی دیکتاتۆری مێژوو سەدام حوسێندا زیانی بەرکەوت و زۆر پێگەی گرنگی لە هەموو رووەکانەوە لەدەست دا.. کردنەوەی بارەگای حزبە کوردستانییەکان زادەی ئەمڕۆ نیە، چونکە لە سییەکانی سەدەی رابردووەوە حزبی کوردی لە بەغدا دامەزراون و چالاکیی نهێنی و ئاشکرایان تێدا کردوە. لێرەدا رۆژنامەنووسە ژاپۆنییەکە قسەی پێ بڕیم و پرسی:

دەرفەتی سەرکەوتنتان پاش نەمانی دەسەڵاتی تۆتالیتاریی ناوەندی لە عێراق چەندە و ئایا هێزی سیاسیی عەرەبیی گەورە هەن کە جڵەوی گۆڕەپانی سیاسییان بەدەست بێت و لە دۆخی ئێوە و رادەی ئەو ناهەقییە بەرانبەرتان کراوە تێبگەن، کە دواینیان لێدانتان بوو بە چەکی کیمیاوی؟

وەڵامم دایەوە: سەبارەت بە رادەی سەرکەوتنمان لەم قۆناغە تازەیەدا، هەندێ شتی گۆڕاو و هەندێ شتیتری نەگۆڕ لە گۆڕەپانی سیاسیدا هەن، نەگۆڕەکان لە سیاسەتدا بەسترابوون بەفاکتەرێکی بنچینەییەوە، ئەویش ئەوەیە هێزە نەتەوەییەکان کە بەعس (گرێی عەرەبایەتیی عێراق)ی هەڵدەسووڕاند، رۆڵیان هەبووە لە شێواندنی هزری هەندێ حزبی نەتەوەیی پێش سەردەمی پاشایەتی، وەك (استقلال) و (نادی التچامن) و ئەو گرووپە نەتەوەییانەی لێرە و لەوێ لەژێر ناوی جیاوازدا هەبوون لە بەرژەوەندیی خۆی، کە توانیویەتی بچیتە ناو هزری هەندێ سیمبوڵی نەتەوەیی، هەندێ هێزیتر هەن چوونەتە پاڵ ئەم هزرانە، کە پێیان وایە عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەبی و هەر هەوڵێك بۆ چارەسەری کێشەی کورد رووبەڕووی چەندین گرفت دەبێتەوە چ دەرەکی چ ناوەکی، هەموویشیان دەچنە یەك خانەوە، کە بریتییە لە

ترسان لەوەی پێی دەوترێت (جیابوونەوە)، وەڵامی کوردیش بۆ ئەم ترسە لە دوو خاڵدا خۆی دەنوێنێت:

**یەکەم:** دانانی عێراق بە بەشێك لە نەتەوەی عەرەب مانای سڕینەوەی نەتەوەی کوردە لە پێکهاتەی عێراق و دانانی سەرجەم عێراقییەکانە بەعەرەب، ئەمەیش پێچەوانەی واقیعە، ئەگەر بەشە عەرەبەکەی عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب بەبێ ئەوەی کورد بخرێتە ناو هاوکێشە عێراقییە خاوەن رەچەڵەك (و ناسنامەی عەرەبی)ەکە، لێرەدا کورد مافی خۆیەتی لە قەوارەیەکی دروستکراو جیا ببێتەوە کە بەهۆی پیادەکردنی سیاسەتی ئیستیعماریی پاش جەنگی جیهانیی یەکەم و بە موبارەکەی فتوای دەوڵەتە زلهێزە براوەکانی جەنگ دامەزراوە، کە لە رێکەوتنامەی سایکس–بیکۆدا خۆ دەنوێنێت و بەپاڵپشتیی کۆمەڵەی گەلان بەگوێرەی چەند بڕیارێکی راگەیەنراو، یان داننان بەهاوبەشایەتیی کورد و عەرەب و باقی نەتەوەکانیتری ناو پێکهاتەی عێراق بەخاك و گەلەوە و ئەوەی لێی دەکەوێتەوە لە بەشداریی کردارییانە لە حوکمڕانی لەسەر گشت ئاستەکان و لە باڵاترین ناوەندەکاندا، کە ئەمە ئومێد و خواستی ئێمەیە و خوازیارین هەمووان بگەنە ئەم راستییە.

**دووەم:** ئەگەر نیاز وابێت بنەمای پێشوو بەردەوام بێت، واتە ئەو بنەمایەی سەرجەم دەسەڵاتداران لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی نوێوە تا ئەمڕۆ لەسەری رۆیشتوون، بەجیاوازیی سیستم و دەسەڵاتدارانەوە، لە دانانی عەرەب بەخاوەنی راستەقینەی عێراق، بەشێوەیەك مێژوو و جوگرافیا لەسەر عێراقییە غەیرە عەرەبەکانی فەرز بکات دان بەمەدا بنێن، ئەوا لێرەدا کوردیش مافی خۆیەتی لەمڕۆوە کار و خەبات بکات بۆ بەدەستهێنان یان دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی بەهەر رێگەیەك بووبێت.

لێرەدا رۆژنامەنووسە ژاپۆنییەکە لێی پرسیم: ئەو کۆسپانە چین لەبەردەم دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردیدا دەوەستن؟

وەڵامم دایەوە، یەکەم بەرژەوەندی، دووەم بەرژەوەندی، سێیەم بەرژەوەندی، دەوڵەتانی زلهێز دان بەوەدا نانێن من دەمەوێت، بەڵکو هەمیشە دان بەوەدا دەنێن ئەوان دەیانەوێت و تەنیا بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان!

بەهۆی پچڕانی کارەباوە لە بەغدا لەکاتی قسەکردن بۆ رۆژنامەنووسە ژاپۆنییەکە و بێتوانایی ئەو موەلیدە کارەباییەی لە بیناکەدا هەبوو بۆ کارپێکردنی ئامێرە فێنککەرەوەکان جگە لە چەند پانکەیەکی سەقفی، ژوورەکە گەرم بوو، ئەوەی گەرمیی ژوورەکەی زیاتر کردبوو ئەو گفتوگۆ دوور و درێژەی نێوان رۆژنامەنووسە ژاپۆنییەکە و من بوو. گفتمان دا پاشتر لە کوردستان یەکتر ببینین، چونکە بیری لە ئامادەکردنی بابەتێك لەبارەی کورد و کوردستان بەزمانی ژاپۆنی دەکردەوە بۆ ئەکادیمیای رۆژنامەوانی لە تۆکیۆ.

پاش ئەوەی رۆژنامەنووسە ژاپۆنییەکەم تا دەرگای دەرەوەی بارەگای لقی پێنجی پ د ك بەڕێ کرد، حەزم کرد سەردانی ناوچەی (السباق القدیم) بکەم لە کەمپی سارە لەنزیك یانەی (المشرق)، کە نزکەی سێ ساڵ و نیوم (١٩٧٠-١٩٧٣) لە خانوویەك لەتەنیشت یانەی وەرزشیی ئاشووری بەسەر برد، هی پیاوێکی ئاشووری بوو بەناوی سامی (باوکی یاریزانی بەناوبانگی ئاشووری گلبەرت)، من و جەلال خۆشناوی هاوڕێم وەك ئەندامی خێزانەکەمان لێ هاتبوو، زۆر خۆشیان دەویستین، کاتێك خوالێخۆشبوو سامی لە ژوورەکەماندا سەردانی دەکردین و وێنەیەکی بارزانیمان بەدیوارەکەیدا هەڵواسیبوو، لەبەردەم وێنەکەدا دەوەستا و وەك رێزنواندن بۆ خاوەنی وێنەکە سڵاوی لێ دەکرد، جارێکیان لێمان پرسی نهێنیی خۆشەویستییەکەی بۆ بارزانی چییە، وتی: (لەکاتی شۆڕشەکەیدا ساڵی ١٩٤٣ (مەبەستی شۆڕشی دووەمی

بارزان بوو ١٩٤٣-١٩٤٥) پۆلیس بووم لە هێزی پۆلیسی ئەسپسواری نیزامی، رۆژێکی زستانی ساڵی ١٩٤٣ لەگەڵ کۆمەڵێك پۆلیسی ئەسپسوار و پۆلیسی پیادە و پۆلیسی نانیزامی کە نزیکەی سی کەس دەبووین جووڵاین، یاریدەدەر (معاون) و رێپێدراو (مفوض)ێکی پۆلیس سەرکردایەتییان دەکردین، کاتێك گەیشتینە شوێنی (سەری بەردی) سەرمان بەپیاوانی بارزانیدا هەڵتەقی، دوای نزیکەی سێ کاتژمێر شەڕ، لە هێزەکەمان نزیکەی چوار بۆ پێنج پۆلیسی نیزامی لەگەڵ مفەوەزەکە کوژران، معاونەکە لەگەڵ پۆلیسی نانیزامی رایانکرد، من و دە پۆلیس بەدیل گیراین، بردینیان بۆ ئەشکەوتێکی شاخاوی لەدووری پێنج کاتژمێر رۆیشتن بەپێ، شەکەت و تۆقیبووین و هیچ دەسەڵاتمان نەبوو، بەهاتنی ئێوارە و لەکاتێکدا باران بەخوڕ دەباری، لەپڕ نزیکەی دە چەکدار هاتنە ناو ئەشکەوتەکە، پیاوێکی بەسام و هەیبەت سەرکردایەتی دەکردن و تفەنگێکی جۆری (بڕنەو)ی پێ بوو، چاوەکانی پیاوێتی و ئازایەتییان دەبەخشیەوە، سڵاوی لێ کردین و لەبەرانبەرمان لەسەر زەوی دانیشت لەکاتێکدا پیاوەکانی لەلای ئەشکەوتەکەوە ئامادە وەستابوون، بەکوردی کەوتە قسەکردن و وتی: (بەداخەوەین بۆ ئەو خوێنەی ئەمڕۆ لە جەستەی کەسانی بێتاوانی وەك ئێوە رژا، مەئمور مەعزوورە، ئێوە مەعزوورن، لۆمە لە بەرپرسانی بەغدایە، ئێمە لە هەندێ مافی سادە زیاترمان ناوێت، خوای گەورە بە گەل و هۆزی جیاواز دروستی کردووین، هەموو بەندەی خواین، بەڵام مافی بەرگریکردنی پیرۆزمان هەیە لە ماڵ و نیشتمانمان، ئەوە حکومەتە بە فڕۆکە بۆردومانی ئێمە دەکات و هێزی نیزامی و نانیزامی دەنێرێت بۆ شەڕکردنمان لە ماڵی خۆماندا هەر لەبەرئەوەی داوای مافە نەتەوەییەکانمان دەکەین، دڵنیا بن سبەی یان دووسبەی ئازادتان دەکەین پاش ئەوەی رێگە ئاسان دەبێت و دەگەڕێنەوە ماڵەکانتان، پیاو بن و لە ئایندەدا کارێك مەکەن ئازاری ژن و منداڵ بدات، بەمعاونی پۆلیسی مەخفەرەکەیشتان بڵێن ئەو جارە بەخت یاوەری بوو کە توانی لە گۆڕەپانی شەڕ هەڵبێت، ئەگەر واز لە کارە

سەرشێتانەکانی و تێپەڕین لە سنووری ئەرکەکانی نەهێنێت، جارێکیتر تەمێی دەکەین).

کاتێك پیاوەکە لە قسەکانی بووەوە، ئاماژەی دایە پیاوەکانی هەندێ جگەرە لە جۆری (مزبن) و چەند نانێك دابەش بکەن، کە هەریەکەمان سیان یان چوارمان بەرکەوت، وەك ئەوەی لە ئاسمانەوە بەسەرماندا باریبێت، لە تەمەنمدا نانی وا خۆشم تام نەکردوە. بەم شێوەیە پێنج رۆژ لەگەڵ پاسەوانە شاخاوییەکانمان لە ئەشکەوتەکەداماینەوە، تا فەرمانیان بۆ هات و بەریان داین و رێگەیان پێ داین لەڕێی (بادلیان)ەوە بگەڕێینەوە ناوچەی دیانا (هێشتا قسەی مام سامییە). کاتێك گەڕامەوە ناوچەی حەبانیە کە ماڵم لەوێ بوو، داوای تەسریحبوونم لە سلکی پۆلیس کرد و ئاواتەکەم هاتە دی و بارم کرد بۆ بەغدا و پاشان بۆ کەرکوك و لە کۆمپانیای نەوتی عێراق (I.P.C) بە (یاریدەدەری بەکارخەری کارەبایی) دامەزرام، لەو کاتەوە بارزانیم نەدی تا بەئاشکرا لە هۆتێلی سەمیرئەمیس دەرکەوت کە دەکەوێتە ناوچەی (سنك) لە بەغدا، لەڕێی ئەندازیاری ئەرمەنی (کەربیت)ەوە کە پاش شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ لە کۆمپانیا کاری دەکرد، زانیم بارزانی لە رووسیا گەڕاوەتەوە. هەرسێکمان (من و کەربیت و یاریدەدەری ئەندازیارێکیتر کە ناوی فاروجان و ئەرمەنی بوو) رێکەوتین و لە پشووی کۆتایی هەفتەدا چووین بۆ بەغدا، لەڕێی هاوڕێیەکی کوردی فاروجانەوە روومان کردە هۆتێلی سەمیرئەمیس، لە نیو کاتژمێر زیاتر چاوەڕوانمان نەکرد خۆمان لەبەردەم پیاوێکی شیکی پۆشاك ئەوروپیدا بینی، زمانشیرین بوو، سڵاوی لێ کردین و لەسەر کورسییەك دانیشت و لە ئەحواڵ و کارمانی پرسی، کاتێك زانی چ نەتەوەیەکین زیاتر بەخێرهاتنی کردین، پاش کەمێك رووداوی بەدیلگیرانەکەمم لە سیدەکان پازدە ساڵ لەوەوپێش و بینینی ئەو لە ئەشکەوتە شاخاوییەکەدا بیر خستەوە، رووداوەکە و ناوی ئەو معاون شورتەیەی یاری

بەئاسایشی ناوچەکە دەکرد بیر کەوتەوە و هیوای خواست ئاشتی و دڵنیایی و برایەتیی راستەقینە لەنێوان رۆڵەکانی گەلی عێراقدا بەرقەرار بێت.

مام سامی هەمیشە خۆی بەوەوە هەڵدەکێشا کە لە ژیانیدا دوو جار بارزانی بینیوە، جارێکیان کاتێك لەلایەن پێشمەرگەکانی بەدیل گیراوە، جارێکیتر کاتێك لە هۆتێلی سەمیرئەمیس لە بەغدا سەردانی کردوە، وازی لە نەریتەکەی لە سلاّوکردن بۆ وێنەکەی نەهێنا هەرکات بهاتایەتە ژوورەکەمان تا مردنی لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٣، دوای ئەو خێزانەکەی کۆچیان کرد بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

سیماکانی ئەو ناوچەیەی پێش ناوەڕاستی حەفتاکان، رۆژانی مام سامی، تێیدا نیشتەجێ بووم ، رۆشن نەبوون، باڵەخانە جێگەی ئەو ماڵانەیان گرتۆتەوە کە لەپێشەوە باخچەیان هەبوو و بەسەر شەقامی گشتیدا دەیانڕوانی، هیچ شوێنەوارێکی کتێبخانەکەی مام (حەنا نانو)م نەبینی کە لەتەنیشت ماڵی مام سامی بوو، ئەویش کاتێك لە کتێبخانەکەیدا دادەنیشتین پۆزی بەوەوە لێ دەدا میکانیکی بووە لە کارگەی چنینی خوری کە بە (کارگەی وەصی) ناوی دەبرد، زۆر بە بنەماڵەی شاهانە و حوکمی مەلەکی سەرسام بوو و زۆر رێزی یادی نووری سەعیدی دەگرت کە هەمیشە بە (نووری پاشا) ناوی دەبرد، زۆر رقی لە بەعس و حوکمیان و شێوازی خوێناوییان بوو، بەڕەحمەت بێت زۆرجار ئاگەداری دەکردینەوە لێیان، کاتێك رۆژێکی ساڵی ١٩٧٧ پاش ئەو نسکۆیەی بەسەر شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا هات بەهۆی رێکەوتنامەی ناپاکانەی جەزائیرەوە، سەردانم کرد، زۆر بەخێرهاتنی کردم و بردمی بۆ هۆڵە ناوخۆییەکە کە تێیدا (ام سلمان)ی هاوسەری تەماشای تەلەڤزیۆنی دەکرد، سەری سوڕما کە پاش ئەو رووداوانە جارێکیتر لە بەغدا بینیمیەوە، کاتێك زانییان هاتنەکەم بۆ بەغدا بۆ سەردانی کەسوکاری خێزانم بووە، ئاسوودە بوون کە بەسەلامەتی گەڕاومەتەوە، دوای ئەوەی نانی نیوەڕۆم لەگەڵیان خوارد، زۆر ئامۆژگاری

کردم بەتەنیا پیاسە نەکەم لەبەرئەوەی بەعسییەکان وەك ئەو وتی (خەڵکانێکن مسقاڵە زەڕە بەزەیی لە دڵیاندا نیە) و تا ئەوپەڕی سنوور رقیان لە کوردە.

ئەو شوێنەی من پێشتر لە ساڵانی حەفتاکان تێیدا نیشتەجێ بووم بەتەواوی گۆڕابوو، ئەو خانووەی من و هاوڕێکەم تێیدا دەژیاین شوێنەواری نەمابوو، نە کتێبخانەکەی حەنا نانو و نە ماڵەکەیم نەدۆزیەوە، کە دیمەنە هونەرییەکانی هەر لە دەرگاوە دیار بوو، تەنانەت ژووری کۆگەکەیش. کاتێك ئاوڕم لەلای (گەس و چێشتخانەی المشرق)ی پێشوو دایەوە بینیم گۆڕاوە بۆ سێ دووکانی فرۆشتنی تایە و جوانکاریی ئۆتۆمبێل، زۆر هەوڵمان کەسێکی ناسیاومان لە خاوەن دووکانەکان بدۆزمەوە وەك (ئەبو باسل) کە دووکانی فرۆشتنی خواردەمەنی هەبوو، یان (سەباح) کە دووکانی فرۆشتنی خواردنەوەی رۆحی هەبوو، کاتێك چوومە دووکانەکە پیاوێکی قەڵەوم بینی تەمەنی حەفتا ساڵ دەبوو، لەسەر کورسییەکی تەختەی تا رادەیەك بەرین دانیشتبوو، لە یەکەم نیگادا و پاش سڵاوکردن چاوم لەسەر نرخی یەکێك لە نێرگەلەکان گیرسایەوە کە لەسەر رەفێك لەبەرانبەر پیاوی خاوەن دووکان دانرابوو، مامەڵەم لەگەڵ کرد لەسەر نرخەکەی بەشێوەیەك چاوەڕوانی نەدەکرد ئەو نرخەی پێ بڵێم، لەکاتێکدا خەریك بوو مژێك لەو نێرگەلەیە بدات کە لەبەردەمیدا بوو، پێی وتم (برا ئەو نرخە هی سی ساڵ لەمەوبەرە)، پیاوەکە قسەکەمی بەلاوە سەیر بوو، لە دانیشتنەکەی راست بوویەوە و پرسی: تۆ کوردیت..؟ وتم: بەڵێ چۆن زانیت؟ وتی: برا شێوەی قسەکردنت بەئاشکرا دیارە، خوڵکی کردم لەسەر ئەو (ستول)ەی لە سووچێکی دووکانەکەدا بوو دابنیشم، گفتوگۆیەکی خۆشمان کرد، نزیکەی کاتژمێرێکی خایان، بەم شێوەیە:

**خاوەن دووکان:** بەخێرهاتی برا فەرموو دانیشە، خزمەتێکت هەیە بۆت بکەین..؟ ئێوە خەڵکی باکورن، منیش، باوکم بەڕەحمەت بێت کاتی خۆی لە کۆتایی چلەکان لە

گوندی (بیرسڤی)ی قەزای زاخۆ باری کردوە، دەنگوباسی باکور چییە؟ دەڵێن باشە، ئێمە زۆر شتمان لەڕێی خزم و برادەرانەوە دەزانی، باکور و خەڵکی باکور بەخێر بێن.

**لێم پرسی:** ناوت بەخێر؟

**خاوەن دووکان:** ئەبو جۆرج، ئەی ناوی برام؟

**ناوم فەرهادە.**

**ئەبو جۆرج:** بۆم دەرکەوت ئێوە هەواڵی شتێك دەپرسن لێرە، چ خزمەتێك؟

کابرا تا بڵێیت بەئەدەب و موجامیل بوو، لەکاتی قسەکردنندا فەرمووی نێرگەلەی لێ کردم، منیش سوپاسم کرد و پێم وت:

سەرەتا حەفتاکان لەم ماڵەدا دەژیام (ئاماژەم بۆ ئەو ماڵە کرد کە لەگەڵ مام ئەبو سامی تێیدا دەژیاین)، حەنا نانو و (ماریا)ی خەیات دراوسێمان بوون، دووکانەکەت کە هی سەباح بوو، شوێنی فرۆشتنی خواردنەوەی رۆحی بوو، چییان بەسەر هات؟ بۆ کوێ چوون؟ ناوچەکە بەتەواوەتی گۆڕاوە، ئەی دراوسێکەیترمان، ئەبو غەسان، کە خانووەکەی هی کەنیسە بوو، چی بەسەرهات، بیری ئەوان و ناوچەکەم کرد و هاتم سۆراخیان بکەم، کەسم نەدی، تا هاتم بۆ لای تۆ وتم بەشکو هەواڵێکیان بزانیت..؟

**ئەبو جۆرج:** کاك فەرهاد ئەوانەی باسیان دەکەیت هیچیان نەماون، هەندێکیان کۆچیان کرد بۆ دەرەوەی عێراق، هەندێکیان چوون بۆ دنیاکەیتر، ئەبو غەسان لە سەرەتای نەوەدەکان ئەمری خوای کرد، سەباحی خاوەنی پێشووی ئەم دووکانەی من پێش هەڵگیرسانی جەنگ لەگەڵ ئێران چوو بۆ ئوستralیا، هەرچی حەنا نانو و (ام سلمان)ی هاوسەری، لە ماوەی یەك هەفتەدا ساڵی ١٩٩٣ مردن و سەرجەم موڵکەکانی حەنا گوێزرانەوە بۆ کوڕەکانی براکەی، ئەوانیش هەرچی بەمیرات لە مامیانەوە بۆیان

مایەوە بەنرخێکی کەم فرۆشتیان و کۆچیان کرد بۆ ئەمەریکا و لە ویلایەتی دیترۆیت نیشتەجێ بوون، هەرچی چیرۆکی دووکانەکەیە، دوای ئەوەی سەباح فرۆششتی، خزمێکیان کڕییەوە، ئەویش زۆر تێیدا نەمایەوە، من ساڵی ١٩٨٣ لێم کڕی و کردم بەدووکانی فرۆشتنی کەلوپەلی کارەبایی، سێ ساڵ لەمەوبەریش گۆڕیم بۆ شوێنی فرۆشتنی نێرگەلە، چونکە بازاڕی گەرم بوو.

**جارێکیتر لێم پرسی:** ئەی (ماریا)ی خەیات چی بەسەر هات کە ناوبانگی سنووری ناوچەی کمب سارە و تەل محەمەدی تێپەڕاندبوو و مشتەرییەکانی مانگ و دوو مانگ چاوەڕوانی نۆرەیان دەکرد تا بەدلەیەك یان قەمیسێکیان بۆ بدوورێت..؟

**باوکی جۆرج:** لە سەرەتاوە پێم وانەبوو کەسێك پێش زیاتر لە سی ساڵ لەم ناوچەیە ژیابێت، ئەم هەموو وردەکارییانەی بیر مابێت. بەسەرهاتی ماریا تا ئەمڕۆیش هەر گەرمە، کاتێك (برادەرەکەمان) پەلاماری کوەیتی دا و لێی کشایەوە، بەغدا و پارێزگەکانیتری بە بارودۆخێکی سەختدا تێپەڕین، لەوانە نەبوونی ئاسایش و کارەبا لە رۆژ و هەفتەکانی پاش کشانەوەکە، حکومەت لە تەقینەوەی راپەڕین دەترسا لە بەغدایش، پیاوانی رژێم و ئەندامانی دەزگە سەرکوتکەرەکانی وەك سەگی هار لێرە و لەوێ جرت و فرتیان بوو، یەکێکیان کە ئەفسەر بوو بەپلەی نەقیب و لە ناوچەی مەشتەل نیشتەجێ بوو و ئۆتۆمبێلێکی کرۆلای سپی پێ بوو، بە شەقامەکەماندا دەهات و دەچوو، رۆژێکیان ماریای شۆخ و شەنگی دیبوو کە هێشتا لە چلەکانی تەمەنیدا بوو، رۆژێك لەبەردەم دەرگای مەشتەلەکەیدا وەستابوو، دیارە لەگەڵ دایکە بەتەمەنەکەیدا دەژیا، ئەفسەرەکە هەوڵی دابوو گێچەڵی پێبکات، ئەو ژنە داماوە ملکەچی نەبووبوو، کاتێك ئەو هەر وازی نەهێنابوو، ماریا تفێکی کردبووە ناوچاوی، ئەفسەری نامەردیش دەمانچەی هەڵکێشا و فیشەکێکی بەملی ماریاوە نا و دەستبەجێ مرد، ئەفسەرەکە وتی گوایە ماریای درووەمان سووکایەتی بەو و بەسووپا


کردوە، بەوەی کاتێك داوای کردوە شووی پێ بکات پێی وتووە (ئەو کچەی ڕێزی خۆی بگرێت، رازی نابێت شوو بەئەندامانی سوپایەکی بەزیو بکات)، بەڵام ئیرادەی خوای گەورە لە بۆسەدا بوو بۆ ئەو تاوانبارە، کە لە گیر و گازی خۆی بەردەوام بوو، تا پارچەی مووشەکێکی فڕۆکە ئەمەریکییەکان (لە دۆرە) بەری کەوت و پارچە پارچەی کرد.

بەدرێژایی ماوەی قسەکردنەکەمان کەس نەهاتە دووکانەکەی ئەبو جۆرج نرخی شتێك بپرسێت یان بیکڕێت، ئەبو جۆرجیش لە مژینی نێرگەلە نەوەستا لەکاتێکدا باسی ناسراوانی دوێنێی بۆ دەکردم، کاتێك لێم پرسی پاش رووخانی رژێمی دیکتاتۆر چەندە گەشبینە بەئایندەی عێراق، ئاهێکی هەڵکێشا و مژێکی قووڵی لە نێرگەلەکە دا وەك ئەوەی بیەوێت بەپشکۆ گڕگرتووەکە کە بەهۆی راکێشانی دووکەڵ لە شووشەی بنکەی نێرگەلەکەوە زیاتر دەگەشایەوە، پاشماوەی تووتنە خۆشکراوەکە هەمووی بسووتێنێت، چەند خولەکێك تێپەڕین و من چاودێریی جووڵەی لێوەکانیم دەکرد کە ئەو خەریکی جووڵاندنی سەری دەمی دەسکەکە بوو بۆ هەڵمژینی زۆرترین بڕ دووکەڵ و لەپڕ دەسکی نێرگەلەکەی خستە لاوە، سیمای خۆشی بە روخساریەوە نەما و پێی وتم: لە ناوەڕاستی پەنجاکان لەڕێی برادەرێکمەوە بەناوی (بەهنام)، کە چەند ساڵێك لەمەوپێش بەنەخۆشیی شێرپەنجە مرد، ئەندازیار بوو لە بەڕێوەبەرایەتیی رووپێویی گشتی، چوومە ناو رێکخستنەکانی حزبی شیوعیی عێراقی. ساڵی ١٩٥٧ پاش دانپێدانانی بەرپرسانی حزب لەژێر ئەشکەنجەدا دەستگیر کرام، دوو ساڵ حوکم درام و چوومە گرتووخانەی بەعقووبە، ساڵی ١٩٦٣ پاش کودەتا شوومەکەی ٨ی شوبات جارێکیتر لەلایەن حەرەس قەومییەوە گیرامەوە و سێ ساڵ لە گرتووخانەی (نوگرە سەلمان) لە زینداندا بووم، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا بەو شێوەیە هەستم بە دڵتەنگی نەکردوە کە ئەمڕۆ هەستی پێ دەکەم، رەنگە قسەکەمت بەلاوە سەیر بێت، بەڵام من کە لە دەروازەی حەفتا ساڵدام و پتر لە نیوەی تەمەنم لە

بەغدا بەسەر بردوە، رۆژێك و زەمەنێكم نەدیوە لەم رۆژانە تەڵختر بێت. بەغدا شاری ئاشتی و رووگەی رۆشنبیران و ئومێدی سیاسییەكان بوو، هەر بەڕاستی بەكەلەپوور و مێژوو و خواردنەكانی و هەمەجۆریی ئەو خەڵكەی تێیدا دەژیان، شارێكی سەرنجڕاكێش بوو. راستە بەعسییەكان خراپەیان لە وڵاتدا چاند و هەوڵیان دا هەر شتێكی جوان و خاوێن و شەریف و پاك هەیە لەناوی ببەن، وەك (ماریا)ی خەیات، بەڵام لەبەرانبەردا رۆحی نیشتمانپەروەریی رەسەن لە ویژدانی زۆرینەدا ریشەداكوتاو بوو، بەڵام ئەو زۆرینەیە چی بەسەرهات كە بەرهەڵستیی مەرامی بەعسییەكانیان دەكرد؟

دوای كەوتنی دیكتاتۆر، شتە جوانەكان كایەیەكیان لە بیرماندا نەگرتووە و وامان لێ هاتووە خۆمان لەگەڵ دیاردەی تالان و فەرهووددا رادێنین، لەپێناو ئۆتۆمبێلێكی كۆن و رزیودا بەئاشكرا گیانی مرۆڤێك لەناو دەبرێت، دزیكردن بووەتە نەریتێك بەرەنگاری ناكرێت، پەیوەندیی نیشتمانی وەك پشتوێنی كۆكردنەوەی هاونیشتمانییان نەماوە، تەنانەت چەمكە نیشتمانیەكانیش وەك جاران هاوڵاتی كێش ناكەن، یان پارێزبەندی دژی لادان بۆ دروست بكەن، دووكانەكانی سیاسییەكان، سەرباری زۆر و زەبەندییان رێگەیان لە دەڵاڵانی بازرگانی نەگرت تەنانەت لە فرۆشتنی كێبڵەكانی كارەبای ژێر خاك، كە دەبێتە هۆی بڵاوكردنەوەی تاریكی. هەر تەنیا شمەكە كارەباییەكان نین تەقلیدن، خۆراكە لەقوتوونراوەكان گزییان تێدا كراوە، داودەرمان و كەرەستەی پزیشكی گزییان تێدا كراوە، لەبەرئەوە پەیوەندییەكانمان ئەو سیحر و سەرنجڕاكێشی و جوانییەی جارانیان نەماوە كە سەرچاوەی درەوشانەوەی بوون، ئەویش پاش ئەوەی خڵتەوخاڵە تێكەڵ بە ئاوەكانمان بوو و شتە تەقلید و كۆپیكراوەكان هاتنە ماڵەكانمان و چەمكە و بیرە هەڵەكان هاتنە ناو مێشكمان.

بەغدای دوێنێ–مۆنیۆمێنتی سەربازی ون



بەغدای دوێنێ–مۆنیۆمێنتی سەربازی ون

کە لەلایەن ئەندازیار رەفعەت جادرچی دیزاین کراوە پاش شۆڕشی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨



بەغدای ئەمڕۆ...

## کورد لەنێوان هەڵوێستی ( ناحووم ) و لۆژیکی فەهمی هوەیدی دا

ڕەنگە (ناحووم) ئەو پیاوە جوولەکە کوردستانییەی لەگەڵ ڕۆڵەکانی تایفە و یان گەلەکەی لە شاری کۆیە دەژیا، لەگەڵ دەیان یان سەدان خێزانی جوولەکە کە لە گەڕەکی (هواو) لەگەڵ خێزانە مەسیحییە کلدیانییەکان و لەپاڵیاندا زۆربەی کوردانی موسڵمان، بەتەبایی و سەفایەکی تەواو ژیابێت بەبێ ئەوەی هیچ شتێك میزاجیان یان هۆگریی سرووشتییان لێڵ بکات، کە لە باوباپیرانیانەوە پێکەوەژیانیان بۆ مابووییەوە، پێکەوە تاڵ و شیرینیان بەش دەکرد و ڕووبەڕووی نەهامەتی و سەختییەکان دەبوونەوە و ئاڵوگۆڕی سۆز و خواردنە فۆلکلۆرییەکانیان لە ئێوارانی هەندێ وەرزی دیاریکراو یان لە بەیانیی جەژنە ئاینی یان نەتەوەییەکان دەکرد. (ناحووم)ی هاوەڵمان شانازی بە جوولەکەبوون و کوردستانیبوونیەوە دەکرد لەو ڕووەوە هاوڵاتییەك بوو لە ناوچەیەکی کوردستاندا لەدایك بووە و پێگەیشتووە و پیر بووە کە شاری کۆیەیە، کە مزگەوتی موسڵمانان و کەنیسەی مەسیحییان و کەنیست شوێنی جوولەکەی تێدایە، هەریەکە ئاینی خۆی بەمەزن رادەگرێت و تێیدا قووڵ بووەتەوە بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە ئەگەر بەگاڵتەکردنیش بێت زماندرێژی بکاتە سەر بیروباوەڕی ئەوانیتر، سنووری ئازایی تاك لە سنووری ئازایی ئەوانیتردا کۆتایی دەهات، ئەوە وەك یاسایەکی ئاسمانی بوو و چاوی لێ دەکرا.

لەو رۆژگارەی سەردەمی پاشایەتی و ڕێك لە كۆتایی دەیەی چلەكاندا (ناحووم)ی جوولەكە بیركردنەوەی لە (پ د ك)ەوە نزیك بوو كە سێ ساڵ پێش لەو مێژووە دامەزرابوو، لیژنەی ناوخۆیی (پ د ك) لە شاری كۆیە لە چالاكترین لیژنەكان بوو، ژمارەیەك لە چالاكانی حزب لە ئاستی ئەندامانی مەكتەبی سیاسی و كۆمیتەی ناوەندی خەڵكی كۆیە بوون: خوالێخۆشبوو عومەر مستەفا ناسراو بە(عومەر دەبابە)، مام جەلال، خوالێخۆشبوو كەریم تۆفیق، خوالێخۆشبوو محەمەد ئەمین مەعرووف، خوالێخۆشبوو عومەر حەبیب و مامۆستا عەلی عەبدوڵا جێگری سەرۆكی (پ د ك) كە زیاتر لە نیو سەدەیە ئەندامی مەكتەبی سیاسییە. ئەمە جگە لە دەیان تێكۆشەری ئەو حزبە و حزبی شیوعیی عێراقی لە رۆڵەكانی ئەم شارە كە پێگەی حزبی یان وەزیفییان وەرگرتوە، ئەو شارەی لە كۆتایی هەشتاكاندا رژێمی فاشی گۆڕی بۆ گوندێك كە هەڕەشەی راگواستنی لەسەر بێت ئەگەر راپەڕینەكەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ نەبووایە، كە هاوسەنگیی هێزی گۆڕی و كۆیەیش وەك باقی شارە كوردستانییەكان لە دەسەڵاتی بەعس و حوكمی دیكتاتۆر رزگاری بوو.

لە كەشوهەوای بارودۆخی ئەو سەردەمە دوو تێكۆشەری (پ د ك) پاش راگەیاندنی ئەحكامی عورفی (باری نائاسایی) و دەرچوونی فەرمانی دەستگیركردنیان، ناچار بوون خۆیان بشارنەوە و بۆ ئەو مەبەستە گوندی (قورتە لاس)یان هەڵبژارد لە خۆرئاوای شاری كۆیە لەو رووەوە كەوتۆتە شوێنێك دوور بوو لە چاوی پۆلیس، هەروەها ئاغای گوندەكەیش خوالێخۆشبوو (مەلا فەتاح) هاوسۆز بوو لەگەڵ بیروبۆچوونی تێكۆشەرانی خۆحەشارداو، كە یەكێكیان مامۆستا عەلی عەبدوڵا ئەوكات ئەندامی مەكتەبی سیاسی بوو، دووەمیشیان خوالێخۆشبوو عومەر حەبیب بوو كە لە كادیرە پێشكەوتووەكان بوو، یەكەمیان ئەندازیار و دووەمیان پارێزەر بوو، پاش تێپەڕینی چەند مانگێك بەسەر بوونیان لە گوندی (قورتە لاس) حەزیان كرد بەنهێنی بگەڕێنەوە كۆیە و شەوێ دوو شەو بمێننەوە بەبێ ئەوەی كەس

بزانێت جگە لەو بەرپرسە حزبییەی لە ئەرکی گەیاندنیان بەشار و دەرچوونیان لێی بەرپرس بوو، ماڵی (ناحووم)ی جولەکە دەستنیشان کرا کە ئەو ماوەیە تێیدا بمێننەوە، لەو رووەوە (ناحووم) لە گومانی پۆلیسەوە دوور بوو، هەروەها کوردیش نەبوو.

وادەی گەیشتنیان بە ماڵی (ناحووم) لەو شەوەدا بوو و عەسرەکەی پێی راگەیەنرابوو، لەکاتێکدا (ناحووم) بەیانیی هەمان رۆژ هەریەك لە براگەورەی مامۆستا عەلی عەبدوڵا، خوالێخۆشبوو عومەر عەبدوڵا و خوالێخۆشبووی باوکمی، کە دە ساڵ لە خوالێخۆشبوو عومەر حەبیبی برای گەورەتر بوو، داوەت کردبوو بێئاگا لەوەی شەو پێشوازیی دوو تێکۆشەری خۆحەشارداو لە چاوی حکومەت دەکات، کاتێك عەسری ئەو رۆژە (ناحووم) لەرێی باوەرپێکراوە حزبییەکەوە خوالێخۆشبوو (عەبدولرەحمان رووتە)وە زانیبووی (عەلی عەبدوڵا و عومەر حەبیب) شەو دەبنە میوانی، سەرەتا کەمێك شپرز بووبوو، چونکە ئەو بەیانییە برای هەردوو خۆحەشارداوەکەی داوەت کردبوو ئەو شەوە میوانی بن، بەڵام خۆی گرتەوە و چوو بۆ بازاڕ، هەردوو میوانەکەی (عومەر عەبدوڵا و عەونی حەبیب) بینی و پێی راگەیاندن کە (گورجیە)ی خێزانی تووشی کێشەیەکی تەندروستی لەناکاو بووە و بەو هۆیەوە ناتوانێت شەو لە ماڵەکەیدا پێشوازییان بکات، لەبەرئەوە داوای لێبوردن دەکات و پێان دەڵێت: (داوەتەکە هەر باقییە و هەرکات گورجیەی خێزانم باش بوویەوە، لەخزمەتتاندا دەبم).

وەك باوکم زۆر جار پێی دەوتم (ناحووم) زۆر بەحەزەر و خاوەن فیراسەیەکی باش بوو، لە بیروباوەڕیدا دڵسۆز بوو و پێی نەگوتین (عەلی و عومەر) لەو شەوەدا دەبنە میوانی کە بڕیار وابوو ئەو شەوە داوەتی نانخواردنی ئەو بین، کاتێك (عەلی و عومەر) گەڕانەوە بۆ گوندی (قورتەلاس) و پاش تێپەڕبوونی هەفتەیەك بەسەر ئەوەدا، (ناحووم) سەرلەنوێ (بەقسەی خۆی پاش چاکبوونی تەندروستیی گورجیە) خوڵکی

کردینەوە، کاتێك نانمان دەخوارد گورجیە بەبێ ئەوەی ئاگەداری خۆی بێت وتی (خوایە بیانپارێزە نەکەونە دەستی پۆلیس)، منیش دەستبەجێ پێم وت: (مەبەستت کێیە گورجیە خان؟) ئەویش بەبێ ئەوەی (ناحووم) بتوانێت ڕێگری لێ بکات وتی: (کاکە عەلی و کاکە عومەر). کاتێك پێمان وت بۆچی ئێستا ناویان دەبەیت؟ لێرەدا پاش ئەوەی (ناحووم) چاوی لێ داگرت لە شپرزیدا هەوڵی نەدا قسە نەکات، کە ئێمە هیچمان لە چیرۆکەکە نەدەزانی، کاتێك (ناحووم) هەستی بەشپرزی کرد پێی وتین: (جەماعەت بیرتانە ئەو ڕۆژە وادەمان بوو داوەتی نانی ئێوارە بن لە ماڵی من و عەسری ئەو ڕۆژە پێم ڕاگەیاندن ژنەکەم نەخۆشە و ناچارم داوەتە بۆ کاتێکیتر دوا بخەم، بەڵام لەڕاستیدا دواخستنەکە لەبەر نەخۆشکەوتنی ژنەکەم نەبوو، تەنیا ئەوە بوو باوەڕپێکراوی پارتی (عەبدولڕەحمان رووتە) پێی ڕاگەیاندم براکانتان (عەلی و عومەر) دەبنە میوانم، جا بۆ حەزەر و خۆپارێزی و پاراستنی سەلامەتییان چیرۆکی (نەخۆشکەوتنی ژنەکەم)م داهێنا.

کاتێك پێمان وت: ناحووم ئەی مەگەر نازانێت عەلی برای کاکە عومەرە و ئەویتر (عومەر) برای منە (مەبەست عەونی حەبیبە)، ئەوکاتە ناحووم ڕستە بەناوبانگەکەی پێ وتین کاتێك وتی (ئێوە بەخۆتان نازانن و لەژێر چاودێریدان، معاونی پۆلیس کە خەڵکی مووسڵە سڵ ناکاتەوە لەوەی ئێوە و ئەوانیش تووش بکات، ئەحکامی عورفیش هێشتا بەرقەرارە، پۆلیس و ئیدارە چاودێریتان دەکەن، ئەوان ڕێوین، ڕێویش پشتی پێ نابەسترێت).

بەهاتنی ساڵی ١٩٥٣ جوولەکەکانی کۆیە بەبێ ویستی خۆیان و بەدیاریکراوی بەبێ ویستی ناحووم و ژمارەیەکی زۆر لە دۆست و خزم و ناسیاوانی ناحووم کۆچیان کرد بۆ ئیسرائیل، کاتێك ساتی ئۆغرکردن هات و دەستیان کرد بە فرۆشتنی کەلوپەلە گوێزراوەکانیان، ناحووم بەهەموو ئاشنا و هاوڕێ کوردە موسڵمانەکانی وت

(کەسانی شەرەفمەندی وەك ئێوە ئەو شتانەمان لێ دەکڕن کە ناتوانین هەڵیانبگرین و بیانگوێزینەوە بۆ ئیسرائیل، بەڵام متمانەتان بەو رەبولعالەمینە (رب العالمین) هەبێت رۆژێك دێت ئێوە ناچار دەکرێن بەنرخترین شتەکان لە زەوی و منداڵ و سامان بەجێ بهێڵن و کەس نابێت یەك فرمێسکتان بۆ بڕێژێت بۆ ئەوەی بەسەرتان دێت، چونکە حاکمەکانتان گورگ و رێوین).

دوای دە ساڵ پێشبینییەکەی ناحووم سەبارەت بە گورگ و رێوییەکان هاتەدی و ئەوە رووی دا کاتێك بەعسییەکان ساڵی ١٩٦٣ لەڕێی کودەتا خوێناوییەکەیانەوە دەستیان بەسەر جڵەوی حوکمدا گرت لە عێراق، هەر کە دەستیان بەسەر شتەکاندا گرت، دەستیان کرد بە (سەیرانە نیشتمانی)یەکەیان بۆ سەر کوردستان، هەروەك چۆن رەوە کوللەیەکی برسی بەسەر کێڵگە سەوزەکاندا دەدات، تەنیا چەند کاتژمێرێکی کەم تێپەڕی و کێڵگە سەوزەکان بوون بە زەوییەکی رووتەن، بەم شێوەیە هەڵگرانی دروشمی (الوحده الحريه الاشتراکيه) کوردستانیان کردە ئیسرائیلێکی دووەم بۆ تاقیکردنەوەی نیشتمانپەروەرییان و تۆکمەیی نەتەوەپەرستی و ئیشتراکییەتە عەرەبییەکەیان، هیچ پەڵەخاکێك لە کوردستان نەمایەوە دەستیان پێی نەگات و قەسابخانە و لەسێدارەدانی بەکۆمەڵ و سووتاندنی کێڵگەکان و کوێرکردنەوەی کارێزەکانی تێدا ئەنجام نەدەن، ئەمە جگە لە پەلکێشکردنی هەزاران لە رۆڵەکانی کوردستان بۆ ناو گرتووخانە و زیندانە بەدناوەکانیان، هەموو ئەمە رووی دا و بەردەوام بوو تا تەمەندرێژترین شۆڕش لە مێژووی گەلی کورددا (کە شۆڕشی ئەیلوولی مەزن بوو ١٩٦١-١٩٧٥) لەڕێی پیلانێکی قیزەون و خیانەتکارانەوە بەبەرچاو و گوێی جیهانەوە، غافڵکوژ کرا، کە دەڵاڵەکەی سەرۆکی جەزائیر و یەکێك لە سەرکردەکانی شۆڕشە نیشتمانییەکەی بوو لەپێناو ئازادبوون لە داگیرکردنی فەرەنسی، کە هەواری بومدیەن بوو، ئەو شۆڕشەی شاعیرانی کوردستان گۆرانییان بەباڵایدا دەهۆنییەوە،

هەروەك بەبالآی قارەمانێتییەکانی ئەحمەد بن بێلا و جەمیلە بوحیرد و جەمیلە بوعیزەدا هۆنییانەوە.

هەموو ئەمە ڕێگەی لە (بومدیەن)ی شۆڕشگێڕ نەگرت بەشداری لە خنکاندنی شۆڕشی گەلێکی بەشبەشکراو لەنێوان چوار دەوڵەتدا بکات، کە دوانیان لکێنران بەدوو دەوڵەتی عەرەبییەوە، سەرکردەکانی عەرەب (هەندێ ریزپەڕی کەمی لێ بترازێت) هەر بەوەوە نەوەستان، بەڵکو پێویستیی لۆجیستی و کەرەستەی جەنگیی جۆراوجۆریان دایە حکومەتە عێراقییەکان، هەندێکیان بەسامانی گەلانیان بەشدارییان کرد لە قایلکردنی بازرگانان و دەلالآنی چەك تا چەکی لەناوبەر کە بەکارهێنانیان لەڕووی نێودەوڵەتیەوە قەدەغەیە، بدەنە عێراق، کار گەیشتە ئەوەی رژێمی عێراق شاری هەڵەبجەی شەهید و چەند ناوچەیتری کوردستان بەچەکی کیمیاوی بۆردومان بکات، کە لەئاکامی بۆردومانەکەدا هەزاران دانیشتوانی بێوەی بەبەرچاو و گوێی (برایانی عەرەب)ەوە بوونە قوربانی، ئەو کارەسات و نەهامەتییە ئینسانییانە نەیهەژاندن و لە هیچ شوێنێك لە کەنداوەوە تا ئۆقیانووس یەك خۆپیشاندانێکی ئاشتییانە بۆ سەرکۆنەکردن یان ناڕەزایی دەربڕین دژی سووتاندن و رووخاندنی هەزاران مزگەوت و سەدان کەنیسە و شوێنی پەرستن لە کوردستان لەکاتی شالآوە قیزەونەکانی ئەنفالدا ئەنجام نەدرا.

کاتێکیش لە کۆڕەوەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١دا نزیکەی دوو ملیۆن لە رۆڵەکانی کوردستانی عێراق بەرەو چیاکان و سنوورەکانی دەوڵەتانی دراوسێ رۆیشتن، کەس لە جیهانی عەرەبی ناڕەزایی دەرنەبڕی و یەك دەنگ سەرکۆنەی ئەوەی نەکرد رووی دەدا، لەکاتێکدا سەدان هەزار جولەکەی ئیسرائیل کە لە بنەچەدا خەڵکی شار و شارۆچکەکانی کوردستان بوون بەدرێژایی هەفتەیەك خۆپیشاندانی گەورەیان ساز کرد، وەك هاوکاری لەگەڵ خەڵکانێك پێش ناوەڕاستی پەنجاکان لە ناوچەکانی

کوردستان لەناویاندا دەژیان و بەرفراوانترین هەڵمەتیان ئەنجام دا بۆ کۆکردنەوەی کۆمەکی بۆ لێقەوماوانی گەلێك لە رابردوودا هیچ دۆستێکیان نەبووە جگە لە چیاکان).

لەنێوان ئەمە و ئەوەدا بەدرێژایی پەنجا و پێنج ساڵ، واتە لەوکاتەوە ئیسرائیل دامەزراوە، کورد مسقاڵە زەرەیەك لایەنگری بۆ جوولەکە نەکردوە، بەڵکو هێز و حزبە کوردییەکان چوونەتە حەلەبەی پێشبڕکێیەك (ناماقووڵ) بۆ سەرخستنی دۆزی فەلەستین، کە وای کرد هەندێ لە رۆڵەکانی کورد بەقەناعەتەوە و وەك پرنسیپ بچنە ریزی هەندێ بزوتنەوە و حزبی فەلەستینی، بۆ بەگژاچوونەوەی ئیسرائیل. کاتێك لێرە و لەوێ بابەتی پەیوەندیی کورد لەگەڵ ئیسرائیل دەوروژێنرێت و کورد تۆمەتبار دەکرێت بەوەرگرتنی یارمەتیی پزیشکی و مرۆیی لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا، ئەمە زیاتر لە رەخنەگرتن لە هەڵوێستی مەڕ دەچێت کە سوپاسی قەسابی نەکردوە لەو ساتانەی چەقۆ تیژ تیژەکەی پیشان دەدات وەك ئاماژە بۆ وادەی سەربڕینی، ئەوانەم بەلاوە سەیرە کە شانۆگەرییەك دەبینن دیمەنەکانی بەگوێرەی ئەم جێبەندانە دەست پێدەکات:

**دیمەنی یەکەم:** گرووپێك کە گەلێك دەنوێنن و داوای مافە رەواکانیان لە دەسەڵات دەکەن.

**دیمەنی دووەم:** لە وەڵامدانەوەی ئەو داواکارییە رەوایانەدا دەسەڵات فەرمانی لەسێدارەدان بۆ ئەو گرووپە و قڕکردنی ئەوانەی نوێنەرایەتییان دەکەن و سووتاندنی ماڵ و مەزراکانیان، دەردەکات.

**دیمەنی سێیەم:** چەند كۆمەڵە تەماشاكەرێك دیمەنەكە دەبینن، هەندێكیان بێدەنگن، هەندێكیشیان دەماری نەتەوەیی دەیانگرێت و داوای لەسێدارەدانی زیاتر و تەڕ و وشك سووتاندن دەكات.

**دیمەنی چوارەم:** لە خاڵێكی دوورتر لەو تەماشاكەرانەوە، خەڵكانێك هەن لە خوا دەپاڕێنەوە بێتاوانان لە گرووپی یەكەم و نوێنەرانیان بپارێزێت و ئامادەییان رادەگەیەنن بۆ درێژكردنی دەستی یارمەتی بۆیان و رزگاركردنیان لە چارەنووسە حەتمییەكە.

**دیمەنی پێنجەم:** دەمارگیری تەماشاكەرەكان دەهەژێنێت و هاوار دەكەن (بكوژە، بسووتێنە، بڕووخێنە)، ئەوانە بەنیازن ئیسرائیلێكی دووەم لەسەر خاكی عەرەب دروست بكەن).

ئەم دیمەنانە بەبەرچاومانەوە روودەدەن، هاوسەردەمی رووداوەكانی ئەو (شانۆگەرییە ناماقوول)ە بووین و ملیۆنان لە رۆڵەكانی نەتەوەی عەرەبی هاوسەردەمیان بوون، بەڵام (جگە لە هەندێ ریزپەڕی كەم) لە جێی خۆیان نەبزووتن، كاتێك كەسێك ئاماژە بەمەترسیی ئیسرائیل دەكات، یان كاتێك رۆژنامەیەك لەوپەڕی دنیا بابەتێك لەبارەی عێراق و ئەگەری دابەشكردنی دەنووسێت، یان كۆمپانیایەكی بازرگانی لەڕووی كێبركێوە بابەتێك لەبارەی رێچكەبەستنی كاڵای ئیسرائیلی بۆ عێراق دەوروژێنێت، قەڵەمی هەندێ نووسەر قیت دەبنەوە، وەك نووسەری میسری (فەهمی هوەیدی) كە وتارە ئیستینكارییەكەی لە رۆژنامەی (الشرق الاوسط) ژمارە (...)ی رۆژی (...) بڵاو كردەوە لەژێر ناونیشانی (تەنیا توركیا ناڕەزایی دەربڕی دژی پەلهاویشتنی ئیسرائیل لە باكوری عێراق و عەرەب بێدەنگن، داگیركردنێكی دووەمی ئیسرائیلی عێراق دەگرێتەوە و هەڕەشە لە ئاسایشی عەرەبی دەكات)، كە دەنووسێت: (مرۆڤ ناتوانێت هەستكردنی بەسەرسوڕمان و شەرم بشارێتەوە كاتێك دەخوێنێتەوە

تورکیا هۆشداری داوەتە ئیسرائیل لە کارکردن لە باکوری عێراق، لەکاتێکدا تەواوی جیهانی عەرەبی بێدەنگ بوو، وەك ئەوەی بابەتەکە پەیوەندی بەوەوە نەبێت)، هۆشدارییەکە رۆژنامەی (یەدیعۆت ئەحرەنۆت) لە ژمارەی (١٠/٢١) باسی کردوە بەهۆی ئەو دەنگوباسانەوە کە باسیان لەوە دەکرد چەند نێردەیەکی ئیسرائیلی گەیشتوونەتە ناوچە کوردییەکە و لەگەڵ خەڵکەکە کەوتونەتە دانوستان بۆ کڕینی هەندێ پارچە زەویی دەوڵەمەند، بە نەوت بەتایبەت لە ناوچەی مووسڵ.

میدیاکانی تورکیا بوون لەو هەفتانەی دواییدا بابەتەکەیان وروژاند پاش ئەوەی رۆژنامەی (ئەشکام) پەردەی لەسەر ئەوە هەڵمالی، کە موخابەراتی تورکی لە باکوری عێراق تێبینیی گەیشتنی کەسانی ئیسرائیلی کردوە بەناوچەی مووسڵ و چاودێری دانوستانەکانیانی کردوە لەگەڵ هەندێ کەسایەتیی کوردی بۆ کڕینی هەندێ رووبەرە زەوی، کە وا ناسراون دەوڵەمەندن بەنەوت.

تا ئێرە ئەوەیە هوەیدی لە وتارەکەیدا دەیڵێت، کە دەریدەخات کەوتۆتە ناو چ سەرلێشێوانێکەوە و دەیەوێت خۆی وەك پەرۆش بۆ (عەرەبایەتیی عێراق) پیشان بدات، بەڵام لە شوێنێکی پاشتری وتاری ناوبراودا هەوڵ دەدات راستییەکان بشێوێنێت و نەزعەی توندڕەوی بورورژێنێت و دوژمنایەتی لەنێوان عەرەب و کورددا دروست بکات، ئەمە جگە لە وروژاندنی غەریزەی تۆڵەکردنەوە و قووڵکردنەوەی هەستکردن بە ریسواکران لەلای عەرەب بەهۆی بەرپرسیارێتیی کورد لە بانگهێشتکردنی ئیسرائیلییەکان بۆ عێراق بەتایبەت بۆ ناوچە کوردییەکە، وەك دەڵێت:

(بوونی ئیسرائیل لە عێراق شتێکی ئاسان نیە و هەوڵدانی بۆ کڕینی زەوی لە ناوچە کوردییەکەدا لە باکور، سەرکێشییەکی گەورەیە، چونکە بابەتەکە ئەگەر لەلای ئەمەریکا پەسەندکراو بێت، یان لەلایەن هەندێ ئەندامانی ئەنجوومەنی کاتی

(انتقالی) و هاوشێوەکانیان لە خاوەن بەرژەوەندییەکان، ئەوا دەکرێت هەست بە ریسواکران و تووڕەیی قووڵ بکاتەوە، ئەمە جگە لەوەی قەبارەی گرژیی نێوان کورد و عەرەب دووقات دەکات، ئەوەیش لە ئایندەدا ئاکامی خراپی دەبێت، سەرەنجام خۆتێخزاندن (اختراق)ی ئیسرائیل مینی نویێ بۆ رەگەزەکانی تەقینەوە شاراوەکەی ناو عێراق زیاد دەکات).

لێرەدا پێویست دێڕ بەدێڕ قسە لەگەڵ نووسەری وتارەکە (فەهمی هوەیدی) بکرێت، چونکە وتارەکەی کۆمەڵێك بوهتانی هەرزانی دەرهەق بەکورد و عێراقییەکان و سەرکردەکانیان تێدایە و هەوڵ دەدات لەڕێی بڵاوکردنەوەی ئەو ژەهرانەوە، خۆی وەك کەسێکی پەرۆشتر لە عێراقییەکان بۆ نیشتمانەکەیان بخاتە روو، ئەوەی لەبیر چووە، یان خۆی گێل دەکات و لەبیری خۆی دەباتەوە کە بەرژەوەندی و هەژموون و ئابووریی ئیسرائیل پێش هەر وڵاتێکیتر لە فراوانترین دەرگاکانیەوە هاتووەتە ناو وڵاتەکەی خۆی (وڵاتی فەهمی هوەیدی)، ئاڵای ئیسرائیل پتر لە دوو دەیەیە بەسەر یەکێك لە باڵەخانەکانی پایتەختی وڵاتەکەیەوە دەشەکێتەوە، رۆشنبیر و نووسەری گەورە گەورەی وڵاتەکەی فەهمی هوەیدی پیرۆزباییان لەم پەیوەندییە کرد دوای (بایکۆتێکی زاڵمانە) لەنێوان ئەوان و ئیسرائیل، (گەورەکان)ی وڵاتەکەی سەردانی ئەو (دەوڵەتە هەڵگیراوە)یان کرد کە رۆژێ لە رۆژان هەڕەشەی (فڕێدانە ناو دەریا)یان لێ دەکرد، بەڵام ئەو فرمێسکەی فەهمی هوەیدی دەیڕێژێت تەنیا (فرمێسکی تیمساح)انە.

لە بنەڕەتدا بەرژەوەندی و ئایندەی عێراقییەکان پەیوەندیی بە خۆیانەوە هەیە، وەك خەڵکی مەککە کە باشتر لە هەر کەس زیاتر لە شیوەکانی شارەزان.

سەبارەت بە کوردیش، وا باشترە بۆ فەهمی هوەیدی و هاوشێوەکانی (کە زۆرن) لە کورد نزیك نەکەونەوە و بەخراپە باسی نەکەن، پێویستە بزانێت پەردەپۆشکردنی

(پرۆسەکانی ئەنفال) بۆ هەتاهەتایە بەسەر چوو و بێدەنگبوون لە پرۆسەکانی کۆچپێکردن و بەبەعسیکردن و بەعەرەبکردن لەگەڵ کەوتنی خاوەنەکانیان بۆ ناو زبڵدانی مێژوو ئەوانیش کەوتن. هەرچی ئەوانەن ستایشی رژێمی گۆڕبەگۆڕ دەکەن لە نووسەرانی زەبت و شاعیرانی تەڵەکەبازی و ئەکتەرانی شانۆکانی ریسوایی کە دیکتاتۆر و ملهوڕی مێژوو سەدام حوسێنیان کردە (پەنا پێ گیراو) پاش خودای گەورە (ئەوانە کاتێك حزوریان لەلای هەبوو) بەخراپی چورتمیان دا و نەفرەتی دەیان هەزار ژن و پیاو و پیر و منداڵی بێگوناهیان بەدواوەیە، کە بەشی هەرەزۆریان بەزیندوویی لە درێژی و پانیی عێراقدا کران بەژێر خاکەوە.

(ناحووم)، ئەو جوولەکەیەی ساڵی ١٩٥٣ ناچار کرا کوردستان بەجێ بهێڵێت بۆ ئیسرائیل، بێئاگا نەبوو لەوەی لەدەوری کورد و کوردستان دەگوزەرێت، قسەکەی راست دەرچوو کە لەو کاتەی لەگەڵ (گورجیە)ی هاوسەری سواری ئەو پاسە تەختەیینە دەبوو کە بیست کەسی هەڵگرتبوو و لەناو کەشێکی عاتیفیی هەڵقوڵاو لە هەست و شعووری مرۆڤانەدا بەو کوردانەی وت کە بەڕێیان دەکردن: (متمانەتان بەو رەبولعالەمینە هەبێت رۆژێك دێت ناچار دەکرێن بەنرخترین شتەکان لە زەوی و منداڵ و سامان بەجێ بهێڵن و کەس نابێت یەك فرمێسکتان بۆ بڕێژێت بۆ ئەوەی بەسەرتان دێت، چونکە حاکمەکانتان گورگ و رێوین)

من دڵنیام (ناحووم)ی برادەرمان کە رۆژێك لە رۆژان داڵدەی تێکۆشەرانی کوردی ناو ریزەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازیی کوردی لەماڵەکەیدا دەدا، ئەگەر ئێستا لە ژیاندا بووایە، یەکەمین کەس دەبوو سەردانی کوردستان و کۆیەی زێدی خۆی بکات، ئەو شارە دێرینەی لەسەر لێواری کۆچپێکردن و راگواستن بوو پاش ئەوەی سەدامی فاشیست گۆڕی بۆ گوندێك لە چوارچێوەی بازنەی ناوچە سەربازییەکاندا، کە


**پارێزگاری لە یادگارییە جوانەکانی پێکەوەژیانی نەتەوە و ئاینە جیاوازەکانی لە کەژ و کۆسار و شیوەکانیدا کردوە.**

**لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەدیبی گەورەی میسری (صنع الله ابراهیم) بکەین کە لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (الزمان) لاپەڕەکانی (الف یاو) لە ژمارە (١٦٥٤)ی ڕۆژی ٦/١١/٢٠٠٣ جەرگی حەقیقەتی پێکا و خاڵی لەسەر پیتەکان دانا کاتێك پرسیاری لێ کرا: (سەرباری هەڵوێستی هاوکاری کوردەکان بۆ ئەمەریکا، کەچی ئێوە سەردانی ناوچە کوردییەکانتان کرد، هۆی چی بوو؟)..**

**صنع الله ابراهیم بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە: (بانگهێشتێك هەبوو لەلایەن هەردوو حزبی کوردی سەر بە تاڵەبانی و بارزانی بۆ سەردانی هەندێ لە ڕۆشنبیرانی عەرەب، منیش لەگەڵ هەندێ لە بیرمەندانی چەپ چووم بۆ ئەو ناوچانە، چونکە من هەر بەڕاستی هاوسۆزم لەگەڵ کێشەی کورد، کوردەکان بەدرێژایی سەردەمەکان بەدەست چەوساندنەوەوە ناڵاندوویانە و بەچوار وڵاتدا پەرت بوون، پێم وایە عەرەب لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ کورددا هەڵەیەکی گەورەیان کردوە، ئەگەر عەرەب لە پرسەکەیان بگەیشتنایە، لە پەیوەندییاندا بەرەو لای ئەمەریکا و ئیسرائیل نەدەچوون، پێم وایە پێویستە عەرەب بە پلانی خۆیاندا بچنەوە لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ کێشەی کەمینەکان لە جیهانی عەرەبیدا).**



عمر حبيب



علي عبدالله



فهمي هويدي

## تەنانەت ناوە کوردییەکانیشمان زیانمان پێ دەگەیەنن

سێ ساڵ لەمەوبەر لە ماڵی هاوڕێیەکم لە پایتەختی دەوڵەتێکی عەرەبی کە بۆ چارەسەر لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانیدا رووم تێ کردبوو، رێکەوت لەگەڵ پیاوێکی هاونەتەوەم کۆی کردمەوە. پیاوەکە لە ناوەڕاستی دەیەی شەشەمی تەمەنیدا بوو، پیری تەڵە مووەکانی سەر و ئەبرۆکانیشی سپی کردبوو. کاتێك هاوڕێ خانەخوێیەکەم ناساندمی پێی، دەستی راکێشا و تەوقەی لەگەڵدا کردم و پێی وتم ناوی ئیبراهیمە و مامۆستای ماددەی مێژووە.

لە یەکەم ساتدا هەستم کرد مامۆستا ئیبراهیم بەدەست نەخۆشییەکەوە دەناڵێنێت، چونکە تێبینیم کرد دەستەکانی تووشی لەرزینە نەفرەتییەکە بوون و چاوەکانی ئەوەیان دەگەیاند خەمی گەورەی هەڵگرتوە و بەدەست ماندوێتییەوە گرفتارە. مامۆستا ئیبراهیم هەستی کرد من لە سیمای ورد دەبمەوە و هەوڵی دا رێڕەوی بیرکردنەوەم بگۆڕێت، ئەوە بوو پاش ئەوەی هەریەکەمان لە شوێنی خۆی لەو ژوورەی بۆ پێشوازیکردنی میوانان ئامادە کرابوو دانیشتین، پێی وتم:

بەخێرهاتنی ئەم برایە دەکەم کە لە کوردستانی خۆشەویستەوە هاتووە، لە سەتەلایتی کوردستانەوە ئاگەداری دەنگوباستان دەبین، چەند رۆژێك لەمەوبر دەرچوونی کاروانێکی نوێی ئەفسەرانی لاوم لە کۆلێژی سەربازی بینی، کە جێگەی

باوەڕ نەبوو و هێشتایش، ڕەنگە لێم بپرسیت: بۆچی؟ ئازیزم وەڵامەکە ئەوەیە چوونە کۆلێژە سەربازییەکان بۆ کورد قەدەغەیە بەدەگمەن و لە هەندێ کاتی دیاریکراودا نەبێت، کورد جاران و تا ئەمڕۆیش یەك مافیان هەیە، ئەویش ئەوەیە ببێتە سەرباز بۆ خزمەتکردن و ببێتە سووتەمەنییەك بۆ پرۆژە دوژمنکارانەکانیان، کاتێك بەچاوی خۆمان ئاهەنگی دەرچوونی ئەفسەران لە کۆلێژ و پەیمانگە سەربازییەکانی کوردستان دەبینین، سوپاسی خوا دەکەین و لەبەردەم قوربانییەکانی کورددا دەچەمینەوە، کە بەشێك لە خەونەکەمانی هێنایە دی کە خولیای باپیران و باوکمان و رۆڵەکانی ئەم نەوەیە بوون، کە تالآویان چەشتووە بە دەستی خەڵکانێك بەرواڵەت خۆیان بەبرامان پیشان دەدەن، بەڵام لە پەنهاندا نەخشە بۆ سڕینەوەی خۆمان و شوێنەوارمان دادەنێن.

ئەو وشە ڕاستگۆیانەی کە لە زاری مامۆستا ئیبراهیم دەردەچوون، وشەی موجامەلەکردن نەبوون، کە ماوەیەکە بەهۆی پەلهاویشتنی هەلپەرستانەی ریشەداکوتاو لەناو ریزەکانی بزوتنەوەی نیشتمانیدا موجامەلەکردن بووەتە نەریتێکی بەربڵاو لە مەجلیسە شێواوەکانماندا، بەڵکو زیاتر لە نرکە و ناڵەی مرۆڤێك دەچوون کە لەژێر قامچیی جەللادەکاندا دەزریکێنێت کاتێك دەویسترێت دانپێدانانێکی لێ دەربهێنرێت، کە گەرەنتیی تاوانبارکردن و پاشتر گیانکێشانی بێت.

دیوارەکانی ئەو ژووری پێشوازییەی من و مامۆستا ئیبراهیمی تێدا بوو، بە وێنەی سەرکردە کۆچکردووەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان رازێنرابوونەوە، لەگەڵ هەندێ وێنەیتر کە وێنەی خانەخوێکەی من بوو لەگەڵ هاوڕێکانی. تەماشای یەکێك لەو وێنانەم دەکرد هی دوو لاوی باڵابەرز بوون لە ناوەڕاستی سەیرانگەیەکی فەرامۆشکراودا، لە بنی وێنەکە ناوی خۆیان و ناوی شارەکە و مێژووی وێنەکە نووسرابوو، کە لە ١٩٦٢/١٠/١٢ گیرابوو، واتە تەمەنی وێنەکە ٣٨ ساڵ بوو، وێنەکە

وێنەی هاوڕێ خانەخوێیەکە و مامۆستا ئیبراهیم بوو کە لە جۆشی گەنجێتییاندا لە شارەکەیان گرتبوویان. کاتێك ناوەکانی ژێر وێنەکەم خوێندەوە دەستبەجێ زانیم وێنەی هاوڕێکەمە (خانەخوێ و خاوەن ماڵ) لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم، زۆر سەرم سوڕما کە روخساری مامۆستا ئیبراهیم ئەوەندە گۆڕاوە بەراورد بە برادەرەکەم، کە هێشتا پارێزگاری لە بەشێکی زۆر لە سیما و شیکیی خۆی کردبوو، مامۆستا ئیبراهیم هەستی بە سەرسوڕمانەکەم کرد و لەژێر لێوەوە قسەیەکی کرد تێی نەگەیشتم و خۆی بە جووڵاندنی دەنکە تەسبیحەکانەوە دەخلافاند کە لەنێوان پەنجەکانیدا دەلەرزین، لەوکاتەدا هاوڕێ خانەخوێیەکەم کەوتە روونکردنەوەی ئەوەی لەبارەی مامۆستا ئیبراهیمەوە لەلای من شاراوە بوو. بێدەنگ بوو، لە شوێنی خۆی هەستا و وێنەکەی داگرت و کەوتە تەماشاکردنی وەك ئەوەی چیرۆکێکی تێدا بخوێنێتەوە و رەنگە بیەوێت بەمنی بڵێت، بەڵام رووی کردە ئیبراهیمی هاوڕێی و داوای لێ کرد خۆی بیگێڕێتەوە چی بەسەر هاتووە و بۆچی سیمای بەو شێوەیە گۆڕاوە کە هەرکەس بەراورد لەنێوان وێنەکە و مامۆستا ئیبراهیم بکات بەلایەوە سەیر دەبێت. مامۆستا ئیبراهیم پێش لەوەی قسە بکات هەندێ ئحم ئحمی کرد، پاش ئەوەی زانی زۆر پەرۆشین بزانین چی بەسەر هاتووە، بەدەنگێکی هێمن و سەنگین کەوتە قسەکردن و وتی:

لە ١٣ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٢، واتە رۆژێك دوای ئەوەی ئەم وێنەیەمان لەگەڵ (ع)ی هاوڕێم گرت، هاوسەرەکەم کوڕێکی بوو ناومان نا (چیا)، هۆی هەڵبژاردنەکەیشی ئەوە بوو لەو رۆژانەی پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولدا کە ساڵی پێشوو لە کوردستانی عێراق بەرپا بوو، وشەکە زۆر بەکار دەهات، کە وشەی (چیا) یان (چووی) بەگوێرەی جیاوازیی شێوەزار، بووبوو بە بابەتی سەر زاری خەڵك لە ناوچەکەمان کە نزیك بوو لە رووداوەکانی کوردستانی عێراق، پاش ئەوەی چیا بوو بە داڵدە و پەناگەی شۆڕشگێڕانی کورد. لەو رۆژەدا خودا منداڵە نۆبەرەکەی پێ

بەخشین رووم کردە فەرمانگەی تۆماری مەدەنی و ئەو فۆرمە تایبەتەی منداڵەکەم تەسلیم کرد کە لە نەخۆشخانەی شارەکەمان دەرچووبوو، بەمەبەستی تۆمارکردنی لە فەرمانگەی باری شارستانی لەوێ، کاتێك ئەمینداری تۆمار واتە فەرمانبەری تایبەت بەتۆمارکردنی ناوەکان لە تۆمارە گشتییەکەدا و لە لاپەڕەی خێزانەکەدا، چاوی بە ناوەکە کەوت، ئەم گفتوگۆیە کەوتە نێوانمان:

**ئەمینداری تۆماری مەدەنی:** (لە ناوەکە ورد دەبوویەوە و چاویلکەکەی بۆ سەر و بۆ خوار دەجووڵاند وەك ئەوەی خەریك بێت پیلانێکی گەورە دژی ئاسایشی دەوڵەت ئاشکرا بکات) ئەمە چییە کاك ئیبراهیم و ئەم ناوە نامۆیەت لەکوێوە هێناوە، ئەم ناوە لە زمانی عەرەبیی پەتیدا بەمانای چی دێت؟ ئایا ئەوە وشەیەکی عەرەبی و بەتێپەڕینی کات و بەهۆی هاوسێیەتییەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە؟ چیتە مامۆستا ئیبراهیم، تۆ مامۆستای وانەی مێژوویت ناوێکی عەرەبی خاوێنت نەدۆزیەوە (وەك صلاح الدين) لە منداڵەکەتانی بنێیت، ئێوە سەیرن ها وەك ئەوەی هەست بەهیچ ئینتیمایەك بۆ ئەم وڵاتە نەکەن، توخوا ئەم ناوەت لەکوێ هێناوە کە نامۆیە بەکەلەپووری شارستانیی هەزاران ساڵەمان؟!

**مامۆستا ئیبراهیم:** جەنابی ئەمیندار (لێرەدا بەهۆی کاریگەریی توندی ئەو موحازەرەیەی بیستم دەربڕینەکان خەریك بوو بمخنکێنن، بریتی بوو لە پیلان و پیسی و خۆبەزلزانیی شۆڤێنییانەی داخ لەدڵ بەرانبەر هەموو شتێکی کورد و بە لێبڕانی پێشوەختەوە) بەڵام خۆمم گرت و پێم وت: تۆ خۆت سێ ساڵە لەم شارەیت و دەزانیت زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن و بەیانی و ئێوارە چیا بەبەرچاومانەوەیە با لەدووریشەوە بێت، ئێمە بەزمانی کوردی چیا لەبەرانبەر (جبل) بەکار دێنین، خوای گەورەیش بەگەل و هۆزی جیاواز خەلقی کردووین تا یەکتر بناسین، چی تێدایە ئەگەر ناوێکی کوردی (چیا) لە کوڕەکەم بنێم؟

**ئەمینداری تۆماری مەدەنی:** (هەوڵی دا خۆی وا پیشان بدات ئامۆژگاریم دەکات و کارێکی نیشتمانی ئەنجام دەدات)، پێی وتم: مامۆستا ئیبراهیم کەمێك بیر بکەوە و سبەی یەکتر دەبینین و پشت بەخوا ببەستە و هەر ڕووداوێکیش قسەی خۆی هەیە، ئەگەر هەر سوورن لەسەر ئەوەی ئەو ناوە نامۆیە لە کوڕەکەتان بنێن، من لاریم لە تۆمارکردنی نیە.

**مامۆستا ئیبراهیم:** ناومنا (چیا)، ناوەکە نامۆ نیە، لێرەدا نامۆ ئەو کەسەیە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم نیشتمانە تێناگات، کە ئێمە ئینتیما و ئەوپەڕی دڵسۆزیمان بۆی هەیە.

کاتێك ئەمینداری تۆماری مەدەنی بەنابەدڵی ناوی (چیا)ی لەسەر فۆرمە داواکراوەکە تۆمار کرد، ڕێك پێی وتم: (پیرۆزە ئەم سەرکەوتنە و سبەینێیش بۆ ئەوەی بۆی بڕوانێت نزیکە-"وغداً لناظره قريب")، سوپاسم کرد و چوومە دەرەوە بەپەلە خۆم گەیاندەماڵەوە، چونکە دەمزانی لەوانەیە بەو بۆنەیەوە خزمان ببنە میوانمان و نانی نیوەڕۆ لە ماڵی ئێمە بخۆن، ناوە کوردییەکەی کوڕەکەمم کردە سورپرایز بۆ هەموویان، بەڵام یەکێکیان (باوکی خێزانم) پاش ئەوەی چیرۆکەکەی ئەمینداری تۆماری مەدەنی بیست، سێ جار وتی (خوا بمانپارێزێ).

تەنیا سێ ڕۆژ بەسەر ناونانی کوڕەکەم بەناوە کوردییەکەی تێپەڕی، بەیانیی ڕۆژی چوارەم زوو لە ماڵ دەرچووم بۆ کڕینی نان لە نانەوا کە دەکەوتە کۆتایی شەقامەکە، پارەکەم دا بە نانەواچییەکە و کاتێ خەریك بووم نانەکە وەربگرم، دوو کەس لێم نزیك کەوتنەوە، یەکێکیان نانەکەی برد و ئەویتریان پێی وتم:

مامۆستا ئیبراهیم لە چەند خولەکێکدا نانەکە بەگەرمی دەگاتەوە ماڵ، جەنابت فەرموو لەگەڵم بۆ ناو ئۆتۆمبێلەکە، دەردەشەیەکی بچووکمان دەبێت و دوای ئەوە دەتگەیەنینەوە ماڵ.

بەپێی توانا هەوڵم دا بزانم چ باسە، جلی خەو (بیجامە)م لەبەردا بوو، نانەواچییەکەیش بەسەرسوڕمانەوە تەماشای دەکردین و ئەویش لای خۆیەوە هەوڵی دا بزانێت چییە، بەڵام کاتێك یەکێکیان پێی وت: (خەریکی کاری خۆت بە هەی...) ئیتر بێدەنگ بوو. ناچار خۆمم بەخوا سپارد و سواری ئۆتۆمبیلەکە بووم، لەوکاتەدا هیچ بەخەیاڵمدا نەهات قسەکەی خەزوورم نەبێت کە سێ جار وتی (خوا بمانپارێزێ)..!!

بەگەیشتنمان بەفەرمانگەی پەیوەندار، کە لەگەڵ فەرمانگە هاوشێوەکان لەم رۆژهەڵاتە دەردەدار بەشێوازی فاشیستی و رێبازی دیکتاتۆرییەدا یەك شێواز بەکار دێنن. بردمیانە ژوورێکی نیمچە رووناك، خۆمم لەبەردەم پیاوێکدا بینیەوە لە یەکەم ساتدا وام هەست کرد نامەردی و رق و کینە و شۆڤێنییەت سەر و دڵیان پڕ کردەوە، کە پێش لەوەی وەڵامی سڵاوەکەم بداتەوە وتی: (زانیمان مەلا مستەفا (مەبەستی سەرکردەی کۆچکردوو مستەفا بارزانییە) سەرکردایەتیی یاخیبوونێکی دەکات کە ئیمپریالیزم و زایۆنیزمی نەگریس پشتگیری دەکەن و دەیەوێت لە عێراق جیا بێتەوە و نیشتمانی عەرەبی بەشبەش بکات، بەڵام ئەی تۆ چی هەی گەمژە هەی خوێڕی، ئەم تێزە مەترسیدار و بیرۆکە رووخێنەر و ئەم ناوە نامۆیانە لەکوێ دێنیت لەعنەتی خوا لە خۆت و لە باوکت کە تۆی هێنایە ئەم دنیا و لە باپیرت و لە باپیرە گەورەت، سوێند بەخوا و بەنیشتمانی عەرەبی، تۆ و هاوشێوەکانت دەکەینە پەند بۆ هەرکەسێك رۆژێك خەون بەپچڕینی بەشێك لە نیشتمانی عەرەبی ببینێت، با بەئەندازەی یەك مەتری چوارگۆشەیەش بێت).

دوو جار هەوڵم دا دەرفەت وەربگرم وەڵامی بدەمەوە و بەرگری لە خۆم بکەم، بەڵام یەك چرکەیش دەرفەتی نەدام، کاتێك لە جوێندان ماندوو بوو، زەنگی سەر مێزەکەی لێدا، فەرمانبەرێکیتر لەو سلکە نەفرەتییە هاتە ژوورەوە، بەڕێوەبەری فەرمانی پێکرد (ئیستیمارەی تایبەت بەخاوەن بیرە جوداخوازییە نەفرەتییەکانی بۆ پڕ بکەوە و لەگەڵ مەفرەزەی تایبەت بینێرە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی (....) تا لەسەر کردە دێزەکەی دادگەیی بکرێت).

لە ڕێگەی ڕۆیشتنماندا بۆ ئەو شارەی مەبەستە، تەماشای ئەو کێڵگە و زەوییە کشتوکاڵییانەم دەکرد کە باوباپیرانمان تێیاندا ژیاون، لەکاتێکدا تاسابووم و سکی بەتاڵم بوو، بیرم دەکردەوە: ئێمە تاوانمان چییە و چ تاوانێکمان بەرانبەر ئەوەی ناویان ناوە نیشتمانی عەرەبی کردوە، داوای جیابوونەوەمان نەکردوە، بەڵکو بەگیانی خۆمان بەشداریمان لە فریاکەوتنیدا کردوە کاتێك لەژێر حوکمی داگیرکردندا دەیناڵاند، لە مافی هاوڵاتیبوون بێبەشین، لە مافی ئاشکراکردنی ئینتیمای نەتەوەیمان بێبەشین، تەنانەت بێبەشین لەوەی ناوی کوردی لە منداڵەکانمان بنێین کە بەئازادی لەدایك دەبن، چی بکەین، چی بکەین لەکاتێکدا مێژوو خۆی بۆ کورد دووبارە دەکاتەوە، لە هەناوی مێژوودا چەندین شۆڕش و ڕاپەڕینی کوردی و میرنشین و دەوڵەتۆکەی کوردی هەبوون، بەکوێ گەیشتن و چییان بەسەردا هات؟

ئەی ئەو سەرکردە و پێشەوا کوردانە چی کە لەسێدارە دران و ئاواتی سەربەخۆیی کوردستان لە لێوەکانیان نەبڕابوو، کە نامەردانە و بەشێوەی زۆر ترسنۆکانە کوژران، هەروەها ئەوانەی تاڵیی ژیان لە تاراوگەیان چەشت لەکاتێکدا تەماشای ئەم جیهانە پڕ دژیەکییەیان دەکرد، دەوڵەت و حکومەتی وا هەن لانیکەمی مەرجەکانی بوونە دەوڵەت و ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکانیان تێدا نیە، هەندێ نەتەوە و گەلیش هەن لەوانەیەژمارەیان بگاتە ئەوەندە ملیۆن کەس، کەچی بێبەشن

تەنانەت لەوەی بەزمانی نەتەوەکەیان ناو لە منداڵەکانیان بنێت، گوناهی گەورەمان چییە؟!

گوناهی گەورە وەك حاکمی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی دەوڵەت لەکاتی لێپرسینەوەم لە بینای فەرمانگەی ئەمنی، لەوکاتەی خۆی بەتواناکەیەوە هەڵدەکێشا بۆ دادگەیەکردنی (ناپاکان)ی وەك من، پێی وتم: حەرامە تۆ ناوی ئیبراهیمت پێوەیە کە ناوی باوکی پێغەمبەرانە، ئەوە گوناهی باوکتە ئەو ناوەی پیرۆزەی لە مرۆڤێکی بێئەقڵ و گەمژەی وەك تۆ ناوە، گوناهی گەورە ئەوەیە لەو رۆحی لێبوردەییە تێناگەن کە ئێمە مامەڵەتان پیێ دەکەین، پێش لە ئێمە لەبارەی ئێوە وتیان (ئێوە نەوەی جنۆکە و شەیتانەکانن)، هەوڵمان دا باوەڕ نەکەین، بەڵام کارە شەڕەنگێزانەکانتان بەرانبەر نیشتمان و عەرەبایەتی، وامان لیێ دەکەن باوەڕ بکەین (ئەبو روغال) مامۆستا و رابەرتانە، لەبەرئەوە حەوت ساڵ بەندکردن حوکممان دایت تا بتوانیت بەخۆتدا بچیتەوە و بیر لەوە بکەیتەوە بەرانبەر نیشتمان کردووتە و.. دادگەییەکە تەواو بوو.

کارتێکران بە روخساری مامۆستا ئیراهیمەوە زۆر بەئاشکرا دیار بوو کاتێك چیرۆکەکەی لە سەرەتاوە تا تەواوبوونی ماوەی حوکمەکەی کە حەوت ساڵ و سیێ مانگ بوو بۆ دەگێڕاینەوە و لە یەکێك لە زیندانەکانی پایەتەختی وڵاتەکەیدا بەسەری برد، ئەوەیش چیرۆك یان رۆمانێکیترە رووداوەکانی لە رۆمانی (کاتژمێری بیست و پێنجەم) دەچن و رەنگە لەوەیش تاڵتر بن. هەروەها لەیادی بوو کاتێك پاش ئەو ماوەیە ئازاد کرا، بەبیێ ئەوەی تێیدا رێگە بەخێزان و کەسوکارەکەی بدەن سەردانی بکەن، چونکە بەمردوویان دانابوو.

باسی رووداوێکیتر دەکرێت، ئەویش ئەوەیە کاتێك راستەوخۆ پاش تەواوبوونی ماوەی حوکمەکەی دەگەڕێتەوە ماڵ، پرسیار لە منداڵێك دەکات کە لەبەردەم ئەو نانەوایەدا وەستابوو لێیەوە لەکاتی نانکڕیندا پەلکێش کرا بۆ گەشتە درێژەکەی،

پرسیاری ماڵی خۆیانی لێ کرد، منداڵەکەیش پرسی ئەو کێیە، کاتێك منداڵەکە گوێی لە ناوی ئیبراهیم بوو نانەکە لە دەستی بەربوویەوە و بەدەنگی بەرز هاواری کرد: باوکە من کوڕەکەتم، من چیای کوڕتم و ناویان ناوم خالید، دایکم بەتاسەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەت دەکات، یەڵا بچین بۆ ماڵەوە!!

لە ماوەی ئەو شەش کاتژمێرەی ئێمە فەرمانبەرانی (کارگەی پاڵاوتنی توتنی کۆیە) ڕۆژانە بەسەرمان دەبرد و ژمارەمان لە دە فەرمانبەر زیاتر نەبوو، قسەمان لەبارەی هەموو شتێکەوە دەکرد، کێشە کۆمەڵایەتییەکان، کاروبار و خەمی خەڵك، زنجیرە تەلەڤزیۆنیەکان، کاری ڕۆژانەمان لە کارگە، بەڵام سیاسەت توێشووی ڕۆژانەمان بوو و پشکی شێری قسەکانی کاتی دەوامی دەبرد، کات سەرەتاکانی هەشتاکان بوو، ئێمە چوار کەس بووین و لەنێوان چوار دیواری ژووری ژمارە (٢)ی بینای کارگەکەدا قەتیس بووین، کە هەشت ژوور و دوو نهۆم بوو: (عەبدولڕەحمان حەمەد ئەمین بایز، محەمەد محەمەد ساڵح محەمەد، موحسین عەزیز حەوێزی و نووسەری ئەم دێڕانە). دوو هەڤاڵی یەکەم لایەنگری حزبی شیوعیی عێراقی بوون بەتایبەت محەمەد، کە لە رابردوودا و لە سەرەتای پەنجاکانەوە ئەندامی حزبی شیوعیی عێراقی بوو، پاشان دوای کودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بوو بە پێشمەرگەی حزبەکەی، دوو کەسەکەیتر (موحسین عەزیز و من) لایەنگری پ د ك بووین، لەڕاستیدا فەرمانبەر لە ژوورەکانیتریش هەبوون لایەنگری ئاراستە سیاسییەکانیتر بوون لەوانە (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)، بەڕێوەبەری کارگەکە (حەمید کاکە زیاد غەفووری) سەربەخۆ بوو و سۆزی خۆی بەسەر ئاراستە نیشتمانییە جیاوازەکاندا دابەش دەکرد، بەڵام زۆربەی کات مەیلی بۆ پ د ك هەبوو.

ژوورەکەمان زیاتر لە باخچەی (هایدپارك)ی لەندەن دەچوو، هەمووان تەواو ئازادانە و لە سەربەنێکی نیشتمانیی پەتییەوە بۆچوونی خۆیان لەبارەی ڕووداوە

سیاسییەکان دەردەبڕی، گفتوگۆکان بەزۆری لەبارەی هەواڵ و چالاکییەکانی پێشمەرگەی سەرجەم حزبە سیاسییەکان بوو لە چیا و دەشتەکانی کوردستان و هەریەکەمان چی لە ئێزگە نهێنییە کوردییەکان و ئێزگە جیهانییەکانەوە، بەتایبەت ئێزگەی لەندەن، مۆنتیکارلۆ و ئیسرائیلەوە ببیستایە و پەیوەندی بەکوردەوە هەبوایە بۆ ئەوانیتری باس دەکرد. متمانەی رەهامان بەیەکتر هەبوو و وەك ئەندامانی یەك خێزان بووین، بەڕێوەبەری کارگە بەشداریی گفتوگۆکانمانی دەکرد و بەهۆی ئەو پەیوەندییە برایانەوە، دەزگاکانی دەسەڵاتی بەعس نەیاندەتوانی خۆ بخزێنێتە ناو فەرمانبەرانی کارگەی پاڵاوتنی تووتن لە کۆیە.

رۆژێکیان سەرەتای دەوامی رەسمی بوو زانیمان خودا منداڵێکی بەخشیوەتە ماڵی هاوڕێمان (محەمەد محەمەد ساڵح)، ناویان نا (ساڵح)، کاتێك پرسیارم لە محەمەدی هاوڕێم کرد کە بۆچی ناوی (ساڵح)یان بۆ منداڵەکەیان هەڵبژاردوە، پێی راگەیاندم دوو خوشکەکەی بۆ رێزگرتن و لە خۆشیی ناوی (ساڵح)ی باپیریانەوە هەڵیانبژاردوە، ئەویش لەبەرئەوە قایل بووە. بەڵام لە ناخی خۆمدا هەستم دەکرد محەمەدی هاوڕێم قەناعەتی بەوە نەبوو، بەڵام بۆ رازیکردنی دوو خوشکەکەی بەدڵی کردوون، کاتێك لێی پرسیم رات لەبارەی ناوەکەوە چییە، پێم وت:

کاك محەمەد لەدایکبوونی منداڵە تازەکەتان پیرۆز بێت، هەموو ئاواتم ئەوەیە چاك و ساڵح بێت بەرانبەر باوك و دایك و خێزان و گەلەکەی و لە دڵمەوە لە خوا دەپاڕێمەوە ببێتە چێوی دەستتان، بەڵام خوازیارم رای شەخسیی خۆم دەربارەی هەڵبژاردنی ناوی (ساڵح) بۆ کوڕەکەتان ببیستیت. وەك دەزانیت ناسنامەی نەتەوەیی مرۆڤ چەند ئیعتیبارێك دیاری دەکات، کە بریتین لە: زمان، هەست، ئینتیمای نیشتمانی، مێژوو و هەروەها ناو کە زۆربەی جار نەتەوەی ئەو کەسە دیاری دەکات، بەدەگمەن دەبینیت رووسییەك ناوی فەرەنسی هەبێت، یان عەرەبێك ناوی تورکی

هەبێت، یان ئەڵمانییەك ناوی کوردی هەبێت، بەڵام هەندێ ریزپەڕ (ئیسیسنا)ی کەم هەن، ئەگەر یەکێك لە ئێمە ناوێکی لە دەرەوەی زمانی نەتەوەکەی هەڵگرتووە بەتایبەت ناوی عەرەبی، ئەوە لەژێر کاریگەریی چەمکە ئاینییەکاندا بووە، بەتایبەت ئاینی ئیسلام، کە خۆویستانە و لە خۆشەویستی و شانازیکردن بەئیسلامەوە ئەو ناوانە لە کوڕ و کچەکانمان دەنێین، ئەمە لەکاتێکدا ئاینی ئیسلام خۆی نە لە ئایەتەکانی قورئان و نە لە حەدیسەکانی پێغەمبەردا فەرمانی بەکەس نەکردوە ناوی عەرەبی لە خۆی بنێت، ئەوەتا خوای گەورە لە سوورەتی (الحجرات)دا دەفەرموێ: ﴿**يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ**﴾. صدق الله العظيم.

ئەمە جگە لەوەی (خۆشەویستیی نیشتمان لە باوەڕەوەیە)، ئەمە یەکەم..

دووەمیش زوڵم و زۆرداری و چەوساندنەوەی بەعس لەسەر گەلی کوردستان گەیشتۆتە ئەوپەڕی، پلان هەیە بۆ چۆڵکردنی کوردستان لە خەڵکەکەی و بەعەرەبکردنی هەرچی کوردی و کوردستانی هەیە، ئێمەیش لەسەرمانە بەهەموو ئامرازێك بەرهەڵستیی ئەو پلانە دۆزەخییانە بکەین، لەوانە ئەوەیە ناوی کوردی لە منداڵەکانمان بنێین تا لانیکەم پارێزگاری لە مۆرکە کوردییەکە بکەین وەك یەکێك لە ماکەکانی هەستکردن بەئینتیمای نەتەوەیی. سێیەم، لەوانەیە رۆژێك بێت کاتێك کوڕەکەتان بەئیزنی خوا، گەورە دەبێت رقی لەو کەسە دەبێت ناوێکی جیا لە ناوی هاوشانەکانی خۆی لێ ناوە بەوەی ناوەکەی ناوێکە جیا لە ناوەکانی زمان و نەتەوەکەی خۆی، بەڵام لەگەڵ ئەم تێبینییانەیشدا شتەکە سەرەتا و کۆتا بۆ خۆتان بەجێهێڵراوە. گفتوگۆکەمان لەگەڵ هاوڕێ و دۆستم کاکە محەمەد کە لە ناوەندی میللیی کۆیەدا بە (محەمەدی حاجی گەورە) ناسراوە بەردەوام نەبوو، چونکە دەستبەجێ قەناعەتی بەو راستییانە هێنا بۆم باس کرد، چونکە ئەوی نیشتمانپەروەر

و مەبدەئی و بەئەمەك بۆ ئایندەی گەلەکەی، هیچ هۆیەکی دروستی نەبینی لەوەدا ناوێك جگە لە دەرەوەی زمانی هاونەتەوەکانی لە کوڕەکەی بنێت، کاتێك لێی پرسیم چی ناوێکی لێ بنێت باشە، پێم وت ناوی (دانا) باشە کە ماناکەی نزیکە لە (ساڵح)، ناوێکی کوردی و مۆسیقیشە بۆ بیستن و بەئاسانی بەزماندا دێت، هاوڕێکەم دەستبەجێ قایل بوو و لەجێی خۆی هەستا و مۆڵەتی لە بەڕێوەبەری کارگە خواست و چوو بۆ فەرمانگەی باری شارستانی لە کۆیە و ناوەکەی لە ساڵحەوە گۆڕی بۆ دانا.

دوای چەند رۆژێك لە ناوگۆڕینەکە، محەمەدی هاوڕێمان بانگ کرا بۆ دایرەی ئەمن لە کۆیە، کاتێك هەندێ دواکەوت نیگەران بووین بۆی، بەتایبەت کە ئەو لە رابردوودا شیوعییەکی رێکخراو بوو و هێشتا دەستی بەهەڵوێستە مەبدەئییەکانیەوە گرتبوو. کاتێك بۆ کارگە گەڕایەوە، بۆی باس کردین لەگەڵ ئەفسەری دایرەی ئەمن چی بەسەر هاتووە، وتی:

کاتێك بردمیانە ژووری ئەفسەری ئەمن بە (سلام علیکم) سڵاوم لێ کرد، بەڵام ئەفسەرەکە کە خەڵکی شەرگات بوو، وەڵامی سلاوەکەی نەدامەوە و فەرمانی پێکردم دوور لە مێزەکەی بوەستم و هاواری بەسەر ئەڵقە لەگوێیەکی ئەمندا کرد کە لەدوامەوە بوەستێت، ئەنجا موحازەرەکەی بەم شێوەیە دەست پێکرد: (تۆ دوژمنی خوا و دوژمنی عێراقیت، ئێمە ئاگەداری ئەسڵی ئێرانیی ئێوەین، تۆ داخ لەدڵیت، ئەگەر داخ لەدڵ و پۆپولیست (شعووبی) نەبویتایە ناوی (ساڵح)ت نەدەگۆڕی بۆ (دانا)، کێ وای لێ کردیت بیگۆڕیت و نهێنیی ئەوە چییە؟ تۆ بەم کارەت تووڕەیی حزب و شۆڕش بەسەر خۆتدا دێنیت، چی دەڵێیت؟

پێم وت: من زیادەڕەویم نەکردۆتە سەر مافی گشتی، ئێمە ئازادین هەر ناوێك لە منداڵەکانمان بنێین، تەنیا ئەوە بوو لەناو خێزانەکەماندا دوو بۆچوون هەبوو، دوو خوشکەکەم ناوی (ساڵح)یان پێ خۆش بوو، بۆ یادکردنەوەی ناوی باپیرم بەڕەحمەت

**بێت، من ناوی (دانا)م پێ خۆش بوو، چونکه ناوەکەی لەگەڵ ناوی برا گەورەکەیدا (زانا) ڕێکه، پاشان وشەی (دانا) مانای ساڵح دەگەیەنێت، هەر ئەوەندەیه. ئەنجا پاش هەڕەشە و گوڕەشە و سەرکۆنەکردنی توند فەرمانی کرد (کارنامە)م بۆ بکرێتەوە (بریتییه له ڕێکخستنی لاپەڕەیەك یان چەند لاپەڕەیەك له تۆمارەکانی دایرەی ئەمندا لەبارەی ورد و درشتی ئەو کەسە، تا زانیاریی پێویست لەبارەی –بەقسەی ئەوان– کەسانی جێگومان بەردەست بێت هەرکات داوا کرا)، پاشان فەرمانی پێ کردم له ژوورەکه بچمە دەرەوە و تی: (بڕۆ بەملی شکاوت).**

**لەوانه بوو محەمەدی هاوڕێمان هەمان چارەنووسی مامۆستا ئیبراهیمی هەبوایه (که له یاداوەریی پێشتردا باسمان کرد) بەڵام جیاوازیی کات و شوێن و هێزی شۆڕشی کورد و هەڵگیرسانی جەنگی عێراق–ئێران ڕێگەی گرت لەوەی چارەنووسی محەمەدیش هەمان چارەنووسی مامۆستا ئیبراهیم بێت بەهۆی ئەوەی کوڕە گەورەکەی ناونابوو (چیا).**

**تا له ژیندا بم ئەو ڕووداوەیترم لەیاد ناچێت که خوالێخۆشبووی باوکم دەربارەی ناوە کوردییەکان بۆی گێڕامەوە، که بەدەق پێی وتم:**

**ساڵی ١٩٦٥ له سەردەمی حوکمی عەبدولسەلام عارفدا لەگەڵ کۆمەڵێك کەسایەتیی ناسراوی شاری کۆیەدا گیراین بەتۆمەتی ئەوەی (وەك وەسفیان دەکردین) لایەنگر و هەواداری شۆڕشی کوردین (بەسەرکردایەتیی سەرۆکی کۆچکردووی کورد مستەفا بارزانی) و پڕوپاگەندە بۆ بەرژەوەندیی بەگوتەی ئەوان (یاخیبوونی بەکرێگیراو) دەکەین، کاتێك بەو وەزرە گەرمە بەئۆتۆمبێلی (زیل)ی سەربازی سەر بەرەڵا بردینیان بۆ (دەستەی لێکۆڵینەوەی یەکەمی ناوچەی باکور له کەرکوك)، بەگەیشتنمان داینیانە بەر جوێنی ناشیرین، کاتێك (کارنامە)یان بۆ هەر یەکێکمان ئامادە دەکرد، یەك بەیەك بەبەردەم ئەفسەرێکی دڵڕەقی فەلەستینی لەو فەرمانگە**

نەفرەتییەدا دەبراین لە ژوورێکدا کە بۆنی بۆگەنی تاوان و زۆرداری لێ دەهات دوور لە هەر شتێکی ئینسانی. کاتێك نۆرەی من هات مرێکی پڕ رق و کینەی لێ کردم و ئەم پرسیار و وەڵامانە لەنێوانماندا بەڕێوە چوو:

**ئەفسەری لێکۆڵینەوە:** ناوی تەواو و ساڵی لەدایکبوون و کارت بڵێ؟

**باوکم:** ئەوەی داوای کرد بەزیادەوە و بەبێ ناتەواوی وتم.

**ئەفسەری لێکۆڵینەوە:** پەڕاوەکانی دۆسیەکەت دەیسەلمێنن لەگەڵ سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەتدا پەیوەندیت بە بزوتنەوەی یاخیبوونی بەکرێگیراوەوە کردوە لەسەردەمی سەرۆکایەتیی موشیر عەبدلوسەلام عارف ساڵی ١٩٦٣.

**باوکم:** لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ پێش هاتنەژوورەوەی یەکەکانی سوپا و سوارە و حەرەس قەمی بۆ ناو شار، ئاوارەبوونێکی بەکۆمەڵ بۆ ناوچە شاخاوییەکان رووی دا و ئێمەیش لەترسی تۆڵەکردنەوە و بۆ پاراستنی گیانی ئەندامانی خێزانەکەم پێکەوە پەنامان بۆ ئەو ناوچانە برد، ئەوەیش لە سەردەمی بەعسییەکاندا بوو کە ئێوە شۆڕشتان لەدژیان کرد.

**ئەفسەری لێکۆڵینەوە:** وسبە، سوپا هەمان سوپایە و سەر بەوین، کە قەڵغانی پارێزەر و ئەمینی پاراستنی سنوورەکانی رۆژهەڵاتمانە بەڕووی هەوڵەکانی تێکداندا کە (تاقمە بەکرێگیراوەکانی مەلا) پێی هەڵدەستن، کە ئیستیعمار و زایۆنیزم و حکومەتی ئیسرائیل پشتیوانی دەکەن، وەڵامی پرسیارەکە بدەرەوە.

**باوکم:** بۆ پاراستنی گیانمان پەنامان برد بۆ شاری قەڵادزێ و لەوێیشەوە بۆ گوندی (هەڵشۆ) لەسەر سنوور.

**ئەفسەری لێکۆڵینەوە:** مەبەستت چ سنوورێکە؟

**باوکم:** سنووری عێراق–ئێران.

**ئەفسەری لێکۆڵینەوە:** ئەو یارمەتییانە چی بوون لەلایەن حکومەتی ئێرانی دۆستی ئیسرائیلەوە پێتان دەدرا؟

**باوکم:** هیچ شتێکی لەو جۆرەمان نەدی، لە باخەڵی خۆمان خەرجمان دەکرد.

**ئەفسەری لێکۆڵینەوە:** ئینکاریکردن لە بەرژەوەندیت نیە، باری کۆمەڵایەتیت چییە؟

**باوکم:** هاوسەردارم و دوازدە منداڵم هەیە (حەوت کچ و پێنج کوڕ).

**ئەفسەری لێکۆڵینەوە:** بەڕیز ناو و کاریان بڵێ.

**باوکم:** ناوەکانم بەڕیز گوت، تێبینیم کرد هەرکات ناوێکم دەبرد چاوی زل دەبوو و لە تۆمارکردنی ناوەکان لە کارنامەکەدا دەوەستا، لەکۆتاییدا بەشێوازێکی رەق و زبر پێی وتم:

**ئەفسەری لێکۆڵینەوە:** ئەمە یاخیبوونە، جوولەکەی کوڕی جوولەکە، ئەم ناوە یەهوودییانەت لەکوێ هێناوە؟!

**باوکم:** من لە ساڵی (١٩٣٩)وە ژنم هێناوە و ناوی منداڵەکانم کوردیی پەتین و هیچ لێکچوونێك لەنێوان ناوی کوردی و یەهوودیدا نیە، چ لێکچوونێك هەیە لەنێوان ناوە کوردییەکانی (بەرزین و بەفرین و خەسرەو و فەرهاد) و ناوە یەهوودییەکانی وەك (ناحووم و مۆشێ و شالووم و سارە)دا هەیە؟

**ئەفسەری لێکۆڵینەوە:** کەی بەو ناوە یەهوودییانە ئاشنا بوویت و لەکوێ؟

**باوکم:** لە کۆیە ژمارەیەکی زۆر جوولەکە هەبوون، گەڕەکی خۆیان هەبوو و زۆر بەتەبایی لەگەڵ باقیی خەڵکی شار لە موسڵمان و مەسیحییەکاندا دەژیان.

**ئەفسەری لێکۆڵینەوە:** وەڵلا، ئێستا گەیشتمە قەناعەتی تەواو لەبارەی نهێنیی هاوسۆزیی ئیسرائیل لەگەڵ ئێوە خەڵکی باکور و لەگەڵ بزوتنەوە بەکرێگیراوەکەتان، سوێند بەخوا خاکی باکور لە پیسیی ئێوە و پیسیی جولەکە تاوانبارەکان پاك دەکەینەوە، بڕۆ دەرەوە لە ژوورەکە، هەی کورد هەی جوولەکە!!.

کاتێك ئەم سێ حاڵەتە و حاڵەتیترم بیر دەکەوێتەوە، کاتێك میدیای عەرەبی و لەپێشیانەوە میدیای عێراقی دڵگەرم و بەلێبڕانی پێشوەختەوە لێشاوی تۆمەتی جیاوازیان ئاراستەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی دەکرد و تۆمەتی (بەکرێگیراوی بۆ ئەمەریکا و زایۆیزنی جیهانی و ئیسرائیلی کۆڵەوەسی)یان دەدایە پاڵ، لەو رووەوە ئێمە رۆڵەی گەلێکین شانازی بەنەتەوەی خۆمانەوە دەکەین، ئەمە جگە لەوەی ناوی کوردی لە منداڵەکانمان دەنێین، ئەمەیش مافێکە ئاینە ئاسمانییەکان و سەرجەم شەریعەت و دەستوورە جیاوازەکانی دنیا پیرۆزبایی لێ دەکەن جگە لەم رووبەرە جوگرافییە کە عەرەب زۆربەی دانیشتوانی پێکدێنن و بەچەندین پەتی پەیوەندی بەکوردەوە بەستراون کاتێك پێویستیان پێمان بێت وەك ئاین و هاوسێیەتی و خەباتی هاوبەش، بەڵام زۆر بەداخەوە نکوڵی لە کوردبوونی سەلاحەدینی ئەیوبی و کوردستانیبوونی کەرکوك و شەنگال و خانەقین دەکەن و شۆڕشی کورد و سەرکردە دلێرەکانی بەخراپترین و ناشیرنترین نازناو و وەسف، وەسف دەکەن کاتێك بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ خەونەکانی نەتەوەیەکدا تێکدەگیرێت، کە بانگەواز بۆ برایەتیی راستەقینە لەگەڵ نەتەوەی عەرەب دەکات، بگرە هەندێ جار و لە غەفڵەتێکی مێژوودا بەم نەتەوەیەمان دەوت (خوشکی گەورە) لەکاتێکدا پارە و کردار و گوفتاری عەرەبی دەخرانە کار بۆ گۆڕینی واقیعی نەتەوەیی لە کوردستان، تا دەستی گەیشتە

بنەچەی سەلاحەدینی ئەیوبی و ناوی چیای کوڕی مامۆسا ئیبراهیم و دانای کاك محەمەدی هاوڕێم و وەسفکردنی ناوە کوردییە پەتییەکانی خوشك و براکانم بەناوی یەهوودی، لەکاتێکدا جوولەکە هیچ شوێنەوارێکیان لە کوردستان نەماوە و لێرە لە کوردستان هیچ شوێنەوارێکی بوونی باڵیۆزخانەیەکی ئیسرائیلی یان کونسوڵخانەیەکی بچووك و تەنانەت نووسینگەیەکی بازرگانیش نیە، بەو شێوەیەی لە قاهیرە و دەوڵەتی قەتەر و هەروەها لە عەمان و عومان و هەندێ پایتەختیتری عەرەبی و ئیسلامی هەیە.



دیمەشق–گەڕەکی کوردان، لەسەر ئەم خوانە تراجیدیایەکە گێڕدرایەوە

## لەسەر رێگای نیەتە باشەکان

## و ئەزموونی خالید عەلی ئەلسالح لەگەڵ حزبی بەعس دا

دێڕەکانی نێوان هەردوو بەرگی ئەم چاپکراوە گوزارەیە لە ئەزموونێك، نووسەرەکەی لەگەڵ حزبی بەعس لە عێراق تێیدا وەك ئەندامێك ژیاوە لە پەیدابوونیەوە تا ناوەڕاستی شەستەکان، ئەزموونی لەگەڵ ئەم رێکخراوە بەردەوام بووە تا کۆتایی شەستەکان کاتێك وەك کەسانیتر بەر ئەو رەشەبایە کەوت کە پاشماوەکانی ئەو رێکخراوە بەسەر خەڵکی عێراقیاندا سەپاند، هەموو ئومێدی نووسەرەکەی ئەوەیە عێراق بە کۆششی گەلەکەی، کە لێشاوی قوربانییەکانی لەپێناو ئازادی و کەرامەتیدا نەپچڕاوە، لە نەهامەتییەکەی دەربچێت.

بەم شێوەیە خالید عەلی ئەلسالح سەرکردەی پێشووی بەعس کتێبەکەی بەناونیشانی: لەسەر رێگەی نیەتە باشەکان–ئەزموونم لەگەڵ حزبی بەعس (على طريق النوايا الطيبة–تجربتي مع حزب البعث) پێشکەش دەکات کە ساڵی ٢٠٠٠ لە (دار رياض الريس للكتاب والنشر) لەلەندەن دەرچووە. خالید عەلی ئەلسالح کە لەم دواییەدا مەرگ لە میسر ونی کرد پاش ئەوەی لە تاراوگە دەژیا و یەکێك بوو لە نەوەی یەکەمی سەرکردەکانی بەعس کە ئەوکاتەی قوتابی بوو لە (الثانوية الشرقية)

له بەغدا چووە ریزەکانی ئەو حزبە و وەك ئەندامێکی حزب لەسەر ئاستی شانەی حزبی چووە ناو هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی حزب و هەڵکشانی لە ئاستێکی ڕێکخستنەوە بۆ ئاستێکیتر بەردەوام بوو تا گەیشتە سەرکردایەتیی هەرێمی (القیادة القطریة) و تێیدا لەگەڵ فوئاد ئەلڕیکابی و شەمسەدین کازم و کەریم شنتاف و حازم جەواد و عەلی ساڵح ئەلسەعدی و عەبدوڵا ئەلڕیکابی و سەعدوون حەمادی و ساڵح شەعباندا سەرکەوتن، پاش ئەوەیش بەئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی سەرکردایەتیی لقی بەغدا هەڵبژێردرا، لەکاتێکدا فوئاد ئەلڕیکابی وەك راسپێری نهێنی (امین سر)ی قیادەی قوتریی دەستنیشان کرا، ئەوەیش لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی رابردوودا.

پێش لەوەی باسی ناوەرۆکی کتێبەکە بکەم، یاداوەریی خۆم دەگێڕمەوە بۆ دیدارێکی بەڕێکەوت لەگەڵ عەلی ساڵح ئەلسەعدی ئەمین سڕی قیادەی قوتریی حزبی بەعسی عەرەبیی ئیشتراکی (١٩٦١-١٩٦٣) لە هۆڵی هۆتێل بەغدا لە شەقامی سەعدوون لە یەکەم هەفتەی پاش ڕێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، کاتێك ئێمە ئەو سێ هاوڕێیە (ئەنوەر عەبدوڵا و عەبدولقادر محەمەد ئەمین و نووسەری ئەم دێڕانە) ئەندامانی مەکتەبی ڕێکخستنی ناوەندیی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، لە هۆتێلی ناوبراو بووین و بەشێك بووین لەو گرووپەی راسپێرابووین بۆ پێشوازیکردنی پیرۆزباییکاران کە بۆ پیرۆزباییکردن لە شاندی کوردی کە بریتی بوون لە هەریەك لە: (شەهید ئیدریس بارزانی، خوالێخۆشبوو نووری شاوەیس، خوالێخۆشبوو نافل جەلال حەوێزی، بەڕێزان مەسعود بارزانی و دکتۆر مەحموود عوسمان و سامی عەبدولڕەحمان و شەهید دارا تۆفیق) سەردانی هۆتێلەکەیان دەکرد. ئێمە ئەو سێ هاوڕێیە شوێنێکمان گرتبوو لەبەردەم ئەو پلیکانەیەی دەچووە ناو هۆڵەکە لە نهۆمی زەمینی لەسەر تاقمێك قەنەفەی تازە و قەشەنگ، ئێمە پیرۆزباییکارانمان لە ناوەڕاستی پلەکانی پلیکانەکاندا دەبینی و بواری پەراوێزێك جووڵە و راوێژ و

پرسیار و وەڵاممان لەناو خۆماندا هەبوو دەربارەی ناسنامەی ئەو کەسەی بۆ پیرۆزباییکردن دەهات.

هێشتا تەنیا هەفتەیەك بەسەر گرێدانی رێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠دا تێپەڕیبوو، نیوەڕۆیەك لەکاتێکدا دەربارەی بابەتەکانی رۆژ دەمەتەقێمان بوو، دوو کەس لە دەروازەی هۆڵی هۆتێلەکەوە کە تێیدا دادەنیشتین هاتن، ئێمەیش بەپیریانەوە چووین بەمەبەستی پێشوازیکردنیان، یەکێکیان خۆی ناساند و وتی: من عەلی ساڵح ئەلسەعدی ئەمین سڕی قوتری پێشووی حزبی بەعسی عەرەبیی ئیشتراکی و هاوڕێکەیشم فلانە (ئێستا ناوەکەیم بیر نیە) هاتووین بەشداریی ئاهەنگگێڕانی گەلی کوردمان بکەین و پیرۆزبایی لە برایانی ئەندامی شاندی کوردی بکەین بەو بۆنەیەوە... کاتێك گوێم لە ناوی (عەلی ساڵح ئەلسەعدی) بوو دەستبەجێ ئەو نەهامەتی و کارەسات و کوشتنە بەکۆمەڵەم یاد کەوتەوە کە گەلی عێراق بەدەست ئەو تاقمەوە چەشتی کە عەلی ساڵح ئەلسەعدی سەرکردایەتی دەکرد کاتێك ئەمین سڕی قوتریی حزبی ناوبراو بوو لە ترسناکترین کودەتای خوێناویدا کە مێژووی عێراقی نوێ بەخۆیەوە بینیبێت، کە خۆی سەرکردایەتیی تاقمەکانی ئەشکەنجەدانی دەکرد و دروشمە بەدناوەکەی جێبەجێ دەکرد کە دەیگوت (بڕین تا شادەمار و هاڕین تا ئێسقان)، بەرپاکردنی شەڕە قیزەونەکەیانم دژی کوردستان بیر کەوتەوە کە ناویاننا: سەیرانی نیشتمانی (النزهە الوطنیة)، سەعدی لە رووکاری رووداوەکاندا مایەوە تا ١١ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣ کاتێك کۆمەڵێك ئەفسەر پەیدا بوون محەمەد ئەلمەهداوی سەرکردایەتی دەکردن، لەسەر داوای میشیل عەفلەق، عەلی ساڵح ئەلسەعدی و تاقمەکەی بەهەڕەشەی چەك لابران و هەڵبژاردنی نوێ بۆ قیادەی قوتریی حزب بەڕێوە چوو، دەرکران و بە فڕۆکەیەکی تایبەت گوێزرانەوە بۆ ئیسپانیا لەگەڵ هەریەك لە (حمدی عبد المجید، محسن الشیخ راضي، هانی الفکیکی، ابوطالب الهاشمی)، پاشان چووە ریزی لەبیرکراوان دوور لە رووکار تا کاتێك کرا بە راوێژکار لە

سەرۆکایەتیی کۆمار ساڵی ١٩٧٠ بەهۆی ژنەکەیەوە (هناء العمری) کە ئەندامێتی لە حزبی بەعسدا هەر مابوو تا ئەمڕۆیش، عێراقییەکان زیقە زیقەکەی لە کاتژمێرە یەکەمەکانی رۆژی کودەتاکەی هەشتی شوباتی ١٩٦٣ لەبیر ناکەن کاتێك داوای لە (کرێکارانی شێخ عومەر و ئافرەتانی ئەعزەمیە) دەکرد پشتگیریی کودەتاکە بکەن.

سەعدی و هاوڕێکەی بەرانبەرمان دانیشتن، دوای بەخێرهاتنیان سەعدی پێی وتین: تکایە مامۆستا ئیدریس بارزانی ئاگەدار بکەن کە من لێرەم، دەمەوێت بیبینم و سڵاو لە شاندی کوردی بکەم و پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنەکەیان لێ بکەم بەدییان هێناوە و وێنەیەکی یادگاری لەگەڵ مامۆستا ئیدریس بگرم، لەکاتێکدا برادەرەکەی ورتەی لێوە نەهات. هەڤاڵ عەبدولقادر هەستا و بەرەو ژوورەکانی ناوەوە رۆیشت کە بەڕێزان ئەندامانی شاندی کوردی بەدیدارە لابەلاییەکان لەگەڵ شاند و کەسایەتییە سیاسییە عێراقییەکانەوە سەرقاڵ بوون، هۆتێلی بەغدا لە دامەزراندنیەوە تا ئەو رۆژ قەرەباڵغیی لەو شێوەیەی بەخۆیەوە نەدیبوو. دوای ماوەیەکی کورت هەڤاڵ عەبدولقادر محەمەد ئەمین گەڕایەوە و بە سەعدی وت: (مامۆستا پێویستە چاوەڕێ بکەین تا شاندی کوردی لەگەڵ شاندێك کە بۆ پیرۆزبایی هاتوون لێدەبنەوە، مامۆستا ئیدریس ئێوە دەبینێت بەڵام داوای لێبوردن دەکات لە گرتنی وێنە لەگەڵتان).

نیشانەی بێزاری بەڕووی سەعدییەوە دەرنەکەوت، پرسیاری ناو و پێگەمانی لە پارتیدا کرد، کاتێك وەڵامان دایەوە، لەخۆیەوە هەندێ قسەی کرد کە ئەوکاتە چاوەڕێی بیستنیمان نەدەکرد، عەلی ساڵح ئەلسەعدی پێی وتین: شۆڕشی کورد بەسەرکردایەتیی مستەفا بارزانی سەرکەوتنێکی گەورەی بەدیهێنا بەسەر کۆماری ئەحمەد حەسەن ئەلبەکردا کە مسقاڵە زەڕەیەك دڵسۆزی بۆ عێراق نەبووە، ئەو مرۆڤێکی داخ لەدڵ و فێڵبازە، زۆر ئاگەدار بن، ئەو بەرپرس بوو لە سەرهەڵدانەوەی شەڕ ساڵی ١٩٦٣، ئەو بەشەخسی (مەبەستی ئەلبەکر بوو) و ساڵح مەهدی عەمماش

و لەگەڵیاندا بازرگانانی جەنگ لە ئەفسەرانی عێراقی، سەرکردایەتیی ئێستا لە رابردوودا هیچ نەبوو، لەسەر شانی هەڵە و ململانیٚ خوێناوییەکانی ئێمە گەیشتنە دەسەڵات.

لێرەدا هەڤاڵ عەبدولقادر محەمەد ئەمین قسەکەی پیٚ بڕی و لیٚی پرسی: مامۆستا بۆ تۆ خۆت بەکورد دادەنێیت؟

عەلی ساڵح ئەلسەعدی: بەڵیٚ من کوردم و کوڕی کوردم و رێك خەڵکی ناوچەکەی تۆیشم.

ئەنوەر عەبدولا: کەواتە بۆچی هیچت بۆ گەلی کورد نەکرد کاتێك ساڵی ١٩٦٣ لە دەسەڵاتدا بوویت؟

عەلی ساڵح ئەلسەعدی: کاکە با بەدڵی کەشتییەکان هەڵناکات، پیاو هەق بڵیٚ سەرکردایەتیی مەدەنی حەزی لە شەڕ نەبوو و هەوڵی دەدا سیغەیەکی گونجاو بۆ چارەسەری کێشەی کورد بدۆزێتەوە، رەنگە بەکاریگەریی من یان لەئەنجامی هەوڵەکانی منەوە بووبێت لەگەڵ ئەندامانی قیادەی قوتری کە تا رادەیەك تێگەیشتنی هەبوو، بەڵام باڵی عەسکەرییەکان و لەسەروویانەوە سەرکۆمار عەبدولسەلام عارف و ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر و ساڵح مەهدی عەمماش و سوبحی عەبدولحەمید و هیتر لەگەڵ ئەوە بوون بەهێزی سەربازی بزوتنەوەی کوردی لەناو ببرێت.

نووسەری ئەم دێڕانە: ئایا لەم کاتەدا (مانگی ئازاری ١٩٧٠) رۆڵێك دەگێڕن یان داواتان لیٚ کراوە ئەرکێك جێبەجیٚ بکەن؟ عەلی ساڵح ئەلسەعدی (گۆناکانی سوور هەڵگەڕان) وەك ئەوەی تووڕەم کردبێت بەم شێوەیە وەڵامی دامەوە: (بۆ من تەرتوورم؟! من رێزی خۆم و رابردووم دەگرم، ئەوانەی لە سەرکردایەتی دەیانبینم ئاواتیان دەخواست وێنەیەکم لەگەڵدا بگرن، ئەوانە خەڵکی بەوەفا نین تەنانەت بۆ مێژووی

**حزبەکەیشیان، ئێمە ئەم حزبەمان  دروست کرد. ئێستا کوان فوئاد ئەلڕیکابی و خالید عەلی ئەلسالح و عەلی سالح ئەلسەعدی؟)**

**ئەو یادەوەرییانە لەگەڵم مانەوە کاتێك هەندێکیانم بۆ هەڤالانم دەگێڕایەوە، دیمەنی هەڵچوونم بەڕووی سەعدییەوە لەبەرچاو مابوو.**

**نزیکەی دوو مانگ دەبێت شێرکۆ حەبیبی ئامۆزام، کە کردویەتی بەنەریت هەر کتێبێکی تازە لەبارەی مێژووی سیاسیی عێراقی نوێ یان یاداشتەکانی سیاسەتمەدارانی عێراق لە لەندەن دەربچێت بۆم دەنێرێت، ئەم جارەیان سێ کتێبی بۆ ناردم، لەوانە کتێبی (على طريق النوايا الطيبة–تجربتي مع حزب البعث) نووسینی سەرکردەی بەعسیی پێشوو کۆچکردوو خالید عەلی ئەلسالح. کاتێك ناونیشانی کتێبەکە و ناوی دانەرەکەیم کەوتە بەرچاو قسەکانی عەلی سالح ئەلسەعدیم بیر کەوتەوە لە هۆڵی هۆتێل بەغدا ٣٢ ساڵ لەمەوبەر. بارودۆخ بەو شێوەیە کەوتەوە کە بۆ جاری دووەم لە ماوەی ئەمساڵدا بچمەوە بۆ تاران بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتیی دڵم، کە حەوت مانگ لەمەوبەر نەشتەرگەرییەکم بۆ کرد و دەرفەتی مانەوەم لە هۆتێلی (کوثر طهران) قۆستەوە بۆ خوێندنەوەی کتێبەکە و دیسان خوێندنەوەی بۆ دووەم جار. سەختترین شت بۆ مرۆڤی سیاسی لە ژیانی خۆیدا ستەملێکرانیەتی لەلایەن هەڤالانیەوە کاتێك مەبدەئیبوونەکەی هۆکارێك بێت بۆ پیلان لێگێڕان و پاشان غەدر لێکردنی بێت. هیچ سەیر نیە کە خالید عەلی ئەلسالح بەشەکانی کتێبەکەی بەپەندێکی باوی کەلەپوور دەست پێ بکات کە تێیدا عەلی کوڕی ئەبو تالیب داکۆکیی لە مافی موسوڵمانان دەکات لە هەڵبژاردنی پێشەوایان دژ بە بنەمای رابەرایەتی (أبو سفيان) کە دەقە عەرەبییەکەی دەڵێت: (والله ماهو بأبهى مني، وكلنه يغدر ويفجر، ولولا الكراهية والغدر، لكنت أدهى الناس) واتە: سوێند بەخوا لە من زرنگتر نیە، بەڵام غەدر و خراپە دەکات، ئەگەر رقم لە غەدر نەبوایە زرنگترین کەس دەبووم.**

کتێبی ((علی گریق النوایا الگیبه) له ٢٨٦ لاپەڕەی قەبارە مامناوەندە و له سیازده بەش پێکدێت، بەم شێوەیە:

**بەشی یەکەم:** سەرەتای ژیان و هۆش.

**بەشی دووەم:** گەڕان بەدوای ڕێگەدا و دۆزینەوەی.

**بەشی سێیەم:** جێکەوتەکانی ڕێگە.

**بەشی چوارەم:** جێکەوتەکانی ڕێگەیش.

**بەشی پێنجەم:** درەوشانەوەی شۆڕش و فەوتانی ئومێدەکان.

**بەشی شەشەم:** شەڕێکی ناچاری.

**بەشی حەوتەم:** دەنگی فیشەك له شەقامی رەشید.

**بەشی هەشتەم:** دەستگیرکردن سەرەتای کۆتایی.

**بەشی نۆیەم:** چوونە بەردەم دادگە.

**بەشی دەیەم:** مەرگی دواخراو و زیندانی تاکەکەسی.

**بەشی یازدەیەم:** درۆکانی پێشەنگ.

**بەشی دوازدەیەم: ماتەمنامە** (تابین)ی سەرکردایەتی بۆ حزبەکەی.

**بەشی سیازدەیەم:** پاداشتی سەنمار (تونێلی تاریك)، ئەمە جگە له چەند پاشکۆیەك و پێرستی کەسایەتی و شوێنەکان. دانەر کتێبەکەی کردوەتە دیاری (بۆ هەر تنۆکە خوێنێك لەسەر خاکی عێراق له جەستەیەك رژاوە و هەڵگری ویژدانێکی مرۆڤانە بووە).

له بەشی یەکەمی کتێبەکەدا دانەر باسی سەرەتای ژیان دەکات (بەگوێرەی ئەوەی بکرێت لە یادگەدا خەزن ببێت، کوڕی چوارەمی خێزانێك بووە لە باوك و دایکێك پێکهاتووە کە پێنج کوڕیان هەبووە)، عەلی ئەلسالحی باوکی مەلاك و بەکرێگری زەویی کشتوکاڵی بووە لە شاری (سەلمان پاك) لەنزیك شاری بەغدا، کە گۆڕی (هاوەڵی ڕێزدار سەلمانی فارسی لێیە)، تاقی کیسرای تێدا بەرز دەبێتەوە کە خالید چووە ناوی. لەگەڵ برا گەورەکەیدا چووەتە قوتابخانەی سەرەتایی، پێش لەوەی قۆناغی سەرەتایی تەواو بکات فەلەستین ساڵی ١٩٤٨ تووشی کۆستە ئازاربەخشەکەی بوو، بەکۆتاهاتنی خالید قۆناغی سەرەتایی بڕی و چوو بۆ بەغدا و وەك قوتابییەك لە سانەوی (الشرقیه) تۆمار کرا، کە یەکێکە لە سانەوییە سەرەکییەکان لە بەغدا. وەك خۆی دەڵێت مێشکی تەنیا لای خوێندن، یان دوورکەوتنەوەی لە سەلمان پاك و خەڵکەکەی نەبوو، بەڵکو فەلەستین هەموو هەستی بەخۆیەوە خەریك کردبوو، هەستکردن بەفەوتانی بەشێك لە نیشتمانەکەی لەگەڵیدا گەورە بوو، ڕۆژنامەکان و نووسینەکانی تەها حوسێن و عەقاد و زەیات و شیعرەکانی جەواهیری و محەمەد ساڵح بەحر ئەلعلومی دەخوێندنەوە. شتێکیتر کە سەرنجی ڕاکێشا دەستەودەستکردنی ڕۆژنامەکان بوو لەناو قوتابیانی قوتابخانە (با خوێنەری بەڕێز بایەخدانی قوتابیانی ئەوکات بە ڕۆژنامە لەگەڵ بایەخدانی قوتابیانی ئێستا بەراورد بکات، کە ئێستا زیاتر لە زانکۆکاندایە نەك لە قوتابخانە ناوەندی و سانەوییەکاندا) بەتایبەت ڕۆژنامەکانی ئۆپۆزسیۆن لەوکاتەدا، کە دیارترینیان ڕۆژنامەی (الاهالی) زمانحاڵی حزبی دیموکراتیی نیشتمانی مەیلە چەپ بوو (خوێنەرانی، یان زۆربەیان شیوعی بوون)، لەگەڵ ڕۆژنامەی (لواء الاستقلال) زمانحاڵی حزبی ئیستیقلال، کە گوزارەی لە ئاراستەی نەتەوەیی (قەومی) دەکرد و خوێنەرانی لە نەتەوەپەروەرەکان بوون. خالید لەوکاتەدا زیاتر مەیلی بەلای شیوعییەکاندا هەبوو، بەڵام کاتێك وەك خۆی دەڵێت بیستی (شیوعییەکان بانگەشە بۆ دوو دەوڵەت دەکەن لە فەلەستین،

یەکێك بۆ فەلەستینیەکان و یەکێکیتر بۆ جوولەکە) قەناعەتی گۆڕا، ئەوەیش کاریگەرییەکی نەرێنی لە دەروونیدا بەجێ هێشت و دوور کەوتەوە و چارەنووسی خۆی پێیەوە نەبەست، بەکۆتایی ساڵی ١٩٥١ لەگەڵ نزیکترین هاوڕێی قوتابخانەی بەناوی (عبدالحسین عبدالصاحب) گفتوگۆیەکیان دەربارەی فەلەستین کەوتە نێوان، عبدالحسین پێی ڕاگەیاند ڕێکخستنێکی نهێنی هەیە (بانگەشە بۆ یەکێتیی عەرەبی دەکات و باوەڕی بە ئیشتراکییەت هەیە و دابەشکردنی فەلەستین ڕەت دەکاتەوە). ساڵی خوێندنی ١٩٥١-١٩٥٢ عبدالحسین ناساندی بەکەسێك کە وا خۆی ناساند قوتابییە لە کۆلێژی بازرگانی و ناوی (طه عبالرشید)ە، پێی ڕاگەیاند ڕێکخستنێکی نهێنی هەیە کار بۆ خەونەکانی دەکات و ناوی ڕێکخراوەکەی برد کە ناوی (حزبی بەعسی عەرەبی)یە، بەڵام پاش یەك کۆبوونەوە تەها وتی ئەو فەرمانی گرتنی بۆ دەرچووە و دەچێت بۆ سعوودیە، دوای ماوەیەکی کورت (عبدالحسین)ی برادەری باسی کەسێکی کرد کە داوای لێ کردوە پەیوەندی بەوەوە بکات ئەویش (فوئاد ئەلڕیکابی) بوو، کە خالید وەسفی دەکات بەوەی (لەسەرخۆ و متمانەبەخۆ بوو و بۆچوونەکانی بەڕوونی دەگواستەوە)، فوئاد ئەلڕیکابی ئەو هەستەی لەلا دروست کرد کە (ئەوان چاودێریی چالاکییەکانی خالیدیان کردوە و پێی سەرسامن).

بەم شێوەیە پەیوەندیی ڕێکخراوەیی نێوان خالید عەلی ئەلسالح و فوئاد ئەلڕیکابی بەردەوام بوو، کە باسی حزب و وابەستەیی بە ڕێساکانی ڕێکخستن و پابەندبوون بەپرنسیپەکانی بۆ دەکرد، پاش ئەوەی سوێندی حزبایەتی خوارد ژیانی خالید گۆڕا بۆ شتێکیتر و حزب بوو بەخولیای مێشکی، بەهاتنی ساڵی ١٩٥٣ بوو بە بەرپرسی ڕێکخستنی (فیرقەی کەڕادەی شەرقی)، پاشان بەئەندامی سەرکردایەتیی لقی بەغدا لەگەڵ هەریەك لە (کریم شنتاف و حازم جواد و صفاء محمد علی)، عەلی سالح ئەلسەعدی هەڵبژێردرا بۆ بەرپرسی ئەو سەرکردایەتییە (واتە سەرکردایەتیی لقی بەغدا) لە هەردوو ساڵی ١٩٥٤ و ١٩٥٥. خالید پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەندامانی

سەرکردایەتیی لقی بەغدا وەسف دەکات بەوەی سرووشتی بوو، بەڵام باسی ڕووداوێکی دیاریکراوی عەلی ساڵح ئەلسەعدی دەکات، ئەوە بووە کاتێك عەلی باسی ئەوەی کردوە بڕی ئابوونەی مانگانە کە ٤٠ دینار بووە (دزێك بەسەر دیواری حەوشەی ماڵەکەدا سەرکەوتووە و چووەتە باخچەکە، عەلی شوێنەکەی بەجێهێشتوە و چاکەتەکەیشی لەویٚ بەجێهێشتوە، کاتێك گەڕاوەتەوە ئابوونەکەی لە باخەڵەکەیدا نەدیوە و دزەکە دزیویەتی)، مانگی دوای ئەوەیش ڕووداوەکە دووبارە بوویەوە لەکاتێکدا خالید گوزەرانی پەڕپووت بوو و بەپیٚ لە کەڕادەوە دەچوو بۆ وەزیریە بۆ ئامادەبوونی کۆبوونەوە حزبییەکان، کەچی دەیبینی بەرپرسەکەی (ئەمین سڕی سەرکردایەتی) ئەو ئابوونانە لە قوماردا دەدۆڕێنێت.

هەڵکشانی خالید عەلی ئەلساڵح بە پلیکانەکانی ڕێکخستنی حزبیدا بەردەوام بوو تا گەیشتە کۆنگرەی قوتری، لە کۆنگرەی قوتریدا ، بۆ یەکەم جار بەهۆی فراوانبوونی بازنەی ڕێکخستنەکانی حزبی بەعسەوە هەڵبژاردن کرا، هەریەك لە (فؤاد الركابی و شمس الدين كاظم و كريم شنتاف و حازم جواد و علی صالح السعدی و عبدالله الركابی و سعدون حمادی و صالح شعبان و خالد علی الصالح) دەرچوون. لە یەکەمین کۆبوونەوەی سسەرکردایەتیدا پاش کۆنگرە (فؤاد الركابی) بە ئەمین سڕی سەرکردایەتی هەڵبژێدرا. خالید بەسەر ئەو ڕووداوانەی لە گۆڕەپانی عێراق گەرم بوون یان ڕەنگدانەوەکانیاندا دەڕوات، لەوانە پێکهێنانی بەرەی یەکێتیی نیشتمانی لە عێراق، پەرەسەندنی پەیوەندیی نێوان میسر و سووریا و پاش ئەوە یەکگرتنی هەردوو وڵات، یەکگرتنی هاشمی لەنێوان عێراق و ئوردن، هەڵوەشاندنەوەی حزبی (بەعس) لە سووریا پاش ڕاگەیاندنی یەکگرتن و ناکۆکی لەگەڵ میشێل عەفلەق دەربارەی ئەو بابەتە و ڕوودانی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨.

لەژێر ناونیشانی (درەوشانەوەی شۆڕش و فەوتانی ئومێدەکان) خالید لە بەشی پێنجەمدا دەنووسێت:

(ئێوارەی رۆژی ١٣ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ فوئاد ئەلڕیکابی پێی راگەیاندم کە یەکەیەکی سوپا ئەو ئێوارەیە لە (منصوریە الجبل) لیوای دیالی لە رێگەیدا بۆ ئوردن دەجووڵێت، یان بەکردەوە جووڵاوە، بەتێپەڕبوونی بە بەغدادا، لەباتی ئەوەی لە رۆیشتن بۆ ئەویٚ بەردەوام بێت، بەغدا داگیر دەکات و شۆڕش رادەگەیەنێت، لەناو خۆماندا وتمان بەڵکو ئەم جارەیان خەونەکە بێتە دی، لە ١٤ی تەمموز سەرکردایەتیی بەعس کۆبوویەوە و مەسەلەی پاڵپشتیکردنی شۆڕشی تاوتویٚ کرد).

خالید لەم بارەیەو دەڵێت: (ئێستا بیر لە هەڵوێستمان لە سەرجەم ئەو پرسانە دەکەمەوە، دەزانم چەند کەمئەزموون و بگرە هۆش کۆڵ بووین، بەشێوەیەك خۆمان ماندوو نەکرد تەنانەت هەر ئاوڕی لیٚ بدەینەوە).

بەعسییەکان قەناعەتی تەواویان بەشۆڕش نەبوو، چونکە دەیانویست یان چاوەڕوانیان دەکرد دەستبەجیٚ یەکێتی لەنێوان عێراق و کۆماری عەرەبی یەکگرتوودا دروست ببێت، کاتێك شتەکان بەپێچەوانەی ئەو ئاراستەیە رۆیشتن، بەعس لە پشتگیریکردنی شۆڕش دوور کەوتەوە و نوێنەرەکەیان لە کابینەی یەکەم پاش شۆڕش، فوئاد ئەلڕیکابی، دەستی لە کار کێشایەوە، کە وەزیری ئاوەدانکردنەوە بوو، پاش شکستی پیلانەکەی شەواف و رووداوەکانی کەرکوك ناکۆکییەکانیان لەگەڵ هێڵی جەماوەریی گشتیی پاڵپشتی شۆڕش قووڵ بوویەوە و کار گەیشتە ئەوەی بەعسییەکان بڕیار بدەن راستەوخۆ رووبەڕووی عەبدولکەریم قاسم ببنەوە.

لە بەشی شەشەمدا لەژێر ناونیشانی (شەڕێکی ناچاری) خالید لە یاداشتەکانیدا دەڵێت: (لە یەکێك لە کۆبوونەوەکانی قیادەی قوتریدا و پاش شکستی بزوتنەوەکەی

شەواف و ئەو ڕووداوە خوێناویانەی بەدوایدا هاتن، ئەمین سڕ فوئاد ئەلڕیکابی پێشنیاری کرد حزب پلانێك بۆ کوشتنی عەبدولکەریم قاسم دابنێت لەکاتی تێپەڕبوونی بە شەقامەکانی بەغدادا، ئەو پلانەیش بەهاوکاریی لایەنیتری نەتەوەیی مەدەنی و سەربازی ئەنجام بدرێت).

دوای ئەوە کۆبوونەوەیەکیتر کرا بۆ تاوتوێکردنی وردەکارییەکان و ئەندامانی قیادەی قوتری کە ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون، بەکۆدەنگی (ئیجماع) بەپلانی کوشتنەکە ڕازی بوون.

لێرەدا خالید عەلی ئەلسالح نهێنییەکی نوێ ئاشکرا دەکات سەبارەت بەبابەتی هەوڵی کوشتنی عەبدولکەریم قاسم و دەڵێت: (لەو قۆناغەدا لەکاتێکدا ئێمە خەریکی تەواوکردنی پێداویستییەکانی پلانی کوشتنەکە بووین لە چەك و پەناگە و ئامرازی گواستنەوە و خۆ تەرخانکردن، لە کۆبوونەوەکانماندا باسی پارەمان دەکرد کە ئاخۆ داهاتەکانمان لەڕێی ئابوونە و بەخشینەکانەوە بەش دەکەن، لەم کاتەدا تاڵب شەبیب ئەندامی قیادەی قوتری ڕایگەیاند، کۆمەڵەیەك ئامادەیە پارە و چەك بۆ حزبی بەعس دابین بکات ئەگەر ئێمە هەوڵ بۆ ڕزگاربوون لە عەبدولکەریم قاسم بدەین، فوئاد ئەلڕیکابیش داوای لە تاڵب شەبیب کرد چی پێیە بیڵێت، ئەویش بەم شێوەیە باسی کرد: لەتەنیشت ئەو نووسینگەیەی تاڵب وەك ئەندازیارێك کاری تێدا دەکات، کە دەکەوێتە باڵەخانەی مەرجان لە (باب الشرقی)، نووسینگەی کۆمەڵێك ئەمەریکی لێیە، کە لە نووسینگەکەی تەنیشتی کار دەکەن، ئامادەیی ئەمەریکای خستۆتە بەردەمی بۆ دابینکردنی پارە و چەك بۆ حزبی بەعس.

دەرچوونی ئەم قسەیە لە زاری ئەندامێکی سەرکردایەتیی حزبەوە شۆکی کردم و بوارم نەدا کەسیتر ڕای خۆی بڵێت و وتم (لەو کاتەوە فەلەستین زەوت کراوە لەم دنیایەدا هیچ دوژمنێکمان نیە ئەمەریکا نەبێت، ئەگەر بەوە ڕازی بن تاڵب شەبیب

باسی کرد، من راستەوخۆ دەچم بۆ لای عەبدولکەریم قاسم و هەموو شتێکی پێ دەڵێم). کاتێك لە قسەکانم بوومەوە فوئاد ئەلڕیکابی روو بە تاڵب شەبیب قسەی کرد و وتی ئێمە ئەو پێشنیارە رەت دەکەینەوە و رەتکردنەوەکەمان بۆ پێشنیارەکەیان بەو کەسە رابگەیەنە کە پەیوەندی پێوە کردویت، پێویستە پەیوەندیت بەو کەسە و بپچڕیت و بابەتەکە دابخە.

لە کۆبوونەوەی دواتریشدا تاڵب شەبیب هەمان قسەی جاری یەکەمی دووبارە کردەوە بەپاساوی پێداگرتنی کەسە ئەمەریکییەکە، لێرەدا یەك قسەم پێ وت: ئەگەر جارێکیتر ئەم جۆرە قسەیە لە کۆبوونەوەیەکیتردا دووبارە بکرێتەوە، من دەست لە حزب دەکێشمەوە و بەدەستی هەر عێراقییەك بکوژرێم بەلامەوە خۆشترە لەوەی ببمە بەکرێگیراوی ئەمەریکا. کاتێك فوئاد ریکابی قسەی کرد، ئەوەی بیری تاڵب شەبیب خستەوە کە ئێمە داوامان لێ کردوە پەیوەندی بپچڕێنێت و جارێکیتر باسی ئەو بابەتە نەکاتەوە. دوای چەند رۆژێك لە دیدارێکدا لەگەڵ فوئاد ریکابی پێی راگەیاندم کە تاڵب شەبیب هاتووتە لای و داوای رەزامەندی کردوە لەسەر سەفەرکردنی بۆ بەیرووت بۆ چارەسەری ژنەکەی، کە نەخۆشییەکەی قورستر بووە و داوای ١٠٠ دیناری لە فوئاد کردوە بۆ سەفەرەکەی، لەگەڵ دەستهەڵگرتنی لەو قەرزەی حزب کە لە ئەستۆیدایە و ئەویش لە سەد دینار زیاتر بوو، فوئاد کە ئاسوودەیی بە روخساریەوە دیار بوو وتی: (بە هەرچی داوای کرد رازی بووم، چونکە من –هەروەها ئێوەیش– هەوڵ دەدەین لە کۆڵی بکەینەوە، بەتایبەت پاش ئەوەی دەرکەوت پەیوەندی بە ئەمەریکییەکانەوە هەیە).

بەم شێوەیە سەرکردایەتیی حزبی بەعس بڕیاری تیرۆرکردنی زەعیم عەبدولکەریم قاسمی دا لەکاتێکدا بەعس بەدەست گۆشەگیرییەکی جەماوەری و سیسییەوە دەینالاند. بەعس باوەڕی بە تێگەیشتنی دیموکراسییانە لە دەسەلات نەبوو، بەڵکو

بیرۆکەی کودەتاکردن لەسەرەوە تاکە ئامراز بوو بەلایانەوە بۆ گرتنەدەستی جڵەوی دەسەڵات. سەرباری بوونی جیاوازیی بۆچوون لەنێوان قیادەی قوتری عێراق و قیادەی قەومی سەبارەت بە تیرۆرکردنی عەبدولکەریم قاسم، بەعس پلانی تیرۆرکردنەکەی جێبەجێ کرد بەتایبەت پاش جێبەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدانی رەفعەت ئەلحاج سرِی و نازم ئەلتەبەقچەلی و هاوەڵانیان. خالید لەم بارەوە دەڵێت: (دوای ئەو لەسێدارەدانانە سەرکردایەتی کۆبوویەوە و بڕیاری دا بە زووترین کات پلانی کوشتنەکە جێبەجێ بکات و کەوتینە بانگکردنی ئەو تیمەی ئەرکیان جێبەجێکردنی بوو، کە بریتی بوون لە: (عبدالوهاب الغریری، سمیر عبدالعزیز النجم، عیدالکریم الشیخلی، احمد طه العزوز، صدام حسێن) و چەك و بۆمبی دەستییان بۆ دابین کرا).

ئێوارەی رۆژی چوارشەممە ٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٩ زەعیم عەبدولکەریم قاسم نووسینگەکەی لە وەزارەتی بەرگری بەجێهێشت بەمەبەستی ئامادەبوونی ئاهەنگێکی پێشوازیکردن لە نێردەی دیپلۆماسیی ئەڵمانیای دیموکراتی و بەشەقامی رەشیددا تێدەپەڕی، کاتێك گەیشتە ناوچەی (رأس القریە) کەوتە بەر دەستڕێژی گوللە، ئەو و یاوەری سەرەکی و یەکەمی قاسم ئەلجەنابی بەموعجیزە رزگاریان بوو، بەڵام شۆفێرەکەی، کازم عارف کوژرا. لە ٢٣ی تشرینی یەکەم زۆربەی رێکخەرانی پیلانەکە گیران جگە لە فوئاد ریکابی کە خۆی حەشار دابوو تا رۆژی ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٥٩ بەقاچاخی دەرکرا. رۆژی ١٩٥٩/١٢/٢٦ لە بەردەم دادگای گەلدا بەسەرۆکایەتیی فازڵ عەباس ئەلمەهداوی دەست بە دادگەییکردنی تۆمەتباران کرا کە ژمارەیام ٧٨ تۆمەتبار بوو، لەناویاندا خالید عەلی ئەلسالح، بە ١٢ هەڵاتووەوە و هەموویان تاوانبار کران، لە ٣١ی ئازاری ساڵی ١٩٦٠ عەبدولکەریم قاسم دواخستنی جێبەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدانی بەشدارانی هەوڵی تیرۆرکردنەکەی راگەیاند، کە دادگەی شۆڕش دادگەیی کردبوون.

له کۆتایی ساڵی ١٩٦١ خالید عەلی ئەلسالح و هاوەڵانی ئازاد کران و خالید ڕاستەوخۆ گەڕایەوە بۆ ماڵی باوکی لە سەلمان پاك، ژمارەیەکی زۆر لە حزبییە دێرینەکان سەردانانیان کرد، دوای ماوەیەکی کورت عەلی سالح ئەلسەعدی لە باخێکی نزیك ماڵیان بەنهێنی سەردانی کرد، خالید زانی باری حزبییەکەی باش نیە و (بەگوتەی خالید سیخوڕەکان جێگەیان گرتۆتەوە)، هەروەها خالید بەردەوام هێرشی دەکردە سەر میشێل عەفلق، چونکە بەشیاوی نەدەبینی ببێتە ئەمین سڕی قیادەی قەومی حزبی بەعسی ئیشتراکی، لە لاپەڕەکانی پاشتردا باسی ئەو ڕووداوانە دەکات بەسەریدا هاتوون و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی لە یەکێك لە شانە حزبییەکانی ناوچەی کەڕادەی شەرقی و وەك حزبییەکی پابەند بە پرنسیپ و بنچینەکانی ڕێکخستن مومارەسەی چالاکیی سیاسی دەکرد، لەکاتێکدا چاوەڕوانی ئامادەبوونی کۆنگرەی قوتریی دەکرد تا ڕووبەڕووی بارستەکەی (عەلی سالح ئەلسەعدی) ببێتەوە، بەو خێراییە شتێك ڕووی دا لە خەیاڵدا نەبوو، ئەوە بوو لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٦٢ ڕاگەیەنرا سەرۆکی جەزائیری ئەحمەد بن بێللا سەردانی عێراق دەکات، بەرپرسە حزبییەکەی بەناوی فائیق ئەلبەزاز هات بۆ لای لە سەلمان پاك و وەك فەرمانێکی حزبی داوای لێ کرد بەشداری لە خۆپیشاندانێکی نەتەوەیی و بەعسییەکاندا بکات بۆ پێشوازیکردن لە بن بێللا (سەرۆکی جەزائیر)، ئەگەرچی قەناعەتی بەبەشداریکردن لەو جۆرە خۆپیشاندانانەدا نەبوو، بەڵام پابەند بوو تا وا لێکنەدرێتەوە لەترسی دەسەڵات بەشداری نەکردوە، ئەوە بوو دوای دوو ڕۆژ لە بەشداریکردنی لە خۆپیشاندانی پێشوازیکردنەکەدا، جارێکیتر دەستگیر کرایەوە و گوێزرایەوە بۆ گرتووخانەی نوگرە سەلمان لە بیابانی باشووری عێراق.

خالید سەرەتا باسی گرتووخانەی نوگرە سەلمان و ئەو لایەنە سیاسییانە دەکات تێیدا بوون، کە سەرباری پیلانگێڕیی ئەو تەوژمەی خالید ئەندامی بوو دژی شۆڕشی ١٤ی تەمموز و هەوڵدان بۆ کوشتنی سەرکردەکەی، عەبدولکەریم قاسم، گرتووخانەی

نوگرە سەلمان و گرتووخانەکانیتر لە بەغدا و شارەکانیتری عێراق بەشی شیوعی و کوردەکان بوو، لێرەیشدا دەڵێت: (لە گرتووخانەی نوگرە سەلمان خۆمم بەتەنیا بینی لەو ئاراستە سیاسییەدا کە ئینتیمام بۆی هەیوو، چونکە زیندانەکە پڕ بوو لە شیوعی و کوردەکان و کەسیتری تێدا نەبوو، لەڕاستیدا شیوعی و کوردەکان بەنەرمی و وەك هاوڕێیەکی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردم، هەروەك هیچ مامەڵەیەکی خراپم لەلایەن ئیدارەی زیندانەکەیشەوە نەبینی).

لەو پارادۆکسە سەیرانەی خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی کتێبەکەدا هەستی پێدەکات، ئەوەیە سیاسەتی کۆچکردوو عەبدولکەریم قاسم، هاوسەنگ نەبووە، بەڵکو بەڕاست و بەچەپدا لەتری بردووە، لایەنگرەکانی و ئەوانەی دڵسۆزی شۆڕشەکەی بوون و بەرگرییان لیْ دەکرد زیندانی دەکردن و دوور دەخستنەوە، لەکاتێکدا تاقمە پیلانگێڕەکان بەئاشکرا سینگیان دەردەپەڕاند دوور لە لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوە و بەندکردن لەسەر پیلانگێڕان دژی ئەو شۆڕشە و هەوڵدان بۆ تیرۆرکردنی سەرکردەکەی، راستە بزوتنەوەی نیشتمانیی عێراقی بەرپرسیارێتیی بەشێکی گەورە لە ئۆباڵی ئاکامی دۆخەکەی لەئەستۆدایە، بەڵام لۆمە لەسەر عەبدولکەریم قاسمە لە دوورخستنەوەی توخمە نیشتمانی و دڵسۆزەکان بۆ رێبازەکەی و رێبازی بزوتنەوەی نیشتمانی لە ئەفسەران و پشتبەستنی تەواوەتی بە پیلانگێڕان، کە بەئاشکرا و بە رۆژی نیوەڕۆ پیلانیان بۆ لەناوبردنی شۆڕشی ١٤ی تەمموز و سەرکردەکەی دەگێڕا.

خالید عەلی ئەلسالح باسی ئەزموونی گرتووخانەی نوگرە سەلمان دەکات کە تا ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بەردەوام بوو و دەڵێت: (زیندانەکە جمەی دەهات لە کورد و شیوعییەکان، هەرچی شیوعییەکان بوون زۆربەیان ئەوانە بوون حوکمی بەندکردنی ماوە جیاوازیان بۆ دەرکرابوو، سەرەڕای ئەو کێشە و ململانێیانەی لە شەقامەکانی شارەکاندا لەنێوان شیوعی و نەتەوەییەکاندا هەبوو، بەڵام زیندان زۆربەی جار وامان

لێدەکات وەك مرۆڤی ئاسایی بژین، هەندێ ریزپەڕی زۆر سنووورداری لێ بترازێت. سەبارەت بە من، ئەوەی وەك بەعسی یان نەتەوەیی تەنیا بووم رێگر نەبوو لەوەی بەشێوەیەکی ئاسایی مامەڵە لەگەڵ گشت بەندکراوەکان بکەم چەندە رێبازی سیاسیمان جیاواز بێت، لەڕاستیدا گیراوانی کوردیش لەوپەڕی دۆستایەتیدا بووم لەگەڵمدا.

چەند رۆژێك دوای چوونم بۆ ئەو زیندانە، لە هەندێ لە شیوعییەکانم بیست کە ئەندامێکی سەرکردەی حزبی شیوعی هاتووتە زیندانەکە و لەوانەوە زانیم حەمزە سەلمانە، من و حەمزە یەکترمان بینی. ناویم بیستبوو، لە کەڕادەی شەرقی دادەنیشت، لەگەڵ رووداوەکانی مووسڵدا پێش و لەکاتی و پاش بزوتنەوەکەی عەبدولوەهاب ئەلشەواف و ئەو رووداوە خوێناوییانەی بەدوای ئەو بزوتنەوەیەدا هاتن، ناوی درەوشایەوە. دیدارەکەمانی بەسەرزەنشتکردن و هەوڵدان بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی ئەوەی رووی دا دەست پێکرد، گلەییم لێ کرد ئەو وەك رۆشنبیر و پارێزەرێك لە بەرپرسیارێتیی حزبی شیوعی لە رووداوەکانی کوشتن کە لە مووسڵ روویان دا، دیارە هەوڵی دا بەرگری لە خۆی بکات و بەرپرسیارێتی خستە ئەستۆی سوپا پاشان رەفتاری هەندێ هێزی جیاواز –کە کەس بەسەریاندا زاڵ نیە. بەهەرحاڵ گفتوگۆکەمان تەنیا لەبارەی رابردوو نەبوو، بەڵکو قسەمان لەسەر ئەوەیش دەکرد کە دەکرێت لە ئایندەدا روو بدات وەك بەرە و پێویستیی کۆتاهێنان بەحوکمی عەسکەریی تاکەکەسی و داننانی هەر لایەك بەو هەڵانەی ئەنجامی داون. دیدارەکانمان لە ئێوارandا بوو، ئێوارانی بیابانیش مۆرکێکی تایبەتی هەیە، نە پیسبوون (التلوث) هەیە نە رووناکیی تیژی کارەبا).

لە ٦ی شوباتی ١٩٦٣ خالید عەلی ئەلسالح گوێزرایەوە بۆ زیندانی ژمارە (١)ی سەربازی لە بەغدا، رۆژی ٧ی شوبات گەیشتە ئەوێ و خرایە هەمان ئەو شوێنەی

پێشتر دوو ساڵی تێدا بەسەر بردبوو، ڕۆژی دوای ئەوە واتە ڕۆژی کودەتا خوێناوییە شوومەکە (٨ی شوباتی ١٩٦٣)، خالید و باقی گیراوەکانیتری ناو زیندانی ژمارە (١) بەردران کاتێك تانکەکانی پیلانگێڕانی دژ بەحوکمی زەعیم عەبدولکەریم قاسم گەیشتن، کە هەریەك لە عەزیز ئەمین و نیعمەت ئەلدلێمی لێیان دەخوڕین بۆ زیندان و ئەوانەی تێدا بوون ئازاد کران، خالید ئەم جارە لە زیندان دەرچوو و بینی حزبەکەی (وەك عەلی ساڵح ئەلسەعدی وتی، بەشەمەندەفەرێکی ئەمەریکی) گەیشتۆتە دەسەڵات، چوو بۆ ماڵی براکەی لە ناوچەی تەل محەمەدی شاری بەغدا و وەك دەڵێت تەنیا یەك شت لە زەینیدا بوو، ئەویش ئەوە بوو سەرلەنوێ بچێتەوە بەدەم حاڵی خۆیەوە و خوێندنەکەی تەواو بکات، چونکە وەك دەردەکەوێت نەیتوانی (ئەو درۆ و دەلەسانە بڕەوێنێتەوە کە سەرکردایەتیی عەفلەق لەناو ئەندامانی حزبدا بڕەوی پێ دەدان لەکاتێکدا ئەو سەرکردایەتییە نەگەیشتبووە دەسەڵات، ئەی دەبێت کە لە دەسەڵاتدایە بتوانێت چی بکات).

خالید عەلی ئەلساڵح هەوڵی دا لە رووکار یان لە بەشداریکردن لەو زەماوەندە خوێناوییە دوور بکەوێتەوە، تا ئەوکاتەی (شوکری ساڵح زەکی) کە بوو بە وەزیری بازرگانی لە حکومەی کودەتاچییەکاندا، هاتە لای و قایلی کرد ببێتە بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمەڵەی هەرەوەزیی بەرهەمهێنەرانی خورما، جارێکیتر لە یەکێك لە شانەکانی حزب لە ناوچەی کەڕادەی شەرقیدا ڕێکخرایەوە و نەچووە ناو ریزەکانی حەرەس قەومی، ئەو و غەیری ئەو زۆر پرسیاریان دەوروژاند لەبارەی ئەو پێشێلکارییانەی دەرهەق بەنیشتمانپەروەرێتی دەکران، هەروەها پرسیار لەو دروشمی ئازادی (الحریە)ـەی حزب بانگەوازی بۆ دەکرد.

لێرەدا هەندێ هەڵوێست بەرانبەر رووداوەکان تۆمار دەکات و دەڵێت: (هەوڵم دەدا هەندێ ناڕەزایی لەسەر بەردەوامیی ڕەفتاری توندوتیژ دژ بە شیوعییەکان و پاشتر

دژی کوردەکان تۆمار بکەم، بەڵام بێسوود بوو، بەدرێژایی بوونم لەناو ڕێکخستندا هەوڵم نەدا پەیوەندی بەهیچکام لە سەرکردەکانەوە بکەم، لەبەرانبەردا کەس پەیوەندی پێوە نەکردم جگە لە ئامادەبوونی سیمینارێك لە کەڕادە کە حەمید خلخال ئامادەی بوو. ئەندامێکی سەرکردایەتیم نەدەناسی، بۆچوونێکی نوێی هێنا ئەوەی دەگەیاند کە حزب بە بەگژاچوونەوەی شیوعییەتەوە سەرقاڵ بوو و کێشەی کۆنەپەرستی پشتگوێ خست، درێژەم بەقسەکردن دا وتم شیوعییەکان هێشتا لە زیندانەکاندا راو دەنرێن، شەڕیش لە باکور بەردەوامە).

خالید لەسەر ڕێبازی رەخنەگرتنی بەردەوام بوو بەبێ گوێدانە ئەوەی دووچاری دەبێت، شایەتی ئەو ململانێیانە بوو کە لەناو جەستەی بەعسدا هێلانەیان دەکرد، هۆکانیش زانراون بەتایبەت لەنێوان باڵی عەلی ساڵح ئەلسەعدی لەلایەك و باڵی تاڵب شەبیب لەلایەکیترەوە، عەسکەریش لەنێوانیاندا، ئەمە جگە لە باڵەکانیتر کە بەگوێرەی ئارەزووی گەورەکان ململانێیان دەکرد. خالید لەبارەی ئەو ڕووداوانە دەڵێت: (کاتێك ململانێیەکە دەرکەوت، کۆمەڵێك حزبی لە ١٩٦٣/١١/١١ هێرشیان کردە سەر ئێزگە، لەناویاندا سەدام تکریتی، ئەوکاتە حزب فەرمانێکی گشتاندبوو بەتەقەلێکردن یان دەستگیرکردنی، پاشان بیستمان عەلی ساڵح ئەلسەعدی و گرووپەکەی رەوانەی دەرەوەی عێراق کراون. لە ١١/١٣ (منذر الونداوي) هێرشی کردە سەر کۆشکی کۆماری و مووشەکێکی ڕاستەوخۆ ئاراستەی ژوورەکەی عەبدولسەلام عارف کرد، دوای ئەم بۆردومانە ئاسمانییە حەرەس قەومی دابەزینە شەقامەکانی بەغدا و داگیریان کرد، یەکێك لە قارەمانەکانی داگیرکردنی بەغدا محەمەد زەکی یونس و غانم عەبدولجەلیل و فائیق ئەلبەزاز بوون، بەشەقامەکانی بەغدادا دەگەڕان لەپێناو قایمکردنی دەسەڵاتی حەرەس قەومی بەسەر شارەکەدا، قسەم لەگەڵ هەندێ لە حزبییەکان کرد ئاخۆ دەتوانن ڕێگە لە بەریەککەوتنی حەرەس قەومی و سوپا و لێرەیشەوە تێکشکانی حزب بگرن. پێشنیارم کرد بنکەکانی حزب بگەڕێنەوە بۆ

مومارەسەکردنی کاری حزبی و هەڵبژاردن لەناو حزب بکرێت و سەرکردایەتییەك بۆ حزب هەڵبژێدرێت، کە چالاکییەکانی بەڕێوە ببات و لە دەسەلأت دوور بکەوێتەوە بەشێوەیەك بابەتەکە بۆ عەسکەر بەجێ بێڵێت، دیارە ئەم جۆرە پێشنیارانەیش لەنێو گرووپێکدا دەنگدانەوەیان نابێت کە لەپڕ خۆیان بینیوە دەسەلأتیان بەدەستە و دەتوانن بەبێ هیچ کۆت و بەندێك چەك بەکار بێنن، ئەوە بوو سوپا ڕۆژی ١٩٦٣/١١/١٨ دەستی وەردا و کۆتایی بەباڵادەستی حەرەس قەومی هێنا و لە ماوەیەکی کورتدا شەقامەکانی بەغدایان پێ چۆڵ کرا، بەم شێوەیە ئەنجامی ئەوەی عەفلەق و شوێنکەوتوانی هەوڵیان بۆ دەدا تێکشکاندنی حزب و بەفیڕۆدانی قوربانیدانەکانی سەدان ڕۆڵەی ئەم گەلە بوو بەئازادی و خوێنیان).

پاش رووخانی حکومەتی کودەتا خالید عەلی ئەلسالح لەسەر ئەو ڕێچکەیەی بۆ خۆی کێشابوو بەردەوام بوو و بەژیانی خۆیەوە خەریك بوو، قۆناغی سانەوی بڕی و چووە کۆلێژی ماف (حقوق)–زانکۆی بەغدا، لە کارەکەیشیدا لە کۆمەڵەی خورما بەردەوام بوو و پەیوەندی بە هاوڕێ دێرینە بەعسی و نەتەوەییەکانەوە نەپچڕا، لەو ماوەیەدا وەك ئەزموون چوو بەدەم هەندێ هەوڵەوە بۆ چوونە ریزی هەندێ ڕێکخراوی نەتەوەیی، بەڵام لە کۆتاییدا نەگەیشتە قەناعەت، چونکە وەك خالید دەڵێت ئەو نەخۆشییانەی حزبی بەعسیان تێدا دەژیا، گواستیانەوە بۆ سەرجەم ڕێکخراوە سیاسییە نەتەوەییەکانیتریش بەبێ جیاوازی، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا پاشماوەکانی ڕێکخراوەکانی بەعس هەوڵیان دا جارێکیتر لەگەڵیدا تێهەڵبچنەوە، بەڵام بێسوود بوو. لێرەدا بەدرێژی باسی ئەو هەوڵەمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٤ یان ساڵی ١٩٦٥ برادەرێك هاتە لام، لە کاردا ماوەی دوور دوور سەردانی دەکردم، ئەویش (طلال فنر الفيصل) بوو، نامە یان داوایەکی (صدام تكريتي) بۆ هێنام ناوەرۆکەکەی ئەوە بوو دەیەوێت بمبینێت، پێم وت بەپێی زانیاریی من ئەو خۆی حەشار داوە (موختەفییە) ئیتر مەبەست لەو دیدارە چییە، منیش نامەوێت

کەسێك ببینم پەیوەندیی ڕێکخستنم لەگەڵیدا نەبێت، ئەو موختەفییە و دوور نیە ئاشکرا ببێت و مقۆمقۆ لەبارەی نهێنیی ئاشکرابوونەکەی دروست دەبێت، لەوانەیە ناوی من ببرێت، منیش نامەوێت بەهیچ شێوەیەك لەم بوارەدا ئاماژەم بۆ بکرێت، پاشان من وازم لە حزبی بەعس هێناوە و ناگەڕێمەوە بۆی و بەهیچ هۆیەك هیچ جۆرە پەیوەندییەکم لەگەڵیدا نابێت. تەلاڵ ڕۆیشت و دوای سێ ڕۆژ یان زیاتر گەڕایەوە و دووبارەی کردەوە کە سەدام پێداگری دەکات لە هەر شوێن و کاتێك من دیاری بکەم بمبینێت، وتی مەبەستی لەو دیدارە گەیاندنی پەیامێکی زۆر گرنگە، بۆ جاری دووەمیش چاوپێکەوتنیم ڕەت کردەوە و بەتەلاڵم وت بەو کەسە بڵێ داوای لێ کردوویت، کە من وازم لە حزبی بەعس هێناوە و لەناو لایەنێکیتری سیاسیدا کار دەکەم و بیر لە گەڕانەوە بۆ حزبی بەعس ناکەمەوە و هیچ سوودێك لەو دیدارەدا نابینم.

دوای چەند ڕۆژێك تەلاڵ بۆ جاری سێیەم گەڕایەوە و وتی سەدام پێداگری دەکات لەسەر دیدارەکە و هەستم کرد تەلاڵ حەز دەکات ئەو دیدارە بکرێت، منیش لەو ڕووەوە تەلاڵم خۆش دەویست و متمانەم پێی هەبوو، وەڵامم دایەوە: کەواتە بەسەدام بڵێ من لەناو ئۆتۆمبیلەکەی خۆمدا دەیبینم و بەرپرسیارێتیی ئەو دیدارەیش لە ئەستۆی کەسانیتر دەبێت و کات و شوێنەکەم لە یەکێك لە شەقامەکانی بەغدا تازە کردەوە. سەدام هات و لەگەڵمدا سواری ئۆتۆمبیلەکە بوو، پێش لەوەی ئۆتۆمبیلەکە لە شوێنی خۆم بجووڵێنم، دووپاتم کردەوە بۆی کە هۆکان هەرچی بن من ناگەڕێمەوە بۆ ناو حزبی بەعس و لە لایەنێکیتری سیاسیدا کار دەکەم و نامەوێت هیچ شتێك لەبەردەممدا بدرکێنێت، چونکە هیچ وەڵامێکی ئەرێنیت لە منەوە دەست ناکەوێت، وتی سەرباری ئەوەیش من لە حزبەوە داوام لێ کراوە بڕیارێك بە تۆ بگەیەنم تایبەتە بەخۆت –لەگەڵ ئەوەیشدا پێم وت من لەگەڵ حزبی بەعس کار ناکەم– وتی دەبێت بڕیارەکەت پێ ڕابگەیەنم و بەدەق پێی وتم: (حزب لە کۆنگرەی قەومیدا بڕیاری داوە

**تۆ سەرکردایەتی حزب لە عێراق بگریتە ئەستۆ، حزب متمانەی هەیە کە تۆ لە بارێکدا ئەم بڕیارە قبولٚ بکەیت، واز لە هەر پابەندییەکیتر دێنیت).**

**پێم وت: سرووشتی بڕیارەکە هەرچی بێت، من لە تشرینی دووەمی (١٩٦٣)وە و پێش لەو مێژووەیش گەیشتوومەتە قەناعەتی تەواو کە ئێوە باند (عصابە)ن و حزب نین، وتی: چۆن شتی وا لەبارەی قوتابییەکانت دەڵێیت، ئێمە قوتابی تۆ بووین؟، وتم: عەلی سالٚح ئەلسەعدی و تاقمەکەی کاریان لەسەر ئەوە کردوە هەمووان بگۆڕن بۆ باند، ئایا ئەوەی بۆ یەکلاکردنەوەی ململانیٚ پەنا بۆ تانك و فڕۆکە ببات، بەحزب دادەنێیت؟ مەگەر ئەم ڕێکخستنە نەگۆڕاوە بۆ تاقمی دژبەیەك لێرە لە عێراق و لەویٚ لە سووریا، ئایا ئەمە هەڵسوکەوتی ڕێکخستنێکی سیاسییە، من رازی نابم لەم چوارچێوەیەدا کار بکەم و نە لە دوور و نە لەنزیك پەیوەندیم پێیەوە نیە، ئەم ڕێکخستنە نەزعەی پیلانگێڕی و شپرێویی بەسەریدا زالٚ بووە، منیش ئەو جۆرە رەفتارەم بۆ خۆم قبوولٚ نیە و خۆمی تیٚ ناخزێنم، لەکۆتاییدا دەمەوێت تۆ وەلامی بابەتەکە بدەیتەوە، پێویستە تۆیش هەڵوێستی خۆت لەم ڕێکخراوە دیاری بکەیت کە پێی دەڵێیت حزب، من زانیومە سوپا دەست وەردەدات بۆ دانانی سنوورێك بۆ رەفتارەکانی حەرەس قەومی، کە رەفتاری رەنگدانەوەی رەفتاری حزبە، کەسم نەدۆزیەوە ئەو نیازەی سوپای پیٚ رابگەیەنم، لەو ساتەدا هەستم کرد پەیوەندیم بەو ڕێکخراوەوە بەیەکجاری پچڕاوە، تۆیش لەگەلٚ کەسانیتر لە ١٩٦٣/١١/١١ هەوڵت دا لە حزب بدەیت، حزب گشتاندنێکی بۆ پاکتاوکردنت دەرکردوە، جا چۆن ڕێگەت بەخۆت داوە جارێکیتر کار لە ڕێکخراوێکدا بکەیت هەڵوێستی لە تۆ ئەوە بووە کە دەیزانیت؟ وتی ڕێکخستن یان حزب وەك وتی، لەسەر ئەو هەڵوێستەم لێی پرسیومەتەوە، لەبەرئەوە کۆنگرە بۆ سەرکردایەتی هەڵینەبژاردم. پێم وت ئەمە رۆشنە بەبەڵگەی ئەوەی تۆ بڕیارەکانی کۆنگرەم پیٚ رادەگەیەنیت بە وەرگرتنی بەرپرسیارێتیی حزب لە عێراق و تۆیش لەو سەرکردایەتییەدا نیت. پێش ئەوەی لێك جیا بینەوە پێم وت: حزبێك میشیل عەفلەق**

له ریزەکانیدا بێت قەت کاری تێدا ناکەم، سەدام تکریتی راشکاوانە وەڵامی دایەوە: دەی با من و تۆ کار بۆ لەکۆڵکردنەوەی میشێل عەفلەق بکەین، پێم وت: مەگەر پێم نەگوتیت ئەم رێکخراوە گیانی پیلانگێڕی بەسەریدا زاڵ بووە؟ ئەوەتا تۆ هەر لە سەرەتاوە بەڵگە بەدەستەوە دەدەیت، داوای دەستەگەری و پیلانگێڕی دەکەیت دژی ئەو کەسەی ناوی دەنێن ئەمینی قیادەی قەومی، من باوەڕم بە پیلانگێڕی و دەستەگەری نیە، لەباتی ئەوەی لە رێکخراوێکدا کار بکەم و هەوڵ بۆ خۆ رزگارکردن لە هەندێ لە ئەندامانی بدەم، لەگەڵ کۆمەڵێکدا کار دەکەم متمانەیان پێم هەبێت و متمانەم پێیان هەبێت. پێم وت ئەوەی لەنێوانماندا وترا هەر لای من دەمێنێتەوە، مەگەر لە کەسیترەوە دەربچێت و ئەوکاتە هەڵوێستی خۆم لە بابەتەکە روون دەکەمەوە.. و جیا بووینەوە. پاشتر ئەوە لە کەسیترەوە دەرچوو کە دەرچوو).

لە بەشی: یاداشتی سەنمار (تونێلی تاریك)دا خالید عەلی ئەلسالح ئەم جارەیان وەك شایەتێك باسی ئەو دۆخ و رووداوانە دەکات پاش کودەتای ١٧ی تەممووزی ١٩٦٨ روویان دا، لەکاتێکدا ئەو خەریکی دامەزراندنی رێکخراوێك بوو بەنای حزبی یەکێتیی ئیشتراکی لەگەڵ هەریەك لە (خیرالدين حسيب و اديب الجادر)، ئەوەیش هەفتەی پێش کودەتاکەی عبدالرزاق النايف هەستی کرد هاوڕێیانی دوێنێ (بەعسییەکان) لە یەکەم رۆژی کودەتاوە (چاودێرییان خستۆتە سەر هەندێ کەس و من یەکێك بووم لەوانەی چاودێریم خرابووە سەر، ئۆتۆمبیلێکی پڕ هەواڵدەران تەرخان کرابوو بۆ هەرکوێ بچم بەدوای منەوە بن، ئەگەر بچوومایەتە ماڵەکەم لەبەردەم ماڵەکەدا دایاندەکوتا).

بەم شێوەیە ژیانی خالید لەڕووی سیاسیەوە بەئیفلیجی بەڕێوە دەچوو و بێزراو لەلایەن ئەوانەوە خالید بەشداری لە پەروەردەکردنی حزبییاندا کرد و رایکێشان بۆ لای بنەکاکانی ئەو حزبەی هەڵیکوتایە سەر بزوتنەوەکەی خالید، تا ئەو رۆژەی

بردیانە ناو (قصر النهایە) و بۆ ژووری (ناظم گزار)ی جەللاد، کە تا رۆژی قیامەت گەلی عێراق نەفرەتی لیّ دەکەن، شیرینیی ئەشکەنجەیان بەگەرووی خالیددا کرد، ئەو ئەشکەنجەیەی لە پوختەی کارەکانی ئەشکەنجەدان بەدرێژایی مێژوو دایانهێنابوو. خالید ئەو کاتەی لە دەستی جەللادەکاندا بوو لە هاوڕێیانی دوێنێی و ئەشکەنجە دەدرا و سووکایەتی پیّ دەکرا و بەهەوادا هەڵدەواسرا، هەر لەسەر ئەوەی بەشداری لە دامەزراندنی رێکخراوێکی (ئیشتراکی وەحدەوی)دا کردوە پێش لەوەی بەعس لە ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨ دەسەڵات بگرێتە دەست، زۆرجار بەراوردی ئەوەی دەکرد لەگەڵ ئەو دۆخەی خۆی تێدا بینیەوە لە زیندانی ژمارە (١) ساڵی ١٩٥٩، کە تۆمەتبار بوو بە بەشداریکردن بە پێشوەخت لێبڕاوانەوە لە رێکخستن و سەرپەرشتیکردنی هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆك وەزیرانی عێراق زەعیم عەبدولکەریم قاسمدا، پاشان – لەکاتێکدا حوکمی لەسێدارەدانی هەبوو– ئازادکردنی بە بڕیاری ئەو زەعیمەی هەوڵی کوشتنەکەیان لەدژی ئەنجام دا. خالید لە یەکێك لە بینینەکانیدا لە (قصر النهایە) پاش گرتنی لەلایەن (قوتابییە بەوەفا)کانیەوە، ئەمەی خوارەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە:

(دوای رۆژێك لە گەیشتنم و هێشتا لە قۆناغی ئەشکەنجەداندا بووم دیمەنێکم بینی مرۆڤ خەیاڵی چەندە بڕوات ناتوانێت پێشبینی بکات جگە لەم شوێنە لە شوێنێکیتر بیبینێت، دیمەنێك تێیدا ئەتککردنی مرۆڤبوونی مرۆڤ دەگاتە ئەوپەڕی سنوور. پیاوێکم بینی بە پارچە پەڕۆیەك ملی بەسترابوو، بەسك بەسەر زەویدا دەڕۆیشت و وەك سەگ دەوەڕی و چوار جەللادی لەگەڵدا بوو، هەریەکەیان شیشێکی ئاسنی بەدەستەوە بوو، یەکێکیشیان چمکی پارچە پەڕۆکەی گرتبوو کە لە ملی کابرا توند کرابوو و فەرمانیان بەسەردا دەکرد لەسەر چوار پەل بڕوات و بوەڕێت، گاز لەم یان لەو قوربانی بگرێت، یان بەدەم پێڵاوی ئەم یان ئەویان هەڵبگرێت. ئەگەر بڕستی لیّ ببڕایە و بوەستایە، دەکەوتنە وێزەی. دۆخی ئەو پیاوە زۆر سەیر بوو، نیوەی پرچی تاشرابوو، نیوەی سمێڵی بەپێچەوانەی تاشینی سەری تاشرابوو، یەکێك لە

باڵەکانی چاکەتەکەی بڕابوو و ئەویتریان هێڵرابوویەوە، جا بەپێچەوانەوە لایەکی پانتۆڵەکەی بڕابوو و ئەویتریان هێڵرابوویەوە، پێڵاوەکانی داکەنرابوو و پێ خاوس بوو، کاتێك پتر لە جارێك لێم نزیك کەوتەوە توانیم بیناسمەوە، ئەو (عبدالکریم هانی) بوو، بۆ نزیکەی مانگێك بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا.. بەڕاشکاوی بڵێم سەربارەی ئەوەی من تێیدام و ئاشناییم بە پاڵەوانانی ئەو شوێنە و ئاغاکانیان، لەخۆم پرسی ئاخۆ پێش قوربانی، چۆن جەللاد بەرگەی ئەم جۆرە دۆخە دەگرێت).

گوتەزایەکی بڵاو هەیە و زۆر رووداویش هەن تەواو لەگەڵ مانای ئەو چەمکەدا یەکدەگرنەوە، کە دەڵێت (شۆڕش پیاوەکانی خۆی دەخوات)، ئەوە زۆر جار لە مێژوودا رووی داوە، لە مێژووی عێراقی هاوچەرخدا نموونەی زیندوو هەن ئەوەیان بەرجەستە کردوە، ئەو چیرۆکەیش خالید عەلی ئەلسالح لەبارەی فوئاد ئەلڕیکابی یەکەمین (ئەمین سڕی قوتر)ی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی دەیگێڕێتەوە، نموونەیەکی زیندووە دەبارەی پشتکردنی هەڤاڵانی دوێنێ لە سادەترین ماناکانی ئەخلاق بەرانبەر مامۆستا و سەرکردەکەیان، هەر لەبەر گۆڕان لە قەناعەتە ویژدانی و سیاسییەکاندا.

کاتێك خالید چیرۆکی ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لە ژێرزەمینەکانی (قصر النهایە)دا بەسەر فوئاد ریکابیدا هاتووە، هەست بە رادەی دەکات ئەو بێڕەوشتییە سیاسییە دەکات کە سەراپای گۆڕانکاری لە وڵاتەکانماندا هاتووە و بەشێك لە بوونەوەرەکانی گۆڕیوە بۆ جەللادی سادیست، کە تۆسقاڵێك رەحم و بەزەیی و مرۆڤایەتی لە دڵیاندا نەهێشتوە. خالید بەم شێوەیە بەسەرهاتی فوئاد ریکابی لە (قصر النهایە) دەگێڕێتەوە، دەڵێت: (ئێوارەیەکی پاشتر قوربانییەکیتریان هێنا و لەبەردەم زیندانەکەمدا بەستیانەوە، لە قسەی نێوان قوربانییەکە و جەللادەکە لەبەردەم دەرگا داخراوەکەدا گومانم بۆ دروست بوو ئەوەی بەدەرگاکەوە شەتەك دراوە

فوئاد ریکابییە، دۆخی زۆر خراپ بوو، لە ڕۆژانی رابردوودا یەك جار لە دوورەوە بینیم کە بەهەموو هێزی خۆی پاڵی بە عارەبانەیەکی پڕ زبڵ و خاشاکەوە دەنا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر، دڵم بۆ حاڵی هەموومان سووتا.. یەکەمین ئەمین سڕی حزبی بەعسی ئیشتراکی لە عێراق و یەکەمین وەزیری بەعسی لە حکومەتی شۆڕشی ١٤ی تەمموز.

بۆی گێڕامەوە چ ئەشکەنجەیەك دراوە تا پێیان بڵێت ئەو جاسووسە و ئێستایش لەو کارەی فەرمانی پێ دەکرێت بەردەوامە. چەندین جار ئەشکەنجەیان دایەوە تا لەبەردەم قازیی لێکۆڵینەوەدا کە هێنابوویان بۆ (قصر النهایە) ئیمزا بکات لەسەر دانپێدانانێك کە خۆیان بەو شێوەیەی دەیانویست نووسیبوویان، وەك داننانی فوئاد بەوەدا کە ئەو جاسووسە، کاتێك ئامادە نەبوو ئیمزای بکات، گەڕێکی نوێی ئەشکەنجەدانیان دەست پێکردەوە، فوئاد بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەو حاڵە بوو، من دڵۆپە ئاوم دەدایە. بەو دۆخەوە سەرقاڵ بووم کە تێیدابوین، بگرە بەو دۆخەی کاروباری وڵاتەکەی پێ گەیشت، بەشێوەیەك کەوتۆتە ژێر دەست تاقمێك جەللاد و پیاوکوژ بەو شێوە دوور لە هەر بەهایەکی ئینسانی یاری بەچارەنووسی دەکەن، قەت بەخەیاڵمدا نەدەهات ئەو پیاوەی لەبەر دەرگا بەحەبل شەتەك دراوە پێش دە ساڵ ئەمین سڕی حزب بووە، کە لەژێر عەباکەیەوە ئەوانە دەرچوون کە فڕیان بە مرۆڤ و مرۆڤایەتیەوە نیە، ئەی من کە لەپشت ئەم دەرگایەدا لە زیندانێکدا کە زیاتر لە گۆڕ دەچێت، کسکۆڵەم کردوە بەفەرمانی کێ؟ بەفەرمانی کەسێك بەشداری لە کارێکدا کرد کە سەرکردایەتییەك نەخشەی بۆ داڕشت فوئاد ریکابی ئەمین سڕەکەی و من بەرپرسی بەغدا بووم و کۆمەڵێك لە ئەندامانی ئەو حزبانەمان راسپارد بەجێبەجێکردنی ئەو پلانەی داماننا، یەکێك لەوانەی جێبەجێیان کرد ئێستا سەرۆکی ئەوانەیە کە بەو شێوەیە لە ئێمە و غەیری ئێمە لە خەلقی خوا دەکەن؟).

بەندکردنی خالید لە (قصر النهایە) تا بەرەبەیانی ڕۆژی یەکەمی ساڵی ١٩٧٠ بەردەوام بوو، شایەتی ئەو پێشێلکارییانە بوو کە ڕوویان دەدا و ڕوویان دابوو و موچرکە بەلەشدا دێنن. پاش بەربوونی لە زیندان ویستی دوور بکەوێتەوە و بەژیانی خۆیەوە خەریك بێت، بەڵام هێشتا چاودێریکردنی بەسەرەوە بوو، ئەوە بوو شەوێکی هاوینی بەغدا لە ساڵی ١٩٧٠ لەکاتێکدا لەسەر جێگەکەی لە سەربانی ماڵ ڕاکشابوو و مەوجی ڕادیۆکەی دەسووڕاند بەدوای ئەوەی هەواڵێکدا حەز بە بیستنی بکات لەبارەی نەهامەتیی بەرەنگاریی فەلەستینی لە ئوردن، لەپڕ لە ئێزگەیەکەوە دوو وشەی بیست (عەبدولناسر مرد)، فرمێسك لە چاوی فوارەی بەست بەڵام بێهوودە. بەیانیی ڕۆژی دواتر (مولازم حەسەن) کە ناوی خوازراوەی تاوانبار (حسين المطيري) یاریدەدەری نازم گزار و هاوبەشی بوو لە پیلانەکە و چارەنووسە حەتمییەکەیدا، لە ماڵەوە بەتەلەفۆن پەیوەندی پێوە کرد و پێی وت: گوێ بگرە عەبدولناسر مرد و تەواو، ئێمەیش پێت ڕادەگەیەنین هەرکەس دەربچێت... وەك ئەوەی لە گۆڕەپانی ئەلسیباع بەشیوعییەکانمان کرد بەوانیش دەکەین.

لە پەراوێزی دواین بەشی کتێبەکەیدا دانەر خالید عەلی ئەلسالح دەڵێت (خۆیانیان بە مەهداوی بەراورد دەکرد، لەکاتێکدا مەهداوی هیچ ئەشکەنجەیەکی نەدەدا، بەڵکو شێوازێکی ڕێزدارانەتری لە ڕەفتاری هەریەك لە قوتابییەکان لەگەڵمان دەگرتەبەر، بەجیاوازی لەنێوان پاڵنەرەکانی مەهداوی و پاڵنەرەکانی ئەواندا).

بەم شێوەیە خالید لە وڵاتی غەریبی یاداوەرییەکانی بە شیرین و تاڵیانەوە گێڕایەوە، کە لە قاهیرە جێگیر بوو و دوو ساڵ پاش بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی (على طريق النوايا الطيبة) و پاش تێپەڕبوونی نزیکەی سی ساڵ بەسەر کوشتنی فوئاد ڕیکابیدا بەتۆمەتێکی هەڵبەستراو لە گرتووخانەی بەعقووبە، ئەویش مرد.

کاتێك لە خوێندنەوەی ئەم کتێبە بوومەوە، بیرم لە مەبەستی خالید کردەوە لە بڵاوکردنەوەی یاداشتەکانی، کە دەڵێت: (من مەبەستم لە بڵاوکردنەوەیان ئەوە نیە هێرش بکەمە سەر کەس یان ستەم لە کەرامەتی مرۆڤ بکەم، بەڵکو بەپشتبەستن بە نیگای یاداوەریم راستی دەگێڕمەوە، بەتایبەت پاش ئەوەی سی ساڵە لەگەڵ عێراق و ئەوەی تێیدا روودەدات دابڕام، من هەندێ رووداو دەگێڕمەوە کە پێیاندا تێپەڕیوم و تەنیا بەقەدەری خۆمیان دادەنێم و کەس گوناهی تێیدا نیە، پاداشتی هەمووان لای خوایە، ئەگەر هەندێ ئازارم تێدا چەشتووە ئەوا ئازاری گەلی عێراق لە ئازاری ئێسکەکانی خۆم لەژێر قامچیدا بەسوێترە، خوێنی لە دڵم هێنا و هێشتایش، ئومێد یان ئاواتێکی تایبەت بەخۆمم لەکیس نەچووە، بەڵام لەگەڵ هەمووان زۆر شتمان لەکیس چوو، جوانترین و ئازیزترین ئومێدەکانمان لەکیس دا.

دوای ئەوەی چەند بابەتێکم لەژێر ناونیشانی (لە یاداوەرییەوە) لە هەندێ رۆژنامە و گۆڤاردا بڵاو کردەوە کە لە کوردستان بەزمانی عەرەبی دەردەچن، ئەم نامەیەم لە موقەدەم روکنی خانەنشین (محمود سامی عبدالشکور) پێگەیشت هاوپێچ لەگەڵ نامەیەکی هەڤاڵ (هشام بدران)، لەبەر گرنگیی مێژوویی نامەکە وەك خۆی بڵاوی دەکەمەوە:

**مامۆستای ئازیز فەرهاد عەونی**

**نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان**

**پاش سلاو..**

**شەرەفی ئەوەم هەیە و لەگەڵمدا زۆر کەسیتریش نووسینەکانتان لە رۆژنامەکان بخوێنمەوە، کە بەناو ئەوەدا دەگەڕێن رۆحی عێراقی بیریان دەکات.**

**مامۆستای ئازیزم.. هەندیٚ ئەوراقتان بۆ هاوپێچ دەکەم کە یەکێك لە بەشدارانی شۆڕشی عێراق ساڵی ١٩٥٨ و یەکێك لە کەسە نزیکەکانی زەعیم عەبدولکەریم قاسم بۆی ناردووم، ئەویش موقەدەم روکنی خانەنشین (محمود سامی عبدالشکور)ە، تەمەنی ٧٨ ساڵە و خەڵکی کەرکوکە.**

**داوای لیٚ کردم ئەم ئەوراقانەتان بۆ بنێرم رەنگە سوودیان هەبێت بۆتان لە زیادکردنی سەرچاوەی وتارەکانتان.**

**بەهیوای بەختەوەری بۆ خۆتان و خێزانی بەرێزتان..**

**هیشام بەدران**

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان**

**بەڕێز و تێکۆشەر و ئەدیب کاك فەرعاد عەونی بەڕێز**

**سڵاو و هیوای سەرکەوتنتان بۆ خزمەتکردنی هەرێمی کوردستانی عێراقی ئازاد**

**١- وتارە بەنرخ و بنیاتنەرەکانتانم لە رۆژنامەی (خەبات) بینی، بۆ ئاراستەکردنی کۆمەڵگەکەمان دەربارەی هەندێ بابەتی ناڕۆشن، تا بەرچاو روون بێت، ئەوەیش بەهێزکردن و پاراستنی جەماوەرە لەبەرانبەر مەترسیی دەنگۆ زیانبەخشەکان.**

**٢- لە وتارەکەتان لە ژمارە (١١٠٧)ی رۆژنامەی (خەبات) "علی طریق النوایا الطیبة" و ئەزموونی خالید عەلی ئەلسالح لەگەڵ حزبی بەعس. دەمەوێت هەندێ مەسەلەی ناڕۆشنتان بۆ روون بکەمەوە کە خۆم تێیاندا ژیاوم و پێش ئەو رووداوانە بوون:**

**٣- دوای شەش مانگی یەکەمی شۆڕشی ١٤ی تەممووزی مەزن، کە ئێوارەی رۆژی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ بەپێی تەنسیبی عەقید (وصفی طاهر) پەیوەندیم کردبوو بە لیوای ١٩ لیوای زەعیم بەپۆستی زابت روکن حەرەکاتی لیوای ١٩، لە ٣٠ی تەممووزی ١٩٥٨ زەعیم عەبدولکەریم قاسم قیدەمێکی پێ بەخشیم بۆ بەرزکردنەوەم بۆ پلەی (رئیس اول رکن) و دوو ئەرکیتری پێ سپاردم لە ئیستیخباراتی لیوا و بەڕێوەبەری ئەمن و دەستگرتن بەسەر سەربازگەی رەشیددا. دەڵێم پاش ئەوەی عەبدولکەریم قاسم توانی خۆی لە زۆربەی سەرکردەکانی شۆڕشی ١٤ی تەممووز رزگار بکات، بەم شێوەیە:**

**- دامەزراندنی عەقید روکنی درع (محی الدین عبدالحمید) دامەزرێنەری دەستەی باڵای ئەفسەرانی ئازاد بەوەزیری پیشەسازی، لەکاتێکدا پۆستە سەربازییەکەی**

**فەرماندەی فیرقەی زرێپۆشی چوارەم بوو و نەدەکرا لەدەست بدرێت، لە جێگەی ئەو عەقید روکنی پەڕەشووتەوان (عبدالکریم مصگفی نصرت)ی دامەزراند، کە رقی لە شۆڕش و کورد بوو.**

**– عەقید روکن (اسماعیل العارف)ی لە پۆستی فەرماندەی لیوای (٢٥) لابرد، هەروەك ئەو لیوایە لیوای پاسەوانی شاهانە و هێزێکی چەکدار بوو بەرانبەر فیرقەیەك گواستیەوە بۆ وەزیری پەروەردە و لەباتی ئەو عەقید (فاضل العساف)ی بە فەرماندەی ئەو لیوایە دامەزراند کە رقی لە شۆڕش و کورد بوو.**

**– هەروەها فەرماندەی فیرقەی سێیەم و یەکێك لە دامەزرێنەرانی ئەفسەرانی ئازاد عەقید روکن خەلیل ئیسماعیل (کوردی زاخۆ بوو)ی خانەنشین کرد، بەتۆمەتی یارمەتیدانی عەزیز عەقراوی بۆ پەیوەندیکردن بە شۆڕشی ئەیلوولەوە و ئاسانکاریکردن بۆ ناردنی خێزانەکەی و لەجێگەی ئەو یەکێك لە بەکرێگیراوەکانی خۆی دانا (عبدالکریم محمد) کە لەو کەسانە بوو رقی لە کورد بوو. پێش لەویش خۆی لە (عبدالوهاب الشواف) رزگار کرد، چونکە نەیاری دامەزراندنی لیوا روکن (احمد محمد یحیی) بوو و بەزەعیمی وت: تۆ دەتەوێت رێبازەکەی نووری سەعید تەواو بکەیت، کە گواستیەوە بۆ مووسڵ لیوای پێنجەم (ئەو لیوایە لە لیوایانە بوو رقیان لە کورد بوو بەسەرکردایەتیی (عمر علی) و ناوینا لیوای (شاژن عالیە) و عەبدولکەریم قاسم بەئەنقەست ئاهەنگی لایەنگرانی ئاشتی (انصار السلام) لەباتی ئەوەی وەك بڕیار بوو لە هەولێر یان لە حیللە ساز بکات لە مووسڵ کردی، ئەمە سەرباری تکا و رجای (عبدالوهاب الشواف) کە هات بۆ بەغدا و چەند جارێك تکای لێ کرد و پێی وت: (تۆ دەزانیت خەڵکی مووسڵ نیمچە توندڕەون لە ئایندا، لەبەرئەوە سازکردنی ئاهەنگی لایەنگرانی ئاشتی لە مووسڵ دەبێتە هۆی فیتنەیەك، ئاکامەکەی باش نابێت)، لە دواین دیداریشیدا رۆژی سێیەم تکاکەی لە عەبدولکەریم قاسم**

دووباره کردەوە، بەڵام ئەو بانگی (احمد صالح العبدی) کرد و پێی وت پێویستە شەمەندەفەری ئاشتی سبەی ئامادە بکرێت، لەوەدا حزبی شیوعی پشتیوانیم دەکەن و هەر فیتنەیەك روبدات سەرکوتی دەکەم، لەبەرئەوە شەواف مووسڵی بەجێهێشت و بە عەبدولکەریم قاسمی وت: (ئەگەر فیتنەیەك رووی دا، من نەریٚ دەبم بەرانبەرت و دژی ئەم ئاڵۆسکاندنە لەگەڵ شەیتانیش هاوپەیمانی دەکەم).

لەبەرئەوە دەڵێم دوای شەش مانگ کەوتە چیڕکردنەوەی کەڵبە بۆگەنەکانی بۆ سازکردنی کەشوهەوا و تەنگاوکردنی بارزانیی نەمر، لە قەڵەمی نهێنیی عەبدولکەریم قاسمەوە نهێنی بە من و (جلال الاوقاتی) گەیشت، کە زەعیم لیژنەی پاکتاوکردنی پێکهێناوە کە (جبار حمزە) و (مجید جلیل) بەڕێوەبەری ئەمنی عام و (محسن الرفیعی) بەڕێوەبەری ئیستیخباراتی گشتی سەرۆکایەتی دەکەن و (قاسم امین الجنابی)ش چووە پاڵیان.

هەڵوێستی (جلال الاوقاتی) راشکاوانە بوو بۆ لابردنی عەبدولکەریم قاسم، هەڵەکەی ئەوە بوو قسەی لەگەڵ یەکێك لە فەرماندە شیوعییەکان (ثابت حبیب العاني) کرد هاوکاری لەگەڵدا بکات، لەبەرئەوە هەواڵی ئەو دیدارە درەی کرد بۆ لای عەبدولکەریم قاسم و عەقید روکن (صالح مهدی عماش)ی کرد بە زابت روکنی یەکەمی جووڵەکانی هێزی ئاسمانی و (علی عریم)یشی کرد بە سکرتێری خۆی، کە هەردووکیان راستڕەوی توندڕەو بوون. دوای ئەوە عەبدولکەریم قاسم فەرماندەی لیواکەمان (عبدالکریم محمد)ی بانگ کرد کە یەکێك لە کاسەلێسەکانی عەبدولکەریم قاسم بوو، دوای سەعاتێك بەدەم رۆیشتنێکی ملهوڕانەوە گەڕایەوە و فەرمانی کرد سەرجەم ئەفسەرانی بارەگای لیوا و ئەفسەرانی هەردوو فەوجی یەکەم و سێیەم کۆ بکرێنەوە. دەستی بەقسە کرد و کەوتە پیاهەڵدانی زەعیم تا رادەی ئولوهییەت و وتی: (زەعیم شۆڕشی دامەزراندوە و سەرکردایەتی کردوە و رێگە بەلادانی نادات،

**لەبەرئەوە پێتان رادەگەیەنم هەر ئەفسەرێکی لیوا پەیوەندی بە حزبی شیوعی یان پارتی یاخود تەنانەت بە (وەتەنی دیموکراتی)یەوە هەیە دەستی بەرز بکاتەوە، زەعیم بەڵێنی داوە بیگوێزێتەوە بۆ وەزیفەیەکی مەدەنیی رێزدار، ئەگینا دەخرێنە زیندان).**

**دەستم بەرز کردەوە و وتم: (ئەی بۆچی نەتەوەییەکانی نەیاری شۆڕش و بەعسییەکان ناگرێتەوە کە لە لیواکەدا هەن، پێم وایە تۆ قسەکەی زەعیم دەشێوێنیت) و کۆبوونەوەکەم بەجێهێشت.**

**دوای ئەوە کۆبوونەوەیەك لەماڵەکەمدا کرا هەریەك لە: موقەدەم روکن سلیم الفخری، عەقید عبدالباقی کاظم، رائید خزعل علی السعدی فەرماندەی کەتیبەی دەباباتی موسەنا، رائید (خلیل العلی) فەرماندەی قوتابخانەی زرێپۆش و (ساجد نووری) ئامادەی بوون و رێکەوتن عەبدولکەریم قاسم جڵەو بکرێت و بەو هێزەی هەمانە تەسفیر بکرێت، ئەمە لەکاتێکدا ئێمە ئەفسەری بچووك بووین گەورەترینمان عەقید (عبدالباقی کاظم) بوو، بەڵام هێزێکی گەورەمان هەبوو، سەربازگەی رەشید بەنزیکەیی لەژێردەسەڵاتی مندا بوو، تەنانەت هێزی پەڕەشووت و بەشێك لە دروع لەژێر دەسەڵاتماندا بوون، قسەمان لەگەڵ (هاشم عبدالجبار)یش کرد، پشتگیریی بەشداریکردنمانی کرد لە جووڵەکەدا، بەڵام داوای کرد ئامادەی کۆبوونەوەکە نەبێت.**

**لە کۆبوونەوەی یەکەمدا رائیدی زرێپۆش (خزعل السعدی) داوای کرد قسە لەگەڵ حزبی شیوعی بکرێت بۆ ئەوەی خۆپیشاندانی پاڵپشتی بکرێت و رازی بوو، (سعید مگر) ئەندامی سەرکردە لە حزبی شیوعی (زکی خیری) هێنا، بۆچوونی وابوو حاڵی حازر هیچ جووڵەیەك نەکرێت و پاش دڵنیابوون لەوەی دەگوزەرێت جارێکیتر پەیوەندیتان پێوە دەکەینەوە.**

هەواڵەکە هەر زوو دزەی کرد بۆ لای عەبدولکەریم قاسم شەوی ١٤/١٣–... ١٩٥٩ دەستگیر کراین و سەرجەم ئەفسەرەکانی گرتەوە کە لە کۆبوونەوەکەدا بوون، ئەمە لەکاتێکدا رێکاری ئەمنیم گرتبووە بەر تا (جبار حمزە) لەپڕ نەیەتە کۆبوونەوەکەمان، بە (دایکی عیماد)م وتبوو دەرگای حەوشەکە قفڵ بدات و لە ماڵی ئەنوەر ساڵح خۆشناوەوە چاودێری بکرێت چی روودەدات، ئەنوەر ساڵح ئۆتۆمبێلەکەی جەبار حەمزەی دیبوو کە لای ماڵی باخچەکە وەستابوو، کاتێك بینیبووی داخراوە رۆیشتبوو. گرتنەکەمان بەشێوەیەکی ترسنۆکانە و پیس بوو و لە زیندانی ژمارە یەکدا لە ژووری تاکەکەسیدا بەند بووین و مواجە قەدەغە بوو. لە (لە کاتی هەوڵی تیرۆرکردنی عبدالکریم قاسم) لە (راس القریە) عبدالکریم ئەلجدە سەردانی کردم و بردمی بۆ ژوورێکی خۆش و وتی یەکێك لە ئەنجامدەرانی کوشتنی زەعیم لە ژوورەکەدا لەگەڵتان دەبێت، ئەویش شاکیر مەحموود حلیوەیە.


ئێستا دەگەڕێینەوە بۆ کرۆکی بابەتەکە.

تێبینیم کرد شاکر مەحموود حلیوە ورەی رووخاوە و دەیەوێت دان بەهەموو شتێکدا بنێت لەبەرانبەر رزگاربوونی لەو قۆرتە. کاتێك زانی من پێشتر جێمتمانەی عەبدولکەریم قاسم بووم، وتی هەموو شتێکت بۆ باس دەکەم دەتوانیت بیگەیەنیت؟ وتم: بەڵێ. وتی ئەوەی بە لێکۆڵینەوە هەڵدەستێت ئەفسەری ئینزیباتی سەربازی (سعید مگر)ە لەژێر سەرپەرشتیی ابو سعد (جبار حمزە)، جەبار حەمزە بەتەنیا قسەی لەگەڵ کردم و وتی لێکۆڵینەوە تەنیا لە ئێوە دەکرێت و نامانەوێت مەودای لێکۆڵینەوە فراوان بکەین، لەبەرئەوە پێویستە لەسەرت بەهیچ شێوەیەك ناوی هیچ ئەفسەرێك نەبەیت، کاتێك لە دیدارەکەی لەگەڵ جەبار حەمزە گەڕایەوە، دەترسا، بەڵام من هانم دا و پێم وت مەترسە.

لەبەرئەوە بۆی روون کردمەوە ئەو عەسکەرییانەی بەشدارن لە وەبەرهێنانی سەرکەوتن پاش کوژرانی  عەبدولکەریم قاسم، بریتین لە: (نجیب الربیعی) دەکرێتە سەرۆك کۆمار، (صالح مهدی عماش)، موقەدەم روکن (عبدالستار عبداللطیف) و لەگەڵیاندا فەرماندەی فەوجی دووەم لە لیوای ١٩ کە بارەگای لە بەرگرییە (عارف یحیی الحافظ)، کە لەوانە بوو رقیان لە شۆڕش بوو و براکەی لە پیلانەکەی شەوافدا لەسێدارە درا، لەگەڵ ئەوەیشدا عەبدولکەریم قاسم کردی بە فەرماندەی ئەو فەوجە، هەروەها سەرۆکی ئەرکانی سوپا (احمد صالح العبدی).

دوای ئەوەی مواجەمان کرایەوە، دایکی عیماد هات و نامەیەکم دایە بۆ تێکۆشەر موقەدەم روکن (ماجد محمد امین) نەك بۆ  (المهداوی)، چونکە دۆستایەتیم لەگەڵ ماجید بەهێز بوو، لە دادگە ماجید محەمەد ئەمین وتی دەستێکی بەهێزی نیشتمانیت پێ گەیاندین و هەندێ زانیاری هەیە دەربارەی بەشداریکردنی زۆر ئەفسەر لەو پیلانەدا، هەروەها تێبینی دەکرێت هەرچی ئەوەی ماجید دەیویست شەرحی بکات خوالێخۆشبوو (فاضل المهداوی) پێی دەبڕی (لە کتێبی محکمە الشعب، دەتوانن لەکاتی دادگەییکردنی شاکیر مەحموود حلیوە دا تێبینی ئەوە بکەن).

خوازیارم بفەرموون بەتەماشاکردنی، لەگەڵ گەیاندنی سڵاو و رێزم بۆ تێکۆشەری ئەندازیار عەلی عەبدوڵای بەڕێز.




بەرگی کتێبی (على طريق النوايا الطيبة)

کە نووسەر خالید عەلی ساڵح کە لە دوورە وڵات نووسیویەتی

## له مۆسكۆ قسەیەكی ترمان هەبوو

### پایتەختی ئومێدی مرۆڤایەتی..

فڕۆكەی هێڵی ئاسمانیی ئوردنی (عالیە) كە لە فڕۆكەخانەی عەممانەوە هەڵیگرتین بەئاسمانی مۆسكۆدا دەسووڕایەوە كاتێك هاوڕێكەم (د. ریزوان بادینی) كە لە تەنیشتم دانیشتبوو، ئاگەداری كردم ئێمە ئێستا بەئاسمانی پایتەختی رووسیادا دەفڕین، كە رۆژانێك و بۆ ماوەی هەشت دەیە، لە شۆڕشی ئۆكتۆبەری ساڵی (١٩١٧)وە، بەهۆی ئەو قورساییە نێودەوڵەتیەی لەسەر ئاستە سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتییەكان هەیبوو و سەركردایەتیكردنی بۆ بلۆكی سۆشیالیستی و هاوپەیمانیكردنی لەگەڵ بزوتنەوەی رزگاریخوازیی نیشتمانی لە كیشوەرەكانی جیهانی سێیەمی برسی بۆ نان و كەرامەت و ئازادی، بەشداری لە دروستكردنی بڕیاری سیاسیدا دەكرد.

کاتێك لە پەنجەرەی فڕۆکەکەوە تەماشای ئەو شارە قەرەباڵغەم دەکرد کە هێمنی نازانێت، کاتێك تەماشای ئەو ئاسۆ سەوزە دەکات کە لە هەر چوار لاوە دەوری داوە.. چڕە دارستان لە درەختی جۆراوجۆر و سەیرانگەی نوێ کە رووباری مۆسکۆ بەتەنیا وبەهێمنی دەیانبڕێت، لە ئیحایەکی جواندا کە لە گەڵ هەڵپە و تێکڕژانی شارەکەدا، کە تەماشای تەختاییەکانی رۆژهەلاتی ئەوروپا و چیاکانی ئاسیا و بیابانەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست دەکات، دژ دەوەستێت، ئاوی دەریا گەرمەکان کە کەشتی و ژێر دەریاکانی لە رۆژێکدا کە دوور نیە سواری شەپۆلەکانیان دەبوون، هەموو ئەوانە جوانییەکی رۆمانسیی و دڵڕفێنیان بە شارەکە بەخشیبوو، تێیدا سیحری سرووشتی رووسیا ئاوێتە بووە لەگەڵ جوانیی هزرە شۆڕشگێڕانەکان و ئەو ئومێد و چاوەڕوانییە ئینسانییە مەزنانەی پێوەی بەسترابوون لەو رۆژانەی رووگەی ملیۆنان مرۆڤی خاوەن بیری مارکسی و چەپ، هەروەها جێگەی ئومێدی ملیۆنانی تر لە گەلانی چەوساوە بوو، کە ئەزموونەکەیان بە رێگەیەك دەبینی دەبێتە مایەی رزگارکردنیان لە ستەم و چەوساندنەوە.

## کوشتنی خەونی گەورەی کوردستان..

ژمارەیەك نووسەر و شاعیری کورد لەکاتی دروستبوونی کۆماری کوردستاندا ساڵی ١٩٤٦ کە پایتەختەکەی شاری مهاباد بوو، گۆرانییان پێدا وت و زیادەڕەوەییان لە ستاشیکردنیدا کرد، هەروەها کاتێکیش سەرکردەی کۆچکردووی گەورەی کورد مستەفا بارزانی داڵدەدا پاش ئەو نسکۆیەی بەسەر کۆمارە نۆبەرەکە و بەسەر خەونی کوردا هات، کە پێی وابوو مۆسکۆ و حاکمە ئەفسانەییەکەی (جۆزێف ستالین) پەناگەی ئارامن و ئەوان کورد رزگار دەکەن و کوردستانی نیشتمانیان یەك دەخەن، بێئاگا لەو سەودا و مامەڵە سیاسییانەی لەسەر زەوی دەگوزەران و لەسەر بناغەی بەرژەوەندیی ئابووریی راگوزەر و بەرتەسك دامەزرابوون. سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی

ئێران (قەوام ئەلسەڵتەنە) لەو سەردەمەدا بەلێزانی و زرنگیی خۆی توانی ستالین وا لیٚ بکات یەکە سەربازییەکانی سوپای سوور لە ئازربایجان و کوردستان پاشەکشە پیٚ بکات، ئەو هەنگاوەیش ڕێگەی خۆش کرد بۆ کەوتنی تەورێزی پایتەختی کۆماری ئازربایجانی دیموکراتی و کەوتنی مهاباد پایتەختی ئومێدی کوردی لە ناوچەکە و جیهان و ئەوەی بەدوایدا هات، لە بەرهەمزە و قەتڵوعامکردنی بەرگریکاران و هاوڵاتی و سەرکردە خەوندارەکانی هەردوو کۆمارە نۆبەرەکە لەلایەن سوپای ئێرانەوە، هەروەها ئەو کار و فێڵ و تەڵەکە شۆفێنییە پیسانەی سەرۆکی کۆماری ئازربایجان (باقرۆف) ئەنجامی دان، کە نە تیۆری مارکسی و نە بنەما ئینسانییەکانی تێڕوانینی ئیشتراکییانە نەیتوانی رقی کوێرانەی لە کورد نەهێڵێت، ئەوە بوو کەوتە داڕشتنی راپۆرتی درۆ لەبارەی (پەیوەندیی جێگومانی بارزانیی مەزن لەگەڵ دوژمنانی شۆڕشی سۆڤیەتی، ئەمە جگە لە خەونی دوورمەودا و ناڕەوا کە سەرکردە کوردەکە لەڕێی ئەو پەیوەندییانەوە هەوڵ بۆ بەدیهێنانیان دەدات، کە هەموو ئەوانە –ئەو راپۆرتە کینەبازانە وایان دەگەیاند– زیان بە بەرژەوەندییەکانی سۆڤیەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگەیەنن..).

**شانی دیلەکان..**

بەدرێژایی ڕێگەی نێوان فڕۆکەخانە بۆ سەنتەری شار کە نزیکەی کاتژمێر و نیوێکی خایاند، ئەویش بەهۆی قەرەباڵغی ریگەکانی مۆسکۆ لەو جۆرە رۆژانەدا کە رێکەوتی سەرەتای پشووی کۆتایی هەفتەی دەکرد و بەشێکی زۆری دانیشتوانی مۆسکۆ روودەکەنە ڤێلاکانیان لە دەرەوەی شاری مۆسکۆ بۆ بەسەربردنی پشوو لەویٚ دوور لە کەشوهەوای پڕ غەڵبەغەڵبی پایتەخت. کاتژمێر حەوت و نیو گەیشتینە هۆتێلی (میزدونا رودنایا)، کە لەگەڵ سەنتەری چەند نهۆمیی بازرگانیی جیهانیدا یەکەیەکی ئەندازەیی تەلارسازیی جوانی پێکدەهێنا، کە لەسەر رووباری مۆسکۆ

وەستاوە بەرانبەر هۆتێلی بەشکۆی (ئۆکرانیا) بەدیزاینە تایبەتەکەیەوە، کە شەش نموونەیتر کۆدەکاتەوە و بەهەمان دیزاینی ئەندازەیی و هەمان رووبەر، لەوانە زانکۆی مۆسکۆ و وەزارەتی دەرەوە، کە رووکارەکەی دروشمی سەرسەختی شیوعییەکان (چەکوش و داس)ی هەڵگرتوە، هەرهەموویان لە سەردەمی ستالین و لەسەر شانی دیلە ئەڵمانەکان دروست کراون، کە لەکاتی جەنگی جیهانیی دووەمدا بەدیل گیران و بە سەرکەوتنی هاوپەیمانان بەسەر دەوڵەتانی میحوەردا کۆتایی هات.

**سەوز، سەوز.. بەسەوزی خۆشم دەوێیت..**

ئەو دیمەنانەی لە رێگەماندا بۆ هۆتێل پێیاندا تێپەڕ بووین سەرسامیان کردین، درەختی بەرز بەرز لە هەموو شوێن بەشێوەیەك داخ و حەسەرەت بۆ دۆخی کوردستان دڵیان گوشیم.. رووبەرەکانی بەبیابانبوون کە لە بیابانە فراوانەکانی دورگەی عەرەبییەوە بەرەو لامان درێژ دەبنەوە تەنانەت گەیشتۆتە چیاکانیشمان و بەدرێژایی ماوەی دوای سەرکەوتنی راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ بیرمان لە ئەنجامدانی هەڵمەتێکی نیشمانی گەورە نەکردەوە، کە سەرجەم هاوڵاتیانی کوردستان پابەند بکات بەگێڕانەوەی کوردستانی سەوز بۆ سەردەمی رابردووی سەوزی، ئەو رۆژانەی رووبەرەکان جۆرەها دار و درەختیان تێدا نێژرابوو، بەڵام بەهۆی سیاسەتی زەویی سووتاوەوە، کە حکومەتە عێراقییە لەدوای یەکەکانەوە لە هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولەوە ساڵی ١٩٦١ لە کوردستان پەیڕەویان کردوە و لە ساڵانی حوکمی بەعسدا گەیشتە لوتکە، بەتایبەت پاش ئەو نسکۆیەی ساڵی ١٩٧٥ کە گەورەترین زیان بە شۆڕش لە کوردستان گەیاند، ئەڵبەت لەناویاندا لەناوبردنی رووبەرێکی گەورەی دار و درەخت و کوێرکردنەوە و نەهێشتنی کارێزەکان پاش پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفال لە شوباتی ١٩٨٨.

دوای ڕێکارەکانی وردبینی و وەرگرتنی پاسپۆرتەکان و پاشکۆکانیان لە کارتی ڤیزە کە جیاواز لەوەی لەگەڵ هەڵگرانی پاسپۆرتی دەوڵەتانی دنیا دەکرێت لەسەر هەندێ کاغەز لە دەرەوەی پاسپۆرتەکان ڕێك خرابوو، خۆمان لە هۆڵی هۆتێلدا بینیەوە، کاتژمێر هەشتی ئێوارە بوو، بەڵام خۆر لە ناوەڕاستی ئاسماندا بوو، کاتێك پرسیارم لە کاك (منصور حفید) پاشکۆی سەربازی لە باڵیۆزخانەی عێراقی لە مۆسکۆ کرد دەربارەی ئەو دیاردەیە، پێی ڕاگەیاندم لێرە لەم کاتەی ساڵدا کاتژمێر دە و نیو شەو دێت، لەکاتێکدا کات لێرە لەگەڵ کوردستان یەك کات (تەوقیت)ە.

**قارەمانییەکانی پێشمەرگە..**

ئێمە پێش شاندەکان گەیشتینە پایتەختی ڕووسیا، هۆکەیشی بۆ نەبوونی هێڵی ڕاستەوخۆ یان گەشتی ڕاستەوخۆ لە کوردستانەوە بۆ ڕووسیا دەگەڕایەوە بەپێچەوانەی ئەندامانی شاندەکانیتر، کە لەو کاتەدا بۆیان گونجاوە لە پایتەختەکانیانەوە سواری فڕۆکەکانیان دەبوون، دوو ڕۆژی پێش کۆنگرەکەمان قۆستەوە بۆ پیاسەکردن و بینینی شوێن و سەنتەرە گرنگەکان، بەڵام بەهۆی قەرەباڵغی و ڕوودانی خەلەلێك، هەندێکمان لە یەکەم ڕۆژی گەیشتنمان نەیانتوانی تەرمی لینین ببینن، کە لەوکاتەوە مردوە لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، لە گۆڕێکی قەشەنگدا مۆمیا کراوە و تەنیا لە شوێنەکانی دەوروبەری گۆڕەپانی سووردا سووڕاینەوە، وەك مۆزەخانەی مێژوویی و سەنتەری بازرگانی و پەیکەری (جۆکۆف) ئەستێرەی سەرکەوتنی سۆڤیەت لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا، کە سواری ئەسپێك بووە و سەری بۆ ئاسۆ هەڵبڕیوە، هەروەها لەلای چەپ و لەنزیك دیواری سووری کرملین پەیکەری سەربازی نەناسراومان بینی، کە دوو سەرباز پاسەوانی دەکەن و ناجووڵێن وەك ئەوەی دوو پەیکەری مەڕمەڕ بن، چەند خولەکێك زیاتر بەسەر وەستانمان لەبەرانبەریاندا تێنەپەڕی، کۆمەڵێك سەرباز بەپێی ڕەزمێکی سەربازیی

زۆر ڕێکوپێکدا بەچەپ و ڕاستدا جوولان، دوو سەرباز بەپێی جووڵەیەکی ئینزیباتی ورد هاتنە دەرەوە و شوێنگۆڕکێیان لەگەڵ ئەو دوو سەربازەدا کرد کە کاتژمێرێك بوو لە شوێنی خۆیاندا وەستابوون، پاشان کۆمەڵەکە گەڕانەوە شوێنی خۆیان و لەبەرچاو ون بوون، لێرەدا بەهاوڕێم کاك مستەفا ساڵح کەریمم وت خۆزگە شوێنێك ئامادە دەکرا و ڕێکخستنێکی نەتەوەیی لەم شێوەیە دادەهێنرا بۆ ڕێزگرتن لە قارەمانییەکانی پێشمەرگە، کە لە قۆناغە جیاوازەکانی خەباتدا لە مێژووی گەلەکەماندا شەهید بوون و خەونی سەربەخۆیی کوردستان لە لێویان نەبڕاوە.

**تەرمی لینین و.. سەرکردە مێژووییەکانمان..**

لە ڕۆژی دووەمی گەیشتنماندا بە مۆسکۆ هەڤاڵ شۆڕش خالید سەعید هەر چوارمان (مستەفا ساڵح کەریم و حامد محەمەد عەلی و ئەکەد موراد و من)ی برد بۆ ئەو شوێنەی خەڵك، هەر لە دەرگا ئاسنینە موشەبەکەکەی شوێنی پەیکەری سەربازی نەناسراوەوە بۆ سەرەتای گۆڕەپانی سوور بە ریزێکی درێژ دەوەستن، دوای ٤٥ خولەك چاوەڕوانکردن خۆمان لەبەردەم بەربەستی پشکنینی ئەلیکترۆنیدا بینیەوە، پاشان ڕۆیشتن بۆ ناوەڕاستی گۆڕەپانی سوور، کە لینین پتر لە هەشت دەیەیە تێیدا ڕاکشاوە.

پەیکەرەکە، کە بەپێی ستایلێکی ئەندازەیی نائاڵۆز و رووپۆشکراو بە گرانیتی سووری خوێنی بەڕەش خاڵکراو، لە ناوەڕاستی گۆڕەپانێکدا دروست کراوە، واتە لە بەشی پێشەوەی کرملین لەلای ڕۆژهەڵاتەوە کە لەکاتی چوونە ناو ئەو شوێنەدا کە سەرکردەکانی سۆڤیەت لە بۆنە نیشتمانییەکاندا تێیدا دەوەستان، دەبینرێت، وەك یادی سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ یان ئاهەنگگێڕان لە یەکی ئایار، هەروەها لەکاتی نمایشە سەربازییەکاندا، کە بەدەستیان سڵاویان لە خەڵك و لەو هێزە سەربازییانە دەکرد کە بەبەردەمیاندا تێدەپەڕین، ئەوەیش نەریتێکە، وەك بیستم،

جۆزێف ستالین پاش زاڵبوون بەسەر ئەڵمانیای نازی و دەوڵەتانی میحوەر (١٩٣٩-١٩٤٦)، دایهێناوە. بەکاریگەریی پاشخانە سیاسی و کولتوورییەکانمان دەربارەی ئەوەی وتراوە و نووسراوە لەبارەی سەرکردەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و عەقڵی داهێنەر و مونەزیری فەلسەفەی مارکسی و پیادەکردنەکانی و بەهۆی ئەو کتێبانەی کە خوێندبوونمەوە، پەرۆش بووم ببینم کە لەسەر پشتی راکشاوە و روناکیی گڵۆپێکی کارەبایی کز و رەنگ سوور خراوەتە سەری بەتەواوی قیافەی خۆی لەو راکشانە ئەبەدییەیدا، لەکاتی چوونە ناو بینایەکە لە سەرکەوتن و دابەزیندا، بەڕاست یان چەپدا، سەربازان بەجلی رەشی تۆخەوە دوو دوو لە گۆشەکاندا لەناو بینای پەیکەرەکەدا وەستاون و لە چوونەژوورەوەدا بەدەست ئاماژە بۆ شوێنی راکشانی لینین و لە دەرچوونیشدا بۆ دەرگاکە، دەکەن. کاتێك چاوەڕوانی چوونە ناو بینایەکەمان دەکرد، پارچە قەسیدەیەکی بەناوبانگی شاعیر ئەحمەد ڵزارم بیر کەوتەوە کە ساڵی ١٩٤٩ نووسیویەتی کاتێك لە گرتووخانەی کووت زیندان بووە، تێیدا گۆرانی بەباڵای شۆڕشی ئۆکتۆبەر و سەرکردەکەی، ڤلادیمیر یلیچ لینیندا وتوە...

(پێش نیوەڕۆی ٧ی تشرینی دووەم، هاوڕێ لینین سەرکردایەتیی لەشکری زەحمەتکێشانی کرد بۆ بنیاتنانی مەملەکەتی مرۆڤ لەسەر زەوی و رژێمی قەیسەری لەرزۆکی رەت کردەوە و رەوانەی زبڵدانی مێژووی کرد، کرێکاران پیرۆزتان بێت جەژنی ئازادی، یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و شکۆ بۆ هزرە پۆڵاییینە مەزنەکانتان).

هەروەها گوتەی رۆشنبیرێکی کوردم بیر کەوتەوە، کە لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوودا زۆر دەیگوتەوە و بەتوندی رەخنەی لە رۆڵی لینین لە دامەزراندنی سیستمێکی تۆتالیتاریی یەك رەنگ لەسەر بناغەیەکی هەرەمی دەگرت، کە خانەکان لە بنکەوە رێك دەخات تا بەرز دەبێتەوە تا دەگاتە کۆمیتەی ناوەندی و پاشان مەکتەبی سیاسی، تا بەباڵادەستیی سکرتێری گشتی کۆتایی دێت، کە هەموو حزب لە

شەخسی خۆیدا کورت دەکاتەوە، چونکە سەرجەم دەسەڵاتەکانی پەیوەست بەحزب و سیاسەت و بڕیارەکانی لە دەستی ئەودان.

ئەو کەسەی سەردان دەکات سەرەتا لە لای سەر و پاشان باقی جەستەی و سووڕانەوە لای هەردوو پێکان و تا جارێکیتر دەگاتەوە بە سەر، هەست بە رێز دەکات بەرانبەری سەرباری جیاوازبوون لەگەڵی لە بیر و رێبازدا، چونکە وەك زانراوە سەرکردایەتیی شۆڕشێکی کرد رووی مێژووی گۆڕی و بەکاریگەریی ئیلهامەکانی چەندین بزوتنەوە و شۆڕش لە کیشوەرە جیاجیاکانی جیهاندا بەرپا بوون و رێنوێنییان لە فەلسەفەی مارکسیزم وەردەگرت، کە لینین گۆڕی بۆ بیرۆکە و تیۆری ئەوتۆ لە چەندین وڵاتی ئەوروپای رۆژهەلات و لە چەندین وڵاتیتریش لە پێنج کیشوەرەکە، جێبەجێ کرا. هەر بەکاریگەریی ئەو چەندین حزب و بزوتنەوەی نیشتمانی لە ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتینی ئەو بیرۆکە و تیۆرانەیان پەیڕەو کرد و سەروەختێکی زۆر رێنوێنییان لێیانەوە وەردەگرت. کاتێك بەلای دیواری کرملیندا تێدەپەڕین، کە گەورە سەرکردەکانی سۆڤیەت راکشاون و پەیکەرەکانیان لەسەر یەك رەزم لەگەڵ ناو و مێژووی لەدایکبوون و مردندا دانراون و تەماشای گۆڕەپانی سوور دەکەن، خوازیار بووم سەرکردە کۆچکردووەکانی ئێمەیش رۆژێك پەیکەرە شکۆدارەکانیان خۆیان لە گۆڕەپانێکی گشتیدا لە ناوەڕاستی هەولێری پایتەخت و شاریتری کوردستاندا ببیننەوە..

کاتێك هاوڕێم مستەفا ساڵح کەریم لەوکاتەی گۆڕەپانی سوورمان بەجێ دەهێشت گوێی لێم بوو لەبەر خۆمەوە پارچەیەك لە قەسیدەی ناوبراوی دڵزارم دەوتەوە، وتی (قەسیدەی گۆرانیی کلاسیکی چ شۆڕشگێڕی بێت یان نیشتمانی یان ئەویندار

بەزیندوویی لە خەیاڵدا دەمێنێتەوە، وەك قەسیدەکەی دڵزار) و ناوی چەند قەسیدەیەکی نەمری ژمارەیەك لە گەورە شاعیرانی کوردی برد.

## گۆڕەپانی سوور... مارکەی Boss

گۆڕەپانی سوور و دەوروبەری، جگە لە کرملین، گۆڕاوە بۆ شوێنێك خەڵك، رووس و بیانی، سەردانی دەکەن، لە هەر چوار لاوە بینایەی کرملین دەوری داوە کە تەواوی بەشی خۆرئاوای گرتووە، لەبەرانبەریدا بازاڕە بازرگانییە خاوەن مارکە جیهانییەکان دێن، کە پاش ئەو کرانەوەیەی شانبەشانی گۆڕانی جۆری بازاڕ لە سۆشیالیزمی بەمەرکەزیکراوەوە بۆ ئابووریی بازاڕ رووی داوە، سیما و کاڵا و خزمەتگوزارییەکانی ناوی گۆڕاون. ئەوەی سەردانی بکات مارکەی Boss و مارکەیتری سەرچاوە خۆرئاوایی دەبینێت کە لە سایەی رژێمی سۆشیالیستیی پێشوودا قەدەغە بوون. لە دوو لایەکەی تر بینای کەنیسە ئەفسانەییەکە دێت، بە رەنگە جیاوازییەکانەوە کە رەنگی سوور بەسەریاندا زاڵە و رۆژێك لە رۆژان لە سەردەمی قەیسەرە رووسەکاندا شوێنی لەسێدارەدانی دوژمنانی رژێمەکە بوو و لە قۆناغێکی پاشتردا، واتە لە سەردەمی سۆڤیەتیدا بوو بە شوێنەوارێکی تەلارسازیی تاکانە، وەك لە هەڤاڵ شۆڕشم بیست لە کۆنترین کەنیسەکانی رووسیایە، کە لەبەرانبەر ئەو کەنیسەیەدا تەلارێکی بەخشتی سوور دروستکراو هەیە، کە بریتییە لە مۆزەخانەیەکی دەوڵەمەند، زۆر بەداخەوە نەمانتوانی سەردانی بکەین. لەپشت بینای مۆزەخانەکە و لەژێر پەیکەری جۆکۆڤدا دیمەنێکیترمان بینی سەرنجی راکێشاین: سێ کەسی رووسی لە هەر سێ سەرکردە (لینین و ستالین و بریجنێف) دەچوون، لەسەر کورسییەکی تەختە دانیشتبوون و هەندێ ئارایشتیشیان بۆ روخسار و جلوبەرگیان کردبوو تا

بەتەواوەتی لەو کەسایەتییانە بچن، ژمارەیەك لە سەردانیکاران وێنەی یادگارییان لەگەڵیاندا دەگرت لەبەرانبەر چەند رۆبڵێك.

بەیانیی رۆژی دووشەممە ٢٠٠٧/٥/٢٨ سەرجەم ئەندامانی شاندی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەیەك گەیشتن کە ژمارەیان سیازدە ئەندام بوو، پێکهاتبوون لە ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا و سکرتێری مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە و سکرتێری لقی کەرکوك و سەرنووسەری گۆڤاری (رۆژنامەنووس) و ئەندامی لیژنەی چاودێریکردن و مامۆستای مادەی رۆژنامەوانی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر، کە لە گۆشەیەکی هۆڵی بەرینی نهۆمی زەمینی کۆبووینەوە لەبەرانبەر دەستەی نووسینگەی بەڕێوەبردن و پرسگەی هۆتێلەکەدا، کە کردمان بە شوێنی کۆبوونەوەی رۆژانە بەدرێژایی شەو و رۆژ، کورسی و قەنەفە نەرمەکانی لە چەرمی سرووشتی بوون و لە دەوروبەریشی لێرە و لەوێ قاوەخانە و چێشتخانەی خواردنی خێرا هەبوون و کورسی و قەنەفەی لە گۆشەکانی هۆڵە بەرینەکەدا ریز کرابوون بۆ بۆ دانیشتن و کات بەسەربردن یان پێشوازیکردن لە میوانان و چاوەڕوانکردن.

**پۆشاکی نەتەوەیی کوردستانی.. یاداوەرییەکی پڕ خەم..**

دیمەنی شاندە کوردستانییەکە بەجلوبەرگە نەتەوەییەکەیەوە سەرنجی کارمەندانی دەستەی نووسینگەی هۆتێلەکە و ئەو کەسانەی راکێشابوو کە لە هۆڵەکەدا بوون، بەپێی تەرتیبێکی جوان و وەك گروپێکی ئەرکبار بە جێبەجێکردنی ئەرکێکی نیشتمانی و پیشەیی دەڕۆیشتین و ئەو ساتەی ئەسانسۆرە کارەباییەکە بۆ نهۆمی دووەم سەری دەخستین کە هۆڵی کۆنگرەکەی لێ بوو، رۆژانی دەیەمین فیستیڤاڵی قوتابیان و لاوانم بیر کەوتەوە کە لە تەممووزی ١٩٧٣ لە بەرلینی رۆژهەڵات پایتەختی کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتی بەڕێوە چوو و ئێمە بەشاندێکی

٦٥ گەنجی کوڕ و کچ لە گەنجانی کوردستان لە فیستیڤاڵی ناوبراودا بەشداریمان کرد، شاندەکە بەپۆشینی جلی نەتەوەیی کوردی جیا دەکرایەوە کە سەرنجی هەزاران لە ئەندامانی شاندەکانی هەر پێنج کیشوەرەکەی راکێشابوو و –بەداخەوە– تەنیا ئاڵای کوردستانمان ناتەواو بوو، بەڵام لەم کۆنگرەیەدا، جگە لە ئەرکە سەندیکاییەکانمان، هەوڵمان دا سەرباری مۆرکە پیشەییە پەتییەکەیشی، سوود لە کۆنگرەکە ببینین بۆ ناساندنی جیهان بە کوردستان و گەلەکەی و جوانییەکانی جلی کوردی و دروشمی سەندیکا کە هەڵگری رەنگەکانی ئاڵای کوردستان بوو، لەگەڵ لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەی "کوردستان" کە پێش ١٠٧ ساڵ دەرچووە، واتە لە ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ وەك یەکەم رۆژنامە لە مێژووی کورددا و بەسینگمانداهەڵواسرابوو، هەروەها سەدان لەوەمان بەسەر ئەندامانی شاندە رۆژنامەوانییەکاندا دابەش کرد، لە پێشیانەوە ئایدن وایت سکرتێری گشتیی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی و جیم بۆلا سەرۆکی ئێستای فیدراسیۆن لەگەڵ دابەشکردنی ژمارەیەك لە دروشمەکانی سەندیکا کە لەسەر رەفەی نووسینگەکان دادەنرێن بەسەر ژمارەیەك سەنتەری رۆشنبیری و رۆژنامەوانیدا، لەوانە رۆژنامەی (پراڤدا) لەڕێی نووسیارێکیەوە کە لە کۆنگرەکەدا بەشدار بوو.

**موفاجەئە جوانەکە..**

لە نۆ و چارەك چووینە هۆڵی کۆنگرەکە، کە سەرجەم ئەندامانی لیژنەی تەنفیزیی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی لە پێشوازیی ئەندامانی کۆنگرەدا وەستابوون، کاتێك سکرتێری گشتیی بەڕێز ئایدن وایت ئێمەی بینی لە پێشەوەی هۆڵەکە نزیك کەوتینەوە، دەستی بەرز کردەوە سڵاوێکی تایبەتی لێ کردین لەگەڵ خۆ چەماندنەوەیەکی ئاشکرادا و دوو جار وشەی (فەنتاستیك)ی دووبارە کردەوە، کە دڵنیای کردینەوە و وای لێ کردین هەست بکەین کارێکی چاکمان کردوە جلی

نەتەوەییمان لەبەر کردوە، هاوێنەی کامێرای ڕۆژنامەنووسان و پەیامنێرانی کەناڵە میدیاییەکان لەوانە کامێرای تەلەڤزیۆنی (روسیا الیوم) بۆ ماوەی پێنج خولەك خەریکی وێنەگرتنی ئێمە بوو لەکاتێکدا بەرەو ریزی یەکەمی کورسییەکان لە بەشی ناوەڕاستی هۆڵەکە دەچووین، هەندێ کامێرا تەنیا بە پێنج خولەکەکەوە نەوەستان، بەڵکو بەردەوام لە هاتن و چوونیدا ناو بەناو گرتەیان لێ دەگرتین، لە کورسییەکانمان لە یەك ریزدا لەپاڵ یەکدا دانیشتین و دوای شاندی رووسی وەك وڵاتی میوانداریکەری کۆنگرە، ئێمە گەورەترین شاندی بەشدار بووین.

**قەیرانی رۆژنامەگەریی رووسی.. نا بۆ پارێزبەندیی بکوژان..**

لە دەی بەیانی و بەگوێرەی جێبەندێکی ناتەقلیدی، دانیشتنی تاقی بەیانی بۆ بابەتێکی زیندوو و گرنگ لەژێر ناونیشانی (قەیرانی رۆژنامەگەری لە رووسیا) تەرخان کرا، کە لە بنەڕەتدا تایبەت بوو بە پێشکەشکردنی پاڵپشتیی مەعنەوی بۆ رۆژنامەگەریی رووسی، کە دووچاری هەڵمەتی رێکخراوی بەرتەسککردنەوەی ئازادیی دەربڕین و بڵاوکردنەوە و گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری دەبێت لەلایەن حکومەتی رووسیەوە، دەسەڵاتدارانی رووسی سیاسەتی تاریکاندن (تعتیم)ی لەسەر کۆنگرەکە پەیرەو کرد بەپێچەوانەی نەریتی باو لەو جۆرە کۆنگرانەدا کە لە وڵاتانی جیاواز دەبەسترێن، دەبوو کۆنگرەکە وەك جۆرە پڕوپاگەندەیەك بۆی و راگەیاندن لە بەرژەوەندی، لە سەرجەم لایەنەکانیەوە رووماڵ بکرێت، بەڵام رووسەکان گوێیان بەو نەریتە نەدا، کار گەیشتە ئەوەی سکرتێری گشتیی سەندیکای رۆژنامەنووسان لە رووسیا کاتێك لە بارەگای سەندیکا سەردانمان کرد ئەو پشتگوێخستنە بەسیاسەتێکی گەمژانە وەسف بکات کە وێنەی نیە، هەروەها باسی لەوە کرد رۆژنامەنووسان لەلایەن دەسەڵاتدارانی پەیوەندارەوە ئاگەدار کراون رووماڵی کۆنگرەکە نەکەن و هەواڵەکانی بڵاو نەکەنەوە، بەڵام سەرباری ئەوەیش کەناڵی

تەلەڤزیۆنی (روسیا الیوم) ڕۆژی یەکەم ئامادە بوو و دیمانەیەکی تا ڕادەیەك درێژی لەگەڵ من و هەڤاڵێتری شاندەکەماندا کرد، بەڵام نازانم ئایا ئەو دیمانەیە پەخش کرا یان نا.

لەو دانیشتنی بەیانیانەدا کە تایبەت کرابوو بۆ بابەتی ڕۆژنامەگەری لە رووسیا لەژێر ناونیشانی (نا بۆ قوتاربوون لە سزادان لەر ووسیا، نا بۆ پارێزبەندیی بکوژان.. هەڵمەتی جیهانی لەپێناو سەلامەتیی ڕۆژنامەوانی).

سێ کەس قسەیان لەسەر بابەتەکە کرد، ئەوانیش (کریستۆڤەر وارن سەرۆکی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان، ئایدن وایت سکرتێری گشتی و نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی رووس، هەروەها هەندێ ڕۆژنامەنووسی رووسیا و هیتر تێبینی و سەرنجی خۆیان لەسەر بابەتەکە خستە روو و لە قسەکانیاندا تەرکیزیان کردە سەر رەخنەگرتن لە سیاسەتی رووسیا لە ئازادیی ڕۆژنامەگەری، هەروەها لەبارەی کوشتنی ژنە ڕۆژنامەنووسی رووسی (ئەتابولیتکۆ فاسیە) لە بارودۆخێکی تەمومژاویدا کە تائێستا پەردەی لەسەر لانەدراوە، قسەیان کرد.

## باڵی داغستانی.. هەمزاتۆڤی گەورە..

دوای تەواوبوونی دانیشتنی بەیانیان، هەندێکمان ڕوویان کردە بەشە جیاوازەکانی تایبەت بە چالاکییەکانی شاندەکانی هەندێ ناوچە لە رووسیا لە دالانەکەی دەوروبەری هۆڵی کۆنگرەکە، بەشە داغستانییەکە سەرنجی ڕاکێشاین، کە لە پێشەوەی ئەو بەشانە بوو، خۆمانمان پێ ناساندن لەو ڕووەوە ئێمەیش وەك ئەوان ڕۆڵەی گەلێکی شاخاویی جەنگاوەرین، دەیان ساڵە لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادیدا شەڕ دەکات، پێمان ڕاگەیاندن شاعیری داغستانی ڕەسووڵ هەمزاتۆف ناوبانگی فراوانی لەناو ڕۆڵەکانی گەلی کوردستاندا هەیە و کتێبەکەی (داغستانی من) لە

هەشتاكانی سەدەی رابردووەوە كراوەتە كوردی، بەو هۆیەوە سەرپەرشتیارانی بەشەكە بەشێوەیەكی تایبەت پێشوازیان لیٚ كردین، ئەویش بەوەی دوو جاری لەسەر یەك شەرابی (ڤۆدكای داغستانی) لە پیاڵەی زیوینی لە داغستان دروستكراویان پێشكەش كردین، وەك زیادە رێزگرتنیش بەرپرسی بەشەكە پیاڵە زیوییەكەی پێشكەش كردم، منیش لای خۆمەوە ئالأی كوردستان و دروشمی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستانم پێشكەش بەو و ئەوانیتریش كرد. بانگهێشتیان كردین ئێوارەی رۆژی دووەم سەردانی بەشەكەیان بكەین بۆ بەشداریكردنیان لە ئاهەنگگێڕانیان بەبۆنەی رۆژی نیشتمانیی داغستانەوە.

**دانیشتنی ئێوارە.. دروستكردنی متمانە لە رۆژنامەگەریدا..**

كاتژمێر حەوتی ئێوارە هۆڵی كۆنگرە جمەی دەهات لە ئەندامانی شاندە بەشدارەكان، كە ئەوە خۆی دانیشتنی كردنەوەی كۆنگرە بوو، دروشمی دانیشتنی ئێواران بریتی بوو لە (لەپێناو دروستكردنی متمانە لە رۆژنامەگەریدا) وەك ناونیشانێكی گشتی و ئەم بابەتانەی گرتەوە:

١- كاركردن لەپێناو ئازادیی دەربڕین و لێبوردەیی و دیالۆگی رۆشنبیری.

٢- راگەیاندنی جیهانی و كاركردن لەپێناو مافە سەندیكاییەكاندا.

٣- كاركردن لەپێناو جۆرایەتی و كاری شیاودا.

٤- كاركردن لەپێناو دانانی پێوەر بۆ یەكسانی و مافەكانی نێوان هەردوو رەگەز.

لە سەرەتای دانیشتنی كردنەوەی كۆنگرەدا سەرۆكی فیدراسیۆن (كریستۆڤەر وارن)، كە لە كۆنگرەی بیست و پێنجەمیندا كە لە هاوینی ٢٠٠٤ لە ئەسینای پایتەختی یۆنان بەسترا بەسەرۆك هەڵبژێردرا، وتەی خۆی بەو بۆنەیەوە پێشكەش

کرد، دوای ئەو وتەی یەکێتیی رۆژنامەنووسانی رووس و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگەی مۆسکۆ. دانیشتنی کردنەوە زیاتر ئاهەنگئامێز و گشتی بوو بۆ وتە خوێندنەوە، دوای تەواوبوونی ئەندامانی کۆنگرە چوونە هۆڵی پێشەوەی هۆتێلەکە، کە بەشێوەیەکی قەشەنگ و جوان رازێنرایەوە لەگەڵ دەنگی مۆسیقایەکی رووسی و مێزی پڕ خواردنی بەچێژی جۆراوجۆر و خواردنەوەی رۆحیی هەمەچەشن.

**هەواڵ لەپێناو دیموکراسی.. راپرستی گشتی..**

رۆژی دووەمی کۆنگرە ٥/٢٩ تایبەت بوو بە تاوتوێکردنی راپۆرتی گشتی کە لەلایەن سکرتێری گشتییەوە ئامادە و پێشکەشی کۆنگرە کرابوو و چەند هەفتەیەك پێش بەستنی کۆنگرەکە بەسەر سەندیکا بەشدارەکانی کۆنگرەدا دابەش کرابوو، ئێمە هەفتەیەك پێش ئەوەی بچین بۆ مۆسکۆ دەقەکەیمان بەهەردوو زمانی ئینگلیزی و عەرەبی بۆ هاتبوو بەناونیشانی (دروستکردنی هەواڵ لەپێناو دیموکراسیدا- راپۆرتی سکرتێری گشتی- یاساکانی کارکردنی کۆنگرەی گشتی- دەستووری فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان)، بە زمانی عەرەبی لە ٣٤ لاپەڕە پێکهاتبوو و بۆ سێ تەوەر دابەش کرابوو، بەم شێوەیە:

١- راپۆرتی سکرتێری گشتی کە ٢٠ لاپەڕەی دەقەکەی گرتبوو.

٢- یاساکانی کارکردنی کۆنگرەی گشتی کە ٨ لاپەڕەی گرتبوو.

٣- دەستووری فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان، کە ٦ لاپەڕەی گرتبوو (گۆڤاری "الصحفی" کە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەریدەکات دەقی راپۆرتەکەی لە دوو ژمارەی گۆڤاری (الصحفی) دا بڵاو کردەوە.

وەك باسم کرد راپۆرتەکە ئامادە و تەرجەمە کرابوو بۆ چەند زمانێك و چەند هەفتەیەك پێش گرێدانی کۆنگرەکە دابەش کرابوو، تا ئەندامانی کۆنگرە لە شاندە

بەشدارەکان بیخوێننەوە، هەروەها بۆ پاشەکەوتکردنی کات و ماندووبوون کە لەکاتی بەستنی کۆنگرەدا بایەخیان زیاد دەکات بەپێچەوانەی ئەوەی لای ئێمە روودەدات، کە بەزۆری دەرفەتی خوێندنەوەی راپۆرت بەشێوەیەکی هێمن پێش کۆنگرە و تۆمارکردنی سەرنجی خۆیان، لەکیس دەچێت، کاتێکی زۆر بە خوێندنەوەی لەکاتی دانیشتنەکانی کردنەوەدا بەفیڕۆ دەچێت (ئێمە ئەنجومەنی سەندیکا بیرمان لەمە کردەوە و بەئیزنی خوا لە کۆنگرەی داهاتوومان‌دا پەیڕەوی دەکەین، کە لە چەند مانگی داهاتوو پێش کۆتایی ساڵ دەبەسترێت).

پێش تاوتوێکردنی راپۆرتی گشتی، سەرۆکایەتیی دانیشتن هەڵبژێردرا نەك سەرۆکایەیی کۆنگرە، چونکە هەر دانیشتنێك لە دانیشتنەکان ئەنجومەنی سەرۆکایەتی خۆی هەبوو و بە نەریت لە ٣-٤ کەس پێکدەهات، دوای ئەوە گفتوگۆکردن لەبارەی راپۆرتی گشتی لەلایەن ژمارەیەك بەشداران، کە لە بەرنامەی کۆنگرەدا تۆمار کرابوون و سەرنجیان لەسەر راپۆرتەکە هەبوو، دەستی پێکرد. لە کاتی گفتوگۆکردنەکاندا کە لەکاتی دانیشتنەکەدا گەرم دەبوون، سەرجەم تێبینییەکان لەلایەن سکرتارییەتەوە تۆمار کران و لە کۆتایی دانیشتنەکەدا وەڵام درانەوە.

**هەڵەیەك لە هەڵسەنگاندندا..**

هەڤاڵ موفید ئەلجەزائیریی رۆژنامەنووس و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعیی عیراق یەکێك بوو لەو کەسانەی ناوی تۆمار کرابوو و بەزمانی عەرەبی قسەی کرد بەناوی (قسەکەرێك لە عێراقەوە)، لە قسەکانیدا بەکورتی باسی دۆخی رۆژنامەگەری و رۆژنامەنووسانی عێراقی لە رووخانی رژێمی فاشییەوە لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٣وە کرد، موداخەلەکەی بەم قسانە دەست پێکرد (لەم کاتەدا کە دەرفەتی گفتوگۆکردن لەگەڵ ئێوەم بەدەست هێناوە، ئارەزوویەکی گەرم دامدەگرێت بەدرێژی باسی ئەو ئازارە گەورەیەتان بۆ بکەم کە تووشی هاوەڵە رۆژنامەنووسە

عێراقییەکانتان و کۆی ئەوانەی لە بواری میدیادا کار دەکەن، بوون و دەبن، ئەوانەی کوشتن و تۆقاندن و بەسەرداداني ئەو دەزگایانەی کاریان تێدا دەکەن و تەنانەت وێرانکردنیان بووەتە دیاردەیەك بەشێوەیەکی روو لەزیاد دووبارە دەبێتەوە، عێراق (هەرێمی کوردستانی لێ بترازێت کە ئاسایشێکی رێژەیی تێدایە) بۆ ساڵی چوارەم لەسەر یەك دەگۆڕێت بۆ خوێناویترین گۆڕەپان بۆ رۆژنامەنووسان). کاتێك گوێم لە دەستەواژەی (هەرێمی کوردستانی لێ بترازێت کە ئاسایشێکی رێژەیی تێدایە) بوو پەست بووم، چونکە هەستم کرد جۆرە کەمکردنەوە و هەڵنەسەنگاندنی دۆخی گشتی لە کوردستانی بەشێوەیەکی ئەرێنی و رۆشن و واقیعی رۆژنامەگەری لە هەرێمی، تێدایە، پێش لە وتەکەی تکام لێ کرد پێویستە (حەقیقەتی دۆخی میدیا و ئەو ئازادی و گەرەنتیکردنەی مافی رۆژنامەنووسان کە لە کوردستان هەیە، دەربخرێت)، بەڵام لەبەر هەر هۆیەك بێت نادیدەی گرت، لەکاتێکدا ئەو ئاگەداری دۆخی کوردستانە لەو رووەوە سەروەختێك تێیدا ژیاوە و بەوپەڕی ئازادانە چالاکیی حزبی و میدیایی ئەنجام داوە و چەند ساڵێك لە ریزەکانی پێشمەرگەدا لە چیاکانی کوردستان شەڕی کردوە، بەو هۆیەوە من و هەڤاڵ مستەفا ساڵح کەریم جێگری نەقیب و زیرەك کەمال سکرتێری نیقابە دەربارەی هەوڵی تاریکاندنی دۆخی رۆژنامەوانیی گەشاوە لە کوردستان لەلایەن کاك موفیدەوە قسەمان کرد، بەشێوەیەك کاك مستەفا قسەی لەگەڵ کاك موفید کرد دەربارەی بۆچوونی ئێمە لەمەڕ وتەکەی، پاساوەکەی ئەوکات بێمانا بوو، بەپێچەوانەی بەڕێز ئایدن وایت سکرتێری گشتیی فیدراسیۆن کە لە یەکێك لە بڕگەکانی کۆنگرەکەدا لەبارەی دۆخی رۆژنامەوانی و رۆنامەنووسان لە عێراق قسەی کرد و بەتایبەت ئاماژەی بەحەقیقەتی دۆخی رۆژنامەوانی و رۆڵی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەو بوارەدا بەشێوەیەکی واقیعی و ئەرێنی کرد.

بەم شێوەیە دانیشتنەکانی کۆنگرە بەردەوام بوون و لەسەر ئەم رێچکەیە گفتوگۆکان لەبارەی راپۆرتی گشتی و خوێندنەوە و تاوتوێکردنی راپۆرتی دارایی

سێ ساڵی نێوان هەردوو کۆنگرە لەلایەن بەرپرسی دارایی (جیم بیولا)وە لەگەڵ هەندێ روونکردنەوەی سووک، بەدوای یەکدا هاتن، هەردوو راپۆرتەکە بەکۆی دەنگ پەسەند کران.

**لە پەیمانگەی رۆژنامەوانیی سەربەخۆ.. موحازەرە و گفتوگۆیەك..**

رۆژی سێیەم واتە ٦/٣٠ کەشوهەوا لە مۆسکۆ زۆر گەرم بوو، بەشێوەیەك پلەی گەرما گەیشتە ٣٨ پلە، کە وەك ئەو هاورێ کوردانەی لە رووسیا دەژیان لە زاری هاوڵاتیانی رووسەوە باسیان دەکرد، لە ماوەی (١٣٠) ساڵدا لەو وەرزەدا بەکەمی پلەی گەرما گەیشتۆتە ئەو پلەیە. هەڤاڵ (خۆشەوی مەلا ئیبراهیم) بەرپرسی رێکخراوی پارتی دیموکراتی کوردستان لە رووسیا پێی راگەیاندم کە بەرپرسانی (پەیمانگەی رۆژنامەوانیی سەربەخۆ) کە جێگەی رێز و پاڵپشتیی رۆژنامەنووسانی ئازاد و ئەو رێکخراوانەیە هەوڵ دەدەن ئازادیی رۆژنامەنووسی لە جیهاندا بچەسپێنن، خۆشحاڵن میوانداریم بکەن بۆ پێشکەشکردنی موحازەرەیەك دەربارەی دۆخی سیاسی لە کوردستان و ئەو کێشانەی دێنە پێش جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و چارەنووسی شاری کەرکوك و ئازادیی رۆژنامەنووسی لە کوردستان، دوو کاتژمێریان بۆ موحازەرەکە و گفتوگۆکانی دوای تەرخان کردوە. بە ئۆتۆمبیلەکەی خۆشەوی بەشەقامە پان و بەرین و پڕ ئۆتۆمبێلە نوێیەکانی مۆسکۆدا تێپەڕین، هەردوو هەڤاڵ فەهیم عەبدوڵا ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکا کە لای خۆیەوە بەشداری لە وەڵامدانەوەی هەندێ لەو پرسیارانەدا کرد کە ئاراستەمان کران بەشێوەیەکی زۆر روون و راشکاو، لەگەڵ ئەنوەر حوسێن ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکا و دکتۆر رەزوان بادینیمان لەگەڵ بوو و ئەرکی ئامادەبوونی دانیشتنی بەیانیانی کۆنگرەمان بۆ هەڤاڵانیتر لە ئەندامانی شاندەکە بەجێهێشت.

**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.. رۆڵێکی نێودەوڵەتی و مرۆیی..**

رۆژی چوارەم ٦/٣١ گفتوگۆ لابەلاییەکان کاتژمێری یەکەمی کۆنگرەیان برد، کاتژمێر یازدە پرۆسەی کاندیدکردن دەستی پێکرد کە بەچەند قۆناغێك بوو، بەهەڵبژاردنی جێگرانی سەرۆك دەستی پێکرد کە دوو کەس بوون، سێ یاریدەدەریش بۆ کاروباری دارایی، هەروەها (١٦) ئەندامی لیژنەی تەنفیزیی کە فیدراسیۆن لەنێوان هەردوو کۆنگرەدا سەرکردایەتی دەکات، کە بەگوێرەی گرێبەستێکی کار بۆ چەند ساڵێك سکرتێری گشتی هەڵدەبژێرێت، لێرەدا و لە ساتێکی مێژوویی یەکلاکەرەوەدا کە پێشتر رووی نەداوە، سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ئەندامێکی خۆی بۆ ئەندامێتیی لیژنەی تەنفیزی کاندید کرد کە ژمارەیان ١٦ ئەندامە، ئەویش سکرتێری مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە هەڤاڵ شێرکۆ حەبیب بوو.

کاتێك دەڵێین بۆ یەکەم جار رێکخراوێکی پیشەیی کوردستانی خۆی بۆ ئەندامێتی سەرکردایەتیی گردبوونەوەیەکی نێودەوڵەتی دەپاڵێوێت، ئەویش چونکە ئەو بارودۆخەی لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و بە زەبر و زۆر لکانی کوردستان پێیەوە بەسەر کوردستاندا تێپەڕ بووە، هەرگیز دەرفەتی نەڕەخساندوە ئەو رێکخراوە کوردستانییانەی لەو ساڵانەدا پەیدا بوون، شوێنی سرووشتیی خۆیان بگرن و بە رۆڵی مێژوویی خۆیان هەستن، کە لەگەڵ قورسایی رۆشنبیری و ئینسانییاندا لەو جۆرە بوارانەدا لەنێو کۆمەڵگە و گەلانی دنیادا گونجاو بێت، تاکە رێکخراو توانیویەتی لە پەنجاکانی سەدەی رابردووەوە لە دەوڵەتە ئەورووپییەکاندا کار بکات کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بووە کە ساڵی ١٩٥٦ لەلایەن ژمارەیەك لە قوتابیان و رۆشنبیرانی کورد لە وڵاتەجیاوازەکانی ئەورووپا دامەزرا، لەبەرئەوە پاڵاوتنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بۆ ئەندامێکی خۆی بۆ ئەندامێتیی لیژنەی تەنفیزیی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان IFJ، کە (سەندیکای

**ڕۆژنامەنووسانی کوردستان) ئەندامێکی نوێیە و ساڵێك بەسەر بەدەستهێنانی ئەندامێتیی تەواوی (ئەندامی کارا)دا تێنەپەڕیوە کە مافی کاندیدکردن و دەنگدانی هەبێت، ئەوە بوو لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٣ پلەی ئەندامی بەشدارمان بەدەست هێنا (کە مافی کاندیدکردن و دەنگدانی نیە)، لە کۆنگرەی بیست و پێنجەمینی فیدراسیۆندا لە ئەسینای پایتەختی یۆنان لە هاوینی ٢٠٠٤ بەشدار بووین، لەبەر تیشکی ئەم ڕاستییانەدا هەر تەنیا پاڵاوتن و مومارەسەکردنی مافی هەڵبژاردن لەو جۆرە کۆنگرە گەورەیەدا کە ٨٧ سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لە وڵاتانی جیاوازی دنیاوە بەشدارییان تێدا کردوە و لە چوارچێوەی ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو کە ٣١٠ ئەندام بوون و ئەوانەی بەکردەوە دەنگیان دا و ژمارەیان گەیشتە ٢٥٨ ڕۆژنامەنووس، بەچاوپۆشین لە ئەنجامەکان، بەهەنگاوێکی گەورە بۆ پێشەوە دادەنرێت.**

**بیرۆکەی کاندیدکردن بەلای سەندیکاکەمانەوە لە کۆنگرەی (٢٥)ەوە لە مێشکماندا بوو و کاتێك ئێمە ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا گفتوگۆمان دەکرد چەندین جار بەشێوەی ناڕاستەوخۆ تاوتوێ کراوە، بەڵام بیرکردنەوە و بیرۆکەکە تەواو ڕوون نەبوون، کاتێك بڕیار درا بەشداریی کۆنگرەکە بکەین، بابەتەکەم لەگەڵ هەردوو هەڤاڵم جێگری نەقیب و سکرتێری سەندیکا و سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوەدا تاوتوێ کرد و پێمان باش بوو چاوەڕوان بین تا دەگەینە مۆسکۆ و ئاگەداری ڕەوتی کۆنگرە و هەلومەرجی دەوروبەری دەبین، کە ساتی وەرگرتنی بڕیار هات ئێمەی ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا لەکاتی کۆنگرەکەدا لە مۆسکۆ کۆبووینەوە و بڕیارماندا هەڤاڵ شێرکۆ حەبیب وەك نوێنەری خۆمان کاندید بکەین، لەبەر تیشکی قەبارەی سەندیکاکەمان و ڕادەی ئامادەبوون و بەشداریکردنی لە کۆنگرە و کۆبوونەوەکانی ڕابردوو کە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕێکی دەخستن و دواینیان کۆنفرانسی هەولێر بوو کە تایبەت بوو بە سەلامەتیی پیشەیی ڕۆژنامەنووسان لە ماوەی نێوان ٥/١٠ بۆ**

٢٠٠٧/٥/١١ بەسەرپەرشتیی IFJ و هەردوو سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و عێراق و بەلەبەرچاوگرتنی رۆڵی ئەرێنیمان لەو کۆنگرە و کۆبوونەوانەی لێرە و لەوێ لەلایەن فیدراسیۆنی نێودەوڵەتییەوە بۆ رۆژنامەنووسان دەبەستران، هەروەها لەئەنجامی کاریگەریی عاتیفیی دەرکەوتنمان بەجلوبەرگی نەتەوەییەوە لەسەر ئەندامانی کۆنگرە و لەبەر تیشکی ئەو پەیوەندی و هەوڵانەی دانمان بۆ ئاشناکردن بە سەندیکاکەمان بەپێی توانا، لە دابەشکردنی باج و دروشمی سەندیکا و ئاڵای کوردستان، کە سەرەنجام بوو بە کۆششێکی بانگەشەکردنی گەورە کە چاوەڕوانمان دەکرد ئەنجامەکانی بەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنەوە رەنگ بداتەوە. بەم شێوەیە هەڤاڵ شێرکۆ حەبیب فۆرمی کاندیدکردنی بەزمانی ئینگلیزی پێشکەش کرد کە پێویستی بەهەندێ زانیاریی ورد هەبوو، لە دانیشتنی تایبەت بەناساندن هەستا و چووە سەر سەکۆکە و راگەیەنراوی هەڵبژاردنی خۆی بەزمانی ئینگلیزی خوێندەوە، تێیدا کێشە نەتەوەیی و پیشەییەکانمان و رۆڵی سەندیکای رۆشنامەنووسانی کوردستانی روون کردەوە، کە دەقەکەی لە ژمارە (٣١)ی رۆژنامەی (الصحفی)دا بەزمانی عەرەبی بڵاو کراوەتەوە. زۆر خۆشحاڵ بووین وەك سەندیکایەکی کوردستانی توانیمان خۆمان بۆ ئەندامێتی لیژنەیەکی سەرکردایەتی لە رێکخراوێکی نێودەوڵەتی وەك فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان بپاڵێوین (تەنیا پاڵاوتن).

پاڵاوتنی شێرکۆیش هۆی کرداریی خۆی هەبوو، لەو رووەوە لە پایتەختی بەریتانیا دەژی و جگە لە زمانی کوردی و عەرەبی، زمانی ئینگلیزیش دەزانێت، هەڵگری پاسپۆرتی بەریتانییە کە ئەوە یارمەتی دەدات زۆربەی جار بەبێ ئەوەی پێویستی بە ڤیزا و ئاڵۆزییەکانی سەفەر هەبێت، جموجووڵ بکات، هەروەها لەو رووەوە یەکێکە لە چالاکەکانی سەندیکا لە دەرەوە و وەك نرخاندنێکیش بۆ بەشدارییە گەورەکانی لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان کە لێرە و لەوێ دەبەستران، دواجاریش لەو رووەوە سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوە و بەرپرسی رێکخستنی پەیوەندیی

نێوان ئێمە و IFJ و سەندیکا رۆژنامەوانییەکان و رێکخراوە مرۆییە جیهانییەکان بوو، کە لەڕووی ماددی و مەعنەوییەوە یارمەتیی سەندیکاکەمان و خێزانی شەهیدە سەربەرزەکانمان و بریندارەکانمیان داوە، وەك رێکخراوی (روری بیك)ی بەریتانیی ئینسانی و رێکخراوی "پەیامنێرانی بێسنوور".

ئەندامانی شاندی کوردستان لە دوو رۆژی کۆتاییدا وەك شانەی هەنگ وا بوون، هەریەکە بەپێی توانای زمانەوانیی خۆی سەرقاڵ بوون بە پەیوەندیکردن بەئەندامانی شاندەکانیتر بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی بۆ کاندیدەکەمان، لەکاتێکدا ئێمە لەلایەن هەڤاڵانمان لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراقەوە سەرپشك کرابووین نوێنەرایەتیی ئەوانیش بکەین، ئێمە لەو بوارەدا لەوپەڕی وردی و رۆشنیدا بووین، موداخەلەکەی هەڤاڵ مستەفا ساڵح کەریمیش لەسەر سەکۆی کۆنگرە باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوە.

**تەنیا شەش دەنگ..**

بەڵێ بە شەش دەنگ بوونە ئەندامی یەدەگ لە لیژنەی تەنفیزیی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیمان لەدەست چوو، ئەوەیش بەیانیی دوایین رۆژ رووی دا، کە پرۆسەی هەڵبژاردن بەڕێوە چوو، کە ئێمە چوار دەنگ و سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراقیی دەستەخوشك یەك دەنگی هەبوو، تا دواین سات هەر سەرقاڵی بەدەستهێنانی دەنگ بووین، لە ماوەی کاتژمێرێکدا پرۆسەکە تەواو بوو و سندووقەکە برا بۆ ژوورێك کە لەوێ بوو و دوور لە چاوان دەنگەکان جیا کرانەوە، بەپێچەوانەی ئەوەی لای ئێمە دەکرێت لەکاتی پرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکاندا، کە پاڵێوراوانی هەڵبژاردنەکان یان نوێنەرانیان لەبەردەم ئامادەبوواندا ئامادە دەبن و جیاکردنەوە دەست پێدەکات و دەنگەکان لەسەر تەختە رەشێکی بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکراو تۆمار دەکرێن، کاتێك دەنگەکان جیا کرانەوە کە بە دوو قۆناغ کرا، لە قۆناغی یەکەمدا ٧٥ دەنگمان لە کۆی ٢٥٨ دەنگ و ١٠٥ دەنگ لە کۆی ٢٥٨ بوو بۆ یەدەگ، کاتێك ئەنجامەکان دەرچوون

هەستم بەخۆشی و بەختەوەرییەکی زۆر کرد بەڕادەیەك چاوەڕوانی بەدەستهێنانی ئەو ئەنجامە باشەم نەدەکرد کە لە دەرەوەی بیرکردنەوە و چاوەڕانیی ئێمە بوو و بەسەرکەوتنێکی گەورەم دانا ئەگەرچی ئەندامێتیی لیژنەی تەنفیزیمان بەدەست نەهێنا، کە خۆی لە بنەڕەتدا بەهۆی تازەیی ئەندامێتیمان لە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیدا پێشبینیی بەدەستهێنانیمان نەدەکرد، ئەمە یەکەم، دووەمیش پەیوەندیمان لەگەڵ سەندیکاکانیتردا زۆر سنووردار بوو و تەنیا لەگەڵ ژمارەیەکی سنووردار لە سەندیکا جیهانییەکان هەمانبوو وەك یۆنانی و ئەڵمانی و بەریتانی و ئێرانی و فەلەستینی، کە ئێمە بەهۆی کورتیی ماوەکە و هەروەها دەستکورتی بۆ ئاڵوگۆڕی سەردان و بانگهێشتکردن (بۆ نموونە دواکەوتنی هاتنی ڕێکخراوی "پەیامنێرانی بێسنوور" بۆ ماوەی یەك ساڵی تەواو تا توانیمان بەسەر لایەنە ماددییەکەدا زاڵ بین لەکاتێکدا ئەو ڕێکخراوە لەکاتی سەردانی کوردستاندا چەردەیەك پارەی بەخشیە خێزانی ڕۆژنامەنووسانی شەهیدمان، کە کەم نەبوو و ئامادەیی دەربڕی بۆ بردنی بریندارەکان بۆ دەرەوەی هەرێم). سێیەم، سەندیکاکەی ئێمە پاڵپشتی بەهێزی نەبوو وەك سەندیکای فەلەستین کە لەلایەن سەندیکا عەرەبییەکانی دەوڵەتانی عەرەبیەوە پاڵپشتییان بۆ کۆ کردەوە، سەندیکا ئەوروپییەکانیش حساباتی خۆیان لەگەڵ یەکتر هەبوو. چوارەم، مۆرکی کۆنگرەکە چەپئامێز بوو لەسەر چەپی ناوەڕاستیش ئێمە لەگەڵ کێشەیەکی تەواو تێکەڵوپێکەڵ ڕووبەڕوو بووین ئەویش کێشەی داگیر-ئازادکردنی عێراق بوو (ئێمە دەمانوت ئازادکردنی عێراق لە ڕژێمی فاشی) لەلایەن ئەمەریکاوە، هەندێکیان پێیان وابوو ئێمە بەرێنوێنیی داگیرکەر دەجوڵێینەوە. دواجاریش، گەمەی هەڵبژاردن لەو ڕێکخراوە جیهانییانەدا حساباتی خۆی هەیە و پێویستی بە ئەزموون و شارەزایی هەیە، کە بەتێپەڕبوونی کات دێتە دەست.

وتویژێکیتر..

بەڵام گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئێمە خەریکی بابەتێکیتر بووین، هەوڵمان دا دەریبخەین و روونی بکەینەوە و سیماکانی پیشان بدەن، وتویژێکیترمان هەبوو گەورەتر لە مەسەلەی هەڵبژارنەکان یان بەدەستهێنانی کورسییەك لە ئەندامێتیی لیژنەی تەنفیزیدا، وتوێژمان بۆ هەمووان چ لە هۆڵەکانی کۆنگرە و چ لەکاتی تێکەڵبوون بە شاندەکان، یان لە سەنتەری رۆژنامەوانیی سەربەخۆ یان لە پەیمانگەی رۆژهەڵاتناسیی رووسی یان لەکاتی بینینی سەرکردەکانی سەندیکای رۆژنامەوانیی رووسیدا کاتێك لە مۆسکۆ سەردانمان کرد، هەروەها لەکاتی سەردانی ماڵی کوردی لە مۆسکۆ سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان لە تورکیا، یان لەکاتی ئەنجامدانی دیمانەی رۆژنامەوانی و تەلەڤزیۆنی یان کاتێك بەدەم بانگهێشتی باڵیۆزی عێراقەوە چووین بۆ نانخواردنی ئێوارە، وتوێژمان (سەرجەم ئەندامانی شاندی کوردستان) تایبەت بوو بە روونکردنەوەی رەهەندەکانی دۆزی گەلی کوردستان و ئەو ستەمانەی لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە لە قۆناغە جیاوازەکاندا لێی کراون و هەوڵدانی سەدام بۆ گۆڕینی واقیعی نەتەوەیی و کەللەڕەقیی هەندێ ناوەندی عێراقی لەکاتی ئێستادا لەئاست جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و هەوڵدان بۆ درەنگخستنی گێڕانەوەی کەرکوك و خانەقین و مەخموور  و ئەو ناوچانەی لە قۆناغەکانی رابردوودا دابڕێنراون، بۆ ئامێزی کوردستانی دایك، هەموو ئەوانە لە چوارچێوەی وتوێژەکانماندا بوون لەگەڵ ئەو شاندانەی لە کۆنگرەکەدا دەمانبینین، یان لەکاتی سەردانی سەنتەرەکانیتردا، قسەکردنەکانمان هەر لەم سنوورەدا قەتیس نەبوو، کاتێك هەڵویستەکە بیخواستایە و پێویست بوایە سڵاوەکە لە خۆی باشتر وەڵام بدرێتەوە (وەك ئایەتە پیرۆزەکە دەڵێت).

لە بەشی داغستانیدا کە ستایشی داغستان و هەمزاتۆفەکەیان دەکرد کە ئێمە گۆرانیمان بەباڵادا وتوە، بەجلی کوردی و هەڵپەڕکێی کوردستانی و بە پارچە

گۆرانییەکی کوردی لەسەر ئەو شانۆ بچووکەی ئامادە کرابوو بەشداریمان کردن، لەنێو چەپڵەڕێزانی و خۆشیی ئامادەبووواندا.

**هاوڕێیان یادتان دەکەین..**

لێرەدا تەنیا دەتوانین سوپاسی هەڤاڵ شۆڕش دکتۆر خالید سەعید بکەین لەسەر ئەوەی ئەزیەتی لەگەڵدا کێشاین، هەر لە فڕۆکەخانەوە و بۆ فڕۆکەخانە و ئامادەکردنی ئۆتۆمبێل و کاتی پێویست بۆ خزمەتکردنی شاندەکە، هەروەها هەڤاڵ خۆشەوی مەلا ئیبراهیم کە ئەویش بەشێك لە پێویستییەکانی سەرکەوتنی ئەرکەکەی بۆ دابین کردین، ئەمە جگە لە بەڕێکردنمان لەگەڵ هەندێ لە ئەندامانی شاندەکەی بۆ فڕۆکەخانە، دیسان هەڤاڵمان (منصور الحفید) کونسوڵی سەربازی لە باڵیۆزخانەی عێراق کە ئۆتۆمبێلە شەخسییەکەی خۆی و شۆفێرەکەی (جەواد)ی تەرخان کرد بۆ خزمەتکردنی شاندەکە بەدرێژایی رۆژانی کۆنگرە، هەروەها هەڤالان ئارام و هاوسەرە رووسییەکەی (لینا) و هەڤاڵ یورا، ئەو کوردە ئێزدییەی رووسیا، دیسان ئەو برایانەی ماڵی کوردیش کە لە بارەگا گەورەکەیاندا لە مۆسکۆ بەباشی پێشوازییان کردین و رێزلێنانیان، بەوەی خوڵکیان کردین بۆ ئێوارەخوانێکی قەشەنگ لە یەکێك لە چێشتخانە کوردییەکانیان. یان ئایا دەتوانین بەخشندەیی بەڕێز کاکە ئەمین کوردی لە کوردستانی لکێنراو بە سووریا لەبیر بکەین کە لە مۆسکۆ نیشتەجێیە و میوانداریکردنیمان لە ڤێلا جوانەکەیدا لە دەرەوەی شاری مۆسکۆ و ئەزیەتکێشانی و ئامادەکردنی پێداویستییەکانی میوانداریکردنی کوردانەی بەخشندە و بەسەربردنی رۆژێکی بەهاریی جوان لەسەر ریتمی گۆرانی و مۆسیقای کوردی، هەروەها لە کۆتا رۆژمان لە مۆسکۆ کە تایبەت بوو بە ئەنجامدانی دوو سەردانی گرنگ، یەکەمیان سەردانی بارەگای سەندیکای رۆژنامەنووسانی رووس و بینینی سەرکردەکانی،

دووەمیشیان سەردانی بەشی کوردی پەیمانگەی رۆژهەلاتناسی و سەردانی بارەگای ئاژانسی نوڤسکی (پێشتر نوفستی) لەگەڵ هەڤاڵ موفید ئەلجەزائیری.

## پەیمانگەی رۆژهەلاتناسی رووسی.. بەشی کوردی..

له بارەگای سەندیکای رۆژنامەنووسانی رووس و بەپێی وادەیەك لەسەری رێك کەوتبووین، سەردانی بارەگاکەیانمان کرد له یەکێك له شەقامە سەرەکییەکان لەناو بینایەیەك کە له چەند نهۆمێك پێکهاتبوو، هەریەك له جێگری سەرۆکی یەکێتی و سکرتێری گشتیی یەکێتیی رووسی له پێشوازیماندا بوون، سلاّومان له یەکتر کرد، پاشان بەگوێرەی نەریتی باو لەو جۆرە دیدارانەدا، بواری قسەکردن بە من درا، کە سوپاسم کردن بۆ ئەو پێشوازییە گەرمە بەتایبەت کە ئەوان سەرقاڵ بوون بە کۆتا رۆژەکانی کۆنگرەوە، قسەکانم کورت کردەوە له باسی بارودۆخی گشتی له کوردستان و ئەو ستەمکارییانەی لەسەر دەستی رژێمی پێشوو له سەردەمی دیکتاتۆر سەدام حوسێندا دووچاری بووە و ئامارەدان بەهەندێ لایەنی نەرێنیی سیاسەتی گەورە دەوڵەتان له پەیوەندی بە کێشەی کورددا، پاشان باسکردنی دۆخی راگەیاندن و رۆژنامەنووسی له کوردستان و ناساندنی سەندیکاکەمان و داوام کرد یارمەتیمان بدەن له پەرەپێدانی ئاسۆی رۆژنامەنووسانمان له چوارچێوەی کردنەوەی ئەو خولانەدا، کە له ئایندەدا رێکەوتنی لەبارەوە دەکرێت.

له وەلاّمی قسەکانمدا، سکرتێری گشتیی سەندیکای رۆژنامەنووسیی رووسی بەخێرهاتنی کردین و هیوای پەرەسەندن و پێشکەوتنی بۆ خواستین له عێراقێکی دیموکراتدا و رەخنەی له سیاسەتی رەسمی دەوڵەت گرت له فەرامۆشکردنی بۆ

کۆنگرەکە و سنووربەندکردنی ئازادیی رۆژنامەگەری، هاوکات پێشوازی لە بیرۆکەی هاوکاریکردن کرد و داوای لە شاندەکەمان کرد کاتێك گەڕاینەوە بۆ کوردستان لیستێك ئامادە بکەین بەو خولانەی پێویستمانە بۆ رۆژنامەنووسانمان بکرێنەوە.

**شیرینیی گەزۆ (من السما) و.. دروشمی سەندیکا..**

لە کۆتاییدا دروشمی سەندیکامان پێشکەش کردن کە خۆی بۆ ئەو جۆرە بۆنانە ئامادە کرابوو، لەگەڵ قوتوویەك شیرینیی گەزۆی کوردستان. هەڤاڵ مستەفا ساڵح کەریم باسی جۆری ئەو پاڵپشتی و یارمەتییەی کرد کە پێویستمان پێیانە، ئەمە جگە لە دۆخی رۆژنامەنووسانی عێراق، هەڤاڵ شێرکۆیش باسی پەرەدان بەپەیوەندییەکانی کرد لەسەر بناغەیەکی پیشەییانە لەنێوان سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و سەندیکای مەرکەزیی رووسی بۆ رۆژنامەنووسان و زانیارییەکانی لەبارەی شوێنی سەندیکاکەمان بۆ راست کردنەوە، کە سەندیکایەکی سەربەخۆیە و نوێنەرایەتیی رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکات لە هەرێمێکی فیدراڵیدا، بوونی هەردوو هەڤاڵ خۆشەوی مەلا ئیبراهیم و شۆڕش خالید سەعید گەورەترین کاریگەری هەبوو لە وەرگێڕان لە رووسیەوە بۆ کوردی و بەپێچەوانەوە، ئەمە جگە لە دکتۆر ریزوان کە لە بنەڕەتدا ئەو وەرگێڕانی لەنێوان هەردوو زمانەکەدا دەکرد.

لە کۆتایی رێگەدا، ئێوارەی دواین رۆژ ٦/٤ وادەمان لەگەڵ پەیمانگەی رۆژهەڵاتناسی/بەشی کوردی هەبوو، کە مامۆستا کالا بەگەرمی پێشوازی کردین و هیوای خواست پرۆفیسۆر لازارێف لەوێ بوایە، بەڵام بەساڵاچوون و ئەو نەخۆشییانەی بەدەستیانەوە دەناڵێنێت رێگر بوون لەوەی لە پەیمانگەکە ئامادە بێت لەکاتی دەوامدا، بەو پێیەیش ناتوانێت پێشوازی لە میوانان بکات. لای خۆیەوە شەرحێکی تێروتەسەلی لەبارەی بەشی کوردی لە پەیمانگەکە و قوتابییە بەرایییەکانی

له بەشەكانی كوردستانی گەورەوە و ئەو بایەخەی دەوڵەتی سۆڤیەتی جاران پێ دەدا، خستە روو. لە كۆتاییدا هیوای خواست ئاهەنگی سەد و دە ساڵەی لەدایكبوونی رۆژنامەگەریی كوردی ساڵی ٢٠٠٨ لە مۆسكۆ ساز بكرێت. ئێمەیش لای خۆمانەوە سوپاسی ئەو پێشوازییە گەرمەمان كرد و هەندێ لە لایەنەكانی پەیوەست بە ئاسۆكانی دۆخی سیاسی كوردستان و مەسەلەی كەركوك و ئەگەری جێبەجێكردنی مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراقمان روون كردەوە.

## عەبدوڵا گۆران.. ساتی ماڵئاوایی..

ئەو بیست و چوار كاتژمێرەی مابوومان تەرخانمان كرد بۆ سەردانی یەكێك لە پاركە جوانەكان و بینینی میترۆی مۆسكۆ لە قووڵایی زیاتر لە ١٠٠ مەتر كە لە شتە سەیرەكانی دنیایە، نزیكەی كاتژمێرێكمان لەناویدا بەسەر برد و لە وێستگەیەكەوە دەچووین بۆ وێستگەیەكیتر و جارێكیتر بەگۆڕەپانی سوور و دەوروبەریدا پیاسەمان كرد، ئەو گۆڕەپانەی شایەتی لەدایكبوونی دەوڵەتی سۆڤیەتی بوو لەسەر دەستی لینین و بەلشەفییە رووسەكان و دامەزراندنی كۆمار بۆ ئەو نەتەوە و گەلانەی لەژێر باڵیدا لە دەوڵەتی نەتەوەیی بەهرەمەند بوون جگە لە كورد كە بەشیان ئەنفالكردن بوو، بەدابەشكردنیان بەسەر خاكی پازدە كۆماری سۆڤیەتدا دوور لە خاكی باوباپیرانیان ئەگەرچی چووبوونە ژێر باڵی حزبی بەلشەفیش لە سەردەمی ڤلادیمیر ئیلیچ لینیندا و دژی دوژمنانی شۆڕش جەنگان و لەخۆبوردووانە خزمەتیان كرد، بەڵام هیچیان بەدەست نەهێنا جگە لە دوورخستنەوە لە نیشتمان و كاری زۆرەملێ بەتایبەت لە راكێشانی هێڵی ئاسنین لە سەرتاسەری سیبریادا، وەك نووسەری كوردی شیوعیی ناسراو (عەرەب شامیلۆف) باسی دەكات، لەكاتێكدا شاعیر و ئەدیب و سیاسییەكانمان ستایشی دۆستی راستگۆی گەلان و هەڵگری دروشمی مافی گەلان لە

دیاریکردنی چارەنووسیان بەدەستی خۆیانیان دەکرد و گۆرانییان بەبالآیدا دەگوت و قەسیدەی حەماسییان بۆ دەهۆنییەوە. لەگەڵ ئەمەدا و سەرباری هەستکردنم بە داخ و مەراق لەبەرانبەر دیاردەی پەرتەوازەبوونی کورد دوور لە وڵاتی خۆیان لە هەردوو سەردەمی سۆڤیەتی و رووسیدا، هەستم بەجوانیی ئەو ساتە نایابانە دەکرد، کاتێك لە پەنجەرەی فڕۆکەکەوە تەماشای شاری مۆسکۆم دەکرد ئەو قەسیدە جوانەی شاعیری گەورەی کۆچکردوو عەبدوڵا گۆرانم بیر کەوتەوە لە مەدحی شاری مۆسکۆی جواندا وتویەتی، کە شایەتیدانێکی راستەقینە و راستگۆیە لەسەر وابەستەبوونی کورد بۆ سەروەختێك بە شاری مۆسکۆی سیمبوڵ و ئەو خەونە پەمەییانەی بۆ ئایندەی کوردستان و گەلەکەی هەڵگریان بوو، کە مۆسکۆی جوانیان نەمر کرد، بەوەی کردی بەناونیشانی شیعرەکەی، هۆنینەوەیشی هەر لە شاری مۆسکۆ خۆیدا بووە لە یەکی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٨..

**ئەی مۆسکۆی جوان**

**ئەی مۆسکۆ ئەی ژنی جوانی سپی پۆش!**

**ناو دەمی ئاڵ پڕ لە گۆرانیی خۆش خۆش!**

**بە ئاوازی (ئۆکسترا)ت وا مەستم،**

**هەر شەپۆلی شیعرە ئەدا لە هەستم**

**لە هەنگوینی ئەفسانەی دانی (بالیٚ)ت**

**بە هەردوو چنگ ئەخۆم وێنەی برسی شیت**

له كۆپلەیەكی دیكە دا دەڵێ

ئەی مۆسكۆ، ئەی ژنی جوانی سپی پۆش

هەر وەك مەمێك زینێك ناكا فەرامۆش

هەتا ئەمرێ.. منیش، هەتا هەتایە

دڵگیری تۆم هەرگیز لەدڵ دەرنایە

له دوا بەیتی شیعرەكەدا دەڵێ

بێ هەست ئەمكەن بە زاوای بەردەمی بووك

دەم بۆ ماچت ئەبەم مۆسكۆی ئێسك سووك...



مۆسکۆ، ئەندامانی شاندی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بۆ کۆنگرەی ٢٦ـەمینی IFJ

لە ڕاستەوە: خالد بەکر ئەیوب، حامد محەمەد عەلی، فەهیم عەبدوڵڵا، شێخ سدیق، عەبدوڵڵا زەنگەنە، ئەکەد موراد، زیرەک کەمال، شێرکۆحەبیب

دانیشتووان: فەرهاد عەونی، نەوزاد پۆڵس




نووسەر لەگەڵ سەرۆکی شاندی داغستان، لەکاتی ئاڵوگۆڕی دیاری دا



ئەندامانی دیاریکراوی شاندی سەندیکا لە کاتی دەنگدانیان بۆ هەڵبژاردنی لیژنەی راپەڕاندنی (IFJ)




ژمارەیەك لە ئەندامانی شاندی سەندیکا لەگەڵ ئایدن وایت سکرتێری گشتیی IFJ



دیداری نێوان سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی رووسیا



بەشێك لە ئەندامانی شاندی سەندیکا لە بەشی کوردیی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی



لە بارەگای یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی بەریتانیا و ئێرلەندا لە لەندەن

## کەرکوک

## لەنێوان نەگۆڕە مێژووییەکانی و لۆژیکی تاریق عەزیزدا

پاش راپەڕینەکەی گەلی کوردستان لە ئازاری ١٩٩١ و ئەو کۆچە ملیۆنییەی بەدوایدا هات، بەرەی کوردستانی کە زۆربەی حزب و هێزە سیاسییە کاراکانی گۆڕەپانی کوردستانی دەنواند، چووە ناو وتویێژێك لەگەڵ حکومەتی بەغدا، کە واقیعی سیاسی ئەوکاتی کوردستان سەپاندی بەمەبەستی گەیشتن بەچارەسەرێکی ئاشتییانە و دیموکراسییانەی کێشەی کورد و بڵاوکردنەوەی دیموکراسی لە عێراق. سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی لە بەهاری ١٩٩١ لەوەی لە مێشکی بەرپرسانی بەعسدا بوو بێئاگا نەبوو، کە ماوەکانی ئاگربەست و دانوستانیان و پێدانی بەڵێنی بریقەداریان دەقۆستەوە، پاشان کاتێك هەستیان دەکرد هاوسەنگیی هێز لە بەرژەوەندیی ئەوانە، سەرلەنوێ شەڕیان دەسەپاندەوە.

لە یەکێك لە دانیشتنەکانی ئەو وتویێژەدا لەنێوان سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی و هەندێ لە بەرپرسانی بەعس، کە تاریق عەزیز بەرپرسی دۆسیەی وتوێژ بوو لەگەڵ بەرەی کوردستانی، گفتوگۆیەکی گەرم لەنێوان هەردوولا هاتە کایە

لەسەر ناوچە بەعەرەبکراوەکان و بەتایبەت شاری کەرکوك، سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی لەکاتی وتوێژدا جەختیان لەم نەگۆڕانەی خوارەوە دەکردەوە:

– کەرکوك شارێکی کوردستانییە و دەکەوێتە ناو سنووری کوردستان، ئەمە تەنانەت لە (ساڵنامەی عوسمانی)شدا جێگیر کراوە و مێژوو و جوگرافیا بەبێ پێچ و پەنا ئەوە دووپات دەکەنەوە.

– کەرکوك شاری برایەتییە، ئێدا لەپاڵ کورد، عەرەب و تورکمان و کلدان و ئاشووری نیشتەجێن، لەبەر هەزار و یەك هۆ هەموو مەحکومن بەپێکەوەژیان.

– گۆڕینی واقیعی نەتەوەیی تێیدا خزمەت بە کەس ناکات، بەڵکو درزێك دروست دەکات کە بەئاسانی لانابرێت، هەروەها ئەوە زیان بە پەیوەندیی مێژوویی نێوان هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد دەگەیەنێت.

کاتێك تاریق عەزیز بۆچوونەکانی لایەنی کوردستانی بیست لەکاتی وتوێژەکەدا، زۆر تووڕە بوو و هەندێ وشەی بەزاردا هات زیاتر لە وڕێنەی شێتان دەچوو، کە پێی وتن: هەرچی لەبارەی کەرکوکەوە دەیڵێن لەلایەن ئێمەوە (واتە حکومەتی بەعس) ڕەتکراوەیە، بەڵام ڕاشکاوانە پێتان دەڵێم ئێوە سەبارەت بەکەرکوك یەك مافتان هەیە دەتوانن مومارەسەی بکەن، ئەویش ئەوەیە تەنیا مافی گریانتان هەیە بۆ کەرکوك کاتێك بەناویدا هاتوچۆ دەکەن، وەك ئەوەی ئێمەی عەرەب بەرانبەر ئەندەلوس دەیکەین.


پووکاڵاوی و شەرمەزار بێت ئەو لۆژیکە و ئەو چواندنە و ئەو ئەقڵییەتە کە عێراقی بەرەو هەڵدێر برد، خاوەنی ئەو ئەقڵییەتانەیشی بەرەو زبڵدانی مێژوو برد کاتێك بەراوردی دۆخی شارێکیان کرد کە دڵی زیندووی کوردستانە و قوربانیی زۆرمان لەپێناویدا داوە و بەهۆی ئەوەوە تووشی نسکۆیەکی بەسوێ بووین لە بەهاری

**ساڵی ١٩٧٥، کاتێك سەرکردەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد و سەرۆکە کۆچکردووەکەی مستەفا بارزانی رەتیان کردەوە دەست لە کەرکوك هەڵبگرن، لەئاکامی ئەوەدا لە بەهاری ١٩٧٤ شەڕ هەڵگیرسایەوە کاتێك لوتبەرزی سواری سەری بەرپرسانی بەعس بوو، پاشان دەستهەڵگرتن لە نیوەی شەتولعەرەبیان بۆ شای ئێران بەلاوە باشتر بوو لە بەدەمەوەچوونی مافە نەتەوەییە رەواکانی گەلی کورد. رۆژگار تێپەڕی و کەرکوك پێش کەوتنی حوکمی بەعس لە بەغدا لە ٩ی یسانی ٢٠٠٣ ئازاد بوو، کاتێك چاومان بە بینینی قەڵا شوێنەوارییەکەی و گەڕەکەکانی ئیمام قاسم و رەحیماوا و ئەحمەد ئاغا و جووت قاوە و گازینۆی مەجیدیە و پاشماوەی بینای هۆتێل شەهرەزاد رووناك بوویەوە، فرمێسکی خۆشی بەچاوماندا فواڕەی بەست کە بینیمان کەرکوك گەورەی خۆیەتی و بۆ ئامێزی جوگرافیاکەی و خەڵکە ئارامگرەکەی گەڕایەوە. کاتێك ئەو فرمێسکانە بەچاوماندا دەهاتنە خوارەوە لە خۆشیی ئازادبوونی کەرکوك، چاوەکانی تاریق عەزیز فرمێسکیان بۆ ئەو چارەنووسە رەشە دەڕشت کە چاوەڕوانی ئەو و هەڤاڵانی و ئاغاکەی دەکرد، کە خاوەنی ئەو لۆژیکە نامۆیە بوون و بەرەو زبڵدانی مێژووی بردن.**




نەخشەی ویلایەتەکانی ئاسیای دەوڵەتی عوسمانی کە مێژووی بۆ ساڵی ١٨٩٣ دەگەڕێتەوە

کە تێیدا ناوی کوردستانی بەسەرەوەیە



تاریق عەزیز لە دادگا چاوەڕوانی چارەنووسی خۆی دەکات

## کاتێك سەعید قەزار وتی

## "ناخەوم تا دیجلە دەخەوێت"

ئەمساڵ لە دامەزراوەی عەرەبی بۆ توێژینەوە و بڵاوکردنەوە کتێبێکی نوێ بەناونیشانی (سعید قزاز و دورە فی سیاسە العراق حتی عام ١٩٥٩) نووسینی (عبدالرحمن البیاتی) دەرچوو، مێژوونووس و توێژەری گەورە د. کەمال مەزهەر پێشەکی بۆ کتێبەکە نووسیوە بەناونیشانی (سعید قزاز امام محکمە التاریخ)، لەلایەکیترەوە رۆژنامەی (الزمان)ی لەندەنی مانگی تشرینی یەکەمی رابردوو بابەتێکی لە یازدە ئەڵقەدا بڵاو کردەوە بەناونیشانی (لمحات عن سعید قزاز) نووسینی (زهیر کاظم عبود)، کە پشتی بەچەند سەرچاوەیەك بەستبوو، هەروەها دیمانەی لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا کردبوو بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکەی، کە لەو بابەتە سەرنجڕاکێشانەیە چەند مانگێکە رۆژنامەی (الزمان) کردویەتی بەنەریت، وەك چەند ئەڵقەیەك لە مێژووی عێراقی هاوچەرخ بڵاویان دەکاتەوە.

یەکێك لەو کەسایەتییانەی (زهیر کاظم عبود) پشتی پێ بەستوون لە ئامادەکردنی بابەتەکەیدا (لمحات عن سعید قزاز)، مامۆستا و پارێزەر (عبدالقادر الدبونی) بووە، کە دواین دیداری خۆی لەگەڵ سەعید قەزاز لە شەوی لەسێدارەدانیدا بۆ نووسەر

گواستۆتەوە، کە لە حەوشەی زینداندا گفتوگۆیان کردوە و کۆتاییەکەی وەك (الدبونی) دەیگێڕێتەوە بەم شێوەیە بووە:

سەرەڕای خەمە خنکێنەرەکان قسەیەکی قەزاز هاتەوە بیرم کی شەوی ٢٩ی ئازاری ١٩٥٤ کردی لەوکاتەی بەغدا خراپترین و دواین شەوی خۆی دەژیا، کاتێك مەترسی لافاوی دیجلە هەڕەشەی نوقمبوونی لە پایتەخت دەکرد و سەعید قەزاز ئەوکاتە وەزیری ناوخۆ بوو لە حکومەتی (فاچل الجمالی)دا، دوو بۆچوون هەبوون بۆ رزگارکردنی بەغدا، یەکەمیان چۆڵکردنی لای رەسافە بوو لە دانیشتوانەکەی بۆ خۆلادان لە مەترسی و پاراستنی گیانی ملیۆنان خەڵك، دووەمیان کە بڕیاری لەسەر درا ئەوە بوو رەسافە چۆڵ نەکرێت و ئەوپەڕی کۆشش بەخەرج بدرێت و سەرجەم توانا مرۆیی و تەکنیکییەکان بخرێنە کار لەپێناو رزگارکردنی بەغدا، خاوەنی ئەم بۆچوونەی دووەم سەعید قەزاز بوو، کە وەك کەسی یەکەمی وەزارەتی ناوخۆ رستە بەناوبانگەکەی وت: (ناخەوم تا دیجلە دەخەوێت)، کاتێك دەبوونی ئەو رووداوە و ئەو رستە باس دەکات لەکاتێکدا بۆ دواین جارماڵئاوایی لە سەعید قەزاز دەکات و پێی دەڵێت: (هەر ئەوەت بەسە جێی کە شانازی و کارێکی گەورە بێت، کە ئەو رۆژە وتت ناخەوم تا دیجلە دەخەوێت).

لێرەدا بابەتەکەی من باسکردنی سیفەتە باشەکانی سەعید قەزاز نیە، کە ٤٢ ساڵە ئۆغری کردوە بۆ دنیاکەیتر، بەڵکو مەبەست یادخستنەوەی وەزیر و بەڕێوەبەرەکانمان و خاوەن پلە وەزیفییە تایبەتەکان و بەڕێوەبەرانی بەشەکان و ئەوانەن (بکە و مەکە)یان لە راییکردنی کاروبار و مامەڵە رۆژانەکانی خەڵکیان بەدەستە، قسەکەم ئاراستەی ئەوان دەکەم و پێیان دەڵێم (کێ لە ئێمە ناخەوێت تا لە حاڵی خەڵك دڵنیا دەبێت؟!) کێ لە ئێمە وەزارەت و فەرمانگە و شوێنی کارەکەی بەجێ ناهێڵێت تا کۆتایی بە ناڕەحەتییەکانی (موراجیع)ان دێنێت، کە چەندین کاتژمێری دوور و درێژ

**لە سەردانی ئەم یان ئەو فەرمانگەدا بەسەر دەبەن لەپێناو تەنیا دەسکەوتنی ئیمزایەك لەسەر ئەوراقی مامەڵەكانیان كە لەوانەیە تەواوكردنیان چەند رۆژ یان هەفتەیەك بخایەنێت؟! كێ لە ئێمە هەر بەو شێوەیەی مامەڵە لەگەڵ موڵكی شەخسیی خۆی دەكات، مامەڵە لەگەڵ موڵكی حكومەتیش دەكات؟!.**



رووباری دیجلەی هەڵچووی ساڵی ١٩٥٤



سەعید قەزاز



سلێمانی، ١٩٥٨/٦/١٦، پێشانگای هونەری شێوەکاریی قوتابخانەکانی سلێمانی

کە لەلایەن وەزیری ناوخۆی عیراق سەعید قەزاز کرایەوە. لە راستەوە: ئازاد شەوقی، سەعید قەزاز، عومەرئاغای قایمقامی ناوەندی سلێمانی

## له لۆژیکی ( یونس ئەلتائی )یەوە بۆ ( سەلیم مەتەر ) و پەنا بەخوا

دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ و پاش ئەوەی ئەو هێزانەی شۆڕش زیانی پێ گەیاندن شوێنی خۆیانیان گێڕایەوە، هەروەها لەگەڵیاندا باڵە جیاوازەکان لە نەتەوەپەرستانی عەرەب، بەعسییەکان و ئەو تاقمانەی بەردەوام هەوڵیان دەدا رێبازی شۆڕش بگۆڕن و بنەماکانی بشێوێنن، جارێك بەوەی بیخەنە مێشکی زەعیمی شۆڕش عەبدولکەریم قاسم کە هێزە نیشتمانی و دیموکراتەکان دەیانەوێت دەست بەسەر شۆڕشەدا بگرن، جارێکیتر لەڕێی پیلانگێڕان بۆ رووخاندنی رژێمی دەسەڵاتدار و تیرۆرکردنی سەرکردەکانی لەڕێی ئەو ئەفسەرانەوە زەعیم پشتی پێ بەستن و پۆستە هەستیارەکانی پێ سپاردن، کە پاشتر گۆڕان بۆ یەکێك لە گرنگترین ئامرازەکانی سەرکەوتنی کودەتا خوێناوییەکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣، کە تێیدا عێراق و گەلانی چوونە ناو سەردەمی ستەم و دیکتاتۆرییەت، کە نزیکەی ٤١ی ساڵی خایاند تا رۆژی کەوتنی لە ٩ی نیسانی ساڵی رابردوو (٢٠٠٣/٤/٩).

دەگەڕێینەوە بۆ کۆتا مانگەکانی ساڵی ١٩٦٠ و هاوسەردەمانی ئەو قۆناغە یان ئەوانەی وردەکارییەکانی رووداوەکەیان لەبیرە، کە هەلومەرجی سیاسی پڕ بوو بەوەی

چاوەڕوانکراو بوو لە هەڵگەڕانەوەی شۆڕش بەسەر خۆی و پرنسیپەکانیدا، پرنسیپی هاوبەشایەتیی کورد و عەرەب لە وڵاتی عێراقدا وەك لە ماددەی سێیەمی دەستووری کاتیدا هاتووە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨، کە هێزەکانی تاریکی و پیلانگێڕان بەپاڵپشتیی هەندێ لایەن و حکومەتی عەرەبی و بیانی کەوتنە ئەنجامدانی هەڵمەتی تیرۆرکردنی تێکۆشەرانی سیاسی و هەڵبەستنی تۆمەتی جیاواز بۆ کەسە نیشتمانپەروەرەکان. هەندێ قەڵەمی بەکرێگیراویش پەیدا بوون کە ئەرکیان شێواندنی ڕاستییەکان و هێرشکردنە سەر سیمبوڵەکانی بزوتنەوەی نیشتمانیی عێراقی و کوردستانی و هەڵنان لەدژیان گرتە ئەستۆ، سەکۆی ئەو قەڵەمانەیش هەندێ ڕۆژنامە و گۆڤاری ئەوپەڕی کۆنەپەرست بوون وەك ڕۆژنامەکانی (الثورة، الحرية، الفجر الجديد) و گۆڤاری (الوادي، بغداد) و هیتر لە جووقەی ئاوازی کۆنەپەرستانە. یونس ئەلتائی یەکێك بوو لەو دەنگانەی دەستی کرد بەلێدان لە ژێی (تواندنەوەی کورد لە بۆتەی نەتەوەی عەرەبدا). ئەلتائی دۆستایەتییەکەی لەگەڵ زەعیم عەبدولکەریم قاسم قۆستەوە و هەوڵیدا زیان بەکورد بگەیەنێت بەگومانی ئەوەی کارەکەی لە زەعیم نزیکی دەخاتەوە، ئەمە جگە لە نەعرە شۆڤێنییەکان و دوژمنایەتیکردنی کورد، کە بووە هۆی وێرانکردنی عێراق و کۆتایی زەعیم عەبدولکەریم قاسمی خێرا کرد، کاتێك تائی لە ٢ی ئازاری ساڵی ١٩٦١ لە ڕۆژنامەی (الیورە)دا وتارێکی نووسی، تێیدا هاتووە: (عێراق یەك گەل بووە نەك کۆمەڵە گەلێك).

ڕەنگە لۆمەی یونس تائی نەکەین لەسەر لێکدانەوەی بۆ (یەك گەل) یان (کۆمەڵە گەلێك) وەك لەو وتارەیدا هاتووە، چونکە خاوەن پرنسیپ یان ئاراستەیەکی سیاسیی دیاریکراو، یان ڕەمزێك نەبوو لەو کۆمەڵە ڕەمزانەی پاش شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ دەرکەوتن، هێندە هەیە تائی دەیویست –لەبەر هەرهۆیەك لە دەروونی یەعقووبدا (لغرض في نفس يعقوب)– خۆی لە زەعیمی ئەوکاتی عێراق نزیك بکاتەوە، هەر ئەمەیش بوو (ڕۆڵەکانی گەلانی عێراق) بینییان، کە پیاهەڵدەران و مەراییکاران

لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ بەشێوەی جیاواز روو لە زیادکردن بوون و یەکێك لە گرنگترین ئەرکەکانیان (نزیککەوتنەوەیە لە دەسەڵات) (تا هەزار درهەم) یان پۆستێکی دیاریکراو لەبەرانبەر خزمەتەکانیان وەربگرن، کە لەم دەهانەی دواییدا بووەتە قوتابخانەیەك و ساڵانە سەدان لەدوای سەدانی لێوە دەردەچن. ئەوەی لێرەدا جێگەی لۆمەکردنە، تیۆریزەکارانی قەومییەت (ناسیونالیزم)ی عەرەبی و بانگەشەکارانی هەستانەوە و یەکێتیی عەرەبی و تیۆریزەکارانی بەسیاسیکردنی ئاینن، کە بەکردەوە و تیۆریزەکردنەکانیان رووی شارستانییانەی ئاین دەشێوێنن، وەك گرنگترین بەربەست لەبەردەم ستەم و لادان و دڵڕەقی و ئیرهاب و نکوڵیکردن لە مافی ئەوانیتر لە ژیاندا، وەك کە خوای گەورە بەهەموومانی بەخشیوە.

هەندێ لە تیۆریزەکارانی قەومییەتی عەرەبی وەك مامۆستا هیشام ئەلشاوی هەوڵیان دا ئۆباڵی ئەو وێرانەیەی تووشی عێراق بوو بخەنە ئەستۆی کێشەی کورد (چونکە عێراق لە خاکەکەیدا کە دەکەوێتە نێوان هەردوو رووبارە گەورەکە، تەنیا تۆوی عەرەبی رەسەنی قەحتانی و عەدنانی وەشاندوە) (وەك لە موحازەرەیەکیدا ساڵی ١٩٦٧ باسی دەکات). کاتێك لە قۆناغی یەکەمی کۆلێژی ئابووری و زانستە سیاسییەکاندا کە بابەت هاتە سەر کێشەی کورد و بابەتە گەرمە رۆژانەکانیتر و دەرگایش بۆ گفتوگۆ کراوە بوو، لەو بارەوە موناقەشەم لەگەڵیدا کرد، رێك و راست پێی وتم (گوێ بگرە قوتابی، ئەگەر لەناو پۆل و لە حەرەمی زانکۆدا نەبووینایە، بەگولله لێم دەدایت).

شاوی بەم قسانە و بەو تیۆریزەکردنە عەنتەرییانەی لە سەربەنی بزوتنەوەی (کۆنگرەی ناسیونالیستانی عەرەب)ەوە، هەستی کوردی بریندار کرد، چونکە هەڵقوڵاوی بیر و باوەڕی رۆشنبیر و سیاسییەکی عەرەبی عێراقی ئاگا بەکاروباری سیاسی و ئاگەدار لە مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی و ئەو دەستوورە بوو کە

شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ هێنای، هەروەها بەو بیرە و بیری کەسانیتری وەك ئەو بناغەی رق و کینە و پەرتەوازەییان لەنێو گەلانی عێراقدا دامەزراند، ئەو و هاوشێوەکانی لە خاوەن تەنزیراتە جیاوازەکان، هەوڵ دەدەن دیوارێکی بێکۆتا لەنێوان رۆڵەکانی هەردوو گەلی کورد و عەرەبدا دروست بکەن و بیگشتێنن بۆ دەرەوەی سنوورە جوگرافییەکانی عێراق، تا سەرجەم کەناڵە تەلەڤزیۆنییە ئاسمانییەکان بگرێتەوە، کە رۆژانە و بەدرێژایی کات لە رێیانەوە هەوڵ دەدەن ژەهر بلاو بکەنەوە، وەك ئەوەی داواکاریی کورد بۆ مافە نەتەوەییەکانی لەسەر بناغەی فیدراڵی لەم قۆناغەدا بووبێتە بۆمبێکی کاتبەند (وەك لە دیمانەیەکی تەلەڤزیۆنیی کەناڵێکی عەرەبی لەگەڵ یەکێك لە تیۆریزەکارانی بەسیاسیکردنی ئایندا هات) و ئەو بۆمبە کاتبەندە ببێتە هۆی (دابەشکردنی عێراق و لێکردنەوەی بەشێکی گرنگی، ئەمە جگە لە وروژاندنی غەریزەی نەتەوەیی کوردی لە دەوڵەتانی دراوسێ، کە دەبێتە هۆی دروستکردنی کێشەی ئەوتۆ لەگەڵ ئەو نەتەوانەی لەڕووی جوگرافیاوە هاوسنووری نیشتمانی عەرەبن، کە ئاکامەکەی باش نابێت).

رەنگە بتوانین بەنابەدڵی ئیستیعابی ئەو قسە و قسەلۆك و نووسینانە بکەین، لەو رووەوە بەرهەمی دەمارگیریی نەتەوەیی کوێرانەن و بەنەمانی هۆکانیان نامێنن کاتێك ئەوان دەرك بەوە دەکەن ئەو تێزانەیان زیان بەئایندەی نەتەوەکەیان دەگەیەنێت، ئەمە جگە لە ریسواکردنیان لەبەردەم سەرجەم گەلانی زەویدا کە وا پیشانیان دەدات ئەوان نەگۆڕاون و ناگۆڕێن تا ئەوکاتەی زۆر لە بەهاکانی مێژوو لەدەست دەدەن و گەورە بڕیار بەدەستان دێنە سەر خەت بۆ دانانی سنوور بۆ لوتبەرزییان، کە هیچ بەهایەکی لە کاروانی شارستانێتیی مرۆڤایەتیدا نیە.

لەوەیش بەدتر، پەیدابوونی چەند کەسێکی گومڕایە کە هەوڵ بۆ (ئینکاریکردن لەپێناو ئینکاریکردن) و دەستگرتن بە لۆژیکی (الحجاج بن یوسف الثقفي و طه

الشكرجي و زعيم صديق و غانم مصباح و علي كيمياوي) دەدەن، بەڵام ئەوە چ زمانێکە، زمانی دیالۆگی سەردەم یان زمانی پلیشاندنەوە و نادیدەگرتنی مێژوو و جوگرافیا و مافی گەلان لە بڕیاردنی چارەنووسیان و وەلاخستنی ئایەتی (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ)، کە لە زۆر بڕگەی کتێبی خودی بریندار (الرثات الجريحه)ی (سليم مگر)دا بەرجەستە دەبێت، کە ماوەیەکە لەژێر پاساو و بیانووی لاواز و پێشوەخت ئیدانەکراودا هەوڵ دەدات بەشێوەیەکی رەها خراپە بەرانبەر مێژووی نەتەوەی کورد و خاکەکەی کوردستان بکات، وەك لە (لا٤٠٧) ی (الذات الجريحه)دا دەڵێت: (وێنەیەکی روونتر کوردستانی مێژوویی کە مافی بڕیاردانی چارەنووسی هەیە، ئەو ناوچە و شارە شاخاوییانەن دەکەونە شریتی زنجیرە شاخەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك و بەگشتی ناوچەی شارەزووری مێژوویيە کە ئێستا لەنێوان عێراق و ئێراندا بەش بووە، هەرچی ناوچەی دەربەندیخان و شاری هەولێر و مەخموور و زاخۆن، ناوچەی رەسەنی عێراقی و بەشێکی جوگرافی و مێژوویین لە وڵاتی رافیدەین و هیچ پەیوەندییان بە کوردستانی ئەسڵییەوە نیە).

ئەمە مشتێکە لە خەروارێك لە لۆژیکی سەلیم موتەر کە رۆڵەکانی کوردستان لەبەر ئەو خراپەیەی بەرانبەر مێژوو و ئێستایان دەیکات رقیان لێیەتی، بەهێزترین وەڵامیش بۆ ئەو (نووسەری زەرورەت)ە، ئەوەیە جەواهیریی مەزن ساڵی ١٩٧٠ لە دیمانەیەکی تەلەڤزیۆنیدا کە نووسەر و رۆژنامەنووس حەسەن عەلەوی لەگەڵیدا سازی کرد، بەدەق دەڵێت: (ئازارەکانی ئێستای من وەك جەواهیری، هەمان ئازارەکانی موتەنەبین، ئەگەرچی هەزار ساڵمان لەنێواندایە، چونکە ئەو لۆژیکەی لە سەردەمی موتەنەبیدا زاڵ بوو هەمان ئەو لۆژیکەیە ئێستا لە کۆمەڵگەکەماندا زاڵە).

## ئایا عەزیز ئەلحاج بەقەناعەتێکی تەواوەوە شایەتییەکەی لەسەر مێژوو دا؟!

بەخت زۆر یاوەرم بوو کە لە ماوەیەکی کورتدا دوو کتێبی دانەرێکم دەست کەوت، ئەویش سیاسەتمەداری عێراقیی ناسراو عەزیز ئەلحاجە، گرنگیی دوو کتێبەکە لەوەوە دێت بە (کتێبی سیاسی. ئەدەبی یاداشت) دادەنرێن، یەکەمیان بەناونیشانی (دفاتر الشخص الاخر) کە بایۆگرافیای دانەرە لە لەدایکبوونیەوە ساڵی ١٩٢٦ لە کازمیەی بەغدا لە باوك و دایکێکی کورد، تا دەرچوونی لە زیندان پاش بەسەربردنی نیوەی ماوەی حوکمەکەی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨. (ذنون ایوب) وەسفی کتێبەکە و شێوازی نووسینی کردوە بەوەی (شێوازێکی زۆر نوێیە لە گواستنەوە و بازدان لەنێوان رابردوو و ئێستا، لەنێوان وڵاتان و ئەو رێبازە سیاسی و شێوە ژیانانەی تێیاندایە و ژیانی پڕ لە سۆزی جنسیی دژبەیەك و کارتێکرانی قووڵ بەوەی لە دەوروبەری مرۆڤ دەگوزەرێت.. ئینسانیی زاڵ، توندوتیژ، قووڵ).

کتێبی دووەم بەناونیشانی (شهادة للتاريخ، اوراق في السيرة الذاتية السياسية)، کە لە خانەی (الرافد) بۆ بڵاوکردنەوە و دابەشکردن لە لەندەن دەرچووە، لە نیسانی ساڵی ٢٠٠٢، بڵاوکارەکە بەم شێوەیە وەسفی کتێبەکە دەکات:

(د. عەزیز ئەلحاج لەم کتێبەیدا ڕووداوە سیاسییەکانی عێراق دوای جەنگی جیهانیی دووەم و ژیانی لەناو بزوتنەوەی شیوعیی عێراق بەدرێژایی چارەکە سەدەیەك دەخاتە ڕوو و شرۆڤە دەکات، لە سیاسەتەکانی حزبی شیوعیی عێراقی لە پاش جەنگی جیهانیی دووەمەوە و دوای ١٤ی تەممووز دەدوێت، تەرکیز دەکاتە سەر ئەزموونی خۆی لەناو حزبی شیوعیی عێراقی (سەرکردایەتیی ناوەندە جیابووەوە) لەنێوان ئەیلوولی ١٩٦٧–ئایاری ١٩٦٩، دەیان ڕاستی و وردەکاری لەبارەی پێشەکییەکانی ئەو بزوتنەوەیە دێنێت کە سەرکردایەتی کرد و هەڵوێستەکانی، لەسەر شەڕی زۆنگاوەکان (الغموکە) شەترە لە حوزەیرانی ١٩٦٩ دەوەستێت، ئەنجا کودەتای دووەمی بەعس لە ١٧ی تەممووزی ١٩٦٨ و هەڵوێستەکانی شیوعی بەرانبەری، پاشان چیڕکرنەوەی ڕژێمی نوێ بۆ کەڵبەکانی و گەڕانەوەی بۆ سەرکوتکردن و ئەشکەنجەدان و قەتڵوعام، پاشان دەستگیرکردنی سەرکردەکانی حزبەکەی و وردەکاریی هەڵوێستی لە زیندان و سیمینارە تەلەڤزیۆنییە بەناوبانگەکەی و بەردانی گیراوان و پەیوەندییەکانی بە ڕژێمەوە.

کتێبەکە ڕووبەرێکی گەورە بۆ بەڵگەنامەکانی بزوتنەوەکە و شایەتییە جیاوازەکان لەبارەیەوە، کە دژیەکن، تەرخان دەکات، ئەلحاج لە کۆتاییدا لەسەر ئەو ئەزموونانەی دەکرێت بەدەست بێن و داوگە و هەڵەکانیان دەوەستێت.

کتێبەکە بە ڕۆحی شەفافییەت و ڕوونی و ڕەخنە لەخۆگرتنی توند نووسراوە، شایەتییەکی زیندوو و بەڵگەنامەبەندە، کە ئەوانەی بایەخ بە ڕووداوەکانی ئەو قۆناغە لە مێژووی عێراقی نوێیی پڕ لە کارەسات و هەڵە دەدەن، لێی بێنیاز نین. نووسەر پێشوازی لە هەر ڕەخنە و ڕاستکردنەوە و وردبینییەك دەکات کە لەبارەی ئەوەی تێیدا هاتووە بۆی بێت یان بڵاو بکرێتەوە، ئەوەیش بانگەوازێکە بۆ دیراسەکردنی ئەزموونەکانی ڕابردوو بە گیانی ڕەخنەگرتنی بنیاتنەرانە و ڕەخنەلەخۆگرتنەوە

بەمەبەستی سوودبینین و پەندوەرگرتن، نەك بۆ ئازاردان و ناوزڕاندن، دوور لە کولتووری توندوتیژیی درێژخایەن لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا.

پێش لەوەی کتێبەکە بخرێتە کتێبخانەکان، رۆژنامەی (الزمان)ی لەندەنی چەند بەشێکی بەچوار ئەڵقە بڵاو کردەوە لە ژمارە (١٢٠٢)ی ٣ی ئایاری ٢٠٠٢ تا ژمارە ١٢٠٥ لە ٨ی ئایاری ٢٠٠٢ بەهەمان ناونیشانی کتێبەکە (شهادە للتاریخ)، لە پێشەکییەکەی (الزمان)دا لەبارەی عەزیز ئەلحاج هاتووە: (پلە بەپلە بەپۆستە جیاوازەکانی حزبی شیوعیی عێراقیدا بەرز بووەتەوە. تا بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، پاشان سەرۆکایەتیی گەورەترین بزوتنەوەی جیابوونەوە(انشقاق)ی لە حزبی ناوبراودا کرد).

سەبارەت بە کتێبەکەیش رۆژنامەی (الزمان) لە شوێنێکیتری پێشەکییەکەدا دەڵێت (کتێبەکە لەسەر هەندێ رووداوی مێژووی دەوەستێت، کە لەبارەیانەوە نەنووسراوە یان کەمیان لەبارەوە نووسراوە، یان لایەنگرانەن، لەوانە شەڕی زۆنگاوەکان (الغموکە) شەترە لە حوزەیرانی ١٩٦٨، رووبەرێکی گەورەیش بۆ بەڵگەنامەکانی بزوتنەوەکە و شایەتییە جیاوازەکان تەرخان دەکات، کە دژیەکن).

پێش نزیکەی سێ ساڵ لەمەوبەر، لە گۆشە هەفتانەکەی خۆم بەناونیشانی (ئەمڕۆ) لە رۆژنامەی (برایەتی) رۆژانە، لە ژمارە (٢٨٤٦)ی رۆژی ١٩٩٩/٥/٢١ بابەتێکم نووسی لەبارەی جیاوازییەکانی نێوان ئازار و ئەشکەنجەدان لە زیندان و گرتووخانەکان لە هەردوو سەردەمی پاشایەتی و کۆماریدا و ئاماژەم بە هەڵوێستەکانی عەزیز ئەلحاج و هادی هاشم ئەلئەعزەمی کرد، خۆڕاگرییان لە زیندانەکانی سەردەمی یەکەمدا، کە بوونە جێی شانازی بۆ حزبی شیوعیی عێراقی و سەرجەم خەباتکارانی عێراقی و پاشان هەرەسهێنانیان بەپێی جیاوازیی کات لە سەردەمی بەعسی یەکەم بۆ ئەعزەمی و سەردەمی بەعسی دووەم بۆ عەزیز ئەلحاج.

ئەنجامگیریی من لەوکاتەدا ئەوە بوو (خۆڕاگرییان لە سەردەمی پاشایەتی و هەرەسهێنانیان لە سەردەمی کۆماریی بەعسدا) لە بنەڕەتدا بۆ سرووشتی رژێم لە دوو سەردەمەکە دەگەڕێتەوە، چونکە یەکەمیان (سەردەمی پاشایەتی) متمانەی بەخۆی هەبوو و بەئاشکرا و بەیاسا بەگژ دژبەراندا دەچووەوە، بەڵام دووەم (سەردەمی کۆماریی بەعس) متمانەی بەخۆی نەبوو (هێشتایش) و لەسەر لۆژیکی تیۆری پیلانگێڕان دەژیا و هونەرکاری لە ئەشکەنجەدان و کوشتندا دەکرد بەشێوەیەك وێنەی لە مێژوودا نەبوو. ئەزموونە مێژووییەکان و واقیعی ژیانی سیاسی سەلماندوویانە ئەو رژێمەی پەنا بۆ رێگە فاشیستییەکان دەبات لە دەرهێنانی دانپێدانان و پاکتاوکردنی نەیاران، ئەو رژێمە نیە پشت بەگەل ببەستێت و لانیکەمی رێز رێزی ناگرێت، لێرەیشەوە لەئاکامدا عەزیز ئەلحاج و هادی هاشم ئەلئەعزەمی لە سەردەمی پاشایەتیدا قارەمان و لە سەردەمی کۆماریدا هەرەسهێناو نەبوون، بەڵکو لێرەدا قارەمان (البطل) بەبەراورد، سیستمی پاشایەتی بوو و هەرەسهێناو (المنهار) سیستمی کۆماری بوو (لێرەدا داوا لە خوێنەری بەڕێز دەکەم بابەتەکە وا لێکنەداتەوە کە لایەنگری و خۆشەویستییە بۆ سیستمی پاشایەتی لەسەر حسابی سەردەمی کۆماری).

ئەلحاج خۆی لە کتێبی (دفاتر الشخص الاخر)دا باسی ئیفادەکەی لەبەردەم دەستەی لێکۆڵینەوە لە سەردەمی پاشایەتی لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٤٨ دەکات کاتێك ئەوکات دەستگیر کرا و لە لا٢٢٤ دەڵێت:

(فەرمانگەکانی ئەمن ماجەرای لێکۆڵینەوە و دادگەییکردنەکانیان لە چەند بەرگێکدا بڵاو کردەوە، هاوڕێیان و خەڵکانی هاوسۆز ئیفادەکەی منیان لەبەردەم دەستەی لێکۆڵینەوەدا بەلاوە پەسەند بوو و بەبەڵگەی پیاوەتی و ئازایەتییان دانا، مرۆڤی عێراقی ئەو دوو سیفەتەی بەتایبەت خۆش دەوێن، ئیفادە بڵاوکراوەکەم و ئەو

ماجەرای لێکۆڵینەوە و ڕۆژانی گرتنەی دزەیان کرد، بە زۆر کەسیان ئاشنا کردم و ناوبانگێکیان بۆ دروست کردم، کە بەوە دڵخۆش بووم و شانازیم پێوە دەکرد).

عەزیز ئەلحاج لە سەردەمی پاشایەتیدا ئاوا بوو، کە دە ساڵی تەواو لە زیندان مایەوە و تا نەمانی حوکمی پاشایەتی و سەرکەوتنی شۆڕش لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ ئازاد نەکرا، کە جارێکیتر چووەوە ناو چالاکیی ئاشکرای حزبی شیوعیی عێراقی، تا ئەو ڕۆژەی سەرکردایەتیی گەورەترین و بەرفراوانترین جیابوونەوەی لە ریزەکانی حزبی شیوعیی عێراقیدا کرد لە ١٧ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٧. ئەوکاتە ئێمە لە قۆناغی دووەمی خوێندنی زانکۆدا بووین لە کۆلێژی ئابووری و زانستە سیاسییەکانی زانکۆی بەغدا، کۆلێژەکەمان لەناو کۆلێژەکانیتردا گۆڕەپانی کرداری و دیاری چالاکییە قوتابی و پیشەیی و سیاسییەکان بوو، چونکە زۆربەی سەرکردەکانی قوتابیانی ئاراستە سیاسی و نەتەوەییە جیاوازەکان لەوێ بوون، ئاراستە سیاسییە جیاوازەکان لەناو خۆیاندا تەبا بوون جگە لە تەوژمی راستڕەوی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی (وایان پێ دەوترا) و یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراقیان، کە دژایەتیی هەموانیان دەکرد، ئەوەیش بەئاشکرا دەرکەوت کاتێك ساڵی خوێندنی ١٩٦٧-١٩٦٨ مانگرتنی گشتیی قوتابیانی زانکۆی بەغدا رووی دا و پەلی بۆ هەردوو زانکۆی مووسڵ و بەسرە هاویشت. یەکێتیی قوتابیانی کوردستان وەك لایەنێکی سەرەکی رۆڵی تێکۆشەرانە و شەرەفمەندانە و کارای هەبوو لە بەشداریکردنی ئەو مانگرتنە گشتییەدا، هاوئاهەنگییەکی زۆر نایاب و بەرهەمدار لەنێوان یەکێتیی قوتابییە جیاوازەکاندا هەبوو سەرباری ئەو جیاوازییە گەورە و کون و کەلەبەرانەی ئەوکات هەبوون، کۆبوونەوەکانمان لە شوێنی جیاواز دەبەست، هەندێ جار لە یانەی کۆلێژ، هەندێ جاریتر لە چێشتخانەی (دار الطلبة) کە ئەوکات دەکەوتە (باب المعظم)، جارێکیان لەکاتێکدا ئێمە لە شوقەکەمان لە باڵەخانەی شێخلی لە شەقامی شێخ عومەر بەرانبەر

گۆڕستانی غەزالی کۆبووبووینەوە، ئێمە ئەندامانی لیژنەی مانگرتن لە کۆلێژی ئابووری و زانستە سیاسییەکان کە ئەمانەی خوارەوەی تێدا بوو: شەهید سادق (ناوی باوکیم بیر نەماوە) لە حزبی شیوعی–سەرکردایەتیی مەرکەزی، خوالێخۆشبوو غازی مەشهەدانی لە بزوتنەوەی ئیشتراکیی عەرەبی، (فلاح حسن جاسم) لە حزبی شیوعیی عێراقی–کۆمیتەی ناوەندی، (کاظم عبدالسادە) لە باڵی چەپی حزبی بەعسی ئیشتراکی، شەهید (فاضل ملا محمود) لە باڵەکەیتری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، نووسەری ئەم دێڕانە وەك نوێنەری یەکێتی قوتابیانی کوردستان–عێراق و (سعد الحدیپی) لە باڵی جیابووەووەی بزوتنەوەی ئیشتراکیی عەرەبی، کە پاشتر چووە ریزەکانی سەرکردایەتیی مەرکەزی (جەماعەتی عەزیز ئەلحاج) و پاشتر بوو بە سیخوڕێکی هەرزان بۆ رژێمی بەعس.

عەزیز ئەلحاج لە شایەتیدانەکەیدا بۆ مێژوو، ل٢٥٩–٢٦٠ دەربارەی بابەتەکە دەڵێت:

(حزبەکەمان لەگەڵ بزوتنەوەی ئیشتراکیی عەرەبی بەشداری کرد لە بینینی رۆڵێکی کاریگەر لە سەرکردایەتیکردنی مانگرتنێکی بەرفراوانی قوتابیان کە ساڵی خوێندنی ١٩٦٧–١٩٦٨ هەڵگیرسا، لە زانکۆی بەغدا دەستی پێکرد و پەلی هاویشت بۆ هەردوو زانکۆی مووسڵ و بەسرە و ژمارەیەکی زۆر لە ئامادەییەکان لە سەرتاسەری عێراق، هێزیتری سیاسیش هاتنە ناو ئەو مانگرتنە: حزبی بەعسی نزیك لە سووریا، کوردەکان بەهەردوو باڵی تاڵەبانی و بارزانیەوە و حزبی شیوعیی عیراقی کۆمیتەی ناوەندی، بەڵام حزبی بەکر–سەدام بەتوندی دژی مانگرتنەکە وەستا و پێکدادانی چەکدارانە لەنێوان لایەنگرانی بزوتنەوەی ئیشتراکی و سەرکردایەتیی مەرکەزی لەلایەك و چەکدارانی بەعسی ناوبراو لەلایەکیتر رووی دا، ئەوانە سەدام سەرکردایەتی دەکردن کە قوتابیی (حقوق) بوو، مانگرتنەکە سەرکەوتوو بوو

بەڕادەیەك سەرۆك وەزیران تاهیر یەحیا لەسەر دەستدرێژكیردنی ئینزیباتی سەرباز بۆ سەر قوتبیانی كۆلێژی پەروەردە لە بەغدا داوای لێبوردنی كرد).

لەكاتێكدا كۆبووبووینەوە لە شوقەكەی ئێمە هاوڕێ و دۆستم عەبدولمەوجود تەها هات بۆ شوقەكە، كە لەگەڵ ئەو و هەردوو هەڤاڵ ئیماعیل عەلی و حوسێن سنجاری تێیدا پێكەوە دەژیاین و هەواڵی داینێ كە جۆرە فەوزایەك لەئەنجامی دەستدرێژی كردنە سەر قوتابییەكی شیوعی بەناوی (عقیل الناصری) لە قوتابیانی كۆلێژی ئابووری و زانستە سیاسیەكان، لەلایەن قوتابیانی بەعسیەوە دروست بووە و پێویستە پێش ئالۆزبوونی فریا بكەوین، دەستبەجێ لە بەردەگای باڵەخانەی ئەلشێخلی سواری تەكسیەك بووین بۆ كۆلێژی ناوبراو كە نزیك بوو لە (معظم) و نزیكی هێڵی شەمەندەفەری ئەوكات بوو، كاتێك چووینە كۆلێژەكە كۆمەڵێك قوتابیی بەعسیمان لە كۆلێژەكەمان و پەیمانگەی باڵای پیشەسازی بینی كە دەكەوتە تەنیشت بینای كۆلێژەكەمان، سەمیر شێخلی سەرگەورەیان بوو كە لە قۆناغی چوارەمی بەشی سیاسەت بوو لە كۆلێژی ئابووری و زانستە سیاسییەكان، لە دەروازەكەدا وەستابوو و پێنج شەش قوتابیی دەرەوەی كۆلێژەكەمان دەوریان دابوو، كاتێك ئێمەی بینی بەیەك گرووپ دەچینە ژوورەوە نەیتوانی خۆی كۆنترۆڵ بكات و بەدەنگێكی بەرز و نزیك لە هاواركردن پێی وتین:

سەمیر شێخلی: كاكەوات هەقیان نەبێت و داوا دەكەین خۆیان تێكەڵ بە بابەتەكە نەكەن.

غازی مەشهەدانی: ئێمە خەریكی هەڵگیرساندنی ئاگری فیتنەیەك نین، تەنیا دەمانەوێت مانگرتنەكە سەربكەوێت، دەستدرێژیكردنە سەر قوتابی (عقیل) واتە دەستدرێژیكردنە سەر هەمووان، ئێمە لە هەڵوێستێكدا نین قبووڵ بكەین دەستدرێژی بكرێتە سەر هیچ قوتابیەك، بەتایبەت ئەگەر بایەخ بە مەسەلەی مانگرتن بدات.

نووسەری ئەم دێڕانە: برایان فەرموون بۆ یانەی کۆلێژ، چونکە دەمەتەقێ و مشتومڕ لە حەوشەی کۆلێژ و بەبەرچاوی قۆوتابیانەوە کێشەکە ئاڵۆز دەکات و ناگەینە چارەسەر.

سادق: پێویستە سەرەتا سەرکۆنەی دەستدرێژیکردنە سەر (عقیل) بکرێت و داوای لێبووردنی لێ بکرێت تا بتوانین لەتەکیاندا دابنیشین، ئەگینا نا...

سەمیر شێخلی: سادق باجی ئەو زماندرێژییەت لەدژمان دەدەیت، لێدانی (عقیل) بۆ تەمێکردنی بووە لەبەرانبەر هێرشکردنی نەگریسانەی بۆ سەر حزبمان.

لەوکاتەدا راگری کۆلێژ خوالێخۆشبوو د. محەمەد عەزیز بە رووە خۆش و ویقارەکەیەوە دەرکەوت، کە هەمووانی ناچار دەکرد ملکەچی بین و رێزی بۆچوونەکانی بگرین، چونکە هەر بەڕاستی پەروەرشیارێکی چاکەکار و راگرێکی سەرکەوتوو بوو، کەسێکی خۆشمەشرەب بوو، لەبیریشی نەدەکرد هەموو رۆژ گوڵە مێخەکێك لە ملیوانی لای راستی چاکەتەکەی بدات، تەمەنی لە حەفتا زیاتر بوو، کاتێك بەو حاڵە ئێمەی بینی بەهێمنییە باوەکەی خۆی پێی وتین: (فەرموون بۆ نووسینگەکەم) پاشان رووی وەرگێڕا و رۆیشت و ئێمەیش بەدوایدا رۆیشتین، لە نووسینگەکەی دەرنەچووین تا کێشەکە چارەسەر بوو.

بەم شێوەیە مانگرتنە سەرکەوت، رۆژان تێپەڕین و بەعس بۆ جاری دووەم لە ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ گەڕایەوە حوکم و بەگەڕانەوەیان ئادگارەکان گۆڕان و ئەو پەراوێزە دیموکراسییەی لە گۆڕەپانە سیاسییەکەدا لە سەردەمی فەریق عەبدولڕەحمان عارفدا هەبوو نەما و داود ئەلقەیسی بە (هەلهۆلە بەناوبانگ)ەکەیەوە بوو بە ئەستێرەی ئاهەنگەکانی یەکترناسین لە کۆلێژ و پەیمانگەکانی زانکۆی بەغدا، بەم شێوەیە یەکێتییەکانی قوتابیان بەسەر خۆیاندا داخران و چالاکییەکانی قوتابیان

جارێکیتر چوونەوە قۆناغی نهێنی، (سادق) لە کۆلێژ و لە ژیاندا دیار نەما، بەدوای ئەودا (خالید ئەمین) قوتابیی شیك و ڕێکپۆشی شاری ناسریەیش، کە نووسەری سیاسیی بەتوانای ئەوکات و زۆر نزیك لە نووسینگەی ڕۆشنبیریی قوتری و بەرپرسەکانی، واتە (عزیز السید جاسم) کە لە هەمان شاری شەهید (خالید) بوو نەیتوانی ژیانی ڕزگار بکات، تاکە تاوانیشی ئەوە بوو لەبەر سەرسامیی زۆری بە عەزیز ئەلحاج و لە ساتێکی سەرمەستیی سیاسیدا لەکاتی بیستنی هەواڵی ئەو ڕووداوانەی زۆنگاوەکانی شەترە بەخۆیانەوە بینی و لەکاتی خۆیدا بە سەرکەوتنی گەورە وەسف کرا، بە(گیڤارای عێراق) وەسفی کردبوو. ژیانی خۆی لەپێناو پرنسیپەکانی و سەرسامبوونی بە عەزیز ئەلحاج بەخت کرد، وەك پێشتر هاوڕێ و دۆستی (سادق)یش وای کرد، ئەوەیان بەخەیاڵدا نەهاتبوو کە (گیڤارای عێراق) لە یەکەم کاتژمێری دەستگیرکردنیدا و بەگوتەی حەمید عوسمان، بەبێ ئەوەی زللەیەك بخوات، سەرجەم ئەو نهێنییانەی لەلای بوون ڕادەستی دەستگیرکەرانی کردوون، کە خوالێخۆشبوو حەمید عوسمان کاتێك لە هۆتێلی (دیوانیە الکبیر) بوو لەسەر شەقامی سەید سوڵتان عەلی لە بەغدا لە نیسانی ١٩٧٠ لەوبارەوە قسەی بۆ کردین (خوالێخۆشبوو حەمید عوسمان لە ژوورێکی هۆتێلی ناوبراودا دەمایەوە، ئەوکاتە من سەردانی باوکمم دەکرد کە لەکاتی سەردانەکانیدا بۆ بەغدا لە هۆتێلی ناوبراو دەمایەوە، لەو ڕووەوە خاوەنانی هۆتێلەکە، هەریەك لە محەمەد حەیدەری و سەعید مەلا ئەحمەد و فەتاح ئەلحاج مەلا تۆفیق خەڵکی شارەکەمان بوون، کۆیە).

لەگەڵ گێڕانەوەکەی خوالێخۆشبوو حەمید عوسماندا یادەوەری گێڕامیەوە بۆ ساڵێك پێش لەو کاتە و سەرەتاکانی نیسانی ١٩٦٩ و نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە کاتێك هاوڕێکەم لە قۆناغی دووەمی بەشی ئابووری قوتابیی بەعسی (فاضل المشهدانی) کە پاشتر بوو بەئەندامی قیادەی قوتریی حزبی بەعس پێی وتم: (عەزیز ئەلحاج

ئیعتیرافی لەسەر خۆی و لەسەر ئەوانیتریش کرد، هیچ نەما نەیڵێت و ئەم ئێوارەیەیش لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن دەردەکەوێت).

لەو کاتەدا باوەڕم بە فازڵ نەکرد چونکە هاوڕێ قوتابیەکانمان لە ڕێکخستنەکانی سەرکردایەتیی مەرکەزی شیوعی و لەکاتی دیدارە هاوبەشەکانمان ئەوان و ئێمە لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی عێراق، جەختیان لەسەر خۆڕاگریی سەرکردەکەیان (ئەلحاج) دەکردەوە سەرباری وەحشییەتی ئامرازەکانی ئەشکەنجەدان، وەك ئەوەی شایەت بووبن لەسەر ئەوە.

بەهاتنی ئێوارە هەواڵی دەرکەوتنی عەزیز ئەلحاج لە تەلەڤزیۆن وەك ئاگری ناو پووش و پەلاش بلاو بوویەوە، کاتژمێر حەوتی ئێوارە ئێمە (لەگەڵ سێ لە هەڤالانم لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان) شوێنمان لە ریزی پێشەوەی کورسییەکانی قاوەخانەی ئەلجەزائیر گرت، کە ئەوکات دەکەوتە بن باڵەخانەی (الجقماقجی) لە شەقامی رەشید نزیك (باب الشرقی). چاومان لەسەر شاشە بچووکەکە چەقاندبوو و رێك کەوتبووین (یەك وشە لەبارەی بابەتەکە نەڵێین لەترسی ئەوەی نەوەك پیاوانی بەعس و دەزگا ئەمنییەکان لەوێ بن).

محەمەد سەعید ئەلسەحاف بەڕێوەبەری گشتیی ئەوکاتی ئێزگە و تەلەڤزیۆن لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن دەرکەوت، کە بەدەنگە گڕەکەی (نێچیرە بەنرخەکەیان)ی پێشکەش بە جەماوەری عێراقی دەکرد تا گۆشت و ناوبانگی بچنن، کاتێك ئەلحاج لەبەرانبەر سەحاف لە حەلەبەی زۆرانبازییەکی ناهاوتادا دەرکەوت، لە هەموو شتێکدا لاواز هاتە بەرچاو و دەیویست لەڕێی هەڵپەی جگەرەکێشانی لەدوای یەکەوە خۆی کۆنترۆڵ بکات، با لێگەڕێین ئەلحاج خۆی لە لا٣٤٠ی کتێبەکەیدا لەبارەی ئەو سیمینارەوە قسە بکات، دەڵێت:

(بێگومان ئەو سیمینارە چورتمێکی سیاسیی (سقطة سیاسیة) گەورە بوو لە ژیانی سیاسیمدا کە گەیشتبووە نزیکەی چارەکە سەدەیەك، پێشوەخت نەمدەزانی کێ پرسیار دەکات و سروشتی پرسیارەکان چۆنە؟ هەروەها نە ئەزموونی پێشترم لەبەردەم شاشەی بچووك هەبوو، نە قاڵبوون لە گوزارە لەخۆکردن لەبارەی هەمان شت بە لەف و دەوران و باش هەڵبژاردنی وشەکان، تەنانەت لە هەندێ لە وەڵامەکانمدا وەك ئەوە بوو لە پۆلێکی قوتابخانەدا بم و وەڵامی مامۆستا بدەمەوە، نەك وەك سیاسییەکی رۆشنبیری خاوەن ئەزموونێکی سیاسیی دوور و درێژ، سەرەتای سیمینارەکە خراپترینیان بوو بۆ ناوبانگ (سومعە)م و تەڵەیەکی راستەقینە بوو بۆ سووتاندنم لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە).

هۆڵی قاوەخانەی ئەلجەزائیر پڕ بوو لە خەڵك، زۆربەی ئامادەبووان لە قوتابیانی زانکۆ بوون و جووڵەی هاتوچۆ لە شەقامی رەشید لەکاتی پیشاندانی سیمینارە تەلەڤزیۆنییەکەدا کز بووبوو و بێدەنگی باڵی بەسەر دۆخەکەدا کێشابوو، هەمووان لەبەردەم شاشە بچووکەکەدا چەقیبوون و داکشانی کێرڤی ئەلحاج لە خولەکە یەکەمەکاندا دەرکەوت.

خۆی لە لا٣٤٠دا لەبارەی سەرەتای سیمینارەکە دەڵێت: سەرەتای سیمینارەکە خراپترینیان بوو بۆ ناوبانگم و تەڵەیەکی راستەقینە بوو بۆ سووتاندنم لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە).

پرسیارە سیاسییەکان بەدوای یەکدا هاتن و تەوەرەکەیان وەك ئەلحاج دەڵێت بریتی بوو لە: (هەڵوێست لە بەعس و دەسەڵاتەکەی و شۆڕشی کورد)، شەڕ لە کوردستان دەستی پێکردبووەوە (مەبەستی دەستپێکردنەوەی شەڕەساڵی ١٩٦٩ کاتێك سەردەمی دووەمی بەعس شەڕی خۆی سەپاند و جاڕی جەنگی دژی گەلی کوردستان دا).

کاتێك پرسیارەکان گەیشتنە تەوەری شۆڕشی کورد و سەرۆکەکەی بارزانیی نەمر، ئەلحاج جڵەوی بۆ خۆی شل کرد بۆ لێدانی شۆڕشی کوردستان و سەرۆکەکەی و تۆمەتبارکردنی بە (بەکرێگیراوی بۆ بێگانە)، وا دەستی پێکرد وەك ئەوەی لەگەڵ سەحاف لە پێشبڕکێدا بێت لە بریندارکردنی هەستی گەلی کوردستاندا، لێرەدا قسەیەکی عەزیز ئەلحاج دێنینەوە، کە تێیدا پاساو بۆ ئەو چورتمەی سەبارەت بە شۆڕشی کوردستان دێنێتەوە، دەڵێت: (دەسەلاَت لەنێوان بۆچوونەکانم نەبوو دەربارەی هەندێ لە راستییەکان، بەڵکو لە هەلومەرجی کۆڕەکە و چۆنێتی و کاتەکەیدا بوو، کە وەك ناوزڕاندنی بزوتنەوەیەکی نیشتمانی بوو کە زۆربەی گەلی عێراق و هێزە نیشتمانییەکانی هاوسۆزین، بەهۆی دەستپێکردنەوەی شەڕەوە (محەمەد سەعید سەحاف) تەرکیزی دەکردە سەر کێشەی کورد).

لەبارەی بارزانیش، وەك لە (شهادە للتاریخ)ی ئەلحاجدا هاتووە، پاشەکشەیەکی ئاشکرا لە هەڵوێستیدا هەیە و ١٨٠ پلە گۆڕاوە و پێدەچێت تێڕامان و بیرکردنەوە دوور لە کەشوهەوای عێراقی لێڵبوو لە چەند دەیەیەکەوە بەتەمومژی زوڵم و زۆرداری و سەقامگیربوونی ئەلحاج لە شاری جوانی پاریس، یارمەتی دابێت بەخۆیدا بچێتەوە بەتایبەت کە ئەو بەحوکمی ئەوەی بڕوانامەی دکتۆراکەی لەسەر کێشەی کوردە، ئاگەداری هۆکانی ئەو کێشەیە و ئەو نادادییەیە لەئەنجامی مومارەسە بێنرخانەکانەوە بەرانبەر کێشەی کورد کراوە، کە دواینیان رێکەوتنامەی شوومی جەزائیر بوو لە ٦ی ئازاری ساڵی ١٩٧٥.

لێرەدا ئەلحاج پاش ئەو چەندین ساڵە لە تێڕامان و بەراوردکاری و ئاگەداربوون لە بەڵگەنامەکان و سیاسەتی حکومەتە عێراقییە لەدوای یەکەکان لە بیستەکانی سەدەی رابردووەوە، بەهەڵسەنگاندنێکی بابەتییانەی نوێوە دەگەڕێتەوە بۆ بابەتی بارزانی و لە (شهادە للتاریخ)دا دەڵێت: (سەرباری هەموو ئەوەیش، مەلا مستەفام بە

**سەرکردەیەکی کوردیی تێکۆشەر لەپێناو مافەکانی نەتەوەی کوردم داناوە و دایدەنێم، ئەمە سەرەڕای ئەو هەڵە و چورتمانەی بەرپرسیارێتیی یەکەمیان لەئەستۆی حکومەتە عێراقییەکاندایە).**

**لە شوێنێکیتری (شهادە للتاریخ)کەیدا ئەلحاج دەڵێت:**

**(ڕۆژێکیان بردمیان بۆ نووسینگەی گزار (مەبەستی نازم گزارە بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی ئەوکات ساڵی ١٩٦٩) پێی وتم: ئەمە تەلەفۆنێکە لەلایەن هەڤاڵ سەدامەوە (تەلەفۆنەکەم وەرگرت و ئەحواڵپرسی کرد، بەمامۆستا (ئەبو سعود) بانکی دەکردم، منیش سوپاسم کرد و وتم ئاسوودەم، وتی لەکاتێکی زۆر نزیکدا هەواڵی خۆش دەبیستیت، هەر وایش بوو بەیانیی ڕۆژێکیان دیسان تەلەفۆنی کردەوە و بڕیاری دانان بەئەڵمانیای دیموکراتی و ڕێکەوتنامەی کبریتی لەگەڵ پۆڵۆنیا ڕاگەیاند و وتی ئێزگە هەواڵەکە بەڕەسمی دەخوێنێتەوە. هەواڵەکە ڕاست بوو، کە بەگرنگم زانی، هەروەك دەرکەوت کۆمیتەی ناوەندیش (حزبی شیوعیی عیراقی) لە بەیاننامەکانیدا هەمان شتی کردوە، منیش سیغەیەکی پشتگیریم بۆ هەنگاوەکە نووسی و نازانم بەکێیانم سپارد، ئەوانیش بردبوویان بۆ باقیی گیراوانی شیوعی (مەبەستی شیوعییەکانی سەرکردایەتی بوو) بۆ ئیمزاکردنی دەقەکە، بەڵام الصفار (مەبەستی کاظم الصفار کەسی دووەمی سەرکردایەتیی مەرکەزییە دوای عەزیز ئەلحاج) لای خۆیەوە وەك موزایەدە و ئیحراجکردنی من رستەیەکی زیاد کردبوو کە بارزانی بە(بەکرێگیراوی) وەسف دەکات، ڕۆژنامەکانیش بەو شێوەیە بڵاویان کردەوە، من پێم ناخۆش بوو و تووڕە بووم، بەڵام چی بکەین؟! ئەمڕۆیش بەهەموو هێزەوە جەخت لەوە دەکەم کە لە هیچ بارودۆخێکدا ڕۆڵی نەتەوەیی بارزانیم لەبیر نەکردوە سەرباری ئەو هەڵە و داوە زۆرانەی تێیان کەوت، نەك لەو ڕووەوە حەزیان لێ بکات، بەڵکو**

لەبەرئەوەی دەیبینی بزوتنەوەی کوردی لەلایەن حکومەتە لەدوای یەکەکانەوە گەمارۆ دراوە).

جگە لەوە، عەزیز ئەلحاج بەشی حەڤدەیەمی (شایەتیدانەکەی بۆ مێژوو)ی تەرخان کردوە بۆ پەیوەندیی ئەو لەگەڵ بارزانی لەژێر ناونیشانی: ئێمە و بارزانی (نحن والبارزاني له لا٢٢٧-٢٣٠) و حەقیقەتی پەیوەندیی حزبەکەی (سەرکردایەتیی مەرکەزی) لەگەڵ شۆڕشی کورد، یان راستتر بڵێین لەگەڵ شەخسی بارزانیی نەمردا روون دەکاتەوە و لەو چوار لاپەڕەیەدا بەدرێژی باسی هەلومەرجی کێشەکە و دوو جار سەفەرکردنی بۆ کوردستان دەکات لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٧ و لە بەهاری ١٩٦٨، کە وەك ئەلحاج دەڵێت سەردانی دووەم تایبەت بوو بە سەردانی بارزانی بەمەبەستی داواکردنی یارمەتی، بەچەکدارکردنی لایەنگرانی لە ناوچەکە و دەڵێت:

(راستە بینیم و شەوێك لە بارەگا شاخاوییەکەی مامەوە.. بەدرێژی باسی زۆر شتمان کرد، بیرم دێت دارا تۆفیق پێی وت: (بەعەرەبی قسەمان دەکرد) جەماعەتی عەزیز ئەلحاج دژی سۆڤیەتن، ئەوەی بە ئاوازی رەخنەگرتن وت، منیش بۆ بارزانیم روون کردەوە کە ئێمە دژی سۆڤیەت نین، بەڵام سەرنجمان لەسەر کۆی سیاسەتیان لە ناوچە عەرەبییەکەدا هەیە، لەو سەردانەدا بارزانی پێشنیاری کرد میانگیری بکات بۆ ئاشتەواییکردنمان لەگەڵ جەماعەتی عەزیز محەمەد، منیش بەئەدەبەوە داوای لێبوردنم کرد، ئەویش لە هەڵوێستەکەم تێگەیشت و بێدەنگ بوو).

کاتێك چاوم کەوتە سەر ناونیشانی ئەو بەشە (نحن والبارزاني) بە زێدە وردی کەوتمە خوێندنەوەی ناوەرۆکەکەی بەپێچەوانەی بەشەکانیتر، چونکە من وا راهاتووم بەپەلە بخوێنمەوە و حەزم لێیە بەکاتێکی پێوانەیی بگەمە کۆتایی، پاشان دەگەڕێمەوە بۆ لاپەڕە و بەشەکان لە یاداشتی سیاسیدا بەهێواشی دەخوێنمەوە، بەڵام ئەم بەشە وەك روونم کردەوە لەسەر خۆ خوێندمەوە و بۆ جاری دووەم و سێیەم خوێندمەوە

کاتێك گێڕامیەوە بۆ ٢٩ ساڵ لەوەوبەر و خەیاڵم گەڕاندمیەوە بۆ بینای ڕۆژنامەی (التآخي) ڕۆژی ڕاگەیاندنی مانگرتنی ئاشتییانەی گشتی لە کوردستان ساڵی ١٩٧٣، وەك ناڕەزایی لەدژی بەردەوامیی بەعەرەبکردنی ئەوکاتی قەزای شەنگالی کوردی.

کاتەکەی عەسر بوو کاتێك لە نووسینگەی سەرنووسەری (التآخي) هەڤاڵ دارا تۆفیق کۆبوونیەوە، کە ئەو ڕۆژە بەهۆی سەرقاڵیی ڕۆژنامە بەو ڕووداوە گەورەیەوە (مانگرتنی ئاشتییانەی گشتی لە کوردستان) زوو هات، هەڤاڵ دارا نەریتی وابوو لە کاتە ناسرووشتییەکاندا هەندێ لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی بانگ دەکرد بۆ گوێگرتن لە بۆچوونیان و سوودوەرگرتن لە شارەزاییان، تا بڕیاری گونجاو لەوبارەیەوە بدات.

عەسری ئەو ڕۆژە وا ڕێك کەوت ئامادەبووان بریتی بوون لە هەریەك لە (عبدالغنی الملاح، جعفر یاسین، چیاو المرعب، کامران قرداغی و نووسەری ئەم دێڕانە)، بابەتی سەرەکی کە زۆر بەگەرمی دەستی پێکرد و تەوەری قسەکردنی ئامادەبووان بوو لەگەڵ هەڤاڵی سەرنووسەر، مانگرتنی ئاشتییانەی گشتی بوو لە کوردستان، کە ئەو ڕۆژە ڕێکەوتی ١٩٧٣/٨/٢٥ ڕاگەیەنرابوو وەك ناڕەزایی و سەرکۆنەکردنی سیاسەتی بەدناوی بەعەرەبکردن لەلایەن تەواوی گەلی کوردستانەوە، کە لە کارە لەپێشەکانی حکومەتی بەعس بووە تا ئەمڕۆ.

یەکێك لە هەڤاڵانی کۆبوونەوەکە کە لە ڕابردوودا هاوسۆز بوو لەگەڵ (سەرکردایەتیی مەرکەزی) یانی جەماعەتی عەزیز ئەلحاج قیت بوویەوە، سەرەتا گلەیی لە شۆڕشی کورد کرد و ڕەخنەی لە سیاسەتی بەرانبەر عەزیز ئەلحاج و سەرکردایەتییە مەرکەزییەکەی گرت و ڕوونی کردەوە (شۆڕشی کورد و سەرکردایەتییەکەی بەرانبەر سەرکردایەتیی مەرکەزی کەمتەرخەم و کورتبین بووە، چونکە شۆڕشی کورد کەمترین دەستی یارمەتی بۆ سەرکردایەتیی مەرکەزی درێژ

نەکردوە و (بەبڕوای ئەو کەسە) شۆڕشی کورد دیلی بەدمەزەندەکردن بووە، ئەگەر مامەڵەکردنی پێچەوانە بووایە حزبی سەرکردایەتیی مەرکەزی دەبووە گەورەترین بزوتنەوەی جەماوەریی چەکدار لە عێراق و لەگەڵ شۆڕشی کورددا دەبوونە هەردوو باڵی بزوتنەوەیەکی جەماوەریی چەکدار، کورد لە کوردستان و سەرکردایەتیی مەرکەزی لە ناوەڕاست و باشووری عێراق). لێرەدا قسەی ئەو هەڤاڵە تەواو بوو کە وا دەرکەوت وەك ئەوەی موحازەرەیەك لەبارەی بنەماکانی زانستی سیاسەت بۆ قوتابیانی زانکۆ بدات.

بەتەواوبوونی قسەکانی، هەڤاڵ دارا دەستی بۆ یەکێك لە چەکمەجەکانی مێزەکەی درێژ کرد و زەرفێکی هەڵگرت و کردیەوە، پاشان چاوی بەچەند پارچە کاغەزێکدا گێڕا کە لەناو زەرفەکەدا بوون، جا جددیتر لە پێشوو دەرکەوت و وتی: مامۆستا فلان وابزانم تۆمەتێکت دایە پاڵ شۆڕشی کورد و سەرۆکەکەی بارزانی کە لەجێی خۆیدا نەبوو، تکام وایە بمبووریت ئەگەر بڵێم تۆ ئاگەداری شتە شاراوەکانی پەیوەست بە پەیوەندیی شۆڕشی کورد بە حزبی سەرکردایەتیی مەرکەزی و شەخسی سکرتێرەکەی مامۆستا عەزیز ئەلحاجەوە نیت، نەمدەویست هەندێ لە نهێنییەکانی ئەو پەیوەندییە ئاشکرا بکەم ئەگەرچی هیچ نهێنی نەماوە، چونکە برادەرەکەتان هیچ نهێنییەکی بچووکی نە خۆی و نە کەسانیتریشی کە لە هەگبەکەیدا بوون نەهێشتەوە و وردترین نهێنییەکانی بۆ (حکومەت) ئاشکرا کرد، بەکورتی بەحوکمی ئاشناییم بە عەزیز ئەلحاج کە بۆ سەرەتای شەستەکان دەگەڕێتەوە، دەستنیشان کرام یاوەری بکەم بۆ کوردستان بەمەبەستی سەردانی بارزانی پێش دووەم هاتنی بەعس بۆ دەسەڵات، لەگەڵ گەیشتنمان بە کوردستان نووسینگەی بارزانیمان بەگەیشتنم لەگەڵ میوانی بەڕێز ئاگەدار کرد، هەر هەمان شەو بارزانی پێشوازی لێ کرد، من لەگەڵ ئەلحاج بووم، بارزانی زۆر خاتر و رێزی گرت، ئەلحاجیش دڵخۆش بوو، کاتێك ساتی جددییەت هات ئەلحاج کۆمەڵێك داوای لە بارزانی کرد و بڕێك پارچە چەکی دەویست

لەگەڵ گەیاندنیان بە بەغدا یان کەرکوك لەلایەن ئێمەوە و چەکدارکردنی ئەو لایەنگرانەیان کە لە کوردستان بوون، لەگەڵ سنووردارکردنی جووڵەی لقی هەرێمی کوردستانی حزبی شیوعیی عێراقی و شکاندنی ئاگربەست لەگەڵ حکومەتی عەبدولڕەحمان عارف، ئەمانە و هەندێ داواکاریتر.. ئەلحاج زیاد لەپێویست جددی بوو، زۆر پێداگری دەکرد و داواکانی دووبارە دەکردەوە، بارزانی گوێی شل کرد تا ئەلحاج چی لەلا بوو باسی کرد، ئەنجا بارزانی پێی وت (بەخێر هاتن بۆ کوردستانی نیشتمانی هەمووان، ساڵی رابردوو لە ٥ی حوزەیرانی ١٩٦٧ وەفدێکی باڵای حکومی لە کوردستان سەردانی کردین، داواکەیان لەتوانابەدەر (تەعجیزی) بوو وەك داواکانی تۆ، دەیانویست چەند هەزار پێشمەرگەیەك بنێرین بۆ بەرەکانی شەڕی عەرەب دژی ئیسرائیل لەکاتێکدا نە پارەی عەرەب و نە ئەو لەشکرە زەبەلاحانەی دەوڵەتانی عەرەبی هیچیان دژی ئیسرائیل پێ ناکرێت، چونکە چەکی نوێ لەگەڵ توانا تەکنیکییەکانی ئیسرائیل، ئەمە جگە لە وەستانی ئەمەریکا لەپاڵ ئیسرائیل و پاڵپشتیکردنی بەهەموو هێزی خۆی ترازووی هێز لە بەرژەوەندیی ئیسرائیل دەگۆڕێت، من لەبەر خوا ئامۆژگاریم کردن خۆیان لە شەڕێکەوە نەگلێنن ئەنجامەکانی زانراون، ئێستایش ئەوەی ساڵی پار بە وەفدە عێراقییەکەم وت بۆ ئێوەیشی دووبارە دەکەمەوە، نەکەیت دوای هەڵوێستێك بکەویت ئاکامەکەی باش نەبێت، دەیان یان سەدان کەسی بێ چەك جگە لە چەند پارچە چەکێکی کۆن لە زەوییەکی تەخت و کراوەدا کە نە چڕە دارستانی لێیە و نە هیچ کەژ و کۆسارێك، هەموو ئەوەی لە قسەکانت تێگەیشتم ئەوەیە لەڕووی چەکەوە وەزعتان خراپە، چۆن دەتوانن ئێوە بەبێ چەك رووبەڕووی دەوڵەت ببنەوە کە نوێترین چەکی هەیە؟ خاڵی دووەم ئەوەیە ئێمە چەکی زیادمان نیە، بەپێچەوانەی بیرکردنەوەی ئێوەوە، ئێمە بەدەست کەمیی چەکەوە دەناڵێنین، هاوکات ئێمە دەستپێشخەر نابین لە شکاندنی ئاگربەست، چونکە گەلەکەمان پێویستی بەپشوودان و بنیاتنان هەیە، ئێمە پابەندین بە خاڵەکانی

ڕێکەوتنامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦. سەبارەت بە سنووردارکردنی چالاکییەکانی شیوعییەکان (لقی هەرێمی کوردستانی حزبی شیوعیی عێراقی) ئێمە هیچ بەرژەوەندییەکمان لەوەدا نیە، سەرجەم هاولاتیان دەتوانن کوردستان بکەنە بنکەی خۆیان و هیچ بەرژەوەندیەکمان لە تووڕەکردنی سۆڤیەتدا نیە، کە لایەنەکەیترە لە هاوکێشەی سیاسەتی نێودەولەتیدا و بەڕێزەوە مامەلەمان لەگەلدا دەکات، خوازیارم کار بە ئامۆژگارییەکەم بکەیت و لەگەلٚ برایانتان لە کۆمیتەی ناوەندی ئاشتەوایی بکەن، منیش دەتوانم لە چارەسەری کێشەکەدا یارمەتیی هەردوولا بدەم، بەیەکێتیتان دەتوانن زۆر شت بکەن).

کاتێك هەڤالٚ دارا لە وتە بەچێژ و خۆشەکەی بوویەوە و ئێمە گوێمان لە وردەکارییەکانی گرتبوو، ئەو برادەرە کە لایەنگری عەزیز ئەلحاج بوو هیچی بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێت بلێت (عەزیز ئەلحاج بۆچی بەقسەی پیاوەکەت نەکرد؟!) (واتە بۆچی بەقسەی بارزانیت نەکرد عەزیز ئەلحاج؟!).


ئایا عەزیز ئەلحاج هەلەی کرد؟! وەلامەکەی لە پێشەکیی کتێبەکەی (شهادە للتاریخ)دا دێت کە دەلێت: (ئایا هەلەی زۆرم کردوە؟! بەلێ و بەلێ چ ئەو رۆژانەی لە بزوتنەوەی سیاسیدا بووم یان گیرابووم، یان پاش ئەوە کە پشتی دەسەلاتم گرت، هەوالەکانم بەو شێوەیە وەردەگرت لەگەلٚ ئیددیعاکانیدا بگونجێت، لەوانە هەوالەکانی راپەڕینی ١٩٩١ و هەلوێست بەرانبەری لەکاتی خۆیدا، ئەم هەلە بنچینەییە لە گەورەترین هەلەکانمە ئەگەرچی ئەوکات لەبارەی هەوالە دژیەکەکان شپرز بووم، لە هەمان کاتدا تەنیا شوێنکەوتە یان تووتییەك نەبووم، بەلکو هەلوێستی سەربەخۆ و ئیجتیهاد و رەخنەی خۆمم هەبوو لە پرسە گشتییەکاندا، کە لە دەیان نامەدا بۆ سەرکردە عێراقییەکان تۆمار کراون و بەردەوام هەولم داوە فاکتەری چاکە و بکەری خێر بم لەناو رژێمدا).


عەزیز ئەلحاج شایەتیی خۆی بۆ مێژوو دا و بەبڕوای من بەربەستی دەروونیی داننان بەهەڵە کوشندە و ناکوشندەکانی تێپەڕاند، کە ئەمە دەبێتە تکاکار بۆی، یان وەك سەرکردەیەکی شیوعیی موخەزرەم (ئێستا لە کوردستانی عێراق دەژی) لە ئێوارە دانیشتنێکی هاوینی ئەمساڵ و پاش بڵاوبوونەوەی چوار ئەڵقەکەی (الزمان)ی لەندەنی، سەبارەت بەو (شایەتیدانە درەنگوەخت)ە وتی: پێویستە بەشێوەیەکی مرۆڤانە مامەڵە لەگەڵ ئەلحاج و (شایەتیدانەکەی بۆ مێژوو)دا بکەین.

وەك قەشەیەکی بەڕێز بەیەکێك لە گوناهکارانی وت کاتێك لە بەردەمیدا دانی بەهەڵەکەیدا نا (ئەمە لە رۆمانێکی بیانیدا کە ناونیشانەکەیم لەیاد نەماوە) هاتووە: پێویستە بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ یەکتر بکەین کە خوای گەورە مامەڵە لەگەڵ ئێمەدا دەکات (يجب أن نتعامل مع بعضنا البعض كما يتعامل الله معنا).



عەزیز ئەل حاج



# پـــــاشكۆ

**یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان**
مەکتەبی ئەمینداری گشتی

---

## بەڕێز جەنابی کاك فرهاد عونی

السلام علیکم ورحمة الله

پڕ بە دڵ سوپاس و دەست خۆشیتان عەرز ئەکەم

بۆ ئەو بەرهەمە ناوازانەی کە بە دیاری پێشکەشتان کردبوین.

**کتێبەکانی :**

**{ئەزمونی ڕۆژنامەوانیم}**

**{دیوانی عەونی}**

**{من حقیبتي}**

**{ذاكرة الأيام}**

لەگەڵ دوعای سەرکەوتن

**براتان**
صلاح الدين محمد بهاء الدين
2011/06/02

---

KURDISTAN ISLAMIC UNION - THE GENERAL SECRETARY OFFICE - Iraq\Erbil

بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق
مجلس النواب
مكتب نائب الرئيس

کۆماری عێراق
ئەنجومەنی نوێنەران
نوسینگەی جێگری سەرۆك

العدد : م.ن /
التاريخ : / / ٢٠١

السيد فرهاد عوني المحترم
عضو الهيئة العليا لاتحاد برلمانيي كوردستان / سابقاً

تحية طيبة . . .

نقدم لكم شكرنا وتقديرنا العاليين على ما قدمتم خلال فترة عملكم في إتحاد برلمانيي كوردستان وما انجزتموه من اعمال في اللجان القانونية والثقافية وحقوق الانسان ، تمنياتنا لكم بالعطاء الدائم ومن الله التوفيق .

تقبلوا سمى اعتباري . . .

الدكتور بشير خليل الحداد
نائب رئيس مجلس النواب

E-mail: Pr.deputyspeaker@parliament.iq

## پارتی دیموکراتی کوردستان

دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان

بەڕێز: ......فەرهاد عەونی......

ڕۆڵ و چالاکیتان لە ساڵانی ڕابردوو لە بواری ڕێکخراوەیی و پیشەییدا کە بۆتە هۆی بەرەوپێشبردنی پرۆسەی دیموکراسی و مەدەنی لە هەرێمی کوردستاندا بەرز دەنرخێنین.

هەر تەمەن درێژ و سەرکەوتووبن

دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان

# بەڕێوەبەرایەتی خولی پێگەیاندنی کادیران

خولی د. نورەدین زازا

ڕۆژ/2012/11/20

## سوپاس و پێزانین

بەڕێز/ م. فەرهاد عەونی

بە ناوی بەڕێوەبەرایەتی خولی (د. نورەدین زازا) بۆ پێگەیاندنی کادیران، زۆر سوپاسی هەستی کوردانەو دڵسۆزانەتان دەکەین و هاوکاریتان بۆ سەرخستنی خولەکەمان بەرز دەنرخێنین.

بەشداری بەڕێزتان بە گوتنەوەی وانە لە خولەکەمان، هێز و توانستی زیاتری لێکەوتەوەو ئاست و توانای هزری و ڕۆشنبیری بەشداربووانی زیاتر بردە پێشەوە.

هیوای سەرکەوتن و پێشووەچوونی زیاترتان بۆ دەخوازین.

لەگەڵ سوپاس و پێزانینی دووبارە..

بەڕێوەبەرایەتی خول

## بەڕێوەبەرایەتی خولی پێگەیاندنی کادیران

**خولی شەهید کەمال ئەحمەد** رۆژ : 2013/04/28

البارتي
P.D.K.S
1957
الحزب الديمقراطي الكردي في سوريا

## ســـوپاس و پێزانین

**بەڕێز/ مامۆستا فەرهاد عەونی**

**لە بەرامبەر بەشداریتان بە گوتنەوەی وانە لە سێیەمین خولی پێگەیاندنی کادیران (خولی شەهید کەمال ئەحمەد)، بەناوی پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا (البارتی) و بەڕێوەبەرایەتی خول، سوپاسی هەستی کوردانەو دڵسۆزانەتان دەکەین و هاوکاریتان بەرز دەنرخێنین..**

**ڕۆڵو بەشداریتان بووە مایەی بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریی و هزری کادرانمان و بەخشینی گوڕو تینی زیاتر بە خولەکەمان.**

**لەگەڵ ڕێزدا..**

**بەڕێوەبەرایەتی خول**

## بەڕێوەبەرایەتی خولی پێگەیاندنی کادیران

خولی شەهید نصرالدین برهك  رۆژ : 2013/01/27

### ســــــوپاس و پێزانین

بەڕێز/ مامۆستا فەرهاد عەونی


لە بەرامبەر بەشداری بەڕێزتان بە گوتنەوەی وانە لە خولی پێگەیاندنی شەهید (نصرالدین برهك)، گەرمترین سوپاس و پێزانینی بەڕێوەبەرایەتی خول_تان پێڕادەگەینین.

رۆڵو بەشداریتان بووە مایەی بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری و هزری کادرانمان و بەخشینی گوڕو تینی زیاتر بە خولەکەمان.

جارێکی دیکە سوپاسی هەستی دڵسۆزانەو کوردانەی بەرزتان دەکەینو هیوای سەرکەوتن و پێشووەچوونی زیاترتان بۆ دەخوازین.

لەگەڵ رێزدا..

بەڕێوەبەرایەتی خول


خەلاتی (سەید برایم)
بۆ
ئەدەب و هونەر و کەسایەتی
کۆیە
سالی دوانزدەمین
٢٠١٢
مەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە
ئەوەی باقی بمینێ هەر ناوە
حاجی قادری کۆیی
بۆ بەڕێز ( کاک فەرهاد عەونی )
لە دڵەوە قەدرزانی گەنجینەی پڕ لە بەهرەو ڕەنج و خەباتی
خۆبەخشانەی جەنابتانین، کە پێشکەشی خاکی پیرۆز و
گەلی ئەمەگداری کوردستان و مرۆڤایەتیتان کردووە .
لیژنەی خەلاتی ( سەید برایم)

فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان

ڕێکخراوی ستاندارد

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان

برِوانامەی ڕێز لێنان

ڕێکخراوی ستاندارد (بۆ بەدەوڵەت بوونی کوردستان)

بەخۆشحاڵیەوە هەڵدەستێ بە بەخشینی برِوانامەی ڕێزلێنان بە

بەڕێز ( فرهاد عەونی )

کە دڵسۆزانە بەشداری کردووە لە کۆنفرانسی نیشتمانی

((لە پێناو بەدیهێنانی مافی چارەنووس بۆ باشووری کوردستان ))

کە لە (٢٠١٤/٦/٧) لە هەولێری پایتەخت سازکرا.

مسعود عبدالخالق — ڕێکخەری پرۆژە

فەرمان ڕەشاد — بەرپرسی ڕێکخراو

ڕێکخراوی ستاندارد SOSK بۆ بە دەوڵەت بوونی کوردستان

123

## ژياننامەی نووسەر:

★ لە ١٩٤٦/١١/٢٨ لە گەڕەكی بەفری قەندی لە شاری كۆیە لەدایك بووە و لە ساڵی ١٩٥٣ و لە تەمەنی حەفت ساڵیدا لە پۆلی یەكەمی قوتابخانەی (مدرسة الابتدائية الاولى) وەرگیراوە و ساڵی ١٩٥٨ بۆتە قوتابی پۆلی یەكەمی ناوەندی و ساڵی ١٩٦٦ دواناوەندی هەر لە كۆیە تەواو كردووە و لە پایزی هەمان ساڵ لە كۆلێژی (ئابووری و زانستە سیاسییەكان) (كلية الاقتصاد والعلوم السياسية) وەرگیراوە لە زانكۆی بەغدا وە ساڵی ١٩٧٠ كۆلێژی تەواوكردووە.

★ بەهۆی هەبوونی كتێبخانە لە ماڵەكەیان و سەرەڕای باوكێكی خوێندەوار و شاعیر لە پۆلی چواری سەرەتاییەوە خولیای خوێندنەوە بووە و یەكەم كتێبیشی كە لەسەرەتای ژیانی خوێندوویەتییەوە (چیرۆكی زادیج) بووە كە لە كتێبخانەكەی ماڵەوەیان هەبووە وە یەكەم كتێبی كە بە زمانی عەرەبی خوێندۆتەوە كتێبەكەی (مەم و زین)ی محەمەد سەعید رەمەزان بۆتانی بووە كە ئەویش لە پۆلی یەكەمی ناوەندی بووە.

★ لەژێر كاریگەریی شاعیرییەتیی (عەونی) باوكی دەستی بە شیعر نووسین كردووە و پاش شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨ تاكو ساڵی ١٩٦٠ سێ پارچە شیعری لە رۆژنامەی پێشكەوتنی خوالێخۆشبوو محەمەد بریڤكانی كە لە بەغدا دەردەچوو بە هەردوو زمانی كوردی و عەرەبی و گۆڤاری دەنگی قوتابیان كە لە هەولێر دەردەچوو، بەڵام لەم بوارە بەردەوام نەبووە و بەهۆی چوونی بۆ ناو ریزی خەباتی سیاسییەوە.

★ ساڵی ١٩٦٠ وە لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا بووەتە ئەندام لە حزبی شیوعی عیراقی بۆ ماوەی نزیك سێ ساڵ لەم حزبە ماوەتەوە، پاشان لەژێر كاریگەرییەتی باوكی و مامی (خوالێخۆشبوو عمر حبيب) و پەرەسەندنی تەوژمی كوردایەتی و چاوپێكەوتنی بە بارزانی نەمر لە ساڵی ١٩٦٣ لە ماڵی كاكە زیاد ئاغای غەفووری لە كۆیە هۆكاری چوونە ریزی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی كوردستان بووە و كە هەر لەم ساڵەدا و لە وەروزی هاوین چووەتە ریزی لەشكری شۆڕشگێڕی كوردستان وەكو پێشمەرگەیەك (لە دادگای بەرزی شۆڕش لە ماوەت بووەتە نووسەر) هەر ئەو ساڵەش لە ماوەت لە شانەیەكی پارتی رێكخراوە.

★ له پایزی ساڵی ١٩٦٤ چووەتە ریزی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ساڵ دوای ساڵ رۆڵی زیاتری له یەکێتیی قوتابیان بینیوە و تاکو له ساڵی ١٩٦٩ بووەتە ئەندامی مەکتەبی رێکخستنی ناوەندی له یەکێتیی قوتابیان و لێپرسراوی ناوچەی بەغدا و دەوروبەری.

★ پاش رێککەوتننامەی (١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠) له کۆنگرەی شەشەمی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بە سکرتێری گشتیی ئەم یەکێتییە هەڵبژێردراوە تاکو کۆنگرەی حەوتەم کە له ١٩٧٢/٤/٢٨ کە لە سلێمانی بەسترا لەم پۆستە ماوەتەوە پاشان لەسەر ئارەزووی خۆی لەم بوارە دەستی کێشاوەتەوە.

★ لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٢ بووەتە (بەڕێوەبەری کارگێڕیی رۆژنامەی التآخي و برایەتی) لە بەغدا کە پارتی دیموکراتی کوردستان دەریدەکرد سەرەڕای سەرپەرشتیکردنی بابەتەکانی رۆژنامەی برایەتی.

★ ساڵی ١٩٧٤ جارێکی دیکە بووەتە پێشمەرگە و لە (ئەمانەتی گشتیی رۆشنبیری و راگەیاندن و لاوان پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی لاوانی وەرگرتووە) کە هەر لەم ساڵەدا (تیپی تۆپی پێی هەڵبژاردەی کوردستانی پێکهێناوە) و (دوو ژمارەشی لە گۆڤاری دیاریی لاوان دەرکردووە) لەگەڵ خوالێخۆشبوو دارای شێخ نووری شێخ ساڵح کە پۆستی جێگری بەڕێوەبەری گشتیی لاوان بوو.

★ پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە کوردستان و لە ساڵی ١٩٧٦ لە دائیرە ئینحیساری تووتن بە (معاون ملاحظ نقل) دامەزراوە تاکو ساڵی ١٩٨٦ وە بەهۆی دواکەوتنی لە خزمەتی سەربازی لە هەمان ساڵ (فەسڵ) کراوە تا پاش راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ئەوسا گەڕاوەتەوە وەزیفە.

★ پاش راپەڕین سەرەڕای چەندین جار لەملا و لەولا تەکلیفی پۆستی جۆراوجۆری لێکراوە بەڵام بەهۆی مانەوەی لە کۆیە کە نەیویستووە باوکی (عەونی) پیر و نەخۆشی بەجێ بهێڵێت ئەو پۆستانەی رەت کردۆتەوە بەڵام پاش مردنی باوکی بە ساڵێك لە ١٩٩٣/١٠/٢٦ بۆتە سەرنووسەری رۆژنامەی رۆژانەی (برایەتی) سەرەڕای لێپرسراوییەتیی کارگێڕیی دەزگای (برایەتی و خەبات) تاکو ٢٠٠٠/٢/٢٠ لەم پۆستەدا ماوەتەوە لە هەمان کاتدا سەرنووسەری گۆڤاری (سەنتەری برایەتی و حەفتەنامەی برایەتی ئەدەب و هونەر و رۆژنامەی وەرزشی برایەتی و گۆڤاری برایەتی وەرزش بووە).

**★ لە ساڵی ١٩٩٧ بووەتە سەرۆکی دەستەی دامەزرێنەری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە لەیەکەم کۆنگرەی ئەم سەندیکایەدا کە لە (٢٨-١٢/٣٠/١٩٩٨) لە هەولێر بەسترا وەکو نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان هەڵبژێردرا پاشانیش لە کۆنگرەی دووەمیشدا هەر بەنەقیبی ڕۆژنامەنووسان هەڵبژێردرایەوە.**

**★ ڕۆڵێکی سەرەکی و بەرچاوی هەبووە لەگەڵ هاوڕێیانی هەردوو لا بە مەبەستی یەکگرتنەوەی هەردوو ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسان کە بریتیبوون لە (سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان) لە ڕێکخراوێکی سەرتاسەریدا بە ناوی (سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان) وە لە کۆنگرەی گشتیی یەکەم و دووەمی ئەم ریکخراوە سەرتاسەرییە بە زۆرینەی دەنگ هەڵبژێردرایەوە بە نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان تاکو کۆنگرەی سێیەم کە لە هاوینی ٢٠١١ بەسترا.**

**★ لەم سەندیکایە خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس) بە زمانی کوردی و سەرنووسەری گۆڤاری (الصحفي) بووە کە بەزمانی عەرەبی دەردەچوو.**

**★ لە بواری کاری ڕۆژنامەنووسیدا بەشداری و لێپرسراوییەتیی دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەو گۆڤارانە بووە:**

**١- گۆڤاری (نضال الطلبة/ ١٩٧٠-١٩٧٢) چوار ژمارە.**

**٢- (التآخي و برایەتی) ساڵانی ١٩٧٢-١٩٧٤,**

**٣- گۆڤاری (دیاریی لاوان) ساڵی ١٩٧٤ لە ناو شۆڕش.**

**٤- گۆڤاری (ژینۆ) کە لە لەندەن دەردەچوو لە گەڵ شێرکۆ حەبیب ی ئامۆزای.**

**٥- ڕۆژنامەی (كوردستان اليوم) دیسان لەگەڵ شێرکۆ حەبیب کە لە هەولێر دەریاندەچواند بە بەشداریی ڕۆژنامەنووس خوالێخۆشبوو تاریق ئیبراهیم شەریف.**

**★ لەم ڕێکخراوانەی خوارەوە کاری تێداکردوون و پۆستی دیاری تێدا هەبووە:**

**١- یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە ساڵانی نێوان ١٩٦٤-١٩٧٢,**

**٢- نوێنەرایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە (جمعية الاقتصاديين العراقيين/ المركز العام) کە ئەندامی دەستەی باڵا بووە لە نێوان ساڵانی ١٩٧٢-١٩٧٤,**

٣- ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە نێوان سالانی ١٩٧١ تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆ کە لە کۆنگرەی دووەمی ئەم ڕێکخراوە کە لەساڵی ١٩٩٣ لە سلێمانی بەسترا بە ئەندامی لیژنەی باڵا هەڵبژێردراوە.

٤- کۆمەڵەی دۆستایەتیی کورد و عەرەب لە ساڵی ,١٩٩٨

٥- بۆ ماوەی ١٠ ساڵ ئەندامی هەردوو مەکتەبی ناوەندیی ڕاگەیاندن و مەکتەبی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە بووە لە (پ.د.ك).

٧- ئەندامی فدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی (IFJ) لە ساڵی ٢٠٠٣ تاوەکو ئەمڕۆ.

٨- ئەندامی پەرلەمانی عیراق بووە (خولی کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراقی، الجمعية الوطنية العراقية) لەسەر لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٥-٢٠٠٦).

٩- ڕاوێژکار لە یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان.

١٠- ئەندامی بۆردی مافی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان لە سەرەتای دروستبوونییەوە لە ٢٠١٤/٦/٧ تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆ.

★ بەرهەمە بڵاوکراوەکانی بریتین لە:

١- نامیلکەیەك بەناوی (پێشەکییەك لە مێژووی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٥٣-١٩٩٢) بەزمانی عەرەبی چاپی یەکەم ١٩٩٦، بۆ جاری دووەمیش وەکو کتێبێك ساڵی ٢٠١٥ چاپکرایەوە.

٢- کتێبی (ئەزموونی ڕۆژنامەوانیم) بە زمانی کوردی ساڵی ٢٠١١ چاپکراوە و ساڵی ٢٠١٥ لە لایەن مامۆستا عبدالكريم شێخانی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی بەناوی (تجربتي الصحفية) ساڵی ٢٠١٥ چاپکراوە.

٣- (ذاكرة الأيام) بە زمانی عەرەبی ٢٠١١، پاشان وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و لەژێر ناوی "لەگەڵ ڕووداوەکان" ساڵی ٢٠١٩ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

٤- کتێبی (من حقيبتي) بەزمانی عەرەبی چاپی یەکەم ٢٠١١ و چاپی دووەم ٢٠١٤. پاشان بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراوە و لەژێر ناوی "لە هەگبەم دا"، ساڵی ٢٠١٩ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

٥- ڕۆژگارم ئاوا تێپەڕی، دوو بەرگ، ,٢٠١٧

٦- ژیانێك له وێنەدا (ئەلبوومێك بە هەردوو زمانی كوردی و عەرەبی)، ٢٠١٧,
٧- (٣٦ نامە و چەند كەسایەتییەكی دیوانی من) بە زمانی كوردی، ٢٠١٩.

★ ئەو كتێبانەی كە لەسەر ئەركی خۆی چاپكراون:

١- لەسەر ئەركی خۆی دووجار (دیوانی عەونی) چاپكردووە لەگەڵ پیاداچوونەوە و پێشەكی نووسینی، چاپی یەكەم ١٩٩٧-چاپی دووەم ٢٠١١,

٢- بەچاپ گەیاندن و نووسینی پێشەكی بۆ چوارینەكانی خەییام كە لە لایەن عەونییەوە لە فارسییەوە بۆ كوردی وەرگێڕدراوە، كە نووسەر و وەرگێڕ جەلال زەنگابادی ئامادەی كردووە.

٣- ژیان و بەرهەمی عەونیی شاعیر-لێكۆڵینەوەیەكی مێژووی وەسفی، كە نامەیەكی ماجستێری قوتابی (ئومێد عەزیز مستەفا)یە بە پلەی (زۆر باشەی باڵا)، ساڵی ٢٠١٤ پێشەكیی بۆ نووسیوە و لەسەر ئەركی خۆی چاپكراوە.

٤- هونەری جوانكاری لە شیعری عەونی دا-نامەیەكی ماجستێری قوتابی (بەهار عەبدولجەبار جامی) ٢٠١٧ و پێشەكیی بۆ نووسیوە.

٥- دیوانی عەونی-بەرگی دووەم، چاپی یەكەم ٢٠١٨.

+ بە ئامادەبوونی كۆمەڵێك لە نووسەر و رۆشنبیران كتێبخانە تایبەتییەكەی كە بە ناوی (كتێبخانەی فەرهاد عەونی)یە لە هەولێر لە ٢٠١٤/٤/٢٢ كرایەوە. كە رۆانە پێشوازیی لە دۆست و برادەر و میوانەكانی لێ دەكات و كاری نووسین و خوێندنەوەی تێدا ئەنجام دەدات.

★ ساڵی ١٩٧٤ ژیانی هاوسەریی لەگەڵ خاتوو پەروین عەبدوڵڵا سەعید پێكهێناوە و ئێستا كوڕ و كچێكی هەیە بە ناوی (رێكان) كە ئێستا پزیشكە و بۆردی ئەورووپیی و عیراقیی لە دەمار و مێشك (الجملة العصبية) هەیە، (لانە)ی كچیشی دەرچووی كۆلێژی یاسایە و ئێستا فەرمانبەرە لە بەشی یاسایی وەزارەتی خوێندنی باڵا.

دیاری و پێشکەشە
لەگەڵ
سڵاو و ڕێزی نووسەردا
فەرهاد عەونی

ئەم کتێبە کۆمەڵێک بابەتی تێدایە، باس لە هەندێ ڕووداوی کوردستانی و عیراقی دەکەن، کە وا هەڵکەوتووە من لە جەرگەیاندا، یان شایەتحاڵیان بووم، یان لەگەڵ کەسایەتییەکانیاندا دواوم و گەواهییانم بە ئەمانەتەوە بۆ مێژوو تۆمار کردووە..

ئەم بابەتانەم پێش چەند ساڵێک لەژێر ناوونیشانی لە یادەوەرییەوە (من الذاكرة) بە زمانی عەرەبی لە ژمارەیەک لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی لە کوردستان دەردەچن بڵاوکردۆتەوە، دواتر ژمارەیەک لەو دۆست و هاوڕێیانەی ئەو ڕووداوانە جێی بایەخیان بووە، پێیان باش بوو لە کتێبێکدا کۆبکرێنەوە، بە ئومێدی ئەوەی سوود بە توێژەران و بەوانەی بایەخ بە نووسینی مێژوو دەدەن، بگەیەنێت، لەبەرئەوە ئەمڕۆ لە دوو توێی ئەم کتێبەدا کۆمکردنەوە، بەهیوای ئەوەی لەم کارەدا سەرکەوتوو بووبم.

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (٩٩٨)ی ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە